
# عەونی

## لەنێو کەشکۆڵەکەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی و چەند بابەتێکی دیکەدا




**فەرهاد عەونی**

پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە و
شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کردووە

# عەونی

## لەنێو کەشکۆڵەکەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی و
## چەند بابەتێکی دیکەدا


## فەرهاد عەونی


پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیووە و شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کردووە،
لەسەر ئەرکی ئەویش چاپ کراوە.


کوردستان ٢٠٢١




# عەونی

## لەنێو کەشکۆڵەکەی تاهیر ئەحمەد حەوێزی و چەند بابەتێکی دیکەدا

**فەرهاد عەونی**

**پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کردووە، لەسەر ئەرکی ئەویش چاپ کراوە.**

پێداچوونەوەی زمانەوانی: **شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

گرافیك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

تایپست: **سەنگەر شنۆیی**

ساڵی چاپ: **٢٠٢١**

تیراژ: **١٠٠٠دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٢٨٨) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

# پێشگوتنێك:

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠)دا، کاتێك سەرقاڵی خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکەی مامۆستا تاهیر حەوێزی بووم، کە ژمارەیان چل و چوار لاپەڕەن و ناوم نا (کەشکۆڵ)، چونکە بابەتی هەمەجۆر و رەنگاوڕەنگیان تێدا جێکراوەتەوە، وەك لە لاپەڕەکانی دواییدا دەردەکەوێت، سەرلەبەری کەشکۆڵەکەم شەن و کەو کردووە، پێشەکییەکی تایبەتیشم بۆ نووسیوە، هەر لەو سەروبەندەدا کتێبێکی ناوازەم بە زمانی عەرەبی لەبەردەستدا بوو، ئەویش بیرەوەرییەکانی (رفعت الجادرچي)، کوڕە گەورەی کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و سیاسیی عێراقی و سەرۆکی (الحزب الوطني الديمقراطي العراقي) بوو، کە (کامل الجادرچي ١٨٩٧-١٩٦٨) لەژێر ناوی (صورة اب)، واتە وێنەی باوك، کە لە ٢٢٣ لاپەڕەدا و لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن (موسسة الابحاث العربية. ش.م.م) چاپ کراوە، لە لاپەڕە شەشی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: زۆر جار کە دەکەوتمە بیرکردنەوە و بە خۆمم دەگوت و هەندێك جاریش لە دانیشتنە تایبەتییەکانی خێزانیدا

بە برادەرە هەرە نزیکەکانم دەگوت، کامل الجادرچی هەڵسەنگاندنی راستەقینە و دروستی بۆ نەکراوە، لەبەر ئەوەی کارمەندی و لێزانینی سیاسەت (ممارسة السیاسیە) لە عێراقدا کاتی خۆی تازە بەشێوەیەکی ساویلکانە و خۆشباوەڕانە پیادە دەکرا و بەو شێوەیە پێنەگەییبوو تا بتواندرێت بابەتیانە هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی و رووداوەکان بکرێت. هۆکارێکی دیکە بووەتە هۆی هەڵنەسەنگاندنی جادرچی لە هەموو لایەکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ خودی خەسڵەتی جادرچی کە لەو کاتەدا لە رووی سیاسییەوە پیاوێکی کراوە نەبووە، سەرەڕای نەبوونی ئیرادەی خۆدەرخستن، لە رووی سیاسی و پیشاندانی تواناکانی بە توانا فیکرییەکانییەوە، بۆیە من لێرەدا هەست دەکەم، بەم کارەم توانیبێتم ئەم بۆشاییە پڕ بکەمەوە.

هەر کە منیش سەرقاڵی خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆی کەشکۆڵەکەی مامۆستا حەوێزی بووم، لە هەمانکاتیشدا (صورة اب کەی رفعت الجادرچی)یم دەخوێندەوە، پاش خوێندنەوەی تەواوی هەردوو بابەتەکە، واتە (کەشکۆڵەکە و صورة اب)ەکەی رفعت الجادرچی، بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات، بە سوودوەرگرتن لە کتێبەکەی (رفعت) کە زۆر بە وردی هەڵسوکەوتی باوکی و جۆری مامەڵەی بە وردەکارییەوە لەگەڵ خێزان و دەوروبەر و سەرکردەکانی حیزبەکەی خۆیدا و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا باس کردووە، سەرەڕای هەندێ ئارەزووی تایبەتی باوکی (کامل الجادرچی) لە بەکارهێنانی کامێرا و دانیشتنی ئێوارانی

چ لــە ژووره تايبەتييەكــەی خۆيــدا، كــە زۆربــەی كات، ئێــواران چەنــد كەسايەتييەكی ئـەو سـەردەمەی بەغـدای لەخۆگرتـووە، لەنێـو ٢٢٣ لاپـەڕەی كتێبەكــەی (رفعــت)ی كوڕيــدا دەيــان چيرۆكــی ژيانــی كامــل الجادرچــی تۆمـار كـراون، تەنانـەت نـاوی ئـەو گـەڕەك و شـەقامانەش تۆمـار كـراون، كــە لێيــان نيشــتەجێ بوونــە.

(كامـل الجادرچـی) سـاڵی ١٨٩٧ لەدايكبـووە و لـە تەمەنـی ٧١ سـاڵيدا و لـە ١٩٦٨/٢/١ كۆچـی دوايـی كـردووە.

ئەگــەر نــەوەی شــاعير و ئەديــب و سياســەتكار و سياســەتمەدار و نيشــتمانپەروەران، كــە رۆژانــە لەگەڵيانــدا دەژيــان، بيانويســتايە بێگومــان ئێســتاكە ســەدان (وێنــەی بــاوك)ی وەكــو كتێبەكــەی (رفعــت)ی چادرچــی لــە كتێبخانەكانــی كوردســتاندا جێگــەی شــياوی خۆيــان دەكــردەوە، لێــرەدا بەنــدە كــە بــاس لــەو كتێبــەی (رفعــت چادرچــی) دەكــەم، وەنەبــێ بمەوێــت لاسـايی ئـەو بكەمـەوە، بـەڵام بـۆ مـن دەرگەيـەك بـوو، وای لێكـردم لەسـەر رۆشــنايی گفتوگــۆی نــاو كەشــكۆڵەكەدا، هەنــدێ ســەرەقەڵەم دەربــارەی ژيانــی (عەونــی)ی شــاعير بنووســم، كــە وەك خــۆی باســی لێــوە كــردووە، ياخــود وەك ئێمــە كــە لــە خــۆی و خەڵكانــی ديكەمــان زانيــوە، لێــرەدا بــە چەنــد خاڵێــك لــەم پێشــگوتنەدا چــڕی دەكەمــەوە.

يەكــەم: عەونــی، كەســايەتييەكی كاريزمــای چڕوپــڕی ســەردەمێك بــووە كــە تێيــدا باوكــی پــاش لەدايكبوونــی ئــەو، بــە ماوەيەكــی كــورت، براوەتــەوە (ســەفەر بلــك)، پــاش گەڕانــەوەی لــە تەمەنــی هــەره لاوێتييــدا، عەونــی

سەرەڕای یارمەتیدانی باوکی لەو (دوکان)ەی کە بژێوی تێدا پەیدا کراوە، چووەتە (سوختەخانە) و چەند ساڵێکیش لە قوتابخانە و هەندێ جاریش لە سەردەستی دوو هاوڕێی نزیك لە تەمەنی خۆیدا، لە دوکانەکەیان وانەی فێربوونی زیاتری خوێندووە، ئەوجا هاتووەتە گژ زمانی فارسی و یەخەگیری گوڵستانی سەعدی و ئەدەبی فارسی بووە و تەنانەت ملی داوەتە خوێندنەوەی شیعرەکانی خەیام و (کلیم هەمەدانی) لە تەك شیعرەکانی حاجی قادر و نالی و...هتد، دا.

دووەم: پاشماوەیەك کە ئەو قۆناغە تەواو دەکات و دەگاتە تەمەنی ١٧ و ١٨ ساڵان، ئینجا لەژێر کاریگەری خوێندن و خوێندنەوەی ئەدەبیات و تێکەڵاوی لەگەڵ مامۆستایانی ئەو سەردەمەدا، کە لە کۆیە بوون، وەکو خالید سەعید، ساڵح قەفتان، عەبدوڵڵا عەزیز، سەعدی جەلال، عەبدوڵڵا سامی....تاد بەرە بەرە گۆشەگیری بیری کوردایەتی دەبێت و تا دواساتەکانی ژیانیشی خەونی بە سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردییەوە بینیوە.

باشترین رێگەش بۆ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی ئەم سەردەمە (شیعر) ئەدەبیات بووە، کە عەونی توانیویەتی سەرکەوتووانە بچێتە نێو کاروانی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆیە هەر زوو وەکو خۆی لە یەکێك لە بابەتەکانی ئەم کەشکۆڵەدا، دەڵێ: (شیعرێکم بڵاو کردەوە لە هەموو کوردستان دەنگی دایەوە)، کاتێك تەمەنی ٢٠ ساڵان دەبێت، عەونی مەبەستی لەم شیعرەیە کە لە گۆڤاری (هاوار) لە

ژمـاره ٢٢ی لـه (١)ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٣٣ لـه دیمەشـق دەرچـووە، لەژێـر نـاوی بـۆ خاوەنـی (هـاوار) مەبەسـتی لـە ماڵباتـی بەدەرخانیانـە، کـە ئـەو سـەردەمە پێشـەنگی بزووتنـەوەی کوردایەتـی و رۆشـنبیریی کـوردی بـوون، لـە کۆتاییەکەشـیدا بـە ئیمـزای (لاوی کـورد عەونـی- کۆیسـنجق) کـراوە.

سـێیەم: عەونـی، لـە رووی سیاسـییەوە، دەکەوێتـە نێـوان ئـەو بـارودۆخ و دەنگوباسـە سیاسـییانەی کـە لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتانەوە دەگاتـە شـاری کۆیـە و راپەڕینەکانـی بـە تایبەتیـش باکـووری کوردسـتان، کـە ئـەو سـەردەمە مێشـکی کوردەکانـی باشـووریان پـڕ کردبـوو، سـەرەڕای سـەدای راپەڕینـی شـێخ مەحمـوودی حەفیـد لـە باشـووری کوردسـتان و دروسـتبوونی (حکوومەتـی کوردسـتانی جنوبـی) تـا دەگاتـە ٦ی ئەیلوولـی ڕەش لـە سـاڵی ١٩٣٠دا، ئەوجـا تێکـەڵاوی لەگـەڵ ماڵـی میـرزا (غەفـوور) کـە لـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە هاتبوونـە کۆیـە و ببوونـە دراوسـێی ماڵـی عەونـی، لەگـەڵ محەمـەدی کوڕیـان کـە پاشـان نـاوی بـە (دڵشـاد رەسـوڵی) دەهێـنرا، دواتـر لاوێکـی رۆشـنبیر و کوردپـەروەوری لـێ دەرچـوو، لەلایەکـی دیکـەوە ئەگـەر بێتـوو لـە ژیاننامـەی خوالێخۆشـبوو کاکـە زیـاد ئاغـای غەفـووری وردبینـەوە، کـە سـەرچاوەکەی (اعـلام الکـورد)ی جەمـال بابانـە و لـە لاپـەڕە ٥٠٠دا بڵاوکراوەتـەوە و تێیـدا دەڵـێ: (کاکـە زیـاد لـە سـەرەتای لاوێتییـەوە، هەسـتی نیشـتمانپەروەری و کوردایەتـی لـەلا چەکـەرە کـردووە، لـە سـەرەتادا هەڵدەسـتێ بـە دامەزراندنـی (کۆمەڵـەی لاوان- جمعیـة الشـباب) لەگـەڵ هەریـەك لـە رەشـید عـارف، سـابیر ئیسـماعیل حەمـەد،

مستەفا خۆشناو، عوسمان عەونیی شاعیر، کاکەی حاجی مەحموود، عەبدولسەمەد بەننا، تاهیر سادق، زەکی ئەحمەد هەناری، لە کۆیەدا.

پاش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، ناوبانگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا بە (کۆمەڵی رووناکبیران - جمعیة المتنورین) دەرکرد، کە لقێك بوو وەکو لقەکانی دیکەی بەغدا و کەرکووك و هەولێر و سلێمانی، لە کۆمەڵەیەکی گشتی کە لە پرۆگرامی سەرەکیدا (مافی گەلی کوردی) تێدا چەسپێندراوە.

خوالێخۆشبوو محەمەد مستەفا هۆشەنگ (حەمەبۆر) لە گۆڤاری (وەشت) لە ژمارە ٢ی بەهاری ٢٠٠٨ بابەتێکی لەژێر ناوی (هەڵبەستێکی بڵاونەکراوەی عەونی) بڵاوکردووەتەوە، لە شوێنێکی بابەتەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێ: (بەڵگەی ئەندامیەتی عەونی لە کۆمەڵی (برایەتی) دا لە دانیشتنێکدا لەگەڵ هونەر و خەباتکاری زانا (مەلا ئەسعەدی مەحوی) کە هەردووکمان لە کۆمەڵی (برایەتی)دا بووین و هاوبەند کرابووین، بەم تاوانەی (برایەتی)بوونە، مامۆستا لە باسی شاعیراندا لەبارەی (عەونی)یەوە بە جوانی دوواو فەرمووی: (ئەندامێکی چالاکی (برایەتی)یەشمان بوو.

لە شیعری (شیوەن بۆ بەکر سدقی)، کە شیعرێکی هاوبەشی (عەونی و دڵدار)ە، لە دوای تیرۆرکردنی بەکر سدقی لە رۆژی ١٩٣٧/٨/١٢ ئەم شیعرە داندراوە، ئاشکرایە بەکر سدقی کوردێکی خەڵکی (عەسکەری) سەر بە پارێزگەی کەرکووکە و گەیشتە پلەی

فەریـق روکـن و سوپاسـالاری سـوپای عێـراق و لەلایـەن رەگەزپەرسـتانی عەرەبـەوە تیـرۆر کـرا، بـەو شـیعرە (عەونـی و دڵـدار) ئـەم ماتەمەیـان گێـڕاوە، کـە ئـەوکات عەونـی تەمەنـی ٢٣ سـاڵان بـووە، دڵداریـش تەمەنـی ١٩ سـاڵان بـووە، یانـی ئـەم شـیعرە پێـش دروسـتبوونی (حیزبـی هیـوا) دانـدراوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت ئـەم دوو لاوە شـاعیرە، هاوبەنـدی کۆمەڵـی (دارکـەر) بوونـە و بـە یەکـەوە لەژێـر تەوژمـی کوردایەتیـدا بـەو حەماسـەتەوە دەڵێـن:

**وەچاکـە قەومـی کـورد هەرگریـەکا هـەر قـوڕ بەسـەرداکا**

**هەتـا ئێسـتا وەتـەن زاوە کوڕێکـی وای نەهێنـاوە**

**ئەگەرچـی دوورە ئـەم باسـە کـە کۆتابـێ هەتـا ماویـن**

**مەحاڵـە تەرکـی باسـەکە هەتـا کوردێـك نەفـەر مـاوە**

**لـە دوا بەیتـی شـیعرەکەدا (عەونـی و دڵـدار) دەڵێـن:**

**کـە (عەونـی) سـاڵی تەئریخـی لـە (دڵدار)پرسـی وای فەرمـوو**

**بـە ناکامـی غروبـی کـرد لەنێـو بەنـدی فەلـەك مـاوە.**

کاتێـك حیزبـی هیـوا لـە سـاڵی ١٩٣٩ هاتـە مەیدانـی ململانێـی کوردایەتـی، عەونـی دیسـان لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە هاوڕێیانیـدا لـە سـاڵی ١٩٤٠دا چوونەتـە ریـزی ئـەم حیزبـە نەتەوەییـەوە تـا رۆژی هەڵوەشانەوەی، بـە هەڵوەشـانەوەی هیـواش، یەکسـەر بـە دروسـتبوونی حزبـی (رزگاری کـورد) چوونـە نـاو ئـەو حیزبـە، لـە کۆتاییـدا و لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٤٦ عەونـی خـۆی لـە ریـزی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا دەبینێتـەوە، چ

وەکو ئەندام و چ وەکو ئەندامی یەکەم لێژنەی ناوچەی کۆیە، چ وەك هەوادار و لایەنگیر، لەگەڵ پارتی مایەوە، بەڵام هیچ کاتێك لە بۆچوون و بیری ئەودا نەبوو، حزبایەتی بکاتە ئامانج، بەڵکوو لای ئەو، کوردایەتی ئامانجی سەرەکی بووە، کە حیزبایەتی وەك ئامرازێك بۆ ئەم مەبەستە بەکار هاتووە و تا دوارۆژی ژیانیشی لە چوارچێوەی کوردایەتییەوە دەیڕوانییە ڕووداوەکان، سەرکردەکان و گەمەی سیاسی لە کوردستاندا و ڕێزی لە هەموو جووڵانەوە و حیزب و بۆچوونێکی جیاوازیش دەگرت، کە لە ئامانجیدا تەنیا کوردایەتی لەلا مەبەست بوو.

چوارەم: لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە، لەنێو ئاخاوتنەکانی عەونی لەگەڵ مامۆستا حەوێزیدا، زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی وەك سەرەتای کاری پێش و پاش کۆچی دوایی باوکی (حەبیب) لە ساڵی ١٩٣٣دا، تێیدا بە دیار دەکەوێت کە بە ڕەنجی شانی و بە (ئارەقە)ی نێوچەوانی شێلگیرانە توانیویەتی پێ بە پێ، هەنگاو بە هەنگاو، بچێتە پێشەوە، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی شاری کۆیەدا (مامەڵە و سەفەری) ئەملاو ئەولای کردووە، تا گەیشتووەتە پلەی یەکێك لە بازرگانە ناودارەکانی کۆیە و سامانێکی حەڵاڵی پێکەوە ناوە، ئەوجا کەوتە دروستکردنی (دوکان و خانوو و شوقە)، کە بەشێکی بەرچاوی شاری کۆیەی گرتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٠دا بە تایبەتیش پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، وازی لە کار و کاسبی هێنا، ئەوکاتە تەمەنی خۆی

لــە ٥٦ ســاڵی دەدا و (محل)ەکــەی هەروەکــو پێشــان ببــووە دیوەخانــی دۆســت و رۆشــنبیران و ئەدیبــان و نیشــتمانپەروەران و تێیــدا بــە دەیــان و ســەدان گفتوگــۆی هەمەجــۆر و هەمەچەشــنەی تێــدا کــراوە، کــە بەشــێکی زۆر (کەمی)یــان لــەم کەشــکۆڵەی بەردەســتت دەبیندرێــن.

بــۆ بابەتــی پێناســەی عەونــی، وەکــو کەســایەتییەکی ئــەم شــارە، رۆژێــك لــە دوای تێپەڕبوونــی بیســت رۆژ بەســەر کۆچــی دوایــی (عەونــی)دا، مــن و دلێــری بــرام، (محل)ەکەمــان کــردەوە. لــە دەوروبــەری نیــوەڕۆدا، پیاوێکــی ئــەم شــارە بــە ئاییــن (دیان-مەســیحی) بــە خــۆی و گۆچانێکــەوە لەســەرخۆ هاتــە لام و دانیشــت، پــاش چاکوچۆنــی و بــە خێرهێنانــی، زۆر لەســەرخۆ هاتــە قســە و گوتــی: رەحمــەت لــە گــۆڕی عەونــی، بەڕاســتی پیاوێکــی (مەســتوور) بــوو، باســی کەســی بــە خراپــە نەدەکــرد، بێدەنــگ و هێمــن بــوو.

کاتێــك لــە خوالێخۆشــبوو (حەننــا عەبدولکەریــم) نــاسراو بــە کاکــە ڕەش، کــە بــرای مامۆســتای خوالێخۆشــبوو جەبــار عەبدولکەریــم بــوو، لێــم پرســی، مەبەســتت لــە وشــەی (مەســتوور) چییــە کــە عەونــی باوکمــی پــێ (وەســف) دەکەیــت؟

کاکــە ڕەش لــە وەڵامــدا گوتــی: مــن ســاڵی چەنــد جارێــك ســەردانی (عەونــی)م دەکــرد، ئــەو هەمیشــە بــە زەردەخەنــەوە بەخێرهاتنــی دەکــردم و جارێــك لێــی پرســیم: کاکــە ڕەش هیــچ پێویســتییەکت نییــە؟ منیــش لــە وەڵامــدا گوتــم: کاك عەونــی (موحتاجــی قســە خۆشــەکانتم کــە هەمــووی

گەوهـەرن. پاشـان ئـەو جـارە لێـم پرسـی: وا بزانـم سـاڵی ١٩٨٨ بـوو، کاك عەونـی چـۆن لـەو دونیایـە دەگەیـت؟ لـە وەڵامـدا پـاش نەختێـك فکرکردنـەوە، ئینجـا گوتـی: (کاکـە ڕەش ئـەم وەزعـە پیسـە یەخـەی ئـەم میللەتـەی گرتـووە، بـەڵام (سـوڕ) دەزانـم ئـەم دەورەش دەگـۆڕێ و دەورێکـی دیکـە دێتـە جێگـەی، بـەڵام خۆزگـە ئێمـە دەرس و عیـبرەت بـۆ دواڕۆژمـان وەربگریـن.)

ئـەم چەنـد رستەیەی سـەرەوە، راوبۆچوونـی پیاوێکـی بـە ئاییـن (دیـان) ە، کـە سـاڵانە نـاوە هاتوچـۆی (عەونـی)ی کـردووە، بـەڵام کاتێـك وشـەی (مەسـتوور)ی بـۆ وەسـفی عەونـی بـەکار هێنـاوە، زۆرم بـە دڵ بـوو، ئافەریـن بـۆ ئـەو پیـاوە و ئـەو وەسـفە (بەلیـغ)ەی عەونـی بـەم وشـەیە پێناسـەی کـرد، منیـش دەڵێـم: بەراسـتی عەونـی لـە هەمـوو رووێکـەوە (مەسـتوور) بـوو، کـە لێـرەدا بـە مانـای (عەفیـف)ی عەرەبـی کـە بەرامبەرەکـەی بـە کـوردی بـە مانـای (داوێنپـاك- ئابـڕوودار) دەگەیەنێـت.

خوێنەری هێژا:

مەبەسـت لـە نووسـینی ئـەم پێشـگوتنە، بـۆ ئـەوە نـووسراوە کەسـایەتییەکی کارێزمـای کۆیـە و کوردسـتان دوور لـە پیاهەڵـدان بناسرێـت، چونکـە لام وایـە لـە گۆڕیشـدا ئاسـوودە نابێـت، ئەگـەر جـۆرە زێدەڕۆیەکـم دەربـارەی سـەرتاپای ژیانـی ئـەو کردبێـت، ژیانـی پیاوێـك (دوور لـە فیـز و خۆبەشـتزانین و سـادە و سـاکار و مەسـتوور و پڕاوپـڕ لـە گیانـی کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری، چونکـە مـن وای بـۆ دەچـم، کەشـوهەوای سیاسـیی

کوردســـتان، بەشـــێوەیەك شـــێواوە و دەتوانـــم بڵێـــم دەیـــان کەســـایەتیی سیاســـی، ئەدیـــب، شـــاعیر، نیشـــتمانپەروەر، کەســـایەتیی کۆمەڵایەتـــی لەبیـــر کـــراون، کـــە ســـەردەمێك لـــە باردۆخێکـــی زۆر دژوار و ســـەختدا کۆڵگـــە و پەیامبـــەری ئـــەو کۆمەڵگەیـــە بـــوون، کـــە تـــازە بـــە تـــازە (وشـــەی رۆژبـــاش و شـــەوباش) دەهاتنـــە نێـــو ئاخافتنـــی رۆژانـــە، لێـــرەدا پرســـیارەکە ئەوەیـــە، چـــۆن مافـــی (حەقـــی) ئـــەو جـــۆرە کەســـایەتییانە دەدرێنـــەوە کـــە بێگومانـــم لـــەوەی هـــەر کۆمەڵگـــە و نەتەوەیـــەك رێـــز لـــە رابـــوردووی نەگرێـــت و پێشـــەنگ و پێشـــڕەوانی خـــۆی لـــە هەمـــوو (بارێکـــەوە) لەبیـــر بچێـــت و فەرامۆشـــیان بـــکات، ئـــەوا بێگومـــان نـــەوەی داهاتـــووش ئەوانـــی ئـــەو ســـەردەمەیان لەبیـــر دەچێتـــەوە و دەبێتـــە کولتوورێـــك، کـــە هیـــچ تـــام و رەنگێکـــی ئەوتـــۆی نابێـــت، تەنانـــەت مێـــژووی میللەتەکـــەش پـــڕی لـــە کەموکـــوڕی دەبێـــت، زۆر جـــار ناچـــار دەبیـــن پەنـــا بـــۆ مێژوونـــووس و ئەفســـەرانی سیاســـیی وڵاتانـــی دەرەوە ببەیـــن کـــە تێروپڕتـــر مێـــژووی کوردیـــان نووســـیووەتەوە. لێـــرەدا نـــاوی دەیـــان و ســـەدان بەڵگـــەی حاشاهەڵنەگری لـــەم جـــۆرە تـــازە بـــە تـــازە لێرەولـــەوێ هەندێکـــی کەمیـــان لـــێ وەردەگێڕدرێـــن، کاتێـــك مـــرۆڤ دەچێتـــە نێـــو ناواخنـــی نووســـینەکانیان، بـــۆی دیـــار دەکەوێـــت کـــە ئێمـــە چەنـــد (لـــە خۆمـــان بـــێ ئـــاگا بوویـــن).

بابەتەکانـــی نـــاو ئـــەو کەشـــکۆڵە، مێـــژووی بەشـــێکی زۆر کەمـــی شـــارێکە لـــە روانگـــەی مرۆڤێـــك، ئەویـــش (عەونی)یـــە، کـــە بـــە ئاخاوتنـــی رۆژانـــەی لەگـــەڵ مامۆســـتا تاهیـــر ئەحمـــەد حەوێزیـــدا، بـــاس لـــە رۆژانـــی رابـــوردووی

ساڵانی (١٩٢٠) بـۆ سـەرەوە دەکات و بارودۆخـی کۆیـەی ئـەو سـەردەمە لـە رووی کار و کاسـبی کەسـایەتییەکان، سیاسـەت و کوردایەتـی و رووداوەکان) کـە بێگومـان بـێ کەموکـوڕی نەبـووە، بـەڵام دیسـان تیشـك خسـتنە سـەر ژیانـی مرۆڤێـك، ئەویـش (عەونی)یـە، لـە هەمـوو رووێکـەوە خۆزیـا لـە خـۆزێ داران عەونییـش خـۆی وەکـو شـاعیرێکی رۆشـنبیر، لاسـایی هێمنـی شـاعیری دەکـردەوە و لـە (کوێـوە بـۆ کـوێ)ی دەنووسـی! بـە تایبەتیـش عەونـی سەرسـام بـوو بـە شـیعرەکانی هێمـن و حـەوت دانـەی لـێ (تەخمیـس) کـردوون، کـە لـە دیوانەکـەی (عەونـی)دا بـڵاو کراونەتـەوە.

٢٠٢٠/٩/٢٢

فەرهاد عەونی

**بابەتەکانی دووتوویێی ئەم کتێبە بریتین لە:**

بابەتی یەکەم: پێشەکی و وردبوونەوەیەك لە ژیانی (عەونی)

بابەتـی دووەم"عەونـی" لـە کەشـکۆڵەکەی مامۆسـتا "تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی"دا.

شرۆڤـە و لێکدانـەوە و پەراوێـز نووسـین و پەیداکردنـی زانیـاری کەسـایەتییە نـاو هاتووەکانـی نـاو ئـەم هەگبەیـە لەلایـەن ئامـادەکاری ئـەم پەرتووکـەوە کۆکراونەتـەوە.

بابەتی سێیەم: بۆ "عەونی شاعیر" د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود.

بابەتـی چـوارەم: "عەونـی" و جەژنـی نـەورۆز لـە کۆیـە، لـە نووسـینی مامۆسـتا عەبدولکەریـم شـێخانی.

بابەتـی پێنجـەم: رامانێـك لـە شـیعری (لـەم کولبـەی ئەحزانـە)ی عەونیـدا. لـە نووسـینی هۆشـەنگ قـادر حوسـێن.

بابەتـی شەشـەم: رێکخـراوی ئاشـتیخوازانی عێـراق (حرکـة انصـار السـلام) لـە راپۆرتێکـی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکەیـان، لەگـەڵ بەیاننامەیەکـی "ئاشـتیخوازانی کۆیـە" و ئەندامیەتـی عەونـی لـە هـەردوو رێکخـراودا لەگـەڵ ژیاننامـەی کـۆی نـۆزدە کەسـایەتیی ئاشـتیخوازانی کۆیـە، فەرهـاد عەونـی.

بابەتـی حەوتـەم: ئایـا دەبـێ ناوەڕۆکـی ئـەم نامەیـە چـی تێـدا بووبـێ- فەرهـاد عەونـی.

بابەتی هەشتم: دیسان ئاخێکی دیکە بۆ شیعرە ونبووەکانی عەونی.

## بابەتی دووەم:
## عەونی لە کۆشکۆڵەکەی مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزیدا

کەشـــکۆڵەکەی  مامۆســـتا تاهیـــر ئەحمـــەد حەوێـــزی، ٤٤ لاپەڕەیـــە و تایبـــەت بـــە (عەونی)یـــە، کـــە بـــە دەیـــان ڕووداو و چیرۆکـــی لەخۆگرتـــووە. بـــەم شـــێوەیە مامەڵـــە لەگـــەڵ کەشـــکۆڵەکەدا کـــراوە.

١- دەق: بریتییـــە لـــەو چەنـــد دێـــڕە کـــە (عەونـــی) گوتویەتـــی و مامۆســـتا تاهیـــر حەوێـــزی ڕۆژانـــە لـــە کەشـــکۆڵەکەیدا تۆمـــاری کـــردوون.

٢- پەراوێـــز: ژیاننامـــەی ئـــەو کەســـایەتییانەی ناویـــان هاتـــووە، لەلایـــەن گوتەبێـــژەوە (عەونـــی) لەگـــەڵ نـــاو و شـــوێنی ڕووداوەکان، لەلایـــەن ئامـــادەکارەوە لـــە چەندیـــن ســـەرچاوەی جیـــاوازەوە زانیـــاری بـــۆ پەیـــدا کـــراوە.

٣- شرۆڤە و لێکدانەوە لەلایەن (ئامادەکارەوە) کراوە.

بەخـت یـار بـوو، پـاش کۆچـی دوایـی عەونـی (١٩١٤-١٩٩٢) و بـە ٢٨ سـاڵ و کۆچـی دوایـی مامۆسـتا "تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی (١٩١٩-٢٠٠٠) بـە ٢٠ سـاڵ کەشـکۆڵێکی ٤٤ لاپەڕەمـان لـە ڕێگـەی کاکـە (سـالاری تاهیـر ئەحمـەد حەویـزی) دەسـت بکەوێـت، مایـەی سەرنجڕاکێشـان بـوو، چونکـە هەنـدێ زانیـاری و ڕووداوی ئەوتـۆی تێدایـە کـە پێشـووتر باسـیان لێـوە نەکـراوە، یاخـود تەنیـا قسـەی سـەر زاران بوونـە، یاخـود بـە لاڕێ باسـی لێـوە کـراوە، لـە ژیاننامـەی (عەونـی)دا تۆمـار نەکـراون، بێگومـان زۆر لایەنـی شـاراوەی لـە ژیانـی (عەونـی)ی شـاعیر و کاسـب و بـازرگان و کوردپـەروەر و ئاشـتیخوازی تێـدا دەردەکـەوێ و تـا ڕادەیەکـی زۆر (تیشـك) دەخاتـە سـەر هەنـدێ لاپـەڕەی ژیانـی.

بەرگـی یەکەمـی (دیوانـی عەونـی- چاپـی یەکـەم ١٩٩٧) و (چاپـی دووەم ٢٠١١) و بەرگـی دووەمـی دیوانـی عەونـی چاپـی سـاڵی ٢٠١٩ چەندیـن بەڵگـە و شـیعر و نووسـینیان لـە خۆگرتـووە و پێشـووتر لـە سـاڵانی ژیانـی عەونـی) دا لەبەردەسـت نەبوونـە و تۆمـار نەکـراون، هۆکارەکـەش بـە پلـەی یەکـەم بـۆ بارودۆخـی ژیانـی شـاعیر دەگەڕێتـەوە، کـە بـە درێژایـی ژیانـی تاکـو دوا سـاڵەکانی تەمەنـی، وەکـو هـەر مرۆڤێکـی نیشـتمانپەروەر و کاسـبکارێکی خاوێـن و سەرڕاسـت هیـچ کاتێـك جێگیربوونـی (اسـتقرار)ی بەخۆیـەوە نەدیـوە، تەنیـا ئـەو چەنـد سـاڵەی دوا تەمەنـی نەبێـت، ئەویـش نەخۆشـی (تینـی) بـۆ هێنابـوو، سـەرەڕای برینداربوونـی بـە دوا (تۆپـی حکوومەتـی عێـراق کـە لـە دوو جێـگا بـەر جەسـتەی کـەوت، (ڕۆژی بۆردوومانەکـەی

حامیەی سەربازی کۆیە بۆ ناو شار لە ڕێککەوتی ١٩٩١/٩/٩) کە تێیدا گوللەتۆپێك بە ماڵەکەی کەوت و پارچەیەکی گوللەتۆپەکە لە پشکی (نصیب) عەونی کە لەگەڵیدا چووە ژێر گڵەوە.

پێشووتریش لە هەردوو بەرگی (دیوانی عەونی)دا چیرۆکی سووتان و فەوتانی دیوانە دەستنووسەکەیمان لە ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٧٤ خستووەتەڕوو، سەرەڕای سووتاندنی بە ناچاری هەندێ لە کتێب و دەستنووسەکانی بە ئاگری کوورەی (حەمام) و لە هەر دوو سەردەمی پاشایەتی (الملکیە) و کۆماری (الجمهوریە)دا لە ترسی شاڵاوی پۆلیس و ئاسایشی ڕژێم، هەندێ جار لەنیوەشەوا و هەندێ جاریش بە ڕۆژی رووناك بە مەبەستی پشکنین کە ئەو سەردەمە پێیان دەگوت (تحری)، کە بزانم ئەم بابەتە پشکی دەیان و سەدان تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری ئەم وڵاتە (خێرلەخۆ نەدیوە) بووە و ئەگەر ئەو وردە ڕووداوانە تۆمار بکرێن، گومانم نییە دەبێتە داستانێکی پڕاوپڕ لە ستەم، بەڵام چ ستەمێك، ستەم لە مرۆڤ، ستەم لە کتێب و کاغەز، ستەم لە شیعر و ئەدەب، سەرەڕای ستەم لە مرۆڤی کورد، کە بێگومان ئەگەر خاوەنمان هەبووایە، دەکرا ناوی لێ بندردێت (هۆلۆکۆستی کوردی)، بەڵام دیسان نابێ هەوڵ و کۆششی چەند دڵسۆز و ڕۆشنبیرێکی کورد لەبیر بکەم، کە لە کاتی جیادا هەندێ لە خەرمانی ئەدەبیاتی (شیعر و پەخشان)ی لەبیرکراوی عەونی کە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا بڵاو کراونەتەوە و تەنانەت لە

(زهنــی) عەونیــی شاعیریشــدا نەمابــوو، بەندەیــان لــێ ئــاگادار کــردەوە و خســتیانە بەردەســت کــە لــە بەرگــی یەکەمــی دیوانــی عەونــی چاپــی دووەم و بەرگــی دووەمــی دیوانــی عەونــی چاپــی یەکــەم، ئامــاژەی پێکــراوە، بــەڵام دیســان بــە ئەرکــی خۆمــی دەزانــم کــە لــەو پێشــەکییەدا ناویــان بهێنــم، ئەوانیــش بریتیــن لــەم بەڕێزانــە:

١- د. کەمال مەزهەر.

٢- د. کوردستان موکریانی.

٣- خوالێخۆشبوو (محەمەد مستەفا هۆشەنگ) "حەمەبۆر"

٤- نووسەر و لێکۆڵەر مەجید ساڵح.

٥- مامۆستا مەلا جەرجیس.

٦- نووسەر و رۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە.

٧- دواجاریــش ئــەو ٤٤ لاپــەڕەی کەشــکۆڵەکەی مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی کــە لــە دووتوویــی (فایلێکــی شــینی) لاپــەڕە بــە زنجیــرە پێشکەشــمان کــرا و تێیــدا رووداوی کۆمەڵایەتــی، سیاســی، مێژوویــی، لەخۆدەگرێــت، کــە مامۆســتا حەوێــزی بــە بۆچــوون و (ســەلیقەی) خــۆی بــە دەق تۆمــاری کــردوون.

لێــرەدا پرســیارێك خــۆی دەورووژێنــێ، ئەویــش ئەوەیــە، کــەی و لەبەرچــی و چــۆن مامۆســتا حەوێــزی ئــەو رووداوانــەی تۆمارکــردوون و پاراســتوونی؟ بــۆ وەڵامــی ئــەم پرســیارە دەڵێیــن: عەونیــی شــاعیر، وەکــو بازرگانەکانــی ئــەو ســەردەمە دوکان و (محــل)ی تایبەتــی خــۆی هەبــوو لــە ســەرەتای کار

و کاسبی لـە دوکانەکـەی نـاو بـازاڕی خـوارەوەی بـازاڕدا لـە باوکییـەوە بـۆی ماوەتـەوە، یانـی پێـش و پـاش کۆچـی دوایـی باوکـی (١٨٨٠-١٩٣٣) ئـەو ئیـدارەی دوکانەکـەی کـردووە و سـەرەڕای سـەفەر و مامەڵـەی جۆراوجـۆری دیکـە (کـە لـەم کەشـکۆڵە)دا باسـی لێـوە دەکات و پاشـان لـە کۆتایـی چلەکانـەوە لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو (وەسـتا حوسـێن)ی نەجـار بـە هاوبەشـی بازرگانـی (توتـن و لۆکـە) دەکـەن تـا سـاڵی ١٩٥٦، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٥٦ عەونـی خـۆی بـە تەنیـا (محل)ێـك و کۆگایەکـی (مخـزن) دروسـت کـرد لـە تەنیشـت (خـان و ئۆتێلەکـەی هاوبـەش) خوالێخۆشـبووان تاهیـر چەلەبـی و قـادر یاسـین، تاکـو سـاڵی ١٩٦٤ کاتێـك بـە ماڵـەوە لـە قـەڵادزێ و هەڵشـۆوە گەڕاوەتـەوە، (محل)ەکـەی گواسـتووەتەوە بـۆ سـەر شـەقامی گشـتی، کـە دەکەوێتـە بەرانبـەر باڵەخانـەی جارانـی بانکـی کۆیـە، ئـەو لـەم شـوێنە رۆژانـە چەندیـن کەسـایەتی و رۆشـنبیر و مامۆسـتای ئایینـی و ئەدەبدۆسـتان، سـەردانی (عەونی)یـان دەکـرد، بـە تایبەتیـش زیاتـر لـە پـاش سـاڵی ١٩٧٠ کـە تێیـدا (عەونـی) وازی لـە کاری بازرگانـی هێنـا و وەك خـاوەن موڵـك (مـلاك) دەژیـا، مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی هاودەمـی (جلیـس) رۆژانـەی (عەونـی) بـووە لـە (محل)ەکـەی، (کاتێـك مـن "بەنـدە" سـەردانی باوکمـم دەکـرد، مامۆسـتا تاهیـرم دەدیـت لـە تەنیشـت باوکـم دادەنیشـت و هەمیشـە قەڵـەم و پارچـە کاغەزێکـی لەنـاو گیرفانیـدا بـوو و لـە کاتـی پێویسـتدا دەری دەهێنـا و بابەتـی تێـدا تۆمـار دەکـرد)، ئـەو رێوڕەسـمە تاکـو دوارۆژەکانـی باوکـم بـەردەوام بـوو، بەرهەمەکـەی ئـەو

(کەشـکۆڵە) بـوو، لەوانەیـە لای هەندێـك (سـادە و سـاکار) بێـت، بـەڵام ئەگـەر بـە وردی تەماشـای بابەتـەکان بکەیـت، دەبینـدرێ بەشـێکیان لـە ژیانـی عەونـی روویـان داوە، سـەرەڕای ئـەوە نـاوی چەندیـن کەسایەتی و شـوێن، گونـد و شـاریش هاتـوون کـە خـۆی لـە خۆیـدا بەشـێك لـە مێـژووی ئـەم (مرۆڤـە) و خەڵکانـی دیکـەی تێـدا بـەدی دەکرێـت، بێگومـان ئەمـەش دەبێتـە سـەرچاوەیەکی سـوودبەخش.

کاتێـك لـە رێگـەی دلێـری برامـەوە، ئـەو کەشـکۆڵەم کەوتـە بەردەسـت، کـە کاکـە سـالاری کـوڕی مامۆسـتا حەوێـزی پێمانـی بەخشـی بـوو، کەوتمـە خوێندنـەوە و تاوتوێکردنـی و هـەر زوو بابەتێکـم لـە ژمـارە ٦١ی گۆڤـاری (کەکـۆن)ی ئازیـزدا لەژێـر ناوونیشـانی (عەونـی شـاعیر لـە کەشـکۆڵەکەی مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی)دا بڵاوکـردەوە، بەڵێنـم بـە خوێنـەران دا لـە ئاییندەدا پـاش پۆلێنکـردن و رێکخسـتن و پەراوێـز بـۆ نووسـین و شرۆڤەکردنـی لـە دووتوێـی کتێبێکـدا بـڵاوی بکەمـەوە. ئەوەتـا پەیمانەکـەم بەجێهێنـا و تێیـدا ئـەو بابەتـە و چەندیـن بابەتـی دیکـەی لەگەڵـدا بووەتـە هـاوڕێ کـە هەموویـان (ئـاو لـە ئاشـێك) دەکـەن و خزمـەت بـە مێـژوو دەکـەن، بـە مەبەسـتی تیشـك خسـتنە سـەر کەشـکۆڵەکە بـە گشـتی، بـەڵام پێـش ئـەوەی بچینـە نێـو لاپەڕەکانـی کەشـکۆڵەکە، ئـەو زانیارییانـە دەخەینـەڕوو:

یەکـەم: مێـژووی تۆمارکردنـی قسـە و گێڕانەوەکانـی (عەونـی)، لەلایـەن مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی، وەك لـە کەشـکۆڵەکەیدا هاتـووە:

دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی ١٩٧٠/٥/٣، کە خاوەن کەشکۆڵ لە سەرەتای لاپەڕەدا ئەم مێژووەی بۆ داناوە و دوا تۆماریشی بۆ رۆژی ١٩٨٩/٥/٣١ دەگەڕێتەوە، یانی لەنێوان نۆزدە ساڵی تەمەنی عەونی و حەوێزیدا.

دووەم: قسە تۆمارکراوەکان تەنیا ئەوەندەیە کە باسی لێوە کراوە و درێژدادڕی پێوە دیار نییە. ئەوجا نازاندرێت خاوەن قسەکان، تەنیا ئەوەندەیان گوتووە یاخود خاوەن کەشکۆڵ تەنیا پووختەکەی تۆمار کردووە! بەڵام چونکە قسە و باسەکان لەنێو گفتوگۆی رۆژانەی دوو برادەردا روویان داوە، یانی بە مانایەکی دیکە قسەبێژ کە (عەونی)یە، نەیزانیوە ماموستا حەوێزی بەو جۆرە تۆماریان دەکات و لە ئاییندەدا دەیانکاتە بابەتێك کە سەرچاوەی مێژووی تێدا بەدی بکرێت، بۆیە وەکو دەڵێن (ئاخاوتنەکان) زیاتر وەکو (کۆیی) دەڵێن: (سەرپێیانە) بووە:

سێیەم: هەندێ رووداوی ناو کەشکۆڵەکە نەچووەتە بنجوبنەوانی رووداوەکە کە ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ خاسیەت و جۆری ئاخاوتنی رۆژانەی ئەو دوو برادەرە.

چوارەم: هەندێ رووداو و وردەکاری دەربارەی ژیانی (عەونی) تێدایە کە هەندێکیان لە بەرگی یەکەم و دووەمی دیوانی (عەونی)دا باسیان لێوە کراوە، بەڵام دیسان بە باشم زانی، لێرەدا وەکو چۆن لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون، بیانخەینەڕوو، بە مەبەستی راستگۆیی (مصداقیە)تی رووداوەکان و ئەو زانیارییانەی کە دەربارەیان تۆمار کراون.

پێنجەم: بە پێویست نەزاندرا، سەرتاپای دەستنووسی نێو کەشکۆڵەکە بڵاو بکرێتەوە، چونکە هەندێ بابەتی تێدایە، جێی مەبەستی خوێنەر نین، لەبەر ئەوەی زۆر کەسی و تایبەتین، (شخص).

شەشەم: سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە کە دەربارەی کەشکۆڵەکە دوواون، بەڵام گرنگی کەشکۆڵەکە ئەو دەبەخشێ:

یەکەم: خەمخۆری مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی نیشان دەدات کە چەند بە تەنگ نووسینەوەی ئەم مێژووەوە بووە، بە تایبەتیش مێژووی (کۆیە) وەکو کارێکی بەردەوامی ڕۆژانە بووە لای ئەو.

دووەم: تێکەڵاوی (عەونی) بە دیار دەخات بە کەسایەتی و ڕووداوەکانی ڕۆژانی ژیانی و راشکاوانە باسی لێوە کردوون، کە هەندێکیان تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش شاراوە بوون.

لە هەمانکاتیشدا هەوڵم داوە بەپێی زانیارییەکانم (بەندە- نووسەر) تیشك بخەمە سەر بابەتێك، ئەگەر بە حوکمی پەیوەندی (باوك و کوڕ) زانیاریم دەربارەی هەبووبێت، لەنێوانی ڕۆژانی جیا جیادا و لە کاتوساتی دوور و نزیکدا، چونکە زۆر بابەت و ڕووداو هەن، بە جۆرێك لە جۆرەکان، کە لەنێو کەشکۆڵەکەدا هاتوون، پێشووتر زانیاریم دەربارەیان هەبووە، بەڵام نەبوونەتە بابەتی تۆمارکردن.

لە دواییدا پۆلێنکردنی ئاخافتن و گفتوگۆکان کە لێرەدا دەخرێنە ڕوو، راستەوخۆ بەپێی ریزبەندی لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکەن، گەرچی بە زنجیرەی مێژووی ڕۆژانەدا تێنەپەڕیون.

سێیەم: دەربارەی ئەو کەسایەتی و رووداو و شار و گوندانەی ناویان هاتووە، بە هەموو شێوەیەك بە دوای زانیاری پەیداکردن لەبارەیانەوە گەڕاوم، تاکو دەستم کەوتووە، تەنیا (یەك دووانێك) نەبێت، بەداخەوە کوڕ و نەوەکانیان نەهاتنە هانام، سەرەڕای روونکردنەوە و شرۆڤەکردنی هەندێ بابەتێك، کە پێویستی بە باسکردن هەبوو، هیوادارم ئەم کتێبە و ئەو جۆرە بابەتانە جێگەی رەزامەندی خوێندەواران بێت.

تێبینی: مامۆستای کۆچکردوو تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە نامەیەکدا کە بۆ (بەندە-فەرهاد)ی ناردووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٧/٤/٢٦ کاتێك بە دیاری (دیوانی عەونی) چاپی یەکەمم بۆ ناردبوو، ئەویش یانی مامۆستا تاهیر لە پاداشتی ناردنی دیوانەکەدا، جوامێرانە نامەیەکی پڕ لە سۆز و زانیاری بۆ ناردم، کە دەقەکەی لەنێو لاپەڕەکانی (٦٢٩-٦٣٥)دا لە کتێبی (٣٦ نامە و چەند کەسایەتییەکی دیوانی من) بڵاوم کردووەتەوە و تێیدا مامۆستای کۆچکردوو لە بڕگەیەکدا نووسیویەتی:

(لەو چەند ساڵەی دواییدا کە لە محەلەکەی کاك (عەونی) و (کاك ئیسماعیل مەلا نوری جەلی زادە) دادەنیشتین زۆر قسەی باوکتانم نووسیووەتەوە، بە چاك و بە خراپ، ئەگەر هەڵسووڕا و تەتەڵەمان کرد، ئەوی بایی پاشکۆی دیوانەکەی لەگەڵ (ناوداران) چاپمان دەکرد، کە بەدەستمەوەیە بەپێی مێژوو رێکمان دەخست، پڕە لە قسەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، رووداوی شار و وڵاتەکە نەك هەر ئی کاك

(عەونــی) بەڵکــوو هــی زۆری تریــش، مــن وەکــو مامۆســتا (عەبدولڕەقیــب یوســف) توانــای (کامێــرای و مســجل)م نەبــوو، بــەڵام لــە مێشــکی خۆمــدا هەڵــم دەگرتــن و لێــم دەبــووە ژانەســەر تــا دەمخســتنە ســەر کاغــەز، نــەك ژانــە زگ). تــەواو.

نامەکــەی مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی بــۆ بەنــدە، مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ١٩٩٧/٤/٢٦، نامــەی ناوبراویشــم ســاڵی ٢٠١٩ لــە کتێبەکــەم (٣٦ نامــە و چەنــد کەســایەتییەکی دیوانــی مــن) بــڵاو کردووەتــەوە" بــەڵام کەشــکۆڵەکەی مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەوێزیــم لــە هەفتــەی یەکەمــی مانگــی ٢٠١٩/١٢ لەلایــەن کاکــە ســالاری کــوڕی مامۆســتا تاهیــر لــە ڕێگــەی دلێــری برامــەوە بەدەســتم گەیشــت، لەوکاتــەی بەدەســتم گەیشــتووە، ڕۆژانــە کارم تێــدا کــردووە (لێــرەدا ئــارەزوو و هیــوای مامۆســتا حەوێزیــم هێناوەتــە دی کــە بێگومــان (گیانــی ئــەو و (عەونــی)م بــەم کارە شــاد و کامــەران کــردووە.

# عەونی
# لە کەشکۆڵەکەی
# مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزیدا

مامۆستا (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) تۆمارکار و نووسەری کەشکۆڵەکە

• لە ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە لەدایکبووە.

• قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە.

• دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە.

• لە ساڵی ١٩٤٠ بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ماوەت.

• لە قەڵادزێ، سلێمانی و (شێخ ئەحمەد- لە پارێزگەی عەمارە) و گوندی ئیلینجاغی گەورە بەڕێوەبەر و مامۆستا بووە، ساڵی ١٩٥١ دەگەڕێتەوە کۆیە و لە قوتابخانەی (کویسنجق الاولی) دەبێتە مامۆستا تا لە ساڵی ١٩٧٠ خۆی خانەنشین کردووە.

• ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ فەرمانبەرانی دیکەی کۆیە، چەند مانگێك زیندانی کراوە.

• لە کۆنگرەی یەکەمی (یەکێتیی مامۆستایانی کورد) لە شەقڵاوە بەشداری کردووە و لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا وتاری نووسیووە.

• لە ٢٠٠٠/٧/١ لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

١- مێژوی کۆیە- بەرگی یەکەم

٢- مێژووی کۆیە- بەرگی دووەم- بەشی یەکەم

٣- شەوچەرە- بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم، بەرگی سێیەم

٤- دیوانی ئەختەر

٥- ئاوێنە (بنەماڵەکانی کۆیە)

٦- پیشەسازی لە کۆیە و هەندێ زاراوەی تایبەت بە ئاژەڵ و باڵندە.

٧- یاری کوردەواری

٨- پەندی پێشینان و مەتەڵ

ساڵی ٢٠٢٠ زانکۆی کۆیە، ئەو هەشت بەرهەمەی مامۆستای کۆچکردووی وەکو پاشکۆیەك لە پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە، بە چاپگەیاند و بڵاوی کردنەوە.

## بابەتی یەکەم
## کە لە لاپەڕەی سەرەتادا لە ڕۆژی ١٩٧٠/٥/٣ بێ ژمارە بە دەق ئاوا نووسراوە: (عەونی).

عوسمان عەونی، کوڕی حەبیب کوڕی عەبدوڵلا لە شاری (کۆیە) لە گەڕەکی بەفریقەندی، ساڵی ١٩١٤ لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٢٦-١٩٢٧) داخلی قوتابخانەی کۆیسنجق اولی بوو، چەند ساڵێك دەوامی کرد، بەڵام لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، وازی لە خوێندنی قوتابخانە هێناوە و پاشان ماوەیەك لە مزگەوتی (حەتك[1]) لە لای مامۆستا (مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم[2]) ئیمامی مزگەوتەکە هەندێ دەرسی دینی خوێندووە، وەك: عەقائید، شەرح قواعیدی عەرەبی، پاشان بۆ فێربوونی زوبانی فارسی، لە لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەش، ساڵ و نیوێك خوێندوویەتی، لەو ماوەیەدا لەسەر دوکان یارمەتی باوکی دەدات، هەتا باوکی وەفاتی کرد، لەسەر دوکان دادەنیشت، برادەرەکانی منهاجی دەرسی پۆلی شەشی سەرەتاییان پێ دەگوت، وەکو (حەمەڕەش[3] کە مامۆستا محەمەد حەوێزە و میرزا ئەفەندی[4] حاجی کەریم).

لە منداڵییەوە حەزی لە دەنگی خۆش و شیعر و مۆسیقا بووە و لە سەرەتای سییەکانیشەوە دەستی بە دانانی شیعر کردووە، هەر لە عەینی ساڵدا لەقەبی (عەونی) بۆ خۆی داناوە، جوانی تەبیعەت و خۆشەویستیی نیشتمانیش، کاری زۆری تێکردووە، یەکەم غەزەی ئەمەیە:

ئــەرێ خوداکــەی جیهــان ئەهەژینـــی[٥]
عالــەم زینــدوو بــێ کــورد بــۆ ئەمرینـــی؟

زۆر شـیعری وەتەنـی هەبـووە، بـەڵام نەتوانـدراوە بخرێنـە سـەر کاغـەز و پیێشــان بدرێــن، وەك:

ئەسڵحەی جەنگی ئەبەستم[٦] پاسی کوردستان ئەکەم
قەتڵ و عامی... و غارەتی... ئەکەم

غەزەلــی دڵداریشــی هەیــە، خوێندنــەوەی بــە زۆری ئەدەبــی کــوردی و فارسـی و مێـژووی کـورد و بـە زۆری حـەزی لـە شـیعری نالـی و حاجـی قـادری کۆیـی بـووە. کـوردی و فارسـی بـە باشـی دەنووسـی، عەرەبیشـی دەزانـی و سـاڵی ١٩٤٠یـش ژنـی هێنـاوە.

لـە پـاش وەفاتـی باوکـی[٧] خەریکـی بەخێوکردنـی دایـك و بـرا و خوشـکەکانی بـووە، وردە وردە خەریکـی مامەڵـە و تجارەتـە. تـا ئێسـتا بەرهەمـی ئەدەبـی زۆری بەهـــۆی گرتـــن و دەربـــەدەری و نارێکـــی هەلومەرجـــی کوردســـتان لەناوچـووە، تـا ئێسـتا سـێ دیوانـی بەدەسـت خەتـی خـۆی سـووتاون.

## پەراوێز:

١- مزگەوتی حەتك

مزگەوتـــی (حەتـــك) کەوتووەتـــە گەڕەکـــی بەفریقەنـــدی و زۆر کۆنـــە، پێدەچێـت لەلایـەن پیاوێکـەوە دروسـتکرابێت بـە نـاوی حاتـم، (د. جەمـال محەمـەد باجـەلان، لـە نامەیەکـدا بـۆ "بەنـدە" نووسـیویەتی: بـە نیسـبەت نـاوی مزگەوتـی حەتـك، وەك لـە یادمـە مامۆسـتا "مـەلا محەمـەد مـەلا برایـم عەودالانـی "دلاوەر" ئـەی فەرمـوو وا بزانـم لـە حەتـەم هاتـووە، وەك بچووککردنـەوەی ناوەکـە کـە بـە عەرەبـی پێـی دەڵێـن "التصغیـر" مزگەوتەکـە لەگـەڵ هەنـدێ دوکانـی بـازاڕدا کـراوە بـە وەقفـی مزگەوتەکـە و لـە سـاڵی (١٣١٧ هــ) حاجـی عەبدوڵـڵا حاجـی مستەفای مسـکین ڕەبـەن تەعمیراتـی تـازەی کردووەتـەوە.

لـە سـەرقاپی مزگەوتەکـە وەکـو (د. جەمـال محەمـەد باجـەلان)، دەڵـێ: لـە دەرگای حـەرەم ئەوهـا نووسرابـوو کـە بـە پیتـی فارسـییە و ماناکـەی بـە کـوردی واتـە: حاجـی عەبدوڵـڵا ئـەم مزگەوتـە کۆنـەی تەعمیـر کـردووە، دوور لـە ریایـی پـارەی زۆر حەڵاڵـی تێـدا سـەرف کـرد، بەبـێ گوێنـەدان بـە ماندووبـوون، شـەڕەفی ئـەم مزگەوتـە وەك "کەعبـە" وایـە، جێـگای تەدریـس و خواناسـینە.

مامۆسـتا (تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی لـە (مێـژووی کۆیـە بەشـی یەکـەم: بەرگـی دووەم دەڵـێ (مزگەوتێکـی قشـت و جوانـە، بـەڵام گچکەیـە، دوو

هـۆدەی تێدایـە بـۆ فەقـێ و ئیمامـی مزگـەوت. وەختێکـی (مـەلا خڕنـاڵ) لـە مزگەوتەکـە دەرسـی بـە منـداڵان دەگـوت: لـە دوای ئـەو، مـەلا سـلێمان خەڵکـی بێتواتـە بـوو، لـە پاشـان بـووە قـازی بێتواتـە، لـە دوای مـەلا سـلێمان، مـەلا ئیبراهیـم کـوڕی قـادر عەوداڵانـی کـە گوندێکـە عائیـدی ناحیـەی (سـورداش) بـووە، ئیـمام و مودریـس مزگەوتەکـە و لـە دوای وەفاتـی ئەویـش لـە ١٩٧١/١٢/١٣ حاجـی مـەلا حەسـەن کـوڕی حەمـەد کـوڕی مـرۆ خەڵکـی (بـەررۆژ)ی (هەرتـەل) کـرا بـە ئیمامـی مزگەوتەکـە.

سەرچاوە: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم- بەشی یەکەم.

نووسینی تاهیر ئەحمەد حەوێزی

نامەیەکـی (د. جەمـاڵ محەمـەد باجـەلان) لـە زانکـۆی کۆیـە بـوو (نووسـەر) لەسـەر داوای مـن لـە رۆژی ٢٠٢٠/٦/٧.

٢- (مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیم) ١٩٠٩-١٩٧٠/١٢/١٣

مـەلا محەمـەد کـوڕی مـەلا برایمـی کـوڕی قـادر (عەوداڵانـی) نازنـاوی شـیعری مـەلا محەمـەد (دلاوەر)ە و سـاڵی ١٩٠٩ لـە کۆیـە لەدایکبـووە و بـاوك و باپیـری بـە رەچەڵـەك دەچنـە سـەر زانـای گـەورە و نـاوداری کـورد "رەسـووڵی زەکـی" کـە لـە گونـدی بیتۆشـدا ژیـاوە، باپیـرە گـەورەی مـەلا عەبدوڵـڵای (بێتـوش)ی نـاودار بـووە.

مـەلا محمـەد (دلاوەر) لـە سـەردەمی باپیـری بنەماڵەکەیـان هاتوونەتـە شـاری کۆیـە و لـەوێ نیشـتەجێبوون و شـاعیرمان لـە تەمەنـی حـەوت

ساڵاندا خوێندنی ئایینی لە لای باوکیدا دەست پێ کردووە و جارێ کە هەر منداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیشی چووەتە لای (مەلا عەلی باداوەیی)، ئیمام و مامۆستای مزگەوتی منارەی کۆیە و ماوەیەکیش لای مامۆستا سادقی مەلا ئەحمەد (١٨٧٩-١٩٥٩) هەر لە کۆیە خوێندوویەتی، هەروەها لە لای مەلا فەتحوڵڵای هەرتەلی و لای مامۆستا مەلا (بەهائەدینی شێخ تەیب) زانستی مەنتیقی خوێندووە، کاتێك ئەویش کۆچی دوایی دەکات، چووەتە لای مەلای گەورە (١٨٧٦-١٩٤٣) بووەتە دوا فەقێ.

بە کۆچی دوایی ئەو زاتە ئیجازەی مەلایەتییەکەی دواکەوتووە، تاکو لە دواییدا لەسەر دەستی (مەلا عومەری ئۆمەر گۆمبەتی) ئیجازەی وەرگرتووە، بووەتە ئیمام و مامۆستای (حەتك) تاکو رۆژی ١٩٧٠/١٢/١٣ کۆچی دوایی کردووە و لە کۆیە نێژراوە.

سەرچاوە: (کۆیە لە رەوتی شارستانییەتدا).

نووسین و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون: کەریم شارەزا، نازم حەوێزی، عوسمان مستەفا خۆشناو، مەجید ئاسنگەر- چاپی ٢٠٠٩.

٣- مامۆستا محەمەد حەوێز (حەمەڕەش) ١٩١٧-١٩٨٨.

حەمەڕەش ناوی تەواوی محەمەد حەوێز ئەحمەد مەلایە، لە ساڵی ١٩١٧ لە شاری کۆیە و لە گەڕەکی بەفریقەندی هاتووەتە دونیا و لە ئەنجامی شەڕە تەقەیەك کە لەسەر باسکان، (گردی مەلا مەحموود)

رووی داوە، (فەقـێ حەوێـزی) باوکـی لـە سـاڵی ١٩١٦ لـە سـەربانی ماڵەکـەی خۆیـدا گوللەیەکـی وێڵـی بـەر دەکەوێـت و بـۆ رۆژی دوایـی گیـان لەدەسـت دەدات، بـەڵام ئەوکاتـە دایکـی دووگیـان بـووە بـە مامۆسـتا (حەمـەڕەش)، نـاوی دایکیشـی (فەقـێ خەجیـج)ە و کچـی مـەلا ئیبراهیمـی عەودالانیـە، کـە مەلایەکـی پایەبـەرز و گـەورەی شـاری کۆیـە بـووە.

کاتێـك باوکـی مامۆسـتا حەمـەڕەش لـە سـاڵی ١٩١٦ دەکوژرێـت، برایەکـی بەنـاوی مەعرووفـە سـوور (١٨٩٢-١٩٨٠) لـە ئاکـرێ سـەرباز بـووە، دوایـی وەك (موعیـل)ی شـەرعی بـۆ خێزانـی برایەکـەی کـە (فەقـێ حەوێـزە) مـل دەداتـە کار و کاسبی کـە بـە هەمـوو مانایـەك گـەورە و بەخشـندە و بـە روحم بـووە، سەرپەرشـتی بـراژن و دوو کوڕەکـەی کـردووە، تـا گەورەیـان دەکات، یەکێکیـان مامۆسـتا (محەمـەد- حەمـەڕەش)ە و دووەمیشـیان (ئەحمـەد) ە، سـەرەتای خوێندنـی حەمـەڕەش لـە (سـوختەخانە) دەسـتپێدەکات، یەکەمجـار لـە سـوختەخانەی مـەلا شـێخ سـەعید بـووە، دوایـی کـە قورئـان تـەواو دەکات دەچێتـە مزگەوتـی حەتـك لـە کۆیـە لای مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەدی ئالانـی، دوایـش لای مامۆسـتا مـەلا محەمـەدی سـەقزی دەسـت بـە خوێندنـی زانسـتە ئاینییـەکان دەکات و پاشـان کـە باپیـری مامۆسـتا مـەلا ئیبراهیمـی عەودالانـی لـە سـاڵی ١٩٢٦ دەگەڕێتـەوە کۆیـە، کـە لەبـەر گرانـی کۆیەیـان جێهێشـتبوو و چووبوونـە گونـدی (جـل بەسـەر) بـە مەلایەتـی خـۆی دەرسـی پـێ دەڵێـت، واتـە ئـەوەی کـە مابـووەوە لـە (گوڵسـتانی سـەعدی شـیرازی و تەسریفـی زنجانـی) تـەواو دەکات، سـاڵی

١٩٣٠ لـە رێگـەی برادەرێکـی دڵسـۆزی کـە نـاوی خوالێخۆشـبوو (تاهیـری مـام خـدر) بـووە، دەیباتـە قوتابخانـەی ئـولای کۆیـە و سـاڵی ١٩٣٥ قۆناغـی سـەرەتایی تـەواو دەکات و پاشـان چووەتـە هەولێـر و قۆناغـی ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە هەولێـر تـەواو دەکات و هەروەهـا چووەتـە (دارالمعلمیـن العالـی) و سـاڵی ١٩٤٤ دەردەچێـت و دەبێتـە مامۆسـتا، لـە سـەرەتادا لـە شـاری بەعقوبـە، ئەوجـا لـە هەڵەبجـە و کەربـەلا، دهـۆك و هەولێـر و سـلێمانی مامۆسـتایەتی کـردووە و سـاڵی ١٩٧٠یـش بـە یەکـەم بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی دهـۆك هەڵبژێـردراوە و پـاش چەندیـن سـاڵ لـە خزمەتکردنـی لـە بـواری پـەروەردەدا دەچێتـە شـاری سـلێمانی و تاکـو دوارۆژی لەوێـدا ژیـان بەسـەر دەبـات و لـە تەمەنـی ٧١ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٨٨/٧/٥ کۆچـی دوایـی دەکات و لـە (گـردی سـەیوان) دەنێژرێـت.

مامۆسـتا حەمـەڕەش لـە ژیانـی هاوسـەریدا کـە هاوسـەرەکەی (خاتـوو ئایشـەخان)، کچـی خوالێخۆشـبوو مەعرووفـە سـووری مامـی بـووە، کـە خاوەنـی کوڕێـك بـە نـاوی شـوان و هەروەهـا سـێ کچیشـی بـە ناوەکانـی: ژیـان، نـەورۆز، ناسـك، هەبـووە، بـەڵام دکتـۆرە ناسـکی کچـی سـاڵی ١٩٨٩پێـش مردنـی باوکـی، بەهـۆی کارەسـاتی ئۆتۆمبێلـەوە لـە رێگـەی سـلێمانی- چەمچەماڵـدا گیانـی لەدەسـت دا.

سـەرچاوە: گۆڤـاری (کەکـۆن، ژمـارە ٦٣) نووسـینی مافپـەروەر ئـاراس عەبدولخالـق.

تێبنییەکی نووسەر دەربارەی مامۆستا (ئەحمەد حەوێز – حەمەڕەش)

بەنـــدە (فەرهـــاد عەونـــی) لـــە چاپـــی دووەمـــی دیوانـــی عەونـــی ٢٠١١ لـــە لاپەڕەکانـــی ٣٦-٣٧ نووســـیومە کـــە مامۆســـتای خوالێخۆشـــبوو (ئەحمـــەد حەوێـــز مـــەلا نـــاسراو بـــە (حەمـــەڕەش) کـــە کەســـایەتییەکی رۆشـــنبیر و کوردپـــەروەری کۆیـــە بـــووە، لـــە ژمـــارە (١)ی گۆڤـــاری (افـــاق تربویـــە) کـــە بـــە زمانـــی عەرەبـــی دەردەچێـــت، دیمانەیـــەك کـــە د. کەمـــال غەمبـــار لەژێـــر ناونیشـــانی (لقـــاء مـــع الرعیـــل الاول لرجـــال التربیـــە و التعلیـــم احمـــد حویـــز المـــلا) ســـازی داوە، بـــاس لـــە رۆڵـــی کوردایەتـــی و ئەندامیەتـــی لـــە پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، دەڵـــێ: ســـاڵی ١٩٤٦، مامۆســـتا عەلـــی عەبدوڵـــڵا وەزیفـــەی بەجێهێشـــت و بـــە مەبەســـتی کارکردنـــی لـــە بـــواری سیاســـەتدا لـــە بەغـــدا گەڕایـــەوە بـــۆ کۆیـــە و یەکـــەم شـــانەی پارتـــی لـــە کۆیـــە دروســـت کـــرد، لـــەو کەســـانەی بـــڕوای پێیـــان بـــوو، متمانـــەی پـــێ دەکـــردن و پاشـــان شـــانەکان بـــەرەو زیادبـــوون چـــوون، منیـــش بـــە موحاســـیبی ناوچـــەی کۆیـــە هەڵبژێـــردرام، ئابوونـــە بـــە پێـــی بـــاری دارایـــی دەدرا، هەندێـــك یـــەك دینـــار و هەندێکیـــش پێنـــج دیناریـــان دەبەخشـــی، ئەوانـــەی ئەوکاتـــە لـــە ریـــزی پارتـــی بـــوون، لـــە یادمـــە (عوســـمان عەونـــی شـــاعیر- تاهیـــر ســـەعید- محەمەدەمیـــن مەعـــرووف)، کـــە ئەندامـــی دەســـتەی دامەزرێنـــەر بـــوو، کاکـــە زیـــاد ئاغـــای غەفـــووری کـــە جێگـــری ســـەرۆکی پارتـــی بـــوو، ئێمـــە لـــەم کاتـــەدا نەماندەزانـــی (کەمـــال عەبدولقـــادر نشـــات، مەجیـــد شـــێخ نورەدیـــن، عومـــەر مســـتەفا دەبابـــە ئەندامـــی پارتیـــن و لـــە هەمانکاتیشـــدا (مـــام جـــەلال و وریـــا عەلـــی کانـــی مارانـــی وەکـــو پاڵێـــوراو وەرگیـــران، چونکـــە تەمەنیـــان بچـــووك

بـوو، لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٤٧دا، پارتـی بڕیـاری دا، لـە کۆیـە مانگرتنێــك و خۆپێشــاندانێك دژ بــە حکوومەتــی عێــراق ئەنجــام بــدات، ئێمـەی ئەندامـان لـە ماڵـی (عوسـمان عەونیـی شـاعیر)، سـەرقاڵی نووسـینی دروشــمەکان بوویــن، کاتێــك (عەونــی) بــە هەڵــەداوان گەڕایــەوە مــاڵ و پێـی ڕاگەیاندیـن، قائیمقامـی کۆیـە کۆمەڵێـك پۆلیسـی بڵاوکردووەتـەوە و دەگەڕێـن و هەنـدێ کەسیشـیان بـۆ (سـەرا) بانـگ کـردووە، ئێمـەش بـە ناچـاری گەڕاینـەوە ماڵـەوە، پـاش چەنـد ڕۆژێـك بۆمـان ئاشـکرابوو، یەکێـك لـە ئاغاکانـی کۆیـە کـە دژی ڕێبـازی میللـەت بـوو، خەبـەری لێـدا بوویـن.

٤- میرزا ئەفەندی حاجی کەریم (میرزا عەبدولکەریم ١٩١٣-١٩٧٩)

میـرزا عەبدولکەریـم، نـاسراو بـە میـرزای حاجـی کەریـم، سـاڵی ١٩١٣ لـە کۆیـە لەدایکبـووە و سـاڵی ١٩٣٤ خوێندنـی (دار العلـوم)ی لـە بەغـدا تـەواو کــردووە، پاشــان لــە دادگــەی (بــداء کرکــوك) بــە نووســەر دادەمەزرێــت، دواتــر لــە ســاڵی ١٩٣٦ بــۆ دادگــەی ســوڵحی پشــدەر دەگوازرێتــەوە و پاشـان لـە سـاڵی ١٩٤١ دەگوازرێتـەوە بـۆ ڕانیـە و لەوێـش دەگواسـترێتەوە بـۆ دادگـەی سـوڵحی هەولێـر لـە سـاڵی ١٩٤٥دا، دواتـر دەگەڕێتـەوە شـاری کۆیـە، ئەوجـا بـۆ کەرکـوك و لەوێشـەوە بـۆ شـەقڵاوە.

خوالێخۆشــبوو میــرزای حاجــی کەریــم لــە هەرەتــی نەوجەوانیــدا بووەتـە ئەندامـی ناوچـەی کۆیـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و لەنـاو ڕیزەکانـی ڕوناکبیـران و فەرمانبەرانـدا ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە، سـەرەڕای

ئـەوەش پیاوێکـی قسـەخۆش و راسـتگۆ بـووە، هەروەهـا لەگـەڵ بیـروڕای کوردایەتیـدا خـاوەن رەوشـتێکی پـاك و رووناکبیـری دیـار لەنـاو کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان.

مـام جـەلال لـە وتارێکیـدا کـە لـە ١٩٩٣/٩/٢٩ لـە رۆژنامـەی (التاخـی) دا بـڵاو کراوەتـەوە و تێیـدا هاتـووە و دەڵـێ: (میـرزا عەبدولکەریـم) یەکێکـە لـەو تێکۆشـەرە ژیـر و دڵسـۆز و فیداکارانـەی رێگـەی رزگاری و دیموکراسـیی خەڵکـی کوردسـتانە. میـرزا ئەفەنـدی عەبدولکەریـم کـە هـەر لـە چلەکانـەوە ئەندامێکـی چالاکـی حیزبـە کوردسـتانییەکان بـووە، بـەڵام چونکـە رۆڵەیەکـی خۆشەویسـت و دلێـر و جوامێـر بـوو، هیـچ کات و سـات حـەزی بەخۆدەرخسـتن و سـینگ دەرپەڕانـدن نەدەکـرد، زۆر بـە شـێنەیی، بـەڵام زیرەکانـە خەباتـی خـۆی لـە ریـزی حیزبەکانـی (هیـوا رزگاری و پاشـان پارتـی دیموکراتـی کردسـتان درێژەپێـداوە). سـاڵی ١٩٧٥ خانەنشـین دەکرێـت و هەولێـر دەبێتـە دواهـەواری و سـاڵی ١٩٧٩ هـەر لـە هەولێریشـدا کۆچـی دوایـی دەکات و لـە گۆڕسـتانی (دەروێـش خـدر) لـە شـاری کۆیـە بـە خـاك دەسـپێردرێت.

سـەرچاوە: کتێبـی (کۆیـە و ناودارانـی)، لـە نووسـینی عەبدولخالـق عەلائەدیـن.

٥- ئەو تاکە شیعرە کە دەڵێ:

**ئـــەرێ خوداکـــەی جیهـــان ئەهەژێنـــی**

**عالـــەم زینـــدوو بـــێ کـــورد بـــۆ ئەمرێنـــی**

مامۆســـتا تاهیـــر ئەحمـــەد حەوێـــزی کـــە بـــاس لـــەم شـــیعرە دەکات و دەڵـــێ: خۆشەویســـتی نیشـــتمان زۆر کاری تێکـــردووە و یەکـــەم غەزەلـــی (عەونـــی) ئەمەیـــە.

لێـرەدا مەبەسـتی مامۆسـتا حەوێـزی کـە دەڵـێ: یەکـەم غەزەلـی ئەمەیـە، وا بـاوە وشـەی (غـەزەل) لـە بـواری عیشـق و خۆشەویسـتی ئافرەتـدا بـەکار دێـت، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـتی مامۆسـتا حەوێـزی لـە وشـەی (غـەزەل)دا، غـەزەل بـە نیشـتمان یاخـود بـۆ نیشـتمانە.

خاڵــی دووەم، بێگومــان ئــەو تاکــە بەیتــە شــیعرە ســەرەتای شــیعرێکی تــەواوە، بــەڵام بەداخــەوە ئــەم شــیعرەش وەکــو دەیــان لــە شــیعرەکانی دیکــەی دووچــاری ونبــوون و لەبیــر چوونــەوە بووەتــەوە، کــە لــە پێشــەکییەکانی بەرگــی یەکــەم و دووەمــی دیوانــی (عەونی)یشــدا باســی لێــوە کــراوە.

٦- ئەسڵەحەی حەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم

قەتلوعامی تورکەکان و غارەتی ئێران دەکەم

مێــژووی ئــەم شــیعرە پــڕ لــە حەماســەتی کوردایەتییــە، دانانەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ناوەنــدی ســییەکانی ســەدەی رابــوردوو، تاکــو بڵێــی

شـــیعرێکە دەتوانـــم بڵێـــم ئاســـتێکی نیشـــتمانی هێنـــدە بـــەرزی هەیـــە، لـــە دژی داگیرکەرانـــی کوردســـتان، ئەگـــەر بـــە (ئینســـاف)وە ســـەیر بکرێـــت و لێکۆڵینـــەوەی لەســـەر بکرێـــت، ئـــەو کاتـــە هەســـت بـــە ئاســـتی بەرەنگاربوونـــەوەی دەکرێـــت، کـــە چـــۆن رووبـــەڕووی دوژمنـــان و داگیرکـــەران دەبێتـــەوە، شـــیعرەکە لـــە هـــەردوو بەرگـــی یەکـــەم و دووەمـــی (دیوانـــی عەونـــی)دا هەیـــە.

٧- باوکی (عەونی شاعیر) ١٨٨٠-١٩٣٣

نـــاوی حاجـــی مـــەلا حەبیـــب کـــوڕی عەبدوڵـــڵا کـــوڕی محەمـــەد ســـاڵی (١٨٨٠) لـــە کۆیـــە لـــە گەڕەکـــی بەفریقەنـــدی لەدایکبـــووە و ســـاڵی ١٩٣٣ لـــە کۆیـــە کۆچـــی دوایـــی کـــردووە و لـــە گۆڕســـتانی خێزانـــی لـــە (عارەبیـــان) نێـــژراوە.

حاجـــی مـــەلا حەبیـــب ســـێ کـــوڕی هەبـــووە، ئەوانیـــش (عوســـمان عەونیـــی شـــاعیر ١٩١٤-١٩٩٢ و عومـــەر نـــاسراو بـــە حاکـــم عومـــەر ١٩٢٣-١٩٧٦، عەلـــی هـــەر بـــە گەنجـــی کۆچـــی دوایـــی کـــردووە، لەگـــەڵ دوو کـــچ بـــە ناوەکانـــی (شـــەمام ١٩٢١-١٩٨٧) کـــە خێزانـــی ئامـــۆزای خـــۆی وەســـتا عەبدوڵـــڵا یەحیـــا ئاســـنگەر نـــاسراو بـــە (وەســـتا عەبـــدەی ئاســـنگەر) و خاتـــوو عاصمـــە (١٩٣٢-٢٠٠٧).

## بابەتی دووەم:
## ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٨٩/٦/١٨ یەکشەموو دەق وەکو لە کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

لە قسەکانی عوسمان عەونی:

**شیعرێکی مەدحیم بۆ (ساڵح زەکی[١] بەگی ساحێبقران دانا لە کۆیە، کاتێك نەقل بووبوو بۆ (عمادیە) لە پاییزی ساڵی ١٩٣٤، فەرمووی بینووسەوە و وێنەیەکی خۆشتم بدەیە.. شیعرەکەش، ئاوا دەستپێدەکات:**

**نەقش خاتر بوو محبەت وەك سکەی ساحبقران**
**ثابتە ناچێتەوە تاکو دەبێ ئاخر زەمان**
**گەورە پیاوی قەومی کورد هەر ئێوە بوون ئەسل و ئەساس**
**واجبی زانی کە (عەونی) هەر بکا شوکر و سوپاس.**

## پەراوێز:

١- ساڵح زەکی ساحێبقران ١٨٨٦- ١٩٤٤/١٢/١٣

ساڵح زەکی ساحێبقران ساڵی ١٨٨٦ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، کاتێک ئەو منداڵ بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە، لە قوتابخانەی رەسمی لە سلێمانی دەستی بە خوێندن کردووە و قۆناغی سەرەتایی تێدا تەواو کردووە و پاشان مەبەستی تەواوکردنی خوێندن چووەتە بەغدا و ساڵی ١٩٢٠یش بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە ئیستەنبۆڵ و لەوێ چووەتە کۆلیژی سەربازی و ساڵی ١٩٠٦ لە کۆلیژی سەربازی بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە و وەکو ئەفسەر لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی کاری کردووە، ساڵی ١٩١٤ بەهۆی ئازایەتی لە بەرەکانی شەڕدا پلەی بۆ موقەدەم بەرز کراوەتەوە، ساڵی ١٩٢١ سوپای عوسمانی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و لەگەڵ گەڕانەوەیشی پەیوەندی بە بزووتنەوەی (شێخ مەحموودی حەفید) کردووە و بووەتە سەرکردەی هێزی چەکداری لە وڵاتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخی نەمر.

پاش ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا، حکوومەتی شێخ مەحموودیان لەناوبرد، ساڵح زەکی بەگ گەڕایەوە بەغدا و ساڵی ١٩٢٥یش لە بەغدا گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بە ناوی (دیاری کوردستان) دەرکرد بە هەر سێ زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، تورکی کە بە یەکەمین گۆڤاری وێنەدار بە زمانی کوردی دادەنرێت.

سـاڵی ١٩٢٦ بـە بەڕێوەبـەری ناحیـەی میقدادیـە، (شـارەبان)ی سـەر بـە پارێزگـەی بەعقوبـە دادەنرێـت.

ساڵی ١٩٣٠ دەبێتە جێگری بەڕێوەبەری ناوخۆ.

ساڵی ١٩٣٣ دەکرێتە قائیمقامی قەزای کۆیە.

ساڵی ١٩٣٤ دەگوازرێتەوە بۆ قەزای ئامێدی.

ساڵی ١٩٣٥ دەکرێتە پارێزگاری سلێمانی.

ساڵی ١٩٣٦ بە پارێزگاری بەعقوبە دادەمەزرێت.

ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە پارێزگاری هەولێر.

سـاڵی ١٩٤٠ خانەنشـین دەکرێـت، بـەڵام سـاڵی ١٩٤٢ جارێکـی تـر دەگەڕێتـەوە وەزیفـە (مفتـش اداری) تاکـو کۆچـی دوایـی دەکات.

خوالێخۆشـبوو سـاڵح زەکـی سـاحێبقران، شـیعری بـە زمانـی کـوردی دەنووسـی، نازنـاوی شیعریشـی (ئەمیـر) بـووە. سـەرەڕای نووسـینی وتـار بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی، تورکـی لـە گۆڤـاری (دیـاری کوردسـتان) خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٥٨ سـاڵیدا و لـە بەغـدا لـە ١٩٤٤/١٢/١٣ کۆچـی دوایـی کـردووە لـە گۆڕسـتانی (اعظمیـە) دەنێژرێـت.

سـەرچاوەی زانیارییـەکان لەلایـەن ئەندازیـار ڕەنـج عەبـاس سـاحێبقران، لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٧ بـە نووسـین بـە دەسـتم گەیشـت.

## شرۆڤە و لێکدانەوە

کاتێـک (عەونـی)ی شـاعیر شـیعرێك بـۆ قائیمقامـی ئـەو سـەردەمەی کۆیـە، خوالێخۆشـبوو سـاڵح زەکـی بەگـی سـاحێبقران دەهۆنێتـەوە کـە لـە سـەروبەندی بەجێهێشـتنی کۆیـە بـۆ قائمقامیەتـی شـاری (ئامێـدی) لـە سـاڵی ١٩٣٤، مانایـەك دەبەخشـێ، بۆچـی عەونـی لـە هەڕەتـی لاوی و هەڕەتـی بڕوابوونـی بـە بیـری کوردایەتـی شـیعرێك بـۆ قائیمقامێـك بهۆنێتـەوە کـە لـە کۆیـە گواسـتراوەتەوە، بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە، پێـمان باشـە لاپەڕەکانـی گۆڤـاری (دیـاری کوردسـتان ١٩٢٥-١٩٢٦) هەڵبدەینـەوە کـە خـاوەن و سەرنووسـەرەکەی خوالێخۆشـبوو (سـاڵح زەکـی بەگـی سـاحێبقران)ە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦)، شـازدە ژمـارەی بـە زمانـی کـوردی، عەرەبـی، تورکـی دەرکـردووە، لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم، بـۆ ناسـینی ئـەم کەڵەپیـاوە پێشـەکییەکەی رەوانشـاد (نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن)، وەکـو خـۆی بـڵاو بکەمـەوە کـە لـە لاپـەڕە (٦) کتێبـی (گۆڤـاری دیـاری کوردسـتان)دا نووسـیویەتی: کاتـێ هـەر شـازدە ژمـارەی گۆڤارەکـە لـە دووتووێـی چاپێکـی تـازەی (دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، ژمـارە (١٠٧) کـە لـە سـاڵی ٢٠٠١ چاپکراوەتـەوە، لـە ئامادەکردنـی (رەفیـق سـاڵح) و لێکۆڵینـەوەی (نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن و سـدیق سـاڵح)ە، دەقـی نووسـینەکەی (نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن).

دیاری کوردستان

شـێخ مەحمـوود دوای ئازادکردنـی لـە "دیلـی" کـە گەڕایـەوە کوردسـتان، سـاڵح زەکـی لـە دەزگـەی حکوومەتـی عێـراق کاربەدەسـت بـوو، وەزیفەکـەی بەجێهێشـت و گەڕایـەوە سـلێمانی. ژمـارە (١)ی رۆژی کوردسـتان بەمجـۆرە لـە تەشریـف هێنانـەوەی دەدوێ "جەنابـی بیکبـاش سـاڵح زەکـی بـەگ کـە یەکێکـە لـە ئەزکیـا و وەتەنپەروەرانـی کـورد، لەمەوپێـش لـە عەقـرە قائیمقامـی مەلەکـی بـوو، مەحـزەن بـۆ خزمەتـی وەتـەن و میللـەت ئیسـتحفای کـردووە و هەفتەیـەك لەمەوپێـش تەشریفـی هێناوەتـەوە بـۆ سـلێمانی، بەخێرهاتنـی دەکەیـن، شـێخ مەحمـوود کـردی بـە قومانـداری عەسـکەری کوردسـتان، بـەم بۆنەیـەوە لـە ژمـارە (٣)ی رۆژی کوردسـتاندا سوپاسـنامەیەکی وەهـای نووسـیوە "لەمێـژ دەمـێ بـوو لـە وەتـەن و قـەوم و برادەرانـی عەزیـزم دوور و مەهجـور بـووم. شـوکری خـودا ناتوانـم بێنـم کـە منـی لـەم رۆژە پیـرۆزەی سـەربەخۆیی قەومـی کـورددا هێنایـەوە سـلێمانی لـە لوتـف و مەرحەمەتـی ئەشرافـی مەملەکـەت و موتەحەیـزان و برادەرانـی وەتـەن گەلـی مـەسرور و موباهـی بـووم لـە درەنـگ و زوویـی ئیعـادەی زیـارەت، تەماشـای قصـورم نەکـەن، خـوا لـە هەمـوو لایـە رازی بـێ بـە واسـیتەی رۆژی کوردسـتانیش عـەرزی تەشـەکورات و تەئیـدی ئیحترامـات دەکـەم.

قوماندانی عەسکەری کوردستان

صاحیبقران زادە صاڵح زەکی

دیـارە (عەونـی)ی شـاعیر، پاشـخان و مێـژووی ئـەم مرۆڤـە

نیشـــتمانپەروەرەی زانیـــوە، بۆیـــە لـــە ڕۆژی دوعاخـــوازی و بەجێهێشـــتنی کۆیـــە، (عەونـــی) لـــە گردبوونـــەوەی بەڕێکردنـــی لەلایـــەن خەڵکـــی کۆیـــە، عەونـــی بـــە پارچـــە شـــیعرێك ستایشـــی دەکات و دەڵـــێ:

گەورە پیاوی قەومی کورد، هەر ئێوە بوون ئەسڵ و ئەساس

واجبی زانی کە (عەونی) هەر بتکات شوکر و سوپاس

بـــەڵام داخـــی گرانـــم، ئـــەم شـــیعرەش هـــەر تەنیـــا ئـــەم چـــوار بەیتـــەی لەلایـــەن مامۆســـتا (تاهیـــر ئەحمـــەد حەوێزی)یـــەوە لـــە کەشـــکۆڵەکەیدا تۆمـــار کـــراوە، بێگومـــان ئەگـــەر تـــەواوی شـــیعرەکەی بنووسرایـــە، یەکێـــك دەبـــوو لـــەو شـــیعرانەی لـــە ڕوانگـــەی گیانـــی کوردایەتییـــەوە هەڵقـــوڵاوە و بـــە پەنجـــە ئیشـــارەتی بـــۆ دەکـــرا.

# بابەتی سێیەم:
# رۆژی گێڕانەوەی ١٩٧٦/١/٢٥

دەق (عوسمان عەونی) گوتی:

**لـه سـاڵی ١٩٤٣ (معـروف جیـاوك[1]) بـه نـاوی کوردایەتـی و بـۆ (یانـەی سـەرکەوتن[3]) لـە بەغـداوە لەگـەڵ (عەبدولڕەحـمان[2] تورجـان) هاتنـە کۆیـە و ٧٠٠ دیناریـان کۆکـردەوە، کاتێـك گەڕانـەوە مـۆر و وەسـڵیان لـەلای مـن بەجێهێشــت.**

---

## پەراوێز:

١- مەعرووف جیاوك ١٨٨٥-١٩٥٨

مەعـرووف عەلـی ئەسـغەر حاجـی مەولـوود ئەسـعەد بدیـع الزمـان سـاڵی ١٨٨٥ لـە بەغـدا لەدایکبـووە، لـە بنەچـە لـە هـۆزی باڵەکـی و بنەماڵـەی جیـاوك زێدیـان گونـدی (سرێشـمە)ی نزیـك لـە ناحیـەی خەلیفانـە، خوالێخۆشـبوو جیـاوك لەگـەڵ خوێندنـی ئایینیـدا، خوێندنـی سـەرەتایی و رۆشـدییەی لـە بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٠٢ تـەواو کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٠٩یشـدا خوێنـدکاری کۆلیجـی مـاف بـووە لـە ئیسـتەنبۆڵ،

بەڵام لەوێ تەواوی نەکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی دژ بە (ئیتحادییەکان- حزبی اتحاد و ترقی) و خۆی شاردووەتەوە، بەڵام دوابەدوای لێبوردنی گشتی لە ٢٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٠٩ دەگەڕێتەوە بەغدا.

- ماوەیەك لە سووریا بەڕێوەبەری ناحیەی (تدمر- دیر الزور) بووە.

- لە ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ ڕۆژنامەی (الحقوق)ی لە بەغدا دەرکردووە.

- لە ساڵی ١٩١٣ کراوەتە یاریدەدەری بەڕێوبەری خانەی مامۆستایان لە (بەسرە).

- لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٩ لە بۆرما (دیل) بووە.

- لە ١٩١٩/٧/٣١ لە خوێندنگای ماف لە بەغدا دەست بە خوێندن دەکاتەوە و لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ تەواوی دەکات.

- چەندین پلە و پایەی میری لە دادگەکانی عێراق لە کەرکووك، هەولێر، دیوانیە، مووسڵ، کوت و موسەیەب، بینیوە.

- ساڵی ١٩٢٨ بە نوێنەری هەولێر هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە جێگری سەرۆکی پەرلەمان تا ٢١ی مارتی ١٩٣٠.

- لە ساڵی ١٩٣٠ بە هاوکاری چەند کەسایەتییەکی دیکە (یانەی سەرکەوتنی کوردان) ی لە بەغدا داناوە.

- لەنێو ساڵانی ١٩٣١-١٩٤٢ جارێکی دیکە بووەتە دادوەر لە دادگەکانی عێراق و دوا پایەی داڕێژەری یاسایی (مدون قانونی) بووە.

- لـە مانگـی ئابـی ١٩٤٤ تاکـو مانگـی ئـازاری سـاڵی ١٩٤٦ کـراوە بـە موتەسـەریف (پارێـزگار)ی سـلێمانی.

- لە ساڵی ١٩٤٦ بەڕێوەبەری گشتیی ئینحیساری گشتیی توتن بووە.

- لــە ســاڵی ١٩٤٧ واز لــە کاری میــری دەهێنێــت و خەریکــی کاری پارێـزەری دەبێـت. خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٧٣ سـاڵیدا و لـە ١٩٥٨/١/٢١ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی دەکات و لـە ٢٣ی هەمـان مانگیشـدا جەنازەکـەی دەهێننــەوە هەولێــر و لــە گۆڕســتانی (شــێخی چۆلــی) دەنێژرێــت. خوالێخۆشــبوو کۆمەڵێــك بەرهەمــی چاپکــراوی بــە هــەردوو زمانەکانــی کــوردی و عەرەبــی هەیــە:

١- القضیه الکردیه ١٩٢٥- ١٩٣٨

٢- نیابتی ١٩٢٨-١٩٣٠

٣- مأساة بارزان المظلومه ١٩٥٤.

بە کوردیش:

١- بەرگی ئیملای کوردی ١٩٣٠

٢- هەزار بیژە و پەند

٣- باربوو

سـەرچاوە (د. ئـازاد عوبێـد سـاڵح) بـە نووسـین لـە ٢٠٢٠/٦/٢٤ بـۆی نـاردووم.

٢- عەبدولڕەحمان نووری جان ١٩١٠-١٩٧٦

خوالێخۆشـبوو (د. عەبدولڕەحـمان نورجـان کـوڕی موحەمـەد ئەحمـەد

نوریجانـــە، ســـاڵی ١٩١٠ لـــە شـــاری کۆیـــە هاتووەتـــە دونیـــاوە و قۆناغـــی خوێندنـــی ســـەرەتایی لـــە کۆیـــە تـــەواو دەکات و بـــۆ قۆناغـــی ناوەنـــدی دەچێتـــەوە بەغـــدا، هەروەهـــا لـــە ســـاڵی (١٩٢٥-١٩٢٦) دەبێتـــە دەرچـــووی (دارالمعلمیـــن العالـــی) و لەنێـــوان ســـاڵانی کۆتایـــی بیســـتەکان و ســـاڵانی ســـییەکاندا لـــە شـــاری کۆیـــە بـــە مامۆســـتای ســـەرەتایی دادەمەزرێـــت، سـەرەڕای کاری مامۆسـتایەتی، هەمیشـە وێڵـی خوێندنـەوە و بـەدوا داگەڕانـی زانسـت بـووە، لـە سـاڵانی سـییەکاندا بووەتـە سـکرتێری (یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان) لـە شـاری بەغـدا، کـە ئـەو کاتـە (مەعـرووف جیـاوك) سەرپەرشـتی و سـەرۆکایەتیی یانەکـەی دەکـرد، لـەو ماوەیـەدا کـە لـە بەغـدا دەبێـت، هـەر سێ کۆلیـژی (شـەریعە و بەشـی کۆمەڵناسـی و مـاف) تـەواو دەکات.

لـــە راســـتیدا ئـــەم خوێندنـــە بلیمەتێکـــی زۆری دەوێـــت و هـــەر ســـێ بڕوانامەکـەی یـەك لـە دوا یـەك وەرگرتـوون، پاشـان لـە زانکـۆی سـۆربۆن لـە پاریـس دەسـتدەکات بـە خوێندنـی پلـەی ماجسـتێر لـە یاسـادا و تـەواوی دەکات، دوایـش بـە هەمـان شـێوە بـە زەمالـە لـە زانکـۆی قاهیـرە لـە سـاڵی (١٩٦٤-١٩٦٥) بڕوانامـەی دکتۆراکـەش لـە (القانـون الاداری)یـە لـەو رۆژەوە تاکـو کۆتایـی ژیانـی لـە بەغـدا بـە کاری فەرمانبـەری و پارێـزەری بەسـەر دەبـات (بـە مەبەسـتی بەبیـر هێنانـەوە، رۆشـنبیرانی کۆیـە لـە رۆژی ١٩٧٣/١١/٢٩) فێسـتیڤاڵێکی گـەورەی بـۆ سـاز کـرا کـە بـە یەکێـك لـە رۆژە مێژووییەکانـی کۆیـە دەژمێردرێـت). لـە فێسـتیڤاڵی حاجـی قـادری کۆیـی، کۆمەڵێـك شـیعری حاجـی خوێنـدەوە کـە وەرگێڕدرابوونـە سـەر زمانـی فەرەنسـی.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا و بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی خوێنەوە، ڕۆژی ١٩٧٦/١/٩ لە نەخۆشخانەی (اليرموك) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و بۆ ڕۆژی دواییش جەنازەکەی دەگەڕێندرێتەوە کۆیە و لە گۆڕستانی (کەکۆن) بە خاکدەسپێردرێت.

د. نورجان (٦) کوڕی بە ناوەکانی (کرمانج، کورد و بادینان، مەریوان (سۆران- ئەنفال کراوە) و لەگەڵ دوو کچ بە ناوەکانی نازەنین، گەلاوێژ هەن.

سەرچاوە: (گۆڤاری کەکۆن) ژمارە ١١ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠.

ئامادەکردنی مافپەڕوەر: ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید.

٣- (یانەی سەرکەوتنی کوردان) (نادی الارتقاء الکوردی) ١٩٣٠-١٩٦٢.

یانەی سەرکەوتن یانەی سەرکەوتنی کوردان (نادی الارتقاء الکوردی) ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا دامەزراوە. لێرەدا پەنا دەبەینە بەر گۆڤاری (باربو) کە بڵاوکرایەوەیەکە لەلایەن (هیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتن ژمارە (١)ی پەیامی تبرعات ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٤ بڵاوکراوەتەوە و لە چاپخانەی (نجاح) لە چاپ دراوە، وەکو یادگاری یانەی سەرکەوتن (نادی الارتقاء) دەربارەی (یانەی سەرکەوتن چۆن کرایەوە؟) نووسیویەتی: (تێبینی نووسینەکەی باربوو خراوەتە سەر ڕێنووسی ئێستا- نووسەر) (سەردەمێك هەموو لایێ، هەر کوردێکی تێگەیشتوو وەکو تێگەیشتووانی قەومەکانی تر بۆ قەومی خۆی لە هەموو بابەتێکەوە تێدەکۆشی، لە دەوری عوسمانی، چەند پیاوی

گـەورە و لاوانـی چـاك و (ئودەبـا) شـوعەرامان بـۆ رزگاری قەومەکەمـان لەبـاری گرانـی نەزانیـن هەوڵێکـی زۆریـان دابـوو، بـەڵام ئەحـواڵ و ئەوزاعـی سیاسـی رێیانـی بەسـت و مەیدانـی جوڵانیانـی کـورت کردبـوو، لـە پـاش لاچوونـی حکوومەتـی عوسـمانی لـە دەوری ئینحلالـی حکوومەتـی بەریتانـی هەندێـك هـەوڵ درا و حکوومەتـی بەریتانیـاش زۆر یارمەتیمانـی دا، بـەڵام وا دیارکـەوت کـە ئەوسا کاربەدەستەکانمان تێنەگەیشتبوون و ئـەو دەستی یارمەتییەیـان تونـد نەگـرت، لـە پـاش ئـەوە هەنـدێ لاو و ئیختیـارە سیاسـییەکانمان، ئایـا بـە مەقالـە و یـا بـە کتێـب نووسـین زۆر هیممەتیـان نوانـد، بـەڵام هـەر لەبـەر سسـتی و نەزانیـن، شـتێك نەکـرا.

ئەبـێ ئیعـتراف بکەیـن و بـە ڕاسـتی و بـە ئاشـکرا بڵێیـن کـە زۆرمـان لـە زۆربـەی (بەحـری) بـێ پایانـی نەزانینـدا مەلەوانـی ئـەکات. رەنگـە مەلەوانیـش؟! لەبـەر ئـەوە هەمـوو هیوایەکـی پێشـوو پێچرایـەوە و هـەر ئەوەنـدە لـە ژێـر حوکمـی زۆرداران رزگار کرایـن و لـە ژێـر بەیداغـی بلۆکـی عێراقـدا حەقـی ژیانمـان پێـدرا.

ئینجـا پیـاوە تێگەیشـتووەکانمان کـە زانیـان بـە سیاسـەت خـۆ خەریـك کـردن کەڵـك ناگـرێ و بێتـو میللـەت بـە زانسـت پـەروەردە نەکـرێ بـە (بژمـر دەبـێ) کوێـرەوەرەی، کەسـاس، کڵۆڵـی و زەلیلـی، لـە ژێردەسـت و پێیانـدا دەپلیشـێتەوە، بـۆ ئـەوەی لاوان لـە پـاش نەمێنـن و بتوانـێ خزمەتـی حکوومـەت و میللـەت بکـەن (بڕیارانـدا) رێگـەی سیاسـەت بـەردەن و رێـی زانسـت و دانـش بگـرن لـە پێـش هەمـوو کـەس جەنابـی

(مەعرووف جیاوك) كەناراوی هەولێر بۆ ئەم بیرەی (فكرە) خستە پێشەوە و لە مانگی ٩ی شوباتی ١٩٣٠دا بۆ دامەزراندنی كۆمەڵێكی زانستی ئیستیدعایەكی، هەر چەندەش ناروەكانی تر لە مۆركردنی ئەم ئیستیدعایە خۆیان كێشایەوە، بەڵام مەرحوم محامی (ئەحمەد موختار بەگی زەهاوی كە لە مەدرەسەی حەربیە بە زابتی و تۆپچێتی و یوزباش بوو لە مەدەرەسەی حقوقیش شەهادەی سەندبوو، یوزباش محەمەد عەلی بەگ عەبدولعەزیز، محامی عارف بەگ ئیستیدعاكەیان بە شوق و هۆشەوە مۆركرد و تەقدیمی وەزارەتی داخیلە كرا، لە پاش كەشموكەش و ماندووبوونێكی زۆر، بە ژمارە ٦٨٩٥ وە مێژووی ١٩-٢٠ی مایس ١٩٣٠ لە (سینەمای رویال) بە حەفلەیەكی (فەخم) یانەی سەركەوتن كرایەوە. خەڵكێكی زۆر خۆولاتی و بێگانە بە ئەشراف و ئەعیان هاتبوون، حەفلەكە بە گۆرانیەكی میللی، لەلایەن چەند قوتابییەكی كوردەوە دەستپێكرا. لە دوای گۆرانی نیشتمانیی كوردی خوێندرایەوە، بە وتارێكی جەنابی مەعرووف جیاوك دوایی پێ هێنرا و هەر دەستوبرد هەیئەتی ناوچەی كۆمەڵ هەڵبژێردرا، وەكو شێخ الاسلامی عوسمانی سماحەتی اب مەرحوم ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری، مەعالی كەركووكی زادە و جەنابی عەبدوڵڵا لوتفی بەگ و حاجی عەلی ئاغا و جەنابی میرزا فەرەح شەریف و مەرحومان شێخ عەلی قەرەداغی و خەلەف شەوقی داودی و بەشیر موشیری بەرگدروو هەڵبژێردران بە ئیتیفاقی ئارا ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری رەحمەتی بۆ رئاسەتی یانە و مەعرووف

جیاوك بۆ موعتەمەدی عامی یانە هەڵبژێردران. لە پاش ئەمە، چەند جارێك بە گەرمی کۆبوونەوە، نزیکەی دوو ساڵ بەم جۆرە لە خانووی مەعروف جیاوك دەوامی کرد و لە پاش وەفاتی حەیدەری بە ئیتفاقی ئارا مەعالی ئەمین زەکی بەگ بوو بە رەئیسی یانە و دوایی پاش وەفاتی ئەو ئەحمەدی زەهاوی بوو بە ئەعزای هەیئەتی موئەسسە.

لەبیرمان نەچێت، هەرچەند کورد هەبوون دەهاتنە یانە، مەرحوم (جەمیل سدقی زەهاوی) هات و ئەم قسانەی کرد: (من کوردم و کوردم خۆش ئەوێ، بەڵام چونکە ئیمان و ئومێدم بە ئیتیفاقتان زەعیفە هەتا ئێستانە هاتووم ئەمجارەش لەبەر دڵی برازام و خۆشەویستم مەعرووف جیاوك هاتووم، من ئەگەر بزانم ئێوە بە ئیتفاق ئەم ئیشە گەورەیە دەیبەنە سەر، من هەر چەندە پام سەقەتە، بەڵام بە (تەقڵە) دێم، ئیتر لێم ببوورن ئەسا دەی بۆ ئیتیفاق، لە پاشان هەرچۆنێك بوو، لێفەی سستی و ماتی لەسەر هەیئەتی یانەیا داپۆشرا و مودەتێك بە خەوێکی درێژ رایبوارد، پارساڵ ئەم لێفەی کابوسەیان لەلایەن جیاوك هەڵگیراو لە رۆژی یەکەمی نیسانی ساڵی ١٩٤٣دا هەیئەتی ناوچەی تازەی کۆمەڵ هەڵبژێردرا، ناوی ئەعزاکان ئەمانەن: جەنابی میرزا فەرەج شەریف، عەلی کەمال بەگ، حیکمەت بەگ زەهاوی، ناجی عەباس، هادی رەشید چاوەشلی محامی، مووسا سەمەد مودەریس، بەشیر موشیر، حەمەرەش، عەبدولرەحمان نوریجان.

خولاسەی ئەساس و داخلی

١- كۆمــەڵ لەگــەڵ سیاســەتا خەریــك نابێــت، چونكــە كۆمەڵەیەكــی زانســتییە.

٢- ئامانجــی كۆمــەڵ بــە زانسـت بەرزبوونـی كـوردە، ئەمـەش بـە كتێـب نووســین، وەرگێــڕان، بەخێوكردنــی (پەروەردەكردنــی) لاوان بــە چەشــنێكی عیلمــی و تەربــەوی و ئەخلاقــی.

٣- یارمەتــی هــەژار و هەتیــو و نەخۆشــەكان، پاراســتنی گیــان ســاغی و پێشــكەوتنی ئیشــوكار، بەكارهێنانــی شــتی خــۆ وڵاتــی.

٤- هەمــوو كوردێــك ئەتوانــێ داخیلــی ئــەم كۆمەڵــە ببــێ، بەشــەرتی رەوشــت و خــووی بــاش بێــت، مەحكــوم نەبــێ و تەمەنــی (عومــری) لــە بیســت ســاڵ كەمــتر نەبێــت.

٥- هــەر مونتەســبێك ئەبــێ ٣٧٥ فلــس دخولییــە بــدا، مانگانــەش ١٥٠ فلــس كەمــتر نــەدا، بــەڵام ئــەوەی نەیبێــت لێــی ناســێندرێ.

٦- كۆمــەڵ هەمــوو پێشــكەش و دیارییەكــی مــەشروع وەرئەگــرێ بــۆ زۆركردنــی ســەروەت و ســامان و خەرجــی لــە رێــی بڵاوكردنــی زانســت تــێ ئەكۆشــێ.

٧- كۆمــەڵ بــە هەرچــی ســەبەبێك كــە تێكچــوو، هەمــوو ســامانی بــە موئەسســاتی خەیرییــەی كــورد ئــەدرێ، ئەگــەر ئەمانــە نەبــوون، ســامانی كۆمــەڵ بەســەر هــەژار و بــێ دەســەڵاتانی كــورددا دابــەش دەكــرێ.

هاتنی شانی یانەی سەركەوتن بۆ شاری كۆیە

بــە مەبەســتی یارمەتیدانــی یانــەی ســەركەوتن، بــە كۆكردنــەوەی پیتــاك

(تبرعـــات) و باروبۆکردنـــی، چونکـــە لەلایـــەن (میرییـــەوە) حکوومـــەت یارمەتـــی نـــەدەدرا و تەنیـــا بەهـــۆی هاوبەشـــی مانگانـــەی ئەندامـــان (اشـــتراکات) کەســـایەتییە کـــوردەکان کارەکانیـــان بەڕێـــوە دەبـــرد. بـــەڵام دیسـان لـە قۆناغـی دووەمـی (یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان)دا کـە پێشـووتر لـە دوا قۆناغـی یەکەمیـدا جـۆرە سسـتیەکی بەخۆیـوە بینـی بـوو، بـەڵام جارێکـی دیکـە بـە هـەوڵ و توانـا و لێبوردەیـی (مەعـرووف جیـاوك) یانـەی سـەرکەوتن توانـی بەسـەر کێشـەکاندا زاڵ بێـت و جارێکـی دیکـەش بکەوێتـەوە خـۆ، ئەوەبـوو شـاندێکی یانـە بـە سـەرۆکایەتیی (معتمـد) کـە مەعـرووف جیـاوك بـوو، لەگـەڵ عەبدولڕەحـمان نوریجـان و بـاران جیـاوك لـە رۆژی ١٧ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٤٣ بـەرەو کوردسـتان کەوتنـە ڕێ بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی پیتـاك (لەژێـر سـەردێڕی بڵاوکـراوەی باربـوو کـە پێشـووتر باسـی لێـوە کـراوە). نووسـیویەتی: (حەرەکەتـی معتمـد "باوەڕپێکـراو"ی گشـتی بـۆ خانەقیـن هاتـووە: رۆژی ١٧ی مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٤٣ میـلادی معتمـد لەگـەڵ عەبدولڕەحـمان ئەفەنـدی کـە (مەبەسـت د. عەبدولڕەحـمان نوریجـان کۆییـە) و بـاران جیـاوك بـۆ خانەقیـن کەوتنـە ڕێ و سـەعات چـواری پـاش نیوەشـەو گەیشـتنە محەتـەی شـەمەندەفەری خانەقیـن، کۆمەڵێـك لـە لاوانـی خانەقیـن هاتنـە پیریانـەوە و بـۆ میوانخانەیـان بـردن. رۆژی ١٨ی تەمـوز سـەعات پێجـی ئێـوارە لـە ئوتێـل (نزهـەت الطریـق) حەفلـەی ملاقـات (بەیـەك گەیشـتن) و یەکـتر ناسـینکرا، لـەو ئیجتماعـە (رەمـزی فەتاح)بـەگ قائیمقامـی خانەقیـن و

معاونــی شــورتە و ئــەشراف و گــەورە فەمانبــەران ئامــادە بــوون و لەلایــەن دوو لاوی کــوردەوە گۆرانــی مەلەکــی و چەنــد گۆرانییەکــی کــوردی گوتــران. پاشــان بینــا لەســەر خواهیشــی هەنــدێ لاوانــی خانەقیــن معتمــدی گشــتی یانــەی ســەرکەوتن هەڵســتایە ســەرپێ و ئیربیحاڵــی (لەســەربەر) وتارێکــی موهیــم و پــڕ مەعنــا بــاس لــە تاریخــی کــورد، یانــە ئامانجەکانــی و ئــارەزوو خۆشەویســتی و لوتفــی حکوومــەت بــۆ ســەرکەوتن و بەرزبوونــی کــورد بــە زمانێکــی رەوان و راســت بەیــان کــرد کــە ســەعات و نیوێکــی کێشــا و پــاش ئــەوە ئەهالــی هاتنــە شــەوق و جــۆش بــە رەزا و توانــای خــۆی شــتێکی بەخشــی وا دیــار بــوو هــەر شەخســێك لــە تاقــەت و قودرەتــی خــۆی زیاتــری بــە دڵ و هــەوەس بەخشــی، لــەو دەمــەدا کــە ئەهالــی یــەك لــە دوای یــەك پارەیــان ئەبەخشــی، لــە بەخشــیندا بەربەرەکانیــان ئەکــرد لــە دەرەوە شــاگردی کەبابچییەکــی هــەرزەکار پەیدابــوو بەهێــزی خــۆی کوتایــە نــاو کۆمــەڵ و بــە (دینارێکــەوە) هاتــە پێــش و بــە دەنگێکــی خــۆش و بــەرز گوتــی: (ســەروەت و ســامانم هــەر ئەمەیــە وا بــە یانــەی ئەبەخشــم، مــاڵ چییــە، گیانــم بــۆ یانــەی کــوردان ئەبەخشــم) و بــە چەپڵەڕێزانێکــی زۆر گــەرم لێــی وەرگیــرا.

لــە (درێــژەی ســەفەرەکەی ســەرۆکی یانــە و عەبدولڕەحــمان نوریجــان و بــاران جیــاوك کــە لــە خانەقینــەوە لــە ١٩٤٣/٧/١٧ وە دەســتپێکرد بــە دەردەســەرییەکی زۆرەوە کــە ئەوکاتــە ئۆتۆمبیــل لەنێــوان هەنــدی لــە شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتان نەبــوو، شــاندی یانــە، رۆژی ١٩٤٣/٧/١٩ دەچنــە

کـەلار و لەوێـش بـە هەمـان شـێوەی خانەقیـن، پێشـوازیان لـێ دەکـرێ و پیتـاك كۆدەكرێتـەوە، ئەوجـا رۆژی دوایـی بـەرەو (کفـری) دەچـن، پـاش کفریـش دەچنـە گوندەکـەی دارا بـەگ کـە نـاوی (زەنـدی مـەلا یوسـف)ە، رۆژی ٧/٢٤/ نانـی نیـوەڕۆ لای قائیمقامـی داقـووق دەخـۆن و پاشـان سـەردانی سـەرداری کاکەییـان (سـلێمان بەگـی سـیدولە) یـان کـرد و پاشـان بـەرەو کەرکـووك هەڵکشـان، لـە درێـژەی بابەتەکـەدا بـاس لـە چوونیـان بـۆ کەرکـووك دەکرێـت کـە چـۆن لەلایـەن وەکیلـی پارێـزگار (جـەلال سـائیب) و گـەورە فەرمانبـەران و لاوانـی کەرکووکـەوە پێشـوازیان لـێ کـراوە، پـاش چـوار رۆژ، شـاندی یانـە، رۆژی ١٩٤٩/٧/٢٩ دەگەنـە سـلێمانی و لەلایـەن مسـتەفا قەرەداغی پارێـزگاری ئەوکاتـی سـلێمانی و فەرمانبەرانـی پێشـوازیان لـێ دەکرێـت، رۆژی ١٩٤٣/٨/١ لـە باخچـەی رەمـزی قـەزاز کۆبوونـەوە گشـتییەکە سـاز کـرا، بـە ئامادەبوونـی پارێـزگار و بەڕێوەبـەری پۆلیـس و فەرمانبـەران و خەڵکێکـی زۆر ئامـادە بـوون، لێـرەدا پیرەمێـردی شـاعیر وتارێکـی بـەرز و رەوانـی بـە دەنـگ و خـرۆش فەرمـوو، کـە تینێکـی باشـی لەسـەر دانیشـتووەکان کـرد، پـاش سـلێمانیش رۆژی ١٩٤٣/٨/٦ شـاندی یانـە بـە یـاوەری (پیرەمێـرد)ی شـاعیر بـەرەو هەڵەبجـە چـوون و لـەوێ لـە لای (حەسـەن بەگـی عەلـی بەگـی جـاف) میـوان بـوون، لـە هەڵەبجـەش لەلایـەن بەگزادەکانـی جـاف و کوردپـەروەران پێشـوازییەکی گەرمیـان لـێ کـرا و (پـارەی باشـیان) بەخشـی، رۆژی ١٩٤٣/٨/٧ شـاندی ناوبـراو گەڕانـەوە سـلێمانی.

رۆژی ٨/١١ لـە کەرکووکـەوە بـۆ هەولێـر بەڕێکەوتـن و لـە هەولێـر

میوانـی (خانەقـای شـێخ محەمـەدی ئەفەنـدی) بـوون، رۆژی ٨/١٢ سـەردانی پارێــزگاری هەولێــر (مســتەفا یەعقوبی)یــان کــرد و ئەوجــا زیارەتــی کەســایەتییەکانی نــاو هەولێریــان کــرد، کــە تێیــدا لەوانــە (عیزەدیــن مەلافەنـدی، عەلـی مەحمـوود کاکەخـان، سـەید محەمـەد ئاغـای سـەید عەبدوڵـڵا پاشـا، حەسـەن ئاغـای شـێخ محەمـەد ئاغـا کـە بـە (شـێتە) بەناوبانگــە، ســەردار و ئاغایانــی دزەیــی، ســەرەڕای خەڵکــی هەولێــر بەشـێوەیەکی رێکوپێـك پێشـوازیان لـێ کـرا و باروبوویەکـی بـاش کۆکرایـەوە.

١٩٤٣/٨/٢٨ کۆیسنجق

لــە ســەرەتای ئــەم بابەتــە، لــە لاپــەڕەی پێشــەوەی کەشــکۆڵەکەی (مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەویــزی)دا، لــە زاری عەونیــی شــاعیرەوە، هەواڵـی هاتنـی شـاندی (یانـەی سـەرکەوتنی کـوردان) بـۆ کۆیـە بـە چەنـد دێڕێـك باسـی لێـوە کـراوە، بـەڵام لـەم چەنـد دێـڕە (بەنـدە- نووسـەر) شـتێکی زیاتـرم لـێ نەزانیـوە تاکـو لـە رێگـەی هـاوکارم (د. ئـازاد عوبێـد) بڵاوکـراوەی (باربـو)ی یانـەی سـەرکەوتنی پێـدام، کـە تێیـدا بەدرێـژی باسـی یانەکــە و ســاڵی دامەزراندنــی (١٩٣٠) و ئامانجەکانــی دەکاتــن، ســەرەڕای رۆژانــی کــۆی جموجۆڵــی یانــە و ئەوجــا قۆناغــی بووژانــەوەی یانــە و کەوتنەخــۆ و پەیداکردنــی ســەرچاوەیەکی ئەوتــۆ کــە (یانــە) بتوانێــت بــە بەردەوامــی بمێنێتــەوە، بــۆ ئەنجامدانــی ئــەم مەبەســتە، ســەرۆکی یانــە کــە بــە (معتمــد) و باوەڕپێکــراوی (یانــە) نــاوی دێ، بــە یــاوەری دوو ئەندامـی یانـە کـە یەکێکیـان (د. عەبدولڕەحـمان نوریجانـە) و دووەمیـان

(بـاران کـوڕی مەعـرووف جیـاوك)ە، لـە گەشـتێکی چـل و شـەش ڕۆژیـدا کـە لـە خانەقینـەوە دەسـتپێدەکات بـە کۆیـە و تەقتـەق کۆتایـی دێـت. (١٩٤٣/٧/١٧- ١٩٤٣/٨/٢٩) توانیویانــە (کۆمەکێکــی- یارمەتــی) بــاش کـۆ بکەنـەوە کـە تێیـدا لەنێـو لاپەڕەکانـی (باروبـو)دا بـە درێـژی باسـی دڵسـۆزی ڕۆڵەکانــی گەلــی کــورد دەکات، بــە هەمــوو توێژەکانــی بــە هەســتێکی کوردانــەی ئەوتــۆو و دوور لــە (چەواشــە و تەلەکەبــازی و هەڵخەڵەتانــدن) و ئیســتیغلالی هەســت و ســۆز یارمەتییەکــی بــاش و بەرچــاو بــۆ (یانــەی ســەرکەوتنی کــوردان) دابیــن دەکرێــت، کــە دەبێتــە هــۆکاری بەردەوامــی یانــە بــۆ خزمەتــی کــوردان.

ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە سـەرەڕای باسـکردنی (یانـەی سـەرکەوتن) بـە گشـتی لـەو گەشـتە چـل و شـەش ڕۆژەی شـاندی یانەکـە کـە بـە کوردسـتاندا گـەڕاون، باسـکردنی ڕۆڵـی عەونیـی شـاعیر لـە پێشـوازی و بەخێرهێنانیـان بــۆ (کۆیــە) ئەوجــا دێمــە ســەر ئــەو شــیعرەی وەکــو (لەباربــو)ی بڵاوکراوەکـەی یانـەدا هاتـووە، بێگومـان ئەگـەر ئـەو بڵاوکـراوەی یانـە واتـە (باربـو) نەبووایـە ئـەم شـیعرەش وەکـو چەنـدان شـیعری دیکـەی شـاعیر، سـەری تێـدا دەچـوو، شـیعرەکەش بـە هەسـتێکی کوردانـەی بێگـەرد لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٤٣دا لـە کاتـی پێشـوازی شـاندەکە لـە کۆیـە، شـاعیر ڕووبـەڕوو خوێندوویەتییـەوە.

دەقـی نووسـینەکەی بڵاوکـراوەی (یانـەی سـەرکەوتن باربـو کـە لـە لاپــەڕە (٥٨)دا بــڵاو کراوەتــەوە.

(معتمد (مەبەست لە باوەڕپێکراو، مامۆستا مەعرووف جیاوك- نووسەر) ڕۆژی شەمموو ٢٨ی ئاب بۆ کۆی سنجاق ڕەوانە بوو کە ئۆتۆمبێل نزیك شار بوو (زیاد ئاغای حەمە ئاغا)، مەلا حەوێز ئاغا، کاکە حەمە، ئەشراف و ئەهالییەکی زۆر، مەئمور و لاوانی کۆی سنجق بە کۆمەڵ بە پیرمانەوە هاتبوون، لە شار نزیکی نیو سەعات دوور لە جێگایەك (منتظر) بوون. "چاوەڕان". معتمد هەر زوو لە پاش دەستگوشین و چاکوخۆشییەکی گەرم ئەنجا یەکسەر لەگەڵ (مەلا حەوێز ئاغا) چووە لای جەنابی قائیمقام، دوای گەڕانەوە لەسەر شەرەفی (معتمد) لە نادی دەعوەتێکی چای ڕێك خرا، لەوێ شاعیری کۆیی (عەونی) قەسیدەیەکی موناسبی خوێندەوە و لە پاشان جەنابی (معتمد) هەڵستا و وتارێکی مناسبی شیرین و ڕەوانیدا کە چەند جارێك بە چەپڵەلێدان بڕدرا، لە پاش ئەمە ئەشراف و سەرداران و ئەهالی کەوتنە جۆش و خرۆش و بە (سخاییکی حەمەغایی) هەر کەس پارەیەکی باشی بەخشی. بەمجۆرە دەعوەتەکە تەواو بوو، حەقیقەت زۆر شایانی تەقدیرن. معتمد بۆ دیوەخانی حەمە ئاغا گەڕایەوە و لە پاش نانی ئێوارەش خەڵکێکی زۆر کۆبووەوە و لەلایەن هەندێ کەسانەوە ئەشعار و گۆرانی

*و لاوکی کوردی خوێندرایەوە، زۆر کەس لە ئەشرافەکان معتمدیان بۆ نان خواردن بانگ کرد، بەڵام مومکین نەبوو لە کۆی راوەستی و زۆری دەکرد زوو بگەڕێتەوە بەغداد بۆ پێکهێنانی ئیشوکاری یانە، شوکرانە و سوپاس (زیاد ئاغا) و مەلا حەوێز و کاکە حەمەد و ئەشراف و ئەهالی ئەکات.*

لێرەدا دەقی نووسینەکەی (باربو) تەواو بوو.

لە ناوەڕۆکی ریپۆرتاژەکەی بڵاوکراوەی یانەی (باربو)دا، لە کاتی هاتنی شاندی (یانەی سەرکەوتن) بۆ کۆیە، لە ١٩٤٣/٨/٢٨ باس لە (عەونی) دەکات کە لە کاتی پێشوازی خەڵکی کۆیە لە شاندی یانە، شیعرێکی خوێندووەتەوە، شیعرەکەش بەو موناسەبەتەوە بووە کە پێشووتر عەونی ئاگاداری هاتنی ئەم شاندە بووە. پێشووتر وەکو دەیان شیعری هەمەجۆری شاعیر لەناوچوون، لەنێوا لاپەڕەکانی بەرگی یەکەم چاپی دووەم و بەرگی دووەم چاپی یەکەم باسی لێوە کراوە و بەهۆی برادەرانی رۆشنبیر و دڵسۆز چەند پارچە شیعرێك دۆزراونەتەوە و لە (دیوانی عەونی)دا بڵاو کراونەتەوە.

لێرەدا دەقی ئەو شیعرە بڵاو دەکرێتەوە کە شاعیر (عەونی) لە رۆژی ١٩٤٣/٨/٢٨ لە حزوری شاندی یانە و خەڵکانێکی زۆری کۆیەدا بە مەبەستی بەخێرهێنانی شاندی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)، پێشکەشی کردووە.

دەقی شیعرەکە:

پێشکەش بە یانەی سەرکەوتن بێ

**ئــەی برادەرانــی یانــەی ســەرکەوتن**
**میللــەت ئەخاتــە رێگــەی پێشــکەوتن**
**فائیــدەی زۆری یانــە بــۆ میللــەت**
**گــەل رزگار ئــەکا لــە جــەور و میحنــەت**
**بــە هــۆی یانــەوە و رێکــی و ئیتحــاد**
**بــڵاو ئەبێتــەوە نامێنــێ فەســاد**
**یەکــەم نیشــانەی کۆمەڵــی یانــە**
**یەکێتــی بیــرو دڵ و زوبانــە**
**لــور و کەلهــور و کرمانــج و گــۆران**
**یەکــتر بناســن بــەدڵ و بەگیــان**
**یارمەتــی یەکــتر بــدەن بــە مــەردی**
**بەنــاوی بــەرزی کۆمەڵــی کــوردی**
**بەهــۆی یانــەوە قەومــی ئەوروپــا**
**کەوتنــە هەڵســان و هــەوڵ و تەقەلــلا**
**هــەروەك شــکاندیان تەوقــی کەســادی**
**نایانــە ســەریان تاجــی ئــازادی**
**بونــە ئەربابــی عیرفــان و فنــون**
**بــۆ هەمــوو جیهــان بوونــە رەهنمــون**

**یانە پێویستە بۆ هەموو قەومان**
**لە پێشیانەوەش بۆ قەومی کوردان**
**ئەی لاوانی کورد گەنجانی هۆشیار**
**ئەی بەگ و ئاغا ئەشراف و توجار**
**ئەی خاوەند ماڵ و سەروەت و سامان**
**ئەی ساحیب هێز و ئەی خەرەدمەندان**
**درێغ مەفەرموون هەرچەند ئەتوانن**
**ئەبێ ئەم کارە واجب بزانن**
**رۆژی سەخایە و وەختی بەخشینە**
**یانەی سەرکەوتن موحتاجی ژینە**
**ژیانی یانە بەگەل بەستراوە**
**ئەبێ رووی تێکەین لە هەموو لاوە**
**بۆ هەموو ئیش و کاری پێویستی**
**نابێ هیچ کوردی بنوێنی سستی**
**ئەکەین سوپاسی موعتەمەدیانە**
**ئەم بارە گرانەی وا لەسەر شانە**
**قەت دوا نەکەوی بۆ لەپێش کەوتن**
**دامەزرێنەری یانەی سەرکەوتن**
**ئەتۆی (جیاوك) گەورە و موحتەرەم**
**منیش وەکو (عەونی) سوپاستان ئەکەم**

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ١) گێڕانەوەی یەکەم

دەق: (لە قسەکانی عوسمان عەونی)دا:

**لـە بۆردوومانـی[١] عومـرم دە سـاڵان دەبـوو، ماڵـمان چووبـووە (هەرمۆتـە[٢]) کـە هەنـدێ شـاخی لێیـە، خۆمـان لـێ دەشـاردەوە، سـبەینان بابـم دەهاتـە شـاری و ئێـواران دەهاتـەوە لای ئێمـە بۆمبایەکـی بـە (کاولەکـەی[٣]) کـن ماڵمانـی دا دابـوو، مەترێکـی قـووڵ کردبـوو دەرگای خانـووی (مەلا حەوێزە فەنـدی[٤]) فڕێدابـوو، دەرگای چەنـد خانوویەکـی تـر کـە لـەوێ نزیـك بـوون کردبـۆوە. دوو بۆمبـای بـە ماڵـی ئێمـەدا دابـوو، یەکێکیـان نەتەقیبـۆوە کـە تورکـەکان ڕۆیشـتن و ئینگلیـزەکان هاتنەوە ئێمـەش هاتینـەوە شاری کـە ئـەو وەختـی فەلاحەتمـان هەبـوو، ژوورێکـمان پـڕ لـە جـۆ کردبـوو، دایکـم (پیـرۆز عەبدوڵـڵا) سـەماوەر و سـینی و هەنـدێ کەرەسـتەی تـری لـە بـن جۆیەکـەی شـاردبۆوە، لای عـەسرێ بـوو، چـوو دەریـان بێنـێ، کـە تەماشـا دەکات شـتێك لـەوێ کەوتیـە و لـە (زیـرە ئـەدا) و لـە ترسـان لـە هـۆش خـۆی دەچـێ، بابـم و هەنـدێ جیـران خڕبوونـەوە، (مـەلا ئەحمـەد ئاغـا[٥])ی (مـام سـلێمان) ڕەئیـس بەلەدیـە بـوو، هـات بـە (عـەدە بەلکـی[٦]) پیـاوی گـوت "عەبدوڵـڵا ئـەو بۆمبایـەی هەڵگـرە لـە بـۆ حاکمـی ببـە" لای وابـوو حاکـم کەیفـی پـێ دێ، ئەویـش لەسـەر دەسـتی دادەنـێ و لـۆ قشـڵەی[٧] دەبـا کـە دەگاتـە کـن (چاخانەکـەی بنـاوان[٨]) (حاکـم بـە دووربیـن دەیبینـێ، وا تێـدەگات بـە پیـلان ناردوویانـە و دەڵـێ: نەیتـە پێـش و لـەوێ دایبنـێ، ئەوجـا دەیبەنـە پشـت قشـلەی و دەیتەقێننـەوە.**

## پەراوێز

١- بۆردوومانــی کۆیــە: لــە ســەروبەندی رووخاندنــی هێــزی تورکــەکان و پاشـماوەی دەوڵەتـی عوسـمانی، کـە هەنـدێ لـە کەسایەتی و دەسترۆیشـتووانی کۆیــە لەژێــر کاریگــەری ئیســلامەتی تــورك و کافرایەتــی ئینگلیــزدا پاڵپشــتی تورکەکانیــان دەکــرد، کاتێــك لــە ململانێــی نێــوان ئــەو دوو هێــزەدا، ماوەیــەك لەنێــو ئــەو ململانێیــەدا (کۆیــە) کەوتبــووە نێوانــی دوو بــەردە ئاشــەوە، مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەویــزی، لــە بەرگــی یەکەمــی مێــژووی کۆیــە، لەمبارەیــەوە دەڵــێ: کــە ئینگلیــزەکان کۆیەیــان چــۆڵ کــرد، دانیشــتووانی شــار، وەختــی خــۆی چــۆن چووبوونــە پێشــوازی ئینگلیــز، گەلــەك بــە جۆشــتر چوونــە پێشــوازی (تورکــە ئیســلامییەکان، کۆییــەکان پێیــان خــۆش بــووە ســەرۆکیان ئینگلیــز بێــت، تــورك بێــت، هــەر کەســێك بێــت، تەنیــا لــە خۆیــان نەبێــت.

بــەڵام لــەو ســەروبەندەدا تورکــەکان لــە کۆیــە بــوون (لێــرەدا دیســان دەگەڕێتــەوە ســەر مێــژووی کۆیــە و مامۆســتا حەوێــزی دەڵــێ: "ئینگلیــزەکان بــە فڕۆکــە بەیاننامەیــان لەســەر کۆیــە فڕێدایــە خــوارەوە، تــا ســێ رۆژی دی تورکــەکان لــە کۆیــە دەرنەکــەن، شــارەکە بۆمبابــاران دەکەیــن، لەبــەر ئەمــەی تورکــەکان نەڕۆیشــتن، ئینگلیــز لــە تشرینــی یەکەمــی ١٩٢٢دا فڕۆکــەی نــاردە ســەر کۆیــە و وڵاتەکــەی بۆردوومــان کــرد. هیــچ بۆمبــای بــە (قشــڵە)ی دانــەدا، کــە جێیەکــی عەســکەری قایــم بــوو، بەڵکــوو بەنــاو شــار و بــەم لاو بــەولای گەلــێ بۆمبــای فڕێــدا، تەنانــەت مزگەوتــی گــەورەش رزگاری نەبــوو.

٢- هەرمۆتە

هەرمۆتـە گوندێکـی دێرینـی مەسـیحییەکانە و دەکەوێتـە باشـووری کۆیـە، لـە کۆنـدا نزیکـەی (٣ کـم) لێیـەوە دوور بـووە، بـەڵام ئێتسـاکە بەهـۆی فراوانبوونـی شـاری کۆیـەوە کـە تـەواو لێـك نزیـك بووەتـەوە تەنیـا چەمێـك سـنووری نێوانیـان جیـا دەکاتـەوە، هـەر لـە دێریـن زەمانـەوە دانیشـتووانی گونـدی هەرمۆتـە بـە کشـتوکاڵ و ئاژەڵدارییـەوە خەریـك بوونـە، باغوباغاتێکـی زەیتوونـی زۆری لێیـە، سـەرەڕای ئـاوی دەوروبـەری کـە جۆگەیەکـی ئـاوی گـەورە پێـك دەهێنـن، هـەر لـە کۆنـەوە کشـتوکاڵیان پێکـردووە و لەنێـو گونـدی هەرمۆتەشـدا کارێزێـك هەیـە، لـە شـێوەی (تونیلێکـدا کـە ئـاوی هەشـت تـا نـۆ بیـری دەچێتـەوە سـەری و بـۆ رەز و بـاغ بـەکار هاتـووە، ئێسـتا ژمارەیـەك زۆر مەسـیحی هەرمۆتـە نیشـتەجێی شـاری هەولێـر و سـلێمانی و مووسـڵ و کەرکـووك و بەغـدان، دوای راپەڕینیـش ١٩٩٢، وەکـو زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان ژمارەیەکـی زۆر گەنجـی هەرمۆتـە روویـان کردووەتـە هەنـدەران، رۆژی ٢٠١٢/١٠/١٧ (د. هاوژیـن سـلێوە) سـەرژمێری دانیشـتووانی گونـدی هەرمۆتـەی کـردووە، کـە لـە ٩٩ ماڵـی مەسـیحی و ٢٧ ماڵـی موسـڵمان پێکهاتـووە و ژمـارەی مەسـیحییەکان ٤٢٧ کەسـن و ژمـارەی موسـڵمانەکانیش ١٢٧ کەسـن، تێکـڕای ژمـارەی دانیشـتووانی گونـدی هەرمۆتـە بـە مەسـیحی و موسـڵمانەوە ٦٦٤ کـەس دەبـن و تێکـڕای ماڵەکانیـش ١٢٦ ماڵـن.

سـەرچاوە کتێبـی (مێـژووی گونـدی هەرمۆتـە) نووسـینی: د. هاوژیـن سـلێوە چاپـی ٢٠١٣

٣- کاولەکـەی کـن ماڵـمان، مەبەسـتی قسـەبێژ (عەونـی) لـە کاولەکـەی نزیـك ماڵیـان، ئـەو کاولـە بـووە، (مەبەسـت لـە کاول ئـەو شـوێنەیە کـە لـە نێـوان مـاڵان بـە بەتاڵـی ماوەتـەوە و بینـای لەسـەر نەکـراوە، یاخـود خانـوو بـووە، بـەڵام پـاش رووخانـدن و ماوەیەکـی زۆر بووەتـە جێگـەی (زبـڵ لـێ فڕێـدان). کاتێـك ماڵـی عەونـی لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی دەبێـت، لـە نزیـك ماڵیـان بـە ١٠ تاکـو ١٥ مەترێـك (کاولێـك) لـە بەرانبـەر ماڵـی خوالێخۆشـبوو (حەمـەدی کەریمـی)دا هەبـوو، کـە خانـووی ئەوانیـش لەگـەڵ ماڵـی ئێمـەدا دیـوار بـە دیـوار بـوو.

٤- مەلا حەوێز ئەفەندی (مەحزون)

خوالێخۆشــبوو مــەلا حەوێــز ئەفەنــدی کــوڕی قوچاغایــە، لــە شــاری کۆیــە لەدایکبــووە و بــە فەقێیەتــی لای مــەلا عەبدولــڵا جەلــی لــە کۆیــە خوێندوویەتــی و لــە هەولێریــش لــە لای مــەلا ئەفەنــدی خوێندنــی تــەواو کــردووە و لــە دوای هاتنــی ئینگلیزیـش بـۆ کۆیـە، بـە مامۆسـتای قوتابخانـەی سـەرەتایی لـە کۆیـە دامـەزراوە و پاشـان بـۆ رانیـە گوازراوەتـەوە و هەروەهـا سـاڵی ١٩٣٤یـش لـە رانیـە کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە کۆیـە نێـژراوە.

مـەلا حەوێـز نازنـاوی شـیعری (مەحـزون) بـووە، شـیعری بـە کـوردی و عەرەبـی و فارسـی گوتـووە و شـیعرەکانی زۆری (غەزەلـن).

سەرچاوە: کۆیە و شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەرگی یەکەم.

٥- مەلا ئەحمەد ئاغای مام سلێمان ١٨٨٦-١٩٣٨

دادوەر مـەلا ئەحمـەد ئاغـای مـام سـلێمان ئاغـای حاجـی فەتـاح ئاغـا غەفـووری لـە سـاڵی ١٨٦٦ لـە کۆیـە لەدایکبـووە و لـە خێزانێکـی گـەورە و بـە دسـەڵاتیش پـەروەردە کـراوە، سـەرەتا لـە مزگەوتەکانـی کۆیـەدا خراوەتـە بـەر خوێندنـی ئایینـی و پلەیەکـی باشـی بڕیـوە و دەرسـی.... ئایینـی خوێنـدووە، لـە (سـجلەکانی ئەرشـیفی دادگای کۆیـە) لـە سـجلی ژمـارە (١) ی سـاڵی ١٨٩٣ و سـجلی ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٠٨ و سـجلی ژمـارە (٦)ی سـاڵانی (١٩٠٧-١٩١٠)ی نـاوی ئـەم زاتـە چەندیـن جـار دووبـارە بووەتـەوە و نـاوی دادوەریـش بـەم شـێوەیەی نـووسراوە (کۆیسـنجق قچـماس نائـب کۆیسـنجق احمـد) لـە سـەرەتای سـاڵی ١٨٩٤ وەك حاكـم ئیشـی كـردووە و لـە سـاڵی ١٩١٤یـش وەك حاكمـی سـوڵح لـە مەحكەمـەی (صلـح) لـە (هیئـە محكمـة صلـح)، کـە ئێسـتا (دادگـەی کەتـن- محکمـة الجنـح)ی پـێ دەگوترێـت، پـاش دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقیـش وازی لـە دادگـە هێنـاوە و لـە سـاڵی ١٩٢٢یـش بـۆ یەکەمجـار پۆسـتی سـەرۆکی شـارەوانیی کۆیـەی پـێ دەسـپێردرێت، مرۆڤێکـی لێهاتـوو و دڵسـۆزی کارەکـەی بـووە، دادوەری دادگـە و سـەرۆکی شـارەوانی لـە تەمەنـی ٥٢ سـاڵیدا و لـە ڕۆژی ١٩٣٨/١/٢٨ لـە شـاری کۆیـە، کۆچـی دوایـی دەکات و لـە ڕێوڕەسـمێکی گـەورەدا لـە گۆڕسـتانی (کەکـۆن) بـە خاکدەسـپێردرێت.

سەرچاوە: (گۆڤاری کەکۆن) ژمارە ١٠ تشرینی دووەم ٢٠١٠

نووسینی: مافپەروەر ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید.

٦- (عەدە بەلەك) عەبدوڵڵا رەسووڵ پیرۆت ١٨٩٠ -١٩٥٧/٦/٦

خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا رەسووڵ پیرۆت کە بە (عەدە بەرەك) ناسراوە لە ساڵی ١٨٩٠ لە کۆیە لە گەڕەکی قەڵات چاوی بە دونیا هەڵێناوە، لە باب و باپیرانیەوە خەریکی کەسابەت و ئیشوکاری بەرهەمهێنانی (گەچ) بوون، چونکە خۆیان خاوەنی (کوورەی گەچ) بوون و ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ (خاتوون قادر)دا پێکهێناوە و دوو کوڕ و کچێکیان هەبووە بە ناوەکانی (حەمەد، جەلال، هەیبەت کە دەکاتە دایکی کاك دڵشاد.)، تاقانە و چوار براش هەبوون بە ناوەکانی (رەسووڵ، حوسێن، حەوێز ناسراو بە کاك حەوێزی (مطعم)چی، حەمید (جەلالی کوڕی لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦، ئێستا پۆلیسی خانەنشینە. (زانیارییەکان لەوان وەرگیراون).

لە رۆژێکی هاوینی رێککەوتی ١٩٥٧/٦/٦ لەو وەرزەدا کە باران نابارێت، لەم رۆژەدا بارانێکی بە خوڕ باری، لەو کاتەدا خوالێخۆشبوو دەیەوێت بە سواری وڵاغ لە رووبار بەسەر پردی (پردی خۆشناوان) لەناو رەز و باخەکانی کۆیەدا بپەڕێتەوە، بەڵام بارانەکە هێندە زۆر و بە تەوژم بووە، تەنانەت لەسەرووەتر بەردی گەورە گەورەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و لەو کاتەدا وڵاغەکەی (ساتمە) دەکات و عەبدوڵڵا بەردەبێتەوە و سەری لە بەردێك دەدات و دەتەقێ، دواتر ئاگای لە خۆی نامێنێ و ئاو دەیبات، ئەو رووداوە لە کۆیە دەنگی دایەوە، کە بە رۆژی (لافاوی عەدە بەرەك) ناسرا.

سەرچاوە: (مافپەرور- ئاراس عەبدولخالق لە ٢٠٢٠/٨/٢٦ بە نووسین بۆی ناردم، سەرچاوەکانی ئەویش گۆڤاری (کەکۆن) هەردوو، ژمارەی (١١-٢٢) و لەگەڵ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (جەلال عەبدوڵڵا رەسووڵ) کوڕی خوالێخۆشبوو رۆژی ٢٠٢٠/٨/٢٥ لەلایەن کاك ئاراس عبدالخالقەوە کراوە.

٧- قشڵە: ئەو گردە گەورە و بەرزەیە، کە دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کۆیە و گردەکەش ناوی (کەکۆن) و بەرانبەر چیای (کوسار- هەیبەت سوڵتان)ە.

مامۆستا تاهیر حەوێزی لە بەرگی دووەمی بەشی یەکەم لە کتێبی مێژووی کۆیەدا نووسیویەتی:

قشڵە، درێژی بە (١٠م) لە پانی زیاترە (١٠٠×٩٠=٩٠٠٠ م) چوار (قولغی) هەیە، هەریەکە بە شکڵێکی هەندەسی و ناویان بۆشە و سەر دیوارەکانی چوار دەورەی مەترێك پانە و بە گیچ و بەرد دروستکراون، گوللە تۆپ کار لە قولغەکان ناکات، دەڵێن ساڵی ١٨١٠ م (ئیچ قلعەی کویسنجق) لە حکوومەتی (محەمەد بیگی رومی) دروستکراوە، کە بەدەستخەتێکی فارسی نووسراوە، لە زەمانی دەوڵەتی عوسمانیدا کۆشکەکەی سەر دەرگەی پێشەوە دروستکراوە و یەك دوو تابوور عەسکەری لێبووە.

چایخانەی بناوان: لە دامێنی (قشڵە)دا بەلای خوارەوە روو لە کۆیە

(ڕۆژهـەڵات)، کـە ئێسـتاکە بووەتـە ڕیـزە دوکانێـك و هاوینـان چایخانەیەکـی لـێ دادەنـرا، چونکـە جێگەیەکـی بـەرز و دڵگیـرە، جـاران لـە کۆیـەدا تاکـو ئـەو سـاڵانەی دوایـش، چەندیـن چایخانـەی هاوینـان دادەنـدران، وەکـو چایخانەکانـی (سـەرتەم تەمـان، پشـتی حەمامـی پیسـکان، سـەر ڕەزان، کانـی لەلـە.. باخچەکـەی خوالێخۆشـبوو حاجـی حەمـە سـەعید... سـەردانی ئـەو چایخانانـە لـە هاوینـان ببـوو بـە نەریتێـك و خەڵکـی دەمـەو عـەسران تاکـو درەنگانـی شـەو سـەردانیان دەکـردن و هەندێکیشـیان ئێـواران (خواردنـی برژاو)یشـیان تێـدا ئامـادە دەکـرا.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ١) گێڕانەوەی دووەم:

عەونی گوتی: دەق:

**ساڵی ١٩٢٩ بابم لە حەجێ هاتەوە، بە سواری هەتا هەولێرێ بۆ پێشوازی چووین، بەڵام ئەوان گەڕابوونەوە کۆیە، لە ڕێگە لاماندا گوندی (هەرجە[١])ی (شێخ تاهیر[٢] کوڕی شێخ مەعرووف) ئەو وەختی شێخ تاهیر گەنج بوو، ئێمەی هەموو هێنا تەکیەی خزمەتێکی چاکی کردین، شەش مانگ[٣] بوو، ئۆتۆمبێل هاتبووە کۆیە.**

---

## پەراوێز:

١- گوندی هەرەجە (هەڵەجە)

گوندی هەڵەجە، ئەو دێیە دەکەوێتە نزیک گوندی (بێستانە) کە جاران سەر بە ناحیەی قوشتەپە بوو، بەڵام ئێستا سەر بە ناحیەی دارەتووە لە پارێزگەی هەولێر. کاتی خۆی لە ساڵی ١٨٦٧ شێخ مەعرووف (١٨٦٧-١٩٣٠) کە کوڕە گەورەی (شێخ عەبدولکەریم کۆیە) بوو، هاتووەتە دەشتی هەولێر و ئەو گوندەی لە پیاوێکی شەبەکی

مووسڵاوی کڕیوه و لەوێ نیشتەجێ بووه و هەموو دابونەریتێکی باشی شاری کۆیەی لەگەڵ خۆیدا هێناوه، بۆیە ئەو گوندە لە میوانداری و یارمەتیدانی لێقەوماوان و هەژار و بێکەسان بووه، تارادەیەك عەشایرە و دانیشتوانی گوندەکانی نزیك و دەوروبەری بە گەورەی خۆیان داناوه و پرس و را و سوڵح و مەسرەتیان پێ دەکەن، لە ساڵی گرانیدا خەڵکی روویان تێکردووه، شێخ مەعرووفیش بەخۆی و کوڕەکانی، خزمەتی خەڵکیان کردووه، لەبەر ئەوە (جگە لە هەڵەجە) بوونەتە خاوەن هەشت گوندی تریش، وەکو هەڵەجەی بچووك، لاجان، سابڵاغ، میرزائاغا، ئەوانە سەر بە ناحیەی دارەتوون. تەروال، رەسووڵ، مسکۆل، کانی سوسکە، ئاخورە جگە لە بەشێك لە گوندی (کورەداوه).

شێخ مەعرووف پێنج کوڕی بە ناوەکانی: شێخ رەشید، شێخ عەزیز، شێخ تاهیر، شێخ عەبدولکەریم، شێخ جەواد، هەبووه و وشەی هەلەجەش لەوەوه هاتووه کە سەرەتای دەستپێکردنی زوورگ و تەلان و گرد و بەرزایی لەوێوه دەستپێدەکات، واتە (هەڵەت- چێ بە تێەپڕبوونی کات بۆتە (هەلەجە).

٢- شێخ تاهیری کوڕی شێخ مەعروف ١٩٠٠-١٩٧٤

شێخ تاهیر، کوڕی سێیەمی شێخ مەعرووفە، کوڕی شێخ عەبدولکەریم ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریم کوڕی شێخ حوسێنی گلەزەردەیە.

شێخ تاهیر (شێخ تاهیر) ساڵی ١٩٠٠ لە گوندی هەلەجە لەدایکبووه،

پیاوێکـی ژیـر و خـاوەن قۆنـاغ و سـەخی تەبیعـەت بـووە، ڕۆژانـە (سـێ جـەم)ە میـوان کـە لـە هەولێـرەوە بـۆ کۆیـە دەبوایـە بـە هەڵەجـەدا تێپـەڕن و لـەوێ بمێننـەوە و میوانـی ئـەم قۆناغـە دەبـوون.

شـێخ تاهیـر، خـۆی زاوای حاجـی مـەلا عەبدوڵـڵای جەلـی زادە بـووە، واتـە هاوسـەرەکەی خوشـکی مـەلای گـەورەی کۆیـە و شـێخ نورەدینـی باوکـی (خوالێخۆشـبووان، مەجیـد نورەدیـن و محەمـەد عەلـی و ئەمجـەد نورەدیـن) بـووە. خـۆی خاڵـی زەیـدی ئەحمەدەفەنـدی کـە یەکـەم (موتەسریـف- پارێـزگار)ی هەولێـر بـووە و خاڵـی (کاك ئەحمـەد ئاغـا و موحسـین دزەیی)یـە.

سـاڵی ١٩٧٤ لـە تەمەنـی (٧٤) سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی شـێخ مەعرووفـی باوکیـدا نێـژراوە.

سـەرچاوەی زانیارییـەکان: لەلایـەن (دادوەر شـێخ موزەفـەر بەرزنجـی بـە نووسـین ٢٠٢٠/٨/١٠ بەدەسـتم گەیشـتووە).

٣- هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ کۆیە بۆ یەکەمجار

عەونـی لـە گفتوگـۆی ئـەو ڕۆژە لەگـەڵ خاوەنـی (کەشـکۆڵ- مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی)دا، بـاس لـە هاتنـی ئۆتۆمبێـل (سـیارە) بـۆ یەکەمجـار بـۆ کۆیـە دەگەڕێنێتـەوە، بـۆ سـەرەتای سـاڵی ١٩٢٩ ئەوکاتـە ئۆتۆمبێـل لـە هەولێـرەوە بـۆ کۆیـە دەهـات و لـە کۆیـە لـە چاوەڕوانیـدا دەبـوو ڕۆژێـك دوو ڕۆژ تاکـو (نەفـەر) پەیـدا دەبـوو، دەگەڕایـەوە هەولێـر، ئاشکراشـە ئۆتۆمۆبیلـی ئـەو سـەردەمەی (نەفـەر) بـە زۆری پـاس (١٠-١٥)

نەفـەری بـۆ سـەرەڕای ئـەوەش نـاوە نـاوە ئۆتۆمبێـل لـە جـۆری (جێـب) ی ئەمەریکـی کـە هەنـدێ کەسـایەتی هەیـان بـوو بـۆ کاروبـاری تایبەتـی، نـاوە نـاوە هاتوچۆیـان دەکـرد، بـەڵام مایـەی سـەرنجە شـەقامی نێـوان (کۆیـە و هەولێـر تاکـو سـاڵی ١٩٧٥ بەتـەواوی (قیرتـاو) نەکـرا.

# كەشكۆڵ (لاپەڕە ١) گێڕانەوەی سێیەم

دەق وەكو لە كەشكۆڵەكەدا هاتووە عەونی دەڵێ:

**ڕۆژێ دووجـار دەچوومـە ماڵـی (مـەلای ڕەش[1]) كـە سـوختەخانەی[2] هەبـوو، (گوڵســتان[3])م لا دەخوێنــد، مەتنەكــەی پێدەگوتــم و ئــەوەی دیكــەم بــاش دەزانــی.**

---

## پەراوێز

١- مەلای ڕەش (١٨٧٦-١٩٤٣)

مـەلا ئەحمـەدی ڕەش كـوڕی حاجـی عومـەر لـە گەڕەكـی بەفریقەنـدی ســاڵی ١٨٧٦ لــە شــاری كۆیــە لەدایكبــووە و خوێندنــی لــە ناوچــەی خۆشــناوەتی و پاشــان لــە مزگەوتــی (ڕەشــە) لــە كۆیــە لــە قۆناغــی (فەقێیایەتــی) تاكــو بووەتــە (مــەلا)، ماڵــی لــە گەڕەكــی (قــەڵات) بــوو، لــە ماڵەكـەی خـۆی لـە هەمـان گـەڕەك (سـوختەخانەی) دانـاوە و بـە مەبەسـتی فێركـردن و پەروەردەكـردن كـە تێیـدا ژمارەیەكـی بەرچـاو لـە كـوڕ و كچانـی كۆیــە، لایــان خوێنــدووە، هەندێكیــان لەوانــە: (مامۆســتا تاهیــر حەوێــزی- عەونــی شــاعیر- مامۆســتا حەمەدەمیــن مەعــرووف- كاكــە زیــاد ئاغــای

غەفووری.. هتد. کە سەرەڕای خوێندنی ئایینی و فێربوونی ئەلف و بێی وانەی (فارس)یشی پێگوتوون. مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەش سێ ژنی هێناوە، کە یەکەمیان عائیشە سەید شوکر، لەو ژنەیدا سێ کوڕ و کچی لێی بووە، بە ناوەکانی (عەبدولڕەحمان، سالّح، ڕەفیق- رابیعە، زەینەب، کاتێك هاوسەری کۆچی دوایی دەکات، ژنی دووەم دەهێنێت و ناوی (خەدیجە حەمەد سمایل)ە، لەو ژنەدا کوڕ و کچێکی (عەبدوڵڵا و هەمین) لە خێزانی سێیەمی کە ناوی شیرین حاجی ئیسماعیل سوسەیی، کوڕێکی دەبێ بە ناوی ئەبوبەکر.

مەلا ئەحمەدی ڕەش ناوبانگی بە مەلای ١٢ عیلم دەرکردووە و حیسابات و عەرەبی و زانستی فەلەکناسی زانیوە. ئەو مزگەوتەی کە لە گەڕەکی بەفریقەندی ئەو مەلا و مامۆستا و پێشنوێژی بووە، بە ناوی ئەوەوە ناونراوە (ڕەشە)، وەکو دەگێڕنەوە مامۆستایەکی زۆر زیرەکی وڵاتی ئێران دەرسی بە مەلا ئەحمەد گوتووە و ئیجازەی مەلایەتی داوەتێ و پاشان (لەقەبی) خۆشی داوتێ، کە لەقەبەکەی ڕەش (ڕەش) بووە، بە مانای (زیرەك و لێهاتوویی) دەیێت.

سەرچاوە: سامان عەزیز سەربەست بە نووسین لە ٢٠٢٠/٧/٢ بۆی ناردووم.

٢- سوختەخانە

سوختەخانە، بەو جێگایە دەگوترا کە لە جیاتی قوتابخانە (سوختە یانی

ئـەو منداڵـە یاخـود ئـەو لاوەی دەچـوو لای (مـەلا) بـە مەبەسـتی فێربـوون (نووسـین و خوێندنـەوە)، وانـەی ئایینـی زۆر جـار (مـەلا) سـوختەخانەکەی لـە ماڵـی خۆیـدا دەبـوو، زۆرجاریـش لـە مزگەوتـەکان (سـوختەخانەیان) تێدابـوو، لـە کۆیـە کاتـی خـۆی سـوختەخانە زۆر بـووە مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی ١٨ سـوختەخانەی دانـاوە لـە پێـش سـاڵی ١٩٠٠ ز (لـە هەمانکاتیشـدا زۆر ئافرەتیـش سـوختەخانەیان هەبـوو، پێیانگوتـوون مامۆسـتا وەکـو (سـوختەخانەکانی فەقـێ فاتـم، فەقـێ زەینـەب- فەقـێ عەیشـێ- فەقـێ پیـرۆز- فەقـێ حەبیـب- فەقـێ گوڵـێ) وەکـو لـە بەرگـی دووەمـی بەشـی یەکەمـی مێـژووی کۆیـەی مامۆسـتا تاهیـر حەوێزیـدا هاتـووە.

٣- گوڵسـتان: یەکێکـە لـە بەرهەمـە گرنگەکانـی (شـێخی سـەعدی شـیرازی "گوڵسـتان"ەکە لـە دوا گەشـتەکانی لـە شـام گیرسـایەوە و ماوەیـەك لـەوێ ژیـا، سـاڵی ٦٥٢ کۆچـی ١٢٣١ زایینـی بـە یەکجـاری وازی لـە گەشـت و گـەڕان هێنـا و گەڕایـەوە شـیراز، خەریکـی نووسـین و پەنـد و ئامـۆژگاری و خواپەرستی بـووە، دوای گەڕانـەوەی لـە سـاڵی ٦٥٥ی کۆچـی ١٢٣٤ی زایینـی (بوسـتان) و سـاڵی ٦٥٦ی کۆچـی ١٢٣٥ی زایینـی (گوڵسـتان)ی نووسـی.

کۆنتریـن نوسـخەی (گوڵسـتان) لەسـەر دەستنووسـێکی سـەعدی نووسراوەتـەوە کـە سـەعدی خـۆی لـە سـاڵی ٦٦٢ی کۆچیـدا، واتـە ١٢٠١ شـەش سـاڵ دوای تەواوبوونـی گوڵسـتان، نووسـیوویەتەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر نوسـخەی جیـا جیـای (گوڵسـتان) بڵاوکراونەتـەوە کـە نەختـێ جیاوازیـان هەیـە لـە حیکایەتـەکان و هەنـدێ لـە شـیعرەکان و هەنـدێ

لـه نـاوی شـوێنەکانیش، گوڵسـتان بـه پەخشـان نـووسراوە، بـەڵام هەمـوو حیکایەتەکانـی شـیعریان تێدایـە و شـێوازێکی چیـرۆك و گێڕانـەوەی روون و ئاسـان و سەرنجڕاکێشـی تێدایـە، هەمـووی پەنـد و ئامـۆژگاری و رێنمایـی، پەنـدی کۆمەڵایەتـی، رێنمایـی ئایینـی و خواپەرسـتی، لـه رووی سـتەمکار و زۆرداران دەوەسـتێ و پشـتی هـەژار و بەلەنـگاز و لێقەومـاوان دەگـرێ، زاهیـدی دونیاپەرسـت و دادوەری گەنـدەڵ و سـۆفی ریـاکار رسـوا دەکات. گوڵسـتان لـه دیباچەیـەك و هەشـت بـەش و خاتمەیـەك پێـك دێـت. حەفـت بەشـی پێشـەوەی هەریەکـە لـه چەنـد حکایەتێـك پێکهاتـوون، کەچـی بەشـی هەشـتەم کۆمەڵـە پەنـد و ئامۆژگارییەکـی زۆرە.

گوڵسـتان یەکێـك بـووە لـەو کتێبـە بـە نرخانـەی هـەر لـه زووەوە لەنـاو خەڵکـی کوردسـتاندا بـاو بـووە، ئەوانـەی خوێندوویانەتـەوە نـاوەڕۆك و پەندەکانیـان بـە کـوردی بـۆ خەڵـك دووبـارە کردووەتـەوە یـان گوڵسـتانیان خوێندووەتـەوە یەکسـەر بـەزار بـۆ خەڵکەکەیـان کـردووە بـە کـوردی، واتـە وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی بەشـێوەی راسـتەوخۆ و زارەکـی (نـەك نووسـین) هـەر لـه سـەرەتاوە هەبـووە وەرگێڕانـی (گوڵسـتان) بـۆ کـوردی بـە نووسـین تاکـو ئێسـتاکە ئـەم چەنـد وەرگێـڕە لەبەردەسـت دان.

١- جـودت هوشـیار، ٢- محەمـەد فیـدا ٣- مسـتەفا سـەفوەت ٤- زەکـی ئەحمـەد هەنـاری- ٥- عەلـی کەمـال باپیـر ٦- عاصـی ٧- عەتـا محەمـەد ٨- عەلـی نانـەوازادە.

خاوەنـی گوڵسـتان شـێخی سـەعیدی نـاوی (شرف الدیـن مصلـح شـیرازی

ساڵی (٦٠٠ کۆچی) واتە (١١٧٩ زایینی) لە شیراز لەدایکبووە و ساڵی ٦٩١ کۆچی (١٢٧٠) هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە، باوکی لە خزمەت (سەعدی کوڕی زەنگی ئەتابەیکی) دابووە، دوای مردنی باوکی سەعدی بەخۆیەوە گرتوویەتی و بۆ خوێندنیش ڕەوانەی بەغدای کردووە، لەوێ لە نیزامییە خوێندوویەتی، شێخ وەکو وەفادارییەك بۆ چاکە و میهرەبانی (سەعد کوڕی زەنگی) بەرانبەر بەخۆی و باوکی نازناوی (سەعدی) بۆ خۆی داناوە، سەعدی لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە، شاعیرێکی زۆر گەورەی سەردەمی خۆی بووە، بە تایبەتی لە غەزەلدا، حافیزی شیرازی بەو گەورەییەی خۆیەوە سودی زۆری لە غەزەلەکانی وەرگرتووە. شێخی سەعدی بە هەموو مانای وشە مرۆڤ بووە، هیچ جیاوازی لەنێوان مرۆڤێك و مرۆڤێکی تردا نەکردووە، بەهۆی ڕەنگ و زمان و بیروباوەڕەوە، پێوەری گەورە لای سەعدی خزمەتکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بووە، سەعدی بەرهەمێکی زۆری لە (پەخشان) شیعر، شیعری عەرەبی، شین، موسەلەسات، تەرجیحات، دیوانی ئەدەبیات، بەدائیع، خواتم، غەزەلیاتی قەدیم، ساحیبات، مەسنەویات، روباعیات، موفرەدات.

سەرچاوە: کتێبی(گوڵستانی شێخی سەعدی)

وەرگێڕانی: مەلا مستەفا عاصی.

ئامادەکردنی و بەراوردکردن و پێشەکی و فەرهەنگ و پاشکۆ، عەزیزی گەردی- ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە.

## شرۆڤە و لێکدانەوە

وەکـو لـە لاپەڕەکانـی پێشـوودا دەردەکـەوێ کـە عەونـی بەشـێوەیەکی سـەرنجراکێش تامـەزرۆ و عەودالـی خوێنـدن و نووسـین و خوێندنـەوە بـووە، لـەو یـەك دوو گێڕانـەوەی بـۆ مامۆسـتا (حەوێـزی) بـاس لـە چەنـد شـوێن و جـۆری عەودالـی خوێنـدن بـووە. وەکـو لـە سـوختەخانەی مـەلا ئەحمـەدی ڕەش، مزگەوتـی حەتـك و سـەردانی مـەلا محەمـەدی مـەلا ئیبراهیـم (دلاوەر) سـەردانی خوالێخۆشـبووان حەمـەڕەش و میـرزای حاجـی کەریـم، دیسـان چوونـە مەکتـەب بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێك لـە قۆناغـی سـەرەتایی کـە تێکـڕای ئەگـەر لێـك بدرێتـەوە خولیـا و ئـارەزووی (عەونـی) شـاعیرمان بـۆ دەردەکـەوێ بـە مەبەسـتی فێربـوون و خۆپـەروەردە کـردن، کاتێـك مـرۆڤ شـیعرەکانی دەخوێنێتـەوە، لـەوە دەگات کـە شـاعیر زانیارییەکـی باشـی لـە مێـژوو و کولتـوور و فۆلکلـۆردا هەیـە، سـەرەڕای زانینـی زمانـی فارسـی و عەرەبـی لەکاتێکـدا بارودۆخـی شـاعیر ئـەوە نەبـووە خـۆی تەنیـا بـۆ خوێنـدن و فێربـوون تەرخـان بـکات، چونکـە کاتێـك باوکـی بـۆ (سـەفەر بەلـك) دەبـەن، ئـەو تەمەنـی چەنـد سـاڵێك بـووە، پاشـان کاتێـك باوکـی لـە سـاڵی ١٩٣٣ مـردووە، ئـەو تەمەنـی لـە خـوار بیسـت سـاڵان بـووە، سـەرەڕای بارودۆخـی ئـەو سـەردەمەی کوردسـتان، کۆیـە لـە ململانێـی نێـوان تورکـەکان و دەوڵەتـی بەریتانیـادا کـە بێگومـان بارێکـی ناهەمـواری دروسـت کـردووە و تێیـدا نەخـۆش و هەڵاتـن و گرانـی کاریگـەری لەسـەر

ژیانــی تــاك و كۆمەڵگــە دانــاوە، بــەڵام چونكــە ئیــرادەی فێربــوون لــە ناخــی (عەونــی)دا وای لێكــردووە هەمیشــە بــە دوای فێربوونــدا بكــەوێ و شــاعیرێكی پــڕ لــە زانیــاری لــێ دروســت بێــت و شــیعرەكانی ســەر وێــردی زمــان بــن، ســەرەڕای ئــەوەش خەتێكــی یەكجــار خۆشــی هەبــووە.

# کەشکۆڵ لاپەڕە ٢
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٨٠/٣/١١

دەق:

**ئەمن (عەونی) مێرمنداڵ بووم، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٤ بابم لەگەڵ خۆی بردمیە هەولێر و چووینە (قەڵات)ی، بۆ ماڵی دۆستەکەی بابم، لەبۆ سبەینێ لەگەڵ دۆستەکەی بابم (مامەمین مەلائەمین[١]) هاتینە بازاڕ و ئێمەی بۆ نیوەڕۆ بردە کەبابخانە و دوایی چووینە دوکانێك، شەربەتی دەفرۆشت و بەفری چیای دانابوو.**

---

## پەراوێز:

مەلا ئەمین بەقاڵ ١٨٩٣- ١٩٧٨/٤/١٥

١- مەلا ئەمین کوڕی موحەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان، پاشای بەقاڵە، ساڵی ١٨٩٣ لە گەڕەکی (تۆپخانە) لە قەڵای هەولێر لەدایکبووە، لەبەر ئەوەی دەرسی ئایینی لای مامۆستا و زانایانی سەردەمی خۆی خوێندووە، پێیانگوتووە (مەلا ئەمین)، تەمەنی سێزدە ساڵان دەبێت کاتێك باوکی لە ساڵی ١٩٠٦ کۆچی دوایی دەکات، ئەویش ناچار دەبێت،

واز لـە خوێنـدن لـە مزگـەوت بهێنـێ و لـە دوکانـی باوکیـدا درێـژە بـە کار و کەسابەتەکەی دەدات، لـە سـەردەمی حوکمـی (پاشـایەتی) (الحکـم الملکـی) بـە ئەندامـی شـارەوانیی هەولێـر (المجلـس البلـدی) هەڵدەبژێردرێـت بـۆ مـاوەی ٢٧ سـاڵ و لەلایـەن بەقاڵەکانـی نـاو بـازاڕی هەولێریـش (بەقـاڵ بـاش) هەڵدەبژێردرێـت، بیانـی وەکو(وەکـو سـەرۆك دەم راسـتی ئـەم توێـژە) کاتێـك ژووری بازرگانـی هەولێـر (غرفـە تجـارە اربیـل) سـاڵی ١٩٦٦ دادەمـەزرێ، (مـەلا ئەمیـن) بـە سـەرۆکی ژوور بـە زۆرینـەی دەنـگ هەڵدەبژێردرێـت، چونکـە لـە هەموویـان بـە تەمەنـتر بـوو، بـەڵام پـاش ماوەیـەك، لـەم جێـگا و ئەرکـە (تەنـازول) بـۆ خوالێخۆشـبوو (شـێخێل) ی حاجـی حەسـەن دەکات، چونکـە مـەلا ئەمیـن بـەکاری بازرگانییـەوە سـەرقاڵ بـوو، مـەلا ئەمیـن لـە گەڕەکـی ( تۆپخانـە) دادەنیشـت، تاکـو سـاڵی (١٩٦١)، پـاش ئـەوە گوێزایـەوە بـۆ گەڕەکـی (عەرەبـی تـازە)، مـەلا ئەمیـن دوو ژنـی هێنـاوە و لـە هـەردوو ژنیـدا هەشـت کـوڕ بـە ناوەکانـی: زەکەریـا، یەحیـا، مووسـا، مەنـاف، ئیسـماعیل، محەمـەد، مەحمـوود، مسـتەفا، هەبـووە، لەگـەڵ پێنـج کچیـش. مـەلا ئەمیـن لـە تەمەنـی ٨٥ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٧٨/٤/١٥ کۆچـی دوایـی کـردووە.

سـەرچاوەی زانیارییـەکان لـە رێگـەی بەڕێـز کەنعـان موفتـی، لـە کـوڕی مـەلا ئەمیـن کـە نـاوی بەڕێزیـان (مەحمـوود)ە، وەرگیـراوە و لـە ٢٠٢٠/٧/١٢ بـە نووسـین بۆیـان نـاردم.

## شرۆڤە و لێکدانەوە:

کاتێك گوتەبێژ لەو رۆژە (١٩٨٤/٣/١١) رێککەوتی رۆژی سێشەممە باسی لە یەکەم گەشتی دەکات بۆ هەولێر، لەگەڵ باوکی (حەبیب عەبدوڵڵا ١٨-١٩٣٣) نێوانی چوونە، یەکەم سەفەری بۆ دەرەوەی کۆیە دەکات کە رێککەوتی ساڵی ١٩٢٤ و رۆژی گێڕانەوەی ئەو یادەوەرییە (١٩٨٠/٣/١١) نێوانیان ٥٦ ساڵە، بەڵام بەبیرهاتنەوەی ناوی (مامەمین- مەلائەمین) و میوانداریان لە ماڵی ئەوان لە قەڵاتی هەولێر و گەڕەکی تۆپخانە و بۆ رۆژی دوایی چوونیان بۆ ناوبازاڕی هەولێر کە بێگومان بازاڕی قەیسەری بووە و دیمەنی ئەو (شەربەت) فرۆشەی کە (بەفری) خوای لە تەنیشت (قەوارەی شەربەتەکەوە) داناوە، ئەو سەردەمەش (بەفری) قالبی کارگەی بەفر دروستکردن نەبووە، بۆیە لەو سەردەمەدا (بەفری سرووشتی کە زستان لە شاخ و چیاکانی کوردستان دەباری، خەڵکانی خاوەن بەرژەوەندی کۆمەڵە کرێکارێکیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و بەفری دەوروپشتی (چاڵە بەفرەکە) کە چاڵێکی گەورەی قووڵ بوو، پڕیان لە بەفر دەکرد و سەری چاڵەکەشیان بە کا و چڕۆ و گەڵای دار دادەپۆشی و پاشان گڵیان بەسەردا دەکرد و کە وەرزی هاوین دادەهات (خاوەن چاڵ) بەپێی پێویست ئەو (بەفر)ەیان دەهێنا کە پێیان دەگوت (بەفری خوا). ئێستاکە لە هەندێ شوێنی دووری سەر سنوورەکان کە ناوچەی شاخاوییە (بەفری خوا) بەکار دێنن، بێگومان (تام و بۆی) لە بەفری سەهۆڵی کارگە تەندروستتر و خۆشترە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٢)
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٤ سێ شەممە

دەق:

لەسـەر زیادبوونـی (گەورەبـوون و فراوانبـوون)ی شـاری کۆیـە و سـلێمانی کاك عەونـی گوتـی: سـاڵی ١٩٣٨ چوومـە سـلێمانی لەگـەڵ حاجـی تاهیـر[١] کۆیـی چووینـە ماڵێـك و لـەوێ میـوان بووین، ئـەو وەختـی (حاجـی تاهیـر) و (حاجـی میـرزا عەبدولـڵا[٢]) بەتەمـا بـوون لـە سـلێمانی (عـارد) (ئـەرز) بکـڕن و ماڵیـان ببەنـە سـلێمانی. باسـی (عـارد)ی کـرا، گوتیـان "لـەلای (تەیارەخانـە مەتـر مەرەبـع بـە (٢٥٠-٥٠٠) فلسـە، هەندێـك گوتیـان ئـەو شـوێنە چۆڵـە و کـێ خانـووی لـێ دروسـت دەکات کـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن گەڕەکـی (عەقـاری).

سـاڵێك لەگـەڵ (سـابیر ئەفەنـدی حاجـی ئیسـماعیل[٣] و زەکـی ئەفەنـدی[٤] دانیشـتبووین، دەمانگـوت لـە لای (زەویـە میـری[٥]) هەریەکـە لەسـەر گردێـك خانوویـەك بـۆ خۆمـان دروسـت بکەیـن، یەکێـك گوتـی: ئـەدی شـەوێ فـڵان کـەس بـێ (عەلـی[٦]...) بەسەرخۆشـی دەمانچەمـان پێـوە بنـێ، کـێ دەوێـرێ لـەو چۆلییـە خانـوو دروسـت بـکات.

## پەراوێز:

١- حاجی تاهیری کۆیی ١٨٩٠-١٩٥٣

خوالێخۆشبوو حاجی تاهیر لە خانەوادەیەکی کۆیە، ساڵی ١٨٩٠ لەدایکبووە، هەر لە کۆیەدا پەروەردە بووە و باری ئابووریشی هەندێك باش بووە، کەسایەتییەکی ناسراو و مرۆڤدۆست و رووخۆش و هەژاردۆست بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٥ بە خێزانەوە چووە بۆ بەری پشدەر بە هیوای باشکردنی باری ئابووری، لەو ماوەیەدا لە ناوچەکەدا کەسێکی ناودار بووە، ئەوکات لە پشدەر باری ئابووری زۆر زۆر باش دەبێت، ساڵی ١٩٥٤ بە خێزانەوە ماڵی دەباتە سلێمانی و لەوێ خانوو و دوکان بۆ کەسابەت دابین دەکات، لە سلێمانی ناوناوبانگ پەیدا دەکات، زۆربەی کەسانی خەڵکی کۆیە، قەڵادزێ، پشدەر سەردانیان دەکرد، چونکە خاوەن خوانیك و دڵێکی فراوانی هەبوو، ساڵی ١٩٥٣ لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە سلێمانی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. لە ژیانی هاوسەری خۆی، چوار کوڕ و دوو کچی بە ناوەکانی: محەمەد، قادر، عەبدوڵڵا، مستەفا، حەنیفە، سەبیحە، هەبووە.

سەرچاوە: بە نووسین لەلایەن ئەندازیار مستەفا حاجی تاهیر لە ٢٠٢٠/٩/٢٨ بۆم هاتووە.

٢- حاجی میرزا عەبدوڵڵای کۆیی (خادیم) ١٨٩٥-١٩٧١

خادیم، نازناوی شیعری شاعیری کلاسیکی کورد (حاجی میرزا

عەبدوڵـڵا، کـوڕی حاجـی محەمـەدی کـوڕی مەولـوود چـاوڕەش (کۆی)یـە. سـاڵی ١٨٩٥ زایینـی لـە کۆیـە لەدایکبـووە و لـە تەمەنـی شـەش سـاڵیدا دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە و لـە تەمەنـی دوازدە ساڵییشـدا خوێندنـی (سـوختەیی) تـەواو کـردووە و بـە چاکـی فێـری خوێنـدن و نووسـین دەبێـت و بـەردەوام کتێـب و دیوانـی شـیعری کـوردی و فارسـی دەخوێنێتـەوە و خـۆی پێدەگەیەنێـت، سـاڵی ١٩٢٠ کۆیـە بەجێدەهێڵـێ و بـە ماڵـەوە دەچێتـە قـەڵادزێ و لـەوێ بـە پیشـەی بەرگدرویـن بەڕێـوە دەچێـت و لەبـەر ئـەوەی خوێنـدەوار بـووە، پێیـان گوتـووە (میـرزا عەبدولـڵای کۆیـی) سـاڵی ١٩٤٦ چووەتـە سـلێمانی و تاکـو رۆژی کۆچـی دوایـی لـە ١٩٧٧/١٢/٥ لـێ نیشـتەجێ بـووە، دوکانەکـەی (محـل) لەسـەر شـەقامی (مەولـەوی) بـووە و وەکـو شـاعیر ”خادیـم“ لـە سـەرەتای شـاعیریەتیدا کەوتووەتـە بـەر کاریگـەری شـاعیرانی (نالـی، سـالم، مەحـوی، حاجـی قـادری کۆیـی) بـەڵام لـە دواییـدا دەبێتـە خـاوەن دەنگـی خـۆی و هۆنـراوەی گەلێـك بـەرز و پتـەو دادەڕێـژێ، لـە دوای کۆچـی دواییـدا (دوو بـەرگ لـە دیوانـی شـیعرەکانی بەجێـماوە و دەزگای رۆشـنبیری بڵاوکردنـەوەی کـوردی سـاڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٢ چاپـی کـردن، خادیـم لـە تەمەنـی ٧٦ سـاڵیدا و لـە ١٩٧٧/١/٥ لـە سـلێمانی کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لەوێـش بـە خـاك دەسـپێردرێت.

سـەرچاوە: (کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانییەتدا) ئامـادەکاری: مەجیـد ئاسـنگەر، کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو. چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٩

٣- سابیر ئیسماعیل ١٩١٠-١٩٧٢/٨/٢

پـەروەردەکاری بـە توانـا، سـابیر ئیسـماعیل سـاڵی ١٩١٠ لـە شـاری کۆیـە هاتووەتـە دونیـا و دوای تەواوکردنـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کۆیـە دەچێتـە (دارالمعلمیـن الاولیـە) و دەبێتـە مامۆسـتا و ساڵانێکی زۆر بـە ئەرکـی پرۆسـەی پـەروەردەکاری بـە هەسـتی بەرپرسـیاریەتیی نەتەوەیـی، پیشـەکەی لـە گەلێـك شـوێنی جیاجیـادا ئەنجـام داوە، پیاوێکـی هێمـن و کۆمەڵنـاس و هۆشـمەند بـوو.

مامۆسـتا سـابیر، ئەگەرچـی بەشـێوەی پابەندبـوون و ئەندامیەتـی تێکـەڵ بـە هیـچ حیـزب و رێکخـراوە سیاسـییەکانی نەتەوایەتیـمان نەبـووە، بـەڵام بـە هەسـت و هەڵوێسـت و سـۆز و رەفتـار، هەرگیـز دانەبـڕاوە و تـا دوا رۆژی ژیانـی بـە هەسـت و هەڵوێسـت هەرگیـز دانەبـڕاوە و دوای نەخۆشـییەکی کوشـندە لـە تەمەنـی ٦٢ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٧٢/٨/٢ ماڵئاوایـی لـە خـاك و نیشـتمان دەکات و لـە کۆیـە بـە خاکدەسـپێردرێت.

خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا سـابیر ئیسـماعیل بـرا گـەورەی (خوالێخۆشـبووان دادوەر بەکـر ئیسـماعیل و بـازرگان کەیفـی ئیسـماعیل) بـۆ باوکـی خاتـوو (شـلێر) خێزانـی مامۆسـتا (فـەوزی زەکـی هەناری)یـە، کـە (خاڵـۆزا و پـوورزای)ی یەکـترن.

سەرچاوە: (کۆیە...ناودارانی)

ئامادەکردنـی: عەبدولخالـق عەلائەدیـن لەگـەڵ هەنـدێ دەسـتکاری لەلایـەن ئامـادەکاری ئـەم بابەتـە- نووسـەر)

٤- زەکی ئەحمەد هەناری ١٩٠٩ -١٩٦٧/٧/٧

مامۆستای خوالێخۆشبوو ساڵی ١٩٠٩ لە کۆیە لە گەڕەکی بەفریقەندی لەدایکبووە و قۆناغی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە و پاشان چووەتە (دارالمعلمین الاولیە) کە دوو ساڵ دوای قۆناغی سەرەتایی دەرچووە.

لە ١٩٢٨/١١/١٠ بە مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی دامەزرا لە ١٩٤٤/٣/٤ بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی (هۆرین شێخان) لە ١٩٥٤/١٠/٢٨ گەڕایەوە و لە قوتابخانەی خالیدیە لە هەولێر بووەتە مامۆستا.

لە ١٩٥٦/٤/٢٤ گوازرایەوە بۆ گوندی ماجیداوە و لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ساڵی ١٩٦٧ لە کۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە و ئەمینی پەرتووکخانەی گشتیی کۆیە بوو، خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا و رۆژی ١٩٦٧/٧/٧ لە کۆیە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (عارەبیان) نێژرا.

مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری سەرەڕای کاری مامۆستایەتی، زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی سەرەڕای زمانی دایك، زۆر بە باشی دەزانێ کە تێیدا چەندین پەرتووکی و نووسیووە و یاخود کاری وەرگێڕانی (تەرجومە)ی بۆ چەند کتێبێك کردووە.

لە پەرتووکە چاپکراوەکانی:

١- دواڕۆژی دەئاکی زۆردار، دکتۆر (فەخری الدباغ) کە خەڵکی مووسڵ بوو، چەند ساڵێك لە کۆیە، لە نەخۆشخانەی کۆیەدا دکتۆر بووە، ئەم کتێبەی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا.

٢- گوڵستان لە زمانی فارسیەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

٣- لە ڕێی ئەویندا، چیرۆك.

٤- چەند چیڕۆك و شیعرێك بۆ منداڵان، مامۆستا (کەماڵ مەعرووف) چاودێری چاپی کردووە.

٥- فەرهەنگێکی ئینگلیزی کوردی.

٦- چەند پارچە شیعرێك بۆ منداڵان (قوباد زەکی) کوڕی چاودێری چاپی کردووە.

٧- بووکی نەورۆزی خۆشناو (مامۆستا کەماڵ مەعرووف توێژینەوە و ڕێکخستن و چاپی کردووە.

٨- سەرگوزشتەی محەمەد (ص) لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە، لە کتێبخانەی گشتیی کۆیە، هۆڵێك بە ناوی (زەکی ئەحمەد هەناری) کراوە.

سەرچاوەی زانیارییەکان، لەلایەن مامۆستا فەوزی زەکی هەنارییەوە بە نووسین ئامادە کراوە.

٤- (زەوییە میری)

(زەوی)یە میری بەو دەشتەی تەنیشت و دامێنی گۆڕستانی عارەبیان کە جاران گۆڕەپانی و وەرزش بوو، ئێستاکە بووەتە نەخۆشخانەی گشتی (شەهید د. خالید سەعید) تاکو چەند کیلۆمەترێك شۆڕ دەبێتەوە و پێی دەگوترا (زەوی)یە میری، کە ئێستاکە بووەتە خانوو و گەڕکێکە بەناوی گەڕەکی .......

(عەلــی.... نــاوی پیاوێکــی خەڵکــی کۆیەیــە، چەنــدی هەوڵــم دا و پرسـیارم کـرد، هیـچ زانیارییەکـم دەسـت نەکـەوت، بـەڵام لەنێـو قسـەکانی (عەونـی)دا بـۆ مامۆسـتا تاهیـر حەوێزیـدا، پێدەچێـت مرۆڤێکـی مەیخـۆر بـووە و شـەوانە بـە خەیاڵـی سـەرخۆش لەمـلاو ئـەولادا گـەڕاوە و هەمیشـە دەمانچــەی هەڵگرتــووە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٢)
# گێڕانەوەی هەمان ڕۆژی گێڕانەوەی یەکەم

دەق:

(لـە سـاڵی وەثبـە)ی[١] (١٩٤٨) لـە کۆیـە گەنـم و جـۆر دەسـت نەدەکـەوت، هەنـدێ پـارە کۆکرایـەوە و بـۆ کڕینـی گەنـم و جـۆ چوونـە سـلێمانی لەوێـش دەسـت نەکـەوت، ئەوجـا چوونـە بەغدایـە، لـەوێ دەسـتیان کـەوت و هێنایانـەوە کۆیـە و بـە حەمبـالان تێکەڵاومـان کـرد، بـە موختارەکانـم ڕاگەیانـد بـە دزی نـاوی ماڵـە فەقیـرەکان و ژمـارەی خێزانیـان بنووسـن، بەسـەریانماندا دابەشـکرد بـە (حاجـی مسـتەفا حاجـی عەبدوڵـڵا) مـان گـوت کـە شـتێك بـە خێـر بـدات "گوتـی: ئەمنیـش کیلـەك گەنـم دەدەم" پاشـان کـە چووینـەوە لای گوتـی: خێرێکـی گـەورەم کـردووە کیلـە گەنمەکـەم دا بـە دراوسـێیەکی فەقیـری خـۆم.

## پەراوێز:

بارودۆخـــی کوردســـتان لـــە ئاکامـــی شـــەڕ و پشـــێوی لـــە ســـەروبەندی شـــەڕی جیهانـــی یەکـــەم (١٩١٤-١٩١٨) تاکـــو پێکهێنانـــی حکوومەتـــی عێـــراق لـــە (١٩٢١) و لکاندنـــی کوردســـتان بەبـــێ ڕەزامەنـــدی گەلـــی کـــورد، کوردســـتان لـــەو نێوانـــەدا تاکـــو ســـاڵی ١٩٤٨ کـــە جێگـــەی بـــاس و ئـــەم قۆناغەیـــە چەندیـــن جـــار تووشـــی (قـــات و قـــڕی) هاتـــووە، ڕووداوەکانـــی کوردســـتان لـــە ســـەردەمی ڕاپەڕینـــی گەلانـــی عێـــراق لـــە ســـاڵی ١٩٤٨ کـــە تێیـــدا خەڵکـــە کاســـبکار و کرێـــکار و جووتیـــار بـــوون، لەگـــەڵ ژمارەیەکـــی کـــەم لـــە فەرمانبـــەران، ئاســـەواری شـــەڕی دووەمـــی جیهانـــی (١٩٣٩-١٩٤٥)، تاکـــو ڕۆژی ڕاپەڕینـــی ســـاڵی ١٩٤٨ هـــەژاری و دەســـتکورتی باڵـــی بەســـەر ئـــەم وڵاتـــەدا کێشـــا بـــوو، لێـــرەدا ڕۆڵـــی خێرخـــوازان و نیشـــتمانپەروەران لـــەو بارودۆخـــە خراپـــەدا بەدیـــار دەکەوێـــت. بـــە ڕێکخســـتنی گـــرووپ و لیژنـــەی جیاجیـــا بـــە مەبەســـتی یارمەتیدانـــی توێـــژی هـــەژار و بـــێ دەرەتانـــان و خەڵکانـــی دەســـتکورت، لێـــرەدا وەکـــو لـــە قســـەکانی (عەونـــی)دا بەدیـــار دەکەوێـــت، ئـــەو یەکێـــك بـــووە لـــەو خێرخوازانـــە کـــە بـــەو ئەرکـــە هەســـتاون، بێگومـــان (پاڵنـــەر) و داینەمـــۆی ئـــەو ئەرکـــە پیـــرۆزەش، دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕۆڵـــی ئـــەو دوو حیزبـــە تێکۆشـــەرەی ئەوکاتـــە کـــە لـــە کۆیـــە و کوردســـتان ڕۆڵـــی بەرچاویـــان هەبـــووە لـــەو کارە خێرخوازییـــەدا، ئـــەم دوو حزبـــەش بریتـــی بـــوون لـــە: پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، حزبـــی شـــیوعیی عێـــراق.

# کەشکۆڵ لە بەشی دووەمی هەمان لاپەڕە (٢)ی کەشکۆڵەکەدا هاتووە:

دەق (عەونی) دەڵێ:

**کە (وەثبە) لە (بەغدا) رووی دا کورد و عەرەب تێیدا بەشدارییان کرد بوو، دروشمی "لەسەر بەردی بناغەی[١] یەکێتی کورد و عەرەب ئیستعمار دەپلیشێتەوە بڵاو بۆوە، خەلقی دڵ خۆش بوو وایان زانی کە هەموو نەتەوە و ئایینێك کەوتنە ئازادی، بە تایبەتی لە کۆیە خۆشییەکی زۆر بڵاو بۆوە، خۆپیشاندانی زۆر کرا، (جوو) و (دیان) لەگەڵ (مام[٢] و قەشە) یان هاتنە مزگەوتی گەورە، (شێخ نورەدین[٣])ە فەندی خەتیبی مزگەوتی گەورە زیارەتی کردنەوە، جوو کەوتنە ئەوپەڕی خۆشی، لەسەر وتاری (هەندێ) لە (تحرر[٤])ەکان (حاڵخۆشەکان[٥]) لێیان تەکینەوە (هەندێ کۆیی پرتەوبۆڵەیان بوو، کە چۆن دەبێ جوو و دیان بچنە دیوی حەرەمی[٦] مزگەوتی گەورە) اعلانی (عۆرفی[٧]) یش بە بۆنەی (حرکە)ی (فلسطین) هەرگیرابوو.**

## پەراوێز:

١- دروشـــمی (لــە ســەربەردی بناغــەی یەکێتیــی کــورد و عــەرەب پیلانەکانــی ئیســتعمار تەفروتونــا دەکەیــن) لــە ناوەنــدی چلەکانــی ســەدەی بیستەمەوە دروشــمی (حیزبــی شــیوعیی عێراقــی) بــوو کــە تێیــدا ئەدەبیاتــی خۆیــان و لــە خۆپیشــاندانەکاندا دەنــووسرا و بــەرز دەکرایــەوە.

٢- (مــاڵم، قەشــە) دوو دەســتەواژەی ئاینیــی (جوولەکــە و دیــان)ەکان (مەســیحی) بــوون کــە بەرانبــەر دەســتەواژەی (مــەلا)ی موســڵمانانە، مــاڵم دەســتەواژەی ئایینــی جوولەکەیــە کــە پیــاوی بــۆ ئایینــی لــە قۆناغێکــدا بــەکار دێــت، هەرچــی دەســتەواژەی (قەشــە)یە، دیانــەکان (مەســیحی) ئەوانیــش بــۆ پیــاوە ئایینەکانــی خۆیــان بــەکاری دێنــن.

٣- شێخ نورەدین ئەفەندی ١٨٨٣-١٩٥٢/٨/٢٠

خوالێخۆشــبوو شــێخ نورەدیــن کــە نــاسراوە بــە (خــارە شــێخ نورەدیــن کــوڕی حاجــی مــەلا عەبدوڵــڵای کــوڕی حاجــی مــەلا ئەســعەدی جەلــی زادەیــە و لــە ســاڵی ١٨٨٣ لــە شــاری کۆیــە لەدایکبــووە و یەکێکــە لــە ســەرانی نەپســاوەی خانــەوادەی (جەلــی زادە) لــە شــاری کۆیــە و مامۆســتا و رۆشــنفکرێکی مــەزن لــە زانســتە ئایینــەکان و شــەریعەتی پیــرۆزدا بێجگــە لەمانــەش یەکێــك بــووە لــەو ســێ کەســەی کــە بــە هەرســێکیان مامۆســتا و

دانـەری یەکـەم بناغـەی قوتابخانـەی سـەرەتایی بوونـە لـە شـارە دێرینەکـەی کوسـاری بلیمەتـان و بوێـران (کۆیـە) سـاڵی ١٩٢٤ زایینـی بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ لەبـەر لێهاتوویـی و بلیمەتـی خـۆی توانـی ببێتـە بریـکاری (قـازی) دادگـەی کۆیـە لـە جیاتـی کاکـی گـەورەی کـە (جەنابـی مـەلای گـەورە) بـوو کـە ئەوکاتـە هەڵبژێردرابـوو بـۆ ئەندامیەتـی ئەنجوومەنـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق، لـە سـاڵی ١٩٢٤دا.

شـێخ نورەدیـن سـەرەتای خوێندنـی لـە سـوختەخانەی حاجـی فەقـێ مەهـدی رۆمـی) دەسـت بـە خوێنـدن دەکات و تـا پلـە بـە پلـە قۆناغەکانـی خوێنـدن دەبـڕێ و دەگاتـە ئاسـتی خوێندنـی تـەواو، دوایـش لەسـەر دەسـتی جەنابـی مـەلای گـەورە ئیجـازەی زانسـتی پـێ دەدرێـت و دەبێتـە مامۆسـتایەکی ئایینـی، مامۆسـتا شـێخ نورەدیـن سـاڵی ١٩٠٨ ژیانـی خێزانـداری پێکهێنـاوە و هاوسـەرەکەشـی نـاوی خاتـوو (فاتمەخانـی شـێخ مەعرووفـی شـێخ عەبدولکەریمـی بەرزنجە)یـە. لـە ژیانـی هاوسـەریدا سـێ کـوڕ و دوو کچـی هـەن، بـە ناوەکانـی: (مامۆسـتا عەبدولمەجیـد نورەدیـن، مامۆسـتا ئەمجـەد، کاك حەمـە عەلـی) و دوو کچەکەشـی بـە ناوەکانـی (سـەعادەت خـان و فەوزیەخـان)ە.

شـێخ نورەدیـن مـاوەی پـازدە سـاڵ مامۆسـتای سـەرەتایی بـووە لـەو قوتابخانـەی کـە یەکێـك لـەو سـێ کەسـایەتییەی بـەردی بناغـەی بـۆ دانـاوە، لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٤١-١٩٤٢) بووەتـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی (خـۆران) لـە ناوچـەی خۆشـناوەتی، کـە لەسـەر دەسـتی ئـەودا یەکـەم قوتابخانـەی

سـەرەتایی لـەم گونـدەدا کراوەتـەوە، پاشـان دەگەڕێتـەوە کۆیـە، پـاش کۆچـی دوایـی مـەلای گـەورە، شـێخ نورەدیـن بێجگـە لـە مەقامـە ئایینییەکـەی لـە ڕۆژانـی دادوەرییەکەیـدا زیرەکـی و بلیمەتـی لـێ بـاس دەکـەن، لـە رووی یاسـاییەوە کـە بـە چ شـێوەیەك پەیـڕەوی ڕێـکارە یاسـاییەکانی کـردووە، لـە سـاڵانی دوایـی تەمەنیـدا نەخۆشـی هـاوەڵ و هـاوڕازی بـووە.

ڕۆژی ١٩٥٢/٨/٢٠ لـە تەمەنـی ٦٩ سـاڵیدا و لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لـە هەمـان ڕۆژیشـدا بـە بەشـداریی خەڵکێکـی زۆری کۆیـە لـە گۆڕسـتانی دەرویـش خـدر، بـە خاکدەسـپێردرێت.

سەرچاوە: ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید.

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠١١

٤- (حزبـی تحـرر) لەبـەر هەنـدێ هـۆکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، حیزبـی شـیوعیی عێراقـی لـە سـەرەتای چلەکانـەوە لـە جیاتـی ئـەوەی بـە نـاوی حیزبـی شـیوعی و کار و چالاکییـە سیاسـییەکانی ئەنجـام بـدات، بـە ناوێکـی دیکـە، ئەویـش (تحـرر) کاری دەکـرد، لـە کۆیـەش لـە جیاتـی بڵێیـن شـیوعییەکان، دەیانگـوت: (تحـرر) تەحـەرورەکان.

٥- حاڵخۆشـەکان (حاڵخـۆش بـەو کـەس و بنەماڵانـە دەگوتـرێ، کـە لـە رووی سـەروەت و سـامانەوە گوزەرانیـان لـە خەڵکانـی دیکـە باشـترە، ئـەو دەسـتەواژەیە لەگـەڵ دەسـتەواژەکانی وەکـو (دەوڵەمەنـد، خواپێـداو، سـەروەتدار) هەموویـان

یـەك مانـا دەبەخشـن، کـە بـە عەرەبـی وشـەی (الاغنیـاء)ە.

٦- مزگەوتی گەورەی کۆیە- یاخود مزگەوتی (جمعه)

مزگەوتـی گـەورە دەکەوێتـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی، لـە ناوەنـدی شـاری کۆیـە و لـە سـاڵی (١٢٦٠هـ ١٨٣٩م) حاجـی مـەلا بەکـر ئاغـای حەوێـزی دروسـتی کـردووە، وەسـتای لـە مووسـڵ و حەڵەبـەوە بـۆ هێنـاوە، سـاڵێك تەنیـا مەڕمەڕەکانـی بـە ئەنـدازە بـڕاوە، ژووری مزگەوتـی گـەورە گونبەتێکـی زۆر زل و گـەورەی هەیـە، لـە هـەردوو تەنیشـتەکانی (گونبەتـە) گەورەکـەدا و دوازدە گونبەتـی بچـووك هـەن. ژووری مزگەوتەکـە (شەشسـەد مەتـر مورەبەعـە) و دە هـۆدەی هەیـە، یـەك بـۆ مودەریـس و یـەك بـۆ ئیـمام و هەشتیشـیان بـۆ (فەقێ)یـان میحـراب و مینبەرێکـی زۆر فاخـر و مزخـرف لـە دیـوی حەرەمـی هەیـە و لـە هەیوانەکەشـدا دوو میحـراب هـەن، بەهـۆی قەرەباڵغـی دوو کـەس ئیمامەتیـان کـردووە، مـەلا محەمـەدی ئۆمـەر گونبەتـی کـە بـە موفتـی دەنـاسرا، یەکـەم خەتیـب و مودەریسـی مزگەوتەکـە، بـووە سـەرۆکی مەلایـەکان و هاوچەرخـی موفتـی زەهـاوی خـەزووری حاجـی بەکـر ئاغـا بـووە و لـە دوای وەفاتـی مـەلا مەحمـوود حاجـی مـەلا ئەسـعەد جەلـی زادە، بووەتـە مودەریـس و خەتیبـی مزگەوتەکـە، لـە دوای وەفاتـی ئەویـش، حاجـی مـەلا عەبدوڵـڵای کـوڕی لـە جێـی دادەنیشـێ، پـاش وەفاتـی ئەویـش، مـەلا محەمـەد ئەفەنـدی کـە ئەمیـش بـە مـەلای گـەورە نـاسراوە، دانیشـتووە کـە لـە سـاڵی ١٩٤٢

دونیـای بەجێهێشـت و شـێخ نورەدینـی بـرای لـە جێـی دانیشـت، لـە پـاش ئەویـش، بـۆ چەنـد رۆژێـك (مەسـعود ئەفەنـدی) کـوڕی مـەلای گـەورە دانیشـت، لـە سـاڵی ١٩٥٢ مـەلا مەعسـوم ئەفەنـدی کـوڕی مـەلا خـدر هەورامـی بـووە خەتیـب و مودەریسـی مزگەوتـی گـەورە.

سەرچاوەی زانیاری دەربارەی (مزگەوتی گەورە).

لـە مێـژووی کۆیـە- بەرگـی دووەم- بەشـی یەکـەم نووسـینی مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی.

٧- اعلان الاحکام العرف (ئیعلانی عورفی):

دەسـتەواژەی (ئیعلانـی عورفـی) بـەو مانایـە دێـت کـە لـە زمانـی فەرمانڕەوایەتیـی پاشـایەتیدا (الحکـم الملکـی) کاتێـك وڵات لـە رووی سیاسـییەوە دووچـاری پشـێوی و بارودۆخێکـی نالەبـار دەبـووەوە، بەهـۆی جموجۆڵـی لایەنـە بەرهەڵسـتکارەکان (قـوی المعارضـە)، وەزارەتـی ناوخـۆ حاڵەتـی نائاسـایی رادەگەیانـد و دەسـتەواژەی (عورفـی و ئیعلانـی عورفـی) دەکـرا، یانـی دامودەزگاکانـی وەزارەتـی ناوخـۆ راسـتەوخۆ ئـەوەی بیانویسـتایە بیگـرن و لـە شـارەکەی خۆیـدا دووری بخەنـەوە، بـێ گوێدانـە بڕیـاری دادوەر و یاسـا و رێسـای بارودۆخـی ئاسـایی، بـە مانایەکـی دیکـە بـە جـۆرە (ڕەشـبگیریەك) دادەندرێـت و راسـتەوخۆ لەلایـەن پۆلیـس و پۆلیسـی نهێنییـەوە (سری) پیـادە دەکـرا.

## شرۆڤە و لێکدانەوە

وثبە وشەیەکی عەرەبییە بە مانای راپەڕین دێت و تەنانەت ئەم وشەیە تاکو ئێستاکە بە کوردیش بەکار دێت، کاتێك باسی راپەڕینی گەلانی عێراق لە ١٩٤٨/١/٢٨ دەکرێ، دەگوترێ (وثبەی ساڵی ١٩٤٨) کە لە دژی پەیماننامەی (معاهدة) (پۆرت سموث) کە لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و بەریتانیادا بەسترا و لە شاری (پۆرت سموث) ئیمزا کرا و تێیدا ئەم پەیماننامەیە عێراقی بە وڵاتی بەریتانیاوە زیاتر دەبەستایەوە و لە بەرژەوەندی (وەکو دەڵێن) عێراقی نەبووە، ئەوکاتەش سەرۆك وەزیرانی عێراق (ساڵح جبر) بوو، راپەڕینەکە لە بەغداوە دەستی پێ کرد و پاشان سەرتاسەری عێراقیشی گرتەوە و کوردستانیش زۆر بە گەرمی کەوتە راپەڕین و خۆپیشاندان دژی ئەم پەیماننامەیە، هەموو توێژ و چینەکانی عێراق بەتایبەتیش قوتابیان رۆڵێکی گەورەیان لەو راپەڕینەدا گێڕا، خەڵکانێکی زۆریش لە بەغدا شەهید و بریندار بوون، یەکێك لەوانە (جەعفەر)ی برای شاعیری گەورەی عێراقی، محەمەد مەهدی الجواهری بوو، کە لەو راپەڕینەدا شەهید بوو و تێیدا (الجواهری) شیعرە بەناوبانگەکەی لە کاتوساتی راپەڕینەکەدا لە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی بەغدا خوێندەوە و دەڵێ:

اتعلم ام انت لا تعلم

بأن جراح الضحايا فم

لـە کوردسـتانیش بـە هەمـان شـێوە، بـە تایبەتیـش بەهـۆی ئـەوەی رقـی لـە ئینگلیـزی وەسـتای لکاندنـی کوردسـتان بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە بـوو، لـە سـاڵی ١٩٢١دا سـەرەڕای رقـی زۆری لـە حکوومەتەکـەی سـاڵح جەبـر، کـە لـە ٢٩ی حوزەیرانـی ١٩٤٧ هـەر چـوار ئەفسـەری کـوردی نیشـتمانپەروەری (ئیعـدام) کـردن، (عیـزەت عەبدولعەزیـز، مسـتەفا خۆشـناو، خەیروڵـڵا عەبدولکەریـم و محەمـەد قودسـی) لـە (کۆیـە)ش بەهـۆی پێگـەی تایبەتـی ئـەم کاتـە و ئاسـتی سیاسـی و نیشـتمانپەروەری هـەر لـە یەکـەم رۆژانـی سـەرهەڵدانەکەدا سـیمبۆڵی نیشـتمانپەروەرانی کۆیـە لـە رێگـەی (تەلەفـۆن) وە لەگـەڵ بەغـدا سـات لـە دوای سـات، هەواڵـی راپەڕینەکەیـان دەزانـی و کۆیـەش خرۆشـا، خۆپیشـاندان و راپەڕیـن دەسـتی پـێ کـرد و خەڵکـی بـە تەوژمێکـی دژ بـە حکوومەتـی بەغـدا و بەرتیانیـا هاتنـە مەیـدان، کۆمەڵانـی خەڵکـی، بـە موسـڵمان و جوولەکـە و دیانـەوە یەکدەسـت بەشـدارییان لـەم ئەرکـە نیشـتمانییەدا کـرد. هەروەهـا لـە رۆژی چلـەی شـەهیدانی راپەڕینـە سەرتاسـەرییەکە (ماڵـم و قەشـەی) کۆیـە بەرێـزەوە سـەردانی مزگەوتـی گەورەیـان کـرد و لەلایـەن شـێخ نورەدیـن ئەفەنـدی جەلـی زادە، ئیـمام و خەتیبـی مزگەوتـی گـەورە و خەڵکـی پێشـوازیان لێکـرا، بـۆ رۆژی دوایـش، شـێخ نورەدیـن (رد)ی زیاتـری کردنـەوە کـە بـە تـەواوی نیشـانەی تەبایـی و یەکگرتوویـی ریـزی کۆمەڵانـی خەڵـك بـوو، پارتـی و شـیوعییەکانی کۆیـە، رۆڵێکـی گـەورە و بەرچاویـان لـەو راپەڕینـەدا بینـی و سـەرکردایەتییان دەکـرد.

عەونیی شاعیر، کە لەگەڵ دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی پارتی بوو، سەرەڕای پاشخانە سیاسییەکەی لە حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکاندا (کۆمەڵەی برایەتی، دارکەر، هیوا، رزگاری)، وەکو شاعیرێکی ناسراو و نیشتمانپەروەرێکیش لەناو کۆڕ و راپەڕینەکەدا دەژیا، (تاکو ئێستاکەش کۆییبە بە تەمەنەکان) رۆڵی ئەو شاعیرەیان لەبەرچاوە کە لە مزگەوتی گەورە و کەنیشتی جوولەکەکان و کەنیسەی دیانەکان (شیعرە حەماسییە)کەی دەخوێندەوە لەژێر ناوی (ئەی شەهیدان)ە، کە بریتییە لە نۆ کۆپلەی پێنج دێڕی، کە کۆی دەگاتە ٤٥ دێڕ کە تێیدا، دەڵێ:

**ئەی شەهیدان**

**(١)**

**ئەی شەهیدانی رێگای نیشتمان**
**خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان**
**لە رێی ئازادی و سەربەستی ژیان**
**لەبیرناچنەوە بەدرێژی زەمان**
**مێژوو دەنووسێ یەك یەك ناوتان**

**(٢)**

**ئەو دەستەی کەوا خوێنی رژاندن**
**ئەو گوڵەی کەوا مێشکی پژاندن**
**ئەو هێزەی هەمووی لە خوێنی گەوزاندن**

جەرگـــی هــــەزاران دایکـــی ســـووتاندن
باخێکـــی دانـــا نەمامـــی چانـــدن

(٣)

ئێـــوەی نامـــرن، نامـــرن دەژیـــن
گیانـــی پاکتـــان لـــە ســـەرماو زەمیـــن
بانگـــمان دەکـــەن وا بـــە پێکەنیـــن
دەستی یـەك بگرن یـەك بـن هەمـوو چیـن.

(٤)

هـــەروا خەریکـــە بەفـــڕۆ و فیشـــاڵ
لێکـمان تەفریـق کا بـە پـوول و بـە مـاڵ
بـۆ ئـەوەی یـەك یـەك بمـان خاتـە چـاڵ
تـــا داگیـــری کا گەنجینـــەی حـــەڵاڵ

(٥)

خەیاڵـــی پووچـــە دوێنـــێ بەســـەرچوو
میللـەت تـێ گەیـی فریـو و فێڵـی تـوو
عـــەرەب و کـــورد و مەســـیحی و جـــوو
ســـەفیان بەســـتووە بەیـــەك ئـــارەزوو

(٦)

پێکـــەوە تێکـــڕا وا هـــاوار دەکـــەن
تـــف لـــە رەوشـــتی ئیســـتعمار دەکـــەن

نەعلـەت لـە رۆحـی گشـت زۆردار دەکـەن
میللــەت لــە دیلــی زوو رزگار دەکــەن
دیموکراتییــەت چاوەنــوارِ دەکــەن

(٧)

کــوردە دەیــەوێ ژینــی سەربەســتی
کــوردە دەیــەوێ نــان و پێویســتی
کــوردە دەیــەوێ دەرچــێ لــە پەســتی
کــوردە دەڕژێنــێ خوێــن بــۆ مەبەســتی

(٨)

ئیــتر بەســیەتی فیکــری عونــسری
بــوو بــە قســەی کــۆن ســونی و جەعفــەری
یەکێتــی عێــراق بــە موختەســەری
پێکهــات بــە خوێنــی رژاوی بــەری
تێکیشــی نــادا دەســایس گــەری

(٩)

کــوردە دەیــەوێ خوێنــی شــەهیدان
کــێ بــوو موســەبیب بخرێتــە زینــدان
مەحکەمــەی بــکا میللــەت لــە مەیــدان
حوکــم جــاری بــێ بــۆ وان بەخنــکان
بمــری دوژمنــی گــەل و نیشــتمان

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣)
# ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٧٤/٦/٢٤

عەونی گوتی:

**دەق: پایــزی ســاڵی (١٩٣٠)[١] لــە گونــدی (بایزاغــاوە[٢]) دەهاتمــەوە کۆیــە، ٣٠٠ روپەیــەم پــێ بــوو، ڕێــگام لــێ تێکچــوو، لای ئێــوارێ گەیشــتمە گونــدی (گورزەیــی[٣]) یــان خەڵکەکــە تــازە لــە مزگــەوت دهاتنــە دەر، ســەلامم کــرد و تەواوێــك راوەســتام، یەکێــك نەیگــوت (دابــەزە) لــە یەکێکــم پرســی: ڕێگــەی گۆمەشــین لــە کوێندەرێیــە؟ گوتــی: واوە بچــی دەچیــە (گۆمەشــین[٤]) واوەش بچــی دەچییــەوە ســەر جــادەی. ڕۆیشــتم، ســووی زۆر ســارد بــوو، بــە گومیلکــە ئــاوان جــادەم دیتــەوە، لــە ڕێگــە نەختــێ لام دا و عارەقــەم کردبــوو لەبــەر خــۆم وڵاغەکــەم بــەڕێ کەوتمــەوە، ئەوەنــدەی دەزانــم بەیانــی بــە چــاوی رووناکــی گەیشــتمەوە بــەر دەرگــەی ماڵــی خۆمــان لــە کۆیــە.**

**لــە وەڵامــی پرســیارێکدا گوتــی (ژمــارەی خانووەکەمــان (عثــمان عونــی حاجــی حبیــب)، لــە گەڕەکــی بەفریقەنــدی، بەپێــی تۆمارگــەی ســاڵی ١٩٣٤ (٦٧) بــوو.**

## پەراوێز:

١- گوتەبێــژ (عەونــی) کــە دەڵــێ: ســاڵی ١٩٣٠ لــە گونــدی بایزائاغــا دەهاتمــەوە کۆیــە، ئــەوە دەگەیەنێــت کــە عەونــی بــە ســواری وڵاغ لــە ڕێگــەدا بــووە، ئاشکراشــە وەکــو لــەم کەشــکۆڵەدا باســی لێــوە کــراوە لــە ســاڵی ١٩٢٩ ئۆتۆمبێــل لــە هەولێــرەوە هاتووەتــە کۆیــە و ڕێگەیەکــەش ڕێگەیەکــی نالەبــاری پــڕ لــە چــاڵ و بــەرز و نزمــی بــوو، (ئــەم ڕێگەیــە لــە دوای ســاڵی ١٩٧٥ قیرتــاو کــراوە، ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا داســتانێکە تەنیــا ئــەو کەســانەی کــە بــە تەمەنــن دەزانــن بــە چ دەردەســەرییەك زســتانان لــەو ڕێگەیــەدا هاتوچۆیــان دەکــرد، کــە ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا بابەتێکــە و ئــاوی زۆر دەوێــت، بــەڵام لێــرەدا جێــگای بــاس نییــە). لــە هەمــان کاتیشــدا هیــچ گوندێکــی وڵاتــی کۆیــە ڕێــگای ئۆتۆمبێلــی بــۆ نەچــوو بــوو، هێنانــی بەروبوومــی کشــتوکاڵی بــۆ شــار و بردنــەوەی پێداویســتییەکانی ژیــان لــە شــارەوە بــۆ لادێ، هەمــوو بــە وڵاغ بــووە، ســەرەتاکانی پەنجاکانــم لەبیــرە (نووســەر) کــە عەونیــی باوکــم ئەســپێکی ســپی بەرچــاوی هەبــوو کــە (مــام تۆفیــق)ی بەردەســتی باوکــم (مشــووری حەوانــەوە و ئالیکدانــی) دەکــرد، کــە بــۆ ســەفەری (بیتوێــن و گوندەکانــی دەشــتی کۆیــە بــە کاری دەهێنــا، کاتێــك ســەردانی جووتیــارەکان و (زوراع) بەرووبومــە کشــتوکاڵییەکانی دەکــرد بــە تایبەتیــش بازرگانــی (توتــن، لۆکــە.. هتــد) بــە مەبەســتی ئاگاداربــوون لــە ڕەوش و ژیانــی ئــەو جوتیارانــەی کــە مامەڵەیــان لەگــەڵ باوکمــدا هەبــوو.

٢- ٤،٣،٢ گوندەکانی (بایزاغا، گورزەیی، گۆمەشین و چەند گوندێکی نێوان کۆیە و هەولێرن، لەگەڵ دەیان گوندی دیکە، ئەگەر بێتو لە کۆیەوە بەرەو هەولێر (سەفەر) بکەیت، ئەو چەند گوندەی کە ناویان هاتووە، دەکەونە دەستی چەپی ڕێگەکە لە باشوور و باشووری رۆژئاوای ئەم ڕێگەیە هەڵکەوتوون، نێوانی هەندێکیان چەند کیلۆمەترێکە و هەیە زیاتر و هەیە کەمتر.

## شرۆڤە و لێکدانەوە

لە سالانی سییەکان و پێشووتریش تاکو رۆژانی دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ خەڵکی گوندەکانی کوردستان تاکو تەنیا نەبێت، سەرجەمی سەرقاڵی کشتوکاڵ و (مەڕداری) بوون و کە تاکە سەرچاوەی ژیانیان بووە، فەرمانبەرایەتی لەو سەردەمە ژمارەیان کەم بووە و تاك تاکیش خەڵکی ئەم شارە بوون، بۆیە بەشی هەرە زۆری شارەکانیش (کاسبکار) بوون کە لەناو بازاڕدا مامەڵەیان بە کەلوپەلی جۆراوجۆرەوە دەکرد و هەندێکیشیان سەرقاڵی بازرگانیکردن بوون بە کڕینی بەرووبوومی کشتوکاڵی، مەڕومالات، خوری.. هتد. عەونیش وەکو هەر کاسبکارێکی ئەو سەردەمە (ساڵی ١٩٣٠) تەمەنی لە (١٦ ساڵ و ١٧ ساڵ) تێنپەڕیوە

کــە بــە ســواری هاتوچــۆی ئەملاوئــەولای دەکــرد، ســەرەڕای مامەڵەکردنــی بەربوومــی بــاخ و رەزی گونــدی (میکــوکاو) کــە لــە زمانــی بــاوك و باپیــری هەیــان بــووە، دیــارە مامەڵــەی ئــەو ســەردەمەش بــە پــارەی جــۆری (روپیــە) بــوو، چونکــە تاکــو ئــەو کاتــە (دینــار) نەهاتبــوو کایــەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٤)
# رۆژی گێڕانەوەی یەکەم ١٩٧٩/٩/٣٠

دەق:

(عەونی) گوتی: ساڵی ١٩٣٧ دوکانەکەم[١] لەناو بازاڕ بوو، سەری (سقف) (دارڕێژ و کۆڵەگە) بوو، لەسەر ئەمری بەلەدیە (تەعمیرم) کردووە، وەستا ئەحمەدێك کوشکی (عادل ئاغا)ی کوڕی (جەمیل ئاغا[٢]) دەکرد، وەختی کە ئیزن بوون کرێی رۆژێکم بۆ حیساب کرد لەگەڵ (١١) ە کرێکاران، سەری دوکانەکەی بە گونیەی گێچ بۆ هێنامەوە، خۆی (وەستا) رۆژی ٢٥٠ فلسی هەبوو، کرێکاریش رۆژی (٥٠-٦٠) فلسیان هەبوو، (ئەحمەدی حەمە مەلا[٣] و عومەر[٤]) مام (عەولا)ش یاریدەی ئیشکردنیان دام هەتا ساڵی ١٩٤٨ -١٩٤٩ خۆم هەر لەو دوکانە مام، دوایی دوکانم لە جولەکەکان کڕی بەو نیازە (خان)نێك دروست بکەم دوایی کردمە (محل) و لەوێ مام هەتا هاتمەوە سەرجادەی سەرەکی ناوەندی کۆیە.

## پەراوێز:

١- ئـەو دوکانـەی کـە گوتەبێـژ (عەونـی) باسـی دەکات، کـە لـە سـاڵانی سـییەکانەوە لەگـەڵ باوکـی (حبیـب عەبدوڵـڵا) لـەو دوکانـە مامەڵەیـان تێـدا دەکـرد، لـە سـاڵی ١٩٣٧ لەسـەر ڕێنمایـی شـارەوانی، سـەری (سـقف) دوکانەکـەی بـە بـەرد و گـەچ وەکـو لـە کۆیـە (بـاو) بـوو بـە گومبـەت هێناوەتـەوە، کـە وەسـتاکەش وەسـتا ئەحمـەد ناوێـك بـوو، لـەو کاتـە (جەمیـل ئاغـای حەوێـزی) کۆشـکی بـۆ (عـادل ئاغـای) کـوڕی دروسـت دەکـرد، عەونـی لـەم دوکانـەی نـاو بـازاڕ نزیـك لـە (مەیدانـی خـوارەوەی) بـازاڕی کۆیـە بـوو، کـە تاکـو سـاڵی ١٩٤٨-١٩٤٩ تێـدا مایـەوە، لـەو سـاڵەدا موڵکێکـی لـە جوولەکـەکان کڕیـوە، کـە ئەوکاتـە جوولەکـەکان لـە کۆیـە مابـوون، (سـاڵی ١٩٥١ بـەرەو ئیسرائیـل ڕۆیشـتن)، کـە لـە تەنیشـت خانەکـەی (قـادری یاسـین و تاهیـر چەلەبـی) بـوو، وەکـی دی ئەویـش کردییـە (محـل)ی دانیشـتن و کـۆگای (مخـزن) مەحەلەکـە چونکـە لـەو سـەربەندانە کـە وازی لـە دروسـتکردنی (خـان) هێنـاوە، چونکـە لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو وەسـتا حوسـێن نەجـاڕدا (هاوبـەش- شراکـة) دروسـت دەکات، کـە تـا سـاڵی ١٩٥٦ ئـەو شـەراکەتەی بـەردەوام بـووە، بـەڵام پاشـان گەڕایـەوە (محـل) ەکـەی خـۆی و بازرگانـی (توتـن و لۆکـەی) تێـدا دەکـرد، کـە ئەویـش تاکـو سـاڵی ١٩٦٣ وەکـو (محـل) مایـەوە، سـاڵی ١٩٦٣ پێـش دەسـپێکردنەوەی شـەڕ لەگـەڵ حکوومەتـی (بەغـدا) لـە پـاش کودەتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی

١٩٦٣ بـە خێزانـەوە کۆیەیـان بەجێهێشـت بـەرەو شـاری قەڵادزێـی ئـازاد کـراو و لەوێشـەوە بـۆ گونـدی (هەڵشـوێ)ی سەرسـنوور، پـاش ئاگربەسـتی ١٠ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٤، لەنێـوان سـەرکردایەتیی شۆڕشـی ئەیلـوول و حکوومەتـی بەغـدا و گەڕانـەوەی خێزانـە دەربـەدەرەکان بـۆ شـار و شـارۆچکەکانی خۆیـان، پـاش گەڕانـەوەی (عەونـی) و خێزانـی، دەسـتی کـرد بـە دروسـتکردنی ریـزە دوکانێکـی تـازە لەسـەر شـەقامی گشـتی و یـەك لـە دوکانەکانـی کـردە جێـی دانیشـتنی (محـل) خـۆی کـە تاکـو دواڕۆژی ژیانـی لـەو (محـل) تاکـو ماوەیـەك بـە بازرگانـی توتـن سـەرقاڵ بـوو، بـەڵام لـە پـاش رێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠، وازی لـە کاری بازرگانـی هێنـا و (محل)ەکـەی بـووە شـوێنی گردبوونـەوەی شـاعیران و رۆشـنبیران و دۆسـتان و هاوڕێیانـی خـۆی کـە یەکێـك لەوانـە خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی بـوو، کـە لـەم شـوێنە ئـەم گفتوگۆیـەی تێـدا ئەنجامـدراوە و بەنـدە کەشـکۆڵی نـاو لێنـاوە.

٢- جەمیل ئاغای حەوێزی ١٨٧٩-١٩٤٦/٣/٢٤

جەمیـل ئاغـا کـوڕی ئەسـعەد ئاغـا کـوڕی حاجـی بەکـر ئاغـای حەوێزییـە، سـاڵی ١٨٧٩ لـە کۆیـە لەدایکبـووە و لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵیدا بـۆ خوێنـدن دەچێتـە مزگەوتـی گـەورە، ئـەو مزگەوتـەی کـە باپیـری حاجـی بەکـر ئاغـا لـە سـاڵی ١٨٣٩ دروسـتی کـردووە، قورئـان و گوڵسـتان و بوسـتان و چەنـد کتێبێکـی دیکـەی فارسـی و عەرەبـی دەخوێنـێ، لـە تافـی

لاویەتیدا دەبێتە سەرۆکی شارەوانیی کۆیە و لە ئاکامی هاتنی بەریتانیا لە (١٩١٨/١٢/١٥)دا دەبێتە جێگری حاکمی شار و دوای مەرگی حەمە ئاغای غەفوری، لە ساڵی ١٩٢٠ بە فەرمی دەبێتە حاکمی شار، پاشان بە فەرمانی رەسمی ژمارە ٢٦٥٢- لە ٢٦ نەورۆزی ساڵی ١٩٢١ دەبێتە قائیمقامی کۆیە، پاشان بۆ قائیمقامیەتی رانیە دەگوازرێتەوە (١٩٣٢) ساڵی ١٩٣٩ بۆ نوێنەرایەتیی هەولێر و بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، لە ساڵی ١٩٤٣ تا کۆتایی ژیانی بە ئەرکی نوێنەرایەتییەکەی هەڵدەستێت، لە ١٩٤٦/٣/٢٤ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە باسکی عارەبیان بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە: (کۆیە.. ناودارانی) لە ئامادەکردنی: عەبدولخالق عەلائەدین، لە ساڵی ٢٠١٤دا چاپ کراوە.

٣- ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣- ١٩٦٩

خوالێخۆشبوو ئەحمەد کوڕی حەمە مەلای کوڕی مەلا ئاوڕەحمانی کوڕی مەلا پیرۆتی کوڕی مەلا عەوڵایە، ساڵی ١٩١٣ لە شاری کۆیە لە گەڕەکی هەواوان لەدایکبووە، کاکە ئەحمەد دوو برای بە ناوەکانی: کەریم، عەبدولڕەزاق هەبووە لەگەڵ خوشکێکی بە ناوی (ئامینە)، خوالێخۆشبوو کاکە ئەحمەد تاپۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە و لە خانەوادەیەکی مەلازادە بووە و باپیرە گەورەیان خەڵکی گوندی (کانی وەتمان)ە، لەسەر داواکاری (جەمیل ئاغا) کە لە ساڵی (١٩٢٠-

١٩٣٢) قائیمقامـــی کۆیـــە بـــووە، مـــەلا ئەورەحمانـــی باپیـــری ئەحمـــەد بـــە کاتبـــی قائیمقامییەتـــی کۆیـــە دامـــەزراوە، کاکـــە ئەحمـــەد لـــە (کۆنـــە قەیســـەری) دوکانـــی کوتاڵفرۆشـــی دانـــاوە، هونەرمەنـــد وریـــا ئەحمـــەد کـــوڕی خوالێخۆشـــبوو ئەحمـــەدی حەمـــە مـــەلا لـــە کتێبـــی (ئەحمـــەدی حەمـــە مـــەلا.. بـــاوك و هونەرمەنـــد و شـــاعیر)دا دەڵـــێ: (عەونـــی و عومـــەر عەبدوڵـــڵا ئەمیـــن و دڵـــداری شـــاعیری جوانەمـــەرگ ئەدەبدۆســـت و رۆشـــنبیر بوونـــە، چونکـــە ئـــەوان و ئەحمـــەدی حەمـــە مەلایـــش ئـــەو هەســـتەیان (هەســـتی نەتەوایەتـــی کـــە بـــە رێگـــەی ئەدەبـــەوە بـــۆی هاتبـــوون، ســـەرەتا لـــە قوتابخانـــەی ســـەرەتاییدا لەســـەر دەســـتی هەنـــدێ لـــە مامۆســـتایانی نیشـــتمانپەروەری وەك (رەمـــزی نافـــع کـــە خەڵکـــی شـــاری کەرکـــووك بـــووە، باســـی شۆڕشـــەکانی کـــوردی بـــۆ قوتابیانـــی کـــردووە. جـــار جـــارەش بـــەو پێیـــەی دەســـتی شیعریشـــی هەبـــووە، شـــیعری نەتەوەیشـــی بـــۆ خوێندوونەتـــەوە، ئـــەم کارەی مامۆســـتایانی نیشـــتمانپەروەر وەك (رەمـــزی رەحیـــم، عەبدولـــڵا عەزیـــز، عەبدوڵـــڵا ســـامی، عەلیاگـــە، زەکـــی هەنـــاری، ســـابیر ئیســـماعیل...تاد. رۆژ لـــە دوای رۆژ گیانـــی نیشـــتمانپەروەری لـــە دڵیانـــدا چەســـپاوتر کـــردووە، دواجـــار لـــە یەکـــتری نزیکـــتر کردوونەتـــەوە و بوونەتـــە بـــرادەری گیانـــی بـــە گیانـــی و هـــەردەم پێکـــەوە هەڵســـوکەوتیان کـــردووە، تەمەنێـــك هـــەر لـــە کۆیـــە، بەڵکـــوو لـــە هەولێـــر و کەرکـــووك و ســـلێمانی و شـــوێنی تریـــش، بـــۆ نموونـــە لـــە هەولێـــر کەســـایەتی وەك (مســـتەفا عوزێـــری، فەتـــاح جەبـــار، عیزەدیـــن فەنـــدی، عەونـــی یوســـف، ئەحمـــەد حەمەدئەمیـــن دزەیـــی) یـــان ناســـیوە و

بیرەوەریـان گۆڕیووەتـەوە، کاك عەونیـی شـاعیر بـۆی بـاس کـردم و گوتـی: (بەهـۆی گۆڤـاری (گەلاوێـژ)ەوە گەلـێ هەڵبەسـتی نەتەوەیـی وەك (شـیرین بەهـارە و ئیـش کـە ئێسـتا لـە هـەورازە سـەرەو ژێـری نەکـەی) و هـی تریـش کـە دەگەیشـتە دەسـتمان دەمانخوێنـدەوە؟ کەواتـە ئـەو هاوڕێیانـە لـە سـییەکانی سـەدەی رابـردوودا خاوەنـی ئـەم جـۆرە بیـروڕاو هەسـتە قووڵـە نەتەوایەتییـە بوونـە، دیسـان کاك (عەونـی) گوتـی: (لـە کۆتایـی سـییەکاندا) هـەر کـەس کـردەوەی چـاك و پـڕ بەزەیـی نیشـان بدابایـە و بکردایـە دەیانگـوت (ئەندامـی حزبـی هیوا)یـە. لەلایەکـی دیکـەوە زۆر شـت لەسـەر ئـەم کەڵەپیـاوە گوتـراوە و لایەنـە هونەرییەکـەش بابەتێکـی پڕشـنگداری ئـەوە کـە هونەرمەنـد (وریـا)ی کـوڕی لـە کتێبـی ناوبـراودا باسـی لێـوە کـردووە و تێیـدا ئـاوازی شـیعرەکەی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (ئیبراهیـم ئەحمـەد (شـیرین بەهـارە) کاکـە ئەحمـەدی حەمـەی مـەلا دایـنـاوە.

سـەرچاوە کتێبـی (ئەحمـەدی حەمـە مـەلا.. بـاوك و هونەرمەنـد و نیشـتمانپەروەر).

کۆکردنەوە و نووسینی: وریا ئەحمەد حەمە مەلا- ساڵی چاپ ٢٠١١

٤- عومەر عەبدوڵلا ئەمین ١٩٠٨-١٩٩٠

عومـەر عەبدوڵـلا ئەمیـن سـاڵی ١٩٠٨ لـە شـاری کۆیـە، لـە گەڕەکـی قـەڵات لەدایکبـووە و یەکێکـە لـە کەسـایەتییەکانی شـاری کۆیـە و بێجگـە

لـەوەی بـرا گـەورەی تێکۆشـەری نـاسراو مامۆسـتا خوالێخۆشـبوو عەلـی عەبدوڵـڵا (١٩٢٢-٢٠١٧) بـووە، عەبدوڵـڵا ئەمینـی باوکـی بێجگـە لـەوەی کـە (مـەلاك) بـووە و خاوەنـی رەز و باخـی خۆیـان بـوون لـە ناوچـەی خۆشـناوەتی لـە گونـدی (سـوس) بـووە و دایکیشـی نـاوی (حەنیفـە رەسـووڵ) بـووە و خەڵکـی گونـدی (کێشـکی) بـوو.

خوالێخۆشـبوو عومـەر عەبدوڵـڵا بـرا گـەورەی هـەر یـەك لـە مامۆسـتا (عەلـی عەبدوڵـڵا و عوسـمان عەبدوڵـڵا نـاسراو بـە (مـام وەتمـان) تاکـە خوشـکێکی هەبـووە، ئەویـش خوالێخۆشـبوو (رەحمە)خانـە و بووەتـە خێزانـی خوالێخۆشـبوو (محـی الدیـن ئەسـعەد غەفـوری) خوالێخۆشـبوو کاك عومـەر پێنـج کـوڕ و چـوار کچـی بـە ناوەکانـی: دڵشـاد، شـێرکۆ، رەنجبـەر، بـارزان، ئاشـتی هـەن و کچەکانیشـی: نیـگار، گەلاوێـژ، ژیـان، لـەرزەك.

کاك عومـەر سـەرەڕای ئـەوەی خوێندنـی سـەرەتایی تـەواو نەکـردووە، بـەڵام خوێندەوارییەکـی باشـی هەبـووە.

خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٨٢ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٩٠/٥/٢١ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی کەکـۆن بـە خاکسـپێردرا.

سەرچاوە: مافپەروەرە، ئاراس عەبدولخالق.

**تێبینی نووسەر:**

خوالێخۆشبوو (عومەر عەبدوڵڵا ئەمین ئەویش یەکێك بووە لە کۆڵەگەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کۆیە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی گیانی کوردایەتی و بەرهەڵستی سیاسەتی حکوومەتەکانی عێراقدا هەبووە لە کۆیە و لە سەرەتای لاویەتییەوە لەگەڵ هاوڕێیانی (عەونی، ئەحمەدی حەمە مەلا، محەمەد حەوێزی ناسراو بە حەمەرەش.. مەلا حەسەن سەعید، ساڵحی قەساب، ساڵح شەمس... تاد) لە سەرەتای سییەکانەوە پێشەنگی ئەو کاروانە کە کوردایەتیان بە بیروباوەڕ کردبوو بە پیشە و تاکە ساتێکیش فەرامۆشیان لەو ئەرکە نەتەوایەتییەیاندا نەکردووە، زۆرجار (بەندە- نووسەر) گوێم لە خوالێخۆشبوو کاك عومەر عەبدوڵڵا دەبوو کە چۆن بە شێوازی جیاجیا بەرهەڵستی سیاسەتی حکوومەتیان دەکرد لە کۆیە و کوردایەتییەکەشیان زۆر بە ئاشکرا لە خەڵکی ئەو سەردەمەی کۆیە دیارن، لێرەدا تەماشای ناوی منداڵەکانیان بکە، لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردووەوە سەرجەمی (ناوی کوردین) و نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایین و عەرەب، هەر بۆیەش پاداشتەکەیان، بەندیخانە و خۆشاردنەوە جێهێشتنی کۆیە و چاودێری (مراقبە) بووە لەلایەن پۆلیسەوە، سەرەڕای ئەمانەش وەکو خوالێخۆشبوو دەیگێڕایەوە، ئەو تاقمە (پێشەنگی بەکارهێنانی دەستەواژەی "ڕۆژباش و شەوباش و ئێوارەباش و بەیانی باش بوون" لە کۆیە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٤)
# گێڕانەوەی دووەم ڕۆژی ١٩٨٢/٩/١٣

دەق:

عەونی گوتی: بابم[١] لەگەڵ (حاجی کەریم[٢]) ی ئاسنگەر پێکەوە چوونە (حەجێ)، دایکم لەگەڵ حاجی کەریم خزمایەتی هەیە، لەبەر ئەوە (میرزا ئەفەندی[٣]) کوڕی (حاجی کەریم) بە تەلەبایەتی دەرسی پێدەگوتم، لە دوای وی (حەمە ڕەش) لەسەر (دوکان)ێ بە برادەرایەتی ئەویش دەرسی پێدەگوتم، لە ساڵی ١٩٣٢ کە دەستم بە فارسی خوێندن کرد لەلای مەلا ئەحمەدی ڕەش مانگانە بە (روبعێك[٤]) سوختەی دیکە بە (٧٥) فلس دەرسیان دەخوێند، لە پاشان گوڵستانم بە ماناوە خوێند و بە سێ مانگ تەواوم کرد، پێم خۆش بوو وام لێهات شانامە و ئەسکەندەرنامە، یوسف و زلیخا بۆ خۆم بیانخوێنمەوە.

## پەراوێز:

١- باوکی عەونی (حەبیب عەبدوڵڵا محەمەد ١٨٨٠ – ١٩٣٢/٩/١٢
ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ حاجی کەریم چووەتە (حەج) و گەڕاوەتەوە و ماوەی سێ مانگیان پێچووە، چونکە ئەو سەردەمە وەکو ئێستاکە تەیارە نەبووە و ئۆتۆمبێلیش بەو شێوەیەی ئێستاکە نەبووە لە هەندێ شوێن بە (پێ) و لە هەندێ شوێنیشدا بە سواری و لە شوێنەکانی دیکەش بە ئۆتۆمبێل، بەڵام چونکە چوونە (ماڵی خوا- حەج) بە روکنێکی سەرەکی ئاینی ئیسلامیان دەزانی و باوەڕیان پێ بووە، کە تەنیا لە پێناوی (خواپەرستی) دابووە، بۆیە هەموو ماندووبوونێکیان لەلا ئاسان بووە و هۆکارێك نەبووە لە (خواپەرستی) دووریان بخاتەوە.

٢- حاجی کەریم باوکی خوالێخۆشبووان (میرزا، رەفیق، مستەفا و دڵشاد)ە و کاری ئاسنگەری بووە و پیاوێکی کاسب و خواناس بووە.

٣- میرزای حاجی کەریم و محەمەد حەوێز ناسراو بە (حەمە ڕەش) لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باسی لێوە کراوە.
روبع ئەو بڕە پارەیە کە چواریەکی دیناری جاران (سویسری) بوو کە دینار (١٠٠٠) فلس و روبعێك (٢٥٠) فلس بوو.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٥) گێڕانەوەی یەکەم

دەق:

**عەونی گوتی: ئەمن چوار مانگان[١] و لەبەر مەمکی بوویم کە بابمیان بردینە (سەفەر بەلەکی[٢]) و لە ساڵی ١٩٢٠ هاتیتەوە، (بدل)یش دابوو، بەڵام هەر بردیان و ماڵمان تاڵانیش کرابوو، بابم بە (مەلای شەمامێ[٣]) دەناسرێ، هیچی نەخوێند بوو، لە ١٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٣ ئەمری خای کرد.**

---

## پەراوێز:

١- تەمەنی چوار مانگانی عەونی وەکو خۆی باسی لێوە دەکات کە تەمەنی چوار مانگان بووە، کاتێك باوکیان (حەبیب) بردووەتە (سەفەر بەلك)، واتە ساڵی ١٩١٤ بووە، ساڵی ١٩٢٠یش باوکی گەڕاوەتەوە، لێرەدا بە دەردەکەوێ کە تەمەنی (عەونی)، لەدایکبووی ساڵی ١٩١٤یە، چونکە لە بڕگەی دواییدا دەردەکەوێ کە (سەفەر بەلك) کەی راگەیەندراوە.

٢- (سـەفەر بەلـك) یاخـود (سـەفەر بەلـگ) لێـرەدا بـە مانـای رەشـبگیری (نفیرعـام) دێـت کـە بریتـی بـوو لـەو فەرمانـەی (سـوڵتان محەمـەدی رەشـاد) لـە ١٩١٤/٨/٣ رایگەیانـد و تێیـدا داوا لـە پیـاوان دەکات کـە تەمەنیـان لەنێـوان (١٥-٤٥) سـاڵانە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە هاووڵاتـی (رعایـا) دەوڵەتـی عوسـمانی بـوون کـە تێیـدا سـەرجەم وڵاتانـی عەرەبییشـە دەگرتـەوە، چونکـە لەوکاتـەدا ئـەو (رەشـبگیرییە) پیـادە دەکـرا، کاتێـك دەوڵەتـی عوسـمانی لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانـی (١٩١٤-١٩١٨) هاوپەیمانیەتـی لەگـەڵ دەوڵەتـی ئەڵمانیـادا بەسـت و چـووە نێـو شـەڕەوە و تێیـدا سـەدان هـەزار کەسـی بـەرەو (قەفقـاس)ی سـنوورەکانی رووسـیا بـرد و لـە ٨٠٪ یـان نەگەڕانـەوە، لـەو تاوانـە گەورەییـەی کـە دەوڵەتـی عوسـمانی ئەنجامـی دا، بەشـێکی زۆری مرۆڤـی کـوردی گرتـەوە و بەشـێکی زۆریـان تێـدا چـوون، بـەڵام باپیـرم، یانـی باوکـی (عەونـی)، کـە نـاوی (حەبیـب عەبدوڵڵایـە (١٨٨٠-١٩٣٣) پـاش شـەش سـاڵ گەڕاوەتـەوە بـۆ کۆیـە.

مـەلا شـەمامی، ئاشـکرایە کـە باوکـی عەونـی نـاوی (حەبیـب)ی کـوڕی عەبدوڵـڵا لـە کاتـی خـۆی (حەبیـب) بـە مـەلای (شـەمامێ) نـاسراوە، یەکـەم بـە نیسـبەت (مەلا)یەتییەکـەی ئـەو، نـە مـەلا بـووە و نـە دەرسـی ئایینیشـی خوێنـدووە، بـەڵام چونکـە زۆر هاتوچـۆی مزگەوتـی کـردووە و خواپەرسـتی کـردووە، بۆیـە ناویـان نـاوە (مـەلا) بـە نیسـبەت دەسـتەواژەی (شـەمام)یش وەکـو نەنکـم (پیـرۆز عەبدوڵـڵا قـادر ١٩٠٠- ١٩٨٢/١/٥) کـە

دایکـی باوکمـە دەیگێڕایـەوە و لەبـەر ئـەوە پێیـان گوتـووە (مـەلا شـەمام)ی (شـەمام)ە، کـە لـەوەوە هاتـووە، ئەویـش لـە دەمـی خەسـووی گـوێ لێبـووە کـە دایکـی باپیـرم نـاوی (شـەمام) بـووە و ژنێکـی کەڵەگەتـی سـوور و سـپی و بـە شـەوکەت بـووە، چونکـە زوو مێـردی (عەبدوڵـڵا) مـردووە (حەبیـب) یـان بـە نـاوی دایکـی ناوهێنـاوە، وەك: (مـەلای کـوڕی شـەمام)ی کـە ئـەم دەسـتەواژەیە لـە کوردیـدا زۆر بـاوە. کاتـێ (حەبیب)یـش هاوسـەرگیری لەگـەڵ دایکـی باوکـم (پیـرۆز عەبدوڵـڵا قـادر)دا کـردووە، دووەم منداڵـی کـە کـچ بـووە، نـاوی نـاوە (شـەمام) و بووەتـە هاوسـەری ئامـۆزای خـۆی کـە (وەسـتا عەبدوڵـڵای ئاسـنگەرە)، دەکاتـە دایکـی مامۆسـتا بـارام و ئـازاد و نـەوزاد و کامـەران خوالێخۆشـبوو نەریـمان و کچەکانیـش: نەسریـن و نەرمیـن و پەرویـن.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٥) گێڕانەوەی دووەم بێ مێژوو

دەق:

**عەونی دەڵێ:**

**ساڵی ١٩٣٢ لەگەڵ (حەمە سەرەخۆرە[١] و حەمەد مستەفای ئەسعەدە سوور[٢] جەلەبمان[٣] بردە هەولێر لە (خانی سەیدزادە[٤])ی کە بەرامبەر نادی مەئموران (الموظفین) بوو، لە خانی (سەید زادە) کە ژنێکی سابڵاغی بوو لەسەر خانەکە بوو، دابەزین بۆ یەکەمجار لەوێ دەمم لە (مشروبات) دا، لەگەڵ (جەلال بەگ[٥]) و (میرزای حاجی کەریم[٦] یەکەم مامۆستام بووە کە دەرسی کوردی پێ گوتووم و فێری نووسینی کردم. ئەوێ ساڵێ (١٢٠) سەر حەیوانی دوشێنم[٧] هەبووە، لە سێ بەشان دوو بەش (مەڕ) بوو سێیەکی بزن بووە، فرۆشتم و جووتی لەسەر یەك بە (٧) روپیە[٨].**

## پەراوێز:

١- خوالێخۆشبوو (حەمە سەرەخۆرە) ١٨٩٠-١٩٦٨

خوالێخۆشـبوو نـاوی تـەواوی سـۆفی محەمـەد کـوڕی حەمـەد قەسـابە، سـاڵی ١٨٩٠ لـە شـاری کۆیـە لـە گەڕەکـی بایزاغـا لەدایکبـووە، ئـەو ڕۆژەی سـۆفی محەمـەد لەدایکبـووە باوکـی کۆچـی دوایـی دەکات، بۆیـە نازنـاوی (سـەرخۆرە)ی بەسـەردا بـڕاوە.

پیشـەی قەسـابی لـە بـاوك و باپیرەیـەوە بـۆ ماوەتـەوە و تەنانـەت کوڕەکانیشـی: خـدر، بەکـر، سـابیر، مەغدید-خالیـد، بـەم پیشـەیەوە سـەرقاڵبوون.

سـۆفی محەمـەد، پیاوێکـی کۆمەڵایەتـی و دڵ و دەروونفـراوان و خـۆش مـەشرەب بـووە و بـە گوێـرەی توانـاش یارمەتـی هـەژار و لێقەوماوانـی داوە. سـۆفی محەمـەد لـە ژیانیـدا دوو جـار هاوسـەرگیری کـردووە، ژنـی یەکەمـی نـاوی (فاتیمـە وەیـس وەلی)یـە، پێنـج کـوڕی بـەو ناوانـەی سـەرەوە بـووە، ژنـی دووەمیشـی نـاوی (فخریـە حمدامیـن عومـەر) سـێ کـوڕ و چـوار کچـی بـووە بـە ناوەکانـی (عەبدوڵـڵا، مسـتەفا، خەلیـل، پەرویـن، پیـرۆز، نەرمیـن، فەیـروز.

خوالێخۆشـبوو سـۆفی محەمـەد لـە تەمەنـی ٧٨ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە شـاری کۆیـە کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی (دەروێـش خـدر) نێـژراوە.

سەرچاوە: لە مافپەروەر ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید لە ٢٠٢٠/٦/٢٤ بەشێوەی نووسین بۆم هاتووە.

٢- مستەفای ئەسعەدە سوور ١٩٠٤-١٩٨٩/١/١١

خوالێخۆشبوو ناوی حەمەد موستەفای ئەسعەدە سوور، ساڵی ١٩٠٤ لە کۆیە لەدایکبووە، نووسین و خوێندن لە سوختەخانە فێر بووە و یەکێکن لە بنەماڵە دیار و خانەوادەکانی کۆیە، لە بنەڕەتدا ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی (میرشڕك) کە لە دەڤەری خۆشناوەتی، حەمە مستەفا نەوەی ئەو (میرشڕك) یە لە ئاکامی پیلانێك لەسەر دەسەڵات، باپیرە گەورەیان دێتە کۆیە، خوالێخۆشبوو حەمەد مستەفا بە کاسبی و مامەڵەکردن سەرقاڵ بووە، لە نزیك قەیسەری تازەدا دوکانی عەتاریی هەمەچەشنەی هەبوو و ساڵی ١٩٢١ هاوسەرگیری لەگەڵ (عاسمە عەبدوڵڵا حمزە) کردووە و سێ برا و دوو خوشکی بە ناوەکانی (محەمەد بەگ، ئەحمەد بەگ، مەحموود بەگ، هەبووە، خوشکەکانیشی حەلیمە گورجی، لە ماوەی ژیانیدا نۆ کوڕ و چوار کچی بووە بە ناوەکانی: خدر بەگ، قادر بەگ و ڕەسووڵ، خورشید، حەوێز، ئەمیر، بەرزان، ئەسعەد، کچەکانیشی ناجیە، گوڵبەهار، نەسرین، شادیە.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا و ڕۆژی ١٩٨٩/١/١١ کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژیشدا لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە: بە شێوەی نووسین لە کەیوان ئەمیر حەمە مستەفا ئەسعەدە

سـوور، نـەوەی خوالێخۆشـبوو حەمـەد مسـتەفا لـە ٢٠٢٠/٨/٢٥ بـۆم هاتـووە.

٣- جەلــەب: بــە مانــای مێگەلــە ئــاژەڵ (مــەڕ، بــزن، گا، مانــگا) دێــت کاتێــك لــە شــوێنێکەوە دەچــن بــۆ شــوێنێکی دیکــە، یانــی کاتێــك ئــەو مێگەلــە ئاژەڵــە دەبــردرێ بــۆ فرۆشــتن، یــان چــوون و هاتنــی نێــوان (گەرمیــان و کوێســتان) هــەژار موکریانــی لــە (فەرهەنگــی کــوردی- فارســی (وشــەی جەلــەب ئــاوا لێــك دەداتــەوە. "کۆمەڵــە مــەڕ و بزنــێ کــە بــۆ فرۆشــتن دەبــەن"

٤- خانــی (ســەید زادە) پێــش بڕینــی نێــوان قەیســەری و بــازاڕی ســیروان تاکــو بــەرەو شــێخی چۆڵــی دەچــێ و دەگاتــە (فولکــەی بــە تەمــای خــوا) کــە پــاش شۆڕشــی ١٤ تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨ کــە تــازە تــەواو بووبــوو، ناویــان نــا (شــەقامی جمهــوری) ئــەو نــاوە و کــە پشــتی بــە گەڕەکــی (تعجیــل) وەیــە و هەنــدێ (خــان)ی تێدابــووە کــە لــە بیســت و ســییەکانی ســەدەی رابــوردوودا بــۆ دوو مەبەســت بــەکار هاتــوون، یەکەمیــان بــۆ حەوانــەوەی خەڵــك، وەکــو (ئۆتێــل) لــە نهۆمــی ســەرەوە و خوارەوەشــدا بــۆ دابینکردنــی شــوێنی مەڕومــاڵات بــووە، کاتێــك بــۆ چەنــد رۆژێکــی کــەم لــەو شــوێنەی جێگەیــان بــۆ دابینکــراوە (کا و جۆیــان (ئالیــك) پێــدراوە، تییــدا هــەر لــەم شــوێنەی مامەڵــەی کڕیــن و فرۆشــتنی لەســەر کــراوە. هەنــدێ (خان)یــش هەبــوون، تەنیــا بــۆ دانانــی شــتومەکی بازرگانــەکان بــەکار دەهاتــن و زۆر

جاریــش خــاوەن خانەکــە ژوورێکــی بــۆ مامەڵــە و دانیشــتنی خــۆی بــەکار دەهێنــا، لــە کوردیشــدا وەکــو هــەژاری موکریانــی لــە (هەمبانــە بۆرینــە) دا نووســـیویەتی: (خـــان بـــە مانـــای کاروانســـەرا) دێـــت، کاروانســـەراش دەســتەواژەیەکە بەرانبــەر ئوتێــل بــەکار دێــت، ئــەو ئافرەتــەی کــە باســی دەکات و خانەکــەی بەڕێــوە بــردووە، خەڵکــی ســابڵاغ (مەهابــاد) بــووە و نــاوی (ســەیدزادە) بــووە، (نووســەر لــە چەندیــن خەڵکانــی بــە تەمەنــم پرســی، هیــچ زانیارییەکــم دەربــارەی ئــەو ئافرەتــە دەســت نەکــەوت، بــەڵام لــە (جلــدی ٥)ی ئینســکلۆپیدیای هەولێــر، نــاوی خانــە بەناوبانگەکانــی هەولێــر هاتــووە، وەکــو (خانــی عەلــی حاجــی، ئەحمــەد ئاغــا، خانــی ســپی، خانــی حەســەن بیــرەم، خانــی هیلگەچــی، خانــی عوســمان کــوردی، خانــی عوســمان کــەردزی، خانــی ســەعیدی جامبــاز، خانــی مســتۆکێ) هاتــووە.

هەنــدێ زانیاریــم دەربــارەی شــەقامی جمهــوری و خانەکانــی ئــەو ناوچەیــە لــە بــرای بەڕێــز کاك عومــەر فەرهــادی پێــدراوە.

٥- جەلال بەگ ١٩١٦-١٩٨٦:

خوالێخۆشـبوو جـەلال بـەگ کـوڕی عەبدوڵـڵا بەگـی سـەعید بەگـە و سـاڵی ١٩١٦ لـە کۆیـە لەدایکبـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە کۆیـە و دواناوەندیشـی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، پاشـان چووەتـە بەغـدا و لـە (پەیمانگـەی روپێـوی ئەندازیـاری (معهـد المسـاحە الهندسـیە) خوێندوویەتـی و سـاڵی ١٩٣٦ خوێندنـی تـەواو کـردووە و گەڕاوەتـەوە هەولێـر و لـە فەرمانگـەی

پرۆژەکانــی ئەندازیــاری (دائــره المشــاریع الهندســیه) دامــەزراوە.

ســاڵی ١٩٣٩ هاوســەرگیری کــردووە و شــەش کــوڕی بــە ناوەکانــی نــەژاد، فەرهــاد، ســالار، فوئــاد، دلێــر، هیــوا و ســێ کچــی بــە ناوەکانــی (نەســریــن، پەرویــن و هەنــا) هەیــە، ســاڵی ١٩٥٣ بــۆ کۆیــە گوێزراوەتــەوە و ســاڵی ١٩٥٥ بــۆ زاخــۆ و ســاڵی ١٩٥٦ بــۆ توزخورماتــوو، بــۆ سەرپەرشــتی پــرۆژەی پــردی داقــووق، ســاڵی ١٩٦١ گواســتراوەتەوە خانەقیــن و وەکــو بەڕێوەبــەری تاپــۆ، ســاڵی ١٩٦٣دوورخراوەتــەوە بــۆ (شــطره) لــە خــوارووی عێــراق، ســاڵی ١٩٧٠ بووەتــە بەڕێوەبــەری گشــتیی دائیــرەی تاپــۆی دهــۆك و ســاڵی ١٩٧٤ خانەنشــین دەکرێــت، لــە کەرکــووك دانیشــتووە، ســاڵی ١٩٨٣ چووەتــە بەغــدا تاکــو ســاڵی ١٩٨٦ و لــە تەمەنــی ٧٠ ســاڵیدا لــە بەغــدا وەفاتــی کــردووە.

برادەرەکانــی (عەونیــی شــاعیر، مێژوونــووس تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی، دادوەر وریــا کانــی مارانــی، عومــەر عەبدوڵــڵا ئەمیــن، دادوەر عومــەر حەبیب..تــاد.

خوالێخۆشــبوو مرۆڤێکــی سەرڕاســت و بــە ســەلیقە بــووە، کاری فەرمانبەرایەتــی زۆر بــە (شــەفافانە) بــەڕێ کــردووە و چەندیــن سوپاســنامەی لــە فایلەکەیــدا هەیــە کــە هەمــووی بەهــۆی راپەڕانــدن و کارامەیــی و پاکییــەوە بوونــە.

ســەرچاوەی زانیارییەکــە لــە رێگــەی دلێــری برامــەوە لــە مامۆســتا ســەردار ســەدیق بەگــەوە وەرگیــراوە، کــە دەکاتــە بــرازای خوالێخۆشــبوو جــەلال بــەگ.

٦- میرزا حاجی کەریم لە لاپەڕەکانی (پێشووتر)دا باسی لێوە کراوە.

٧- حەیوانــی مەڕدۆشــین بــە (مێینــەی مەڕومــاڵات دەگوتــرێ، ئەوانــەی کــە (شــیر)یان هەیــە دەدۆشرێــن (حلــب).

٨- روپیــە پــارەی ئــەو ســەردەمە بــوو کــە لــە زەمانــی عوســمانلیەوە بــەکار هاتــووە، تاکــو ســاڵی ١٩٣٢/١٠/١ روپیــە و ئانــە پــارەی (هنــد)ی بوونــە و لــە عێــراق بــەکار دەهــات، تاکــو ئەوکاتــە فەرمانــی کارپێنەکردنــی راوەســتا و پــارەی جــۆری (دینــار) هاتــە نێــو بــازاڕەوە.
شــایانی باســە (ســەرچاوەی گــوگل) عێــراق لەنێــوان چــوار ســەدە (١٥٣٤م-١٩٢٠) پــارەی عوســمانی بــەکار دەهێنــا تاکــو ســاڵی داگیرکردنــی عێــراق لەلایــەن ئینگلیــزەوە (١٩٢٠)، کــە تێیــدا دەســەڵاتی بەریتانیــا پــارەی هینــدی کــە خــۆی لــە (روپیــە) کاغــەز و (مەعــدەن) پێــك دەهــات، بەســەر عێراقــدا ســەپاند، تاکــو ١٩٣٢/١٠/١ کــە بڕیــای نەهێشــتنی روپیــە هاتــە کایــەوە و دینــاری عێراقــی ئەوجــا پــاش ماوەیــەك کەوتــە بــازاڕەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٥) گێڕانەوەی سێیەم

دەق:

**عەونی گوتی: ساڵی ١٩٣٥ بۆ یەکەمجار چوومە بەغدایە، لە (شورجە) شتێکی سپیم) دی، دەستم دایە، ورد بوو، وا تێگەیشتم (ئارد)ە، گوتم: ئەوە چییە؟ گوتیان: ئەوە شەکری (بەلووری)یە، حەلواچی و ماڵە فەقیر بەکاری دێنن، کیلۆی بە شەش فلسە، فەردەی سەد کیلۆیە.**

---

## شرۆڤە و روونکردنەوە:

وەکو دەردەکەوێ (عەونی) لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابوردوو زیاتر لەگەڵ هەولێر و بەغدا مامەڵەی بازرگانی کردووە، بە مەبەستی فرۆشتنی ئاژەڵ (مەڕوماڵات) لە هەولێر و بۆ بازرگانی (لۆکە و خوری و کەتیرە و مازو لەگەڵ بەغدا مامەڵەی کردووە، پاش ئەوەی لە بەغدا بابەتەکانی ساغ کردووەتەوە (فرۆشتنی) بە پارەی فرۆشتنەکەی پێویستی رۆژانەی ژیانی خەڵکی پێ کڕیوە و هێناویەتییەوە بۆ کۆیە کە بریتی بوون لە (شەکری کەلە، چای سیلانی، روون، برنج، سابوون.. تاد (بەندە خۆم) ساڵی ١٩٥٣ لەگەڵی بووم لە سەفەری دووەمان بۆ

بەغـدا کـە دەیـان (تـەن) لۆکـەی تەسـلیم بـە (محلـج القطـن العراقـی) کـرد کـە ئەوکاتـە شـوێنی کارگـەی پاککردنـەوەی لۆکـە و پەڕەکردنـی لـە تەنیشـت (جـسر الصرافیـە) بـوو و بەڕێوەبەرەکـەش نـاوی (نعیـم) بـوو.

سـاڵی ١٩٣٥ وەکـو دەگێڕنـەوە تەنهـا (شـەکری کەللـە یاخـود (شـەکری قەنـد) لـە کوردسـتان بـەکار دەهـات و زیاتریـش لـە وڵاتـی ئێرانـەوە دەهـات، بـەڵام دیـارە لـە پـاش سـاڵی ١٩٣٥ وەوە بـەرە بـەرە (شـەکری ورد هاتۆتـە بـازاڕی کۆیـە و کوردسـتان، شـەکری کەللـە یاخـود (قەنـد) قورسـاییەکەی لەنێـوان ١،٥ تاکـو ٢ کیلـۆ بـوو بـە کاغـەزی ئەسـتووری شـینی تـۆخ زۆر بـە جوانـی پێچرابـوو، بابەتـی شـکاندنی لـە هەمـوو ماڵێکـدا (تەختەیەکـی تایبـەت و شـەکر شـکێن) هەبـوو کـە ئـەو کەللـە شـەکرەیان پـێ دەشـکاند.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٥) گێڕانەوەی چوارەم

دەق:

عەونی گوتی: دەق: بابم بۆی گێڕامەوە: جاحیل بووم، دوو دابەستەمان[١] کڕیبوو، عەسران لە باغچەی غەریبان[٢] دەم لەوەڕاندن، ئێوارەیەک (حەمەئاغای غەفوری[٣]) لە دەشتی هەوراز دەهاتەوە و بەلای ئێمەدا تێپەڕی و گوتی (کوڕێی کێی؟ گوتم کوڕی فلانم، گوتی سبەینێ لەگەڵ ئەم (بەرانە) وەرە دیوەخانێ" سبەینێ کە چووم گوتی: کوڕم ئەو (دوو بەرانە[٤]) ئی منە و لە فلان بەرانیە، گوتم: لە فلان شوانکارەم کڕیون کە بانگی شوانکارەکەیان کرد، گوتی: بەڵێ وایە ئەو (بەرانە) لە (پەڕین[٥]) کەتوون، بۆیە فرۆشتوومن". (حەمەئاغا) ئەوجا گوتی: "کوڕم ئەتووم زۆر ماندی کردی، وره دوو کیلە (جۆ) لە بۆ بەرانەکانت ببە).

## پەراوێز:

١- دابەستە، ١٠٠ ساڵ پێشتر و پاشووتریش کە ڕێگەوبان بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە و زستانەکانی زۆر ساردوسڕ بوو، بەفر و بارانێکی زۆر دەباری و ڕێگەوبانیش دادەخران و ئیشوکار کەمتر دەبوون، سێ چوار مانگی زستان ئیشوکار کەمتر دەبوون، بۆیە وەکو داب و نەریت وا (باو) بوو، خەڵکی لە وەرزی هاوین و پاییزدا سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن و خۆراکی زستان بوون، وەکو: ساوار، بڕووش، دۆشاوی تەماتە و وشککردنەوەی بامیە و باینجان، سەرەڕای (قاورمە)کردن کە ئەویش بریتی بوو بەپێی باری دارایی خەڵکی (مەڕ و گۆلکی) لە ماڵەوە بەخێو دەکرد (دابەستە) و ئێوارانیش دەیانبردە ئەو دەشتودەرەی نزیك ماڵەکانیان، بە مەبەستی (قەڵەو)کردنی و لە وەرزی پاییزدا سەریان دەبڕی و گۆشتەکەیان لە (روون) سوور دەکردەوە و پێیان دەگوت (قاورمە) لە مەنجەڵی قووڵ و گۆسکەی گەورە بۆ وەرزی زستان هەڵیان دەگرت، چونکە لەو وەرزەدا گوشت بەهۆی سەختی زستان، زۆر کەم دەبوو، یاخود هەر نەبوو، بۆیە قاورمە لەو مەڕوماڵاتانە (دابەستە) دەکرا کە لە وەرزی هاوین و سەرەتای پاییزدا بەخێو دەکران و دەیانبردنە (لەوەڕێ).

٢- غەریبان، لە دەستەڕاستی گۆڕستانی (عارەبیان) تاکو ڕێگەی پیادەی جارانی نێوان کۆیە و هەرمۆتە، ئەوجا کاتێك بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ لای (تاتۆکان کە ئێستاکەش هەمووی بووەتە خانوو و

گەڕەکـی .... پێدەڵێـن، ئـەو ناوەنـدە بـە دەشـتی (غەریبـان) نـاوزەد دەکـرا کـە تێیـدا یـەك دوو کانیـاوی تێدابـوو، لـە وەرزی هاویـن و پاییـزدا ئـەوەی خـاوەن (دابەسـتە) بـا کـوڕە لاوەکانیـان ئێـواران دەیـان هێنایـە ئـەم دەشـتە، بـە تایبەتیـش خەڵکـی گەڕەکـی (بەفریقەنـدی).

٣- حەمەئاغـای غەفـووری (حەمەئاغـای گـەورە) ١٨٢٦-٢/٨/١٩٢٠ خوالێخۆشـبوو حەمـە ئاغـای گـەورە کـوڕی مەحمـوود ئاغـای کـوڕی حەمـە ئاغـای کـوڕی کەریـم ئاغـای کـوڕی غەفـوور ئاغـای غەفوورییـە، سـاڵی ١٨٢٦ ز لـە کۆیـە لـە بنەماڵەیەکـی گـەورە هاتووەتـە دونیـاوە، حەمـە ئاغـا لـە مـاوەی ٩٤ سـاڵی ژیانیـدا خـاوەن دیوەخانێکـی گـەورە و تێـر و پـڕ بـووە لـە رۆژە سـەختەکان و شـەڕ و گرانـی گـەورە، جێگـەی داڵدەدانـی هـەژار و لێقەوماوانـی دەڤەرەکـە بـووە، بەشـێوەیەك کـە دەنگـی لـە هـەر چـوار لاوە داوەتـەوە. سـاڵانی ١٩١٨-١٩١٩ -١٩٢٠ قائیمقامـی کۆیـە بـووە و خوالێخۆشـبوو جەمیـل ئاغـای حەوێزیـش جێگـری بـووە.

دەربـارەی حەمـە ئاغـای گـەورە، مامۆسـتا (مەسـعود محەمـەد لـە کتێبـی "حەمـە ئاغـای گـەورە، لـە لاپـەڕە ٤٣ دا دەڵـێ: (حەمـە ئاغـا پارسـەنگی ملکڵدارییـە لەنگـەر بەزیوەکـەی نەدەچـووە تـای تـەرزاووە مەسروفـە قورسـەکەیەوە لـە رێگەیەکـی ئابـووری دیکـەوە پارسـەنگی دەدایـەوە، هەتـا بڵـێ (مـەڕ)ی بەخێـو دەکـرد و لـە پەروەردەکـردن و ئاگالێبوونـی خەریـك بـووە. مـن لـە باوکـم بیسـتووە کـە دە هـەزار سـەر (مـەڕی) هەبـوو، ئـەم مەیلـەی بـۆ

مەڕداری کە شۆرەتی بەستبوو بە قەد شۆرەتی (سەخاوەتەکەی) بۆ بنەمای ئەو حکایەتە بێ درۆیانە باس لە بەخشندەیی حەمە ئاغا دەگێڕنەوە لە بەخشینی (رانەمەڕێك) بۆ فلانە کەس لە وڵاتی عارەبان، یان هەندەران کە کاتی خۆی بە مەڕی حەمە ئاغا (مێگەلی) پێکەوە ناوە. کاپتن های لە کتێبەکەیدا "دوو ساڵ لە کوردستان) لە چەند جێگەیەکدا باس لە کەسایەتی حەمە ئاغا دەکات، کاتێك کە ئەویش (کاپتن های) لەو ماوەیەدا کە حاکمی سیاسیی هەولێر بووە، بروسکەیەکی لە (جمیل) ئاغای کە جێگری حەمە ئاغا قائیمقام بووە، پێدەگات و تێیدا هاتووە (حەمە ئاغا زۆر نەخۆشە و پێویستە بە فڕۆکە پزیشکی لە بەغداوە بۆ بهێنن، بەڵام بۆ رۆژی دوایی بروسکەی دووەم، هەواڵی مەرگی (حەمە ئاغای) پێدەدات.

حەمە ئاغا لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا و لە ١٩٢٠/٨/٢ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (کەکۆن) دەنێژرێ.

سەرچاوە: کتێبی (حەمەئاغای گەورە- مەسعود محەمەد چاپی ١٩٦٨.

٤- بەران: قۆناغی گەورەبوونی تەمەنی نێرەی مەڕە، کە لە سەرەتاوە (بەرخ) و دواتر کاوڕ و لە کاوڕیشەوە بۆ شەك و لە پاشان دوا قۆناغی ناو (بەران)ە.

٥- پەڕین: ئەو دەستەواژەیە کە بۆ جووتبوونی نێر و مێی ئاژەڵ (مەڕوماڵات) بەکار دێت، کە دەڵێن لە (پەڕین) کەتووە یانی هێزی جووتبوونی نەماوە.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

گوتەبێـژ (عەونـی) لێـرەدا وەکـو بـۆ مامۆسـتا تاهیـر حەوێـزی گێڕاوەتـەوە، بـاس لـە رووداوێکـی باوکـی (حەبیـب عەبدوڵـڵا دەکات کـە لـە حەمـە ئاغـای گـەورە رووی داوە، کاتێـك کـە خوالێخۆشـبوو (حەبیـب) لاو بـووە وەکـو (داب)ی ئەوکاتـە و دواتریـش کـە پـاش بانگـی (عـەسر) ئێـواران لاو و جحێڵەکانـی ئـەو سـەردەمە، ئەگـەر (دابەسـتەیان) هەبووایـە، لـە وەرزی هاویـن و پاییزانـدا دەیانبردنـە (لـەوەڕ)ێ لـەو دەشـت و لەوەڕگایانـەی دەوروپشـتی شـارەکە (حەبیب)یـش ئێوارەیـەك لـە ئێوارەکانـی ئـەو سـەردەمە لەنێـو گژوگیـای دەشـتی (غەریبـان)دا دابەسـتەکانی خۆیانـی کـە بریتـی بـوون لـە (دوو بـەران) بەرێکـەوت حەمـە ئاغـای غەفـووری باوکـی خوالێخۆشـبوو (کاکـە زیـاد ئاغـا) کـە خاوەنـی مەڕوماڵاتێکـی زۆر دەبێـت، بـەو نـاوە رێـگا دەکات و تووشـی (حەبیـب) دێـت و لێـی دەپرسـێت، کـەوا ئـەو کـوڕی کێیـە و حەبیبیـش وەڵامـی دەداتـەوە  کـە کـوڕی کێیـە و پێـی دەڵـێ بەیانـی وەرە دیوەخـان.. حەمەئاغـا خـاوەن دیوەخانێکـی گـەورە و پۆشـت و پـەرداخ بـووە، بـۆ بەیانـی کاتـێ باپیـرم دەچێتـە لای حەمـە ئاغـا، لـە چۆنییەتـی خاوەندارییەتـی ئـەو دوو بەرانـە دەپرسـێت، لـە ئاکامـدا دەردەکەوێـت کـە شـوانکارەکەی حەمەئاغـا بەهـۆی گەورەیـی تەمـەن و لـە (پەڕاندن)کەوتـن، فرۆشـتوویەتی، لێـرەدا گێڕانـەوەی ئـەم رووداوە سـەرنج بـۆ دوو لایـەن رادەکێشـێت.

یەکەمیـان: بلیمـەت و زیرەکـی حەمەئاغـا بەدیـار دەکەوێـت، کـە چـۆن ئـەو خاوەنــی چەندیــن مێگەلــە مەڕومــاڵات بــووە و ســەرەڕای ســەرقاڵی بــە کار و ئەرکەکانــی خــۆی، کاتــی بــەوە نــاوە تێدەپــەڕی ئــەم دوو مــەڕە (بــەران) دەناسـێتەوە کـە موڵکـی ئـەون.

دووەمیـان پـاش ئـەوەی حەمـە ئاغـا دەزانێـت شـوانکارەکەی کـە (داب و نەریـت) وایـە کاتێـك مـەڕ گـەورە دەبێـت و لـە (پەڕیـن) دەکەوێـت، دەفـرۆشرێ و ئـەم دوو بەرانـە فـرۆشراوە، یەکسـەر بـە (حەبیـب) دەڵـێ "کـوڕم ئەتـۆم زۆر مانـدوو کـردووە لـە جیاتـی ئـەو ماندووکردنـە دوو کێڵـە گەنـم کــە دەکاتــە هەشــت تەنەکــە بــۆ بەرانەکانــی خۆتــی ببــە). کــە ئەمیشـیان خـۆی لـە دادپـەروەری و هەسـتکردن بـە بەرپرسـیاریەتی ئـەو دەگەیەنێـت، کاتـێ هەسـتی کـردووە خـاوەن بەرانەکانـی مانـدوو کـردووە، یەکســەر قەرەبــووی کردووەتــەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٦)
# گێڕانەوەی یەکەم لە ١٩٧٥/٩/٢١

دەق:

**عەونی گوتی:**

**(لـــە هاوینـــی ١٩٥٢ مـــن وەســـتا حوســـێنی نەجـــار[١] و عومـــەر ئاغـــای[٢] ئەحمەئەمیـــن ئاغـــا چووینـــە گونـــدی (ساروقامیشـــە[٣]) بـــۆ معامەلـــە، دیـــمان پۆلیســـێك هاتـــە نـــاو گونـــدی بـــەو نـــاوەی بزانـــێ (قاچاخچـــی) لێیـــە، هێنـــدەی پێنەچـــوو (حەمـــە ئاغـــا[٤])ی (بـــاش چـــاوەش) پۆلیـــس بـــە (٥-٦) پۆلیســـەوە وردە وردە دەوری گوندیـــان گـــرت (حەمـــە ئاغـــا) لامـــان دانیشـــت و گوتـــی: "حکومـــەت ئەتـــۆی لـــە رانیـــە دەوێ" وەســـتا حوســـێن گوتـــی: (بـــا پۆلیســـەکان بکوژیـــن و لـــە بۆخۆشـــمان بچینـــە بـــەری مەرگـــەی) منیـــش گوتـــم "شـــتی وا نابـــێ، ئەگـــەر وا بکەیـــن دەبـــێ بکەوینـــە لای ئاغایـــەك دەربـــەدەر بیـــن، بەگەلیـــان کەوتیـــن.**

**لـــە رێـــگا (حەمەئاغـــا) گوتـــی: (ئەگـــەر چ بەخـــۆت شـــك دەبـــەی، فیـــرار بکـــە، گوتـــم هیـــچ بەخـــۆم شـــك نابـــەم. چووینـــە رانیـــە، ســـەرا لـــە قـــەڵای بـــۆ (موقف)ەکـــەی زۆر ناخـــۆش بـــوو لـــە (ئەمنـــی عامـــە) ی بەغـــداوە داواکرابـــووم. (حاکـــم مظفـــر نەقشـــبەندی[٥]) لـــەوێ بـــوو، گوتـــی: (لـــە حـــەوش قەرەوێڵەیەکـــی بـــۆ دابنێـــن" ســـەر لـــە ئێـــوارە معاونـــی شـــورتە هـــات و گوتـــی: (چـــما ئۆتێلـــە) بـــەم چلـــەی هاوینـــە منیـــان بـــردە ژووری، ســـەعات (١٢)ی نیوەشـــەو حاکـــم پێـــی زانیـــوە، گوتـــم: گوێیـــان نـــەدا بـــە قســـەی تـــۆ" حاکـــم زۆر تـــووڕە بـــوو، ســـبەینێ**

(وەستا حوسێن و عومەر ئاغا هاتن. (ئیسماعیل مەلا عەلی[٦]) قائیمقام بوو. منیان هێنایەوە کۆیە (نەجمەدین سائیب[٧]) یش (متصرف) بوو. (١٢٠) کەسیان گرتبووین وەك (عومەر[٨] و عوسمان و عەلی) کوڕانی مام عەبدوڵڵا ئەمین. عومەر حەبیب[٩] (برا بچووکی عەونی) عومەر دەبابە[١٠]، حسام الدین طیب[١١]، ئەحمەدی حەمەی مەلا[١٢]، لە مەحکەمە گوتیان: ئێوە لەسەر مذکرەی حاکم تحقیق (رصافە) گیراون و شایەدیتان لەسەر دراوە کە ئێوە (شیوعی)ن! حوکمی داین، یەکی بە ساڵێك و لە لیوای هەولێر دوور بخرێینەوە، "من و حسام الدین طیب" ناردراینە کەرکووکی، دوو سێیەکیشمان ناردرانە مووسڵ لە دوای ئێمە (کەمال[١٣] رەشید حەوێزی بەناوی شیوعی هێنابوو، لەلای حاکم گوتی: من لە هیچ دانیم و ئەویان ئیزندا.

حاکم (مەلا سەدیق[١٤]) لە کەرکووکی گوتی: "حوکمەکەی (تمیز) بکەن) (رەشاد عارف[١٥])یش رای لێ بوو، هەرچەندە هەموو متصرفەکانی شیمال (کوردستان) مووسڵ، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی زەغتیان (فشار) دەکرد حوکمەکە (تصدیق) بکرێت، بەڵام محکمەی تمیز (نقض)ی رەتیکردەوە و ئێمەیان ئیزندا. مەلا سەدیق ئیختیار بوو، هێندەی نەمابوو بۆ (تقاعد) ی حکومەت (لەو رقە) زووتر تقاعدی کرد. ئەوجاری (عونی یوسف[١٦]) ی هەولێری، و عەبدولواحید نەشئەت[١٧] و زاهیر ئەحمەد هەناری[١٨])شمان لەگەڵ بوو.

## پەراوێز:

١-وەستا (حوسێن)ی نەجاڕ ١٩٠٤-١٩٦٨/١/٤

خوالێخۆشبوو حوسێن قادر ئەحمەد ناسراو بە وەستا حوسێنی نەجاڕ ساڵی ١٩٠٤ لە کۆیە چاوی بە دونیا هەڵێناوە، وەستا حوسێن لە سوختەخانە (الكتاب) فێری خوێندن بووە، سەرەڕای ئەوەی نەچووەتە قوتابخانە، بەڵام بە چاکی فێری خوێندن و نووسین بوو، چونکە لەو سەردەمەدا تەنیا ئەو شێوە خوێندنە هەبووە، بەهۆی ئەوەی لە سوختەخانە خوێندوویەتی، نزیك بووە لە مزگەوت و مامۆستایانی ئایینی و زۆر مولتەزیم بووە بە نوێژ و رۆژ و یارمەتیدانی هەژاران.

خوالێخۆشبوو لە سەرەتای ژیانی (نەجاڕ) بووە، ناوبانگی نەجاڕ باش، تاکو ئێستاش ماوە و بە چاکترین نەجاڕ دادەنرا لە کۆیە و دەڤەرەکەی هەتا هەندێ شتی دروستکراوی مابوو تا ساڵێك پێش ئێستا بۆ نموونە "دەرگەی قیصریەکانی کۆیە" و لەم پیشەیە بەردەام بووە تاکو کۆتایی سییەکانی سەدەی رابوردوو، لە سەرەتای چلەکانەوە دەستی کردووە بە کاری تیجارەت و لە سەرەتادا بە تیجارەتی (لۆکە و خووری) کە لەگەڵ بەغدا و مووسڵەوە، دوایی دەستی کردووە بە تیجارەتی (توتن)، پاش ماوەیەك لەگەڵ خوالێخۆشبوو عوسمان عەونی بوونەتە شەریك و تیجارەتەکەیان گەورە و فراوانتر بووە، بەهۆی ئەم پەیوەندییە نێوانیان رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی خێزانیش بەهێز و

توندوتـۆڵ بـووە و وەکـو دوو خێزانـی خزمـی نزیکیـان لێهـات.

خوالێخۆشـبوو وەسـتا حوسـێن پیاوێکـی وریـا و زیـرەك و چاونەتـرس بـوو، سـەرەڕای ئـەوەی کـە خـۆی خـۆی پێگەیاندبـوو، پەیوەنـدی خزمایەتـی لەگـەڵ خزمانـی زۆر بـاش بـوو، هەموویـان زۆریـان خـۆش دەویسـت و ڕێزیـان لـێ دەنـا و گوێڕایەڵـی کەسـایەتی ئـەو بـوون و ئەویـش یارمەتـی هەموانـی دەدا و بـە گـەورەی خۆیانیـان دەزانـی. بـە نیسـبەت ئیشـوکاری لەگـەڵ جووتیارەکانـدا ڕۆڵێکـی باشـی هەبـوو بـۆ پێشـکەوتنیان و یارمەتـی هەموویانـــی دەدا بـــە دابینکردنـــی کەلوپەلـــی کاری کشـــتوکاڵ، وەکـــو کەلوپەلـی (ناعـور و ماتـوری ئـاو) سـەرەڕای یارمەتیدانـی قوتابیانـی هـەژار بـە پـارە و هاندانیـان بـۆ بەردەوامبـوون لـە خوێنـدن.

خوالێخۆشـــبوو هاوســـەرگیری لەگـــەڵ خاتـــوو زهـــوە قـــادر کەریـــم، نـاسراو بـە حاجـی زهـوە ١٩١٧-١٩٨٤/٣/٤ کـردووە کـە لـە نێـوان سـاڵانی هاوسـەرگیریدا سـێ کـوڕ و چـوار کچـی هەبـوو، توانـی کـوڕ و کچەکانـی لەسـەر ڕەوشـتبەرزی پـەروەردە و گـەورە بـکات و ئەوانیـش ڕێوشـوێنی باوکیـان گرتـووە.

لـە بـواری نیشتمانپەروەریشـدا خوالێخۆشـبوو مرۆڤێکـی نیشـتمانپەروەر بـوو لـە سـەردەمی پادشـایەتیدا، ڕۆڵێکـی باشـی هەبـوو بـۆ پشـتگیری نیشـتمانپەروەران و لـە کاتـی هەڵبژاردنـی (پەرلەمانـی عێـراق)دا جارێکیـان بـە ناچـاری بـۆ ماوەیـەك چـووە گوندەکانـی دەوروپشـتی کۆیـە، کاتێـك ئەمـری حەپسـکردنی لەلایـەن میرییـەوە دەرچـوو بـوو، کاتێـك شۆڕشـی

ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٦١ هەڵگیرسـا، خواڵێخۆشـبوو کۆمەکـی شۆڕشـی دەکـرد، چ بـە پـارە و چ بـە ناردنـی جلوبـەرگ و لـە رەشـبگیری سـاڵی ١٩٦٣یشـدا دەسـتگیر کـرا و بـە سـاڵێك حوکمـدرا. لەگـەڵ دەستبەسـەردا گرتنـی مـاڵ و مەوجوداتـی کـۆگای توتـن و سـووتاندنی. لـە حەپسـخانە تووشـی جەڵتـەی دڵ بـوو، بـەم هۆیـەوە نەخۆشـییەکەی مـا، تـا کۆتایـی ژیانـی و لـە تەمەنـی ٦٤ سـاڵیدا و لـە کۆیـە کۆچـی دوایـی کـرد.

سـەرچاوە: عەبدولڕەحـمان حوسـێن قـادر، کـوڕی خواڵێخۆشـبوو لـە ٢٠٢٠/٨/١٧ بـە نووسـین زانیـاری بـۆ نـاردم.

٢-عومەر ئاغای ئەحمەدی ئەمین ئاغا ١٨٩٢-١٩٦٠

عومـەر ئاغـا کـوڕی ئەحمـەد ئاغـای کـوڕی ئەمیـن ئاغـای (ئەختـەری شـاعیر)ە، ساڵی ١٨٩٢ لـە کۆیـە لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی هاتووەتـە دونیـاوە، دایکـی نـاوی (سـەلما خانـی کچـی حاجـی ئاغـای کانەبیـە) و خێزانەکەیـان کـە بـە حـاڵ و بـاری بـاش هاتوونەتـە خـوارێ، خواڵێخۆشـبوو (عومـەر ئاغـا) لـە سـەرەتای سـاڵانی سـەدەی رابـوردوو هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتـوو (رەعنـا حاجـی محەمـەد ئاغـا)دا دەکات لـە مـاوەی ژیانیـدا بووەتـە باوکـی سـێ کـوڕ و چـوار کـچ، بـە ناوەکانـی (عەلـی ئاغـا، بەکـر، لوقـمان، رازیـە) لـە بۆردوومانەکـەی سـاڵی ١٩٨٧ شـەهید کـرا، ماهیـە خێزانـی سـمایلی سـوارئاغای بلبـاس، سـیوەیل، سـەبریە) وەکـو لـە درەختـی خانـەوادەی حەوزییـەکان دەردەکەوێـت کـە گـەورەی ئـەم خانەوادەیـە حاجـی بەکراغـا

(قاصـده) خوالێخۆشـبوو عومـەر ئاغـا پیاوێکـی هێمـن و لەسـەرخۆ بـووە، خەریکـی کار و کاسـبی بـووە، وەکـو بازرگانـی توتـن، مەڕومـاڵات، لەگـەڵ کاک عەونیـی شـاعیر و کەسـانی دیکـە بازرگانـی هاوبەشـیان کـردووە (شـەراکەت) لـە سـاڵانی پەنجاکانـی ئـەو قوتابیانـەی کـە لـە کۆیـە دەیانخوێنـد و لـە دەرەوەی شـاری کۆیـە هاتبـوون، هەمیشـە ماڵەکـەی دیوەخـان و مونجـەی دەهـات و پیاوێکـی خێرخـواز و دوور بـووە لـە هەمـوو کێشـە و گیروگرفتێـك، خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٦٨ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٦٠ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی (عارەبیـان) نێـژراوە.

سـەرچاوە (مافپـەروەر: ئـاراس عەبدولخالـق عەبدولحەمیـد) بـە نووسـین: ٢٠٢٠/٨/٢٦ بـۆی ناردووم.

٣-گونـدی ساروقامیشـە، دەکەوێتـە دامێنـی دەشـتی بیتوێـن، بەرانبـەر هـەردوو گونـدی (گرجـان، قەرەنیاغـا) لـە رووی رۆژهەڵاتـەوە گونـدی (ساروقامیشـە) لەگـەڵ دەیـان گونـدی دەشـتی بیتوێنـدا کەوتـە پانتایـی دەریاچـەی دوکان و ئـاوی دەریاچەکـە دایپۆشـین، جووتیارەکانـی ئـەو گوندانـە گوێزرانـەوە بـۆ هەنـدێ ناوچـەی دیکـە و قەرەبـوو کرانـەوە. ئاشکراشـە دەشـتی بیتوێـن باشـترین و فراوانتریـن شـوێنی چاندنـی (توتـن و لۆکـە) بـوو.

٤-حەمە ئاغا ١٩١٥-١٩٦١

ناوی محەمەد رەشید ئاغا ناسراو بە حەمە ئاغای باش چاوەش ساڵی ١٩١٥ لە گوندی (کانی بی) سەر ... لەدایکبووە.

خوێندەوارێکی کەمی هەبووە، بەڵام لە حەپسخانەدا فێری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە، لە سەرەتای لاویەتییەوە بووەتە پۆلیس و تاکو بووەتە (باش چاوەش) یانی پلەی (عەریفی پۆلیس)، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەکو پۆلیس و باش چاوەش لە قشڵەی کۆیە و مەخفەری مێرگەسوور و شەقڵاوە و هەرتەل و دواتر لە رانیە کاری کردووە، کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە، حەمەدەمین ئاغای نازەنینی خاڵی بووە، لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ (حوسنی خان) دا کردووە، دوو کوڕی بە ناوەکانی (فەرهاد و وریا) و کچێکی بەناوی زینەت هەیە، لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیدا و لە ١٩٦٣ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

سەرچاوە: بە تەلەفۆن زانیاری لە هیوای کوڕی وریای حەمە ئاغا لە ٢٠٢٠/٩/٢٩ وەرگیراوە.

٥-حاکم موزەفەر نەقشبەندی ١٩٢٢-٢٠١١

خوالێخۆشبوو موزەفەر (مظفر) نەقشبەندی ساڵی ١٩٢٢ لە گەڕەکی خانەقا لە هەولێر لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و ساڵی ١٩٤٢ لە کۆلیژی حقوق

لـە بەغـدا وەرگیـراوە و سـاڵی ١٩٤٦یـش بەکالۆریۆسـی لـەم کۆلیـژەدا وەرگرتـووە.

شـێخ موزەفـەر سـەرەڕای زمانـی کـوردی، هەروەهـا هـەر سێ زمانەکانـی عەرەبـی، تورکـی، ئینگلیزیشـی زانیـوە و سـاڵی ١٩٥٠ لـە دادگـەی بەرایـی (بـداءة) رانیـە بـە حاکـم دامـەزراوە و پاشـان گوێزراوەتـەوە بـۆ دادگـەی مەخمـوور و جارێکـی دیکـەش پـاش ماوەیـەك بـۆ رانیـە گوێزرایـەوە لـە ١٩٥١/١٢/١ تاکـو ١٩٥٣/٣/٢٥ لـەوێ مایـەوە، ئەوجـا لەنێـوان دادگاکانـی سـلێمانی، هەڵەبجـە، رانیـە بەڕێکـردووە تاکـو سـاڵی ١٩٥٨ ئەوجـا بـە حاکمـی بەرایـی (بـداءة)ی هەولێـر پاشـان سـەرۆکی دادگـە لـە هەولێـر، تاکـو سـاڵی ١٩٦١ مایـەوە، لەوێـوە وەکـو (مفتـش عدلـی) بـۆ بەغـدا گوێزرایـەوە ك تێیـدا پۆسـتی سـەرۆکی داواکاری گشـتی (الادعـاء العـام) بـە وەکالـەت دەدیـت تاکـو ١٩٦٢/٨/١١، سـاڵی ١٩٦٨ وەکـو باڵیـۆز (سـەفیر) لــە دیوانــی وەزارەتــی دەرەوە دەستنیشــان کــرا و لەســەر داوای خــۆی خانەنشـین کـرا.

لەبـارەی ژیانـی سیاسـییەوە، شـێخ موزەفـەر لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٩ لەنـاو شـانە نهێنییەکانـی رێکخسـتنی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە لقـی٥ لـە بەغـدا کاری پارتایەتـی لـە (هێڵـی فەرمانبـەران دەکـرد، لەگـەڵ خوالێخۆشـبووان (نەجیـب بابـان، یەکتـا عومـەر حەوێـزی)، سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلولـەوە کـرد و پۆسـتی (سـەرۆکی دادگـەی تەمیـز)ی کوردسـتانی پێسـپێردرا، پـاش نسـکۆی شـۆڕش لـە ٦ی ئـازاری

ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی خێزانەکەی گەڕایەوە بەغدا، بەڵام هەردوو کوڕەکانی: (مونزر و وەلید) چوونە سووریا، ئەوسا مونزر ئەندامی دەستەی کارگێڕی لقی٧ی پارتی بوو، وەلیدی برا بچووکیشی، لێپرسراوی ئامر هێزی بەگریی ئاسمانی بوو لە چۆمان.

خوالێخۆشبوو شێخ موزەفەر ساڵی ١٩٧٩ کرا بە باڵیۆزی عێراق لە وڵاتی غینیا، لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی دیاری هەولێر بوو لەو کاتەی حکوومەتی عێراق بە دوای کەسایەتیی (کورد و مەسیحی)دا دەگەڕا بۆ پێدانی پۆست، پاش (غینیا)، خوالێخۆشبوو شێخ موزەفەر وەکو باڵیۆز بۆ مالیزیا گوێزرایەوە کە تاکو ساڵی ١٩٨٦ خایاند، ئەوجا خانەنشین کرا، کاتێك تەمەنی خانەنشینی هات، ساڵی (٢٠٠٣) گەڕایەوە هەولێر و لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، خێزانەکەی عەرەبە و لە عەشیرەتی (جبور)ە، ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد و لە هەولێر نێژرا.

سەرچاوە بە نووسین لەلایەن (مونزر و موزەفەر) نەقشبەندی کوڕی خوالێخۆشبوو لە ٢٠٢٠/٧/١٠ بۆم هاتووە.

٦-ئیسماعیل مەلا عەلی مامە شێخە ١٩١٤-١٩٩٩

خوالێخۆشبوو ئیسماعیل مەلا عەلی مامە شێخە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە گەڕەکی گوێژە لەدایکبووە و قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی تەواوکردووە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، لە پاداشتدا

شێخ مەحمـوودی حەفیـد (چەفتـە)ی بـە دیـاری پـێ بەخشـیووە، لەگـەڵ بابـا عەلـی شـێخ مەحمـوود پێکـەوە تەواویـان کـردووە، پاشـان چووەتـە بەغـدا و لـە ناوەنـدی (غریبـە) و (اعدادیـەی مرکـزی) خوێنـدووە، پاشـان لـە کۆلیـژی (حقـوق) وەرگیـراوە و سـاڵی ١٩٣٨ -١٩٣٩ کۆلیـژی تـەواو کـردووە و بەکالۆریۆسـی وەرگرتـووە کـە لـەم سـاڵەدا تەنیـا دوو قوتابـی کـورد لـە حقـوق دەرچـوون، ئیسـماعیل مـەلا عەلـی مامـە شـێخە، قـادر ئاغـای مـەلا محیەدیـن. سـاڵی ١٩٣٩ بـە (مودیـری ناحیـەی قـەرەداغ) دامـەزراوە و پاشـان شـەش مانـگ (جنـدی تدریـب) بـووە لـە بەغـدا، پاشـان سـێ مانـگ (ضابـط احتیـاط، مـلازم ثانـی) لـە سـلێمانی تـەواو کـردووە، ئەوجـا گوێزراوەتـەوە بـۆ ناحیـەی بازیـان و لـە بازیانیشـەوە بـۆ شـەقڵاوە (١٩٤٣-١٩٤٤) لـە شەقڵاوەشـەوە بـۆ ناحیـەی گوێـر و لەوێـش بـۆ ناحیـەی قەرەحەسـەن، کـە مەرکەزەکـەی لەیـلان بـوو، پاشـان بـۆ ناحیـەی دوزخورماتـوو و لەوێـوە بووەتـە قائیمقامـی رانیـە (١٩٥١-١٩٥٢) و پاشـان لـە ١٩٥٣ بووەتـە قائیمقامـی مەرکـەزی لـە سـلێمانی و لەوێشـەوە بـۆ هەڵەبجـە ئەوجـا پشـدەر (قـەڵادزێ) لـەوێ بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ (فصـل) دەکرێـت کـە لـەو سـەردەمەدا سـەعید قـەزاز، وەزیـری ناوخـۆ بـوو، پـاش ئـەو دوو سـاڵە گەڕایـەوە وەزیفـە و بـوو بـە (معاونـی سـەرۆکی تەسـویەی ئـەرازی لـە هەولێـر. لـە سـەردەمی پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨دا سـەرۆکی (تەسـویەی هەولێـر کـە خوالێخۆشـبوو (عەونـی یوسـف) دەبێـت، دەبێتـە وەزیـر. (ئیسـماعیل مـەلا عەلی)یـش دەبێتـە سـەرۆك

تەسـویەی هەولێـر و پاشـان سـەرۆك تەسـویەی کەرکـووك ئەوجـا (مووسـڵ) تاکـو کودەتاکـەی ١٩٦٣، پاشــان خــۆی خانەنشــین دەکات، خوالێخۆشــبوو سـاڵی ١٩٤٥ لــە گوێـڕ لەگــەڵ (خەدیجــە عەبدولقــادر) خوشـکی یونـس ئەفەنــدی موهەندیــس هاوســەرگیری دەکات، بــەڵام لــە ســاڵی ١٩٥١ لــە یەکـتری جیـا دەبنـەوە، بـۆ جـاری دووەم لـە سـاڵی ١٩٥٢ لەگـەڵ (گورجیـە صـبری بـەگ)دا لــە سـلێمانی هاوسـەرگیری دەکاتــەوە.

خوالێخۆشـبوو کاك ئیسـماعیل (١٩٧٠) بـە جەڵتـەی دڵ لـە بەغـدا کۆچـی دوایــی دەکات. خوالێخشــبوو بــرای تێکۆشــەری دێریــن و خۆڕاگــر مامۆســتا (عومــەر عەلــی شــێخە) ئەندامــی مەکتەبــی سیاســیی حیزبــی شــیوعیی عێـراق و حیزبـی شـیوعیی کوردسـتان، کـە ئێسـتا لـە هەولێـر دەژی.

**ســەرچاوەی زانیارییــەکان:** لەلایـەن خاتــوو (پەخشــان زەنگەنــە) پەیـدا کــراوە و ئامــادە کــراوە لــە ٢٠٢٠/٨/٣ بــە نووســین بــۆم هاتــوون.

٧-نەجمەدین سائیب

ئەوەنــدەی دەربــارەی ئــەم کەســایەتییە زانــراوە ســەرەڕای ئــەوەی پەیوەندیــم بــە چەنــد دۆســتێکی خۆمــەوە کــرد لــە ســلێمانی و گــەڕان بەنـاو کتێبـی بنەماڵەکانـی سـلێمانی لـە نووسـین و کۆکردنـەوەی (ئەکرەمـی سـاڵحی رەشـە) و (اعـلام الکـورد) ی جەمـال بابـان و (شـەجەرەی بنەماڵـە دێرینەکانــی ســلێمانی)ی عەبدولواحیــد صابــر، تەنیــا ئــەوەم دەســتکەوت کــە خوالێخۆشــبوو نەجمەدیــن صائبــە.

١- خەڵکی شاری سلێمانییە.

٢- لە ١٩٤٨/١١/٥ تاکو ١٩٥٠/١١/٢١ موتەسەریفی (پارێزگار)ی شاری سلێمانی بووە.

٣- لە ١٩٥٠-١٩٥٢ موتەسەریفی (پارێزگار)ی هەولێر بووە.

٨-عومەر و عوسمان و عەلی کوڕانی مام عەبدوڵڵا ئەمین

عومەر عەبدوڵڵا ئەمین لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

عوسمان عەبدوڵڵا ئەمین ١٩١٧-١٩٨٨

خوالێخۆشبوو ناوی تەواوی (عوسمان عەبدوڵڵا ئەمین)ە و ساڵی ١٩١٧ لە شاری کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لەدایکبووە و خێزانەکەی خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرن، باوکی لە گوندی سوس لە ناوچەی خۆشناوەتی خاوەنی موڵك و رەز و باغی خۆیان بوون. کاك عوسمان کە بە رەسمی ناوی خۆیەتی، هەمیشە بە کاك یان مام (وەتمان) ناوی دەهات. مام وەتمان لە سەرەتای لاویەتییەوە لەگەڵ برا گەورەی عومەر عەبدوڵڵا ئەمین (١٩٠٨-١٩٩٠) و برای لەخۆبچووکتری مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢-٢٠١٧) لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی کوردایەتیدا بوون و هیچ کاتێك سڵیان لە تێکۆشان نەکردووەتەوە، لە ئەنجامدا تووشی ناخۆشی و حەپس و ئاوارەیی بوون.

خوالێخۆشبوو مام وەتمان خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش خوێندەوارییەکی باشی هەبوو و لە سەرەتای

دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کە (مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا) برای یەکێك بوو، لە دامەزرێنەرەکانی و پاشانیش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. مام وەتمان بوو بە ئەندامی پارتی، لە سەرەتای حەفتاکانیش بوو بە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە، ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووەتەوە تاکو نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا، ئەویش وەکو هەزاران خێزانی کوردستانی گەڕایەوە شاری کۆیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی رژێمی بەعس و دائیرەی ئەمن بە دواداچوونی لەگەڵ دەکەن و چەندین جار بانگهێشتی دائیرەی ئەمن دەکرێت، ناچار دەبێت جارێکی دیکە کۆیە بەجێبهێڵێ و پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، بەڵام بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی لە شاری (شنۆ) جێگیر دەبێت، تاکو دوارۆژی ژیانی و لە تەمەنی ٧١ساڵیدا لە ١٩٨٨/١٢/٢٣ کۆچی دوایی دەکات و هەر لە شاری شنۆ لە گۆڕستانی ئاوارەکان بە خاکدەسپێردرێ. مام وەتمان خێزاندار بووە و خێزانەکەی ناوی خاتوو (کافیە سۆفی نەشئەت) و دوو کوڕی بە ناوەکانی (چاپووك) کۆچی دوایی کردووە. کۆسرەت دەرچووی کۆلیژی زانستە و لە هەولێر دەژی، کچەکەشی (خاتوو چیمەن) خێزانی کاك (رەمزی شەعبان) و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە.

سەرچاوە مافپەروەر ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید بە نووسین لە ٢٠٢٠/٦/٧ بۆی ناردووم.

٩- مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (١٩٢٢-٢٠١٧)

مامۆستای خوالێخۆشبوو عەلی عەبدوڵڵا ئەمین ساڵی ١٩٢٢ لە کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لەدایکبووە، باوکی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئەمین خەڵکی گوندی (سۆسێ)ی لە دەڤەری خۆشناوەتی سەر بە کۆیە بووە، لە گوندی سوسێ موڵك و باغی خۆیان هەبوو، دایکیشی خوالێخۆشبوو (حەنیفە ڕەسووڵ) خەڵکی گوندی (کێشکی) بووە، هەر لە کۆنەوە ئەو دوو خێزانە هاتوونەتە کۆیە. مامۆستای خوالێخۆشبوو برای بە ناوەکانی (عومەر و عوسمان) ئێستا ئەوانیش لە ژیاندا نەماون، خوشکێکیشیان بە ناوی خاتوو (ڕەحمە خان)هەیە و بووەتە خێزانی خوالێخۆشبوو (محیەدین ئەسعەد ئاغای غەفوری) و دەکاتە دایکی بەڕێزان (کەمال، حاجی، خەیرەدین، چوستی) و خوالێخۆشبووان فریاد و ڕۆستەم.

مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردووە و لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابوردوودا چووەتە شاری بەغدا و کۆلیژی ئەندازیاری بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و هاوڕێ و هاوپۆلی عومەر مستەفا دەبابە (١٩٢٣-١٩٢٢) و بەکر ئیسماعیل (١٩٢٤-٢٠٠٨) و حاکم عومەر حەبیب (١٩٢٣-١٩٧٦) بووە.

پاش دەرچوونی وەکو ئەندازیار، ماوەیەك خەریکی کاری بەڵێندەرایەتی (مقاولات) بووە و چەندین کار و باڵەخانە و پڕۆژەی ئەنجامداوە لەگەڵ کوردپەروەرێکی دیکەی شاری کۆیەدا، ئەویش (کەمال حاجی مەجید ١٩٤٧-١٩٨٧) جا ئەو زاتە کوردپەروەرە هیچ کاتێك درێغیان نەکردووە

لـە یارمەتیدانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان. مامۆسـتا عەلـی عەبدوڵـڵا هـەر لـە سـەرەتای لاوێەتییـەوە کەلکەلـەی کوردایەتـی لـە مێشـکیدا بـووە و زوو چووەتـە نـاو ریـزی حیزبـی هیـوا، کـە سـەرۆکەکەی مامۆسـتا (رەفیـق حیلمـی) بـوو، دوای سـاڵی ١٩٤٣ لەنـاو (هیـوا) دوو ئاراسـتە پەیـدا بـوو، ئاراسـتەی چـەپ و ئاراسـتەی راسـت، (یسـار و یمیـن) لەگـەڵ هەڵگیرسـانی (شۆڕشـی بـارزان) لـە سـاڵی ١٩٤٣دا سـەرجەم رۆشـنبیر و ئەفسـەرە پێشـکەوتووخوازەکان لـە بـەرەی چـەپ لەنـاو حیزبـی هیـوا هاتوونەتـە دەرێ. خاڵـی ناکۆکـی ئـەم دوو ئاراسـتەیش، خـۆی لـەوەدا دەدیتـەوە کـە چەپـەکان (یسـار) لایەنگـری شۆڕشـی بارزانیـان دەکـرد کـە (بارزانیـی نەمـر) سـەرکردەی دەکـرد، سـەرەڕای پشـتگیری لـە جەمسـەری سـۆڤیەت بـەو ئاراسـتەی سـۆڤیەت پشـتیووانی گـەلان دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٤٤ لـە شـاری کەرکـووك کۆنفرانسـێك بەسـترا و تێیـدا باڵـی (راسـترەوەکان-یمین) خۆیـان هەڵوەشـاندەوە، بـەڵام چەپـەکان هەندێکیـان چوونـە پـاڵ حیزبـی شـیوعیی عێـراق و هەندێکیشـیان لایەنەکـەی تـر حیزبـی شـیوعیی کوردسـتان بـوون بـە نـاوی (حیزبـی یەکێتیـی تێکۆشـین-حـزب وحـدە النضـال) دوایـی هـەردوو باڵەکـە هاتنـەوە نـاو حیزبـی تێکۆشـین، سـاڵی ١٩٤٥ چەنـد سـەرکردەیەك لـەو تێکۆشـەرە نەمرانـە (عەلـی عەبدوڵـڵا، نافـع یونـس، سـاڵح حەیـدەری) حیزبێکـی دیکەیـان بـە نـاوی (حیزبـی شـۆڕش) دروسـت کـرد و مەکتەبـە سیاسـییەکەی بریتـی بـوون لـە (سـاڵح حەیـدەری سـکرتێر، نافـع یونـس، عەلـی عەبدوڵـڵا، عەبدولکەریـم

تۆفیــق، رەشــید عەبدولقــادر) و رۆژنامەیەکیشــیان بــە نــاوی (شــۆڕش) دەرکــرد و دوایــەش پــاش نزیکبوونــەوە لــە حیزبــی (رزگاری کــورد) و پــاش چەندیــن کۆبوونــەوە و بەیــەك گەیشــتن لەگــەڵ تێکۆشــەر (هەمــزە عەبدوڵــڵا) و رەزامەنــدی بارزانیــی نەمــر بنچینــەی دروســتبوونی (پارتــی دیموکراتــی کــورد) دامــەزرا و کۆنگــرەی یەکــەم لــە ١٩٤٦/٨/١٦ لــە ماڵــی (ســەعید فەهیــم حەوێــزی) گرێــدراو مامۆســتا عەلــی عەبدوڵــڵا یەکێــك لــە هەڵبژێردراوەکانــی کۆمیتــەی ناوەنــدی و پاشــان بــە ئەندامیەتــی مەکتەبــی سیاســی هەڵبژێــردرا و کــە تاکــو کۆنگــرەی پێنجــەم کــە لــە ســاڵی ١٩٦٠ بەســترا لــە ئەندامەتییــە مایــەوە.

لــە ســاڵی ١٩٦٤ بەهــۆی پشــتگیری لــە باڵــی مەکتەبــی سیاســی لــە ریزەکانــی پارتــی دوورخرایــەوە، لــە ســاڵی ١٩٦٦ لەبــەر وەفــا و رێزگرتــن لــە خەبــات و مانــەوەی لــە ریــزی شۆڕشــدا، جارێکــی دی هەڵبژێردرایــەوە و بــوو بــە ئەندامــی مەکتەبــی سایســی و بەرپرســی دارایــی پارتــی، چونکــە هەمیشــە بــە دەســتپاکی ناسرابــوو، لــە کۆنگــرەی هەشــتەمی پارتــی (١٩٧٠/٦/١) بــە ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی هەڵبژێــردرا و بــۆ ماوەیــەك بــوو بــە سەرنووســەری رۆژنامــەی (التأخــی) لــە بەغــدا، لــە رێککەوتــی ١٩٧١/٢/٣ تاکــو ١٩٧٤/٣/١ پۆســتی پارێــزگاری ســلێمانی پێســپێردرا، لــە ســاڵی ١٩٧٤ پــاش شــەڕی زاڵمانــەی بەعــس، مامۆســتا عەلــی عەبدوڵــڵا بــوو بــە ئەمینــداری دارایــی (ئابووریــی شــۆڕش) تاکــو ١٩٧٥/٣/٦ پاشــان وەکــو پەنابــەر چووەتــە ئێــران و ســاڵی ١٩٧٦ لــە کۆنگــرەی بەرلیــن بووەتــە ئەندامــی ســەرکردایەتیی

حیزب (القیادە الموقتە) ساڵی ١٩٧٩ بۆتە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی (کۆنگرەی نۆیەم) ساڵی ١٩٩٠ بووەتە جێگری سەرۆکی پارتی (کۆنگرەی دەیەم) ساڵی ١٩٩٣ لە کۆنگرەی ١١دا دیسان داندراوە بە جێگری سەرۆکی حیزب، ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنگرەی ١٢دا دیسانەوە بە جێگری سەرۆك داندرایەوە، ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێزدەهەمن لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانییەوە بە مامۆستای پارتی ناسێندرا. لە کەسایەتییە یەکەمەکانە کە (مەدالیای بارزانی) پێدراوە.

مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٥٩ ژیانی خێزانداری پێکهێناوە و خێزانەکەی خوالێخۆشبوو خاتوو (ئیقلیمە خانە) ١٩٢٨-١٩٩٩ کە کچی جەنابی مەلای گەورەی کۆیە (مەلا محەمەدی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە)، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا کوڕێکی بە ناوی هەڵمەت کە پسپۆرە لە بواری (IT) لە شاری (لایبزك) دەژی و کچەکانیشی (خاتوو هێرۆ) پسپۆرە لە نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ لە بەریتانیا و کچی دووەمیشی خاتوو (هەوری) لە وڵاتی بەریتانیا دەژی و خێزانی خوالێخۆشبوو، یاداشت شێرکۆ عومەر عەبدوڵڵا کە ئامۆزای یەکترن.

مامۆستای تێکۆشەر لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا و ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٨ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و لە هەمان ڕۆژیشدا بە خاك سپێردرا.

سەرچاوە (گۆڤاری کەکۆن) ژمارە ٥٢، ٥٣ ساڵی ٢٠١٨ ئامادەکردنی (مامۆستا حاجی محیەدین ئەسعەد غەفووری و ئاراس عەبدولخالق عەبدولحەمید).

١٠-عومەر حەبیب عەبدوڵلا ١٩٢٣-١٩٧٦/٤/٩

عومەر حەبیب عەبدوڵلا، حاکم عومەر، عومەرە سوور برای بچووکی عەونیی شاعیرە، ساڵی ١٩٢٣ لە کۆیە لە گەڕەکی بەفریقەندی لەدایکبووە، هەر لە کۆیەش قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە و بۆ قۆناغی دواناوەندیش ماوەیەك چووەتە کەرکووك و پاشان گەڕاوەتەوە کۆیە، بە پلەیەکی باش دەرچووە. ساڵی ١٩٤٣ لە کۆلیژی (حقوق) لە بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤٧ کۆلیژی تەواو کردووە و دەست دەکات بە کاری (پارێزەری).

خوالێخۆشبوو عومەر حەبیب لە سەرەتای لاویەتییەوە بیروباوەڕی کوردایەتی هاوڕێ و ڕێبەری بووە و تاکو دوارۆژی ژیانی بە تایبەتیش کاتێك (عەونی)ی برا گەورەی کە بە ١٠ ساڵێك لەو گەورەتر بووە زووتر بە پێی تەمەن دەچێتە ناو (تۆڕی) کوردایەتی بە هەموو ناوەکانییەوە بۆیە (عومەری) برا گچکەش تێکەڵاوی هەمان ڕێبازی کوردایەتی دەبێت و لە سەرەتاوە لە ریزەکانی (هیوا)وە دەستپێدەکات و بەنیو ریزەکانی حیزبی رزگاری کورد گوزەر دەکات و هەڵدەکشێ بۆ نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی ژیانی خۆشەویستی ئەو حیزبەی لا پیرۆز بوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ حاکم عومەر لەناو ریزەکانی پارتیدا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە، وەکو:

- ئەندام ١٩٤٦-١٩٤٧

١٩٤٧-١٩٥٠ ئەندامی لێژنەی ناوچەی پارتی لە کۆیە.

١٩٥٠- ١٩٥٣ لێپرسراوی لێژنەی ناوچەی پارتی لە کۆیە.

- ئەندامـی یەدەگـی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە کۆنگـرەی سـێیەمەوە ١٩٥٣ تاکـو کۆنگـرەی چـوارەم.

حاکـم عومـەر لـە رۆژانـی کاری سیاسـیدا چەندیـن جـار زیندانـی کـراوە، جـاری وا هەبـووە لەگـەڵ (عەونـی)ی بـرا گـەورەی پێکـەوە زیندانـی کـراون، زۆر جاریـش خـۆی شـاردووەتەوە (مختفـی) بـە تایبەتـی لەگـەڵ مامۆسـتا (عەلـی عەبدوڵـڵا) لـەو ماوەیـەدا کـە لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو (حاکـم بەکـر ئیسـماعیل) پێکـەوە پارتایەتیـان دەکـرد و لـە هەمانکاتیشـدا (نووسـینگەی پارێزەریـان لـە کۆیـە بـە هاوبەشـی هەبـووە.

لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٤ بـۆ یەکەمجـار بـە وەزیفەی (معـاون تسـویه الاراض) سـەر بـە وەزارەتـی داد (العـدل) دادەمەزرێـت و ماوەی سـێ سـاڵ لـە کەرکووك دەمێنێتـەوە تاکـو سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٧ کـە ١٠ سـاڵ بەسـەر دەرچوونیـدا لـە کولیـژ تێدەپـەڕێ، وەزارەتـی داد فەرمانـی دوازدە دادوەر (حاکـم) رادەگەیەنێت، یەکێکیـان (عومـەر حەبیـب) دەبێـت بـۆ حاکمـی بەرایـی (بـراءە) پێنجویـن، پاشـان لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٠ بـۆ سـلێمانی گوێزرایـەوە و کـرا بـە دادوەری لێکۆڵینـەوە (تحقیـق) پـاش دوو سـاڵ و نیـو لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٦٢دا جارێکـی تـر گوێزرایـەوە بـۆ دادگـەی قـەزای قـەڵادزێ کـە تێیـدا بـەردەوام بـوو تـا کودەتا شـوومەکەی ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣، لەگـەڵ هاتنـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە بەرەبەیانـی ئـەو رۆژە بـۆ قـەڵادزێ و ئـازاد کـرا خەونـی حاکـم عومـەر هاتـە دی و یەکسـەر بەهـۆی بەردەوامـی لـە ریـزی رێکخسـتنەکانی

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا پەیوەنـدی بـە ریـزی شۆڕشـی کـوردەوە دەکات و پێـش بـە کۆتاهاتنـی مانگـی حوزەیـران بـە فەرمانـی (مەکتەبـی سیاسـی)ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـرا بـە (سـەرۆکی دادگـەی بـەرزی شـۆڕش لـە مـاوەت) کـە (بەنـدەش – نووسـەر وەکـو نووسـەری دادگـە، لەگەڵیدا دامـەزرام) لەنێـوان رۆژانـی دەسـتبەکاربوونیدا تاکـو لێکترازانـی (پارتـی) لـە جێگەکـەی خـۆی مایـەوە و بـە باشـترین شـێوە بەوپـەڕی دادپـەروەری ئەرکـە دادوەرییەکـە و یاسـاییەکانی پیـادە دەکـرد، لەگـەڵ لێکترازانـی پارتـی، ئەویـش وەکـو هـەزاران فەرمانبەرانـی کـورد و قوتابـی و کاسـبکار گەڕانـەوە سـەرکار و شـوێنەکانی خۆیـان، کاتێـك حاکـم عومەریـش گەڕایـەوە بـۆ دادگـەی قـەڵادزێ وەکـو دادوەر، یەکسـەر پـاش چەنـد رۆژێـك، گواسـترایەوە بـۆ ناحیـەی (العباسـیە)ی سـەر بـە قـەزای ئەوسـای (نجـف)، ئەوجـا بـۆ قـەزای (عفـك) سـەر بـە پارێزگـەی (دیوانیـە) پـاش ماوەیـەك لە(عفـك)ەوە و گوێزرایـەوە بـۆ کۆیـە، تاکـو ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ لـە کۆیـە مایـەوە، پاشـان لـە کۆیـە بـۆ روانـدز و لەوێشـەوە بـۆ دهـۆك، دوامەنزڵـگای وەزیفـەی دادوەری سـەنتەری هەولێـر بـوو کـە وەکـو جێگـری سـەرۆکی دادگـەی بـەرز (نائیـب رئیـس المحکمـة الکبری) داندرا، سـەد حەیـف و مخابـن لـە تەمەنـی ٥٣ سـاڵیدا کـە تەمەنێکـی زۆر کـورت بـوو، رۆژی ١٩٧٦/٤/٩ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد و بـۆ رۆژی دوایـی تەرمەکـەی لەنێـو کاروانێکـی گـەورەی هاوبیـر و دۆسـتان و خزمانیـدا برایـەوە بـۆ کۆیـە و لـە گۆڕسـتانی خێزانـی لـە (عارەبیـان) نێـژرا.

سەرچاوە: (نووسەر)

١١-عومەر مستەفا (دەبابە) ١٩٢٤-١٩٩٢/١/٢٩

خوالێخۆشــبوو عومــەر مســتەفا (کاکــە دەبابــە) ســاڵی ١٩٢٣ لــە گەڕەکــی (قــەڵات) لــە کۆیــە لەدایکبــووە، بــە رەچەڵــەك دەچێتــەوە ســەر بنەماڵەیەکــی مەهابــادی، قۆناغــی ســەرەتایی و ناوەنــدی لــە کۆیــە تــەواو دەکات و ئامادەییــش لــە کەرکــووك. ســاڵی ١٩٤٦ لــە کۆلیــژی (حقــوق) لــە بەغــداوە وەردەگیــرێ لــە تەمەنــی خوێندکارییــەوە تێکــەڵاوی ژیانــی سیاســی و کوردایەتــی بــووە، رۆڵــی ســەرەکی لــە پەیوەندیکردنــی (مــام جــەلال) بــە پارتــی دیموکراتــی کــوردەوە هەیــە، ســاڵی ١٩٥١ خوێندنــی کۆلیــژی مافــی تــەواو کــردووە و دەســتی بــە کاری (پارێــزەری) کــردووە و لــە کۆنگــرەی دووەمــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە لــە ئــازاری ســاڵی ١٩٥١ لــە بەغــدا بەســترا، بــە ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێــردرا و لــە کۆنگــرەی ســێیەم لــە کەرکــووك لــە ســاڵی ١٩٥٣دا جارێکــی دیکــە بــە ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێردرایــەوە و هەروەهــا لــە کۆنگــرەی چوارەمیشــدا کــە ســاڵی ١٩٥٩دا لــە بەغــدا بەســترا، بــۆ جــاری ســێیەم بــە ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێردرایــەوە و لــە کۆنگــرەی پێنجەمیشــدا کــە ســاڵی ١٩٦٠ لــە بەغــدا بەســترا لەبــەر لێهاتوویــی دیســان بــە ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێردرایــەوە.

ســاڵی ١٩٦٤ لــە ســەروبەندی ســەرهەڵدانی قەیــران لەنــاو ســەرکردایەتیی پارتــی، پشــتگیری لــە باڵــی مەکتەبــی سیاســی کــرد، کــە خــۆی تێیــدا ئەنــدام بــوو، دوای رێککەوتنــی ١١ی ئــازاری ســاڵی ١٩٧٠ لەنێــوان (مــەلا مســتەفا

بارزانــی) و حکوومەتــی عێــراق، پشــتیووانی لــە یەکگرتنــەوەی هــەردوو باڵــی پارتیــدا کــرد و هیــچ پۆســتێکی وەرنەگــرت، ســاڵی ١٩٧٤یــش پــاش دەســتپێکردنەوەی شــەڕ لــە نێــوان کــورد و حکوومەتــی عێــراق بــە ئەرکــی نیشــتمانی خــۆی زانــی کــە پەیوەنــدی بــە شۆڕشــەوە بــکات، لــە ئایــاری ســاڵی ١٩٧٥ لەگــەڵ خوالێخۆشــبووان (ســاڵح یوســفی و عەلــی عەســکەری و رەســول مامەنــد) و چەنــد کادیرێکــی دیکــە بەشــداری لــە دامەزراندنــی بزووتنــەوەی سۆشیالیســتی کوردســتاندا کــرد و پــاش دامەزراندنــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، خــۆی و خوالێخۆشــبوو عەلــی عەســکەری رۆڵێکــی کاریگەریــان لــە بردنــی بزووتنــەوە بــۆ نــاو یەکێتیــدا گێــڕا، لــە کۆبوونــەوەی ٨/٣١- ١٩٧٧/٩/١٢ لــە ناوچــەی برادۆســت کرایــە ئەندامــی ســەرکردایەتی لــە دەرەوەی وڵات لــە شــوباتی ســاڵی ١٩٧٩ گەڕایــەوە کوردســتان لــە (ناوزەنــگ) گیرســایەوە، لــە ٢٩ی کانوونــی دووەمــی ســاڵی ١٩٩٢دا لــە کاتــی بەســترانی کۆنگــرەی یەکەمــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لەنــاو هۆڵــی کۆنگــرە بەهــۆی وەســتانی دڵ لــە تەمەنــی ٦٩ ســاڵیدا کۆچــی دوایــی کــرد و بــۆ رۆژی دواییــش تەرمــی خوالێخۆشــبوو هێندرایــەوە کۆیــە و بــە ئامادەبوونــی مــام جــەلال و ســەرکردایەتیی بــەرەی کوردســتانی لــە کۆیــە لــە گۆڕســتانی "کەکــۆن" بــە خاکســپێردرا.

سەرچاوە (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

چاپی دووەم ٢٠١٣- لاپەڕە ٤٨٦-٤٨٨

١٢- حسام الدين طيب (شعب) ١٩٢٣-١٩٨٦

حسـام الديـن نـاسراو بـە (شـەعب) کـوڕی مـام (تەیـب) کـوڕی حاجـی باپیـر لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵیدا لـە کۆیـە چووەتـە بـەر خوێنـدن و هـەر سـێ قۆناغـی خوێندنـی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە و پاشـان بووەتـە فەرمانبـەر لـە دادگەکانـی (کۆیـە، قـەڵادزێ، سـلێمانی، چەمچەمـاڵ، شـارباژێڕ، کەرکـووك) کاری تێیانـدا کـردووە، لـە سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی رابـوردوودا بووەتـە ئەنـدام لـە حیزبـی (هیـوا) و پـاش دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئابـی سـاڵی ١٩٤٦دا بووەتـە ئەندامـی پارتـی، تاکـو دواڕۆژی ژیانـی درێـژەی بـە خەباتـی کوردایەتـی داوە و هەمیشـە بـە بیروباوەڕێکـی پتـەوەوە تێکۆشـاوە، ئاشکراشـە وەکـو (عەونـی)ی شـاعیر لـەم گێڕانـەوەدا باسـی لێـوە دەکات و دەڵـێ: وشـەی "شـەعب" وەکـو تەواوکـەری نـاوی حسـام الديـن لـەوەوە هاتـووە کـە لـە شـانۆگەرییەکی ئاهەنگـی نـەورۆزی سـاڵی ١٩٤٤ کـە لـە کۆیـە کـراوە و حسـام الديـن یەکـێ لـە پاڵەوانەکانـی ئـەم شـانۆگەرییە بـووە و چەنـد جارێـك لـە کاتـی نمایشـکردنەکەدا گوتوویەتـی: "ئەمـن شـەعبم، ئەمـن شـەعبم" داخوازییەکانـی (شـەعب) ئەمانـەن) بـەم هۆیـەوە نازنـاوی (شـەعب)ی بەسـەردا بـڕا.

خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی شەسـت و سـێ سـاڵیدا، پـاش نەخۆشـییەکی کوشـندە لـە رۆژی ١٩٨٦/١٢/١٢ لـە نەخۆشـخانەی سـلێمانی، گیانـی بـە خاکـی کوردسـتان سـپارد.

سەرچاوە: کەریم شارەزا لە گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠١٢- وەرگیراوە.

- خوالێخۆشبووان (عومەر مستەفا دەبابە و ئەحمەدی حەمە مەلا) لە لاپەڕەکانی پێشووتر باسکراون.

١٤-(شیوعی) ئێوە شیوعین:

لە سەردەمی پاشایەتیدا کاتێك نیشتمانپەروەرانی کورد و عەرەب دەگیران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، یەکسەر تۆمەتی (شیوعی) بوونیان ئاراستە دەکرا، چونکە بەپێی یاسای ئەو سەردەمە (مکافحە الافکار الهدامە) کە مەبەستیان (شیوعیەت) بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن نیشتمانپەرەوەران بەپێی ئەم یاسایە بخەنە زیندان و حوکمی چەند ساڵەیان بەسەردا بسەپێنن.

١٥-کەمال ڕەشید حەوێزی ١٩٢٩- ١٩٦٣

خوالێخۆشبوو کەمال ڕەشید حەوێزی ساڵی ١٩٢٩ لە شاری کۆیە لە گەڕەکی بەفریقەندی لەدایکبووە و ساڵی ١٩٣٤ چووەتە قوتابخانەی (کۆیسنجق الاولی) چووەتە قۆناغی یەکی سەرەتایی و لە پۆلی یەکەم وەرگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەم ساڵەدا چاوی چەپی تووشی ئازار دەبێت، بەهۆیەوە ماوەی دوو ساڵ واز لە خوێندن دەهێنێت، بەڵام لەبەر زیرەکی و وریایی و لێهاتوویی، لە ساڵی ١٩٣٧ دەگەڕێتەوە

قوتابخانــە و لــە پۆلــی یەکــەم دەردەچــێ و ئەیبــەن بــۆ پۆلــی ســێیەم لــە ۱۹٤۳/۸/۸ خوێندنــی ســەرەتایی تــەواو دەکات و لــە ۱۹٤۳/۱۰/۱ لــە قوتابخانــەی ناوەنــدی کۆیــە وەردەگیــرێ و لــە ۱۹٤۷/۹/٤یشــدا ناوەنــدی تــەواو دەکات و پــاش تەواوکردنــی ئــەو قۆناغــە، دەچێتــە بەغــدا و لــە (دار المعلمیــن الابتدائیــە) وەردەگیــرێ و ســاڵی ۱۹۵۰ خوێنــدن تــەواو دەکات و بــە فەرمانــی ئیــداری ژمــارە ٤٤٤۷ لــە ۱۹۵۰/۱۰/۷ بــە مامۆســتا دادەمەزرێــت، لــە کۆتایــی ســاڵی ۱۹۵۰ -۱۹۵۱ کــە هەفتەیــەك بەســەر کۆتایــی تاقیکردنــەوەی ســاڵی خوێنــدن تێپــەڕ دەبێــت، بــە فەرمانــی میــری بەنــد دەکرێــت و رەوانــەی دادگــەی (عورفــی) ســەربازی دەکرێــت کــە بارەگەکــەی لــە کەرکــووك بــوو.

دوای رزگاربوونــی لــەم دادگەیــە بــە فەرمانــی کارگێــڕی ژمــارە ۵۰۰۷ لــە ۱۹۵۱/۹/۲٤ لــە میــرزا رۆســتەمەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ گونــدی (شــوربەش) لــە دەشــتی هەولێــر، پاشــان بــۆ رانیــە و پاشــان بــۆ پارێزگــەی هەولێــر و لــە ۱۹۵۹/۹/۲۹ بــە تەنســیب لــە قوتابخانــەی زانســتی (زانســت)ی ســەرەتایی لــە کۆیــە دادەنرێــت.

خوالێخۆشــبوو شــەهید کەمــال حەوێــزی لــە ۱۹٦۳/۳/۱۹ -۱۹٦۳/۵/۱۲ لــە ســەرای کۆیــە بەنــد دەکــرێ و ماوەیەکیــش دەســت لــە کار دەکێشــێتەوە (سحب الیــد) دوای هاتنــی ســوپای شــەڕانگێزی بەعــس، لــە حوزەیرانــی ســاڵی ۱۹٦۳دا بــۆ کۆیــە، لەژێــر فەرمانــی تاوانبــار (طــه الشــکرچی) رۆژی ۱۹٦۳/۷/۱۷ هەڵدەکوتنــە ســەر ماڵەکــەی و بردیانــە ســەربازگەی کۆیە، لە رۆژهەڵاتی شاری

کۆیـە، لـە کاتژمێـر دووی پـاش نیـوەڕۆ بـە فەرمانـی ئەفسـەر (عەبدولکەریـم الحمدانـی) دەسـتڕێژی لـێ دەکـرێ و شـەهید دەکرێـت.

مامۆســتای خوالێخۆشــبوو لــە ســەرەتای لاویەتییــەوە چووەتــە ریــزی بزووتنــەوەی نیشــتمانپەروەران و بەشــداری لــە هەمــوو جموجۆڵێکــی نیشــتمانیدا دەکات و چاپەمەنییەکانــی حیزبــی رزگاریشــی دەگەیانــدە برادەرەکانـی، کاتێـك دەگەڕایـەوە کۆیـە و سـاڵی ١٩٤٥-١٩٤٦ خـۆی و چەنـد برادەرێکــی بەنــد کــران لــە بەندیخانــەی قشــڵەی کۆیــەدا، بــە تۆمەتــی پشــتگیری لــە (شۆڕشــی بــارزان) و لــە راپەڕینــی ســاڵی ١٩٤٨ لــە بەغــدا لـە ریـزی پێشـەوەی خۆپیشـاندەران بـوو، لـە هەمانکاتـدا رۆڵـی تـەواوی لــە رێکخســتنی قوتابیــان لەنــاو پارتــی دیموکراتــی کوردســتان هەبــوو، لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨ بیروبــاوەڕی بــە لای (چــەپ)دا شــکایەوە، بــەڵام هەرگیــز لــە خەباتــی کوردایەتــی لای نــەداوە.

لـە وتووێـژی سـاڵی ١٩٦٤دا لەنێـوان شـۆڕش و حکوومەتـی عەبدولسـەلام عارفــدا، تەرمــی شــەهید کەمــال لــەو شــوێنەی گوللەبــاران کرابــوو، لــە سـەربازگەی کۆیـە بـە شـکۆمەندییەوە گوێزرایـەوە بـۆ گۆڕسـتانی (عارەبیـان).

مامۆسـتای شـەهید هاوسـەری خاتـوو (جەمیلـە جـەلال ئاغـای غەفـوری) بــوو، دوو کــوڕ و دوو کچیشــی بــە ناوەکانــی (ئــاوات، ئاهەنــگ، ئــاواز، ئاوڕەنــگ) هــەن.

سـەرچاوە بـە نووسـین لەلایـەن بـرای شـەهید مامۆسـتا جەمـال رەشـید حەوێـزی (٢٠٢٠/٩/١) بـۆم هاتـووە.

١٦-مەلا سەدیق- حاکم مەلا سەدیق نازەنینی ١٨٨٨-١٩٥٦

رەچەڵەکـــی ئـــەم بنەماڵەیـــە دەچێتـــەوە ســـەر "مـــەلا عەبدوڵـــڵا" دانیشـــتووی گونـــدی "نازەنیـــن لـــە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا هـــەواری بەجێدێڵـێ روو دەکاتـە شـاری کۆیـە و لـە مزگەوتـی "بایزاغـا" دەبێتـە مـەلا و مودەریـــس.

مـەلا عەبدوڵـڵا دوو کـوڕ و سـێ کچـی لـە دوا بەجێـماوە، بەناوەکانـی: مـەلا سـدیق، مـەلا عەبدولڕەحـمان، کـە بـە " عەبدولڕەحـمان شـەرەف" نـاسراوە" "فاتیمـە، حەلیمـە، مەریـەم".

مـــەلا ســـەدیق لـــە پیـــاوە ناودارەکانـــی ئـــەم بنەماڵەیـــە لای باوکـــی بابەتێکـــی ئایینـــی دەخوێنـــێ و دوایـــی دەبێتـــەوە "نائیـــب زابـــت" لـــە لەشـــکری عوســـمانیدا لـــە بەشـــی خـــۆراك و ئازووقـــە، کـــە لەســـەرا کۆنەکـــەی "قوشـــتەپە" دەبێـــت، کاتێکیـــش ئینگلیـــز عێـــراق داگیـــر دەکات لـــە ترســـی گرتـــن، واز لـــە فەرمانەکـــەی دێنـــێ و دەچێتـــە گونـــدی "هەڵەجـــە"، پاشـــان روو لـــە کۆیـــە دەکاتـــەوە و خـــۆی لـــە باخچەکانـــی "حەمامـــۆك" دەشـــارێتەوە کـــە حکوومەتـــی عێـــراق دادەمـــەزرێ، دەبێتـــە فەرمانبـــەری تاپـــۆ لـــە کۆیـــە، ئەوســـاکەش تـــازە کۆلیـــژی یاســـا (حقـــوق) لـــە بەغـــدا دەکرێتـــەوە، لـــەوێ وەردەگیـــرێ، پـــاش تەواوکردنـــی خوێنـــدن لـــە کۆلیـــژی یاســـا، بڕوانامـــەی پێـــدراوە و دەیکەنـــە حاکـــم لـــە ئاکـــرێ و لەوێشـــەوە بـــۆ چەندیـــن شـــوێنی دیکـــە دەگوازرێتـــەوە، تاکـــو دەگاتـــە پلـــەی ســـەرۆکی "ئیســـتیناف" لـــەو پاییـــەدا بـــەردەوام دەبـــێ، تـــا لـــە ســـاڵی ١٩٥٣خانەنشـین دەکـرێ و لـە سـاڵی

١٩٥٦یشـدا کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لـە کەرکووکیـش بـە خاکسـپێردرا، چونکـە لـە سـاڵی ١٩٤٧ لـە کەرکـووك جێنشـین بـووە.

سـەرچاوە: (کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانییەتدا، نووسـین و لێکۆڵینـەوە و بەدواداچوونـی کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر).

١٧-رەشاد عارف سەعید ١٩١٣- ١٩٩٧/٨/١٢

خوالێخۆشـبوو رەشـاد عـارف سـەعید سـاڵی ١٩١٣ لـە شـاری کەرکـووك لەدایکبـووە، بـەڵام بنەماڵەکـەی خەڵکـی شـاری کۆیـە کـە تێیـدا حاکـم بـووە و باپیـرە گـەورەی (مـەلازادە) یەکێـك بـووە لـە زانـا ئایینییـە گەورەکانـی کۆیـە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە کەرکـووك تـەواو کـردووە و ناوەنـدی و دواناوەندیشـی لـە قوتابخانـەی (الثانویـە المرکزیـە) لـە بەغـدا تـەواو کـردووە و پاشـان چووەتـە کۆلیـژی مـاف (الحقـوق) لـە بەغـدا و پـاش تەواوکردنـی کۆلیژیـش لـە کەرکـووك دەسـتی بـە کاری پارێـزەری کـردووە.

خوالێخۆشـبوو رەشـاد عـارف بـۆ یەکـەم جـار وەکـو دادوەر (حاکـم) سـاڵی ١٩٣٧ لـە زاخـۆ دامـەزراوە و پاشـان گوێزراوەتـەوە بـۆ رەوانـدوز، سـاڵی ١٩٣٨ وەکـو دادوەر بـۆ سـلێمانی گوێزراوەتـەوە و پاشـان سـاڵی ١٩٣٩ بـۆ کەرکـووك و لـە ١٩٤٨/٥/٢٣ بـۆ دادگـەی (عورفـی سـەربازی) (العرفـی العسـکری) بـەڵام پـاش مانـەوەی لـەو شـوێنە سـاڵی ١٩٥١ جارێکـی دیکـە بـۆ سـلێمانی گوێزراوەتـەوە.

ساڵی ١٩٥٢ بە پلەکەی بەرزکراوەتەوە و بووەتە سەرۆکی (محكمة استنستاف كركوك) و ماوەی چوار ساڵیش لەو شوێنەدا ماوەتەوە و پاشان لە ساڵی ١٩٥٦دا بووەتە ئەندامی لیژنەی هەماهەنگیی حکومی (عضو لجنه تنسيق الجهاز الحكومي) کە ئێستاکە (دەستپاکی پێ دەڵێن (النزاهە)، ماوەی ساڵێك لەم شوێنەدا ماوەتەوە و لە ١٩٥٧/٨/١١یشدا بووەتە حاکم و موفەتیش عەدلی لە بەغدا و لە ١٩٥٨/٨/٣٠ بووەتە ئەندامی دادگەی تەمیزی عێراقی. سەرەڕای سەرۆکی لیژنەی (خاوێنکردنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت.

خوالێخۆشبوو لە ١٩٦١/١٢/١ بەپێی بەیانی ژمارە (٣) بۆ ئەندامی (مجلس السياده العراقي) پاش کۆچی دوایی (خالد نەقشبەندی کە تاکو ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ (ڕۆژی ئینقلابە شوومەکەی بەعس) پاشان خانەنشین کرا.

خوالێخۆشبوو ڕەشاد عارف مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دەستپاك بووە، دەیان ڕووداوی جۆراوجۆری نیشتمانپەروەریەتی ئەم کەسایەتییە لە سەروەختی کاری دادوەریدا نیشان دەدەن، تەنانەت لە کاتی ڕووداوی (گاورباغی)دا کە ئەوکاتە ئەو دادوەر بووە لە کەرکووك، بەپێی دەسەڵات خۆی فەرمانی دەستگیرکردنی پۆلیسەکانی دەرکرد کە هێرشیان کردبووە سەر هاووڵاتییان و پاش خانەنشینبوونی وای بە باشزانی لەو بارودۆخەدا دوور بکەوێتەوە و لە بەغدا دابنیشێ.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا و ڕۆژی ١٩٩٧/٨/١٢ لە بەغدا

کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕسـتانی (شـێخ مەعرووفـی کەرخـی) بـە خاکسـپێردرا.

سـەرچاوە: لەلایـەن (دکتـۆر نـەوزاد رەشـاد عـارف)ەوە لـە ٢٠٢٠/٩/٢ بـە نووسـین بـۆم هاتـووە.

١٨- عەونی یوسف ١٩٠٨-١٩٨٨

مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (عەونـی یوسـف) کـوڕی یوسـف ئەفەنـدی قـازی هەولێـرە، سـاڵی ١٩٠٨ لـە هەولێـر لەدایکبـووە و لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵیدا دەسـتی بـە خوێندنـی دەرسـی ئایینـی و زمانـی عەرەبـی کـردووە و سـاڵی ١٩٢١یـش چووەتـە قوتابخانـەی میـری (حکومـی و قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە و خوێندنـی ئامادەیشـی لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی لـە مەرکـەزی (الاعدادیـە المرکزیـە) لـە بەغـدا تـەواو کـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٣٤ پاشـان لـە کۆلیـژی مـاف (حقـوق) وەرگیـراوە و سـاڵی ١٩٣٩ خوێندنـی تـەواو کـردووە و بووەتـە پارێـزەر و سـاڵی ١٩٤٠یـش تێکـەڵ بـە بزووتنـەوەی کوردایەتـی بـووە و بووەتـە ئەندامێکـی چالاکـی حیزبـی هیـوا و لەگـەڵ دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش لـە ئابـی سـاڵی ١٩٤٦دا وەك ئەندامێکـی دیـاری ئـەو حیزبـە، ئەندامـی یەکەمیـن کۆنگـرە بـووە و لـەم کۆنگرەیـەدا بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی (پ.د.ك) هەڵدەبژێردرێـت، پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی یـش١٩٥٨ کـراوە

بــە ســەرۆکی دادگــەی کەرکــووك و لــە ١٩٥٩/٧/١٣یشــدا بووەتــە وەزیــری (ئەشــغال) لــە حکوومەتەکــەی عەبدولکەریــم قاســم دا تاکــو ســاڵی ١٩٦٠ تێیــدا ماوەتــەوە پاشــان گەڕاوەتــەوە بــۆ کاری پارێــزەری، لــە دوای کودەتــا شــوومەکەی ٨ی شــوباتی ســاڵی ١٩٦٣دا چووەتــە ریــزی شۆڕشــی ئەیلــوول و بــە فەرمانــی مەکتەبــی سیاســی کــراوە بــە دادوەری شــۆڕش و ســاڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتــەوە هەولێــر، ئەوجــا لــە هەولێــر و بەغــدا ســەرقاڵی کاری پارێــزەری بــووە و توســقاڵێك لــە ڕێبــازی کوردایەتــی لای نــەداوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١٥ لــە تەمەنــی ٨٠ ســاڵیدا و لــە شــاری بەغــدا لــە (نەخۆشــخانەی "ابــن البیطــار" ) کۆچــی دوایــی کــردووە و تەرمەکــەی دەهێنرێتــەوە هەولێــر و بــە خاکدەســپێردرێت.

ســەرچاوە (قاموســی نــاوە نەمــرەکان "بەرگــی یەکــەم" ئامادەکــردن و سەرپەرشــتی "مومتــاز حەیــدەری- چاپــی ســاڵی ٢٠١٤

١٩-عەبدولواحید نەشئەت ١٩٣٠-١٩٧٤

خوالێخۆشــبوو (عەبدولواحیــد نەشــئەت) ســاڵی ١٩٣٠ لــە شــاری کۆیــە لەدایکبــووە و خوێندنــی ســەرەتایی لــە کۆیــە تــەواو کــردووە و لــە ســەرەتای لاویەتییــەوە تێکــەڵاوی جموجۆڵــی کوردایەتــی بــووە، پــاش دامەزراندنــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســاڵێك (١٩٤٧) بووەتــە ئەندامــی ئــەم حیزبــە و لــە خانــەوادەی ماڵــی خوالێخۆشــبوو، مامۆســتا (عەلــی عەبدوڵــڵا) زۆر نزیــك بــووە، بــە تایبەتیــش لەگــەڵ خوالێخۆشــبووان (عومــەر عەبدوڵــڵا،

عوسـمان عەبدوڵـڵا و خوشـکێکی عەبدولواحیدیـش بووەتـە هاوسـەری عوسـمان عەبدوڵـڵا- مـام وەتمـان) سـاڵی ١٩٦١ماڵـی دەچێتـە سـلێمانی و بـە هەمـان هیممەتـی کۆیـە لـە (پارتایەتـی) بـەردەوام دەبێـت، سـاڵی ١٩٦٣ لـە رەشـبگیرییەکەی سـلێمانی، ئەویـش بـەر ئـەو شـاڵاوە دەکەوێـت و دەسـتگیر دەکرێـت و لـە گرتووخانـە هەڵوێسـتی نەگـۆڕ و پاڵەوانانـە دەبێـت، سـاڵی ١٩٦٤ پـاش دەرچوونـی لـە زینـدان دەگەڕێتـەوە، شـاری کۆیـە لەگـەڵ "عوسـمان عەبدوڵـڵا- مـام وەتمـان ئەندامیەتـی لێژنـەی ناوچـەی کۆیـەی پێدەسـپێردرێت، پـاش دووبارەبوونـەوەی شـەڕ لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە سـەردەمی (عەبدولسـەلام عـارف) دا کاك عەبدولواحیـد دیسـان پەیوەنـدی بـە شوڕشـەوە دەکاتـەوە و لـە یەکێـك لـە بۆمبابارانکردنـی دەوروبـەری کۆیـەدا (برینـدار) دەبـێ و سـاڵی ١٩٧٤ پـاش حکوومەتـی بەغـدا لـە رێککەوتنـی لەگـەڵ کـورد پەشـیمان دەبێتـەوە، خوالێخۆشـبوو عەبدولواحیـد وەکـو هەمـوو کوردپەروەرێـك، جارێکـی دیکـە پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکاتـەوە، بـەڵام سـەد حەیـف و مخابـن لـە تەمەنـی لاویەتیـدا کـە ٤٤ سـاڵ دەبێـت، رۆژی ١٩٧٤/١٢/٤ لـە ناوچـەی (ئـازادی) بەهـۆی جەڵتـەی دڵـەوە گیانـی پاکـی بـە کوردسـتان دەبەخشـێ و لـە گۆڕسـتانی شـەهیدان لـە حاجـی ئۆمـەران دەنێژرێـت.

- زاهیر هەناری ١٩٢٨- ٢٠١٠/٤/٦

زاهیـر کـوڕی ئەحمـەد هەنـاری سـاڵی ١٩٢٨ لـە کۆیـە لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـاوە و سـاڵی ١٩٣٤یـش لـە تەمەنـی

شـــەش ســـاڵیدا چووەتـــە بـــەر خوێنـــدن لـــە قوتابخانـــەی (کۆیســـنجق)، هـــەردوو قۆناغـــی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی لـــەوێ تـــەواو کـــردووە و ســـاڵی ۱۹٤۷یـــش لـــە (دارالمعلمیـــن) لـــە بەغـــدا وەرگیـــراوە و پـــاش ســـێ ســـاڵ لـــە ۱۹٥۰ بووەتـــە مامۆســـتا، ســـەرەتا لـــە قوتابخانـــەی کـــوڕان لـــە قـــەزای رانیـــە دامـــەزراوە، بـــەڵام پـــاش ســـاڵێك گواســـتراوەتەوە بـــۆ هەولێـــر و لـــە پـــاش چەنـــد ســـاڵێك لـــە ئاکامـــی خۆشەویســـتی بـــۆ زانســـت و پـــەروەردە، ســـاڵی ۱۹٦٦ لـــە زانکـــۆی (مســـتنصریە) لـــە بەشـــی دەروونناســـی وەردەگیرێـــت و ســـاڵی ۱۹۷۰ بەکالۆریـــۆس لـــە زانســـتە مرۆڤایەتییـــەکان وەردەگیرێـــت، ســـاڵی ۱۹۷۱ بـــوو بـــە سەرپەرشـــتی پـــەروەردە لـــە دهـــۆك، خوالێخۆشـــبوو مامۆســـتا زاهیـــر هەنـــاری وەکـــو زۆرێـــك لـــە خەڵکانـــی شـــاری کۆیـــە، لـــە ســـەرەتای ژیانیـــەوە تێکـــەڵ بـــە جووڵانـــەوەی سیاســـی دەبێـــت و کوردایەتـــی دەبێتـــە ئامانجـــی، چەندیـــن جاریـــش زیندانـــی کـــراوە و ئەشـــکەنجە دراوە، ســـەرەڕای دوورخســـتنەوەی (نفـــی- ابعـــاد) بـــۆ شـــارە جیاجیاکانـــی ناوەنـــد و خـــوارووی عێـــراق- مامۆســـتا زاهیـــر هەنـــاری کـــە بـــەردەوام لـــە هەڵوێســـتی کوردایەتـــی و نیشـــتمانپەروەری لای نـــەداوە، بۆیـــە لـــە ســـەردەمی حکوومەتـــی (بەعـــس)دا چونکـــە بەعســـیاتیان رەتکـــردەوە لـــە ســـاڵی ۱۹٦۸ لەگـــەڵ مامۆســـتا (عەبدولڕەحـــمان هەنـــاری) بـــرای بـــە یـــەك بڕیـــاری (ئەنجوومەنـــی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕش)ی حکوومەتـــی عێـــراق لـــە وەزیفـــە دەرکـــران، مامۆســـتای خوالێخۆشـــبوو زاهیـــر هەنـــاری ســـەرەڕای کاری مامۆســـتایەتی، لـــە بـــواری پـــەورەردەدا مرۆڤێکـــی رۆشـــنبیر بـــوو، لـــە بـــواری نووســـیندا چەندیـــن بابەتـــی لـــە رۆژنامـــەی (الاتحـــاد) و

(هەرێمــی کوردســتان)ی بــڵاو کردووەتــەوە، ســەرەڕای وەرگێڕانــی کتێبــی (مەهابــاد) لــە ئینگلیزییــەوە بــۆ ســەر زمانــی عەرەبــی.

مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٨٢ سـاڵیدا و لـە ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٦ لـە نەخۆشـخانەی (سـەنتەری دڵ) لـە هەولێـر دڵـی لـە لێـدان کـەوت و لـە هەمـان ڕۆژیشـدا تەرمەکـەی لـە کۆیـە، بـە خاکسـپێردرا.

سـەرچاوە: بـە نووسـین لەلایـەن ئەندازیـار (بـاوەڕ زاهیـر هەنـاری) کـوڕی خوالێخۆشـبوو لـە ٢٠٢٠/٧/٨ بـۆم هاتـووە.

## شرۆڤە و روونكردنەوە:

گوتەبێـژ عەونـی كاتێـك بـۆ مامۆسـتا (تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی) دەدوێ لـەم رۆژەدا بـاس لـە رووداوێكـی هاوینـی سـاڵی ١٩٥٢ دەكات، كاتێـك لەگـەڵ هـەردوو كەسـایەتی خوالێخۆشـبوو (وەسـتا حوسـێنی نەجـاڕ) كـە شـەریك بـوون لـە كاری بازرگانـی و عومـەر ئاغـای حەمەدەمیـن ئاغـا حەوێـزی دەكات بـۆ دەشـتی (بیتوێـن)، چونكـە زۆربـەی (زوراع)ەكانیـان كـە بـە كشـتوكاڵی (توتـن و پەمـۆ) سـەرقاڵبوون لـە گوندەكانـی دەشـتی (بیتوێـن) بـوون كـە یەكێـك لـەو گوندانـەی گونـدی (سـاروقامیش) كاتێـك لـەو گونـدە دەبـن، تەماشـا دەكـەن كۆمەڵێـك (پۆلیـس) بـە لێپرسراویەتـی (حەمەئاغـا) دەورەیـان دەدەن و حەمەئاغـا لـە (عەونـی) دەگەیەنـێ كـە ئـەوان (پۆلیسـەكان) بـە مەبەسـتی (گرتنـی (حەپسـكردنی) ئـەو هاتـوون، بـەڵام دیسـان پیاوەتییـەك نیشـان دەدات كـە لـەو كاتـەدا پێـی دەڵێـن: ئەگـەر شـتێك بەخـۆت شـك دەبەیـت، فیـرار بكـە، بـەڵام عەونـی لـە وەڵامـدا دەڵـێ: هیـچ بەخـۆم شـك نابـەم. كاتێـك بـە سـواری لەگـەڵ پۆلیسـەكان دەگەنـە ناوەنـدی قـەزای رانیـە، یەكسـەر (عەونـی) تەوقیـف دەكـرێ و پێـی رادەگەیەنـن كـە فەرمانـی گرتنـی لـە (ئەمنـی عامـە)ی بەغـداوە هاتـووە، لـەو كاتـەدا خوالێخۆشـبوو موزەفـەر نەقشـبەندی لـە رانیـە حاكـم دەبێـت، بەپێـی یاسـا فەرمانـی گرتنەكـەی لەلایـەن (حاكـم) ەوە دەرچـووە، بـەڵام دیسـان هەڵوێسـتێكی پیاوانـە نیشـان دەدات و بـە

پۆلیسەکان دەڵێ: لە حەوشی سەرا قەرەوێڵەیەکی بۆ دابنێن، چونکە وەرزی هاوینە و کەشوهەوا گەرمە، بەڵام کاتێ بەڕێوەبەری پۆلیسی رانیە (بەداخەوە ناوەکەی نەهاتووە) دێتە سەرا و دەبینێ (قەرەوێڵە بۆ حەپسێك) لە حەوشە داندراوە، یەکسەر فەرمان بە پۆلیسەکان دەکات و دەڵێ: (چما ئێرە ئوتێلە)، ئەوجا لەو چلەی هاوینەدا (عەونی) دەبەنە ژووری (تەوقیف) و بۆ رۆژی دوایی لە رێگەی کۆیە بە (سواری وڵاغ) تا کۆیەی دەبەن و لە کۆیەش هەر ئەو رۆژە وەکو (عەونی) دەڵێ (١٢) کەسایەتی کۆیەیان حەپس کردبوو، کە بریتی بوون لە (عەلی عەبدوڵڵا، عومەرعەبدوڵڵا، عوسمان عەبدوڵڵا، عومەر حەبیب، عومەر مستەفا دەبابە، حیسامەدین شەعب، ئەحمەدی حەمە مەلا... تاد. کاتێ دەیاننێرنە بەغدا، شەو لە (موقف السرای) زیندانی دەکرێن و بەیانی دەیانبەنە (محکمە) لە (رەسافە) دادەوەری لێکۆڵینەوە پرسیار و وەڵامیان لەگەڵدا دەکات و پێیان دەڵێ: (ئێوە شیوعین) ئەو سەردەمەی کاتێك نیشتمانپەروەرەکان بە جیاوازی بیروڕاوە لە پۆلیس و دادگە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، یەکسەر تۆمەتی (شیوعیبوون)یان رووبەڕوو دەکرایەوە، چونکە بڕگەیەکی یاسایی هەبوو کە (شیوعییەت) بیروباوەڕێکی تێکدەرە (هدام) بە مەبەستی ئەوەی هەموو نیشتمانپەروەرێك بەم تۆمەتە دادگایی بکرێت و بەپێی ئەو یاسایە بۆ ساڵ و زیاتریش زیندانی بکرێت، لێرەدا بۆ ئەوەی راستییەکان ون نەبن، هیچ کام لەم گیراوانەی ناویان هاتووە، سەر بە حیزبی شیوعی

نەبـوون، بەڵکـوو هـەر هەموویـان (پارتـی یاخـود هـەواداری پارتـی) بـوون.

لـە ئاکامـدا دادگـە بـە مـاوەی جیاجیـا (حوکم)یـان دەکات، یەکـی بـە سـاڵێك و لـە پارێزگـەی هەولێریـش دوور بخرێنـەوە (عەونـی و حیسـامەدین تەیـب) ڕەوانـەی کەرکـووك دەکرێـن و ئەوانـی دیکـەش بـۆ مووسـڵ، لـەو سـەردەمەدا (مـەلا سـەدیق نازەنینـی) کـە کەسـایەتییەکی شـاری کۆیـە بـوو، سـەرەڕای ئـەوەی کـە (حاکـم) بـوو لـە هەمـان کاتیشـدا مرۆڤێکـی سەرڕاسـت و نیشـتمانپەروەریش بـوو، (کـوڕ و کچەکانیشـی لەسـەر هەمـان ڕێچکـەی نیشـتمانپەروەری پـەروەردە کردبـوون). حاکـم مـەلا سـەدیق بـە عەونـی و حیسـامەدین دەڵـێ: حوکمەکەتـان تەمیـز بکەنـەوە، لێـرەدا سـەرەڕای (فشـاری ئیـداری) لەلایـەن پارێـزگارەکان (هەولێـر و کەرکـووك و سـلێمانی و مووسـڵ) کـە حوکمەکـە وەکـو خـۆی بـۆ یـەك سـاڵ بمێنێتـەوە، بـەڵام دادگـەی تەمییـز کـە سـەرۆکەکەی (حاکـم مـەلا سـەدیق) دەبێـت، فەرمانـی یـەك سـاڵەی بەندکردنەکەیـان ڕەت کـردەوە و ئـازاد کـران، لەگـەڵ سـێ کەسـایەتی دیکـەدا کـە بـە هەمـان تۆمـەت درابوونـە دادگـە، ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە خوالێخۆشـبووان (عەونـی یوسـف، عەبدولواحیـد نەشـئەت، زاهیـر ئەحمـەد هەنـاری).

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٧)

دەق:

عەونـی دەڵـێ: لـە سـاڵی ١٩٦١ تـازە دوو ڕۆژ بـوو[١] کۆیـە بـە فڕۆکـە (قصـف) کرابـوو، لـە سـجنی (کـوت)وە بردمیانـە (موقفـی شرطـە) جێیەکـی زۆر ناخـۆش بـوو، کوڕێکـی گەنجـی عەرەبـی لێبـوو نـاوی (ئیبراهیـم) بـوو، شـەو بـە قسـەی خـۆش منـی خافڵانـد، سبەینی بـەرەو بەغـدا بەڕێیـان کـردم، کیتابـی (ئەمـن) ی عامـە هاتبـوو کـە لـە (بەغـدا) (ئیقامـەی جەبـری) بکـەم، کـە گەیشـتینە بەغـدا لای ئێـوارە بـوو (ئەمـن) یەکێکیـان لەگـەڵ نـاردم کـە (کەفیل)ێـك پەیـدا بکـەم، تووشـی (فاتـح ئاغـای حاجـی جەلیـل ئاغـا[٢]) بوویـن، ئـەوە بـوو بـە کەفیلـم، ئـەو مودەتـەی لـەوێ مامـەوە، هەمـوو شـەوێ لـە چایخانـە لەگـەڵ (فەخـری[٣] مـەلا ڕەئـوف ئاغـا و فاتـح ئاغـا پێکـەوە کاتمـان بەسـەر دەبـرد، ڕۆژی یـەك دووجـار دەبووایـە بچـم، لـە دائیـرەی پۆلیـس، خـۆم نیشـان بـدەم.

## پەراوێز:

١- عەونـی کاتێـك لـە حەپسـخانەی کـووت دەبێـت کـە لـە سـەرەتای مانگـی چـوار بـە فەرمانـی (حاکمـی عەسـکەری عـام) کـە ئـەو کاتـە (لیـوا روکـن ئەحمـەد سـاڵح عەبـدی بـوو) گیـرا و رەوانـەی حەپسـخانەی (کـووت) کـرا، ئەوجـا لێـرەدا بـاس لـە رۆژی ٩/١٣/ ١٩٦١ دەکات، کاتێـك لـەو حەپسـخانەیە بـوو، چونکـە دەڵـێ دوو رۆژ بـوو (کۆیـە بـە فڕۆکـە قصـف کرابـوو) "قصـف کردنـی کۆیـەش سـەر لـە بەیانـی رۆژی ١٩٦١/٩/١١.

٢- فاتح ئاغای حاجی جەلیل ئاغا ١٩٢٤-١٩٧٢/٨/١٠

خوالێخۆشـبوو فاتـح ئاغـا کـوڕی جەلیـل ئاغـا کـوڕی ئەسـعەد ئاغـای حەوێزییـە، سـاڵی ١٩٢٤ لـە شـاری کۆیـە لەدایکبـووە و لـە خانـەوادەی (حەوێزیانـە) خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی (کۆیسـنجق الاولـی) تـەواو کـردووە و پاشـان لەگـەڵ عەبدولڕەحـمان مەحمـوود ئاغـا نـاسراو بـە (عەبدولڕەحـمان شـێتە) کـە کـوڕی خوشـکیەتی پێکـەوە چوونەتـە خزمەتـی سـەربازی، فاتـح ئاغـا پیاوێکـی خۆشەویسـتی کەسـوکار و برادەرەکانـی بـوو، سـاڵی ١٩٥٠ ژیانـی هاوسـەری لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو خاتـوو (فەیرۆزخـان) پێکهێنـاوە و لـە مـاوەی ژیانـی هاوسـەرگیریاندا حـەوت کـوڕ و کچـی بـە ناوەکانـی (رزگار، نیـگار، ئـازاد، فەرهـاد، پەرویـن، هۆریـن، زانـا) بـووە، (رزگار و ئـازاد) کۆچـی دواییـان کـردووە و ئەوانـی دیکـە هەموویـان لـە وڵاتـی

بەریتانیـا دەژیـن.

خوالێخۆشـبوو فاتـح ئاغـا پـاش ئـەوەی ژیانـی هاوسـەرگیری پێـك دێنـێ، ماوەیـەك لـە کۆیـە بـە کار و کاسـبی سـەرقاڵ دەبێـت، پاشـان روو لـە بەغـا دەکات و لەگـەڵ کـوڕی مامـی خوالێخۆشـبوو (ئەندازیـار جەمـال خورشـید) کـە باوکـی (دکتـۆر دلێـر و دکتـۆر لاس و خاتـوو رێزانـە) کـە ئەوکاتـە لـە پارێـزگای کـووت سـەرقاڵی کاری بەڵێنـدەری (مقـاولات)ی رێگەوبـان بـوو، کارەکـەی فاتـح ئاغـا کاری ژمێـری (محاسـب) دەبێـت، لـەو شـوێنانەی کـە کاری تێـدا دەکـرد، وەکـو (بەغـدا، نەجـەف، هەولێـر) زۆر بـە وریایـی و دڵسـۆزی کارەکانـی ئەنجـام دەدا، وەکـو چـۆن لـە کار و خزمەتـی کوردایەتـی دەیـان چیرۆکـی لـەو بـوارەدا هـەن.

فاتـح ئاغـا مرۆڤێکـی بەخشـندە و دڵفـراوان و سـەخی تەبیعـات بـوو، هەمیشـە سـەردانی ئـەو ئوتێلانـەی دەکـرد لـە بەغـدا کـە خەڵکـی کۆیـە هاتوچۆیـان تێـدا دەکـردن بـە مەبەسـتی میوانداریکردنیـان، خوالێخۆشـبوو (عەقیـد زرار فەتحوڵـڵا) کـە سـەردەمانێك لـە بەغـدا لـە ناوەنـدی شەسـتەکان و حەفتـاکان، خاوەنـی (ئوتێـل شـەهلا) بـوو، هەمیشـە بـە فاتـح ئاغـای دەگـوت: (سـەلامەت بـێ خەریکـە نانـی ئێمـە دەبـڕی و میوانەکانـم لـێ دەدزی)، بـەو مانایـەی میوانـداری (کوبیەکانـی دەکـرد).

(عەونـی)ی باوکـم، زۆر جـار باسـی لـە پیاوەتـی و سـەخاوەتی فاتـح ئاغـا دەکـرد و دەیگـوت: (فاتـح و فەیـرۆز خانـی خێزانـی دەڵێـی کـچ و کـوڕی یـەك دایـك و باوکـن).

خوالێخۆشبوو تەمەنێکی کورت ژیا، کە تەنیا پەنجا و هەشت ساڵ بوو، رۆژی ١٩٧٢/٨/١٠ لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی دەهێننەوە کۆیە و لە گۆڕستانی بنەماڵە لە (عارەبیان) دەنێژرێت.

سەرچاوەی زانیارییەکان، لە رێگەی واتسئاپەوە لە خاتوو (پەروین) ی کچی خوالێخۆشبوو فاتح ئاغا لە رۆژی ٢٠٢٠/١٢/١٦دا بەدەستم گەیشتووە.

٣- فەخری محەمەد رەئووف سادق حەوێزی ١٩١٤- ٢٠٠٢

خوالێخۆشبوو کاکە فەخری کوڕی رەئووف ئاغا کوڕی سادق ئاغای حەوێزییە، ساڵی ١٩١٤ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە و بۆ خوێندنی ناوەندیش چوووەتە هەولێر و پاش تەواوکردنی ئەم قۆناغەش چووەتە بەغدا و لە پەیمانگەی رووپێوی (معهد المساحه) وەردەگیرێت و پاش دوو ساڵ، خوێندنی پەیمانگە تەواو دەکات و دەبێتە (مەساح).

لە سەرەتای کاری وەزیفە، پاش تەواوکردنی پەیمانگە لە شاری بەغدا دادەمەزرێت و پاشان بۆ چەندین شوێنی دیکە گوێزراوەتەوە، وەکو (میسان، خانەقین، پارێزگای سلێمانی) و دواشوێنی کارکردنیشی پارێزگەی کەرکووك دەبێت و بە تەواوی لەوێ نیشتەجێ دەبێت تاکو ساڵی ١٩٥٨ لە وەزیفە دەمێنێتەوە و خانەنشین دەبێت، لەو ساڵە پاش خانەنشینبوونی بۆ ماوەیەك لە پرۆژەی بەنداوی دووکان کار دەکات، لە دوا

ساڵەکانی دیکەی لە کەرکووك نیشتەجێ دەبێت و پێشانگایەکی گەورە لەناو شاری کەرکووکدا بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کشتوکاڵی دەکاتەوە.

لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (حیکمەت خانی کچی مەلا تۆفیقی ئیمام) دەکات و چوار کچ دوو کوڕی بە ناوی (پاکیزە، نازەنین، سۆزان، بەیان... هەن، کوڕەکانیشی (سیروان، مەریوان) کە ئێستاکە تەنها (نازەنین، بەیان، مەریوان) لە ژیاندا ماون، کاکە فەخری، خوشکێکیشی بە ناوی (خاتوو سەبیحە خان) هەبوو.

خوالێخۆشبوو کاکە فەخری کوردپەروەرییەکی دڵسۆز و بوێر و راستگۆ بوو و هەمیشە حەماسەتی کوردایەتی لێ دەباری و بەشدارییەکی زۆری خەباتی کوردایەتی کردووە و بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥) ماڵەکەی جێگەی حەوانەوە و پەناگەی ئەو تێکۆشەرانە بوو کە لە باشووری عێراق یان شاری کەرکووك لە ترسی دەسەڵاتی میری خۆیان لێ دەشاردەوە و پاشان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد، خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری کەرکووك کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (شێخ محی الدین) بە خاکدەسپێردرێت. ئەم خانەوادەیە لەسەر ئاستی شاری کەرکووك لەناو هەموو نەتەوەکاندا ناسراو و خۆشەویست بوون.

سەرچاوە: مامۆستا محەمەد فاتح بە نووسین لە ٢٠٢٠/٩/٨ بۆی ناردووم.

## شرۆڤە و روونکردنەوە:

ئاشکرایە پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا، بە چەند مانگێك جموجۆڵێکی عەشائیری چەکدار لە چەندین ناوچەی کوردستان پەیدا ببوو، بە تایبەتیش لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگەی سلێمانی و کۆیە و شەقڵاوە و دەوروبەریدا، ئەو ناوچانە لەلایەن چەکدارانی عەشائیرەوە کۆنترۆڵ کرابوون و شەوانە لە سنووری کۆیە لەسەر شاخی (هەیبەت سوڵتان) ئاگریان دەکردەوە. بارەگەی سەرەکیان لە دۆڵی ناحیەی (خەلەکان) بوو، نزیك لە بەندای دووکان، کە تێیدا بابەتی (الاصلاح الزراعی) بە ناڕازیبوون لەلایەن عەشائیر قسەی لەسەر دەکرا کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز راگەیاندبوو.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا، حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم، سیاسەتێکی (عاقڵانە و حەکیمانە)ی نەگرتە بەر، ئەو لە سەرەتای ئەم ساڵەدا ١٩٦١ دەستی کرد بە چەکدارکردنی هەندێ عەشائیری دژ بە (بارزانییەکان) و سەرەڕای دادگاییکردنی رۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و راونان و زیندانیکردنی هەندێ لەسەرکردەکانی پارتی، دوورخستنەوەی سەدان فەرمانبەری کورد بۆ ناوەند و خوارووی عێراق و زیندانیکردنی سەدان کادیر و هەوادارانی پارتی و بزووتنەوەی کوردایەتی، سەرەڕای پاشگەزبوونەوەی لە هەنگاوە

دیموکراتییەکانــی کــە لــە ســەرەتای شــۆڕش ڕاگەیەندرابــوو.

(عەونــی) یەکێــك بــوو لــەو نیشــتمانپەروەرانەی لــە کۆیــە لەگــەڵ چەنــدان کەســایەتی کوردپــەروەردا لــە حەپســخانەکانی (هەولێــر و بەغــدا و کــوت) بەندکرابــوون، ئەوەبــوو عەونــی حەپســخانەکانی کوتــی بەرکەوتبــوو، بەڕێکــەوت چەنــد نیشــتمانپەروەرێکی کــورد و عەرەبــی تێدابــوو، یەکێــك لــەوان خوالێخۆشــبوو مامۆســتا (حەبیــب محەمــەد کەریــم) بــووە، ئەوکاتــە کادیرێکــی پێشــکەوتووی پارتــی و ســەرۆکی لیژنــەی چاودێــری و پشــکنینی پارتــی بــوو، پــاش هەوڵێکــی زۆری مامــم (عومــەر حەبیــب) کــە ئــەو کاتــە دادوەری لێکۆڵینــەوە (حاکــم تحقیــق) بــوو لــە ســلێمانی، بــە حوکمــی وەزیفەکــەی پارێــزگاری ئەوکاتــەی ســلێمانی (عەبدوڵموتەلیــب ئەمیــن)، دەبێــت، مامــم تەکلیفــی لــێ دەکات، بــۆ ئــەوەی هەوڵێــك بــۆ ئازادکردنــی کاکــی (عەونــی) بــدات، ئەویــش مەردانــە دێتــە دەســت و هەوڵــی ئازادکردنــی دەدات، بــەڵام (حاکمــی عەســکەری م) تەنیــا ئازادکردنەکــەی بــە مــەرج بــۆ دیــاری دەکات، بــە مانــای ئــەوەی بــۆ مــاوەی شــەش مانــگ لــە بەغــدا لەژێــر چاودێــری پۆلیســدا (الاقامــە الجبریــە)، چونکــە وەکــو بــۆ مام)میــان گێڕابــووەوە (گەڕانــەوەی بــۆ کۆیــە مەترســی لەســەر ئەمنیەتــی ئــەو شــارە دروســت دەکات.

کاتێــك ڕۆژی ١٩٦١/٩/١٣ عەونــی دەهێننــە بەغــدا بــە دەستبەســەرییەوە داوای کەفیلــی لــێ دەکــەن، کــە دانیشــتووی بەغــدا بێــت، کاتێــك (عەونــی) یــش بــە مەبەســتی پەیداکردنــی کەفیــل، لەگــەڵ پۆلیســێکدا دێتــە دەرەوە، تووشــی بــە تووشــی خوالێخۆشــبوو (فاتــح)ی جەلیــل ئاغــای حەوێــزی

دەبێت و کاتێك بە مەسەلەکە دەزانێت، یەکسەر لەگەڵ عەونی و پۆلیسەکەدا دەچنە مەرکەزی پۆلیس و کەفالەتی دەکات.

عەونی لە بەغدا دەزانێت کە ماڵ و خێزانی سەلامەتن، چونکە وەکو دەیگێڕایەوە (فاتح ئاغا) رۆژانە هاتوچۆی یەك دوو ئوتێلی دەکرد، کە خەڵکی کوردستانی لێ دادەبەزین و لەوێ هەواڵی کوردستانی دەزانی، زۆر جاریش دیسان باوکم (عەونی) دەیگوت: فاتح ئاغا هەفتەی دوو جار خواردنی بۆ دەهێنام بۆ ئوتێل (شمال الکبیر کە تێیدا (فەیرۆز خانی) خوالێخۆشبوو خێزانی فاتح ئاغا زۆر بە پووختی ئامادەی دەکرد.

کەسایەتی دووەم کە لێرەدا باسی لێوە دەکرێ و شەوانە لەگەڵ باوکم و فاتح ئاغا لە یەکێك لە چایخانەکانی بەغدا کاتیان بەسەر دەبرد، خوالێخۆشبوو کاکە (فەخری مەلا رەئووف ئاغای حەوێزی)یە، کە ئەوکاتە (فورمان) بوو لە یەکێ لە کۆمپانیاکانی نەوت کە ئەویش دۆستایەتی ئێمە و خێزانی کاکە فەخری وەکو خێزانی دوو برا وابوون و کاتێك (عەونی) سەردانی کەرکووکی بکردایە، ئەوا بێگومان سەردانی (محل)ەکەی دەکرد، کە بازرگانی بە کەلوپەلی کشتوکاڵی و ماتۆڕ دەکرد و ئەگەر شەویش بمانایەوە ئەوا ماڵی (کاکە فەخری) خانە خوێمان بوو لە کەرکووك، کاتێك کاکە (فەخری) سەردانی کۆیەی بکردایە ئەو یەکسەر ماڵی (عەونی) جێی حەوانەوەی بوو، ماوەی مانەوەی عەونی (چوار مانگ و ١٥ رۆژی پێچوو) لەو ماوەیەدا دەبووایە، رۆژی دووجار سەردانی مەرکەزی پۆلیس (العاباخانە) بدات، بە مەبەستی (اثبات وجود).

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٨)
# گێڕانەوەی یەکەم ڕۆژی یەکشەممە ١٩٨٢/٦/١٦

دەق:

**عەونی گوتی: ساڵی ١٩٦٢ لە سجنی[١] (نوگرە سلمان[٢]) حەپس بووین، ئاخر ڕۆژی ساڵی ١٩٦٢ بوو هەر لە خۆمەوە گوتم، (هەتا ساڵێکی دی بەرنابین، ئەو قسەیە لەناو حەپسەکاندا بڵاوبووەوە، ئەو گوتی: "کێ ئەو خەبەرەی بڵاوکردووەتەوە؟ ئاخری گوتیان "ئەوە فڵانەکەس بوو" هاتنە لای من و گوتیان، ئەو کاغەزەت لە کن کێ بۆ هاتووە؟ حەپسخانە پڕی خوێندەوار بوو هەموو باوەڕیان کردبوو لە ئاخیری خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم: "سبەینێ ساڵ نوێ دەبێتەوە، مەبەستم ئەوەبوو سبەی دەکەوێتە ساڵێکی دیکە".**

## پەراوێز:

١- ساڵی ١٩٦٢ عەونیی شاعیر، پاش لێکۆڵینەوە لە بەغدا رەوانەی حەپسخانە کرایەوە، ئەوجا یەکسەر بۆ حەپسخانەی (نوگرە سەلمان) ی بەدناو بە نیسبەت گرتنەکەی ئەوجارەی خوالێخۆشبوو خاتوو (نەجیبە خانی جەلیزادە لە بیرەوەرییەکانی کە لەژێر ناوی (هەواڵی کوردەواری) بڵاو کراوەتەوە لە لاپەڕە (١٢٢)دا بە دەق نووسیویەتی: (١٩٦٢/١١/٢ تەیارە و ئەلیکۆپتەر هاتن "عوسمان عەونی شاعیر" گیرا، ئەمری گرتنی (حەمید خاڵە شێخ سەدری و عەزیزی مەغدیدی قەساب) دەرچوو، بەڵام هەڵاتن).

بۆ روونکردنەوەی زیاتری ماوەی حەپسیەکەی کە بەم جۆرە بوو.

سەرەتای مانگی ٤ی ١٩٦١ بە فەرمانی حاکمی عەسکەری م حەپس کراوە و لە بەغداوە یەکسەر بۆ حەپسخانەی کوت.

لە ١٩٦١/٩/١٣ لە کوتەوە بۆ بەغدا، لە بەغدا بۆ ئیقامەی جەبری بۆ ماوەی چوار مانگ و ١٥ رۆژ یانی تاکو ١٩٦٢/١/٢٨ ماوەتەوە ئەوجا ئازاد کراوە.

جاری دووەم هەر لەو ساڵەدا ١٩٦٢/١١/٢ دیسان بەند دەکرێ و پاش لێکۆڵینەوە لە بەغدا، یەکسەر بۆ حەپسخانەی نوگرە سەلمان.

لە ١٩٦٢/١١/٢ تاکو لە ١٩٦٣/٢/٩ ئازاد کراوە و ئازادکردنەکەش پاش کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کاتی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ

حکوومەتــی بەعســییەکان ئاگربەســتی راگەیانــد، کەوتنــە هاتوچــۆ بەپێــی یاداشــتێکی (پارتــی دیموکراتــی کوردســتان) کــە ئاراســتەی حکوومەتــی ئینقلابــی تازەکرابــوو و تێیــدا (لیســتێك) ئامــادە کرابــوو بــە نــاوی ئــەو کوردانــەی حەپســن لــە حەپســخانەکانی عێــراق لەســەر رەوتــی کوردایەتــی بــە مەبەســتی ئازادکردنیــان ئەوەبــوو (عەونــی)ی شــاعیر یەکێــك لــەو ئازادکراوانــە دەبێــت و هاتــەوە کۆیــە و خوالێخۆشــبوو هاوڕێــی حەپســخانەی شــاعیر (کامــەران موکری)یشــی لەگــەڵ دابــوو.

٢- حەپسخانەی نوگرە سەلمان

حەپســخانەی (نوگــرە ســەلمان) کــە یەکێکــە لــە کۆنتریــن حەپســخانەکانی عێــراق و لــە ناحییــەی (ســلمان)دا هەڵکەوتــووە، لــە پارێــزگای (المثنــی- الســماوە) لــە چۆڵەوانــی و بیابانێکــی وشــك و بــێ ئــاودا لــە نزیــك لــە ســنووری نێــوان (عێــراق وڵاتــی ســعودیە) و مێــژووی دروستبوونیشــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرەتای بیســتەکانی ســەدەی رابــوردوو، کاتێــك ئینگلیــز عێراقــی داگیــر کــرد، لەبــەر ئــەوەی شــوێنەکەی یەکجــار دوورە، هەمیشــە بــۆ دوورخســتەوە (مەنفــی) بــەکار هاتــووە و لــە هەمانکاتیشــدا لــە شەســتەکانی ســەدەی رابــوردوودا حکوومەتــی عێــراق لەســەر یەکێــك لــە گردەکانــی (السلمان)دا، حەپســخانەیەکی دیکەشــی دروســتکرد، زۆر گەورەتــر لــە حەپســخانەی یەکــەم، حەپســخانەی (نوگــرە ســەلمان) بــە (وەحشــیترین حەپســخانە دادەنرێــت) و هەمیشــە جێگــەی تێکۆشــەر و نیشــتمانپەروەرانی

عێـراق بـووە، ئاشکراشـە پـاش هەڵمەتـە بەدنـاو و ئابڕووبەرەکـەی بەعـس کـە بـە (ئەنفـال) نـاوی دێـت، کـە یەکێکـە لـە دڕندەتریـن و هەڵمەتـی بـێ ویژدانانـەی بەعسـی فاشیسـت، بەرانبـەر ژن و منـداڵ و پیـاوی بـێ دەرەتـان، کـە بەهۆیـەوە بـە سـەدان هـەزار کـەس بوونـە قوربانـی ئـەم ڕژێمـە فاشیسـتە.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

ئاشــکرایە کاروانــی بەندکردنــی (حەپســکردن، زیندانیکــردن)ی عەونیــی شــاعیر و بــازرگان، هــەر لــە ســەرەتای لاویەتییــەوە لــە ســەردەمی فەرمانڕەوایەتیــی پاشــایەتی (الحکــم الملکــی)، وەك لــە لاپەڕەکانــی پێشــوودا هاتــووە، تاکــو دواجاریــش کــە تەمەنــی لــە پەنجــا ســاڵ تێپــەڕی کردبــوو، لــە ســاڵی ١٩٦٥ بــۆ جــاری ســێیەم لــە پــاش شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨، لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦١ و لــە زســتانی ســاڵی ١٩٦٢ و جــاری ســێیەمیش لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٦٥ لــە ســەردەمی عەبدولســەلام عــارف، لەگــەڵ چەندیــن کەســایەتی تــری کۆیــە، دەســتگیر کــران و بــە زیلــی عەســکەری لــە کاتوســاتێکی یەکجــار گەرمــدا، رەوانــەی هەولێــر کــران. گیراوەکانــی دواجــار چــواردە کــەس بــوون و چــوار هەتــا پێنــج مانگیــش لــەم (بەند)یــەدا مانــەوە و پاشــان لــە ئاکامــی (هــەوڵ و بەرتیــل و واســیتە) ئــازاد کــران.

پــاش ئازادبوونــی عەونــی، بــە مەبەســتی بەخێرهێنانــەوە و ئازادبوونــی، دۆســت و برادەرانــی ســەردانیان دەکــرد، ئێوارەیەکیــان دوو کەســایەتیی شــاری کۆیــە هاتنــە لای، یەکەمیــان مامۆســتا خوالێخۆشــبوو (حەمەدەمیــن مەعــرووف) بــوو کــە هەڤاڵــی کۆنــی پارتایەتــی و دۆســت و بــرادەری ئــەو ســەردەمەی (کــە لــە کۆنگــرەی دووەمــی پارتــی لــە ســاڵی ١٩٥١ هەڵبژێــردرا بــە ئەندامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی، بــەڵام لەبــەر هەنــدێ هــۆکار، وازی لــە

کاری (حیزبایەتـی) هێنـا، بـەڵام تـا دواڕۆژی ژیانیشـی بـە کوردپـەروەری مایـەوە.

کەسـایەتی دووەم (مـەلا عەبدولڕەحـمان)ی مـەلای ڕەش بـوو، یەکێـك بـوو لـە کادیـرە کـۆن و بـڕوا بەتینەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، کـە دەکاتـە باوکـی خوالێخۆشـبوو پیـاوی بـە ئەمەکـی کوردایەتـی و پارتایەتـی، عەزیـز سەربەسـت، ئەمجـارە کاك عەزیـز سەربەسـتیش بـەر هەڵمەتـی گرتـن هاتبـوو.

لـە دانیشـتێنێکی پـڕ لـە بیـرەوری و یـادگاری ڕۆژانـی ناوەنـدی سـییەکان و چلەکانـی سـەدەی رابـوردوودا و بـاس لـە چۆنیەتـی کاری پارتایەتـی و کوردایەتـی دەکـرا، ببـوو بـە زادەی بیـری ڕۆشـنبیری و (منەوەرانـی) کوردسـتان کـە تەنیـا بیـر لـە بەرژەوەندیـی کـورد و کوردسـتان دەکرایـەوە و کوردایەتـی لایـان تـا بڵێـی (پیـرۆز) بـوو.

لەوکاتـەدا خوالێخۆشـبوو (سـەعید مـەلا ئەحمـەد)، کـە کادیرێکـی پێشـووی (حیزبـی شـیوعیی عێراقـی) بـوو، لـە کاری حیزبایەتـی و نیتشـمانپەروەریدا چ لـە کۆیـە و چ لـە رانیـەدا ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـوو، لـە هەمانکاتیشـدا زاوای مـەلا عەبدولڕەحمانـی مـەلای ڕەش بـوو، کـە هاتـە ژوورەوە، یەکسـەر بـۆ لای باوکـم چـوو, هـەر دوولای ڕوومەتـی مـاچ کـرد، ئەوجـا بـە پەرۆشـەوە کـە تاکـو ئـەم ساتەش، بەرانبـەر باوکـم راوەستابوو، ڕووی لـە ئامادەبـووان کـرد و گوتـی: نازانـم ئـەو پیـاوە ”مەبەسـتی عەونـی“ بـوو، بـۆ دەبێـت لـە هەمـوو زەمانێـك و سـەردەمێکدا بەشـی ئـەو گرتـن

و زیندانـــی بێـــت، بابـــە گیـــان خـــۆ پیـــاوی نەکوشـــتووە و ماڵـــی کەســـی نەخـــواردووە، بـــەڵام دەســـەڵات چییـــە، بەهەرحـــاڵ کاك عەونـــی بەخێربێتـــەوە و ســـەر ســـەلامەت و چاومـــان ڕۆن.

کاتێـــك خوالێخۆشـــبوو ســـەعیدی مـــەلا ئەحمـــەد دانیشـــت و پـــاش پشـــوویەکی کـــورت، مامۆســـتا حەمەدەمیـــن مەعـــرووف هاتـــە قســـە و ڕووی لـــە کاك سـەعید کـرد و گوتـی: کاك سـەعید زۆر شـوکر بـۆ خـوا کـە نـاوە حکوومـەت ئـەم پیـاوە بەسـەردەکاتەوە، لـە بیرتـە ئێـوەی شـیوعی و ئێمـەی پارتـــی لـــە "وثبـــە"ی ســـاڵی ١٩٤٨ لـــە دژی (پەیماننامـــەی پـــۆرت ســـموث)ی نێـوان حکوومەتـی عێـراق و بەریتانیـا ڕاپەڕیـن، ڕۆژانـی ڕاپەڕینەکـەت لەبیـرە کـــە کاك عەونـــی لـــە مزگەوتـــی گـــەورە لـــە دێـــری دیانـــەکان، لـــە کەنیشـــتی جوولەکـەکان شـیعرە حەماسـییەکەی دەخوێنـدەوە، کـە لەنـاو خەڵکەکـەدا ئـــەو زۆر دیـــار بـــوو، خـــۆ لـــە بیرتـــە ئـــەوکات ئـــەو باســـی مەزلومییـــەت و مەغدووریەتـــی (عیلـــی بارزانـــی) دەکـــرد کـــە چیـــان بەســـەرهاتووە، لەگـــەڵ قســـەکانی ئـــەو بـــوو چ هەڵلایـــەك، کاکـــی خـــۆم لەوەتـــەی لـــە کۆیـــە نـــەورۆز دەکـــرێ، کاك عەونـــی یـــان یەکێـــك لـــە ڕێکخەرانـــی بـــووە، یـــان شـــیعری تێـــدا خوێندووەتـــەوە یـــان شـــیعر و شـــانۆگەری بـــۆ دانـــاوە، ئـــەوەی مـــن ئـــاگام لێیـــە کاك عەونـــی لـــە (دارکـــەر)ەوە پاشـــان بـــۆ (هیـــوا) و ئەوجـــا بـــۆ (ڕزگاری) و دواجاریـــش بـــۆ پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، بـــەڵام لێـــرە شـــتێك هەیـــە، ئـــەو پیـــاوە ســـەرەڕای هەڵوێســـتە سیاســـییەکانی دژ بـــە حکوومـــەت، هەمیشـــە (موجاهـــەرەی) بـــە شـــیعرەکانی دەکـــرد، کـــە هەمـــووی بـــۆ خزمەتـــی کـــورد

و کوردستان بوونە. بەندە (حەمەدەمین مەعرووف) لە نزیکەوە لە ساڵی ١٩٤٦ ئاگام لە جۆش و خرۆشی کوردایەتی ئەو پیاوە بوو کە قەت حیسابی بۆ ترس نەکردووە، ماشەللا (عومەرە سووری)ی براشی وا پەروەردە کردووە، سەردەمێك ئاگری کوردایەتی دەکردەوە، باشە پیاوێك ئەوە مەوقیف و کەسبی بێت، چۆن لە میوانداری (حەپسخانەکان) بێ بەش دەبێت.

کاتێك عەونی دوایین رۆژانی بەندی لە نوگرە سەلمان باس دەکات، کە ئەوکاتە تێیدا بەند بووە، لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٦٢دا تاکو ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ی خایاند و ئازادکردنەکەشی پاش کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ هات، کە لە ئاکامی ئەو رێککەوتنە سەرتاسەرییە، ئاگربەست لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغدای بەعس روویدا.

# کەشکۆڵ لاپەڕە (١٠)
# گێڕانەوەی یەکەم ڕۆژی پێنجشەممە ١٩٧٤/٤/٢٧

دەق:

عەونی گوتی: ساڵی ١٩٦٢ گیرام و ناردرامە بەغدایە، لەگەڵ ڕەفیقێکی هەڵەبجەیی ناردمیانە (مجلس تحقیق) کە عەقیدێکی جەیش و حاکمێك و ممثلی (امن) و شرطە بوون، کورسییەکیان بۆ دانام و گوتیان: ئەتوو بە دوو مادده متهمی..

١- ئەتوو چەکت پێ بووە و لە چیای گیرایی.

٢- لە ساڵانی (١٩٥٢-١٩٥٤) لە کاتی ئینتخاباتا، ئەتوو (اضراب) و (مظاهرە)ت کردووە.

گوتم: من کابرایەکی کاسبم، ئەمن ناچمە چیای، لە (عهد)ی (بائد) یش هەموو شتێکمان لە دژی حکوومەت کردووە، هەتا دەور بگۆڕێ و ئێوە بێنە سەر حوکم.

عەقیدەکە گوتی: بارزانیت خۆش دەوێت؟ گوتم ئەمن کابرایەکی بێدەخلم، گوتی: ئەدی (زەعیم)ت خۆش دەوێت؟ گوتم: هەموو خۆشمان ناوێ! لەوەختی ئیمزاکردنەکە کە گوتم: چ نووسرایە؟ عەقیدەکە گوتی: کوڕم ئیمزای بکە و گوو بە گۆڕی زەعیمی و حەواڵەی حاکمی عەسکەریان کردم، ئینجا بۆ (نوگرە سەلمان) ڕەوانە کرام، بۆ جاری دووەم لە (نوگرەوە) ڕەوانەی بەغدایان کردمەوە کە چووینە (موقف سەرای)

لە بەغدایە، رۆژی چوارشەمموو بە رەفیقەکانم گوت: بە خودای شتەك دەقەومێ، لە ١٩٦٣/٢/٦ ئیفادەم وەرگیراوە، بەیانی جومعە (١٩٦٣/٢/٨ - ١٤ی رەمەزان، ئیزاعەی عەرەبی بەغدایە راوەستا، بەڵام بەشە کوردییەکەی هەر دەنگی دەهات، یەك دوو تەیارە وەزارەتی دیفاعی (قصف)کرد و تۆپی گەورەیان هێنا و تێیان گرت، ئێمە زۆر نزیك بووین (موقف)ەکەی دەهەژاندەوە، دوای ئەوەی عائیدی خۆیان بوو بەرەللایان کردن، ئێمەش بە ناوی (کوردی قەومی) برقیەمان بۆ حکوومەتە تازەکە لێدا و خۆمان خرکردەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بێننە دەرێ، هەتا شەویش چاوەنۆڕمان کرد، کەچی گوتیان، وەزیری داخیلیە پەشیمانبوویەتەوە و دەبێ (مرسوم)یان بۆ دەربچێت! ئێمەیان حەواڵەی (نوگرە سەلمان) کردەوە و لە ئاخری ئێمە ١٨٠ کورد بووین، کاغەزمان بۆ مام جەلال نارد کە زانیمان هاتوونەتە بەغدایە، لە ٩ی مانگی مارت، بەرەڵلا کراین (ئازاد کراین).

## شرۆڤە و لێکدانەوە

لە ١٩٦٢/١١/٢ جارێکی دیکە (عەونی) بەر شاڵاوی گرتن دەکەوێت کە چەند مانگێك لە سەرتاسەری ئەم ساڵە (١٩٦٢) ئازاد کرابوو، بەڵام ئەمجارەیان راستەوخۆ بە فەرمانی (لیوا روکن احمد صالح العبدی) حاکمی سەربازی گشتی (الحاکم العسکری العام) گیرا و بە (کەلەپچە)کراوی رەوانەی بەغدا کرا، پاش وەرگرتنی (ئیفادەی) کە لە ئاکامی قسەکانی (عەونی)دا بە دیار دەکەوێت، لێپێچینەوەکە (تحقیق) زۆر بێسەروبەر و بێ مانا و کرچ و کاڵ بووە، وەکو ئەوەی پێیان گوتووە کە تۆ بە چەکەوە لە چیادا گیراویت یان تۆ لە زەمانی پاشایەتیدا خۆپیشاندانت دژ بە حکوومەت کردووە، بەهەرحاڵ دیسان بە فەرمانی حاکمی عەسکەری ی م رەوانەی بەندیخانە بەدناوەکەی (نوگرە سەلمان) کرایەوە و تاکو رۆژی ١٩٦٣/٢/٥ دەیهێننەوە بەغدا بۆ حەپسخانەی (موقف السرای) ئەویش هەر سەر بە دائیرەی پۆلیسە و دیسان لێپێچینەوەی (تحقیق) لەگەڵدا دەکرێت و بە رێکەوت تاکو رۆژی ١٩٦٣/٢/٨ (١٤ی رەمەزان) لەوێ دەمێنێتەوە، ئەوانیش داوای ئازادبوون دەکەن، وەکو چۆن (حەپسە بەعس و قەومییەکان) بەرەڵاکران، لەو رۆژەدا عەونی باس لە بارودۆخی ئەو رۆژە دەکات کە ئەوان لە حەپسخانەی (موقف السرای) کە نزیکە لە وەزارەتی بەرگری (دفاع)ی عێراقی هەر لە بۆردوومانکردنی وەزارەتی بەرگری کە لە بارەگەی سەرۆکوەزیران عەبدولکەریم قاسمی تێدا بوو، بارودۆخەکە بۆ حەپسە کوردەکان دژوار و نارِوون بووە، بۆیە هیچیان

بـۆ ناکـرێ و بـۆ رۆژی دواتـر رەوانـەی (نوگـرە سـەلمان)نیان دەکەنـەوە، ئەوجـا لـە چاوەڕانـی رێککەوتنـی شـۆڕشـی کـورد و حکوومەتـی بەعسـی بەغـدا دەبـن، ئەوجـا وەکـو عەونـی دەڵـێ: کاتێـك دەزانـن هاتوچـۆی نێـوان شـۆڕش و بەغـدا هەیـە و پارتـی بـە ئاشـکرا هەڵوێسـتی (ئەرێنی)یـە بەرامبـەر بـە ئینقلابەکـە، بـە نـاوی حەپسـە کوردەکانـەوە نامەیـەك بـۆ مـام جـەلال دەنێرێـت، کـە ئەوکاتـە خوالێخۆشـبوو مـام جـەلال ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردەیەکی دیـاری شـۆڕش بوو، لە کوردسـتان لەلایـەن مەکتەبی سیاسـی تاوتوێـی نـاوەکان دەکرێـت و پاشـان بـە یادداشـتی رەسـمی دەدرێتـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی سـەرکردایەتیی شـۆڕش (المجلس الوطنی لقیـادە الثورە) ی حکوومەتـی بەعـس، تـازە رۆژی ١٩٦٣/٣/٨ بەیاننامەیـەك بەنـاوی هەمـان (ئەنجوومەنـی نیشـتمانی) بـە کـورد و عەرەبـی لـە ئێسـتگەی بەغـدا بـۆ چەنـد جارێـك خوێندرایـەوە و تێیـدا نـاوی ١٨٠ بەنـدی (زیندانـی) کـوردی تێـدا بـووە، وەکـو نیازپاکـی ئـازاد کـران، پـاش دوو رۆژ عەونـی لەگـەڵ شـاعیری نەتەوەیـی خوالێخۆشـبوو (کامـەران موکـری) گەیشـتەوە کۆیـە و کامەرانـی شـاعیریش لـە کۆیـە بـەرەو سـلێمانی گەڕایـەوە.

ئەمجارەشـیان لـە سـەروبەندی رووخانـی حکوومەتـی عەبدولکەریـم قاسـمدا کـە مـاوەی پێنـج سـاڵ و چەنـد مانگێکـی خایانـد، عەونـی دووجـار لـەو سـەردەمەی کۆماریـدا گیـراوە، کـە لـە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی رابـردووەوە تـا رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ لـە هەوڵـی هێنانـە کایـەی کۆمارێکـی وابـوون، ئـازادی بـۆ تـاك و مافـی رەوای گەلـی کـورد جێگیـر بـکات.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ۱۱) گێڕانەوەی یەکەم

دەق:

(عوسمانی عەونی) لە سەرباری میللەت و حکوومەت لە رۆژی شەمموو ۱۹٦۹/۳/۲۹ قسەیەکی بۆ کردین و پێی تەواو نەکرا، لە رۆژی شەمموو (۱۹۷۷/۹/۲٤) پێم تەواو کرد[۱] و گوتی:

" لە ساڵی ۱۹٤۸ لەگەڵ (طاهر چەلەبی[۲]) کە سەفەرکردن لەگەڵیدا خۆش بوو، چووینە (مووسڵ)ێ خوریمان پێکەوە کڕیبوو، ئەو نیازی تورکیاشی هەبوو، لە مووسڵ گوتی: با بچینە محلی قەساب باشی، گوتم: بابچین، کە چووین پاش ماوەیەك (موفتی[۳])ش هات، ئەو دەمای حکوومەت مەنعی کردبوو (حەیوان) لە بۆ (سووریا) بڕوات، هەر حکوومەتێك لە عێراق مەنعی چوونی حەیوان بکات بۆ سووریا، مووسڵاوی، چونکە نانیان لەسەریەتی، دەکەونە (عەلەیهی[٤] ئەو حکوومەتە).

لە دانیشتنەکە دەستکرا بەو قسانە کە فڵان رەئیس حکوومەت خراپە و فڵانیش چاکە، (موفتی)یش بە قسە هات و گوتی: من حیکایەتێکتان بۆ دەکەم، لە زەمانی (موفتی) باپیرم (والی[٥])یەکی عوسمانی لەبۆ (مووسڵ)ی تەعین کرا" والی (سەڵت[٦]) بوو، وای لێهات ئەهلی مووسڵی هەموو لێی بێزار بووین، ئەوەی شکاتی دەکرد و دەیگوت ئەوەی شکاتی لێکرابوو دەیگرت، (شاهد)ەکانیشی هەر دەگرت (حەپس)!

لە ئاخری (۳۰-٤۰) کەسێك دێنە کن باپیرم و دەڵێن: رێمان بدە، ئێمە

والــی دەکوژیــن، ئەویــش دەڵــێ: راوەســتن، ئەمــن دەچمــە کــن والــی کــە هەســتام و ئیشــارەتم دان، ئێــوە بیکــوژن.

باپیــرم دەچێتــە لای (والــی) پێــی دەڵــێ: جەنابــی (موفتــی) هەتــا مــن لــێ دەبمــەوە، ئەتــۆ نابــێ قســان بکــەی، محاکەمــەی خەڵقەکــەی دەکات و هەمــووان حەپــس دەکات، وەختێــك کــە میعــادی دائیــرەی نامێنــێ، موفتــی دەیەوێــت هەســتێ، والــی ناهێڵــێ و دەڵــێ: دەبــێ نیــوەڕۆ پێکــەوە نانــی بخۆیــن، شــەویش ئیزنــی نــادا.

لەبــۆ ســبەینێ پێــی دەڵــێ: جەنابــی موفتــی دەزانــم بۆچــی هاتــووی، بــەو قورئانــە کــە خــۆم و خــۆت تێمانــدا خوێنــدووە، لــە بــۆم ســاغ بووەتــەوە ئــەوەی لەســەر قــەرزی شــکاتی دەکات، درۆیــە دەکات، ئــەوەی شــکاتی لێکــراوە، بــە درۆ ســوێندی دەخــوا، ئــەوەی شــاهدی ئــەدا هــەر درۆیــە دەکات، بــەڵام ئــەوە لەبــەر خاتــری تــۆ، هەمــووان بــەڕەڵا دەکــەم، بــا هەمــووش لــە مزگــەوت بێنــە لات کــە دەچنــە لای موفتــی قســەی راســت بــۆ موفتــی دەکــەن، لــە جیاتــی ٥٠٠ لیــرە شــکاتی ١٥٠ لیــرەی لــێ دەکات، ئەویــش حاشــا لــە هەمــووی دەکات و شــاهیدەکانیش هەموویــان بــە پــارە شــاهیدیان دابــوو، ئەوجــا بــە موفتــی دەڵــێ: بــە میللەتەکــە بڵــێ خەڵکەکــە خۆیــان بگــۆڕن، منیــش لەگەڵیــان دەگۆڕێــم، ئایەتــی (لایغیــر اللــە مــا بقــوم... بــۆ دەخوێنێتــەوە).

## پەراوێز:

١- لـە دەقەکـەدا کـە ئـەم بابەتـە بـە دوو قۆنـاغ تـەواو کـراوە، جـاری یەکـەم مێـژووی گێڕانـەوە تـەواو نەکـراوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٩٦٩/٣/٢٩، بـەڵام بـۆ جاری دووەم و تەواوکردنـی بابەتەکـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٩٧٧/٩/٢٤، بـەڵام خـاوەن کەشـکۆڵ باسـی هـۆکاری تەواوکردنـی گێڕانەوەکـەی بـۆ دووجـار نەکـردووە، کـە بۆچـی لـە دوو مێـژووی جیـاوازدا بابەتەکـە تـەواو کـراوە.

٢- تاهیر چەڵەبی (تاهیر چەڵەبی ١٨٨٤-١٩٥٨/٨/٥

خوالێخۆشـبوو تاهیـر کـوڕی عەبدوڵـڵا نـاسراو بـە چەڵەبـی لـە سـاڵی ١٨٨٤ لـە کۆیـە هاتووەتـە دونیـاوە، ڕەچەڵەکـی بنەماڵەکەیـان دەچێتـەوە سـەر عەشـیرەتی (موکریانـی)، لەبـەر هـەر هۆیـەك بووبێـت هاتوونەتـە کۆیـە و لێـی نیشـتەجێ دەبـن و ژیانـی خێزانـی و هاوسـەرگیری پێـك دێنێـن، پیاوێکـی خـاوەن موڵـك و خۆشـگوزەران بـووە و کـوڕ و نـەوەی بەهـرەوەر و خـاوەن بڕوانامـەی نەتەوەپـەروەری لـە دوا خـۆی بەجێـماون، لـە دوای لەناوچوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی (١٩١٨) و دامەزراندنـی دامودەزگـەی حکوومەتـی عێـراق، دەبێتـە (کاتـب تەحریـرات)ی کۆیـە کـە ئەوسـا قـەڵادزێ و ڕانیـەش سـەر بـە شـاری کۆیـە بـوون، قائیمقامەکانـی یـەك لـە دوای یـەك، لـە ئەزمـوون و شـارەزابوونەکەی لـە کاروبـاری چۆنییەتـی

بەڕێوەبەرایەتییەکەیـان سـوودمەند بوویـن، رۆژی ١٩٨٥/٨/٥ لـە تەمەنـی ٧٤ سـاڵیدا لـە کۆیـە ماڵئاوایـی لـە ژیـان دەکات و هـەر لـە کۆیەشـدا بـە خاکدەسـپێردرێت.

سـەرچاوە: ( کۆیـە... نـاوداران)ی چاپـی سـاڵی ٢٠١٤ لـە نووسـینی مامۆسـتا عەبدولخالـق عەلائەدیـن.

٣- (مفتـی- موفتـی) پلەیەکـی ئایینـی و دونیاییـە لـە شـارە گـەورەکان لــە ســەردەمی عوســمانی (موفتــی) ئیرشــادی ئایینــی و دونیایــی دەدا و ناوونیشـانی (موفتی)یـش پـاش بڕینـی چەندیـن خوێندنـی قۆناغـی ئایینییـە لەلایـەن زانایانـی (اصـول الفقـە)، موفتـی ئـەو کەسـایەتییە موسـڵمانەیە کـە لـە حوکمەکانـی شـەرعی ئیسـلامی زانایـە، تێیـدا لەگـەڵ هەنـدێ مەرجـی تایبەتـی کـە دەیگەیەنێتـە ئاسـتی (فەتـوا دان)، موفتـی و قـازی یـەك پلەیـە، بـەڵام موفتـی بڕیـاردەرە و قـازی جێبەجێـکاری بڕیارەکانـە، زانسـتی ئوسـوڵی فقـە (علـم اصـول الفقـە) ئـەو لێکدانـەوەی مەرجـی نێـوان موفتـی و قـازی و هەوڵـدەر (مجتهـد) دەکات.

سەرچاوە: لە تۆڕی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

٤- وشــە یاخــود دەســتەواژەی (عەلیهــی) ئــەم دەســتەواژەیە لــە کۆیــە و دەوروبەریـدا زۆر بـەکار دێـت، (کاتێـك دەڵێـن فـلان لـە (عەلیهـی فـلان قســە دەکات) بــە مانــای دژایەتــی یاخــود بــە نەرێنــی لێــدوان دێــت،

بەرانبــەر بــە کەســێك.

٥- (والــی) وەکــو مانــا (والــی) ئــەو کەســەیە کــە فەرمــان و ئومــوری بــە دەســتەوە بێــت، بەرانبــەر ئەمیــر یاخــود حاکمــی وڵات بــەکار دێــت، ئــەم وەزیفــە و بــەم دەســتەواژەیە (والــی) لــە زەمانــی دەوڵەتــی عوســمانیدا بــەکار دەهــات، کاتێــك دەگوتــرا (مەدحــەت پاشــای والــی عێــراق، کــە لــە مــاوەی ســێ ســاڵدا لــە ١٨٦٩-١٨٧٢ حوکمــی عێراقــی دەکــرد، لــە جیاتــی (ســوڵتانی عوســمانی) بــەو مانایــە حاکــم یاخــود فەرمانــڕەوای ویلایەتەکانــی عێراقــی دەکــرد.

٦- (ســەڵت) بــەو کەســە دەگوتــرێ کــە بــە تەنیــا دەژی و ژن و منداڵــی نییــە.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

جـۆر و شـێوازی کەسـابەت و بازرگانـی لـە کۆیـە، وەکـو هـەر شـارێکی گـەورەی کوردسـتان شـێواز و خەسـڵەتێکی تایبەیـت خـۆی هەبـوو، لـە کۆیـەی جـاران، بازاڕێکـی قەرەباڵـغ هەبـوو، چەندیـن جـۆرە پیشەسـازی و پیشـەی تایبـەت بـە خـۆی تێدابـوو، وەکـو دروسـتکردنی چەندیـن جـۆری پێـڵاو و ئاسـنگەری و دروسـتکردنی پێداویسـتییەکانی تـری کشـتوکاڵی و دارتاشـی و (مووریـس) و زێڕنگـەر و خمخانـە، ئەگـەر هەندێـك پێداویسـتی وەکـو شـەکر و چـا نەبووایـە، لەوانەیـە کۆیـە و زۆر شـوێنی دیکـە خـۆی بـە خـۆی دەژیانـد (الاکتفـا الذاتـی). سـەرەڕای بازرگانـی بـە چەندیـن بەرووبوومـی ناوخـۆ بـۆ دەرەوەی کۆیـە و سـاغکردنەوەی لـە بازاڕەکانـی مووسـڵ و بەغـدا، وەکـو: توتـن، لۆکە،پەمـۆ، خـوری، مـازی، پێسـتە و ریخۆڵـەی دەبـاغ کراو...تـاد

بازرگانەکانـی کۆیـەش بـە لێهاتوویـی خۆیـان بـازاڕی کەلوپەلەکانـی کۆیەیـان گـەرم دەکـرد، خوالێخۆشـبووان تاهیـر چەڵەبـی و عەونـی لـەو سـەردەمەدا لـە ناوەنـدی چلەکانـدا دوو بازرگانـی دیـاری ئەوکاتـە بـوون، وەکـو چەندیـن بازرگانـی دیکـەی کۆیـە، بـە راسـتگۆیی و سەرڕاسـت ناسراوبـوون و لەلایـەن بـازاڕ و بازرگانەکانـی مووسـڵ و بەغـداوە کـە خاوەنـی خـان و بـازاڕی گـەورە بـوون، نێوبانگـی باشـیان هەبـوو.

سـاڵی ١٩٤٨ هـەردوو خوالێخۆشـبوو تاهیـر چەڵەبـی و عەونـی پێکـەوە

بـە هاوبەشـی (شراکـە) خوریيەکـی زۆريـان کڕيـووە، ئەوکاتـەش بـازاڕی سـاغکردنەوەی (خـوری و لۆکـە) زياتـر بـەرەو بـازاڕی مووسـڵ و بەغـدا دەچـوو، لەوێشـەوە بـۆ هەنـدێ لـە کارخانەکانـی ناوخـۆ و بەشـی زۆريـش بـۆ بازاڕەکانـی دەرەوەی عێـراق، وەکـو سـووريا و لوبنـان دەنـاردران.

لـەو سـەفەرە بازرگانييـە هاوبەشـييەی خوالێخۆشـبووان تاهيـر چەڵەبـی و عەونـی کـە بـۆ مووسـڵيان کـردووە، پـاش فرۆشـتنی خوورييەکـە، تاهيـر چەڵەبـی بـە عەونـی دەڵـێ: بـا سـەردانێکی (محـل)ی قەسـاب باشـی بکەيـن، ديـارە "قەسـاب بـاش" بازرگانێکـی گـەورە و نـاوداری مووسـڵ بـووە، عەونـی لێـرەدا بـاس لـە برادەرايەتـی و سـەفەر لەگـەڵ تاهيـر چەڵەبـی دەکات و دەڵـێ: سـەفەرکردن لەگەڵـی خـۆش بـوو.

لـە (محل)ەکـەی (قەسـاب بـاش) پـاش ئـەوەی ماوەيـەك دادەنيشـن، موفتيـی مووسـڵيش سـەردانی قەسـاب بـاش دەکات، لـەو سـەروبەندەدا مووسـڵاوييەکان لـە دژی حکوومەتـی ئـەو سـەردەمی عێـراق دەبـن و قسـەی لـە دژی دەکـەن، دژايەتيکردنەکەيـان بـۆ ئـەوە دەگەڕايـەوە لەوکاتـەدا حکوومەتـی عێـراق چوونـی مەڕومـاڵاتـی بـۆ سـووريا قەدەغـە کردبـوو، ئەمـەش بـازرگان و ئەهلـی ئـەو جـۆرە کەسـابەتەی لـە بـازاڕدا ناڕازيـی کردبـوو، ديـارە ميوانيانـی (محل)ەکـەی قەسـاب بـاش خەڵکانـی هەمەجـۆری لـێ بـووە کـە بـە نەرێـی باسـيان لـە حکوومەتـی ئـەو سـەردەمە کـردووە، ديـارە (موفتی)يـش ئـەو کاتـە قەناعەتـی تـەواوی بـە قسـەکانی دانيشـتووان نەبـووە، بۆيـە دێتـە قسـە و دەڵـێ: ئـەو چيرۆکەتـان

بـۆ دەگێڕمـەوە لـە زەمانـی موفتـی باوکـی رووی داوە کـە چـۆن لـە دیـداری (والـی) عوسـمانی ئـەو سـەردەمەدا، خەڵکانـی نـاڕەزا و شـکایەتکار و شـکایەت لێکـراو و شـاهیدەکان هەریەکـە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـە جۆرێـك رەفتـاری نایاسـاییان کـردووە و تەنانـەت شـایەتەکانیش بـۆ چەنـد لیرەیـەك بـە درۆ سـوێندیان خـواردووە.

لێـرەدا مەبەسـت لـە گێڕانـەوەی ئـەو رووداوە ئەوەیـە، ئەگـەر (هاووڵاتـی راسـتگۆ و مافپـەروەر بـوو) لـە یاسـای لا نـەدا، ئـەوا بێگومـان دەسـەڵاتی فەرمانــڕەواش ناتوانێــت بەبــێ یاســا و دوور لــە عەدالــەت رەفتــار لەگــەڵ میللەتـدا بـکات، بـە کورتـی، رەفتـاری میللـەت جـۆری دەسـەڵات دروسـت دەکات، (والـی عوسـمانی بـە موفتـی دەڵـێ: (بـە میللەتەکـە بڵـێ خەڵکەکـە خۆیـان بگـۆڕن، منیـش لەگەڵیـان دەگۆڕێـم). پێشـتوانیش بـەو ئایەتـە پیـرزە دەهێنێتـەوە: لایغیراللـە مـا بقومـم مـا لم یغیـروا بانفسـهم.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ١٥)
# ڕۆژی گێڕانەوە ١٩٨٦/١٢/١٥

دەق:

**بە بۆنەی مردنی (حیسامەدین شەعب[١]) کوڕی مام تەیب لە سلێمانی، عوسمان عەونی کە دوێنێ لە تەعزیەکیە لە سلێمانی هاتبووەوە گوتی: (ساڵی ١٩٤٤)[٢] ئەمن بە (بە مەبەست عەونی) لەسەر کاوەی ئاسەنگەر تەمسیلیەکەم[٣] دانا و لە جێی مەحکەمەی ئێستا تەمسیل کرا، (حسام الدین) لە تەمسیلەکەدا نائیبی (معارضە) بوو، تەمسیلی (شەعب)ی دەکرد، (حسام الدین) کە بە ناوی (شعب)وە قسەی دەکرد، هەستا و گوتی: ئەمن شەعبم، داخوازییەکانی شەعب ئەمانەن، ئیدی لەوێوە کە گوتی ئەمن شەعبم، لە قەبی شەعبی بەسەر دابڕا و لە جیاتی بڵێ ئەمن لە جیاتی شەعب قسان دەکەم، دەیگوت "ئەمن شەعبم".**

## پەراوێز

١- حسام الدين طيب (شەعب) لە لاپەڕەکانی پێشوو باس لێوە کراوە.

٢- ١٩٤٤ کاتێ عەونی باس لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٤ دەکات، بێگومان ئەوکاتە ئەندامی حزبی (رزگاری کورد) بووە و پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیواش هاتە گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە، ئاشکراشە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٦دا، ئەندامانی حیزبی رزگاری بە تەواوی چوونە ریزی پارتی و (عەونی) بوو بە ئەندامی یەکەم لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی.

٣- کاتێك گوتەبێژ (عەونی) باس لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٤ دەکات، بەپێی زانیاری (بەندە- نووسەر) یەکەم جار بووە لە کۆیە نەورۆز بە ئاشکرا ئاهەنگی بۆ رێکخراوە و تێیدا (عەونی) شانۆگەرییەکی بۆ ئەو ئاهەنگە داناوە، بە ناوی (کاوەی ئاسنگەر) و حسام الدین تەیب، یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەم شانۆگەرییە بووە، ئەوەی نووسراوە بڵاو کراوەتەوە، یاخود نەنووسراوە و بڵاو نەکراوەتەوە.

عەونی، بەهۆی پێگەی رۆشنبیری و کوردایەتی، هەر لە ساڵی ١٩٤٤وە کە نەورۆز بە ئاشکرا ئاهەنگی بۆ رێکخراوە یان بە شیعر خوێندنەوە لە شێوازی (ئۆپەرێت) یاخود بە ئامادەکردنی (شانۆگەری) بەشداری کردووە، هەر لەم بوارەدا مامۆستا (کەریم شێخانی)یش باس لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ دەکات، ئەو و بەهەشتی مام جەلال ئۆپەرێتێکی شیعر ئەنجام دەدەن کە عەونی هۆنیویەتییەوە و لە لایەن ئامادەکاری ئەم کتێبە دەقەکەی بڵاو کراوەتەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ١٧) ١٩٨٤/٢

لـەو لاپەڕەیـەدا مامۆسـتا (تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی) بـەم شـێوەیە بـاس لـە عەونـی و (محل)ەکـەی دەکات کـە وەك خـۆی بـە دەق بـڵاو دەکرێنـەوە.

دەق:

**(عەونـی) لــە (محل)ەکــەی خــۆی دوو قەنەفــە و دوو کورســی و مێزێــك و کورسـییەك بـۆ خـۆی، ژوورێکـی لـە پشـت دوکانەکەیـدا (مخـزن)ی هەنـدێ ئەشـیایە، هەنـدێ دەفتـەر و کتێبـی لەسـەر مێزەکەیەتـی. (تەرمـوس)ی ئـاوی هەیـە، زۆر جـار بەفـراوە و پەرداغیـش لەسـەرە، جغـارەی تـەرك کـردووە، ئەگـەر میوانێکـی بـێ چایـەی بـۆ دەکـڕێ، زسـتانان کۆمبـار رادەخـات، (سـۆبە)یەکی (نەفـت)ی عەلائەدیـن و سـۆبەیەکی کارەبـای دوو شیشـەی لەسـەر (مێز)ەکـە دانـاون، دەفتـەری قـەرز و ئیجـاری مەزبووتـە، نـاو بـە نـاو خـۆی بـە چەنـد بەیتێکـی شـیعری دەخافڵێننـێ و کـە شـەو لـە ماڵـەوە بـۆی هاتـووە و نیشـانی هەنـدێ کەسـی دەدات، حاڵـی باشـە و زسـتانە دۆسـت نییـە، زیرەکـە زۆر شـیعری (عومـەر خەیـام)ی لەبـەرە، پەنـد و نوکتـەی پیرانـە دادەدا، نـاو بـە نـاو جلـی کوردیـش لەبـەر دەکات، دیمەنـی بـەرەو (جاحیـل)ی دەچـێ، زۆر جـاری وا هەیـە تانـەی (ئاخێـوی) قسـان نـاکات، ئەگـەر (دڵ)ی خـۆش بێـت، نوکتـەی خـۆش خـۆش دەگێڕێتـەوە و تەواوێـك پێدەکەنـێ، لەلایەنـی (دیـن و خـوا)وە دەیەوێـت (خیـام)ی و فەیلەسـوفانە باسـیان بـکات.**

## شرۆڤەو روونکردنەوە

مامۆستا (تاهیر حەوێزی) لەم لاپەڕەیەدا زۆر بە وردی دەربارەی (عەونی) و هەڵسوکەوتی رۆژانەی لە (محل)ەکەی دا باس دەکات، سەرەڕای ئەوەی باس لە کەلوپەلی ناوەوە دەکات، بێگومان مامۆستا تاهیر لە روانگەی خۆیەوە و بەپێ سەردانی رۆژانەی عەونی لە (محل)ەکەی جۆرە هەڵسەنگاندنێك دەکات، وەکو سەرقاڵی بە شیعر و عومەر خەیام و نوکتە و قسە و پەند ئامێزەکانی.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم هەندێك کەس کاتێك باس لە کەسایەتییەك دەکەن بێ ئەوەی هیچ جۆرە تێکەڵاوییەکیان لەگەڵ ئەو کەسەدا هەبووبێت لە روانگەی خۆیانەوە بێ ئەوەی پشت بە هیچ بەڵگەیەك ببەستن (شەنوکەو)ی ئەو کەسە دەکەن، ئەمەشیان جۆرێکە لە حاڵەتی نارۆشنبیری ئەو جۆرە کەسانە، زۆر جاریش (عەونی) غەدری لێکراوە، لێرەدا مەبەستم لە غەدری راستەوخۆ و رووبەڕوو نییە، بەڵکوو هەڵسەنگاندنی کوێرانەی هەندێك کەسە کە چ بە ئارەزووی نەخۆشیی دەروونی یاخود لە روانگەی حەسادەتەوە کە عەونی پیاوێکی هەبوو بووە یاخود لە روانگەی ئەو سیاسەتبازییەی کە رۆژگارێکە کوردستانی تەنیوە و هەڵسوکەوتی (شەلم کوێرم) هیچ ناپارێزم، بووەتە رێڕەوی ژیانی سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان، جارێکیان ناسراوێك لێی پرسیم: ئەرێ باوکت بۆ کەمدووە؟ منیش لە وەڵامدا گوتم: لەگەڵی

دانیشـتووی و چوویتـە لای، رۆژێـك پرسـیارێکت لێکـردووە؟ لـە وەڵامـدا گوتـی: نەخێـر. منیـش پێـم گـوت: رۆژێـك سـەردانێکی بکـە، ئەوجـا وەرە بـاس لـە کەمدوویـی عەونـی بکـە.

عەونـی بـە سرووشـت ئەگـەر بـە تەنیا بووایـە، هەمیشـە لەبیرکردنـەوە دابـوو، لـە خـۆی، لـە خێزانـی لـە کێشـەی دەوروبـەر، لـە کـورد، لـە کوردسـتان، لـە شـیعر، لـە رۆژگاری ناشـیرینی خەسـڵەت ئامێـزی ئـەو سـەردەمە، لـە درۆ و دەلەسـە و سیاسـەتبازی بـۆ بەرژەوەندیـی تاکەکـەس و بـازدان بەسـەر بەرژەوەندیـی گشـتی.

کاتێـك ئـەو لاپەڕەیـەی کەشـکۆڵەکەی مامۆسـتا تاهیـر حەوێزیـم دەخوێنـدەوە، دەرکـم بـە بابەتێـك کـرد، ئـەوش ئـەو راسـتییە نیشـان دەدات کـە (تفەنـگ بـە تاریکی)یـەوە، بووەتـە ئـادگار و خەسـڵەت و پێناسـە و بۆچـوون و هەڵسـەنگاندن و هەڵسوکەوتی ئـەم کۆمەڵگایـە، هیـچ گومانـم لەوەدانییـە کـە هیـچ کۆمەڵگەیـەك ئەسـتەمە پێـش بکەوێـت و بگاتـە ئامانـج، تاکـو ئـەو (نەخۆشـیانەی) لـە دڵ و مێشـکی تاکـدا چارەسـەر نەکرێـن، ئەویـش لـە ئاکامـی پرۆسـەیەکی سیاسـی و پەروەردەیـی درێژخایەنـەوە (نەشـونوما) دەکات، کاتێـك (خەمخۆرانـی ئـەم وڵاتـە و ئـەم نەتـەوە سـتەمدیدەیە و هەسـتیان بـەوە کـرد مانـەوەی ئـەم کەموکـوڕی و ئـەو نەخۆشـیانە بـێ چارەسـەرن، تەنیـا لـە رووی داراییـەوە (ئـەوان دەوڵەمەنـد) دەکات و کۆمەڵانـی خەڵکیـش بـەرەو جاهیلییەتـی زیاتـر پەلراکێـش دەکرێـن و کۆمەڵگـەش هـەر بـە دواکەوتوویـی دەمێنێتـەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ١٨)
# رۆژی گێڕانەوە ١٩٨٦/٨/٣٠

دەق:

**عەونی گوتی:**

**جارێـــك چوومــە مزگەوتــی (حەتــك[١]) (مــەلا مســتەفا عاســی[٢]) و (مــەلا محەمــەدی[٣] مــەلا ئیبراهیــم) دانیشــتبوون، مــەلا عاســی گوتــی: عەونــی چابــوو بەســەر غەیبەتــی خۆتــدا هاتــی، گوتــم چــی بــوو؟ گوتــی تــازە باســمان دەکــردی، دەمانگــوت بــا ئێمــە دیــوان و شــیعرەکانی خۆمــان بســووتێنین، چەنــد لەمێــژە شــیعر دادەنێیــن، کەچــی عوســمان عەونــی لەپڕێکــی وا بڵقــی داوە.**

---

## پەراوێز:

١- مزگەوتی (حەتك) لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٢- مەلا مستەفای عاصی ١٨٨٥-١٩٧٥/٩/٢٤

خوالێخۆشبوو مامۆستا مـەلا عاصـی یەکێکـە لـە شـاعیرە کلاسـیکییەکانی سـەدەی بیسـتەم و سـاڵی ١٨٨٥ لـە گونـدی (خراپـە)ی دەشـتی کۆیـە لەدایکبـووە و نـاوی تـەواوی مسـتەفایە، کـوڕی مـەلا محەمـەدی کـوڕی

مـەلا عوسـمان و کـوڕی مـەلا ئەحمـەدە، لـە خراپـە لـە لای باوکـی دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە، پـاش ماوەیـەك دێتـە کۆیـە و لای مـەلای گـەورەی کۆیـە (مـەلا محەمـەدی مـەلا عەبدوڵـڵای جەلـی زادە) خوێندوویەتـی تاکـو بووەتـە مـەلا و لـە زۆر شـوێندا مەلایەتـی کـردووە، لـە کۆیـە لـە مزگەوتـی (گەرمـك)ی مەیدانـی خـواری مەلایەتـی کـردووە و دۆسـتایەتی لەگـەڵ شـاعیرانی سـەردەم و هاوچەرخـی خۆیـدا هەبـووە، وەکـو (عەونـی، قانیـع، بێخـود، راجـی، صافـی، ئاژگەیـی.

عاصـی، هەرچەنـد لـە کۆتایـی شەسـتەکاندا کەوتبـوو نێـو سـاڵانەوە، بـەڵام چالاکانـە بەشـداری جموجۆڵـی ئەدەبـی و هونـەری و رۆشـنبیری شـاری کۆیـە کـردووە و ئەندامـی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد- لقـی هەولێـر بـووە، رۆژی ١٩٧٥/٩/٢٤ لـە تەمەنـی ٩٠ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕسـتانی شـەهیدان لـە کۆیـە بـە خاکسـپێردرا.

سەرچاوە: دیوانی عاصی

ئامادەکـردن و پێشـەکی و فەرهەنگـۆك لەلایـەن مامۆسـتا عەزیـز گـەردی ئامـادە کـراوە.

٣- مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم ١٩٠٩-١٩٧٠/٩/١٩

دلاوەر، نازنـاوی شـیعری شـاعیری لێهاتـووی کـورد، مـەلا محەمـەدی کـوڕی مـەلا برایمـی (عەولان)یـە، بـە رەچەڵـەك دەچێتـەوە سـەر زانـای گـەورە و نـاوداری کـورد (رەسـووڵ زەکـی) لـە گونـدی بێتـووش ژیـاوە و

باپیـره گـەورەی "مـەلا عەبدوڵـڵای "بێتوش"یـە نـاودار بـووە.

دلاوەر لـە سـەردەمی باپیـری بنەماڵەکەیـان هاتووەتـە شـاری کۆیـە و لێـی نیشـتەجێبوونە و شـاعیرمان لـە سـاڵی ١٩٠٩ دا لـە کۆیـە لەدایکبـووە و لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵیدا خوێندنـی ئایینـی لای باوکـی دەسـتپێکردووە و جـارێ هـەر مێرمنـداڵ بـووە، باوکـی کۆچـی دوایـی کـردووە، بـۆ تەواوکردنـی خوێندنەکەیشـی چووەتـە لای (مـەلا عەلـی باداوەیـی)، ئیـمام و مامۆسـتای مزگەوتـی مونـارەی کۆیـە و ماوەیەکیـش لای مامۆسـتا مـەلا سـادقی مـەلا ئەحمـەد (١٨٧٩-١٩٥١) هـەر لـە کۆیـە خوێندوویەتـی، هەروەهـا لـە لای مـەلا فەتحوڵـڵای هەرتەلـی و لای مامۆسـتا مـەلا بەهائەدینـی شـێخ تەیـب، زانسـتی مەنتقـی خوێنـدووە، کـە ئەویـش کۆچـی دوایـی کـردووە و چووەتـە لای مـەلای گـەورە (١٨٧٦-١٩٤٣) بووەتـە دوا فەقێـی، بـە کۆچـی دوایـی ئـەو زاتـە ئیجـازەی مەلایەتییەکـەی دواکەتـووە تـا لـە دواییـدا لەسـەر دەسـتی "مـەلا ئۆمـەر گومبەتـی" وەریگرتـووە و بـووە بـە ئیـمام و مامۆسـتای مزگەوتـی (حەتـك) تاکـو رۆژی ١٩٧٠/١٢/١٣ لـە تەمەنـی ٦١ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لـە کۆیـەش نێـژراوە.

سـەرچاوە (کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانیەتدا) نووسـین و لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون: کەریـم شـارەزا، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو، مەجیـد ئاسـنگەر.

# کەشکۆل (لاپەڕە ١٩)
# ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٨٧

دەق:

**عەونی گوتی:**

**جەماعەتـی (....[١]) خەریکـی کردنـەوەی بارەگایـەك بـوون لـە کۆیـە بـە نـاوی پارتـی، ئەمـن پێـم گوتـن و نەسـیحەتم کـردن کـە ئـەو ئیشـە مەکـەن، ئەمـە (تەپکەیـە- فـخ).... گوتیـان (هاشـم عقـراوی[٢]) و جەماعەتێکـی پارتـی (قح)مـان لەگەڵـە، ئەمـە لـە سـاڵی ١٩٧٤ دەسـتیپێکرد.**

---

## پەراوێز:

١- لـە کاتـی داسـەپاندنی شـەڕ لەلایـەن حکوومەتـی عێراقـەوە لـە سـاڵی ١٩٧٤ چەنـد حیـزب و ڕێکخـراوی کارتۆنـی دروسـتبوون، بـە ناوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، پارتـی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان، بزووتنـەوەی دیموکراتـە کـوردەکان، کـە لەلایـەن دەزگەکانـی ئەمـن و ئیسـتختباراتەوە دروسـتکرابوون، بـە مەبەسـتی چاوبەسـتەگی خەڵـك و چەواشـەکردنیان و کۆمەڵێـك لـەو خرۆشـانەوەیان کۆکردبـووە و دابەشـیان کردبـوون بەسـەر

ئـەم حیزبـە کارتۆنیانـە، لـە کۆیەشـدا چەنـد کەسـێکی ئارەزوومەندانـە لـە هەوڵـی جێبەجێکردنـی ئـەم پیلانـەدا بـوون دژ بـە بزووتنـەوەی ئازادیخوازیـی گەلـی کوردسـتان.

٢- هاشم عەقراوی، هاشم حەسەن رەشید عەقراوی ١٩٢٦-١٩٩٠/٥/١٠

خوالێخۆشـبوو هاشـم حەسـەن رەشـید ئاکرەیـی ساڵی ١٩٤٦ لـە قـەزای ئاکـرێ لەدایکبـووە و باوکـی (حەسـەن رەشـید ئاکرەیـی) لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانییەوە بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵ کـرا بـە سـەرۆکی شـارەوانی لـە ئاکـرێ، لەبـەر ئـەوەی بـە کەسـایەتییەکی نـاسراوی دەڤەرەکـە دەنـاسرا و لەسـەر ئـەو بنەمایـە هـەردوو کوڕەکـەی (تاهیـر حەسـەن رەشـید) کـە پارێـزەر و سیاسـەتوانێکی نزیـك بـوو لـە سـەرکردەی کـورد مسـتەفا بارزانـی و هەمیشـە لـە دژی سیاسـەتی ئینگلیـز و حکوومەتـی عێـراق بـوو، چونکـە دژایەتییـان دەکـرد، ئەوەبـوو لـە سـاڵی ١٩٣٦ بەهـۆی پیلانـی ناحەزانـی خرایـە حەپسـخانە و پاشـان لـە گۆڕەپانـی (قشـڵەی ئاکـرێ) لەبـەر چـاوی خەڵکـی ئاکـرێ و لەبـەر چـاوی هاشـمی بـرا بچووکـی، کـە تەمەنـی تەنیـا ١٠ ساڵان دەبـوو، ئیعـدام کـرا. خوالێخۆشـبوو هاشـم هـەر لـە سـەرەتای لاویەتییـەوە چـووە نێـو رێکخسـتنە نهێنییەکانـی حیزبـی (هیـوا) و پاشـان حیزبـی (رزگاری) پـاش دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو بـە لێپـرسراوی شـانەکانی پارتـی کـە بـە نهێنـی کاریـان دەکـرد، بـەڵام دیسـان جموجۆڵییەکانـی هەسـتی پێدەکـرا، چ لەلایـەن دامودەزگەکانـی

حکوومـەت و چ لەلایـەن ئـەو کەسـانە کـە هـاوکاری حکوومەتیـان دەکـرد، بۆیـە لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٥٧ خوالێخۆشـبوو هاشـم ئاکرەیـی لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی دیکەیـدا حەپـس کـران و یەکسـەر بـۆ حەپسـخانەی مووسـڵی سـەربازی رەوانـە کـران، چونکـە تۆمەتەکـە زۆر گـەورە بـوو، لەوانـە فەرمانـی لەسـێدارەدانی بـۆ دەربچووبایـە، بـەڵام بەهـۆی هـاوڕێ (تاهیـر ئاغـای ئاکرەیـی) کـە مرۆڤێکـی زیـرەك بـوو، لـەم (بەڵایـە) رزگاریـان بـوو. پاشـان بـۆ خۆشـاردنەوە لەبـەر چـاوی دەزگەکانـی حکوومـەت، پەنـای بـردە ناوچـەی بـارزان، چونکـە جـۆرە خزمایەتییەکـی لەگـەڵ ئەوانـدا هەبـوو، سـەرەڕای شـارەزایی خوالێخۆشـبووان شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی و مسـتەفا بارزانـی بـە خەبـات و تێکۆشـانی هاشـم ئاکرەیـی و پێـش ئەویـش تاهیـر ئاکرەیـی بـرای.

سـاڵی ١٩٧٣ هاشـم ئاکرەیـی پارتـی و شۆڕشـی ئەیلوولـی بەجێهێشـت و پاڵـی بـە حکوومەتـی بەغـدای (بەعـس)دا و سـاڵی ١٩٧٥ بـۆ یەکـەم سـەرۆکی ئەنجوومەنـی یاسـادانانی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، پاشـان بـوو بـە وەزیـری دەوڵـەت، سـەرەڕای پارێـزگاری دهـۆك و بابـل و لـە ١٩٩٠/٢/١٠ کۆچـی دوایـی کـردووە.

سـەرچاوە: (گـوگل) لاپـەڕەی کەسـایەتی کـورد هاشـم حەسـەن رەشـید ئاکرەیـی.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕی نارەوا و زاڵمانەی حکوومەتی بەعس لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤، دامودەزگەکانی حکوومەتی عێراق چەندین گرووپ و حیزبی بەناوی جیاجیاوە خستە نێو کارێکی قێزەون و گاڵتەجاڕییەوە کە بەداخەوە ئەو (دەردە مێژووییە) تاکو ئەمڕۆش بەبێ چارەسەری ماوەتەوە، یەکێک لەو (هەڵسووڕاوانەی کۆیە کە خەریکی ئەم کارە نانیشتمانییە بوون) هاتووەتە لای عەونی بە حکومی ئەوەی لە یەکێک لە حەپسخانەکانی زەمانی عەبدولکەریم قاسمدا کاتێک عەونی گیراوە و لە یەکێک حەپسخانەکان رۆژی ژماردووە، ئەو برادەرە کۆییەشیان گرتووە و بە رێکەوت بۆ هەمان حەپسخانەیان بردووە، چونکە ئەوکات هەردووکیان عەونی و ئەو برادەرە بە تۆمەتی کوردایەتیکردن گیرابوون و دۆستایەتیان پەیدا کردووە، پاش ساڵانێکی زۆر لە کاتی شەڕ و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستان لەلایەن حکوومەتەوە لە ساڵی ١٩٧٤ وەکو لە سەرەوە باسی لێوە کراوە، دامودەزگە سیخوڕەکان بەدوای ئەو کەسانەدا گەڕاون کە لە ریز و کاروانی کوردایەتی چوونە دەرێ، کاتێک ئەو برادەرە کۆنەی عەونی دەچێتە لای و بە عەونی دەڵێ: نیازی کردنەوەی بارەگایان هەیە، بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، (عەونی)یش ئامۆژگاری دەکات ئەم کارە نەکات، چونکە دژ بە کورد و کوردستانە و پاشەڕۆژیان خراپ دەبێت، ئەویش (ئەو

برادەرە) بە عەونی دەڵێ: ئاخر فڵان و فڵان لە مەسەلەکەدان، ناوی هەندێ لەو کەسانە دێنێ، وەکو هاشم عەقراوی، و دەڵێ ئەوانە پارتی (قح)ن عەونیش (ئەم رووداوەی زۆر جار بۆ بەندەی نووسەر باس کردووە) پێی دەڵێ کاکی برا پارتی (قح) ئەو کەسانەن کە ئێستا پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە و سنگیان رووبەڕووی گوللە و تۆپی حکوومەتە لە بەرەکانی شەڕدا، تۆ باسی هاشم دەکەیت، هاشم چەند ساڵە خۆی لەگەڵ حکوومەتە، تۆش ئەگەر بە قسەی من دەکەیت لە ماڵی خۆت دانیشە و فەرمانبەری و مووچەی خۆت هەیە و ژیانت مسۆگەرە، چ ئیشێکێت لەم بەزمە هەیە.

(عەونی)ی باوك، گوتی: کاتێك گوێی بۆ قسەکانم راگرتبوو، تا ماوەیەك بێدەنگ بوو. پاش ماوەیەك هاتە قسە و گوتی: کاك عەونی تووشیان کردم بە شەرەفم ئەم کارەم لە خەیاڵدا نەبوو، بەڵام خوا چاوی فڵان و فڵان کوێر بکات کە منیان خستە نێو ئەو تەپکەیە، بەڵام وەعد بێت ئەم مووە لە پیاوان نەهاتبێت، ئەگەر بە قەد سەرە دەرزییەك زەرەرم بۆ کورد و کوردستان هەبێت، تخوا دوو تکام هەیە یەکیان، بە چاوی جارانەوە تەماشام بکە من هەر (......) جارانم، دوو، تخوا ئەم نەسیحەتەتان لای کەس دووبارە مەکەوە چونکە تۆ چاوت لەسەرە. هەم بەهۆی کەسایەتییە خاوێنەکەت و سەرەڕای ئەوەش (کوڕەکانت) پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردووە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠ (بەندە – نووسەر) لای باوکم لە (محل)

ەکـەی دانشـتبووم کاتێـك ئـەو بـرادەرە هاتـە لای باوکـم و منیـش چایەکـم بـۆ بانـگ کـرد، پـاش موجامەلـە و چاکـی و چوونـی، رووی لەمـن کـرد و گوتـی: لەبیرتـە سـاڵی ١٩٦٣ کاتێـك تـۆش لـە دادگـەی بـەرزی شـۆڕش بـووی لـە مـاوەت و منیـش لێپـرسراوی (بەشـی ئازووقـە بـووم) لـە مـاوەت، شـەو و رۆژمـان نەبـوو بەبـێ پـارە و بەبـێ خواردنێکـی زۆر سـادە و بـە چ گیانێـك کارمـان بـۆ شـۆڕش دەکـرد، سـەرەڕای بەجهێهێشـتنی مـاڵ و منـداڵ، یاخـوا چـاوی زروف و زەمانـە کوێـر بێـت کـە تووشـی ئـەم داوەی کـردم، کاتێـك باوکـت عەونـی ئامـۆژگاری کـردم کـە واز لـەم ئیشـە بێنـم، بـەڵام (......) تەهدیـدی کـردم ئەگـەر واز لـەم کارە بێنـم (بەعـس) لێـمان قەبـووڵ نـاکات و بـە مـاڵ و منداڵـەوە تەفروتونامـان دەکات. بـەڵام هـەر چۆنێـك بێـت، ئـەوەی بوونـی (زەرەری) کـوردی تێـدا بێـت نەمکـردووە، بـەڵام هەرگیـز ئـەو قسـەیەی باوکتـم بیـر ناچـێ کـە پێـی گوتـم: (کـوڕم ئەمـە تەپکەیـە بـۆ کـورد دانـدراوە بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو لایەکـەوە گەمـارۆی شۆڕشـی ئەیلـوول بـدەن).

تێبینی: ناوەکان لای من - نووسەر پارێزراوە.

## کەشکۆڵ (لاپەڕە ١٩)
## گێڕانەوەی دووەم ڕۆژی گێڕانەوە ١٩٨٦/٤/٢٠

مامۆستا تاهیر حەویزی دەربارەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی عەونی لە گۆڤارە کوردییەکان لەم لاپەڕەیەدا نووسیویەتی:

**(ئەوە دوو سێ جارە پارچە هەڵبەستی عەونی لە گۆڤاری (کاروان و بەیان، بڵاو دەکرێتەوە، کاتێک شتێکی بە خەیاڵدا بێت، دەیخاتە سەر کاغەز، نەختێک لەسەر شێوەی کۆنە و دەڵێ: (ئەو پارەی بۆم دەنێرن (پاداشت- مکافئە- نووسەر) بەخێر دەیدەمە پارەی قەبران.**

---

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

عەونی وەکو خۆی دەڵێ: لە ساڵانی ١٩٣١ /١٩٣٢ کە یەکەم شیعرم داناوە لەقەبی (عەونی)یم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، بە مانای (عون)یانی داوای یارمەتی لە یەزدان، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٨٨ چەند جارێک شیعر و پەخشانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کردووەتەوە، یەکەم شیعری لە ژێر ناوی (بۆ خاوەنی هاوار) لە گۆڤاری هاوار لە ژمارە (٢٢)ی ساڵی ١٩٣٣ کە لە شام (دیمەشق) دەردەچوو، کە

خاوەنەکـەی (جـەلادەت بەدرخـان) بـوو، بڵاوکردووەتـەوە، شـیعری دووەمـی کـە بڵاوکراوەتـەوە شـیعری (وتـم ئـەی کـچ) لـە گۆڤـاری (دەنگـی گێتـی تــازە، ژمــارەی ٨ لــە ســاڵی ســێیەم، ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/٢٤ بڵاوکراوەتــەوە، پاشـانیش لـە گۆڤـاری گەلاوێـژی ژمـارە (٥)ی سـاڵی ١٩٧٤ دوو پەخشـانی بـە ناوەکانـی (گۆشـتی مێروولـە) ژمـارە ١-٢ سـای ٣ کانوونـی دووەم و شـوباتی ١٩٤٢ ل ٨١-٨٥ (پاییــزم خــۆش نــاوێ) ژمــارە (٥) ســای ٨ مایســی ١٩٤٧ ل ٥٤-٥٦ بڵاوکراوەتـەوە، بڵاوکردنـەوەی چەنـد شـیعرێکیش لـە ڕۆژنامەکانـی (ژیـان) ژمـارەی ٥٢١، ژیـان ٥٥٣، ژیـن ٥٥٩ لـە نێـوان سـاڵانی١٩٣٧- ١٩٣٩ کـە لـە سـلێمانی دەردەچـون بڵاوکردووەتـەوە، سـەرەڕای ئـەوەش ڕۆژنامـەی (هەولێر)یشـی بێبـەش نەکـردووە، لـە ژمـارە ٦٨ لـە ١٩٥٢/٤/٢٤ شـیعرێکی بەنـاوی (ڕۆژبـاش گەورانـم) بڵاوکردووەتـەوە کـە لـە نـەورۆزی سـاڵی ١٩٤٦دا لـە کۆیـە وەکـو مامۆسـتای شـاعیر ئەحمـەد دڵـزار بـۆی گێڕامـەوە لـە دانیشـتنێکی شـەوی پاییـزی سـاڵی ٢٠١٧دا لـە ماڵەکـەی خۆیـدا کـە ئـەم شـیعرەم بـۆ خوێنـدەوە، مامۆسـتا دڵـزار، گوتـی: ئـەم شـیعرە بـە ئاوازێکـی تایبەتییـەوە لەلایـەن قوتابیانـی سـەرەتایی کـوڕان و کچانـی بـۆ پێشـوازی میوانانـی نـەورۆز گوتـراوە.

پـاش شـۆڕش ١٤ تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨، یەکـەم شـیعری لـەم سـەردەمەدا لـە ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن، ژمـارەی ٣٥ لـە١٩٥٨/١١/٢٢ بـە بۆنـەی گەڕانـەوەی (بارزانیـی نەمـر) بـۆ وڵات پـاش ١٣ سـاڵ لـە ئاوارەیـی، لەژێـر نـاوی (نامەیـەك بـۆ بـارزان) بـڵاو کردووەتـەوە.

لــە ســاڵانی حەفتــاکان و بــەدواوە لــە ڕێگــەی مامۆســتایان دۆســتی هەمیشــەیی (عەبدولــڕەزاق بیــمار و کەریــم شــارەزا)وە چەنــد پارچــە شــیعرێکی لــە گۆڤــاری (بەیــان، کاروان) بڵاوکردووەتــەوە، کــە دوا شــیعری بڵاوکــراوەی ئــەو شــیعرە بــوو لەژێــر نــاوی (یەکبــوون) لــە گۆڤــاری کاروانــی ژمــارە ٨٨ ســاڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتــەوە کــە لــەو ســەردەمەدا ســەرجەم دڵســۆزانی ڕێبــازی نیشــتمانپەروەری و کوردایەتــی بانگەشــەی (یەکگرتــن و پتەوکردنــی ریزەکانــی لایەنــە سیاســییەکانی ســەر گۆڕەپانــی کوردســتانیان دەکــرد، چونکــە مــاوەی ســاڵانێکی دوورودرێــژ بــوو بزووتنــەوەی ئازادیخوازیــی گەلــی کوردســتان بــە دەردی (دووبەرەکــی، شــەڕی ناوخــۆ، براکــوژی) یــەوە دەیناڵانــد (بەنــدە- نووســەر) پــاش بڵاوکردنــەوەی ئــەم شــیعرە، ماوەیــەك ترســم لا دروســتبوو، کــە لەوانەیــە (عەونــی)ی بــاوك دووچــاری ئەزیــەت و لێپرســینەوە ببێــت، لــەم تەمەنەیــدا شــیعرەکەش بەنــاوی (یەکبــوون)ەوە بڵاوکرایــەوە کــە دەڵــێ:

**ئێســتە مــن پیــر بــووم و شــوێن دڵــداری ناکــەوم**
**ڕێــی ســەرەوە هــەورازە بۆخــۆم تێدەگــەم ســەرناکەوم**
**دوای هەمــوو زانســت و تاقیکردنــەوەی مــاوەی ژیــان**
**مــن بــە هاندانــی ئــەم و ئــەو تــازە هیــچ تێناکــەوم**
**مــن بەڵێنــم داوە تــا مــاوم بەســەربەرزی بژیــم**
**گــەر ســەرم بــڕا لــە ڕێــی دا قــەت لەژێــر پــێ ناکــەوم**

**تەندروستیم هەر نییە ئیمڕۆ مەترسی مەرگمە**
**تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم**
**نۆشدارووی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانین هەموو**
**گەر هیوادار بم بەیەکبوون شوێن ئەم و ئەو ناکەوم**
**ئاشنا گەر نەمکوژێ ترسم نییە نا ئاشنا**
**با هەمیشە گوللەبارانم بکا و پێی ناکەوم**
**خۆشە نەمرم تاکو ڕۆژی خۆم بەسەربەستی دەدی**
**بشمرم باکم نییە ئەوساکە شوێن سوێ ناکەوم.**

# (لاپەڕە ١٩)
# گێڕانەوەی سێیەم ١٩٨٧/٣/٧

دەق:

عەونی گوتی (جارێك لە كۆیەوە ئێمەیان بردە هەولێرێ و بردنیانە ناو (سجن) بۆ لای حەپس دی، بیست كەسیان لە پێش ئێمە هێنابووە هەولێرێ لە (نظارت)یان دانابوون، من و مەلا حەسنی مەحموود ئاغا[1] و كوڕی حوسێنی مەلا ئەحمەدی (كەمال غەمبار)[2] و یەك دوویەكی دی خەلقی رانیە و قەڵادزێ بوون، ئێمەش لە خواردن (اضراب)مان كرد، وەختێكی (اضراب) لە: چا، ئاو جغارە نەدەكرا، چوار رۆژان نانمان نەخوارد، ئەو قاپی (شێوەی) جەم بە دەم دەهات بە پڕی لە بەر دەرگەی (سجن) دەماوە، لە ئاخری حەپسەكانیش لەگەڵ ئێمەدا اضرابیان كرد، مودیری شرطە هات و گوتی: (ئەوانە ئەوە لەسەر سیاسەت گیراون و (مطالیب)یان هەیە ئێوە چی!؟ یەكتان پیاوكوژە، یەكتان خەرمان سووتێنە، یەكتان لەسەر دزییە؟

ئەوانیش گوتیان: ئێمە ئەوە دەزانین، بەڵام ئەوانە اضرابیان كردووە و ئێمەش لەپێش چاوی ئەواندا، نانی بخۆین چاومان بەرایی نادات، لەبەر ئەوە ئێمە بگوازنەوە، یان ئەوان لەكن ئێمە لابەن، ئیدی سەری چوار رۆژەی (مطالیب)مان جێبەجێ بوو و اضرابمان شكاند و ئێمەشیان بردە كن ئەوانی دی كە لە (نظارەت)بوون كە یەكێك لە (مطالیب)ەكانمان بوو.

# پەراوێز

١- مەلا حەسەنی مەحموود ئاغای حەوێزی ١٩٠٣- ٢٠٠٥/١/٢٢

خوالێخۆشبوو مەلا حەسەنی کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی ئەمین ئاغای شاعیری ناسراو بە (ئەختەر) ساڵی ١٩٠٣ لە گەڕەکی بەفریقەندی لە کۆیە لەدایکبووە و خوێندنی لە مزگەوت و سوختەخانەکان بووە و خوێندەوارێکی باشی هەبووە و نازناوی (مەلای) بەسەردا بڕاوە بە (مەلا حەسەن) ناسراوە، خوالێخۆشبوو لە ناوەندی چلەکاندا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (کافیەی کچی هادی ئاغا حەوێزی کرد و لە ماوەی هاوسەرگیریدا بووەتە خاوەنی سێ کوڕ و سێ کچ بە ناوەکانی (محەمەد، کەمال، مەحموود، زەکیە، شیرین، شنۆ).

خوالێخۆشبوو پیاوێکی کەڵەگەتی قسەخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، سەرقاڵی کاسبی خۆی بوو، بەرانبەر دەرگەی مزگەوتی جاران لە تەنیشت چایخانەکەی (سمایل عەرەب) دوکانی عەتاری و وردەواڵەی هەمەجۆری هەبوو، پیاوێکی نیشتمانپەروەر و راستگۆ بوو، ساڵی ١٩٥٥ لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکە، ماڵی دەپشکێندرێت (تفتیش) لەلایەن دائیرەی پۆلیسەوە و حەپس دەکرێن و بە تۆمەتی شیوعییەت رەوانەی حەپسخانەی هەولێر دەکرێن و ماوەی چەند مانگێك مانەوە و پاشان ئازاد کران.

خوالێخۆشبوو مەلا حەسەن لە تەمەنی ١٠٢ ساڵیداو رۆژی ٢٠٠٥/١/٢٢ لە کۆیە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (عارەبیان) بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە (محەمەد مەلا حەسەن مەحموود ئاغا) بە نووسین لە ڕۆژی ۲۰۲۰/۸/۲۸ بۆی ناردووم.

۲- کەمال حوسێن مەلا ئەحمەد (کەمال غەمبار ۱۹۳۸)

د. کەمال حوسێن مەلا ئەحمەد ناسراو بە کەمال غەمبار ساڵی ۱۹۳۸ لە کۆیە لە بنەماڵەیەکی ناسراو لەدایکبووە، هەر سێ قۆناغی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە و ساڵی ۱۹۵۸-۱۹۵۹ لە کۆلیژی پەروەردە (تربیە) بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ۱۹٦۲ بەکالوریۆسی لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا وەرگرتووە، پاشان لە ساڵانی دواتر ماجستێر و دکتۆرای......

مامۆستا کەمال غەمبار لە سەرەتای لاویەتییەوە بەشداری لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی عێراقدا کردووە و چەپخواز و نیشتمانپەروەر بووە، ساڵی ۱۹۵۳ کە (عەونی) باسی ئەوجارەی گیرانەکەی دەکات لەگەڵ خوالێخۆشبوو (مەلا حەسەن)ی مەحموود ئاغای حەوێزی و کوڕێکی حوسێنی مەلا ئەحمەد بۆ ساغکردنەوەی ناوی (کوڕەکەی حوسێن)ی مەلا ئەحمەد ڕۆژی ۲۰۲۰/٦/۱٤ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا دکتۆر کەمال غەمبار پێی ڕاگەیاندم کە (ساڵی ۱۹۵۳ کە ئەوکاتە تەمەنم ۱۵ ساڵ بوو لە پۆلی سێی ناوەندی بووم، لەگەڵ عەونی و ۳٤ نیشتمانپەروەری کۆیە حەپس کراین، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە تێیدا خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد) هەڵبژاردەی شیوعی و پارتییەکان

بــوو، ئــەو ٣٥ کەســایەتییەش کــە گیرابووییــن، بریتــی بــوون لــە خەڵکانــی نیشــتمانپەروەری پارتــی و شــیوعی لەگــەڵ چەنــدان نیشــتمانپەروەری دیکــە کــە لــە پــاش ئیمــە گیــران.

مامۆســتا کەمــاڵ غەمبــار ســاڵی ١٩٦١ بووەتــە ئەندامــی یەکێتیــی نووســەرانی عێــراق و ســاڵی ١٩٦٢ لــە ناحیــەی (المجــر الکبیــر) لــە خــوارووی عێــراق بەهــۆی هەڵگیرســانی شۆڕشــی ئەیلــول لــە ســاڵی ١٩٦١ بــە مامۆســتا دامــەزراوە، ســاڵی ١٩٦٣ بەهــۆی کودەتــای ٨ی شــوباتەوە خــۆی گەیانــدووە کۆیــە و بووەتــە پێشــمەرگە و ســاڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتــەوە شــوێنی پێشــووی، ســاڵی ١٩٧٠ بووەتــە ســەرۆکی ســەندیکای مامۆســتایان- لقــی هەولێــر.

ســاڵی ١٩٧٣ بووەتــە ئەندامــی ســکرتاریەتی یەکێتیــی مامۆســتایانی کوردســتان لــە بەغــدا.

ســاڵی ٢٠٠٤ بووەتــە ســەرۆکی یەکێتیــی نووســەرانی کــورد لقــی هەولێــر و لــە دوای راپەڕینــی ســاڵی ١٩٩١ لــە کۆنگــرەی دامەزراندنــی رێکــراوی مافــی مــرۆڤ لــە کوردســتان یەکــەم دەنگــی هێنــاوە و بووەتــە جێگــری ســکرتێر و ســکرتێر و سەرنووســەری گۆڤــاری دەنگــی مــرۆڤ.

ســاڵی ١٩٧٩ بەهــۆی پاکانــە نەکردنــی (نەنووســین) لــە مامۆســتایەتی گوێزراوەتــەوە بــۆ وەزارەتــی داد و کراوەتــە کاتــب و دوورخراوەتــەوە بــۆ بــەسرە و لــە دادگــەی شــەرعی و پاشــان بــۆ حیللــە و دوایــی لــە رۆژنامــەی (الوقائــع العراقیــە) لــە بەغــدا شــەش ســاڵ سەرپەرشــتی زمــان و چاپــی کــردووە، ســاڵی ١٩٨٦ لــە کۆلیــژی ســەر بــە زانکــۆی بەغــدا لــە بەشــی

خوێندنــی کــوردی وانــەی گوتووەتــەوە، ســاڵی ١٩٧٨ بەهــۆی بارودۆخــی سیاســی خــۆی خانەنشــین کــردووە و گەڕاوەتــەوە هەولێــر و ســاڵی ١٩٨٨ لــە زانکــۆی ســەلاحەدین بەشــی کــوردی وانــەی گوتووەتــەوە، لــە یەکــەم کابینــەی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان ســاڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتــەوە، پیشــەی پێشــووی مامۆســتایەتی و لــەو ماوەیــەدا سەرپەرشــتی زمانەوانیــی چەنــد نامەیەکــی ماســتەر و تێــزی دکتــۆرای کــردووە.

لــە ســەردەمی پاشــایەتی ســێ جــار گیــراوە و دووجاریــش دراوەتــە دادگــەی عورفــی و لــە ســەردەمی کۆماریشــدا ســێجار گیــراوە و دراوەتــە دادگــە، ئەندامــی یەکەمیــن کۆنگــرەی نووســەرانی کــورد بــووە لــە ســاڵی ١٩٧٠، هەروەهــا ســاڵی ١٩٩٨یــش ئەندامــی دەســتەی دامەزراندنــی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان بــووە و ئەندامــی یاریــدەدەری ئەکادیمیــای کــوردی و کــە چەندیــن رۆژنامــە و گۆڤــار بــە کــوردی و عەرەبــی و خــاوەن ئیمتیــاز و سەرنووســەر و بەڕێوەبــەری نووســین بــووە، لــە نووســین و وەرگێڕانــی ١٠ کتێبــی قوتابخانــە و بــە کــوردی و عەرەبــی بەشــداری کــردووە، دوازدە کتێبــی لــە کوردییــەوە وەرگێڕاوەتــەوە ســەر زمانــی عەربــی، شــەش کتێبــی بــە زمانــی عەرەبــی و ســێ کتێبــی بــە کــوردی و عەرەبــی نووســیون. ماســتەری بــە پلــەی ئیمیتــاز لــە ئــەدەب و رەخنــە و دکتــۆرای لــە فەلســەفەی ئــەدەب و رەخنــە بــە پلــەی زۆر بــاش وەرگرتــووە.

ســەرچاوە: (د. کەمــال غەمبــار، بــەرەو جیهانــی شــیعری چەنــد شــاعیرێك – بەرگــی دووەم ٢٠١٦)

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

(عەونـی) لـەو گێڕانـەوەی کـە بـۆ مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی باسـی دەکات، ئەویـش لـە کەشـکۆڵەکەی تۆمـاری کـردووە، عەونـی چیرۆکـی مانگرتنەکەیـان لـە خـواردن دەکات لـەو کاتـەی لـە حەپسـخانەی هەولێـر کـە (ئەوکاتـە لـە پشـت باڵەخانـەی پارێـزگای کۆنـی هەولێـر بـوو) کـە تێیـدا چـۆن مانگرتنەکەیـان لـە ئاکامـی ئـەو جیاوازیکردنـەی لـە نێـوان (حەپسـە) سیاسـییەکان لـە هۆڵـی نـاوەوەی حەپسـخانەکە (خـزاون)، بـەڵام حەپسـە (عادیـە)کان لـە ژووری چاوەڕوانـی (نظـارە) دانـدراون، ئاشـکرایە ژووری چاوەڕوانـی کراوەتـر و لەبارتـرە لـە هۆڵـی نـاوەوەی حەپسـخانە، لێـرەدا عەونـی بـاس لـە هەڵوێسـتی جوامێرانـەی زیندانییـە ناسیاسـییەکان نیشـان دەدات کـە چـۆن (غیرەتیـان) قەبووڵـی نەکـردووە، ئەوانیـش وەکـو زیندانییـە سیاسـییەکان مانگرتـن (اضراب) ڕانەگەیەنـن لـە خـواردن، کـە لـە ئاکامـدا وەکـو عەونـی دەیگێڕێتـەوە مانگرتنەکەیـان سـەری گرتـووە و داخوازییەکانیـان جێبەجـێ کـراون.

(لـە پەراوێـزدا د. کەمـال غەمبـار لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنییەکـەی نێوانمانـدا باسـی سـاڵ و بارودۆخـی گیرانەکـە و ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە لـەو هەڵمەتـە بـۆ کـردم، کـە حەپـس کـران، تەنانـەت باسـی لـەو هێـزەی پۆلیسـە کـرد شـەوی پێشـووتر (کۆیە)یـان تەنیبـوو، ئامیـر هێـزی پۆلیسـەکەش نـاوی (عەبدوڵـڵا سـەعید) بـووە، کـە ئەوکاتـە لـە کەرکووکـەوە بـۆ کۆیـە و ئـەو ئەرکەیـان هێنابـوون.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٢٢)
# گێڕانەوەی یەکەم لە١٩٧٦/٤/٢٠

دەق:

**عەونی گوتی:**

**باوکم نەمابوو[١] من لەسەر دوکانەکەمان دادەنیشتم (فارسی)م لای مەلای رەش[٢] (مەلا ئەحمەد) دەخوێند، رۆژێکی (حاجی محەمەد[٣]) ی (عەلە)ی خۆی بەسەر گۆچانەکەی دادا و لەبەر دوکانەکەم راوەستا هەرچەند کردم دانەنیشت و گوتی: لە فارسی چیت خوێندووە؟ منیش گوتم: (گوڵستان و بوستان)م خوێندووە و سماعی هەندێ کتێبی تریش دەکەم، گوتی: شیعرێکت لێ دەپرسم ئەگەر زانیت (خەڵاتت) دەکەم، شیعرێکی (کلیم هەمەدانی[٤]) لێپرسیم کە (عاشق بە شوێن تك تکەی خوێنی دڵی بریندارکراوی دا دەڕوا تا دەیبینێتەوە) کە مەعنایەکەم بۆ لێکدایەوە دیوانێکی فارسی بۆ ناردم.**

## پەراوێز:

١- باوکی شاعیر (حەبیب عەبدوڵڵا ١٨٨٠-١٩٣٣/٩/١٢

٢- مەلا ئەحمەد (مەلای ڕەش ١٨٧٦-١٩٤٣) لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٣- حاجی محەمەدی (عەلە)ی هیچ زانیارییەکم دەربارەی ئەم کەسایەتییە دەست نەکەوتووە.

٤- کلیم هەمەدانی ١٥٨١-١٦٥١

ناوی (ابوطالب) هەمەدانییە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ئێران و لە سەدەی حەڤدەیەمینی ساڵی ١٥٨١ لە هەمەدان لە دایکبووە، بەڵام زۆربەی کاتی ژیانی لە (کاشان) بەسەربردووە، لە کاشان و تەورێز خوێندوویەتی پێش ئەوەی بچێتە وڵاتی هیندستان بە مەبەستی خزمەتی پاشای (مەغۆلی) کە ناوی جەهانگیر، لە نێوان ساڵانی ١٦٠٥تاکو ١٦٢٧ فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە بووە، ئەویش وەکو زۆربەی شاعیران و ئەدەیبانی (فورس) وڵاتیان بەجێهێشتووە بە مەبەستی گەڕان بە دوای چاودێریدا. (کلیم)ی شاعیر (لەقەب)ی شاعیری دەربارەی شا (جەهانگیر) وەرگرتووە، کلیم ناوبانگی زیاتر بە (غەزەلیات) دەکردووە و نیوەی (دیوان)ەکەی کە ١٠٠٠٠ بەیتە شیعرە (غەزەل) داگیری کردووە، کلیم لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا و لە ساڵی ١٦٥١ کۆچی دوایی کردووە، لە وڵاتی هیند و لە (کشمیر) کلیم پاش خۆی ئەو

ئاسـەوارانەی بەجێهێشـتووە.

١- پادشاه نامە

٢- زەفەرنامەی شای جیهانی

٣- دیوانی شیعر.

سەرچاوە: گوگل، کلیم همدانی کاشانی شاعیرێکی ئێرانی.

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

پـاش کۆچـی دوایـی باوکـی عەونیـی شـاعیر، عەونـی لەسـەر دوکانەکـەی باوکـی کـە موڵکـی خۆیـان بـووە، درێـژە بـە کاسـبی و موعامەلـە دەدات و بـەرە بـەرە بـە سەرڕاسـتی و راسـتگۆیی لـە کاروبـاری کاسـبی و بازرگانیـدا پێـش دەکەوێـت و دەبێتـە یەکێـك لـە بازرگانەکانـی کۆیـە کـە ژمارەیـان لـە پەنجەکانـی دەسـتان تێپـەڕی نەدەکـرد، بـەڵام دیسـان سـەرەڕای کار و کاسـبی رۆژێـك لـە رۆژان دوو شـتی لـە ژیانـدا فەرامـۆش نەکـردووە، یەکـەم کوردایەتـی، دووەم شـیعر و ئەدەبیـات و خوێندنـەوە، بـە هـەر سـێ زمانـی (کـوردی و فارسـی و عەرەبـی). لـە ئەدەبـی فارسـیدا سەرسـام بـووە بـە عومـەر خەیـام و سـەعدی شـیرازی و (کلیـم همدانـی) و زۆر جـار

دەمدیـت لەبـەر خۆیـەوە هەنـدێ لـە شـیعری ئـەو شـاعیرانەی دەگوتـەوە و لـە سـاڵانی حەفتاکانیشـدا چوارینەکانـی (خەیـام)ی کردووەتـە کـوردی و لەلایـەن بـرای رۆشـنبیر و و نووسـەر (جـەلال زەنگابـادی) تێکسـتی سـەرجەم فارسـییەکەی بـۆ دیتـەوە و منیـش لـە سـاڵی ٢٠١٢ چاپـم کـرد و بـڵاو کرایـەوە، بـەڵام دەربـارەی (کلیـم همدانـی) تەنیـا سەرسـوڕمان نەبێـت شـتێکی وای لـێ وەرنەگیـراوە کـە لەبـەر دەسـتدا بێـت، تەنیـا تاکـە بەیتێکـی شـیعری کەلیـم نەبێـت کـە دەڵـێ:

**گـەر هەمـوو تاوانـی وەك (مـەی) قابیلـی نـۆش هەبـا**

**لـەم جیهانـە نـەت ئـەدی تەنها کەسێك سـەرخۆش نەبێ**

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٢٣)
# گێڕانەوەی یەکەم ڕۆژی ١٩٧٦/٩/٢٢

دەق:

**عەونـی گوتـی: ئـەو دوو کتێبـەی شـێخی (سـەعدی) (گوڵسـتان و بووسـتان)م لـە لای (مـەلای ڕەش[1]) خوێندبـوو، ئـەو وەختـی مامۆسـتا ژنـە خۆشـناوەکەی هێنابـوو، نـاوی (شـیرین) بـوو، مەتنـی فارسـیم دەزانـی ڕۆژێ دوو سـێ لاپـەڕەم دەخوێنـد، مامۆسـتا پێـی خـۆش نەبـوو زوو فێـر بـم، نـەك لـەلای بـڕۆم، چونکـە بـە قـەدەر دوو سـێ (سـوختان[2]) مانگانـەم دەدایـە و دەیگـوت: کـوڕم هەنـدەی مەخوونـە چونکـە (سـطحی[3]) دەبـی!**

## پەراوێز:

١- مەلای ڕەش ١٨٧٦-١٩٤٣

مـەلا ئەحمـەد (عومـەر) (مـەلای ڕەش) لـە لاپەڕەکانـی پێشـوو باسـی لێـوە کـراوە

٢- سـوختە ئـەو (فێرخـوازە) یەکـە لەلایـەن مامۆسـتایانی ئایینـی دەرسـی ئاییـن و زمـان و ئەدەبیاتـی (فارسـی)یان دەخوێنـد لـە کوردسـتان، مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد نـاسراو بـە (مـەلای ڕەش) سـوختەخانەکەی لـە گەڕەکـی بایزئاغـا لـە کۆیـە، لـە تەنیشـت ماڵـی خۆیـان بـووە.

٣- سـطحی وشـەیەکی عەرەبییـە بـە دەق بـە مانـای (ڕوو، بـان، سـەربان) دیـت، بـەڵام لێـرەدا وشـەی (سـطحی) بـە مانـای (کـەم زانیـن) دێـت کـە تەنیـا (ڕوو)ەکـەی دیـارە.

شرۆڤـە و ڕوونکردنـەوە: گوتەبێـژ (عەونـی) کاتێـك باسـی ئـەو ڕۆژانـە دەکات کـە لـە (سـوختە)خانەکەی مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەدی ڕەش دەیخوێنـد و دەیەوێـت تیشـك بخاتەسـەر بژێویـی ژیانـی مـەلا و مامۆسـتایانی ئایینـی ئـەو سـەردەمە کـە تێیـدا (مووچە)یـەك بـەوان نـەدەدرا، تەنیـا ژیانیـان لەسـەر یارمەتـی خێرخـوازان و فێرخوازانـی سـوختەخانەکەوە دەگوزەرانـد و ئەویـش بەشـی تـەواوی ژیانێکـی (تێروپـڕی) نەدەکـردن.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٢٣) گێڕانەوەی دووەم لە ١٩٧٦/٥/٢٠
# خاکی جزیر و بۆتان

دەق:

لـە نیـوەی سـاڵی ١٩٣٦ (سـابیرە[١] فەنـدی حاجـی ئیمسـاعیل) لـە جنوبـەوە هاتبـۆوە، مـن و عومـەری[٢] مـام عـەوڵای شـەو چووینـە لای بـۆ بەخێرهاتنـەوەی، سـبەینێ کـە هەڵسـاین (نـەشرە)ی کردیـان لـە (دیـوار)ان دابـوو، شـیعرەکەی (حاجـی قادر)یـان لـێ نووسـیبوو کـە دەڵـێ:

خاکی جەزیر و بۆتان[٣] یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد (مەخابن) لە جیاتی دەیکەن بە ئەرمەنستان

نووسیبویان (دەیکەن بە عارەبستان).

شـورتە (پۆلیـس) بانگیـان کردیـن و گوتیـان ئـەو شـەو لـە کـێ بـوون؟ ئێمـەش نـەك بـۆ (سـابیرەفەندی) خـراپ بـێ، گوتمـان لـە ماڵـی ئێمـە (عوسـمان عەونـی) بوویـن و بانگـی (مـەلا فتـح اللـە[٤]) ئیمامـی مزگەوتـی (خـادم السـجادە) دەکـەن و لێـی دەپرسـن شـەو لـە کـوێ بـووی؟ ئەویـش دەڵـێ: مـن و فـڵان و فـڵان لـە ماڵـی سـابیرە فەنـدی بوویـن، ئـەو ئـاگای لـە ئێمـە نەبـووە، ئێمـەش چ ئاگامـان لـەو (نـشرە) نەبـوو، بـەڵام لەسـەر قسـەکەی ئـەو ئیفادەکـەی ئێمـە (بـە درۆ دەرهـات).

ئێمـە حـەوت کـەس لەسـەر ئـەو نەشرانـە گیرایـن. مـن، عومـەری[٥] مـام عـەوڵای، حەمـەڕەش[٦]، ڕەفیـق[٧] حاجـی تۆفیـق، مسـتەفا لەیلـی[٨] کـە بـە مچـەی

**هەمینی لەیلی دەناسرا، (ئاوڕەحمان[٩])ی بەقاڵ (ئەو دووە پاسەوانی ناو بازاڕ بوون) عەلی[١٠] ئەمنیەی قالەی قالەکە چاوەش بلدیە بوو. لە (قشڵە) حەپسیان کردین، شەو ٤٧ حەپسی تێدابوو، خورشە[١١] (خورشید) شەوگێڕی زۆرجار حەپس کرابوو، جار جارەش بە دەنگی خۆش (بەیتی) دەگوت تا ئێمە عیجز نەبین.**

---

## پەراوێز:

١- سابیر ئیسماعیل ١٩١٠-١٩٧٢/٨/٢ لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٢- عومەری مام عەوڵا، عومەر عەبدوڵڵا ئەمین ١٩٠٨-١٩٩٠ لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٣- خاکی جەزیرە و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان

شیعرەکە ٧٢ بەیتە و بریتییە لە هاواری حاجی بۆ کوردان، کەوا خەریکە کوردستان دەبێتە ئەرمەنستان.

٤- مەلا فتح الله ١٩٠١-١٩٨٢

خوالێخۆشـبوو مـەلا فتـح اللـە کـوڕی عەبدولکەریـم کـوڕی ڕەمـەزان سـاڵی ١٩٠١ لـە گونـدی (مـام ڕەش) لـە ناوچـەی شـوان لـە پارێزگـەی کەرکـووك لەدایکبـووە و لـە چەندیـن شـوێنی کوردسـتانیش بـە مەبەسـتی خوێندنـی ئایینـی گـەڕاوە و دوا مەنزڵـی کۆیـە و مزگەوتـی (بایـز ئاغـا) بـووە و ئیجـازەی مەلایەتـی لـە مامۆسـتا مـەلا بەهائەدیـن وەرگرتـووە، پـاش وەرگرتنـی ئیجـازەی مەلایەتیـش لـە مزگەوتـی (خـادم السـجادە) لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی کـە خەڵکـی بـە مزگەوتـی (مـەلا فتـح اللـە) ناویـان دەهێنـا بووەتـە مـەلای ئـەو مزگەوتـە و دەرسـی ئایینـی بـە (فەقێیـەکان) ی ئـەو مزگەوتـەی گوتـووە و پاشـان خۆشـی ئیجـازەی مەلایەتـی داوە، لـە ١٩٧٩/١١/٢٥ خانەنشـین دەبێـت، بـەڵام لـە مزگـەوت و خواپەرسـتی دانابـڕێ و لـە تەمەنـی ٨١ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٨٢ کۆچـی دوایـی دەکات و لـە گۆڕسـتانی (عارەبیـان) بـە خاکدەسـپێردرێت.

مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو پێنـج کـوڕی بـە ناوەکانـی (فاتـح، بەکـر، فـاروق، دلاوەر، بەشـارەت) هەبـوو لەگـەڵ سـێ کچیـش بـە ناوەکانـی (زێبـا، نەجیبـە، ئافتـاو) و براکانیشـی (محەمـەد شـوان) کادیـری دێرینـی پارتـی و کوردایەتـی و سەرپەرشـتیاری کتێبخانـەی (حاجـی قـادری کۆیـی لـە چلـەکان) و عەبدولڕەحـمان، تەهـا، محمدامیـن.

سـەرچاوە: زانیارییـەکان بـە نووسـین فـاروق مـەلا فتـح اللـە لـە ٢٠٢٠/٧/٢٨ بـۆی نـاردووم.

٥- عومـەر مـام عـەوڵا (عومـەر عەبدوڵـڵا ئەمیـن) ١٩٠٨-١٩٩٠ لـە

لاپەڕەکانــی پێشــوو باســی لێــوە کــراوە.

٦- حەمــەڕەش (محەمــەد حەوێــز) ١٩١٧-١٩٨٨ لــە لاپەڕەکانــی پێشــوو باسـی لێـوە کـراوە.

٧- ڕەفیق حاجی تۆفیق (ڕەئیس ڕەفیق) ١٩١٨-١٩٩٣/١٢/١٧

خوالێخۆشـبوو ڕەفیـق کـوڕی حاجـی مـەلا (تۆفیـق)ە و سـاڵی ١٩١٨ لـە کۆیـە لەدایکبـووە و باوکیشـی بازرگانـی کوتاڵفـرۆش بـوو.

خوالێخۆشـبوو (ڕەئیـس ڕەفیـق) لـە سـاڵی ١٩٢٥ دەچێتـە بـەر خوێنـدن و قۆناغــی ســەرەتایی لــە کۆیــە تــەواو دەکات و هاوتەمــەن و هاوپۆڵــی کاکــە زیــاد ئاغــای غەفــووری و مامۆســتا مەســعود محەمــەد بــووە، بــۆ درێــژەدان بــە خوێنــدن دەچێتــە هەولێــر و کەرکــووك بــۆ تەواوکردنــی ناوەنــدی و ئامادەیــی و هــاوڕێ و هاوپۆڵــی کوردپــەروەر (ڕەمــەزی نافــع) بــووە کــە بــە یەکــەوە کوردایەتیــان کــردووە، پــاش تەواوکردنــی قۆناغــی ئامادەیــی دەچێتــە بەغــدا و لــە کۆلیــژی ســەربازی وەردەگیــرێ، کــە ئــەوکات بــە (المدرســە الحربیــە) نــاسراو بــوو، پــاش تەواوکردنــی کولیــژ بــە (پلــەی مولازمــی دووەم) دەردەچــن و پــاش ماوەیــەك لــە (حامیــە روانــدز) بــە مولازمــی دووەم دەگوازرێتــەوە، دواتــر لەســەر داوای وەزارەتــی بەرگــری، ئەفســەرە گەنجــەکان پــاش هەڵبژاردنیــان بــۆ خولــی فڕۆکەوانــی لــە بەغــدا ڕەفیـق تۆفیـق لـە وەرگیـراوەکان دەبێـت و دوای ماوەیـەك بـەر لـە جەنگـی دووەمـی جیهانـی، خولەکـە تـەواو ناکرێـت و رادەگیرێـت، ئەوجـا ئەویـش دەگەڕێتــەوە بــۆ (حامیــەی مێرگەســوور) خوالێخۆشــبوو لــە ســەرەتای

لاوىەتییەوە هەستی کوردایەتی لەلا چەکەرە کردووە و یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبی (هیوا). سەرۆك مەسعود بارزانی لە کتێبی (البارزانی والحركة التحررية الكوردية- الجز الثانی)دا نووسیویەتی: کە مولازم رەفیق کۆیی ئەندامی حیزبی هیوا بووە و یارمەتی شۆڕشی داوە لە ١٩٤٣/١٢/١١ حامیەی مێرگەسۆر گەمارۆ دەدرێت، مەخابن بە گوللەیەکی وێڵ لە ١٩٤٣/١٢/١٨ بریندار دەبێ و چەندین رۆژ بە برینداری و کەم دەرمان و بێ یارمەتی پزیشکی لە هۆشخۆی دەچێ و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، کاتێك بارزانیی نەمر هەواڵی پێدەگات (مەنجەلەك ماست)ی بۆ دەنێرێ، چونکە زانیبووی کەوا نەخۆشە و خواردنی پێ ناخورێ و لە هەمانکاتدا رێگەی بۆ خۆش دەکات بە سواری (هێستر) بیگەیەننە رواندز و لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلی ئیسعافی سەربازی دەگەیەنرێتە هەولێر و دواتر رەوانەی بەغدا دەکرێ، پاش ئەوەی چارەسەری بۆ دەکرێ و دەکرێتە بەڕێوەبەری (حەپسخانەی ناوەندی بەسرا) " مودير سجن بصره المركزي" لەو کارەی یارمەتیدەرێکی بێ هاوتای زیندانییەکان دەبێت، بە تایبەتی (حەپسە کوردەکان) لەنێوان سالانی (١٩٦٢-١٩٦٣) حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، داوا لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان دەکات، بروسکە (برقيه) لە دژی شۆڕش و بارزانی لێ بدەن، بەڵام خوالێخۆشبوو (رەئیس رەفیق) زۆر بە توندی ئەو داواکارییە رەت دەکاتەوە، پاش ئینقلابە شوومەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ رەئیس رەفیق لە تەمەنی

٤٥ ساڵیدا خانەنشین دەکرێت.

پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ خوالێخۆشبوو ڕەئیس ڕەفیق لەگەڵ خوالێخۆشبوو (تاهیر سادق) خەزووری سەردانی بارزانیی نەمر دەکەن و لە دانیشتنەکەدا بارزانی لێی دەپرسێ: (ماستەکەی لۆم ناردی پێت گەیشت)؟ ئەم قسەیە پاش ٢٨ ساڵ بەبیر دەهێنرێتەوە (ڕووداوەکە) ساڵی ١٩٤٣ بووە و دیدارەکەی ڕەئیس ڕەفیق لەگەڵ بارزانیی نەمر ساڵی ١٩٧١ بووە.

خوالێخۆشبوو پیاوێکی سەربەست و سەربەرز بووە، سەرەڕای نەفەسبەرزی کە لە کاتی قۆناغەکانی ژیانی نیشانی داوە، هەمیشە خۆشەویستی خاکی کوردستانی لا مەبەست بووە.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا و لە ١٩٩٣/١٢/١٧ لە بەغدا لە (مدينة الطب) دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و لە هەولێر لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە: (ناسك ڕەفیق تۆفیق) کچی خوالێخۆشبوو بە ئینتەرنێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیبەوە لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ بۆی ناردووم.

٨- مستەفا لەیلێ (مچەی هەمینی لەیلێ)

٩- ئاوەڕحمانی بەقاڵ.

١٠- عەلی ئامینەی قالەی چاوەش (عەلی چاوەش).

١١- خورشە (خورشید)ی شەوێگڕی.

سەرەڕای پرسین و بەدواداچوون، زانیاریم پێ پەیدا نەکرا.

## شرۆڤە و لێکۆڵینەوە

گوتەبێـژ (عەونـی) لـەم گێڕانـەوەدا بـاس لـە رووداوێکـی سـاڵی ١٩٣٦ دەکات کـە بێگومـان لـە رۆژانـی مانگـی شەشـی هاویـن بـووە، کاتێـك قوتابخانـەکان بەهـۆی پشـووی هاوینـەوە دەرگـەی قوتابخانەکایـش دادەخرێـن و مامۆسـتا و قوتابـی دەکەونـە پشـووەوە، رووداوەکـەش بریتییـە لـە جموجۆڵـی چەنـد (کوردپەروەرێـك) لـە ئەنجامـی جـۆش و خرۆشـی کوردایەتـی هەڵسـاون بـە بڵاوکردنـەوە و لـە دیـوار هەڵواسـینی چەنـد کاغەزێکـی بەدەسـت نـووسراو کـە ئەوکاتـە پێیاندەگـوت (نـشرە) و شـەو بـە دیـواری ماڵانـی شـارەکەیاندا هەڵواسـیووە، کـە بێگومـان گرووپێـك لـە پشـت ئـەم (کارە)وە بوونـە و ئەندامانـی سـوێندخواردووی بـەم ئەرکـە پیـرۆزە هەڵسـاون. ساڵەکەش سـاڵی ١٩٣٦ کـە ئەوکاتـە سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق، یاسـین الهاشـمی بـووە، ئاشکراشـە یاسـین الهاشـمی مرۆڤێکـی عەرەبـی رەگەزپەرسـت بـووە و لـە سـەردەمی ئـەودا بەشـێك لـە خـواروو و رۆژئـاوای کەرکـووك بـە تایبەتـی حەویجـە و دەوروبـەری بـۆ یەکەمجـار تووشـی سیاسـەتی بـە عەرەبکـردن (تەعریـب) هاتـووە کـە بـە بـەردی بناغـەی (تعریـب) دادەنرێـت، هـەر ئـەم سیاسـەتەی (الهاشـمی) بـووە بـە هـۆکاری کودەتاکـەی ئەفسـەری کـوردی دلێـر (بەکـر سـدقی) لـە ١٩٣٦ و حکوومەتەکـەی یاسـین الهاشـمی بڕوخێنـێ، ئەگـەر بـە وردی لـە بارودۆخـی ئەوسـای کوردسـتان بڕوانیـن، تەنیـا چەنـد گرووپێکـی کوردپـەروەر لـە

کۆیـە لـە گۆڕەپانەکـەدا هەبـوون و وەکـو کۆمەڵـی (دارکـەر و کۆمەڵـەی برایەتـی) لــە کۆیــەی ئــەو ســەردەمەدا ســەرەڕمی کاروانــی خەباتــی کوردایەتـی بـوون کـە تێیـدا بـۆ ئـەوەی نـاوی لایەنێـك هاتبـۆ جوامێرانـی ئـەو سـەردەمە کـە گومنـاون، هەڵسـاون بـە هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵانـی خەڵکـی کۆیـە، بـە سیاسـەتی رەگەزپەرسـتانەکەی حکوومەتـی عێـراق، کـە (یاسـین الهاشـمی) سـەرۆکوەزیرانی بـووە، بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا دەبینـدرێ گۆڕینـی وشـەی (ئەرمنسـتان)ە لـە شـیعرەکەی حاجـی قـادری کۆییـدا بـە وشـەی (عەرەبسـتان)، چونکـە کوردپـەروەران دەیانزانـی ململانێـی کـورد لـە عێـراق لەگـەڵ عەرەبدایـە نـەك لەگـەڵ ئەرمـەن.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٠)
# رۆژی گێڕانەوەی ١٩٨٤/٤/١

دەق:

عەونی گوتی: (وەکیلی کاك مەسعود محەمەد[١]، مام جەلال[٢] بوو ئەویش ئەوکاتە حازر نەبوو وەکیلی (مەلا حەوێز ئاغاش[٣]) کوڕی کێخوا عەزیز[٤] بوو، کاتبەکەمان مامۆستا (مەولوود فەتاح[٥])ی موعەلیم بوو کە چوومە (تەقتەق[٦]) لە نزیك تەقتەق قائیمقام و معاونی شرطەش دەگەڕانەوە ئەوان (تەرتیباتی) خۆیان کردبوو.

ئەمیر سالح زەکی بەگ[٧] و مودیری ناحیە و شێخ رەئووفی[٨] خانەقا کاتبی ناحیە و مەئمور مەرکەز کەرکووکی بوو (١٣) شرطەیان هەبوو، لە ماڵی (پلکم) کە خێزانی (وەلی[٩]) بوو، دابەزیم، شەو شێخ رەئووف بانگی کردین، باسی انتخابات کرا، توومەز بە (تەدبیر) بوو، شێخ گوتی: (سبەینێ لە (سەرا)یە دادەنیشین و هەرچی هات دەنگی دا کەیفی خۆیەتی، سەری خۆمان بۆ بیەشێنین، ویستی لە من بگات من هیچ قسەم نەکرد.

سبەینێ (صندوق) م بردە هەیوانی مزگەوتەکە بە رامبەر (زێ[١٠])یە، گەرمۆکی تەقتەق کە بەشی زۆری توتنەوانمان بوون و عیلاقەی زراعیمان لەگەڵیاندا هەبوو، هەتا گوێیان نەدەدا بە (کاکە زیاد[١١])یش. لە دڵی خۆما گوتم، ئەوە دەنگ بە کاك (مەسعود) دەدەن، کەچی کە ئەوان هاتن، لە

پێش هەمـوو شـتێك، گوتیـان (مـەلا حەوێـز ئاغـا ) ئەمـن سـەرم سـوڕما، لـەو ئانـەی (لەوکاتـە) (کاکـەی مـەلا فتـح اللـەی مـەلا عەبـاس[١٢]) کـە لـە تەقتـەق چایەچـی بـوو، بەبـێ پێگوتـن سـینیە چایەکـی هێنـا، کـە ئیسـتکانەکانی بـردەوە، کاغەزێکـی لـە بنـەوە بەجێهێشـت (کاکـە لـە تەقتـەق ئەندامـی پارتـی بـوو). لـە کاغەزەکـە نووسرابـوو (لەسـەر هـەور ڕێیـەك دوو پۆلیسـیان دانایـە، بـە هەڕەشـە بـە (موختـار) و لادێیـەکان دەڵێـن: (دەبـێ مـەلا حەوێـز ئاغـا) دابنێـن، چونکـە حکوومـەت ئـەوی دەوێ. لـە ئیـدارە و لـە شرطـە زۆر تەقریـرم لەسـەدرا.

ئەمنیـش بـە نـاوی کاك مەسعود محەمـەد لـە جیاتـی مـام جـەلال کاغەزێکـم نووسـی کـە دەبـێ (ئینتخابـات تەجیـل) بکرێـت، چونکـە تەداخـول هەیـە، شـێخ ڕەئـووف مشـەوەش بـوو، ناچـار مودیـر لەگـەڵ پۆلیسـەکان چوونـەوە لای سـەرا و دوو پۆلیسـم لـە لای خـۆم هێشـتنەوە کـە ئەمـن تـا ئێـوارێ (حاکـم) ی منطقـە بـووم[١٣]، ئەوجـا دەنـگ بـۆ ئـی کاك مەسـعودی، هەبـوو دەیگـوت کاك (مقصـود) یـان کـوڕی جەنابـی مـەلای گـەورە یـا "ئـەوەی کاکـە زیـاد" دەیـەوێ کاك (مسـعود) (٩٥٠) دەنگـی بـوو، مـەلا حەوێـز ئاغـا ٣٦٠ دەنگـی هەبـوو.

## پەراوێز:

١- مسعود محمد ١٩١٩-٢٠٠٢

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعود محەمەد ساڵی ١٩١٩ لە کۆیە لە خانەوادەیەکی زانستی و رۆشنبیری پێگەیشتووە و لەدایکبووە، مەلا محەمەدی (مەلای گەورە)ی باوکی لە زانا پایەبەرزەکانی ئایینی بوو، مامۆستا مەسعود خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی کۆیە و ناوەندی و دواناوەندیشی لە هەولێر تەواو کردووە و پاشان لە کۆلیژی یاسا (حقوق) لە بەغدا وەردەگیرێ و پاش چوار ساڵ لە (١٩٤٥) بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا بەدەست دێنێ و دەست بە پارێزەری دەکات. لە ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٤ لە خولی ١٣ و خولی ١٤ یەکسەر چووە ناو بەرەی بەرهەڵستکارانی بەرەی نیشتمانی (نواب المعارضە) بە سەرۆکایەتیی سیاسەتمەداری عێراقی دیموکراتخواز (کامل الجادرچی) لە کاتی ئەندامیەتی پەرلەمان چەندین وتار و لێدوانی سیاسی و ئابووری بە تایبەتی بابەتی (توتن) لە کوردستان کە بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەندامیەتی پەرلەمان دەگەڕێتەوە سەر کاری پارێزەری، تاکو دەبێتە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور (کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٦٥) پاشان دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی خزمەتگوزاریی گشتی (١٩٦٦) لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد و پاشان جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد،

تاکو ساڵی ١٩٧٨ بەردەوام دەبێت، خوالێخۆشبوو جگە لە زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەکەیەتی، زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، تورکی) یشی دەزانی، بە تایبەتی لە زمانی عەرەبیدا بێ هاوتا بووە، بۆیە مەسعود محەمەد لە ریزی هەرە پێشەوەی رۆشنبیرانی سەردەمدا بوو.

بەرهەمەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد بە زمانی کوردی دەگاتە ٩ کتێب و (٧) کتێبیش بە زمانی عەرەبی، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر لە وتاری هەمەچەشنە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعود محەمەد بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی (گەشتی ژیانم) بڵاوکردووەتەوە.

مامۆستا مەسعود محەمەد لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا و رۆژی ٢٠٠٢/٤/١ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە هەمان رۆژیشدا جەنازەکەی گەڕێندرایەوە شاری کۆیە و لە گۆڕستانی (دەروێش خدر) بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە: (اعلام الکورد- جمال بابان)

کۆیە و ناودارانی- عبدالخالق علاالدین.

٢- جەلال تاڵەبانی (مام جەلال) ١٩٣٣-٢٠١٧/١٠/٣

دامەزرێنـــەر و ســـكرتێری گشـــتیی یەكێتیـــی نیشـــتمانیی كوردســـتان و ســـەرۆك كۆمـــاری عێـــراق لـــە مـــاوەی (٢٠٠٥-٢٠١٤)

نـــاوی تـــەواوی (جـــەلال حســـام الدیـــن نورالـلـــه) لەدایكبـــووی ســـاڵی ١٩٣٣ی گونـــدی (كەلـــكان) لـــە بنـــاری چیـــای (كـــۆسرەت)، بـــە رەچەڵـــەك دەچێتـــەوە ســـەر بنەماڵـــەی شـــێخانی تاڵەبانـــی كـــە بەرەبابێكـــی هـــۆزی گـــەورەی (زەنگەنە)یـــە، پـــاش هەڵبژاردنـــی باوكـــی (بـــە مورشـــد)ی تەكیـــەی تاڵەبانـــی لـــە كۆیـــە خێزانەكـــەی لـــە كۆیـــە نیشـــتەجێ بـــوون.

ســـاڵی ١٩٤٦ لـــە تەمەنـــی ســـێزدە ســـاڵیدا پەیوەنـــدی بـــە ئەڵقەیەكـــی رۆشـــنبیریی پارتـــی كۆمۆنیســـتی عێراقـــەوە دەكات كـــە (فاتـــح رەســـووڵ) سەرپەرشـــتی دەكـــرد، بـــەڵام بـــە هەمـــووی چەنـــد مانگێكـــی نەبـــرد وازی لـــە ئەڵقەكـــە هێنـــا، چونكـــە رێكخەرەكانـــی دژی بیروبـــاوەڕی كوردایەتـــی بـــوون، دوای ئەمـــە رووی لـــە پارتـــی دیموكراتـــی كوردســـتان كـــرد و لـــە رێگـــەی عومـــەر مســـتەفاوە پەیوەنـــدی بـــە ئەڵقەیەكـــی رۆشـــنبیریی پارتییـــەوە كـــرد، پەیوەنـــدی رێكخـــراوی و سیاســـی لەگـــەڵ پارتیـــدا بـــۆ ســـاڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتـــەوە كـــە لـــە تەمەنـــی ١٥ ســـاڵیدا سەرپەرشـــتی خۆپێشـــاندانێكی جەمـــاوەری لـــە كۆیـــە لـــە دژی واژووكردنـــی پەیمانـــی ســـاڵی ١٩٤٨ی (پـــۆرت ســـموث) ی نێـــوان عێـــراق و بەریتانیـــاگا كـــرد، هـــەر لـــەم ساڵەدا وەكـــو نوێنـــەری خوێندكارانـــی كۆیـــەش بـــۆ بەشـــداری لـــە كۆنگـــرەی دامەزراندنـــی یەكێتیـــی خوێندكارانـــی عێـــراق كـــرد، لـــەم كۆنگرەیـــە بـــە ئەندامـــی یـــەدەگ هەڵبژێـــردرا.

خوێندنـــی ئامادەیـــی لـــە کەرکـــووك تەواوکـــردووە و پاشـــان چووەتـــە کۆلیـــژی یاســـا و لـــە ســـاڵی خوێندنـــی ١٩٥٢-١٩٥٣ وەرگیـــرا، ســـاڵی ١٩٥٣ لـــە کۆنگـــرەی ســـێیەمی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان بـــە ئەندامـــی کۆمیتـــەی ناوەنـــدی هەڵبژێـــردرا و بـــۆ دامەزرێنـــەری یەکێتـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە (١٩٥٣/٢/١٨) خۆشـــی بـــوو بـــە ســـکرتێری. ســـاڵی ١٩٥٥ لـــە چوارچێـــوەی شـــاندی خوێنـــدکاران و لاوانـــی عێـــراق بەشـــداری لـــە کۆنگـــرەی لاوانـــی جیهانـــی لـــە وارشـــۆی پایتەختـــی وڵاتـــی (پۆڵۆنیـــا) کـــرد، کاتێـــك بـــە شـــەمەندەفەر بەنـــاو خاکـــی یەکێتیـــی ســـۆڤیەتدا بەڕێکەوتـــن لـــە ڕێگـــەدا بیـــری دەکـــردەوە کـــە ڕێوشـــوێنێك بدۆزێتـــەوە بـــۆ بینینـــی ســـەرۆکی پارتـــی (مـــەلا مســـتەفا بارزانـــی)، کـــە ئەوســـا لـــە رووســـیا پەنابـــەر بـــوو. لـــە (پەکیـــن) نامەیەکـــی دووردرێـــژی بـــۆ نووســـی و لـــە گەڕانەوەیـــدا بـــۆ مۆســـکۆ، نامەکـــەی لەگـــەڵ خۆیـــدا بـــرد و لـــەوێ تـــەواوی کـــرد و هـــەر لـــە مۆســـکۆدا هەوڵەکانـــی بـــۆ دۆزینـــەوەی بارزانـــی هیچیـــان لـــێ هەڵنـــەوەری، بـــەڵام توانـــی نامەکـــە رادەســـتی بێژەرێکـــی عەرەبـــی عێـــراق بـــکات کـــە لـــە رادیـــۆی مۆســـکۆ کاری دەکـــرد، تاکـــو بیگەیەنێتـــە دەســـتی بارزانـــی و لـــە ڕێگـــەی هەڵگـــری نامەکـــەوە پێیگەیـــی و هەروەهـــا ئەدرەســـی کەســـێکی ئێرانـــی نیشـــتەجێی ئەڵمانیـــای رۆژئـــاوای پـــێ درا، تاکـــو نامـــەی بـــۆ بنووســـێت و ببێـــت بـــە پـــرد لەنێـــوان بارزانـــی و ســـەرکردایەتیی پارتـــی لـــە ناوخـــۆی وڵاتـــدا.

ســـاڵی ١٩٥٧ وەك ســـکرتێری یەکێتیـــی قوتابیانـــی کوردســـتان لـــە چوارچێـــوەی شـــاندی عێراقـــی بانگهێشـــتی بەشـــداریکردن لـــە فێســـتیڤاڵی

لاوان و خوێندکارانـی جیهـان لـە مۆسـکۆ کـرا، لـەوێ بـۆ یەکەمیـن جـار چـاوی بـە (مـەلا مسـتەفا بارزانـی) کـەوت و چەنـد کۆبوونەوەیەکـی لەگەڵـدا سـاز کـرد، ئـەو کۆبوونەوانـە یەکـەم کۆبوونـەوەی بارزانـی بـوون وەکـو سـەرۆکی پارتـی، لەگـەڵ سـەرکردایەتیی ناوخـۆدا.

پـاش رووخانـی رژێمـی پادشـایەتی و راگەیاندنـی کۆمـاری عێـراق لـە ١٩٥٨/٧/١٤دا گەڕایـەوە بـۆ خوێنـدن لـە کۆلیـژی مـاف و سـاڵی دواتـر کۆلیـژی تـەواو کـرد. لـە دەسـپێکی شۆڕشـی ئەیلوولـدا کاتێـك پارتـی بـە کـردەوە خەباتـی چەکـداری لـە دژی حکوومەتـی قاسـم دەسـتپێکرد و لـەو ماوەیـەدا (تاڵەبانـی) لـە چەمـی رێـزان چالاکییەکانـی خەباتـی چەکـداری هەڵسـوڕاند و سـەرکردایەتیی (هێـزی رزگاری) دەکـرد، پـاش رووخانـی حکوومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم لـە ١٩٦٣/٢/٨ هاتنـە سـەرکاری بەعسـییەکان خـۆی و سـاڵح یوسـفی وەك نوێنـەری پارتـی کەوتنـە وتووێـژ لەگـەڵ سـەرکردە تازەکانـدا.

لـە قەیرانـی ناوخـۆی پارتـی لـە سـاڵی ١٩٦٤ مـام جـەلال پشـتگیری لـە باڵـی مەکتەبـی سیاسـی کـرد و پـاش راگەیاندنـی بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠، مـام جـەلال لەگـەڵ چەنـد کادیرێکـی دێرینـی باڵـی مەکتەبـی سیاسـیدا رێکخراوێکـی چەپـی نهێنیـان بـە نـاوی (کۆمەڵـەی مارکـس-لینینـی) کوردسـتان دامەزرانـد، سـاڵی ١٩٧٢ کوردسـتانی بەجێهێشـت و لـە وڵاتـی لوبنـان گیرسـایەوە، سـێ مانـگ پـاش هەرەسـهێنانی شـۆڕش لـە کوردسـتان، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی لـە سـووریا دامەزرانـد

و ساڵی ١٩٧٧ گەڕایەوە کوردستان و ئەرکی رابەرایەتیکردنی شۆڕشی گرتە ئەستۆ، ساڵی ١٩٨٤ پرۆسەی وتوویژی لەگەڵ رژێمی بەعسدا دەستپێکرد، بەڵام پاش بێئومێدبوونی لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٥دا هەڵوەشاندنەوەی وتوویژی راگەیاند، پاش راپەڕینی ١٩٩١ سەرۆکایەتیی شاندی بەرەی کوردستانی کرد و لە وتوویژدا لەگەڵ رژێمی بەعس بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتیانە بۆ دۆزی کورد ساڵی ١٩٩٢دا یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردن زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێنا و پەرلەمان و حکوومەتی کوردستانیان پێکهێنا، ساڵی ٢٠٠٣ بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردرا و ئەو ساڵە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی حوکمڕانی و لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٤دا لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقەوە وەکو سەرۆك کۆماری عێراق هەڵبژێردرا. لە قۆناغی راگوزەردا بۆ ماوەی ساڵێك لە ٢٠٠٦/٤/٢٢ لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقەوە بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا و لە تەمموزی ٢٠٠٨دا، لە ٢٣هەمین کۆنگرەی سۆسیال ئینتەرناشیۆنالدا بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردرا لە ٢٠١٢/١٢/١٧ لە بەغدا نەخۆشی تینی بۆ هێنا و گەیەندرایە نەخۆشخانەی (شاریتە) لە بەرلین و لە ٢٠١٤/٧/١٩ گەڕایەوە سلێمانی لە ٢٠١٧/١٠/٣ کۆچی دوایی کرد و لە گردی دەباشان بە خاکسپێردرا.

سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان) چاپی سێیەم- بەرگی یەکەم ٢٠١٦.

٣- مەلا حەوێز ئاغای غەفوری ١٨٩٦-١٩٧٧/١٠/١١

کەسایەتی بنەماڵەی غەفووریان (حەوێز ئاغا کوڕی مەحموود ئاغا) ساڵی ١٨٩٦ لە شاری کۆیە هاتووەتە دونیاوە، لە مزگەوت دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە و تا رادەیەکیش شارەزایی لێ پەیدا دەکات، هەر بۆیە بە (مەلا حەوێز ئاغا) ناودەبرێت، کاتێك (حەمە ئاغای) مامی لە ١٩٢٠ کۆچی دوایی دەکات، ئەو دەبێتە گەورە پیاوی بنەماڵەکەیان و سەرپەرشتی سەروەت و سامانی موڵکەکانی دەکات تا ئەوەی (کاکە زیاد) دەگاتە تەمەنێکی ئەوتۆ کە بتوانێت بەرپرسیارییەتی ئەرکی بەڕێوەبردنی موڵکەکانی هەڵبگرێت.

حەوێز ئاغا لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ماوەیەك مودیر ناحیەی تەقتەق دەبێت، دواتر لە سەردەمی پادشایەتیدا بۆ دوو خول بە نوێنەرایەتیی کۆیە بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و لە خولی شەشەمدا (١٩٣٥) ئەگەرچی پابەندی هیچ حزبێکی سیاسی نەبووە، بەڵام بە گیانێکی کوردانە لە هەموو دەرفەت و رووداوێکی سیاسیدا کە بەرژەوەندی نەتەوەیی هەڵوێستی دلێرانەی هەبووە، راشکاوانە جارێك بە دیپلۆماسێکی پایەبڵندی ئەمەریکی کە دێتە کۆیە، دەڵێ: ئێمەی کورد دەوڵەتێکی کوردیمان دەوێت. دیسان لە ناوەندی شەستەکاندا تاهیر یەحیا سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی عێراق داوای لێ دەکات چەك هەڵبگرێ و چی بوێت بۆی دەکەن، بەڵام وەکو هەڵوێستێکی کوردانە، ئەو داوایە رەتی دەکاتەوە و پێی گوتووە: ئەو بە هیچ جۆرێك ئامادە

نییە چەك هەڵبگرێت و خۆی شەرمەزاری نەتەوەکەی ناکات.

حەوێز ئاغا لە دوارۆژی ژیانیدا دەچێتە هەولێر و لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا و رۆژی ١٩٧٢/١٠/١١ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

سەرچاوە: کتێبی (کۆیە... ناوداران)ی عبدالخالق علاالدین

٤- کوڕی کوێخا عەزیز

٥- مەولوود فەتاح مستەفا ١٩٢٦-٢٠١١

خوالێخۆشبوو مامۆستا مەولوود فەتاح مستەفا قادر حەمەد، ساڵی ١٩٢٦ لە کۆیە لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە و دواتر لە (دارالمعلمین الریفیە) وەرگیراوە و پاش سێ ساڵ خوێندن، بە مامۆستا دەرچووە و بۆ یەکەمجاریش لە گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە کۆیە بووەتە مامۆستا، دواتر بۆ گوندی بالیسان و سێ ساڵی لێ ماوەتەوە و ئەوکاتە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (عیسمەت تەها مستەفا سەراج ١٩٣٤-٢٠٠٧) کردووە و دواتر وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان لە ساڵی ١٩٥٢ گواستراوەتەوە بۆ تەقتەق و سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە، ئەوجا ساڵی ١٩٥٥ گوێزراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (قادریە) لە کۆیە و تاکو ساڵی ١٩٦١ هەر لەو قوتابخانەیەدا وەکو مامۆستا دەرسی بە قوتابیان گوتووەتەوە لەو کاتەشدا خوالێخۆشبوو مامۆستا عەبدولمەجید نورەدین بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە، لە ساڵی ١٩٦١

تاکو ١٩٦٣ لـە قوتابخانـەی (اولـی) جێگیـر بـووە، کاتێـك لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٣ پێــش هێرشــی حیزبــی بەعــس کــە لــە مەکتەبــی (اولــی) مامۆســتا بـوو، بارزانیـی نەمـر هاتـە کۆیـە و لـە مەکتەبـی (اولـی) کۆبوونەوەیەکـی گـەورە لـەو قوتابخانەیـەدا ئەنجـام درا و کاتێـك پێشـمەرگە هاتنـە کۆیـە و بەسـەر ماڵانـدا دابـەش کـران، ماڵـی مامۆسـتا مەولـوود پێنـج پێشـمەرگەیان وەکـو میـوان لەخۆگـرت، (چونکـە ئەوکاتـی تەنیـا لـە ماڵـی پارتییـەکان بـۆ مانــەوە و خــواردن دابــەش دەکــران)، پێــش هێرشــی حوزەیرانــی ســاڵی ١٩٦٣ مامۆسـتا مەولـوود بەخـۆی و خێزانـەوە بـەرەو ناوچـە ئازادکـراوەکان و لـە گونـدی (هەڵشـۆ) لەگـەڵ دەیـان ماڵـی خەڵکـی کۆیـە لـەوێ جێگیـر بـوون و پـاش ئاگربەسـتی ١٩٦٤/١٢/١٠ گەڕایـەوە کۆیـە و لـە قوتابخانـەی زانســت وەکــو مامۆســتا دامەزرایــەوە و ســاڵی ١٩٦٨ لەســەر داوای خــۆی گوێزرایـەوە بـۆ هەولێـر و لـە سـاڵی ١٩٧٤ خـۆی خانەنشـین کـرد، لەنێـوان ژیانــی هاوســەرگیری خوالێخۆشــبوو ٦ کــوڕ و کچــی هێناوەتــە دونیــا. (١- رۆنـاك مامۆسـتایە. ٢- نەریـمان دەرچـووی کۆلیـژی زانسـت/ فیزیایـە. ٣- کامـەران دەرچـووی کۆلیـژی پـەروەردەی بەغـدا بەشـی ماتماتیـك ٤- بـارزان ٥- بەهـرە مامۆسـتایە ٦- بێسـتوون دەرچـووی کۆلیـژی پزیشـکییە مەرتبـەی دکتۆرایـە لـە پزیشـکی خێـزان. مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٨٥ سـاڵیدا و لـە ٢٠١١/١٢/٢١ کۆچـی دوایـی کـرد.

سـەرچاوە: نەریـمان مەولـوود فەتـاح، کـوڕی خوالێخۆشـبوو ٢٠٢٠/٩/١٨ بـە نووسـین بـۆی نـاردووم.

٦- تەقتــەق، کەوتووەتــە باشــووری خۆرهەڵاتــی هەولێــری پایتەختــی هەرێمــی کوردســتان، بــە دووری (٥٨) کــم، هەروەهــا بــە ڕێگــەی قیرتــاوی نێــوان (هەولێر-کۆیە-تەقتــەق)دا (٩٨ کــم)ە، ســەر بــە قــەزای کۆیــەوە بــە دووری (٢٣ کــم) بــە ڕێگــەی قیرتــاو لــە باشــووردایە. ســنووری لەگــەڵ ناحیــەی ئاشــتی لــە خۆرهــەڵات و ناحیــەی ســێگردکان لــە خۆرئــاوا ناحیــەی شــۆڕش لــە باکــووری خۆرئــاوای ناحیــەی شــوان لــە باشــووردا یــەك دەگرێتــەوە، هەروەهــا (٤٥ کــم) لــە ســەرووی شــاری کەرکووکــەوە هەڵکەوتــووە، دەکەوێتــە نێــوان بازنــەی پانــی (٣٥-٣٦) پلــەی باکــوور، نێــوان هێڵــی درێــژی (٤٤-٤٥) پلــەی خۆرهــەڵات، تەقتــەق واتــای زەوی بەردینــە، زەوییەکــی بــن بــەرد و ڕەقــە (هەنبانــە بۆرینــە ل ١٦٥)، چونکــە لــە چەمــی کوێخــا ڕەشــیدەوە تاوەکــو گۆمــی مــام تەهــا لــە خــوارووی تەقتــەق زەوییــەکان تێکــڕا بەردینــن، کــە ئــاوی (زێ) بچــووك لــە کاتــی لافــاوی بەهــار هێناویەتــی، زێــی بچــووك کــە بــە ڕۆخ تەقتەقــدا دێــت و ســەرچاوەکەی لــە دەشــتی (لاجــان)ی ڕۆژئــاوای شــاری (مەهابــاد) پێــك دێــت، دواتــر بــە چەنــد شــوێندا تێدەپەڕێــت و دێتــە کوردســتانی عێــراق، دوای بەنــداوی دووکان بــەرەو ڕۆژئــاوا دەڕوات و لــە گونــدی (کانــی ســوور و کلێســە)ی دەشــتی کۆیــەدا دێتــە ســنووری ناحیــە تەقتــەق بەنێــو گردۆڵەکانــی دەشــتی کۆیــە و خۆرهەڵاتــی تەقتەقــدا ڕێ دەکات، دواتــر دەچێتــە شــارۆچکەی پــردێ، کێڵگــەی نەوتــی گەشــەپێدانی تەقتــەق بــە دووری (١٥کــم) لــە باکــووری خۆرئــاوای شــارۆچکەی تەقتــەق لــە کۆتایــی هیڵــی پانــی (٣٥)ی باکــوور و

لەنێـو هێڵێکـی درێـژی (٣٠ ، ٤٤، ٣٥، ٤٤،) ی ڕۆژهەڵاتـە لـە بەرزایـی (٥٥٠م) لـە ئاسـتی ڕووی دەریاوەیـە، ئـەم کێڵگـە نەوتیانـە لـە مـاوەی (٤٤) سـاڵدا ١٩٥٨ -٢٠٠٦) چـوار جـار لەبـەر بارودۆخـی سیاسـیی کوردسـتان و عێـراق لەکارخـراوە.

سـەرچاوە (ئینسـکلۆپیدیای هەولێـر- جوگرافیـا) بەرگـی یەکـەم (ل ٢١٨- ٢٢١) نووسـینی (ئـاراس ئینلنجاغـی).

٧- ئەمیـر سـاڵح زەکـی بـەگ، مەبەسـت لـە سـاڵح زەکـی سـاحێبقرانە کـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانی نازنـاوی (ئەمیـر)ی بـەکار هێنـاوە، لـە لاپەڕەکانـی پێشـوو باسـی لێـوە کـراوە.

٨- شێخ ڕەئووف خانەقا ١٨٩٦-١٩٧٣

خوالێخۆشـبوو شـێخ ڕەئـووف کـوڕی شـێخ سـەعید کـوڕی سـەمەد سـاڵی ١٨٩٦ لـە کەرکـووك لـە بنەماڵەیەکـی نـاوداری کەرکـووك لەدایکبـووە کـە بنەماڵەکەیـان دەچێتـەوە سـەر سـاداتی بەرزنجـە بـۆ (شـێخ عیسـا بەرزنجـی) زۆربـەی تەمەنـی لای خاڵـی (سـەید ئەحمـەدی خانەقـا)دا ژیـاوە و سـەرەتای خوێندنـی لـە کەرکـووك لـە (سـوختەخانە) بـووە.

هەروەهـا زمانـی فارسـی بـاش زانیـوە و لـە هەمانکاتیشـدا زمانـی تورکیشـی زانیـوە، دەربـارەی زمانـی عەرەبییـش بـە خوێندنـەوە تێکـەڵاوی لەگـەڵ برادەرەکانیـدا کـە بـەم زمانـە قسـەیان کـردووە، فێـری بـووە، سـاڵی

١٩٣١ بـە وەزیفـەی میـری (حکومـی) دامـەزراوە و سـاڵی ١٩٥٧یـش وەکـو ئەمینـداری کتێبخانـەی کەرکـووك دانـدراوە، تاکـو سـاڵی ١٩٦٦ کـە تێیـدا خانەنشـین کـراوە.

خوالێخۆشـبوو شـێخ رەئـووف وەکـو رۆشـنبیرێك لـە گۆڕەپانـی شـیعری کلاسـیکیدا دیوانـی شـیعری هەیـە، سـەرەڕای کورتـە باسـێك لـە مێـژووی هەنـدێ لـە (عەشـایر)ی کـوردی لەگـەڵ (قامووسـێکی کـوردی).

شـێخ رەئـووف لـە تەمەنـی ٧٧ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە کەرکـووك کۆچـی دوایـی دەکات و لەسـەر (وەسیەتی) خـۆی لەسـەر گردێکـی ناحیـەی (تەقتـەق) سـەر بـە کۆیـە دەنێژرێـت.

٩- وەلی مستەفا (حاجی وەلی) ١٨٩٧-١٩٩٠/٣/٣٠

خوالێخۆشـبوو حاجـی وەلـی کـوڕی موسـتەفا کـوڕی وەهـاب کـوڕی موحەمـەدە، سـاڵی ١٨٩٧ لـە تەقتـەق لەدایکبـووە و هـەر لـە سـەردەمی منداڵییـەوە لەگـەڵ باوکـی کەسابەتی کـردووە، نەچووەتـە قوتابخانـە، بـەڵام بـە هـەوڵ و کۆششـی خـۆی، خوێنـدەواری پەیـدا کـردووە و توانیویەتـی بنووسـێت و بخوێنێتـەوە، سـاڵی ١٩٣٢ لەگـەڵ کافیـە عەبدوڵـڵا قـادر خێزانـی پێکهێنـاوە، (تێبینـی کافیـە خوشـکی نەنکـم پیـرۆزە عەبدوڵـڵا قـادرە کـە دایکـی باوکمـە و خوالێخۆشـبوو کافیـەش پـوری (عەونـی)ی شـاعیرە).

حاجـی وەلـی لـە ناحیـەی تەقتـەق خـۆی و براکانـی (سـاڵح عەبدوڵـڵا، سـەعید (سـەعید تەقتەقـی) خەریکـی کاسـبی و بژێویـی ژیـان بوونـە،

حاجی وەلی ساڵی ١٩٦١ حەجی کردووە و بووەتە حاجی، بۆیە بە (حاجی وەلی) ناوی دەهات، ساڵی ١٩٤٧ وەکو فەرمانبەر لە فەرمانگەی ناحیەی تەقتەق دادەمەزرێ و بۆ ماوەی یازدە ساڵ تێیدا دەمێنێتەوە و بێ ئەوەی گوێ بداتە خزمەتی خانەنشینی، سەرەڕای پێداگری مودیری ناحیەی تەقتەق، کە ئەو سەردەمە خوالێخۆشبوو (سامی ئەسعەد تاڵەبانی) بووە، ساڵی ١٩٥٨ (ئیستیقالە) لە وەزیفەکەی دەکات.

حاجی وەلی چوار کوڕ و دوو کچی هەبووە بە ناوەکانی (حەمید خالید، خەلیل، فەرید. کچەکانیشی بە ناوەکانی (خانە گوڵ، خوناو)، پاش وازهێنانی لە کاری حکومی، لە رۆژئاوای حەوشە گەورەکەی ماڵەویان دوکانێکی رێکوپێك دادەمەزرێنێ و تاکو چەندین ساڵ لەم شوێنەدا دەمێنێتەوە و پاشان دەگوازێتەوە بۆ سەر شەقامی سەرەکی تەقتەق-کۆیە، حاجی وەلی لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا و لە ١٩٩٠/٣/٣٠ لە تەقتەق کۆچی دوایی دەکات و بە خاکدەسپێردرێت.

سەرچاوە: بە نووسین، لەلایەن ئەحمەد خالید حاجی وەلی، کە نەوەی حاجی (وەلی)یە، لە ٢٠٢٠/٧/٢٣ بۆم هاتووە.

١٠- (زێ) وشەی زێ کە لە وڵاتی کۆیە و دەوروبەری بەرانبەر بە وشەی (رووبار) بەکار دەهێنرێت، کە بۆ مانا عەرەبییەکەی وشەی (نهر، یاخود (الزاب) بەکار دێت.

١١- کاکە زیاد ئاغا غەفووری ١٩١٤-١٩٩١

خوالێخۆشبوو کاکە زیاد ناوی (محەمەد زیاد کوڕی حەمە ئاغای مەحموود ئاغای غەفوورییە، لە خانەوادەی غەفووریانە، ساڵی ١٩١٤ لە کۆیە لەدایکبووە و کوڕی گەورەی حەمە ئاغای گەورەیە کە لە ساڵانی نەبوونی و گرانی، بەهۆی دانانی (فەقیرخانە) دەیان و سەدان کەسی لە مردن رزگار کردووە، کە رۆژانە هەژار و نەدارانی کۆیە و ناوچەکەی (نانیان) لێ دەخوارد، تاکو رۆژی کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٢٠ حاکمی کۆیە بوو.

کاکە زیاد لە سەرەتادا لە قوتابخانەی سەرەتایی خوێندوویەتی و پاشان بەهۆی باری خێزانی جۆرێك لە خوێندنی تایبەتی بۆ رێکخراوە، کە بەهۆیەوە نووسین و خوێندنەوەی بەشێوەیەکی باش بەدەستهێناوە و هەردوو زمانی کوردی و عەرەبیشی لەگەڵ کەمێك لە زمانی ئینگلیزیدا زانیوە.

کاکە زیاد لە سەرەتای لاویەتییەوە هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی لەلا چەکەرە دەکات، لە سەرەتادا هەڵدەستێ بە دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوان (جمعیە الشباب) لەگەڵ هەر یەکە لە (رەشید عارف، سابیر ئیسماعیل حەمەد، مستەفا خۆشناو، عوسمان عەونیی شاعیر، کاکەی حاجی مەحموود، عەبدولسەمەد محەمەد بەنا، تاهیر سادق، زەکی ئەحمەد هەناری، لە کۆیە پاش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە ناووبانگی لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکدا بە (کۆمەڵەی

رووناکبیـران- جمعیـة المتنوریـن) دەرکـرد، کـە لقێـك بـوو وەکـو لقەکانـی دیکـەی (بەغـدا، کەرکـووك، هەولێـر، سـلێمانی) لـە کۆمەڵەیەکـی گشـتی کـە لـە پرۆگرامـی سـەرەکیدا (مافـی گەلـی کـوردی) تێـدا چەسـپێندراوە.

کاکــە زیــاد لەگــەڵ دامەزراندنــی حیزبــی (هیــوا)دا یەکســەر لــە کۆیــە پەیوەنــدی بــەو حیزبــەوە دەکات و دەبێــت بــە ئەندامــی، پــاش دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتان لــە (مەهابــاد)، کاکــە زیــاد هەڵســتا بــە کۆکردنــەوەی پیتــاك (تبرعــات) لــە ســەرۆك عەشــیرەت و روشــنبیران و ناردنــی بــۆ مەهابــاد، پــاش رووخانــی کۆماریــش کاکــە زیــاد هەڵســتا بــە حەواندنــەوەی (ســەدیق حەیــدەری) کــە لــە زەمانــی کۆمــاردا لێپــرسراوی راگەیانــدن و لەگــەڵ (ســەعید....) کــە لــە کۆیــە بــە (مــام قــادر) نــاسراوە، هــەر لــە تەنیشــت ماڵــی خــۆی خانــوو و باخچــەی بــۆ دابینکــرد تــا ســاڵی ١٩٦٣ لــە کۆیــە مایــەوە و پاشــان چوونــە رانیــە و لــەوێ ژیــا، تاکــو دواڕۆژی ژیانــی.

کاتێــك لــە ســاڵی ١٩٤٦ پارتــی دیموکراتــی کــورد- پاشــان کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی (بارزانیــی نەمــر) دامــەزرا، کاکــە زیــاد بــە جێگــری دووەمــی ئــەو پارتــە هەڵبژێــردرا و (شــێخ لەتیفــی شــێخ مەحمــوود) بــە جێگــری یەکــەم.

ســاڵی ١٩٤٧ کاکــە زیــاد لــە هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێراقــدا، خــۆی لــە شــاری (کۆیــە) پــاڵاوت و دەرچــوو، بــەڵام لــە گەرمــەی (وثبــە)ی ســاڵی ١٩٤٨ دەستیلەکارکێشــایەوە و بەهــۆی دژایەتیکردنــی پەیمانــی (پــۆرت ســمۆس) و

پـاش هەڵوەشـاندنەوەی پەیمانەکـە کـە بـە کەوتنـی حکوومەتـی (سـاڵح جەبـر) کۆتایـی هـات، جارێکـی دیکـە (کاکـە زیـاد) دەسـتی بـە کاری پەرلەمانـی خـۆی کـردەوە.

کاکـە زیـاد دۆسـتایەتییەکی فراوانـی لەگـەڵ کەسـایەتییە عێراقییـە دیموکراتخـوازەکان و نیشـتمانپەرورەکانی وەکـو (کامـل چادرچـی، عەزیـز شـەریف، حوسـێن جەمیـل، عەبدولجەبـار جومـرد، عەبدولـڕەزاق شـەیخەلی)دا توونـدۆڵ بـووە، سـەردەمانێك لـە ماڵـی خۆیـدا لـە کۆیـە، پەنـای (عەبدولقـادر ئیسـماعیل ئەلبوسـتانی)داوە کـە سـەرکردەیەکی دیـاری حیزبـی شـیوعیی عێـراق بـوو، پـاش سـاڵی ١٩٤٨ ئەوجـا لـە کۆیـەوە بـە رێـی قاچاغـەوە بـۆ ئێرانـی بەڕێکـرد و لەوێشـەوە بـۆ سـووریا.

خوالێخۆشـبوو کاکـە زیـاد لـە هەمـان کاتیشـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ (خالیـد بەگـداش)ی سـەرکردەی حیزبـی شـیوعیی سـووریادا هەبـوو، سـەرەڕای نامەگۆڕینـەوەی نێوانیـان لەبـارەی بزووتنـەوەی (ئاشـقخوازان) ەوە، کاکـە زیـاد ئەندامـی ئـەم بزووتنەوەیـە بـوو، وەکـو نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پەیوەنـدی بە(تین)یشـی لەگـەڵ (تۆفیـق منیـر و عەبدولکەریـم ئەلماشـتە)دا هەبـوو.

کاکـە زیـاد تاکـو دواڕۆژی ژیانـی، هیـچ کاتێـك کوردایەتـی فەرامـۆش نەکـردووە و لـە سـاڵانی (١٩٦٣-١٩٧٠) پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئەیلوولـەوە هەبـووە، سـەرەڕای نزیکـی لـە بارزانیـی نەمـر، لەنێوانـی سـاڵانی (١٩٦١-١٩٦٣) چەنـد جارێـك میوانـی حەپسـخانەکان بـووە، بۆیـە ئـەم مرۆڤـە

هیچ کاتێك بەهۆی دڵسۆزی بۆ کورد بە ئارامی نەژیاوە، تاکو رۆژی کۆچی دوایی لە ١٩٩١/٤/١٢ لە نەغەدە و پاش دوو مانگ لە ناشتنی تەرمەکەیان هێنایەوە کۆیە و لە گۆڕستانی (کەکۆن)دا بە خاکسپێردرا.

خوالێخۆشبوو کاکە زیاد، ٩ کوڕی بە ناوەکانی: مەحموود، قادر، حەمید، هۆشیار، هاوار، دلاوەر، ئاراس، بارزان، شیروان، هەیە، لەگەڵ چوار کچ، ئەوانیش: پەرژین، نەسرین، پیرۆز، بەهار.

سەرچاوە (اعلام الکورد) – جمال بابان.

١٢- کاکەی مەلا فتح الله ١٩١٥-١٩٧١

خوالێخۆشبوو ناوی تەواوی (محەمەد ئەمین مەلا فتح اللە مەلا عەباس قادر)ە، ساڵی ١٩١٥ لە کۆیە لە خێزانێکی ئایینپەروەر لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە، سەرەتا بە کاری خەیاتی بژێویی ژیانی دابینکردووە و پاشان لە سەرەتای پەنجاکاندا چووەتە تەقتەق و چایخانەی داناوە و هەر لەو کاتەوەش هەستی نیشتمانپەروەری وای لێکردووە بچێتە ریزی حیزبی شیوعیی عێراق و لەگەڵ هاوڕێکانی قادر شەریف، قادر رەمەزان، عوسمان چایچی و سەلمانی کوێخا رەحمان، شانەیەکی سەرەکی پێك بهێنن، ساڵی ١٩٦٥ لە بازنەی (سیطرە)ی کەرکووك دیستگیر دەکرێت و رەوانەی (حلە) دەکرێت، پاشان دەیهێننەوە هەولێر و ساڵێك حەپس دەکرێت، کاکە تاکو ساڵی ١٩٧٠ لە تەقتەق نیشتەجێ دەبێت، بەڵام بەهۆی

ڕووداوێکـی کۆمەڵایەتـی دەچێتـەوە (دووبـز) نزیـك لـە کەرکـووك و لـەوێ کۆچــی دوایــی دەکات.

سەرچاوە (مافپەروەر: ئاراس عەبدولخالق ٢٠٢٠/٦/٢٥) بۆی ناردووم.

تێبینــی: عەونــی لــەو گێڕانــەوەدا کــە وەکــو مامۆســتا (تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی) نووســیویەتی هاتــووە و دەڵــێ: (کاکــە ئەندامــی پارتــی) بــوو، لێــرەدا تێکەڵیــەك هەیــە لــە ئینتیــمای (کاکــەی مــەلا فتــح اللــە)دا، کاتێــك (عەونــی) دەڵــێ: کاکــە ئەندامــی پارتــی بــوو، لەوانەیــە مەبەســتی (پارتــی کۆمۆنیســتی عێــراق) بووبێــت، یاخــود مامۆســتا حەوێــزی کــە دەڵــێ: (عەونــی) دەڵــێ (ئەندامــی پارتی)بــوو بــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان تێگەیشــتووە، یاخــود بابەتەکــە لــە بنەڕەتــدا بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە شــیوعییەکان و پارتییــەکان زۆر لێــك نزیــك بوونــە و یــەك دوژمنیــان هەبــووە، ئەویــش حکوومەتــی عێراقــە و لــە جموجۆڵیانــدا جیاوازیــان نەبــووە، بــە تایبەتــی لــەو هەڵبژاردنــەی پەرلەمانــدا کــە کۆمەڵانــی خەڵــك لــە بەرەیەکــدا بــە پارتــی و شــیوعییەوە و هەوادارانــی بــەرەی حکوومەتیــش لەبەرەیەکــدا بــوون، بــەڵام بەهەرحــاڵ ڕووداوەکــەی ســاڵی ١٩٥٣ بــووە و گێڕانەوەکــەش ســاڵی ١٩٨٤ بــووە، یانــی ٣١ ســاڵیان نێوانــە، بۆیــە لەوانەیــە پێناســە سیاســییەکەی کاکــە مــەلا فتــح اللــە بــێ (ئەنقەســت) جیــاوازی تێکەوتبێــت، بــەڵام دیســان کاك (شــێروان)ی کــوڕی کاکــە مــەلا فتــح اللــە لــە شــەوی ٥-٢٠٢٠/٧/٦ لــە پەیوەندییەکــی تەلەفۆنیــدا جەختــی لــەوە کــردەوە کاکــەی باوکــی ئەندامێکــی کارای (حیزبــی شــیوعیی عێــراق) بــووە، کاکــە

سـێ کـوڕی بـە ناوەکانـی (فوئـاد، دڵشـاد، شـێروان و کچێکیشـی بەنـاوی نەسریـن) هەبـوو.

١٣- (حاکمـی منطقـە) لـە گێڕانەوەکـەی عەونـی کـە دەڵـێ: نوێنـەری کاك (مەسـعود محەمـەد) لـەم هەڵبژاردنـە لـە تەقتـەق (مـام جـەلال) بـوو، بـەڵام لەبـەر هـەر هۆیـەك کـە هاتووەتـە ئـاراوە کـە دیـارە (مـام جـەلال) لـە کۆیـە وەکـو سـەنتەری شـار و هەڵبـژاردن لـەوێ ماوەتـەوە، لـە جیاتـی مـام جـەلال وەکـو دەیگرێتـەوە (عەونـی)ی شـاعیر چـووە بـۆ تەقتـەق، لێـرەدا دەسـتەواژەی (حاکمـی منطقـە) بـەکار دێنێـت، لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا نوێنـەری رەسـمی ئـەو کەسـەی کـە خـۆی هەڵدەبژێرێـت، دەسـەڵاتی (حاکـم)ی هەبـووە، لـە کاتوسـاتی رۆژی هەڵبـژاردن بـۆ ئـەوەی کـەس دەستەوەسـتان رانەوەسـتێ، کاتێـك دەسـتدرێژی دەکرێتـە سـەر یاسـا و لـە درێـژەی گێڕانەوەکەشـدا ئـەم راسـتییە دەردەکەوێـت کـە چـۆن بەرانبـەر دەسـتدرێژی پیاوانـی میـری راوەسـتاوە و نەیهێشـتووە (فیڵیـان لـێ بکرێـت).

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٥٣ کە لە سەرتاسەری عێراق بەڕێوەچوو، ١٠ پەرلەمانتاری بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەرچوون کە یەکێکیان خوالێخۆشبوو مامۆستا مەسعود محەمەد بوو لە کۆیە، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستنیشان کرابوو.

گوتەبێژ (عەونی) باس لە ڕووداوی ڕۆژی هەڵبژاردن دەکات لە تەقتەق، چونکە ئەوکاتە ئەو دەستنیشان کرابوو بە نوێنەرایەتیی پارتی سەرپەرشتی هەڵبژاردن لە تەقتەقدا بکات، چونکە لەو سەروبەندەدا خوالێخۆشبوو مام جەلال دەستنیشان کرابوو بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژانەدا (مام جەلال) وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی سەرقاڵی ئیشوکارەکانی (کۆیە)ی هەڵبژاردن دەبێت و بۆی نەکراوە بچێتە تەقتەق، بۆیە لە جیاتی ئەو، (عەونی) دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، بۆ لایەنی پارتی کە مامۆستا مەسعود محەمەد پاڵێوراوی بۆ بەرامبەرەکەی خوالێخۆشبوو کەسایەتی شاری کۆیە (مەلا حەوێز ئاغای غەفووری) بوو.

عەونی لەو گێڕانەوەیەدا باس لە فڕوفێڵی دامودەزگەکانی میری دەکات، هەر لە بەڕێوەبەری ناحیە تا خوارەوە کە بێگومان ئەوانیش وەکوو دەڵێن (المأمور معذور) یانی گوناهی فەرمانبەرانی خوارەوە

نەبــووە، بەڵکــوو سیاســەتی ناوەنــدی حکوومەتــی عێــراق بــوو، لێــرەدا (عەونــی) بــە هیــچ شــێوەیەك باســی هیــچ جــۆرە کارێکــی (نەرێنــی) جەماعەتــی خوالێخۆشــبوو (مــەلا حەوێــز ئاغــای غەفــووری) نــاکات، لــە کاتوســاتی هەڵبژاردنــدا.

لــەو گێڕانەوەیــەدا پاڵەوانێــك دەردەکەوێــت، کــە کــەس باســی لــە رۆڵــی ئــەو پیــاوە (ون)ە نییــە، کــە لــە روانگــەی نیشــتمانپەروەرییەوە لــە تەقتــەق چاودێریــی بارودۆخــی هەڵبژاردنەکــەی کــردووە، تارادەیــەك لــە بەرژەوەندیــی پاڵێــوراوی پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا ئاکامــی هەڵبژاردنەکــەی گۆڕیــوە، ئەویــش ئەندامــی کارای حیزبــی شــیوعیی عێــراق بــوو لــە تەقتــەق.

خوالێخۆشــبوو (کاکــە مــەلا فتــح اللــە یاخــود کاکــەی خەیــات) بــووە، کــە رۆڵێکــی نیشــتمانپەروەرانەی ئەنجــام داوە، لــەو هەڵبژاردنــەدا هەریــەك لــە خوالێخۆشــبووان (مەســعود محەمــەد ٩٥٠ دەنــگ و مــەلا حەوێــز ئاغــاش ٣٦٠ دەنگیــان هێنــاوە.

مامۆســتا مەســعود محەمــەد لــە (گەشــتی ژیانــم)دا کــە ناوەنــدی ئاویــەر بــۆ چــاپ و بڵاوکردنــەوە بــە ژمــارە (٣٥٣) چاپــی کردووەتــەوە، لــە لاپــەڕە (٤٣١) بــێ ئــەوەی نــاوی کــەس بێنێــت، دەربــارەی هەڵبــژاردن لــە تەقتــەق دەڵــێ: ("دەوری ســەعات دە و نیــو خەبەرهــات کــە ژمارەی ئــەو دەنگانــەی بــە ئێمــە دراوە، گەلێــك زیاتــرە لــە هــی حکوومــەت، هەرچەنــدە حکوومــەت هەمــوو لایەنگرەکانــی خــۆی گەیانــدە ســندوقی هەڵبــژاردن.. "بــە تەلەفــۆن زانــدرا کــە حکوومــەت بەزیــوە، ئیــتر زانیــمان گرەومــان بردۆتــەوە").

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣١)
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٣

دەق:

عەونی گوتی: (کە چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ (١٩٥٨/٧/١٤- شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨- نووسەر) رووی دا، ئەمن لە گوندی (قەسرۆك[١]) بووم کە بە سەردان چووبومە دیار (توتنەوانان)، شەوی پێشوو لە ماڵی خوالێخۆشبوو (حەمەدی رەمەزان[٢]) نووستبووین، سبەینێ زوو هەستام رادیۆم کردەوە، هیچ نەبوو، پاش ماوەیەك رادیۆی بەغدا هاواری دەکرد و دەیگوت ئیننقلابە[٣] و مەلیك کوژرایە، منیش بە خەڵکەکەم گوت: (شتێکی ئەوها بووە ئاگاتان لە(پۆلیسەکان)ی (مخفر)ەکە بێت، دەستیان بۆ درێژ نەکەن لەو سەفەرە (مەحمووودی حەمە چەقووم[٤]) لەگەڵ بوو بە دوو (وڵاغان) من و مەحموود لە قەسرۆك بەڕێکەوتین بەرەو چنارۆك لە چایخانەکەی (سابیری مەلا رەئووف[٥]) بۆ نان خواردن لاماندا، کاتێك خەریکی نان خواردن بووین، دەنگی ئۆتۆمبێلێك هات، گوتیان: (عومەر دەبابە[٦])یە، جیبێکی هەبوو، (محاماتی) دەکرد، لە رانیەوە هاتبوو، هات و گوتی: (شتێکی ئەوها رووی داوە، بزانین ئێمە چی بکەین؟) منیش گوتم: باشە دەچینەوە کۆیە (محل)ەکەم ئەو وەختی لە مەیدانی خوارێ بووە لە مزگەوتی گەورە کۆبوونەوەیەك دەکەین، بزانین چی بکەین باشە؟ ئەو وەختی ئەمن لەگەڵ (پارتی)دا بووم.

کە هاتینەوە کۆیە، مامۆستا (سەدیق سادق[٧]) برقیەکی هێنا بۆ تەئیدی

**جمهورییەت و گوتی (ئەوەی) ئیمزا بکە، دوو دیناریش بدە. گوتم: (دە دیناران دەدەم، بەڵام جارێ ئەوەی ئیمزا ناکەم، چونکە بەتەماین کۆبوونەوەی لەسەر بکەین. ڕۆیشتن و گوتبوویان ئێمە دەزانین (عەونی) لە جەماعەتی "شیوعیانە.**

**ئیدی جەماعەتێک لە پارتی لێرەوە چوونە سلێمانی و لەوێوە لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد[٨]) چووبوونە بەغدایە و لەوێ بە ناوی (پارتی) برقیەیان بۆ (عەبدولکەریم قاسم) لێ دابوو، ئێوارەکەی رادیۆی بەغدا خوێندییەوە.**

## پەراوێز:

١- (قــەسرۆك) گوندێکــی بەخێــر و بێــرە، هەڵکەوتــەی لــە دامێنــی خــوارەوەی باشــووری دەشــتی بــە ناوبانگــی (بیتوێــن)دا و نزیکــە لــە گونـد و داری (قەمتــەران) و ســەد مەترێــك لــە شــەقامی گشــتی بێســتانە-چوارقورنــە دوورە بــە تەنیشــتییەوە گونــدی (کڵاوە ســوورانە) لــە پەنــا گــرد و تەپۆڵکــەی بەرزدایــە، ســەردەمێك بــە کشــتوکاڵی (توتــن) بەناوبانــگ بــوو، (عەونــی)ی باوکــم لەگــەڵ کوێخــا و کوڕەکانــی و زۆربــەی جووتیارانــی گوندەکــە مامەڵــەی (توتــن)ی هەبــوو، ئێســتاکە کشــتوکاڵەکەیان لــە توتنــەوە گوڕیــوە و ناوچەکــە ماوەیەکــە درەختــی (هەنار)یــان لێچانــدووە و ســاڵانێکە هاتووەتــە بــەر، کاتــی خــۆی لــە ســەرەتای شەســتەکاندا باوکــم (موزەخــە) پەمپــی ئــاوی لەســەر رووبارەکــەی گوندەکــە دانــا، بــە مەبەســتی پەڕینــەوەی ئــاو، تاکــو ئەوپــەڕی خاکــی گوندەکــە.

٢- (حەمــەدی رەمــەزان) کوێخــا و ســەرکار و دەم راســت و ڕیشســپیی گوندەکــە بــووە، ماڵەکــەی ئــەو بــۆ باوکــم (خانەخــوێ) بــوو (بەنــدە-نووســەر) چەنــد جارێــك لەگــەڵ باوکمــدا چوومەتــە ئــەو گونــدە و شــەو لێــی ماوینەتــەوە. کوڕەکانــی ئــەوەی ناویانــم لەبیــر مــاون (عەبدوڵــڵا، ئیبراهیــم عوســمان) بــوون.

ســاڵی ١٩٦٣ کــە باوکــم لــە مانگــی ئازاری ئەم ســاڵەدا ئــازاد کرا و پێشــمەرگە

لـە کۆیـە بـوون، بـەم بۆنەیـەوە خوالێخۆشـبوو (حەمـەدی رەمـەزان) هاتـە کۆیـە و سـەردانی باوکمـی کـرد، لـەو سـەفەرە، چونکـە باوکـم متمانـەی زۆری پـێ بـوو (دیـوان)ە دەستنووسـەکەی خـۆی بـە مەبەسـتی پاراسـتنی تەسـلیم بـە خوالێخۆشـبوو حەمـەدی رەمـەزان کـرد، وای دەزانـی لـە گونـدی قـەسرۆك پارێزراوتـر دەبێـت، بـەڵام کاتێـك لەشـکری مەغۆڵـی بەعـس لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٣دا دەسـتی بـە شـاڵاوە دڕندانەکـەی کـرد، گونـدی قـەسرۆك و ماڵـی حەمـەدی رەمـەزان و (دیوانەکـەی عەونیـش) کەوتنـە بـەر شـاڵاوی ئاگـری رقـی لەشـکری بەعـس و سـووتاندنیان.

٣- (ئینقـلاب)ە مەلیـك کوژرایـە، مەبەسـت لـە رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ رۆژی لەناوبردنـی رژێمـی پادشـایەتی و دروسـتبوونی رژێمـی کۆمـاری (جمهـوری) کـە بەهـۆی خانـەوادەی مەلیـك بـە تـەواوی کـوژران و لەناوچـوون، عەبدولکەریـم قاسـم و عەبدولسـەلام عـارف بـە هـاوکاری (ئەفسـەرە ئـازادەکان- الضبـاط الاحـرار) بـەم شۆڕشـە هەڵسـتابوون.

٤- مەحموود حەمە چەقو ١٩٣٠-١٩٨٠

نـاوی تـەواوی (مەحمـوود حەمـە عەبدولڕەحـمان)ە، بـە مەحمـوودی چەقو نـاسراوە، چونکـە سـەرەتای کاری بـە (خەنجـەر و چەقـو) دروسـتکردنەوە دەسـتپێکردووە، سـاڵی ١٩٠٣ لـە کۆیـە لەدایکبـووە، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی نەچووەتـە قوتابخانـە، (خوێنـدن و نووسـین)ی هەبـوو، پـاش ئـەوەی واز لـە

کاری خەنجەرچییەتـی دەهێنێـت، ئیـدی روو لـە مامەڵـەی توتـن دەکات و لـەم بـوارەدا لەگـەڵ خوالێخۆشـیبووان (وەسـتا حوسـێنی نەجـار و عەونـی)دا شـەراکەتی کـردووە، سـاڵی ١٩٦٣ کۆیـە بەجێدەهێڵـێ و دەچێتـە (عەزیزیـە) لـە ناوەنـدی عێـراق و بـە کەسـابەتی جۆراوجـۆر سـەرقاڵ دەبێـت، تاکـو سـاڵی ١٩٦٨ ئەوجـا دەگەڕێتـەوە هەولێـر و لەنـاو بـازاڕی هەولێـردا دوکانێکـی عەتـاری دەکاتـەوە، خوالێخۆشـبوو مەحمـوود چەقـو دوو ژنـی هێنابـوو، ژنـی یەکەمـی نـاوی خاتـوو (جـوان)، کوڕێکـی بـوو بـە نـاوی سـدیق کـە مامۆسـتا و دەرچوونـی کۆلیـژی کشـتوکاڵی زانکـۆی بەغـدا بـوو، دوو کچیشـی بـە ناوەکانـی (شـەوکەت و نیعمـەت) هەبـوو. لـە ژنـی دووەمیـدا (خاتـوو نیعمـەت)، منداڵـی نەبـوو، خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٧٧ ساڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٨٠ کۆچـی دوایـی کـرد.

سـەرچاوەی زانیارییـەکان: لـە مامۆسـتا سـدیق کـوڕی خوالێخۆشـبوو وەرگیـراوە.

٥- سابیری مەلا رەئووف ١٩٢٩- ٢٠٠٨

خوالێخۆشـبوو سـابیر کـوڕی مـەلا رەئـووف کـوڕی ئەحمـەد کـوڕی ئەسـعەد سـاڵی ١٩٢٩ لـە کۆیـە لـە دایکبـووە و پلـەی خوێنـدەواری کـەم بـووە، چونکـە لـە سـەرەتادا نەچووەتـە بـەر خوێنـدن، بـەڵام بـە گەورەیـی مـاوەی سـاڵێك ئێـواران هاتوچـۆی خولـی بەرەنگاربوونـەوەی نەخوێنـدەواری کـردووە، بۆیـە هەنـدێ خوێندنـەوە و نووسـین فێـر بووبـوو، خوالێخۆشـبوو

لەبەر ئەوەی وەکو یەکێك لە بنەماڵەی جەلی زادە، موڵك و باخ و رەزیان هەبوو لە چنارۆك، هەر لە هەرەتی لاویەتییەوە بیری لە کەسابەت کردووەتەوە و رووی لە هاوینەهەواری چنارۆك کردووە و لە نێوەڕاستی موڵکەکەی چایخانەیەکی ژیکەڵەی لە بن داری (تووە ڕەش) لە ساڵی ١٩٤٦ دانا، کە لە کانیاوی سەرەوە ئاوی بۆ دەهاتە خوارێ بۆ نێو چایخانەکە و حەوزێکی بۆ دروستکردبوو، لەو سەردەمەشدا رێگەی شاخی (هەیبەت سوڵتان) لەنێوان کۆیە و رانیە و پشدەر نەبوو، هاتوچۆ تەنیا بە وڵاغ و سواری بوو، بۆیە هاتوچۆکەران لە کۆیەوە بۆ دەڤەری بیتوێن و رانیە و پشدەر، بە پێچەوانەوەش لە چایخانەکەی خوالێخۆشبوو (سابیر مەلا رەئووف) بۆ پشوودان یان بۆ نانخواردن لایان دەدا، دەتوانین بڵێین وەکو وێستگەیەکی سەرەکی ئەو ناوە وابوو، کاك سابیر پیاوێکی رەوشتبەرز و ماندوونەناس بوو، ئەو چایخانەیەی لەنێوان ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥ چەندین جار تووشی سووتاندن و تاڵان و کاولکاری بووەتەوە، چونکە خۆشی پیاوێکی کوردپەروەر و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تووشی چەندین کێشەی لابەلا بووە، تەنانەت لە پاش کودەتا شوومەکەی ١٩٦٣/٢/٨ و هاتنی بەعسییەکان و لەشکری عێراق بۆ کۆیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دا هاوسەری یەکەمی (خاتوو مونیرە جەلیزادە) بۆ خۆی و کوڕێکی کۆرپەی بەناوی (شوان) لە ماڵی خۆیان شەهید دەکرێن و چایخانەکەشی دەسووتێنن.

خوالێخۆشـبوو کاك سـابیر دوو جـار هاوسـەرگیری کـردووە و یەکەمیـان شـەهید بـووە و سـێ کچـی لێـی هەیـە، بـە ناوەکانـی (ژیـان، پەخشـان، بەیـان) لـە خێزانـی دووەمیشـی (خدیجـە حەسـەن) شـەش کـوڕ و کچـی هـەن، بـە ناوەکانـی (هـەژار، سـەوزە، بەختیـار، سـەیران، بنـار، کەنـار).

خوالێخۆشـبوو خاوەنـی لـە هاوینەهـەواری چنـارۆك، خاوەنـی یەکەمیـن چایخانەیـە، لـە تەمەنـی ٧٩ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ٢٠٠٨ کۆچـی دوایـی کـرد و لـە کۆیـەش نێـژراوە.

سـەرچاوە: هـەژاری کـوڕی خوالێخۆشـبوو، سـابیر مـەلا رەئـووف بـە نووسـین لـە ٢٠٢٠/١٠/٧ بـۆی نـاردووم.

٦- عومەر مستەفا (دەبابە) ١٩٢٣-١٩٩٢/١/٢٩

خوالێخۆشـبوو عومـەر مسـتەفا نـاسراو بـە (عومـەر دەبابـە) سـاڵی ١٩٢٣ لـە گەڕەکـی قـەڵات لـە کۆیـە لەدایکبـووە، بەرەچەڵـەك دەچێتـەوە سـەر بنەماڵەیەکـی مەهابـادی، قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنـدی خوێندنـی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە و ئامادەییشـی لـە کەرکـووك خوێنـدووە و سـاڵی ١٩٤٦ لـە کۆلیـژی مـاف (حقـوق) لـە بەغـدا وەرگیـراوە، لـە تەمەنـی خوێندکارییـەوە تێکـەڵاوی ژیانـی سیاسـی بـووە و رۆڵـی سـەرەکی لـە پەیوەندیکردنـی جـەلال تاڵەبانـی بـە پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە هەیـە، سـاڵی ١٩٥١ خوێندنـی کۆلیـژی مافـی تـەواو کـردووە و دەسـتی بـە کاری پارێـزەری کـردووە، لـە کۆنگـرەی دووەمـی پارتـی دیموکراتـی کـورد کـە لـە ئـازاری سـاڵی ١٩٥١

لـە بەغـدا بەسـترا بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردرا. هەروەهـا لـە کۆنگـرەی سـێیەم لـە کەرکـووك سـاڵی ١٩٥٣ بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێردرایـەوە و لـە کۆنگـرەی چوارەمیـش کـە لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە بەغـدا بەسـترا بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێردرایـەوە. پـاش وەرگرتنـی مۆڵـەت بـۆ پارتـی لـە سـاڵی ١٩٦٠ لـە کۆنگـرەی پێنجـەم دیسـان بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێردرایـەوە و لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە سـەروبەندی سـەرهەڵدانی (قەیـران) لەنـاو سـەرکردایەتیی پارتیـدا پشـتگیری لــە باڵــی مەکتەبــی سیاســی کــرد، کــە خــۆی ئەنــدام بــوو تێیــدا، دوای ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٩٧٠ لـە نێـوان (مـەلا مسـتەفای بارزانـی) و حکوومەتـی عێـراق پشـتیوانی لـە تێکهەڵکێشـکردنەوەی هـەردوو باڵـی پارتـی کـرد و هیــچ پۆســتێکی وەرنەگــرت، ســاڵی ١٩٧٤ پــاش دەســتپێکردنەوەی شــەڕ لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق، بـە ئەرکـی نیشـتمانی خـۆی زانـی پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە بـکات، لـە ئایـاری سـاڵی ١٩٧٥ لەگـەڵ (سـاڵح یوســفی و عەلــی عەســکەری و ڕەســوڵ مامەنــد) و چەنــد کادیرێکــی دیکـە بەشـداری لـە بزووتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان کـرد و پـاش دامەزراندنــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، خــۆی و عەلــی عەســکەری ڕۆڵێکــی کاریگەریــان لــە بردنــی بزووتنــەوە بــۆ نــاو یەکێتیــدا گێــڕا، لــە کۆبوونـەوەی ٣١ی ئـاب-١٢ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧٧ ی ناوچـەی برادۆسـت کرایـە ئەندامـی سـەرکردایەتی لـە دەرەوەی وڵات و لـە شـوباتی سـاڵی ١٩٧٩ گەڕایـەوە کوردسـتان و لـە (ناوزەنـگ) گیرسـایەوە.

لـە ٢٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٩٢ لـە کاتـی بەسـترانی کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لەنـاو هۆڵـی کۆنگـرە لـە سـلێمانی بەهـۆی وەسـتانی دڵ، کۆچـی دوایـی کـرد و بـۆ رۆژی دواییـش تەرمـی خوالێخۆشـبوو هێنرایـەوە کۆیـە و بـە ئامادەبوونـی مـام جـەلال و سـەرکردایەتیی بـەرەی کوردسـتانی لـە کۆیـە لـە گۆڕسـتانی (کەکـۆن) بـە خاکسـپێردرا.

سەرچاوە (ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

چاپی دووەم ٢٠١٣/ ل ٤٨٦-٤٨٨

٧- سدیق سادق ١٩٣٣-٢٠٠٢/١/١٧

خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (سـدیق مـەلا سـادق) سـاڵی ١٩٣٣ لـە کۆیـە لەدایکبـووە، باوکـی (مـەلا سـادق) لـە مـەلا بەناوبانگەکانـی کۆیـە بـووە، مامۆسـتا سـەدیق هـەردوو قۆناغـی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە و سـاڵی ١٩٥٧یـش کۆلیـژی خانـەی مامۆسـتایانی بـاڵا (پـەروەردەی ئێسـتا بەشـی جوگرافیـا لـە بەغـدا) تـەواو دەکات لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨ دەبێتـە ئەفسـەری یـەدەگ (ضابـط احتیـاط) سـاڵی ١٩٥٩ بـۆ یەکەمجـار لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی کۆیـە بـە مامۆسـتا دادەمەزرێـت و دواتـر لـە هەریـەك لـە شـارەکانی هەولێـر و شـەقڵاوە (قلعـە سـاڵح) لـە ناصریـە درێـژە بـە خزمەتـی بـواری پـەروەردە دەدات و سـاڵی ١٩٦٠یـش بەشـداری لـە کۆنگـرەی دووەمـی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقڵاوە دەکات، پـاش نسـکۆی شـۆڕش لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧٥

بـۆ شـاری (دیوانیــە) دەگوازرێتــەوە، چونکــە لــە ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٧٤ لـە شۆڕشـی ئەیلوولـدا لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان بەڕێوەبـەری پـەروەردەی هەولێـر دەبێـت، مامۆسـتا (صدیـق) لـە هەرەتـی لاویەتییـەوە دەچێتـە ریـزی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتان و دواتـر دەبێتـە ئەنـدام لـە ریزەکانـی پارتیـدا و کاری حیزبایەتیشـی بـە دڵسـۆزی کـردووە، لـە سـەرەتای شەسـتەکان دەبێتـە لێپـرسراوی ناوچـەی کۆیـەی پارتـی سـاڵی ١٩٥٤ لـە یانـەی خانـە مامۆسـتایانی بـاڵا لـە بەغـدا بەرانبـەر برادەرەکانـی لـە قوتابیـان رایگەیانـد، کـە پێشـبینی دەکات (مـام جـەلال) لـە داهاتـوودا دەبێتـە سـەرۆککۆماری عێـراق، مامۆسـتا صدیـق بوێرانـە لـە هەمـوو ئاسـتێکدا داکۆکـی لـە کـورد و کوردسـتان کـردووە و تەنانـەت جارێـك لـە بەرانبـەر (عەبدولکەریـم قاسـم- سـەرۆکی کۆچکـردوو) لــە هۆڵــی الخلــد لــە کاتــی بەســتنی کۆنگــرەی ســاڵانەی گشــتیی ســەندیکای مامۆســتایانی عێراقــدا باســی لــەو ســتەمانە کــرد کــە بەرانبــەر کــورد دەکرێــن لــە ســڕینەوەی ناســنامەی نەتەوەیــی و تەعریبکـردن، سـاڵی ١٩٦٣ لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتەی لـە هەولێـر دەسـتیگر کــرا و رەوانــەی گرتووخانــەی (المسـیب) کــرا، لــە دوای ســاڵی ١٩٩٣ لــە شـاری سـلێمانی نیشـتەجێ دەبێـت و پۆسـتی راوێـژکاری لـە وەزارەتـی پـەروەردەی ئیـدارەی سـلێمانی وەردەگرێـت. خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٦٩ سـاڵیدا و لـە ٢٠٠٢/١/٢٧ کۆچـی دوایـی دەکات.

سەرچاوە: (هۆشیار محەمەد ئەمین کۆیی)

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (٢٠) ئازاری ٢٠١٢

٨- ئیبراهیم ئەحمەد (بلە) ١٩١٤-٢٠٠٠

خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (ئیبراهیـم ئەحمـەد) سـاڵی ١٩١٤ لـە گەڕەکـی دەرگەزیـن لـە سـلێمانی لـە بنەماڵەیەکـی کاسـبکار هاتووەتـە دونیـاوە (رەمـزی فەتـاح) مامـی ئەفسـەرێکی کوردپـەروەر بـووە و زۆر کاری تێکـردووە و هـەر زوو لـە سـاڵی ١٩٢٢ دا ناردوویەتییـە قوتابخانـەی لەتیفیـەی سـەرەتایی و پاشـان پلـە پلـە دەسـتی گرتـووە تاکـو خوێندنـی ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە بەغـدا لـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی مەرکـەزی پـێ تـەواو کـردووە و بووەتـە پارێزەرێکـی ناسـراو.

مامۆسـتا برایـم کـە چـاوی کردووەتـەوە و فامێتـی لـە نزیکـەوە ئـاگاداری بزووتنـەوە نەتەوەییـە رزگاریخوازییەکـەی شـێخ مەحمـوودی مەلیکـی کوردسـتان بـووە، ئـەو رووداو و بەسـەرهاتانەی بیـری کوردایەتیـان لـە مێشـکدا چانـدووە، کـە چووەتـە بەغـداش بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن، چ لـە ئامادەیـی و چ لـە کۆلیـژی حقـوق، لەگـەڵ پیـاوی پێشـکەوتنخوازی کـورد و عەرەبـدا هەڵسـوکەوتی کـردووە و بیـروڕای لەگەڵیانـدا ئاڵوگـۆڕ کـردووە، بۆیـە هـەر لـە زووەوە و بیروبـاوەڕی سوسیالیسـتی لـە مێشـکدا چەسـپاوە و لەنـاو لاوانـی ئـەو سـەردەمەی بەغـداش وەك لاوێکـی هەڵکەوتـووی بیـر رووناك نـاسرا.

لـە رێگـەی دوو دۆسـتی کۆییـەوە کـە ئەندازیـار رەشـید عـارف سـەقا و سـەمەد محەمـەد بەننـا بـوون، پەیوەنـدی لەگـەڵ پیـاوە سیاسـییە پێشـکەوتنخوازەکانی عەرەبـی وەکـو (جەعفـەر ئەبـوو توممـەن و کامـل

چادرچـی و عەزیـز شـەریف) پەیـدا کـردووە و بووەتـە خـاوەن بیرێکـی ئـازاد.

لـە سـەردەمی خوێندنـی ئامادەیـی و حقوقـی لـە بەغـدا، مامۆسـتا برایـم کۆمەڵـێ لاوانـی کـوردی پێکهێنـاوە و لـە سـاڵی ١٩٣٣دا گۆڤارێکیـان بەنـاوی (یـادگاری لاوان) دەرچوونـد و یەکێکـی دیکەشـیان لـە سـاڵی ١٩٣٤دا بـە نـاوی (دیـاری لاوان) دەرکـردووە و لاوە چالاکەکانیـش جگـە لـە خـۆی، مامۆسـتایان (شـاکر فەتـاح و حامیـد فـەرەج و دکتـۆر عەبدولڕەحـمان عەبدولـڵا و فائـق هۆشـیار و سـەمەد بەننـا) بـوون، مامۆسـتا برایـم لـەو ماوەیـەدا هەنـدێ شـیعری لـەو گۆڤارانـەدا بڵاوکردنـەوە.

مامۆسـتا برایـم لـە مانگـی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٩ دا گۆڤارێکـی کـوردی لـە بەغـدا بەنـاوی "گەلاوێـژ" دەرچوانـد و لەگـەڵ مامۆسـتا عەلائەدیـن سـەجادی توانیـان تـا ١٩٤٩/٨/١ (١٠٥) ژمـارەی تێروتەسـەل بـە بابەتـی ئەدەبـی و زانسـتی و کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی دەربچووێنـن و جەماوەرێکـی زۆریـش لـە شـاعیر و نووسـەر و خوێنـدەواران لـە دەوری گۆڤارەکـەدا کـۆ بکەنـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی سـەدەی بیسـتەم باشـترین گۆڤـاری کـوردی بـووە، کـە بـە کـوردی دەربچێـت.

مامۆسـتا برایـم، لەگـەڵ دامەزراندنـی کۆمەڵـەی (ژ.ك) لـە کوردسـتانی ئێـران، لـە سـاڵی ١٩٤٢دا لقێکـی ئـەو کۆمەڵـە سیاسـییەی لـە سـلێمانی کـردەوە و بـووە بـە بەرپـرس، کـە حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە ١٩٤٥/٨/١٦ دامـەزرا لـەو بەرپرسـیاریەتییەی لقەکـەی کردسـتانی عێـراق

بـەردەوام بـوو، بـۆ سـاڵی ١٩٤٧یـش بـووە ئەنـدام لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق و لـە کۆنگرەکانـی سـێیەم لـە ١٩٥٣ و چـوارەم ١٩٥٩ و پێنجـەم لـە ١٩٦٠ بـە سـکرتێری لیژنـەی ناوەنـدی هەڵبژێـردرا و لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـووە سەرنووسـەری رۆژنامـەی (خەبـات).

مامۆسـتا برایـم و دەسـتەیەك لـە هاوبیرانـی لـە سـاڵی ١٩٦٤ کەوتنـە ناکۆکـی لەگـەڵ سـەرکردایەتیی شۆڕشـی ئەیلوولـدا، بـەڵام خۆشـبەختانە دوای رێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ تێکـەڵ بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بوونـەوە و چـووە پـاڵ شـۆڕش تاکـو نسـکۆی شـۆڕش، پـاش نسـکۆش رووی لـە هەنـدەران کـرد و چـووە وڵاتـی بەریتانیـا و لـە شـاری لەنـدەن نیشـتەجێ بـوو.

خواڵێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٨٦ سـاڵیدا و لـە ٢٠٠٠/٤/٨ کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکـەی هێنرایـەوە سـلێمانی و بـە خاکسـپێردرا.

سـەرچاوە (قامووسـی نـاوە نەمـرەکان لـە ئامادەکـردن و سەرپەرشـتی مومتـاز حەیـدەری) نووسـینی کەریـم شـارەزا.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

(عەونــی) لەنێــو رووداوەکانــی کــە باســی لێــوە کــردن، لــەم کەشــکۆڵەی مامۆســتا (تاهیــر ئەحمــەد حەوێــزی)دا و بــە دیقــەت گێڕاویەتــەوە بەســەر ئــەو رووداوانــەدا تێدەپــەڕێ کــە لــە رۆژانــی رابــوردووی ژیانیــدا رووداوێکــی ئاســایی بــووە و دەیگێڕێتــەوە یاخــود قۆناغێکــە دەبــێ هەڵوەســتەی لەســەر بکرێــت، بەنــدە لێــرەدا بــە وردی دەچمــە نێــو ناخــی بابەتەکانــەوە.

عەونــی، بــاس لــەو رووداوە گرنگــە دەکات کــە بــە تــەواوی قۆناغێکــی گرنگــی لــە ژیانــی سیاســیی گەلانــی عێراقــدا گــۆڕی، ئەویــش رووداوی رۆژی (١٩٥٨/٧/١٤)ە، کــە تێیــدا کۆمەڵێــك لــە ئەفســەرانی (ئازادیخــواز "الضبــاط الاحــرار) توانیــان رژێمــی پاشــایەتی ســەرنگوم بکــەن و رژێمــی کۆمــاری رابگەیەنــن، پاڵەوانــی دیــاری ئــەو شۆڕشــەش، دوو ئەفســەری بــە رەگــەز عــەرەب (عەبدولکەریــم قاســم و عەبدولســەلام عــارف) بــوون، بەهەرحــاڵ رووداوەکــە یاخــود شۆڕشــەکە لــە یەکــەم رۆژدا ســەرکەوتنی بەخۆیــەوە دیــت.

لــە بەرەبەیانــی ئــەورۆژەدا (١٩٥٨/٧/١٤) عەونــی و هاوەڵێکــی بەنــاوی (مەحمــوود چەقــو) شــەوی پێشــووتر لــە گونــدی قەسرۆکــی دەشــتی (بیتوێــن) بــوون و بــە مەبەســتی بەســەرکردنەوەی ئــەو جووتیــار و توتنەوانانــەی لەگــەڵ ئــەودا مامەڵەیــان دەکــرد، شــەوەکەش ١٣-١٩٥٨/٧/١٤ لــە ماڵــی دۆســت و خــاوەن بەرژەوەندیــی کشــتوکاڵی توتــن، خوالێخۆشــبوو

(حەمـەدی رەمـەزان) بـوون، کاتێـك عەونـی بەیانییەکـەی رادیـۆ دەکاتـەوە وەکـو رێـڕەوی ژیانـی، بـۆ گوێبیسـتی هەواڵـی ئـەم رۆژە، لـە سـەرەتادا دونیـای هەواڵـی رادیـۆ کشـوماتە، بـەڵام پـاش تاوێـك، دیـارە کاتژمێـری ٦ی بەیانـی بـەولاوە دەبـێ، گوێبیسـتی هەواڵـی رووخانـی رژێمـی پاشـایەتی دەبێـت، بۆیـە هـەر زوو بـە سـواری دوو ئەسـپ، بـەرەو کۆیـە لـە رێگـەی (بێسـتانە- هەیبـەت سـوڵتان)ەوە هەڵدەکشـێن، بـەڵام لـە چنـارۆك لـە چایخانـە دڵڕفێنـە ئـاودار و پـڕ درەختەکـەی خوالێخۆشـبوو (سـابیری مـەلا رەئووفـی جەلـی زادە)دا بـە مەبەسـتی پشـوودان و نانخواردنـی بەیانـی لا دەدەن، کـە لـەم چایخانەیـەدا هەمیشـە بەیانیـان ماسـت و هێڵکـە هەبـوو، وەکـو (عەونـی) باسـی لێـوە دەکات، لەوکاتـەدا خوالێخۆشـبوو کاکـە (عومـەر دەبابـە) بـە خـۆی و بـە ئۆتۆمبێلێکـەوە پەیـدا دەبێـت، ئاشکراشـە نێوانـی (عەونـی) و عومـەرە سـوورەی حاکمـی بـرای لەگـەڵ کاك عومـەر دەبابـە و خوالێخۆشـبوو تاهیـر مسـتەفای براگـەورەی کاکـە دەبابـە وەك بـرا و کەسـی یەکـتر بـوون، تاکـو ئەوسـاتەش (کاکـە مـەم بۆتانـی) خوارزایـان دەسـتەواژەی "عومـەرەکان" بـەکار دێنـێ کـە مەبەسـتی خوالێخۆشـبووان (عومـەر دەبابـە و عومـەرە سـوور)ە، بـە هەرحـاڵ لـە چنـارۆك لـەم سـاتوکاتەدا لەگـەڵ نانخواردنـی بەیانیـدا (دەبابـە و عەونـی) بـاس لـەو رووداوە مێژووییـە دەکـەن و هەردووکیـان وا بـە بـاش دەزانـن کـە پـاش نیـوەڕۆی ئـەو رۆژە، لـە کۆیـە لـە مزگەوتـی گـەورەدا کۆبوونەوەیـەك بکرێـت بـە مەبەسـتی (ڕا) گۆڕینـەوە لای خەڵکانـی خـاوەن بیـروڕا و گەیشـتنی بـە راوبۆچوونێکـی

(کامـل) بەرانبـەر ئـەو رووداوە مێژووییـە.

(عەونـی) لـە درێـژەی قسـەکانیدا، دەڵـێ: کاتێـك گەیشـتینەوە کۆیـە، کاك عومـەر دەبابـە منـی دابەزانـد و منیـش یەکسـەر چوومـە (محل)ەکـەم، هەنـدەی پـێ نەچـوو، چەنـد کـوڕە لاوی کۆیـی کـە تەنیـا لێـرەدا نـاوی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا سـەدیق سـادق دەهێنـێ و یەکسـەر روو لـە عەونـی دەکـەن و پێـی دەڵێـن: ئـەم (برقیـە) ئیمـزا بکـە و دوو دیناریـش بـدە بـۆ رەوانەکردنـی بروسـکەکە، (عەونی)یـش دەڵـێ: ئێمـە وا رێککەوتوویـن کـە ئێـوارە کۆبوونەوەیـەك بکرێـت بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە بڕیارێـك، نازانرێـت جـارێ چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو رووداوەدا بکرێـت، بـەڵام بـۆ مەسـەلەی دوو دینارەکـە فەرمـوو ئـەوە ١٠ دینـار دەدەم، تەنیـا لەسـەر ئـەم (رایـە) و لەسـەر ئـەم بۆچوونـە کـە پێـش سـەعاتێك لەگـەڵ کاکـە دەبابـە لەسـەری رێککەوتوویـن ئـەو برادەرانـەی کـە بـۆ ئیمزاکردنـی (برقیـە) کـە هاتبـوون، بڵاویـان کردبـووە گوایـە (عەونـی) شـیوعییە، تارادەیـەك ئـەم شـیوعیبوونە لای هەنـدێ وەرگیـرا، بـەڵام (عەونـی) یـەك هـەر لـە سـەرەتای لاویەتییـەوە خـەون و (غەزەلـی) بـە کـورد و کوردسـتانەوە دیتـووە و پێیـدا هەڵگوتـووە، چـۆن بـە قودرەتـی قـادر پـاش ئـەو هەمـوو بـەزم و رەزمـەی کـە لـە نێـوان کەشـکۆڵەکەی مامۆسـتا تاهیـر حەوێـزی کـە سـەدایەکی بـاس نەکـراوە لـە حەپـس، لـە هەڵاتـن، لـە خۆشـاردنەوە، دەربـەدەری، ئەندامیەتـی لـە دارەکـەر، هیـوا، رزگاری، ئەندامـی یەکـەم لیژنـەی ناوچـەی کۆیـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، هیچـی (شـەفاعەتی) بـۆ نەکـرد کـە

قـەت پێویسـتی بـە (شـەفاعەت) نەبـووە، بـە قودرەتـی قـادر لەسـەر یـەك (ڕا) ببێتـە شـیوعی!

مـن لێـرەدا لۆمـەی ئـەو برادەرانـەش ناکـەم، چونکـە ئەوانیـش خەڵکـی ئـەم وڵاتـە و ئـەم بارودۆخـە سیاسـییەن کـە لـە سـەردەمی سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی بیسـتەمدا لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان جـۆرە هەڵسـەنگاندنێکی نابابەتیانـە چەکـەرەی کـردووە و بەهۆیـەوە زۆر جـار (بابەتـەکان، کەسـایەتییەکان، ڕووداوەکان) وەکـو خـۆی لـە ئاکامـی ئـەم نەخۆشـییەی کـە تووشـی کۆمەڵگـەی ڕۆژهـەڵات بـووە، بـە گشـتی وەکـو خۆیـان ناخوێندرێنـەوە، بێگومـان ئـەم دیاردەیـەش کۆمەڵگـە تووشـی حاڵەتێکـی نادروسـت دەکات.

خاڵـی کۆتاییـم دەمەوێـت جەخـت لەسـەر بابەتێـك بکەمـەوە کـە لێـرەدا ورووژێندرایـە، ئەویـش مەسـەلەی شـیوعیەت و شـیوعیبوونە، مـن کـە لێـرەدا بـە هەمـوو شـێوەیەك (شـیوعی)بوونی ڕەت دەکەمـەوە، بـەو مانایـە نایـە کـە خوانەخواسـتە (شـیوعی و شـیوعییەت) بیروبـاوەڕی فەلسـەفەیەکی زیانبەخشـە، نەخێـر و سـەدجار نەخێـر، شـیوعییەت کـە لـە ئاکامـی بیـری مارکسـییەتدا سـەرچاوە دەگرێـت، یەکێکـە لـە فەلسـەفە هـەرە پێشـکەوتووەکانی ئـەم دونیایـە و وەرچەرخانێکـی گـەورەی لـە بیـری مـرۆڤ و مرۆڤایەتیـدا ڕاگەیانـد، شـیوعییەکانیش ئەوجـا لـە هـەر شـوێنێکدا بـن لـە پێشـەوەی ئـەو خەڵکانـەن کـە لـە پێنـاوی (نیشـتمانێکی ئـازاد و میللەتێکـی بەختیـار)دا تێدەکۆشـن، سـەرەڕای هەنـدێ بۆچـوون و هەڵـەی

جۆراوجـۆر لـە هەنـدێ قۆناغـی جیاجیـادا لـە مێـژووی عێـراق و کوردسـتان، ئاشکراشـە وەکـو (عەونـی) دەڵـێ: تـا ئـەو رۆژەش ١٩٥٨/٧/١٤ پەیوەنـدی بـە پارتییـەوە هەبـووە، ئەوجـا پەیوەندییەکـە (رۆحـی) بێـت یاخـود پەیوەنـدی رێکخسـتن کـە هـەر دووکیـان خـۆی لـە یـەك مەبەسـتدا دەبینێتـەوە.

# کەشکۆڵ (ل ٣٢)
# گێڕانەوەی رۆژی ١٩٩٠/٣/٢٥

دەق:

**ساڵی ١٩٣٥ (سەیدا حوسێن حوزنی موکریانی[١]) هاتە کۆیە و میوانیشم بووە.**

---

## پەراوێز:

١- (حوسێن حوزنی موکریانی ١٨٩٠-١٩٤٧/٩/٢٠

خوالێخۆشبوو (حوزنی موکریانی ساڵی ١٨٩٠ لە مەهاباد لەدایکبووە و هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و باوکیشی لە ماڵەوە (زەمبیلفرۆش)ی بە زمانی کوردی و (سمایلنامەی) بە زمانی فارسی پێگوتووە، ساڵی ١٩٠٣ بۆ بەردەوامبوون لە خوێندندا مەهابادی بەجێهێشتووە و بەرەو مەراغە و تەورێز رۆیشتووە، ساڵی ١٩٠٤ ماوەیەك لە مەریوان ماوەتەوە و هەر لەوێدا بووەتە مامۆستای کوڕەکانی (شەمسەدینوف) و حاجی یوسف بەگ و وانەی زمانی کوردی پێگوتوونەتەوە و ساڵی ١٩٠٧ رووی لە رووسیا کرد و لەوێ خوێندوویەتی

و بـه (مۆر)چییەتـی بـه تیپـی فارسـی و لاتینـی و خۆشنووسـی خـۆی بەخێـو کـردووە، سـاڵی ١٩٠٨ چووەتـە ئیسـتانبوڵ و لەوێـش خوێندوویەتـی. شـەرەفنامەی شـەرەفخانی بەدلیسـی و مـەم و زینـی ئەحمـەدی خانـی بەرچاوکەوتـووە و سـاڵی ١٩١٤یـش لـە ئەڵمانیـا ئامێرێکـی چاپـی مارکـەی دیامۆنـدی کڕیـوە و سـاڵی ١٩١٥ دا لـە حەلـەب دایمەزرانـدووە، سـاڵی ١٩٢٥ حوزنـی لەگـەڵ گیـوی موکریانـی برایـدا، سـووریایان بەجێهێشـتووە و روویـان لـە عێـراق کـردووە و لەگـەڵ (محەمـەد ئەمیـن یومنـی) کارگـەی هەڵکۆڵیـن و زنگرافـی دامەزرانـدووە، سـاڵی ١٩٢٦ لـە رواندز جێگیـر بـووە و ئامێـری چاپـی لـەو شـارەدا بەنێـوی (زاری کرمانجـی) دامەزرانـدووە و ٢٤ ژمـارەی لەنێـوان سـاڵانی ١٩٢٦-١٩٣٢ لـێ چـاپ کـردووە. لـە سـاڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨- ١٩٤٤ لەسـەر هەڵوێسـتی دڵسـۆزانەی بـۆ کـورد و کوردسـتان دووچـاری دەیـان کێشـە بووەتـەوە و زیندانیـش کـراوە، لـە حوزەیرانـی ١٩٣٥ پـڕۆژەی دەرهێنانـی گۆڤارێـك لەگـەڵ (پارێـزەر شـیت مسـتەفا) دادەنـێ و لـە ١٩٤٣/١٠/٢٣ دەچێتـە باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا و پێـی رادەگەیەنـن کـە نووسـینگەیەك بـۆ گۆڤـاری (دەنگـی گێتـی تـازە) دابمەزرێنێـت.

سـەرچاوەی زانیارییـەکان: لـە کتێبـی (سـەرجەمی بەرهەمـی (حوسـێن حوزنـی) بەرگـەی یەکـەم، چاپـی یەکـەم هەولێـر ٢٠٠٧ دەزگای ئـاراس بـە سەرپەرشـتی د. کوردسـتان موکریانـی وەرگیـراوە.

## روونکردنەوە

کاتێـك (عەونـی) بـاس لـە میوانداریيەتـی بەهەشـتی (حوسـێن حوزنـی موکریانـی) دەکات، کـە لـە سـاڵی ١٩٣٥دا سـەردانی کۆیـەی کـردووە و لـەو سەردەمەشـدا (عەونـی) لـە هەرەتـی لاویەتـی و هـەوادار و عاشـقی سـۆزی کوردایەتـی بـووە، سـەرەڕای سـەرەتایی لـە (شـیعر) دانـان (حوزنـی) بەهەشـتیش ئـەو سـەردەمە بەهـۆی (شـوهرەتی) کوردانـە و گۆڤـاری (زاری کرمانجـی) و گۆڤـاری (روناکـی) لـەو سـەردەمەدا جێگـەی بایەخـی (مونـەوەران و نیشـتمانپەروەران) بـووە، (عەونی)یـش ئـارەزوودار بـە شـیعر و بیـری کوردایەتـی، هەمیشـە ئامـادە بـاش بـووە لـە پێشـوازیکردنی کەڵەپیاوانـی کـوردی و وەکـو نموونـەی (حوسـێن حوزنـی) پاشـووتریش وەکـو لەنێـو لاپەڕەکانـی ئـەم کتێبـە دەردەکەوێـت کـە هەمیشـە لـە ریـزی پێشـەوەی پێشـوازیکارانی رۆژی خـۆی بـووە کـە تێیـدا وەکـو دەردەکەوێـت (شیعر)یشـی بـەم بۆنـە (کوردانـە) خوێندووەتـەوە.

عەونـی، لـە چلەکانیشـەوە دۆسـتایەتی لەگـەڵ بەهەشـتی (گیـوی موکریانـی) خاوەنـی چاپخانـەی (کوردسـتان) و گۆڤـاری (هەتـاو) و دەیـان نامیلکـە و دیوانـی شـاعیرانی کـورد هەبـووە کـە لـەو چاپخانەیـەدا چـاپ کـراون و هـەر کاتێکیـش سـەردانی هەولێریشـی کردبێـت، (مـام گێـو و چاپخانـەی کوردسـتان)ی بـە فـەرز زانیـوە.

کاتێـك (خوالێخۆشـبوو حوسـێن حوزنـی موکریانـی) کار و "گیـان" بـە گۆڤـاری (دەنگـی گێتـی تـازە)دا دەکات، لەنێـوان سـاڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧)

دا عەونــی شــاعیر لــە ژمــارە ٨ی ســاڵی ســێیەمی لــە رۆژی ١٢/٢٤/ ١٩٤٥ شـیعرێك لـە ژێـر نـاوی (سـکاڵای کچێـك) کـە پاشـان بـوو بـە (وتـم ئـەی کـچ) بڵاوکردووەتـەوە و پاشـان هونەرمەنـدی گـەورە، خوالێخۆشـبوو (تاهیـر تۆفیـق) بـە دەنگـە رەسـەنەکەی چڕیویەتـی. دەقـی شـیعرەکەش ئەمەیـە:

**گوتـم ئـەی کـچ**
**گوتـم ئـەی کـچ لـە گەشـتی**
**شارسـتانی یـان دەشـتی**
**وا جـوان و پـاك رەوشـتی**
**مەسـیحی یـان زەردەشـتی؟**
**ئـەو کچـە کـوردە نـازدارە**
**رەنـگ زەرد و لێـو بەبـارە**
**بەرگـی رەشـی پۆشـیوە**
**وا مەلـوول و غەمبـارە**
**ئـەو کچـە کـوردەی وا نـازدار**
**کـە مـن لێـم ئەکـرد پرسـیار**
**دەسـتی کـرد بـە گرینـێ**
**فرمێسـکی دەهاتنـە خـوار**
**گوتـم ئـەی کـچ تـۆ و یـەزدان**
**بـۆ دەسـتت کـرد بـە گریـان؟**
**کـە مـن وا تـۆ دەبینـم**

جەرگم دەبێتە بریان!
گوتی ئەی برای کوردی من
گەر بزانی دەردی من
هیچ جارێ تر ناپرسی
مەلوولی و ڕەنگ زەردی من
کیژێکم لێم قەوماوە
خزم و برام کوژراوە
هانام هێناوەتە بەرتان
نازانم کێتان پیاوە؟
ئەو گەورانەی ناسراون
دەڵێن کورد زۆر پیاون
هەموو میللەت فرۆشن
جاهیل و ناتەواون!!
پەنام بردە بەر گشتیان
لە وردیان تا درشتیان
هەموو لێم ڕوو گرژ بوون
تفو لە چارەی ڕەشیان!
تفو لە چارەیان بێ
لە موڵك و پارەیان بێ
ئەو ڕۆژە شەرمەزار بن

**رۆژی ژمارەیـــان بــێ**
**حەیفــم لــە کــوردەواری**
**بــۆ لاوانــی و هۆشــیاری**
**خۆڕایــی رەنجــەڕۆ بــن**
**زۆرن تێکــدەدرێ کاری**

**تێبینــی نووســەر:** لـە بەرگـی دووەمـی (سـەرجەمی بەرهەمـی حوسـێن حوزنـی لەنێـوان لاپەڕەکانـی (٥٨٩-٦٠٠) بابەتێکـی حوزنـی بڵاوکراوەتـەوە لەژێـر نـاوی (شـاری کۆیـە لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٣٥)دا لـە ئامادەکردنـی (د. کوردسـتان موکریانـی) و تێیـدا بـە دوورودرێـژی بـاس لـە جوگرافیـا و هەڵکەوتـەی کۆیـە و مزگـەوت و تەکیـە و رەز و بـاخ و خانـوو و جلوبەرگـی پیـاو و ژنانـی کۆیـە دەکات، لـە پەرەگرافێکـدا دەڵـێ: (ئەهالـی کۆیـە زۆر میـوان پەزیـر و بەنـان و خوانـن) لـەو سـەفەرەی وەکـو دەڵـێ لـە ماڵـی قائیمقامـی کۆیـە (محەمـەد رامـز بـەگ کـوڕی عەبدوڵـڵا سـافی بـەگ یەعقووبـی میـوان) بـووە و چـاوی بـە مـەلا مسـتەفای عاسـی کەوتـووە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٢)
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٢٥

دەق:

**عەونی گوتی: ساڵێکی کاک (ڕەشید عارف[١]) لە بەغدا دەعوەتێکی گەورەی کرد، زۆر کوردی بۆ ئەو دەعوەتە بانگ کردبوو، لە کۆیەش (ئەمن و کاکە زیاد[٢]) لەگەڵ بووین، کاك ڕەشید گوتی: ئێستا ئێوە نوێنەری هەموو کوردی عێراقن، ئەمن ڕاسپاردراوەم ئەگەر ئەمەریکا حکوومەتێکی کوردی دابنێ، ئێوە ڕاتان لێ هەیە؟ ئەمن و کاکە زیاد گوتمان: تەئید دەکەین، بەڵام ئەوانی دی گوتیان: هەر حکوومەتێکی کوردی کە ئەمەریکا دایبمەزرێنێ نامانەوێ.**

## پەراوێز:

١- رەشید عارف ١٩٠٤-١٩٨١

خوالێخۆشبوو رەشید عارف مەحموود (سەقا) ساڵی ١٩٠٤ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و نازناوی (سەقا)ش دەگەڕێتەوە کە عارف مەحموود لە سوپای عوسمانی عەسکەر و پیشەی (سەقایی)بووە، واتە ئاوگێڕ، ئەو کەسەی ئاو لەسەر یەکەکانی سەربازی دابەش دەکات، لە بنچینەوە خێزانەکەیان لە کەرکووکەوە هاتوونەتە کۆیە، پاش کشانەوەی سوپای عوسمانیش لە کوردستان و هاتنی سوپای ئینگلیز بۆ شاری کەرکووك لە ١٩١٨ لە باوکەوە عارف سەقا سەر بە عەشیرەتی زەنگەنە بوو و خەڵکی ناوچەی قادر کەرەم، خێزانەکەشی ناوی (حەلاوەخان) بوو، لە عەشیرەتی جەباری، رەشید برایەکی هەبوو بە ناوی نووری (١٩٠٢-١٩٩٠)، خوشکێکیشی بە ناوی لەعلی (١٩١٥-١٩٨١) ساڵی ١٩٢٠ پاش ئەوەی قوتابخانەی (ئولای کوڕان) لە شاری کۆیە دەکرێتەوە، یەکسەر سەرجەم خوازیارانی زانست و زانین، لە فەقێ و شاگردەکانی (سوختەخانەکانی) کۆیە، دەچنە قوتابخانە حکومیەکە، جا لەبەر ئەوە خوالێخۆشبوو (رەشید عارف) قۆناغێکی باشی بڕی بوو لە خوێندن، بۆیە لە ساڵی خوێندنی (١٩٢٢-١٩٢٣) خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکات، لەو ساڵەی خوێندن تەنها دوو کەس لە قۆناغی سەرەتایی دەرچوون، ئەوانیش (رەشید عارف و ساڵح تەیب ئەفەندی) بوون،

هاوپۆڵەکانی لە قۆناغی شەشی سەرەتایی کە لەگەڵ ئەودا ژیاون، ئەو بەڕێزانەن: (نەجیب تاهیر چەڵەبی، جەمال وەهاب ئەفەندی، مەلا عیزەت سەعید، سەلیم ئاغا حەمە، زەکی ئەحمەد هەناری، هادی تۆفیق ئاغا، جەلال حاجی سالح.. تاد)، دوای قۆناغی سەرەتایی دەچێتە شاری بەغدا و لە (المدررسة الهندسة التطبيقيه العاليه) کە تێیدا سێ ساڵی بووە، ساڵی ١٩٢٦ خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە ئەندازیار (لەو کاتەدا زانکۆ و کۆلێژ نەکرابوونەوە و نەبووە،) یەکسەر دەرچووەکان بە ئەندازیار دەرچوون، لەو کاتەوە ئەو زاتە گەورە و میهرەبانە خەریکی ئیشکردن و خۆپێکەوەنان و پێگەیاندن بووە، وەکو ئەندازیار و بەڵێندەر، هەروەها لە سالآنی سەرەتایی پەنجاکانیش پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانێکی (عەرەب) بە ناوی (خاتوو وەفیە) کردووە، بەلآم منداڵیان نەبووە، مرۆڤێکی خێرخواز بووە و لە مەیدانی نیتشمانپەروەری و کوردایەتیدا رۆڵی دیاری هەیە، سەرەڕای هەڵوێستی مەردانەی بەرانبەر شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بە تایبەتی کاتێك (بارزانیی نەمر) لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨دا دەگەڕێتەوە شاری بەغدا. لە رووداوێکی ناخۆشدا کە ئەویش بەربوونەوەیەتی لە (مصعد) کاتێك بەڵێندەری دروستکردنی (المصرف الزراعی) دەبێت و دەکەوێتە خوارەوە و قاچی راستی دەشکێ.

لە رۆژی دانانی پەیکەری حاجی قادری کۆیی لە رێککەوتی ١٩٧٣/١١/٢٨ هاتە کۆیە و بەشداری مەراسیمەکە بوو.

خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٦٦ سـاڵیدا و لـە مانگـی تەممـوزی سـاڵی ١٩٨١ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕسـتانی (الغزالیـە) نێـژراوە.

سـەرچاوە: مافپـەروەر، ئـاراس عەبدولخالـق- گۆڤـاری کەکـۆن ژمـارە ٤٧ سـاڵی ٢٠١٧

٢- کاکە زیاد لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٧٣ (بەنـدە- نووسـەر) لەگـەڵ (عەونـی) باوکـم کـە بەسـەردان هاتبـووە بەغـدا، ئەوکاتـە منیـش (بەڕێوەبـەری ڕۆژنامـەی (التاخی-برایەتـی) بـووم لـە بەغـدا باوکـم حـەزی دەکـرد سـەردانی خوالێخۆشـبوو (ڕەشـید عـارف) بـکات بـە مەبەسـتی ئاگادارکردنـی لـە کار و چالاکییەکانـی (لیژنـەی ئاهەنگـی دانانـی پەیکـەری حاجـی قـادری کۆیـی) کـە تێیـدا کاك (ڕەشـید عارف)یـش پەرۆشـی دروسـتکردنی پەیکەرەکـە و دانانـی بـوو لـە کۆیـەدا، کاتێـك لەگـەڵ باوکمـدا چووینـە (ئوفیسـە)کەی کـە لـە ناوچـەی (الصالحیـە) بـوو، لـەو کاتـەدا (جـەلال عومـەر دووسـەر)

لای کاری دەکرد، پاش ماوەیەك لە بیر و راگۆڕینەوە دەربارەی حاجی قادر و پەیکەرەکەی کە جێگەی خۆشحاڵی ئەو دوو زاتە بوو، وەکوو دەڵێن قسە قسەی راکێشا و کاك رەشید کەوتە گلەیی لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەنجاکانی سەدەی رابوردوو کە چۆن کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپ و مارکسییەت و سۆڤیەت و بە ئاشکرا دوژمنایەتی سیاسەتی (ئەمەریکا)یان دەکرد و وایاندەزانی کە سۆڤیەت مافی کوردیان بۆ دەستەبەر دەکات.

لە درێژەی قسەکانیدا کاك رەشید عارف، گوتی: کاك عەونی لەبیرتە کە کاکە زیاد و جەنابت لە کۆیە و چەندین کەسایەتی کورد چ لە بەغدا و چ لە شارەکانی کوردستان داوەتی بەغدام کردبوون لە ئوتێل (.......) بەرچاوروونیتان بەرانبەر ئەو پرۆژەیەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەی پڕۆژەی (النقطە الرابعە) شتێك بۆ کورد بکات، لە ئاکامی شەڕی ساردی لەگەڵ سۆڤیەت و هاوپەیمانانی، لەوانەبوو ئەگەر ئێمەی کورد رازیبایین ئەمەریکا جۆرە کیانێکی بۆ کورد دادەمەزراند، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی پارتی لەو کاتەدا کەوتبووە بەر هەڵلای چەپ و سۆڤیەت و ئەم فورسەتەمان لەکیس دا. ئەگەر بچووباینە ژێر ئەو رەشماڵەی ئەمەریکا حاڵمان نەدەگەیشتە ئێستا، بە هەرحاڵ کاك عەونی چۆنی تێدەگەیت، حکوومەتی بەعس رێککەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ تا سەر بە ئەنجام دەگەیەنێت؟

(عەونی) باوکیشم لە وەڵامدا گوتی: کاك رەشید من هەمیشە لەگەڵ ئەو سیاسەتە بووم کێ خێری کوردی بوێ لەگەڵ ئەودام، بەڵام منیش کە لەناو رێکخستنەکانی پارتیدا بووم لە پاش رووخانی کۆماری مەهاباد کە چۆن دەستخەڕۆی کوردی کرد، ڕام بەرانبەر سۆڤیەت گۆڕا، لەسەر ئەو ڕایەشم کەتمە خیلاف لەگەڵ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو سەردەمە، بۆیە ئەوکاتەی کاکە زیاد و من بە پیر داوەتنامەکەی جەنابتەوە هاتین، من و کاکە زیاد و چەند برادەرێکی دیکە کە ئێمە ئەقلییەت بووین لەگەڵ ئەو رایە و ئەو بۆچوونە بووین کەوا ئەو هاتنەپێشەی ئەمەریکا بە هەند وەربگرین و رەزامەندیمان راستەوخۆ دەربڕی بەوەی (کێ مافی کورد مسۆگەر بکات ئەوە دۆست و یاری ئێمەیە)، بەڵام کاك رەشید کاتێك دواتر بیرمان لە مەسەلەکە کردەوە، بە ئاشکرا و راستەوخۆ شتێکی بەڵگەدار و مەلموسی تێدا نەبوو، کاك رەشید لە وەڵامدا گوتی: کاك عەونی ئەمەریکا لە قۆناغی تاقیکردنەوە دابوو بزانێ کورد چی دەڵێت و چۆنیش رەفتار دەکات، چونکە ئەوکاتە کورد لەسەر سۆڤیەت حیساب بوو، ئەمەریکا نایەت هەموو پرۆگرام و سیاسەتی خۆی بۆ تۆ هەڵبڕێژێت، بە هەرحاڵ ئێمە وەکو پێویست (عاقڵ) نەبووین، ئەوەتە کاکی خۆم ئێوە سەرقاڵی ئاهەنگی دانانی پەیکەری (حاجی قادری کۆیی)ین، باشە حاجی سەد رەحمەت لە قەبری بە کوردی و راشکاوانە لە یەکێك لە قەسیدەکانی نەیگوتووە:

گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن

بێگانــە چاکــە دوشــمن نــەك دوشــمنێ لەخۆتــان

**تێبینی (النقطه الرابعه) چییه سەرچاوە گوگڵ؟**

پــاش ئــەوەی ســەرۆکی ئەمەریــکا (ترۆمــان) ١٨٨٤/٥/٨-١٩٧٢/١٢/٢٦ ســەرۆکی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا بــۆ جــارێ دووەم هەڵبژێردرایــەوە لــە وتــاری ڕۆژی ١٩٤٩/١/٢٠ باســی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکای کــرد کــە خــۆی لــە چــوار خاڵــدا چــڕ دەکــردەوە، بــە مەبەســتی بەرەوپێشــبردنی ڕۆڵــی ئەمەریــکا لــە سەرتاســەری جیهانــدا و ڕووبەڕووبوونــەوەی سیاســەتی یەکێتیــی ســۆڤیەت.

خاڵــی یەکــەم لــە بەرنامــەی ســەرۆك ترۆمــان بریتــی بــوو لــە (بەردوامبوونــی لــە پاڵپشــتی دەســتەی نەتــەوە یەکگرتــووەکان (هیئـه الامـم المتحــده) و هەڵکشــانی کاریگەریەتــی لــە سیاســەتی جیهانیــدا. (خاڵــی دووەمــی بەرنامەکــە خــۆی لــە بەردەوامبــوون لــە بەرنامــەی چاککردنــی ئابووریــی جیهــان لــە ڕێگــەی هــاوکاری لــە ئابووریــی ئەوروپــا و نەهێشــتنی ئــەو هۆکارانــەی دەبنــە گەشــەنەکردنی بازرگانــی جیهانــی، بــەڵام خاڵــی ســێیەمدا خــۆی لــە چڕکردنــەوەی پاڵپشــتی ئەمەریــکا بــۆ ئازادیــی گــەلان و پاراســتنیان لــە مەترســی هێرشــی دوژمنکارانــە و پێشکەشــکردنی ڕاوێــژ و کەلوپەلــی ســەربازی. خاڵــی چوارەمیــش لــە بەرنامەکــەی ســەرۆك ترومانــدا، کــە گرنگــتر و کاریگەرتریانــە لــە سیاســەتی دەرەوە، بریتییــە لــە بیــروڕا و ڕێگــەی تــازە بــە مەبەســتی زیادکردنــی ڕۆڵــی ئەمەریــکا و هاوکاریــان

بـــۆ وڵاتانـــی جیاجیـــا لـــە رێگـــەی بەرنامـــەی هـــاوکاری تەندروســـتی و خواردەمەنـی و پـرۆژەی بووژانـەوەی ژێرخانـی ئـەم وڵاتانـە وەکـو پـرۆژەی ئـاو و رێگاوبـان و شـتی تـر، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەمەریـکا هەڵسـتا بـە کردنـەوەی ئۆفیسـێك لەژێـر نـاوی خاڵـی چـوارەم، (النقطـە الرابعـە) بـوو وڵاتانـی تازەپێگەیشـتوو لـە کیشـوەری ئاسـیا و ئەفریقیـا و ئەمەریـکای لاتینـی، ئـەم پڕۆژەیـەی سـەرۆك ترۆمـان لەلایـەن (کۆنگرێیسـی ئەمەریـکاوە لـە ١٩٥٠/٦/٥) پەسـەند کـرا و ٢٥ ملیـۆن دۆلاریشـی لـە بودجـەی سـاڵی ١٩٥٠ بـۆ تەرخـان کـرا.

ونســتۆن چرچیــل ســەرۆکوەزیرانی بەریتانیــا دەربــارەی (ترۆمــان) گوتوویەتـی: ترۆمـان سـەرکردەیەکی گەورەیـە کـە توانـی پارێـزگاری لـە شارســتانیەتی رۆژئــاوا بــکات لــە رێگــەی سیاســەتی دەرەوەی کــە تێیــدا بەرنامــەی خاڵــی چــوارەم (النقطــة الرابعــە) لەخۆگرتــووە.

هاری ترومان (٣٣یەمین سەرۆکی ئەمەریکا (١٨٨٤/٥/٨-١٩٧٢/١٢/٢٨

ســەرچاوە: لــە گــوگڵ (دەربــارەی خاڵــی چــوارەم - النقطــة الرابعــة) وەرگیــراوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٢) گێڕانەوەی.... ١٩٩٠/٣/٢١

دەق:

عەونی گوتی: باپیرانی ئێمە لە تورکیاوە دەربەدەر دەبن و دەچنە (باڵەکایەتی[1]) چۆڵ دەبێ لەوێ دەمێننەوە، دوایی پاشماوەیەك چەند برایەك لەوێ دوژمنایەتیان لێ دەقەومێ و باردەکەن، (یەکێکیان) دەکەوێتە گوندێکی لای (رواندز) یەکێکیشیان دەچێتە (سەردەشت) هەتا ئەو دەماییەش نەوەیان مابوو. (مەجید ئەحمەد ئاسنگەر[2]) لە ساڵی (١٩٧٤) لەوێ (لەسەردەشت) چوو بۆ لایان، سێ براش دێنە کۆیە، خزمێکی ناوچەی باڵەکاتیمان هەتا ئەو دواییەش کە بابم مابوو (گوێز و هەرمێی لۆ دەهێنایەن و دەیگوت (ئەوە بەشی خۆتانە).

## پەراوێز:

١- باڵەکایەتـی، ناوچەیەکـی فراوانـە و دەکەوێتـە سـەر سـنووری ئێـران لەگـەڵ (خانێ"پیرانشـار" – شـنۆ) هاوسـنوورن. لـە باکـوورەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ ناوچـەی برادۆسـت (سـێ سـنوورە) لـە رۆژئـاوا و باشـوور سـنووری هاوبەشـی هەیـە لەگـەڵ (قـەزای سـۆران) و روانـدز لـە رۆژهەڵاتیشـەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ (قـەزای قـەڵادزێ) و دەکەوێتـە سـەر رێگـەی (هاملتـۆن) پێکهاتـووە لـە یـەك قـەزا کـە (چۆمـان)ە، لەگـەڵ چـوار ناحیـە، ئەوانیـش بریتیـن لـە (حاجـی ئۆمـەران، گەڵاڵـە، قـەسری و سـمێلان) لەگـەڵ ١١٦ گونـد، ناوچەیەکـی گەشـتیاری کشـتوکاڵییە و لـە سـەدەکانی ١٩،١٨،١٧ و سـەرەتا و ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم، چەندیـن مەدرەسـەی بەناوبانـگ و کاریگـەری تێـدا هەبـووە کـە خەڵکیـان تێیـدا فێـری خوێنـدەواری کـراوە و شـەریعەتی ئیسـلامی و شـیعر و ئەدەبیاتیـان تێـدا خوێنـدراوە و پـەرەی پێـدراوە، بریتـی بـوون لـە مەدرەسـەکانی (کەونەخانـان، شـێخ وتمـان، روسـتێ، وەردێ، دارالسـلام، ناوەنـد، خۆشـکان، گرتـك، خـەلان، رایـات) شـێوازی قسـەکردن لـە باڵەکایەتـی شـێوازی (موکریان)یـە، شـاخە بەناوبانگەکانـی بریتیـن لـە (هەڵگـورد، قەندیـل، حەسـاری سـەکران، چیخـی دەرێ، گردمەندیـل و گردەمەنـد، مامـەڕووت، حەسـارێ رۆسـتێ، کـۆدۆ) سـەرەڕای چەندیـن (گـۆم)ی بەناوبانـگ، وەك (گۆمـی بیکودیـان، فیـلاوی، کرمـە سـۆران، چـل دار، هیشـك) لەگـەڵ چەندیـن ئەشـکەوتی گـەورەی

وەكـو (ئەشـكەوتی زێڕیـن خـان لـە بنـاری هەڵگـورد) سـەرچاوەی ئـاوی سـازگاری زۆری هەیـە و لـە ژمـارە نایـەن، بەناوبانگترینیـان ئـاوی (شـێخی باڵەكـە) و رووبارێـك قـەزای سـۆران دوو لـەت دەكات و دەڕواتـە نـاو ئـاوی گەلـی (عەلـی بـەگ)ەوە. ناوچـەی باڵەكایەتـی بـەوە بەناوبانگـە كـە لـە چـوار وەرزەی سـاڵدا، بەفـر لـە شـاخەكانیدا دەمێنێتـەوە و سرووشـتێكی جوانـی هەیـە.

سەرچاوە: (لە لایەن د. ئاری ئەحمەد) ئامادە كراوە و بۆی ناردووم.

٢- مەجید ئاسنگەر ١٩٣٢-٢٠١٢

نـاوی تـەواوی مەجیـد ئەحمـەد ئەمیـن، نـاسراو بـە (مەجیـد ئاسـنگەر)، سـاڵی ١٩٣٢ لـە گەڕەكـی بەفریقەنـدی شـاری كۆیـە لەدایكبـووە و خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی سـاڵی ١٩٤٨ لـە كۆیـە تـەواو كـردووە، سـاڵێك لەبـەر كاری حیزبـی لـە پارتـی دیموكراتـی كوردسـتاندا نەیخوێنـدووە تـا لـە پاییـزی سـاڵی ١٩٥١ چووەتـە بەغـدا و لـە خانـەی بـاڵای مامۆسـتایان (دار المعلمیـن العالـی) كـە ئێسـتا كۆلیـژی پەروەردەیـە، وەرگیـراوە، لـە بەشـی زمانـی ئینگلیـزی خوێندوویەتـی. هەمـوو سـاڵێك بـە زیرەكـی دەرچـووە، تاكـو لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٥٥دا خوێندنـی تـەواو كـردووە و بڕوانامـەی بەكالۆریۆسـی وەرگرتـووە و پاییـزی ئەمسـاڵە (١٩٥٥) بـە مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی لـە دواناوەنـدی هەولێـر دامـەزراوە و نموونـەی مامۆسـتای پـەروەردەكار و زانـا بـووە.

دەربــارەی کاری سیاســی ئاســنگەر لــە ســاڵی ١٩٤٨ چووەتــە ریــزی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و لــە پەنجــاکان و شەســتەکانی ســەدەی رابــوردوو رۆڵێکــی دیــاری بــووە لــە چالاکــی ناوەنــدی لــە ریزەکانــی پارتیــدا و لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨ بووەتــە بەرپرســی رێکخســتنی شــاری هەولێــر لــە پارتیــدا. لــە پاییــزی ســاڵی ١٩٦٠ پــاش پەشــیمانبوونەوەی (عەبدولکەریــم قاســم) لــە بەڵێنەکانــی لــە بەرانبــەر بــە کــورددا، وردە وردە دەکەونــە راونــان و گرتنــی ئەندامــە چالاکەکانــی پارتــی و مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەریش بــە فەرمانــی حاکمــی گشــتیی ســەربازی دەســتگیر کــرا و رەوانــەی گرتووخانــەی (بــەسرە) کــرا تــا لــە دەرفەتێکــدا خوالێخۆشــبوو مامۆســتا (مەســعود محەمــەدی جەلیــزادە) لــە دیدەنییەکــی لەگــەڵ (عەبدولکەریــم قاســم)دا تــکای ئازادکردنــی مامۆســتا مەجیــدی لــێ کــردووە و ئەویــش فەرمانــی ئازادکردنــی دا و گەڕایــەوە هەولێــر، پاشــان بــۆ قــەزای (صویــرە) دوورخرایــەوە، تاکــو ســاڵی ١٩٦٤ و رێــی پێــدرا بگەڕێتــەوە هەولێــر و کــرا بــە بەڕێوەبــەری خانــەی مامۆســتایان.

مامۆســتا ئاســنگەر ســەرەڕای کاری پارتایەتــی، شــاعیر و نووســەر و وەرگێــڕ بــوو، چەندیــن شــیعری نیشــتمانی هــەن، لەگــەڵ چەندیــن بەرهەمــی چاپکــراوی لــەو بوارانــەدا کــە کــۆی دەگاتــە شــەش بەرهــەم و دوازدە بەرهەمــی چــاپ نەکــراوی هەیــە. ســاڵی ١٩٧٤ لەگــەڵ دەســتپێکردنەوەی شــەڕدا پەیوەنــدی بــە شۆڕشــەوە کــرد و ســاڵی ١٩٦٤ ژیانــی هاوســەرگیری لەگــەڵ خاتــوو (پەرژیــن)ی کچــە گــەورەی (عەونــی)ی شــاعیردا کــردووە و

دوو کــورڕ و (د. بۆتــان و د. جۆشــان و کچێکــی دکتــۆرە رۆژان) هەیــە.

خوالێخۆشــبوو لــە تەمەنــی ٨٠ ســاڵیدا و لــە رۆژی ٢٠١٢/٤/١٩ لــە شــاری هەولێــر کۆچــی دوایــی کــرد و لــە گۆڕســتانی کەســنەزان بــە خاکســپێردرا.

ســەرچاوە: پەیجــی مۆزەخانــە و ئەرشــیفی پــەروەردەی هەولێــر، ئامادەکردنــی: جۆشــان مەجیــد ئاســنگەر.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

وەکــو لــە دەقەکــەدا هاتــووە (عەونــی) بــاس لــە رەچەڵەکــی بنەماڵــەی خــۆی دەکات، ئەویــش لــە (باوکی)یــەوە گوێــی لــێ بــووە کــە باپیــرە و باوانــی ئــەو لــە باکــووری کردســتانەوە بــەرەو باشــوور هاتــوون و لــە ســەردەمی (عوســمانییەکان)دا وەك دەربەدەربوونێــك و لــە ناوچــەی (باڵەکایەتــی) کــە ناوچەیەکــی فراوانــی کشــتوکاڵی و پــڕ لــە بــاغ و دارســتان و رووبــار و کانیــاو و ســەرەڕای کێــوە بەرزەکانــی، لــەو ناوچــە ســاڵانێك ماونەتــەوە، پاشــان بــە هــۆکاری کێشــەی کۆمەڵایەتــی (برایــان) پەرتــەوازە دەبــن، یەکێــك بــۆ روانــدز یەکێکیــان بــۆ سەردەشــتی رۆژهەڵاتــی کوردســتان (خوالێخۆشــبوو مەجیــد ئاســنگەر کــە زاوای (عەونی)یــە ســاڵی

١٩٧٤ بـە مەبەسـتی پشـکنینی پـەروەردەی ئەمانەتـی گشـتیی شـۆڕش، سـەردانی قوتابیانـی کـوردی پەنابـەران دەکات لـە سەردەشـت، بەڕێکـەوت لـە میوانـداری ماڵێکـی سەردەشـتیدا بـاس لـە (کۆیـە) دەکرێـت، کاتێـك خـاوەن مـاڵ گوێـی لـە نـاوی کۆیـە دەبێـت، بـاس لـە خزمانـی خـۆی لـە کۆیـە دەکات، هـەر کـە مامۆسـتا مەجیـد لـە خـاوەن مـاڵ دەپرسـێ: ئـەو خزمانـەت کێـن لـە کۆیـە؟ خـاوەن مـاڵ لـە وەڵامـدا دەڵـێ: (بنەماڵـەی مـەلا حەبیبـی شـەمامی). مامۆسـتا مەجیدیـش دەڵـێ: (بەنـدە زاوای ئەوانـم). ئەوجـا خـاوەن مـاڵ کـە نـاوی (عەبدولڕەحـمان) دەبێـت، دەڵـێ: سـێ پشـت پێـش ئێسـتا ئێمـە هاتوونەتـە سەردەشـت، بـەڵام نـاوی (مـەلا حەبیبـی شـەمامی) کـوڕی مـەلا عەبدوڵـڵای لامـان پارزێـراوە، بەداخـەوە نسـکۆی شـۆڕش لـە ٦ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٥ مـاوەی نـەدام (نووسـەر) لەگـەڵ مامۆسـتا (مەجیـد) لـە بەرنامەمـان دابـوو سـەردانی سەردەشـت بکەیـن بـۆ دیـداری ئـەو (خزمانـە).

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٣)
# ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٩٠/٦/٤

دەق:

**عەونی گوتی: ئەمن لەگەڵ (ئەحمەدی حەمەی مەلا[١]) زووتر بووینە برادەر، ماڵمان لێك نزیك بوو، سبەینان زوو هەردووكمان لە مزگەوتی (پەلك[٢]) ی نزیك ماڵی ئێمە نوێژی (بەیانی)مان دەكرد، كە من دەمم لە شیعر دانان دا، وردە وردە بەدەركەوتم، بەهۆی ئەحمەدی حەمەی مەلاوە (عومەری مام عەوڵا[٣]) شم ناسی و بووینە برادەر.**

---

## پەراوێز

١- خوالێخۆشبوو ئەحمەدی حەمەی مەلا لە لاپەڕەكانی پێشوو باسی لێوە كراوە.

٢- مزگەوتی (پەلك) لە گەڕەكی بەفریقەندی هەڵكەوتووە و زۆر كۆنە وەختێك درەختی پەلكی لێ بووە، فەقێ جەردیس (ساڵی ١٢٧٤ هـ) تەعمیری كردووە. ژووری (حەڕەمی) گونبەتە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی

ئیـمام لەسـەری دانیشـتووە و لـە دوای وەفاتـی مـەلا محەمـەدی کـوڕی دانیشـتووە، لـە دوای وەفاتـی ئەویـش، (مـەلا تۆفیـق)ی کـوڕی دانیشـتووە.

ئـەم مزگەوتـە عیبارەتـە لـە (حەرەمـی) مزگـەوت و هەیوانێکـی زۆر خـۆش و حـەوش و حـەوزی ئـاوی هەیـە، سـێ حوجـرەی بـۆ فەقێیـان تێدایـە لەگـەڵ (حوجـرەی مودەڕیـس)

سـەرچاوە: مێـژووی کۆیـە، تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی بەرگـی دووەم- بەشـی یەکـەم.

٣- عومـەری مـام عـەوڵا (عومـەر عەبدوڵـڵا ئەمیـن) لـە لاپەڕەکانـی پێشـوو باسـی لێوەکـراوە.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

(عەونـی) لـە سـەرەتای لاویەتییـەوە حـەز و ئـارەزووی بـە تێکەڵبوونـی لەگـەڵ ئـەو کەسـانە بـووە کـە لـە زۆر شـتەوە لێـی نزیکبـوون، ئەمەشـیان خەسـڵەتی مرۆڤـە کـە هەمیشـە حـەز بـە دۆسـتایەتی و نزیکبوونـەوە بـەرەو ئـەو ئاقارەیـان دەبـات کـە خـۆی تێـدا دەبینێتـەوە، چ لـە بـواری کۆمەڵایەتـی و چ لـە بـواری سیاسـیدا، هەندێکیـان لـە شـاعیر و ئەدەبدۆسـتان بەداخـەوە لێـرەدا جێگـەی ئـەو هەمـوو کەسـایەتیانە نابێتـەوە باسـیان لێـوە بکرێـت کـە لـە قۆناغـە جیاجیاکانـی ژیانـی (عەونـی)دا (حزوریـان) هەبـووە و زۆربـەی زۆریشـیان وەکـو ئـەو چوونەتـە بـەر دلۆڤانـی یەزدانـی مـەزن، بـەڵام لێـرەدا (عەونـی) لـە گێڕانـەوەی ئـەم رۆژەدا بـاس لـە دوو دۆسـتی دێرینـی خـۆی دەکات کـە لـە پێشـەوە خوالێخۆشـبوو (ئەحمـەدی حەمـە مەلا)یـە، هـەر لـە سـەرەتای لاویەتییـەوە ناسـیویەتی و تاکـو دوارۆژانـی ژیانیـان برایەتییەکەیـان گەرموگـوڕ بـووە. دووەمیشـیان خوالێخۆشـبوو (عومـەر عەبدوڵـڵا ئەمیـن) کـە ئەویـش یەکێـك لـەو دۆسـتانەی (عەونـی) ی بـوو کـە دڵـداری شـاعیری خوالێخۆشـبوو لـە بیرەوەرییەکانیـدا بـاس لـەو (برادەرانـە) دەکات، رۆژانێـك (کوردایەتـی) ئامانـج و پەیـڕەو و کاری رۆژانەیـان بـوو.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ۳۳)
# رۆژی گێڕانەوەی ۱۹۸٦/۲/۱٥

دەق:

**عەونی گوتی: باوکم حاجی حەبیب لە ساڵی ۱۹۳۳ ئەمری خوای کرد. ماڵی (مامۆستا مەلا تۆفیق[۱]) ئیمامی ئیمام و مودەریسی مزگەوتی (پەلك) بوو کە جیران بووین، هەرسێ سبەینان سەماوەر و قورەیەیان دێنا ماڵی ئێمە و چایان لێدەنا و (ئەستوورکە بەرۆنیان[۲]) دەکرِی دەروجیران سێ رۆژەی تەعزیە نیوەڕۆ و ئێواران هەرچییەکی هەبا (سفرەیان) بۆ دێنانەوە ئەوکاتە (فائیق[۳]) کوری پێنج شەش ساڵێك لە من بچووکتر بوو.**

---

## پەراوێز:

۱- مەلا تۆفیق ئیمامی

خوالێخۆشبوو مەلا تۆفیق کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مامۆستا مەلا ئەحمەدی (ئیمام)ە، لە خزمەت حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی و مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی خوێندوویەتی و ئیجازەی لە حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلی وەرگرتووە.

سەرچاوە: مێژووی کۆیە- بەرگی دووەم- بەشی یەکەم تاهیر ئەحمەد حەوێزی.

تێبینی نووسەر: بەداخەوە لە هیچ سەرچاوەیەکدا مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم زاتەم دەستنەکەوت، بەڵام وەك (عەونی) باسی لێوە دەکاتماڵیان بەرانبەر مزگەوتی (پەلك) بووە، لەپێش ئەویشدا باوك و باپیری مەلای هەمان مزگەوت (پەلك) بوون، کوڕێکی هەبوو بە ناوی (فائق) کە فەرمانبەری میری بوو، هەر لە زووەوە نیشتەجێی کەرکووك بوو، تاکو کۆچی دوایی و پەیوەندی خێزانیشمان وەکو پێشوو گەرم بوو بە تایبەت کاتێك مام (عومەر حەبیب) معاونی تەسویە ئەرازی بوو لە ناوەندی پەنجاکان لە کەرکووك.

٢- (ئەستووکە بە روون یا کولێرە بە روون) جۆرە نانێکە کە لە تەندووری گڵ دەبرژا، یەکێکە لە کولتووری جۆری نان لە کۆیە و تا ئەمڕۆش ماوە و گەیشتووەتە هەولێریش.

٣- فائق تۆفیق محەمەد ١٩٢٠-١٩٩٦

خوالێخۆشبوو کاك فائق کوڕی مامۆستا مەلا تۆفیقی (ئیمام) ساڵی ١٩٢٠ لە کۆیە لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر لە گەڕەکی بەفریقەندی هاتووەتە دونیاوە، ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا لە شاری (ئورفە)

باکووری کوردستان هاتوونەتە شاری کۆیە و باوکی لە مزگەوتی (پەلك) ئیمام و مودەریس و پێشنوێژ بوو.

خوالێخۆشبوو کاك فائیق خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو دەکات و بۆ درێژەدان بە خوێندنیش روو لە بەغدا دەکات بە پێی رێنمایی باوکی، بەڵام پاش ساڵێك لە خوێندن لە بەغدا، باوکی کۆچی دوایی دەکات، ئەویش بە ناچاری دەگەڕێتەوە کۆیە و ئەرکی ژیانی خێزانی کە حەوت کەس لە ئەستۆ دەگرێت، وەکو مامۆستا لە یەکێك لە قوتابخانەکانی کۆیە دادەمەزرێت، بەڵام ئەو حەز و ئارەزووەی لای مامۆستایەتی نابێت و کۆیە بەجێدەهێڵێ و روو لە کەرکووك دەکات و لە دادگەی (ئیستیناف)ی کەرکووك بە (کاتبی یەکەم) دادەمەزرێت و لە تەمەنی بیست ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ کچە خاڵی خۆیدا خاتوو (نەعیمە رەشید) دەکات و لەنێوانی ژیانی هاوسەرگیریاندا شەش منداڵیان دەبێت، چوار کوڕ و دوو کچ. خوالێخۆشبوو مرۆڤێکی کوردپەروەری دڵسۆز و سەرڕاست بوو، ساڵی ١٩٦١ بۆ ماوەی سێ مانگ و ١٠ رۆژ دەستگیر دەکرێت و بۆ شاری بەسرە دەنێردرێت و لەوێش چوار مانگ مایەوە و ویستیان بۆ (المجر الکبیر) بیگوازنەوە، بەڵام سەرۆکی دادگەی بەسرە رازی نەبوو بە گوێزانەوەی، جارێکی دیکە ساڵی ١٩٦٣ حەپس دەکرێتەوە، بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەبوو، ئازاد کرا، خوالێخۆشبوو لە هەموو ماوەی ژیانیدا نموونەی دڵسۆزی و راستگۆیی بووە، سەرەڕای نەخۆشیی دڵ و گورچیلەی کە تووشی

هاتبـوو، پـاش ململانێیەکـی دوورودرێـژ لـە تەمەنـی ٧٦ سـاڵیدا و لـە ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١ لـە کەرکـووك کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لـە کەرکووکیشـدا بـە خاکدەسـپێردرێت.

سـەرچاوە: بنەماڵـەی خوالێخۆشـبوو فائیـق تۆفیـق لـە کەرکووکـەوە لـە ڕێگـەی مامۆسـتا محەمـەد فاتـح لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٨ بـە نووسـین بۆیـان نـاردووم.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٤)
# ڕۆژی گێڕانەوە ١٩٨٨/٩/٢٨

دەق:

عەونی گوتی: ساڵی ١٩٦١ لە زەمانی عەبدولکەریم قاسم کە تازە حەرەکەی کوردی دەستی پێ کرد بوو، ئەمن لەسەر (ئیخبارییە[١]) گیرام بە حەپس ناردرامە (حەپسخانەی کووت). پاشماوەیەك (عومەر)ی برام کە حاکم بوو لە سلێمانی، لەگەڵ (موتەسەریفی) سلێمانین ڕۆژێك هاتن و واسیتەیان کرد لە بەغدا کە حوکمەکەم بکرێتە (ئیقامەی جەبری[٢]) لە بەغدا، هەموو ڕۆژێ دەچوومە (مەرکەزی شورتە) بۆ (اثبات وجود[٣]) و دەفتەری (شوورتە)م ئیمزا دەکرد.

ڕۆژێك کە دەچوومە مەرکەزی شورتە بۆ ئیمزاکردنی، جێگایەکە مەیلەو تاریك بوو، دەبینم یەکێك دەست و لاقی لە کەلەبچەیە، ناسیم (شێخ حسام الدین تاڵەبانی[٤])یە. گوتم "یا شێخ ئەوە چییە"؟ گوتی: من و گەلێ لە مەلایەکان بە حەپس هێندراینە بەغدایە. ئیدی بۆ سبەینێ نەمدیتەوە. سەری مانگ کە چووم ئیمزای بکەم (ڕەئیس عورەفای شورتە) قائمەیەکی پێ ئیمزا کردم، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی: ئەوە (معاشتانە[٥]) (دەرماڵە-مخصصات حەپس) هەموو ڕۆژێ (روبع)ێکمان هەبوو کە مانگانە دەیکردە حەوت دینار و نیو، منیش گوتم سێ دینار لەبۆ خۆت، دوو دیناریش بدە بە دوو پۆلیسەکە، دوو دینار و نیوەکەش بدە بە (مفەوەزەکە) و گوتم:

ئەمـن تـا لێـرە بـم معاشـەکەی مـن ئەوهـا بـەش بکـە، رەیـس عورەفـا زۆر کەیفـی هـات و زۆر بـاش بـوو لەگەڵـم و بووبووینـە بـرادەر، ئەوجـا پێـی دەگوتـم "مەچـووە فـڵان ئوتێـل یـا فـڵان گازینـۆ یـا فـڵان جێگـە، چونکـە ئەوانـە جێگـەی (مەشـبوهن).

ڕۆژێـك لـە ئوتێـل دانیشـتبووم (شـێخ نەسرەدیـن تاڵەبانـی[٦]) بـرای (شـێخ حسـام الدیـن تاڵەبانـی پەیـدا بـوو، گوتـی: ماوەیەکـە لـە کاکـم دەگەڕێـم هەرچەنـد دەکـەم نابینمـەوە، گوتـم ڕاوەسـتە ئەمـن سـبەینێ بـۆت سـۆراغ دەکـەم.

سـبەینێ بـە (رەئیـس عورەفا)کـەم گـوت "لـە فـڵان ڕۆژی یەکێکیـان بـە کەلەبچـەوە بەنـاو نـاوە لـە (کۆیسـنجق)وە هێنابـوو، نازانیـن لـە کوێیـە؟" گوتـی (خەمـت نەبـێ مـن بـۆت سـۆراغ دەکـەم.

سـجنی رەقـەم (١ و ٢ و ٣)ی کردبـوو، نەبـوو، لـە دوایـی سـۆراغی کردبـوو لـە (موعەسـکەر رەشـید)ە و لـە سـجنی (ئینفـرادی)، ئەوجـا شـێخ نەسرەدیـن دەبینێتـەوە.

# پەراوێز:

١- ئیخبارییە: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای (دەم لێدان) دێت، کاتێك دەڵێن (فڵان ئیخبارییە) کرابوو، یانی لە دژی قسەیان کردووە و بۆیان تێکوشیوە.

٢- ئیقامەی جەبری: دورخستنەوە لە شوێنی دانیشتنی مرۆڤ بۆ شوێنێکی دوور و نیشتەجێکردنی بۆ ماوەیەك کە ئەویش جۆرێکە لە (سزا) لە زەمانی پاشایەتیدا پەیڕەو دەکرا.

٣- اثبات وجود: ئەو مرۆڤەی کە لە ماوەی (حەپس) تەواو دەبوو، بۆ ماوەیەك (دوور دەخرایەوە -ابعاد) بۆ شوێنێکی دیکە و دەبووایە رۆژانە جارێك یاخود دووجار سەردانی دائیرەی پۆلیسی ئەو شوێنە بکات و لە دەفتەرێکی تایبەتی ناو و رۆژ و ئیمزای خۆی بکات بە مانای (لێرەم- اثبات وجود).

٤- شێخ حسام الدین تاڵەبانی: ١٩٠٧-١٩٩٢

خوالێخۆشبوو شێخ حسام الدین تاڵەبانی کوڕی شێخ نوراللە کوڕی شێخ نووری تاڵەبانییە و کوڕی یەکەمیەتی، ساڵی ١٩٠٧ لەدایکبووە و لە سەرەتادا بەر حوجرە و کتێبە وردەکانی خوێندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکیان بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە، وازی لە خوێندن هێناوە و

ساڵی ١٩٣٠ ئامۆژنی خۆی مارە کردووەتەوە، چونکە مامی شێخ بورهان لە ساڵی ١٩٢٧ لەگەڵ شێخ (افضل)ی برای بچووکی بە فیتی ئینگلیزەکان شەهید کراوە، شێخ حیسام الدین لە گوندی (کەلکان) نیشتەجێ بووە، هەر بۆیەش لە ساڵی ١٩٣٣ مام جەلال لەو گوندە لەدایکبووە، شێخ حیسامەدین لە ساڵی ١٩٣١-١٩٣٧ کە مامی شێخ (عزاللە) کۆچی دوایی کرد لە گوندی (کەلکان) بووە لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەندامەکانی بنەماڵەکەیان بە تەمەنتر بووە و ئەرکی سەرپەرشتیکردن و ڕێنوێنیکردنی ئامۆزاکانی کە بێ باوك بوون کەوتووەتە ئەستۆ، بۆیە خۆی لە هەموو کێشەیەك و ڕووداوێکی سیاسی بە دوور گرتووە، بەڵام بەهۆی تێکۆشان و خەباتی بەڕێز (مام جەلال)ی کوڕە تاقانەکەی، هەموو کات تووشی ماڵ پشکنین و لێپرسینەوە بووە، لە ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی ئەیلوول دەستیپێکرد، داوایان لەم شێخە کرد (فەتوا) دژی ئەم شۆڕشە بدات، بەڵام جوامێرانە بەرەنگاریان بووەتەوە و سەری بۆ ئەم فەرمانە شۆڕ نەکردووە، بۆیە لەگەڵ چەند (مەلا)یەکی تری خاوەن هەڵوێستدا لە کۆیە دەستگیر کران و لە زیندان توند کران، ئەم شێخە بۆ شەش مانگ بێسەروشوێن کراوە و لە ژوورێکی تەنیا لە (بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشید)دا توند کراوە، ساڵی ١٩٦٣ کاتێك بەعسییەکان لە کودەتایەك کاروباری وڵاتیان گرتە دەست لە دوای تێکچوونی وتوویژ هەوڵی دەستگیرکردنی ئەم شێخە و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان درا، بەڵام ئەو خۆی گەیاندە گوندی (قزلو) دەشتی کۆیە و دواجار ڕووی کردە ماڵی (شێخ شەرەف)

ی بـرای لــە گونــدی (کەلــکان)ی بنــاری کــۆسرەت، دوای رووخانــی بەعــس گەڕایــەوە کۆیــە و خانووەکــەی کەمێــك چاککــردەوە و لــە کۆیــە نیشــتەجێ بــوو، ســاڵی ١٩٨٧ دووبــارە ویســتیان بیگــرن، ئەمجــارە ترســی کوشــتنی لەســەر بــوو، بۆیــە بــە ناچــاری لــە ڕێگــەی برازاکانــی و خزمانــی عەشــیرەتی ئاکــۆ و پارتــی دیموکراتــی کوردســتانی ئێــران گەیەندرایــە ســەرکردایەتیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان و لەوێشــەوە ڕۆیشــت بــۆ تــاران و لــەوێ نیشــتەجێ بــوو، دوای ڕاپەڕیــن گەڕایــەوە بــۆ وڵات و لــە ســاڵی ١٩٩٢ لــە شــاری کۆیــە کۆچــی دوایــی کــرد و لــە مەرقــەدی کۆیــە لــە پــاڵ بــاوك و باپیــری بــە خاکســپێردرا. خوالێخۆشــبوو شــێخ حســام الدیــن تەنیــا یــەك کــوڕی بەنــاوی مــام جــەلال و دوو کچــی بەنــاوی (جەمیلەخــان، فەوزیــە خــان) هەیــە.

ســەرچاوە کتێبــی (کورتەیــەك لــە مێــژووی شــێخانی تاڵەبانــی) نووســینی: ئــەشرەف تاڵەبانــی، ســاڵی چــاپ ٢٠١٢

٥- (معــاش) کاتێــك مــرۆڤ زیندانــی دەکرێــت لــە عێــراق و ســەرجەم وڵاتانــی جیهــان، دەوڵــەت بەرپرســیاریەتی دابینکردنــی پێداویســتییەکانی خواردنــی ڕۆژانــە بــۆ هــەر ســێ جــەم بەپێــی یاســا لــە ئەســتۆ دەگرێــت، بــەڵام بــۆ مەســەلەی (ئیقامــەی جەبــری) کاتێــك زیندانییەکــە ئــازاد دەکــرێ لــە ژووری حەپســخانە، بــەڵام هەنــدێ جــار بــۆ دوورخســتنەوەی ئــەو مرۆڤــە لــە شــارەکەی خــۆی و دانانــی لــە شــارێکی دیکــە، حکوومــەت ڕۆژانــە بڕێــك پــارە بــۆ دوورخراوەکــە تەرخــان دەکات، بــۆ بژێویــی ژیــان کــە ئــەو ســاڵە

(عەونی) باسی لێوە دەکات ساڵی (١٩٦١) بڕە پارەکە ڕۆژانە(٢٥٠ فلس) یاخود (روبعە) دینارێك بووە کە مانگانە دەیکردە حەوت دینار و نیو.

٦- شێخ نەسرەدین ١٩٢٢-٢٠١٢

خوالێخۆشبوو شێخ نەسرەدین کوڕی شێخ نورەدین، کوڕی شێخ نووری ساڵی ١٩٢٢ لە کۆیە لەدایکبووە و تەمەنی یەك ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، دایکی بەخێوی کردووە و مامەکانیان سەرپەرشتیان کردوون، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٧ دوو مامی بە یەکەوە شەهید کراون، تەنیا مامێکیان ماوە سەرپەرشتیی تەکیە و موڵك و ئەم هەموو منداڵە بێ باوکەی کردووە، شێخ نەسرەدین قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە و بە فەرمانبەر دامەزراوە تا پلەی (مودیر حسابات) ڕۆیشتووە و پیاوێکی زیرەك و قسەخۆش بووە، لە هەر شوێنێکدا بووبێت، بۆ نوکتە و قسە خۆشەکانی، هاوڕێیانی دەورەیان لێی داوە.

پاش خانەنشینی لە سلێمانی جێگیر بوو، دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی (بەرزان- شوان).

شێخ نەسرەدین لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا و لە ٢٠١٢/١٢/١٩ کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: (کورتەیەك لە مێژووی شێخانی تاڵەبانی).

نووسینی: ئەشرەف تاڵەبانی، ساڵی چاپ ٢٠١٢

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٥)
# گێڕانەوەی رۆژی ١٩٧٦/٢/١٣

دەق:

عەونی گوتی: ساڵی ١٩٤٩ (عومەر[١])ی برام و (عەلی عەبدوڵڵا[٢]) لە مەحکەمەی (عورفی[٣]) لە بەغدایە داوا کرابوون، هەردووک (موختەفی[٤]) بوون، کاک (عەلی) لە بەغدا بوو، ناردبوویان (عومەر)ی براشم بچێت، دوو (وڵاغمان) لە (مەولوود[٥])ی قەتارچی (عومەر ئاغای ئەحمەدی ئەمین[٦] ئاغام گرت کە لە دەرەوەی شار رایگرتبوون، بەناوی ئەوەی (نەوت)ی لەبۆ مەکینەی ئاش ئاگری دێنێتن روومان لە هەولێر کرد، ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باری بوو (مەولوود) بە سواری لە پێشەوە دەڕۆیشت، بەفر لە (کورتان)ی وڵاغی دەدا، وڵاغێکیان کەوتە ناو (زندۆلەکی) و مەولوود هاواری کرد خنکام بە هەزار حاڵ دەرمان هێنا، (عومەر)ی براشم (لاق)ەکەی لەسەرما سڕ ببوو، قەول وابوو (قۆناغمان) هەولێر بێت، گەیشتینە گوندی (بنەسراوە[٧]) (بنەسڵاوە) و نەچووینە دیوەخانی (ئاغا یا کێخوایی) نەک پۆلیسی لێ بێ و (عومەر) ئاشکرا ببێ، (مەلا)یەکی سەر سپیلکەمان لای ئێوارە دیت (مەسینەیەکی) بەدەستەوە بوو، دەچوو دەستنوێژ هەڵبگرێ و چووینەماڵەکەی زۆری بەخێرهێنان کردین (ساواریان) هەبوو بۆ لێنان بە (کا) ئاگریان بۆ کردینەوە لەبەر بێ جێگایی منداڵی ساوایان لە ژووری (کادێنێ) لەسەر (کا) دانا، ئێمەش هەموو خواردنمان پێ بوو، سبەینێ

**کـە رۆیشـتین هەنـدێ (شـەکر و چا)مـان بەجێهێشـت، ئێسـتاش پیاوەتـی ئـەم کابـرا (دەسـت کورتـەم- هـەژار) لەبیـر ناچـێ کـە بـەر چـاو و دڵـی ئەوەنـدە (فـەراح) بـوو.**

---

## پەراوێز:

١- عومەر حەبیب عەبدوڵلا  لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٢- عەلی عەبدوڵلا ئەمین  لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوە کراوە.

٣- عورفـی: لـە کاتـی پەشـێوی بارودۆخـی سیاسـی کاتێـك لـە سـەردەمی پاشـایەتی عێـراق تووشـی جـۆرە شـڵەژانێك دەبـوو بـە هـۆی جموجۆڵـی سیاسـی یـا خـود راپەڕیـن و خۆپیشـاندانی سەرتاسـەری، وەزارەتـی ناوخـۆی ئەوسـا (بارودۆخـی نائاسـایی) رایدەگەیانـد و دەزگاکانـی پۆلیـس بـە پێـی فەرمانـی حاکـم بۆیـان هەبـوو بـێ لێپێچینـەوە ئـەوەی مەبەسـتیان بـوو بیگـرن و زیندانـی بکـەن بـە پێـی پرسـیار و وەڵام. ئـەو هەڵسـوکەوتەی حکومـەت پێـی دەگوتـرا (حالەتـی عورفـی) یـان راگەیاندنـی رەشـبگیری کـە بێگومـان جـۆری زیندانـی کردنـە کـە فەرمانەکانـی دەزگاکانـی پۆلیـس و

ئاسایش قورستر دەبوون، لە عێراق زۆر جار تاکوو بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ئەم حالەتە رادەگەیەنرا کە جۆرە مەترسییەك و دڵەڕاوکێیەکی دەخستە ناو کۆمەڵانی خەڵك.

٤- موختەفی: بە مانای خۆشاردنەوە دێت کە لێرەدا بەو کەسانەی کاتێ لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە فەرمانی حەپسکردنیان بۆ دەردەچوو بەڵام ئەوان کە خۆیان لەبەرچاوی پۆلیس و دەزگاکان دەشاردەوە کە پێی دەگوترێ موختەفی یا خوێ ئیختیفای کردووە.

٥- مەولود: دەربارەی ئەو مرۆڤە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی بۆم پەیدا نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە ئەو مرۆڤە سەرپەرشتی وڵاغەکانی خوالێخۆشبوو عومەرئاغای ئەحمەدی ئەمین ئاغای دەکرد کە ئەو کاتە بەو کارەیان دەگوت قەتارچی، ئەمکارەش مرۆڤی بەهێز و بە توانای جەستەیی دەویست.

٦- عومەرئاغای ئەحمەدی ئەمین ئاغا (١٨٩٢- ١٩٦٠) لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی لێوە کراوە.

٧- بنەسراوە یا خود بنەسڵاوە: ئێستاکە گەڕەکێکی هەولێرە کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی هەولێر.

## شرۆڤە و لێکدانەوە

کاتێـك عەونـی باسـی لـە بارودۆخـی سیاسـی (دوو تێکۆشـەری ڕێگـەی کوردایەتـی، خوالێخۆشـبووان (عومـەر حەبیـب و عەلـی عەبدوڵـڵا) دەکات. لـە سـەردەمێکدا کـە بارودۆخـی سیاسـی لـە سەرتاسـەری عێراقـدا بـە کوردستانیشـەوە چەنـد مەترسـیدار بـوو، تەنانـەت بـۆ ڕزگارکردنـی تاکێـك چ ئەزیـەت و ماندووبوونێـك هاتووەتـە ڕێگایـان بـە تایبەتیـش لەکاتێکـدا کـە (حوکمـی عورفـی) لـە گـۆڕێ بـووە، ئەمـە ژیانـی نیشـتمانپەروەران بـووە کـە هەمیشـە لـە بارودۆخێکـی نائاسـاییدا دەژیـان، بێگومـان تێکۆشـان و خەباتـی ئـەو تێکۆشـەرانەی سەرتاسـەری کوردسـتان بـوو، نەوەکانـی پـاش خۆیانـی گەیانـدە بەردەوامبـوون بـە تێکۆشـان لـە ڕیـزی جووڵانـەوەی نیشـتمانیدا کـە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ دەستاودەسـتی دەکـرد تـا گەیشـتووەتە ئەمـڕۆ.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٥)
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٨٧/٨/٨

دەق:

**عەونی گوتی: ئێمە لە بەغدا بووین (عومەر دەبابە[١]) تەکلیفی[٢] لێکردین ئەمن جلی کوردیم لەبەر کرد و دەمانچەشم هەڵگرت، گوتیان نەوەك (تەعەداتان) لێ بکرێ. ئەمن و کوڕە عارەبێك (علم[٣])مان (ئاڵا) مان هەڵگرتبوو کە گەیشتینە (باب المعظم) گرتن دەستپێکرد، لەوانە (عوسمانی[٤] مام عەوڵا) گیرا. شەوێك لە (مەخفەری[٥]) (قەنبەر عەلی[٦]) ماوە، منیش خۆم دزیەوە و بەرانبەر (حەیدەرخانە) چوومە (عیادەی دکتۆر ڕەفیق[٧]) لەوێ تەلەفۆنم بۆ ئوتێل (بین النهرین) کرد، کوڕێکی کورد قاتێك چاکەت و پانتۆڵی بۆ هێنام لە عیادەی دختۆر ڕەفیق، خۆم گۆڕی ئەوجا هاتمەوە جادەی.**

## پەراوێز:

١- عومەر دەبابە ١٩٢٣- ١٩٩٢/١/٢٩
له لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوەکراوە.

٢- تەکلیف: لێرەدا بە مانای داواکردنە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی نیشتمانی.

٣- علم – عەلەم- بە کوردی ئاڵا

٤- عوسمانی مام عەوڵا- عثمان عبداللە امین ١٩١٧-١٩٨٨ لە لاپەڕەکانی پێشوو باسی لێوەکراوە.

٥- (مخفر- مەخفەر) بنکەی پۆلیس، لە بەغدا و لە شارە گەورەکانی عێراق لە زۆربەی ناوچە گەورەکەماندا بنکەی پۆلیس هەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و چاودێریی گشتی.

٦- محلە (قنبر علی) گەڕەکی قەنبەر عەلی، یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی بەغدا لە بەرەی (الرصافە) لە لای باکووری ئەو شارەیە و لە کۆتاییەکانی زەمانی عەباسییەکانەوە ئاوەدانکراوەتەوە تاکو رۆژانی

ئەمــڕۆ، گەڕکێکــی کــۆن و کۆڵانەکانــی هەندێکیــان زۆر تەســك بــوون، سـەرەڕای بوونـی چغمـە (شناشـیل) لـە قاتـی دووەمـی زۆربـەی خانـووەکان.

هەڵکەوتــەی ئــەو گەڕەکــە نزیکــە لــە (بــاب المعظــم) کــە لەنێوانــی گەڕەکەکانــی (البومفــرج) و (تحــت التکیــه و امــام طــه) (بــاب الاغــا) بــازاڕە نزیکەکانـی بریتیـن لـە (سـوق حنـون، سـوق قنـبر علـی، لـەلای رۆژئـاواوە تەنیشــت گەڕەکــی (الفضلیــه لــەو گەڕەکــەدا بنکەیەکــی پۆلیســی نیمچــە گــەورەی تێدابــوو کــە تــا رۆژانــی ئەمــڕۆش هــەر مــاوە.

ســەرچاوە (د. عیــماد عەبدولســەلام رەئــووف/ کتــاب الاصــول التأریخیــە لأســماء محــلات بغــداد.

٧- دکتۆر رەفیق چەلەبی ١٩١٤-١٩٩٤

خوالێخۆشــبوو دکتــۆر رەفیــق کــوڕی تاهیــر چەلەبییــە، ســاڵی ١٩١٤ لــە کۆیــە لەدایکبــووە و خوێندنــی ســەرەتایی لــە کۆیــە و ناوەنــدی و دواناوەندیشـــی لـــە بەغـــدا تـــەواو کـــردووە و پاشـــان دەچێتـــە کۆلیـــژی پزیکشــی و ســاڵی ١٩٣٨ بڕوانامــەی پزیشــکی بەدەســت دێنێــت، هــەر لــە بەغــدا بــە کار و ئەرکــی پزیشــکی دەســتبەکار دەبێــت، لەنێــوان ســاڵانی ١٩٤٧-١٩٥٢ دەبێتــە ســەرۆکی تەندروســتی لــە هەولێــر، دکتــۆر رەفیــق کاتێـك لـە رێگـەی خوالێخۆشـبوو (میـرزا حەمەدەمیـن کەسـایەتییەکی شـاری کۆیــە ١٩٠٠-١٩٨٢) دەزانــێ کۆمــاری کوردســتان لــە مەهابــاد پێویســتیان بــە دکتــۆر (پزیشــك) هەیــە، ئەویــش ئامادەیــی خــۆی نیشــان دەدات، کــە

پەیوەنـدی بـکات و بـەرەو مەهابـاد بچێـت، بـەڵام بەهـۆی گرفتـی سـەفەر و کەینوبەینـی سیاسـی و بەرژەوەندیـی دەوڵەتـە زلهێـزەکان، کۆمـاری تـازە سـاوای کوردسـتان لەناودەبرێـت، ئیـتر دکتـۆر رەفیـق ئـاوات و ئـارەزووی نایەتـە دی، پاشـان بـۆ بەغـدا دەگوازرێتـەوە تـا کۆتایـی ژیانـی لـەوێ بەسـەربردووە و لـە تەمەنـی ٨٠ سـاڵیدا و لـە سـاڵی ١٩٩٤ کۆچـی دوایـی دەکات و هـەر لەوێـش بـە خاکدەسـپێردرێت.

سـەرچاوە "گۆڤـاری کەکـۆن" ژمـارە ٣٥ سـاڵی ٢٠١٧ (مافپـەروەر- ئـاراس عەبدولخالـق).

## شرۆڤە و لێکدانەوە

بارودۆخی سیاسیی عێراق، لە ساڵی ١٩٥٢ بە جۆرێك بوو گەلانی عێراق بە لایەنە سیاسییەکانییەوە دژی هەڵبژاردنی خێرای پەرلەمان بوون، چونکە دەیانزانی لە پێشەوە هەڵبژاردنەکە ساختەی تێدا دەکرێت، بۆیە کاتێك دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا، بڕیاری هەڵبژاردنی دا، چەندین لایەنی سیاسی (حیزبی شیوعیی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، (حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق- کامل الجادرچی) حیزبی سەربەخۆیی عێراق) بڕیاری رەتکردنەوەی هەڵبژاردنیان دا، لەکاتێکدا گۆڕەپانی سیاسیی عێراق لە ئاکامی سەرکەوتنی کودەتای ئەفسەرانی میسر بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسر لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٥٢دا و جووڵانەوەی (دکتۆر مصدق) لە ئێران رەنگدانەوەیەکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق بە تەوژمێکی فراوان دروست کرد، لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٢دا خۆپیشاندانی زۆر گەورە لە بەغدا و شارەکانی عێراق و کوردستان کرا، لێرەدا (عەونی)ی شاعیر باس لە رووداوێکی ئەو رۆژانەی بەغدا دەکات، چ وەکو کورد و چ وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان کە دوژمنی رژێمی عێراق بوون، ئەویش (عەونی) لەو کاتەدا لە بەغدا بووە و لەلایەن خوالێخۆشبوو (عومەر مستەفا دەبابە) وەکو سەرکردەیەکی پارتی داوای لێدەکرێت ئەویش وەکو ئەندامێکی پارتی بەشداری ئەو

خۆپیشـاندانەدا بـکات بـە (جلـی کوردی)یـەوە.

رووداوی ئـەو رۆژە، بریتـی دەبـێ لـەوەی کـە خۆپیشـاندەران لـەولاو ئەمـلای شـەقامی (الرشـید)ەوە بـەرەو بـاب (المعظـم) بچـن کـە هەنـدێ لـە دەزگەکانـی حکوومەتـی لـێ بـوو، (عەونـی) بەڕێکـەوت کـە بـە جلـی کـوردی دەبێـت، هاوبـەش لەگـەڵ نیشـتمانپەروەرێکی عەرەبـدا (ئـاڵای عێـراق) هەڵدەگـرن، چونکـە ئەوکاتـە و تاکـو رۆژانـی ئەمـڕۆش، ئـاڵای وڵات بـە چاوێکـی پیـرۆزەوە تەماشـای ئـاڵا دەکـرا و لـە هەمـوو بۆنـە جەماوەرییەکانـدا ئـاڵا بـە فراوانـی بـەرز دەکرێتـەوە، لـەو رۆژە و خۆپیشـاندانانە، جەماوەرەکـە بـەر گوللـە دەدرێـن و پۆلیـس هێرشـیان دەکەنــە ســەر بــە مەبەســتی بڵاوەپێکــردن و گرتنــی هەنــدێ لــەو خۆپیشـاندەرانەی کـە دەکەونـە بـەر دەسـت، (عەونی)یـش لـە گەڕەکـی حەیدەرخانـە روو لـە (عیادەکـەی دکتـۆر رەفیـق تاهیـر چەلەبـی) دەکات، کـە ئەویـش کوڕێکـی کۆیـی ناسـیاو و کوردێکـی نیشـتمانپەروەر دەبێـت، کاتێـك دەگاتـە (عیادەکـە) لای دکتـۆر رەفیـق تەلەفـۆن بـۆ ئـەو ئوتێلـە دەکات کـە لێـی دابەزیـوە، نـاوی (بیـن النهریـن) دەبێـت، داوا لـە خـاوەن ئوتێلەکـە دەکات (قاتێکـی ئەفەنـدی) بـۆ ئـەو جێگەیـەی ئـەوی لێیـە، بنێرێـت، ئەوجـا یـان جلێکـی خـۆی دەبێـت یاخـود خـاوەن ئوتێـل لـە برادەرەکانـی بـۆی پەیـدای دەکات و بـۆ عیادەکـەی (دکتـۆر رەفیـق) بـۆی دەنێرێـت، بـەڵام لـەم خۆپیشـاندانە (عوسـمان عەبدوڵـڵا ئەمیـن نـاسراو بـە مـام وەتمـان کـە بـرای مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (عەلـی عەبدوڵـڵا)

یـە، دەسـتگیر دەکرێـت و لـە بنکـەی پۆلیسـی (قەنبـەر عەلـی)دا شـەوێك حەپـس دەکرێـت. (عەونی)یـش کاتـێ لـە عیـادەی دکتـۆر رەفیـق چەلەبـی خـۆی دەگـۆڕێ، بـە جلـی ئەفەندییـەوە بـە شـەقامی رەشـیددا بـەرەو ئوتێلەکـەی دەگەڕێتـەوە، بـێ ئـەوەی کـەس بیناسـێ.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٦)
# گێڕانەوەی رۆژی ١٩٨٨/٤/١٠

دەق:

عەونــی گوتــی: ســاڵی (١٩٦٣)[١] لــە نــەورۆزێ کــە وەفدەکانــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتیی (مــەلا مســتەفای بارزانــی) لــە کۆیــە کۆببوونــەوە (تەحســین بــەگ[٢] میــری ئێزیدیــان و هەنــدێ رەفیــق و دۆســتی دیکــە بــە میوانــی بــەر مــن کەوتــن، شــەو لــە ژوورێکــی بــەلاوە جێگایــان بــۆ چاکــردن، (بەتانییە)کــی زۆر جوانمــان هەبــوو هــەر هەڵــمان گرتبــوو، شــەوێ بەســەر لێفەکــەی (تەحســین بەگ)یــان دادا، (تەحســین بــەگ بانگــی کــردم بــەلاوەوە و پێــی گوتــم تکایــە[٣] بەتانییەکــەم بــۆ بگــۆڕن!

## پەراوێز:

١- لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٣ شـاری کۆیـە گەورەتریـن و فراوانتریـن قەرەباڵغـی بەخۆیـەوە بینیـوە، کاتێـك لـە پـاش رووخانـی حکوومەتـی (عەبدولکەریـم قاسـم لـە ١٩٦٣/٢/٨)، پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە یەکـەم سـاتەوە هاتنـە نێـو هەنـدێ شـار و شـارۆچکەی کوردسـتان و یەکێـك لەوانـە شـاری کۆیـە بـوو، بـەڵام لـە سـەرەتای مانگـی ئـازارەوە کۆیـە رۆژانـە تاکـو دەهـات پڕتـر دەبـوو، چونکـە بەپێـی بڕیـاری سـەرکردایەتیی شـۆڕش و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نێوەڕاسـتی ئـەم مانگەیـان (مانگـی ئـازاری ئەمسـاڵە) دەستنیشـان کردبـوو کـە گەورەتریـن و فراوانتریـن کۆنگـرەی میللـی کـە بریتـی بـوو لـە (سـەرۆکی پارتـی بارزانیـی نەمـر و ئەندامانـی مەکتەبـی سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەنـدی و بەرپرسـانی لـق و ناوچەکانـی پارتـی و سـەرۆك عەشـیرەتە نیشـتمانپەروەرەکان، ئامیـر هێـز و ئامیـر بەتالیـۆن و کەسـایەتییەکان، شـاندێکی تورکمانـی) بـە مەبەسـتی گفتوگـۆ و دیراسـەتکردنی بارودۆخـی تـازەی عێـراق و پەیوەنـدی بـە دۆزی کـورد و داخوازییەکانـی کـە بـۆ مـاوەی چەنـد رۆژێـك ئـەم کۆبوونـەوە و کۆنگـرە میللییـە بـە دوورودرێـژی قسـە لەسـەر بابەتـە هەسـتیارەکان کـراو و لـە ئاکامـدا داخوازییەکانـی شۆڕشـی کوردسـتان گەڵاڵـە کـران و شـاندێك بـە سـەرۆکایەتیی رەوانشـاد مـام جـەلال پێکهێـنرا بـۆ ئـەوەی سـەردانی بەغـدا بکـەن و وتوێـژ لەسـەر ئـەم داواکاریانـە بکرێـت.

لـەو سـەربەندەدا (عەونــی)ی شـاعیر چەنـد رۆژێـك لـە حەپسـخانەی (نوگـرە سـەلمان) ئـازاد کرابـوو، بەپێـی لیسـتێکی کـە سـەرکردایەتیی پارتـی رێکخیخسـتبوو، بەنـاوی (ئەندامـان و لایەنگـران و هەوادارانـی پارتـی)، یەکێـك لەوانـە (عەونی)بـوو لـە رۆژانـی ئـەم کۆبوونـەوە و کۆنگـرە میللییـەدا چەنـد کەسایەتییەك کـە نزیـك بـوون لـە بارزانـی، میوانـی ماڵـی عەونـی بـوون، چونکـە بارزانیـی نەمـر لـە ماڵـی خوالێخۆشـبوو کاکـە زیـاد ئاغـای غەفـووری بـوون کـە دراوسـێ و دیـوار بـە دیـوار بـوو لەگـەڵ ماڵـی عەونیـدا، میوانەکانـی ماڵـی عەونـی بریتـی بـوون لـە خوالێخۆشـبووان (عەبدوڵـڵا ئیسـحاقی" ئەحمـەد تۆفیـق" شـێخ تەحسـین شـێخ سـەعیدی میـری ئێزیدیـان و شـێخ جەلالـی بـرای و یاوەرێکـی، عەبـاس مامەنـد ئاغـای سـەرۆکی عەشـیرەتی ئاکـۆ، ئیسـماعیل سـواراغای سـەرۆکی عەشـیرەتی بلبـاس، عەبدولواحیـدی حاجـی مەلـۆ، سـەرۆکی عەشـیرەتی (مـزوری) سـاڵح بەگـی میـران کەسـایەتی دەڤـەری شـەقڵاوە و خۆشـناوەتی (مـەلا برایـم) نزیـك لـە بارزانیـی نەمـر، سـەرەڕای هاتوچـۆی رۆژانـەی سـەرکردەکانی پارتـی کـە کاتـی سـەردانی بارزانیـی نەمریـان دەکـرد، (ئـەم بابەتـە بـە درێـژی لـە کتێبـی "لەگـەڵ رووداوەکان" بـاس ردووە، کـە لـە سـاڵی ٢٠١٩ چاپکـراوە و بڵاوکراوەتـەوە- نووسـەر.

٢- شێخ تەحسین شێخ سەعید (میری ئیزیدیان ١٩٣٣-٢٠١٩/١/٢٨

خوالێخۆشبوو شێخ تەحسین شێخ سەعید بەگ، ئەمیری ئێزیدیان لە عێراق و جیهان، ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی باعەدرێ، سەر بە قەزای شێخان لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٤ کاتێك (سەعید بەگی) باوکی کۆچی دوایی دەکات، تەحسین بەگ تەمەنی سێزدە ساڵان دەبێت کە لەلایەن داپیرەی (میان خاتوون) پاش پازدە رۆژ لە کۆچی باوکی (تەحسین بەگ) دەپاڵێورێ بۆ جێگەی باوکی، چونکە (میان خاتوون) کەسایەتییەکی بەهێز و بە توانای هەبوو چ لەناو ئێزیدییەکان و چ لەناو چینی ئەمیرەکان و هەروەها لەلای کاربەدەستانی حکوومەتی عێراقیشدا.

میر تەحسین زۆربەی ساڵەکانی ژیانی لە جێگەیەکدا جێگیر نەبووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی لە عێراق، ساڵی ١٩٥٩ تووشی زیندانیکردن هات و بردرایە کەرکووك، ئەوجا بۆ کوت، پاشان بە ئیقامەی جەبری لە دیوانییە لە ئاکامی هەڵوێستی و پەیوەندی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان، بەدرێژایی ئەو ماوەیە پاڵپشتی بزووتنەوەی کوردی دەکرد، بۆیە حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٩ فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد، بۆیە ئەویش رووی لە ناوچە ئازادکراوەکان کرد و لە ناوپردان جێگیر بوو، ٥ ساڵ لە نزیك (بارزانیی نەمر)دا مایەوە کە شوێنەکەی ناوەندی شۆڕشی کوردستان بوو، پاش نسکۆی شۆڕش لە ئاکامی رێککەوتننامەی (جەزائیر) لەنێوان سەددام حوسێن و

شـای ئێرانـدا، شـێخ تەحسـین بـەرەو ئێـران هەڵکشـا بـە ڕێنمایـی بارزانیـی نەمـر و پاشـان بـەرەو وڵاتـی بەریتانیـا چـوو، لـەوێ جێگیـر بـوو، لـە بەریتانیـا چەنـد سـاڵێك مایـەوە و فێـری زمانـی ئینگلیـزی بـوو، بـەردەوام پەیوەنـدی بـە خەڵکـی وڵاتـی خـۆی و سـەرکردایەتیی شۆڕشـی کـوردەوە هەبـووە.

پـاش هەڵگیرسـانی شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران (١٩٨٠-١٩٨٨) مەرسـوومی لێبوردنـی بـۆ دەرچـوو، لـە سـەرەتای هەشـتاکانیش گەڕایـەوە وڵات، چونکـە تەمەنـی لـە هەڵکشـان دابـوو سـەرەڕای لێتێگەیشـتنی لـە بارودۆخـی سیاسـی بـە پێویسـتی زانـی لەنـاو خەڵکانـی خۆیـدا بێـت، بـەڵام ژیانـی هەمیشـە لـە مەترسـی دابـوو و چەندیـن جـار ڕووبـەڕووی تیـرۆر بووەتـەوە، لـە هەمانکاتیشـدا ناوچـەی ئێزیدییـەکان وەکـو زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان تووشـی سیاسـەتی تەعریـب هـات و نزیکـەی ٣٠٠ گونـدی ئێزیدیـان کەوتنـە گێـژاوی تەعریـب، ئاشکراشـە کـە ئێزیدییـەکان تووشـی گەورەتریـن کارەسـاتی مرۆڤایەتـی هاتـوون لەلایـەن دەوڵەتـی خەلافەتـی ئیسـلامی (داعـش) لـە سـاڵی ٢٠١٤ کـە ئێزیدییـەکان بـە ئەنفالـی ژمـارە (٧٤)ی دادەنێـن، تێیـدا ڕووبـەڕووی لەناوبـردن و کوشـتنی بـە کۆمـەڵ بوونـەوە.

خوالێخۆشـبوو میـر تەحسـین لـە تەمەنـی ٨٦ سـاڵیدا و لـە ڕۆژی ٢٠١٩/١/٢٨ لـە شـاری هانۆڤـەری ئەڵمانیـا کۆچـی دوایـی کـرد.

٣- بەتانیـەی شـین: وەکـو عەونیـی بـاوك دەیگێڕێتـەوە مـن و بارامـی پـورزام شـاهیدی ڕووداوەکـە بوویـن، کاتێـك (عەونـی)ی بـاوك بانگـی کردیـن و پێـی گوتیـن (ئـەو بەتانیـە شـینەی لەسـەر جێگەکـەی شـێخ تەحسـین هەڵگـرن و لـە جیاتـی ئـەو بەتانییـە شـینە، بەتانییەکـی بـە ڕەنگێکـی دیکـە بەسـەر جێگەکـەدا بخـەن، مـن و بـارام لـە (گۆڕینـی بەتانییـە ڕەنـگ شـینەکە تێنگەیشـتین)، بـەڵام کاتێـك لـە باوکـمان پرسـیار کـرد بـۆی ڕوون کردینـەوە کـە ئێزیدییـەکان لەگـەڵ ڕەنـگ و پیتـی (شـین) دا ڕێـك نیـن.

خوالێخۆشـبوو میـر تەحسـین زۆر جـار لای ئـەم و ئـەو باسـی ڕۆژانـی کۆیـە و ماڵـی (عەونـی) دەکـرد تەنانـەت جارێـك لـە دیمانەیەکـی TVدا باسـی ماڵـی (عەونـی) و میواندارییەتـی ئـەو (جوامێریـەی) کـردووە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٦)
# ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٨٩/١١/١

دەق:

عەونــی گوتــی: (حاجــی قــادری کۆیــی[١]) لــە ئیســتەنبۆڵەوە شــیعری بــۆ (ئەمیــن ئاغــا- ئەختــەر[٢]) بــە پۆســتە دەنــاردە کۆیــە، (بەکــر ئاغــای حەمــە سەدیق ئاغــا[٣]) پــاش بــاب بــوو، هەتــا (ئیبتدایــی و دار المعلمیــن ریفــی) تــەواو کرد هــەر لای نەنکی (دایکی دایکی- توحفەخــان کچــی ئەمیــن ئاغــای ئەختــەر بــوو، مــن و زۆری دیکــە دەچووینــە لای (بەکرائاغــا) لــە ژوورەکانــی دیــوی (حــەرەم) ی ماڵــی (ئەمیــن ئاغــا) لــە (کتێــب)ان دەگەڕایــن لــە ژووری (گومبــەت) ی لــە تاقێکــی کەشــکۆڵێکی (شــیعر) مــان دیتــەوە و تــۆزی لێنیشــتبوو، شــیعری حاجــی قــادر و ئەمیــن ئاغــا و زۆر شــاعیری تــری تێــدا بــوو، هەندێکیــش بــە فارســی بــوون، وا دەزانــم کەوتــە دەســت (مــەلا ڕەئــوف[٤] ئاغــا ســەلیم ئاغــا.)

## پەراوێز:

١- حاجی قادری کۆیی ١٨١٥-١٨٩٧

حاجـی قـادری کۆیـی کـوڕی مـەلا ئەحمـەد، سـاڵی ١٨١٥ لـە گونـدی (گۆڕقـەرەج) کـە کەوتووەتـە ڕۆژئـاوای کۆیـە هاتووەتـە دونیـاوە، حاجـی منداڵ بـووە کـە باوکـی کۆچـی دوایـی کـردووە، دایکـی حاجـی قـادر کـە گونـدی (گۆڕقـەرەج)ی بەجێهشـتووە و ڕووی لـە شـاری کۆیـە کـردووە، حاجـی لـە تەمەنـی حـەوت ساڵیدا لـە مزگەوتـی (موفتـی) و لای (ئەحمـەد) ی ئومـەر گومبەتـی خوێندوویەتـی و حاجـی لەگـەڵ (مـەلا عەبدوڵـڵای جەلیـزادە) بـە (فەقێیاتـی) شـارەکانی سـلێمانی- کەرکـووك، هەولێـر، ڕوانـدز، سەردەشـت، سابڵاغ گـەڕاوە، حاجـی لەبـەر جـەور و سـتەمی شـێخ نەبـی و هەوادارانـی کۆیـەی بەجێهێشـتووە و ڕووی لـە ئیسـتەنبوڵ کـردووە و سـاڵی ١٣١٢ کۆچـی کـە دەکاتـە سـاڵی ١٨٩٧ی زایینـی لـە ئیسـتەنبوڵ کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لەوێشـدا نێـژراوە.

لەنێـو وێـژەی کوردیـدا حاجـی بـە یەکەمیـن شـاعیری کـورد دەژمێـردرێ کـە ئـاڵای سـەربەخۆیی هەڵگرتـووە، بوونـی حاجـی لـە ئیسـتەنبوڵ کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر جـۆری بەرهەمـی بیـری هەبـووە و ئاسـۆی بیرکردنـەوەی فراوانـتر بـووە، هەسـتی نیشـتمانخوازی لای ئـەو پێـش هەمـوو هەسـتەکانی دی کەوتبـوو، هـەروەك لـە شـیعرەکانی دیـارە لـە پـاڵ ئەوەشـدا بـە وشـە چەندیـن تابلـۆی کۆمەڵایەتـی بـۆ کێشـاوین و

رادەی گەندەڵـی دەسـەڵاتداران و دەسترۆیشـتووانی عوسـمانیانی راشـکاوانە خسـتووەتەڕوو.

سـەرچاوە: (گوڵچنـی گێـو) بەرگـی یەکـەم- کۆکردنـەوەی گیـو موکریانـی، بژارکـردن، ڕێکخسـتن، سـاغکردنەوەی زێدەکردنـی، د. کوردسـتان موکریانـی. چاپـی سـاڵی٢٠١٩

٢- ئەمین ئاغای (ئەختەر) حەوێزی ١٨٣٩-١٨٨٨

ئەختـەر، نازنـاوی شـیعری شـاعیری ناسـکی بنەماڵـەی حەوێزیـان ئەمیـن ئاغـا کـوڕی حاجـی بەکـر ئاغـای کـوڕی محەمـەد کـوڕی حەوێـز ئاغایـە، دایکـی (حەلیمـەی کچـی حاجـی یاسـین ئاغـا بـووە و لـە سـاڵی ١٨٣٩دا لـە شـاری کۆیـە وەکـو نۆبـەرەی باوکـی هاتووەتـە دونیـاوە، خوێنـدن بنچینەیـی لـە لای مـەلا ناودارەکانـی کۆیـە فێـر دەبێـت، لـە سـاڵی ١٢٧٠ کۆچـی بەرانبـەر (سـاڵانی ١٨٥٣-١٨٥٤ زایینـی) کـە باوکـی کۆچـی دوایـی دەکات، ئـەم تەمەنـی پـازدە سـاڵان دەبـێ و لـە جێـی دادەنیشـێت، دیوەخانەکـەی دەکاتـە جێـی کـۆڕ و کۆبوونـەوەی شـاعیر و هونەرمەندانـی ئەهلـی زەوق و پیاوماقوڵانـی ئـەو سـەردەمە.

حاجـی قـادری کۆیـی سـەردەمێك و شـێخ ڕەزای تاڵەبانیـش سـەردەمێکی تـر گوڵـی مەجلیسـی (ئەمیـن ئاغـا بـوون) و خۆیشـی لـە تەمەنـی هەرزەکارییـەوە شـیعری کـوردی و فارسـی و تورکـی هۆنیوەتـەوە و لـە سـەرەتادا نازنـاوی شـیعری (ئەمیـن) بـووە، لـە دواییـدا کردوویەتـی

بە(ئەختــەر).

ئەختــەر، وەکــو ســەردەمی باوکــی بــە یــەك چــاو تەماشــای هــەردوو بنەماڵــەی حەوێــزی و غەفــووری کــردووە و مــاوەی بەرپابوونــی هیــچ ســاردی و ناخۆشــییەکی نــەداوە، بــەڵام وەکــو ســەردەمی باوکــی لەگــەڵ ســوڵتان تەبــا نەبــووە.

ئەختــەر شــاعیری غەزەلــی کــوردی بــووە، ئێســتا کۆمەڵــە شــیعرێکی ناســکی مــاوە لــە ســاڵی ١٩٧٦ لەلایــەن نووســەر ئــازاد عەبدولواحیــد و پێداچوونــەوەی کەریــم شــارەزا بــە نــاوی (ئەختــەر شــاعیری جوانــی و دڵــداری) چــاپ کــراوە.

خوالێخۆشــبوو ئەختــەر لــە تەمەنێکــی کورتــی ٤٩ ســاڵیدا و لــە ١٠ی مایســی ســاڵی ١٨٨٨ زایینــی کۆچــی دوایــی کــردووە و لــە گۆڕســتانی عارەبیــان لــە تەنیشــت (قاصــد)ی باوکــی نێــژراوە.

سەرچاوە: (کۆیە لە رەوتی شارستانییەتدا) چاپی ٢٠٠٩

٣- بەکر ئاغای حەمە سەدیق ئاغا ١٩١٧-١٩٧٣/٣/١

خوالێخۆشــبوو (بەکــر ئاغــا کــوڕی ســەدیق کــوڕی ئەســعەد کــوڕی حاجــی مــەلا بەکــر (قاصــد) ئاغــا حەوێزییــە، ئاشــکرایە کــە باپیــرە گــەورەی خوالێخۆشــبوو (بەکــر ســەدیق) حاجــی مــەلا بەکــر ئاغــای حەوێزییــە کــە نازنــاوی شــیعری (قاصــد) ١٧٨٥-١٨٥٣) کــە ناوبانگێکــی زۆری هەیــە، چ لــە بــواری شــیعر و ئەدەبیــات کــە حاجــی قــادری کۆیــی ســەرەڕای جیــاوازی

تەمەن، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ بنەماڵەی (قاصد)دا هەبووە و تەنانەت بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی (قاصد)، وەکو لە دیوانی (قاصد)دا هاتووە (شینێکی بۆ دەگێڕێ و کوڵوکۆی دڵی غەمباری دەردەبڕێ کە دەبێتە سەر شیعری مەزاری هەڵدەڕێژێت و دەڵێ:

**شنیدم دیشب افغان زن و مرد**

**صدا افکند بر طاق زبرجد....هتد**

واتە دوێنێ شەو (شین و واوەیلایەتی ژن و پیاوم بیست، دەنگی ئەو شین و گریانە دەگەیشتە تاقی ئاسمان، پرسیم چی بووە؟ پیاوێك گوتی مەگەر نازانی کێ جیهانی چۆڵ کردووە "ئەبوبەکری یاری غاری ئەحمەد، گوتم کەی وەفاتی کردووە و گوتی (وا ثانی ثنین محەمەد).

خوالێخۆشبوو بەکر سەدیق ئاغای حەوێزی، نەوەی ئەو پیاوە گەورەیە کە قەیسەری کۆیە و مزگەوتی گەورەی کۆیەی دروستکردووە،ساڵی ١٩١٧ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و دایکی ناوی (زبێدە) ئەحمەد سادق ئاغای حەوێزییە، کە خوشکی مێژوونووس و نووسەر خوالێخۆشبوو (تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە. خوالێخۆشبوو بەکر ئاغا ساڵی ١٩٣٧ پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی چووەتە (دارالمعلمین الريفيە) پاش تەواوکردنی بووەتە مامۆستا لە کۆیە.

خوالێخۆشبوو بەکر ئاغا حەمە سەدیق کەسایەتییەکی نیشتمانی و کوردپەروەر بوو لە جووڵانەوەی سیاسی و نیشتمانیدا رۆڵی هەبووە و میری لێی رازی نەبووە و گواستراوەتەوە بۆ (باتاس)، بەڵام سەرەڕای

گواستنەوەی چونکە وازی لە کاری سیاسی نەهێناوە و میری لە پیشەکەی کە (مامۆستایەتییە) دوور دەخرێتەوە و چەند جارێکیش لەسەر کاری سیاسی گیراوە، ئەندامی رێکخراوی کۆمەڵی ئاشتیخوازانی (انصارالسلام) بوو کە لە سەرەتادا یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی بووە لە کۆیە، ساڵی ١٩٤٤ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (خەدیجە) خانی ئامۆزای دەکات، کە دەکاتە کچی (جەمیل ئاغای حەویزی) و لە ماوەی ژیانی هاوسەرگیریدا سێ کوڕ و چوار کچی هەن، ئەوانیش: (ئاودێر، رەنجبەر، سەپان، پەمۆ، خەرمان، پەرێز، پاوان). خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا و لە١٩٧٣/٣/١ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بنەماڵە لە گۆڕستانی (عارەبیان) نێژراوە.

سەرچاوە: لە ٢٠٢٠/٧/٣٠دا بە نووسین لەلایەن ئاودێر بەکر سەدیق بۆم هاتووە.

٤- مەلا رەئووف سەلیم ئاغا ١٩٠٨-١٩٨٠

خوالێخۆشبوو مەلا رەئووف کوڕی سەلیم ئاغای کوڕی ئەمین ئاغا (ئەختەر) کوڕی حاجی (بەکر ئاغای حەوێزی (قاصد)ە، ساڵی ١٩٠٨ لە شاری کۆیە لەدایکبووە و ساڵی ١٩١٤ چووەتە قوتابخانە (حوجرە) بۆ خوێندن و ساڵی ١٩٢٦یش خوێندنی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٠ چووەتە وڵاتی هیندستان و ماوەی شەش مانگ مامۆستا بووە لە قوتابخانەی یەعقوبیە، بە فارسی دەرسی (نحو، صرف، تەجوید) فێری قوتابیان کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە شاری بەسرە و لەلایەن (وەزارەتی

مەعاریـف) لـە قوتابخانـەی "گرمـە علـی" لـە ناحیـەی (حادثیـە) بـۆ مـاوەی سـاڵێك دەرسـی گوتووەتـەوە، پاشـان گەڕاوەتـەوە بەغـدا و بووەتـە (ئیـمام و مودەریـس)ی کـوردان لـە کەمپـی (جبلـە مـەر) بـۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ.

خوالێخۆشـبوو مـەلا رەئـووف هەمیشـە بـە دوای ئەدەبیاتـی کـوردی و فارسـیدا گـەڕاوە و هەڵبەسـتێکی زۆری شـاعیرانی کۆکردووەتـەوە، بـە تایبەتیـش هەڵبەسـتەکانی (حاجـی قـادری کۆیـی و شـێخ رەزای تاڵەبانـی)، سـەرەڕای ئـەوەی دۆسـتایەتی لەگـەڵ شـاعیراندا هەبـووە... لـە بەغـداش گەڕاوەتـەوە کۆیـە لـە مزگەوتـی (جومعـە- مزگەوتـی گـەورە ژووری تایبەتـی لەلایـەن (حاجـی بەکـر ئاغـای حەوێـزی) باپیـری بـۆ تەرخـان کـراوە و سـاڵی ١٩٦٠یـش لەلایـەن دائیـرەی ئەوقـاف لـە هەمـان مزگـەوت بـە (ئیـمام) دانـدرا.

مـەلا رەئـووف زمانەکانـی (کـوردی، عەرەبـی، فارسـی) بـە باشـی زانیـوە و سـاڵی ١٩٧٠ پەرتووکێکـی لەژێـر نـاوی (کوردسـتان و ئایینـی ئیسـلام- هاتنـی سـوپای عومـەری کـوڕی خەتـاب و گرتنـی کوردسـتان) لـە چاپخانـەی (جامعـە) چـاپ کـردووە، وەکـو خـۆی دەڵـێ: (ئەمـەش تاکـە بەرهـەم نییـە بەڵکـوو ئەمانەشـم ئامـادە کـردووە، خـودا یـار بـێ بەمزووانـە ئەیـان خەمـە ژێـر چاپـەوە.

١- ئەهنەسـا و بەهنەسـا ٢- دیوانـی (حاجـی قـادری کۆیـی)م کۆکردووەتـەوە بـۆ ئەمـەش بـە پێویسـتی دەزانـم پێتـان رابگەیەنـم لـە سـاڵی ١٩٢٥ بەشـێکی زۆرم لـە هەڵبەسـتەکانی خوالێخۆشـبوو حاجـی قـادری کۆیـی کۆکـردەوە، بەنیـازی لـە چاپدانـی، بـەڵام خوالێخۆشـبوو

(عەبدولڕەحمان سەعید) داوای چەند هەڵبەستێکی لێکردم و منیش پێشکەشم کرد، ئەویش بە چاپی گەیاند. بەڵام من هەر بەردەوام بووم لە کۆکردنەوەی شیعرەکانی حاجی و زۆری شیعرەکانم کەوتە دەست و لەو کاتە محەمەد تۆفیق وەردی و کاك ساڵح شەمس داوایان لێکردم بۆ خوێندنەوە، کەچی بەبێ ئاگاداری من ناردیان بۆ مامۆستا (گیو موکریانی) و لە چاپیاندا، بەڵام من (دیوانە ئەسلیەکەم) هەیە کە لە کاتی خۆیدا لەناو دیواری ماڵی (ئەمین ئاغا)ی باپیرم (ئەختەر) شاردرابووەوە و جا لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئێستا ئەمە لام ماوە کە چەند هەڵبەست و غەزەلی نایابی تێدان، بەبێ دەستکاریکردن ماوەتەوە و ژمارەی شیعرەکانیشی دەگاتە ١٢٠٠ دێڕ شیعر. نیازمە بەمزووانە بیخەمە ژێر چاپەوە، ئیتر هیوادارم کە بەم بەرهەمەم خزمەتی مێژووی کوردم کردبێت.

٢- خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوایی کرد. خوالێخۆشبوو پێنج کوڕی هەبووە، ئەوانیش: غەفوور، سەباح، بەدرەدین، سەلاح، سەیفەدین. هەروەها خوالێخۆشبووان سەعید فەهیم و ئیسماعیل سەلیم، دوو برای مەلا رەئووف بوون.

سەرچاوەی زانیارییەکان (ئازاد عەبدولعەزیز جەلال حەوێزی) کە ئەویش لە دایکی خاتوو (رووخسار جەمیل ئاغای حەوێزی) وەرگرتووە و بە نووسین لە رێگەی ڤایبەرەوە لە رۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ بۆ نووسەری ئەم بابەتە نادراوە.

## شرۆڤە و روونکردنەوە

لێرەدا لە گێڕانەوەی هەر رووداوێکدا هەندێك شتی تازە تیشکیان دەخرێتە سەر کە پێشووتر کەمتر باسیان لێوە کراوە، لێرەدا عەونی کە لە سەرەتای لاویەتییەوە دۆستایەتی لەگەڵ هەندێك لاوی تازە پێگەیشتوودا هەبووە، هەندێکیان لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باسیان لێوە کراوە، یاخود لە لاپەڕەکانی دواییدا باسیان لێوە دەکرێت لە گێڕانەوەی ئەمڕۆ باسی خوالێخۆشبوو (بەکر سەدیق حەوێزی) دەکات کە چۆن سەردانی ماڵی ئەوانی کردووە و لەلایەن نەنکییەوە (توحفەخان) کە دایکیی دایکی بووە، کچی کەسایەتی و شاعیری کۆیەی خوالێخۆشبوو (ئەمین ئاغای حەوێزی "ئەختەر")ە، بە مەبەستی چڕکردنەوەی زانیارییەکان، لێرەدا خاڵ بە خاڵ دەیخەمەڕوو.

١- پەیوەندی نێوان حاجی قادری کۆیی و ئەمین ئاغا، یەکەمیان لە ئەستەنبۆڵەوە و دووەمیان لە کۆیە کە ئەم پەیوەندییە تا رادەیەك باسی لێوە کراوە، بەڵام ناردنی حاجی قادر لە بەشێك لە شیعرەکانیدا بۆ ئەمین ئاغا تا رادەیەك وەکو پێویست تیشکی نەخراوەتە سەر.

٢- ئەم کۆمەڵە شیعرەی لە ئیستەنبۆڵەوە بۆ کۆیە هاتووە، عەونی باسی لێوە دەکات، خوالێخۆشبوو (مەلا رەئووفی سەلیم ئاغا) کە نەوەی (ئەمین ئاغا)یە، ئەویش باس لە کۆکردنەوەی شیعرەکانی حاجی قادر دەکات و تێیدا لە نامیلکەی (کوردستان و ئایینی ئیسلام) کە ساڵی ١٩٧٠ لە چاپخانەی (جامعە) چاپی کردووە و لەلاپەڕە (٥) سەرەتا نووسیویەتی بە دەق:

(دیوانــی حاجــی قــادری کۆیــی، بــۆ ئەمــەش بــە پێویســتی دەزانــم پێتــان رابگەیەنـم لـە سـاڵی ١٩٢٥دا بەنیازی لە چاپدانی بەشـێکی زۆرم لە هەڵبەسـتەکانی خوالێخۆشـبوو حاجـی قادری کۆیی کۆکـردەوە، بەڵام خوالێخۆشـبوو عەبدولڕەحمان سـەعید، داوای چەنـد هەڵبەسـتێکی لێکـردم و پێشکەشـم کـرد، ئەویـش گەیاندییە چـاپ، بـەڵام مـن هـەر بەردەوامبـووم لـە کۆکردنـەوەی شـیعری حاجـی و زۆری شـیعرەکانم کەوتـە دەسـت، لـەو کاتـەدا کاك محەمـەد تۆفیـق وردی و کاك سـاڵح شەمسـەدین داوایـان لێکـردم بـە خوێندنـەوە، کەچـی بەبـێ ئـاگاداری مـن، ناردیان بـۆ مامۆسـتا گیـوی موکریانـی و لـە چاپیـان دا.)

(بـەڵام مـن دیوانـە ئەسـڵییەکەم هەیـە کە لـە کاتـی خۆیدا لەنـاو دیـواری ماڵی باپیـرم ئەمیـن ئاغـا (ئەختـەر)دا شـاردرابووەوە، جـا لەبـەر هـەر هۆیـەك بووبێـت، ئێسـتا ئەمـە لام مـاوە کـە چەندەهـا هەڵبەسـت و غەزەلـی نایابـی تێدایە).

٣- وا دەردەکەوێـت سـەرچاوەی پەیداکردنـی شـیعرەکانی حاجـی قـادر و وەکـو عەونـی دەڵـێ و مـەلا رەئووفـی سـەلیم ئاغـاش جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە دیوانەکـە (مەبەسـت دەستنووسـەکانە) لـە ماڵـی باپیـری (ئەمیـن ئاغـا)دا بـووە و شـاردرابووەوە.

لێـرەدا پرسـیارێك خـۆی قـووت دەکاتـەوە، ئایـا دیوانـە چاپکراوەکانـی حاجـی قـادر (کـە تاکـو ئێسـتا چەنـد جارێـك چـاپ کـراون) ئایـا لـە بنەڕەتـدا ئەو (شـیعر و غەزەلانـەن) کـە لـە ماڵـی خوالێخۆشـبوو ئەمیـن ئاغـا بـووە؟ پاشـان کەوتووەتـە دەسـت نـەوەی ئەمیـن ئاغـا کـە خوالێخۆشـبوو (مـەلا رەئووفـی سـەلیم ئاغایـە؟) یاخــود تاکــو ئێســتاکە بەردەســت نەکەوتــوون و پێویســتی بــە لێکۆڵینــەوە و بـەدوادا گـەڕان هەیـە؟

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٧-٣٨)
# ڕۆژی گێڕانەوەی ١٩٨٨/٥/٢٤

دەق:

**عەونی گوتی:**

**لە مەحکەمەی (عورفی) بەغدایە داوای (عومەر[١]) ی برام (عەلی عەبدووڵڵا[٢]) کرابوو. ئەوانیش لە کۆیە خۆیان شاردبووەوە و خۆیان بەردەست نەدەدا، ماوەیەك چوونە گوندی (قۆرتەلاس[٣]). (شەهاب سەلیم[٤]) هەولێری مەئموری مەرکەزی بوو لە کۆیە (هەموو جارێ کە ناویان بۆ گرتن دەهات، ئەو بە نهێنی (ئەویش لە حزب دابوو و خەبەری دەداینێ). ماوەیەك لەوێ بوون، ئەوجا هاتنە گوندی (ئیلینجاغی[٥]) گەورە کە سەر بە (تەقتەق) بوو و لەماڵی (شێخ نصرالدین تاڵەبانی) کە برا گەورەی گوندەکە بوو، چل ڕۆژ مانەوە، شەوێك بۆ خۆشووشتن دێنەوە کۆیە بۆ (ماڵی کەریم تۆفیق[٦]) کە ئەویش حیزبی بوو، بۆ خۆشتن لەوێ لەبەر ئیخبارییە ناحەوێنەوە و دەچنە ماڵی (ناحوم[٧])ی جوولەکە کە برادەرمان بوو.**

**ڕۆژی (جومعە) بوو، تەماشام کرد (ناحوم) کەوەر و سەوزە و شتی دەکڕی، گوتم ناحوم ئەو هەموو (شینایەت[٨]) بۆ چییە؟ (جوو) تەڕە و سەوزەیان زۆر بەکار دەهێنا و گوتی: "(ئەوە لە بۆ ڕۆژی شەممەیە[٩]، ئەو شەوە تۆ و کاك ئەحمەدی حەمە مەلا[١٠] و کاك "عومەری مام**

عەبدوڵــڵا[١١]ش وەرنــەماڵــی ئێمــە دەعوەتــن). شــەو کــە چووینــە ماڵــی (ناحــوم) دەرگــەی ژوورێکــی لەنــاو چوورەکــەی دی کــراوە، (عومــەر و عەلــی) لــێ بەدەرکەوتــن، ئێمــە ســەرمان ســوڕما و گوتمــان (ئــەوە چــی دەکــەن لێــرە؟) ئیــدی حیکایەتەکەیــان بــۆ گێڕاینــەوە، چەنــد رۆژ لــە ماڵــی (ناحــوم) مانــەوە، خۆیــان شوشــتووە و زۆری خزمــەت کردبــوون، ناحــوم رۆژی (ژنــی) جاحیلــی کــە هێشــتا هیــچ منداڵیــان نەببــوو، لــەلا بەجێهشــتوون و دڵــی لــێ پیــس نەکــردوون و نەیهێشــتووە کەســیش پێــی بزانێــت، ئیــدی شــەوێ کــە هەڵســاین هــەر کــەس بــرای خۆمــان بــردەوە ماڵــی خۆمــان و زۆر مەمنونــی (ناحوم)یــش بوویــن.

ئیــدی وا رێکــەوت (عەلــی عەبدوڵــڵا) بــۆ بەغــدا دەربــاز کــرا، ئەوجــا (مــن) یــش بــە رێگــەی هەولێــر، (عومــەر)ی برامــی بــردە بەغــدا، هەردووکیــان (عەلــی و عومــەر) لــە ماڵێکــدا خۆیــان شــاردەوە، لــە بەغــدا لەگــەڵ (کاکــە زیــاد) چووینــە ماڵــی (حوســێن جمیــل[١٢]) وەختێــك وەزیــری حیزبــی دیموکراتــی نیشــتمانی بــوو (الحــزب الوطنــی الدیمقراطــی) بــۆ ئــەوەی (چارەیەکیــان) بــۆ بــکات. حوســێن جەمیــل گوتــی: مەحکەمــەی عورفــی نەمــاوە بــا بێــن خۆیــان تەســلیم بکــەن و مەحکەمــە زۆر زۆر شــەش مانگیــان حوکــم دەدات، گوتمــان ئەگــەر خۆیــان تەســلیم نەکــەن، چــی دەبێــت، گوتــی "لەوانەیــە خراپــتر رووبــدات، اعلانــی عورفــی بکرێتــەوە و زیاتــر حوکــم بدرێــن، گوتمــان ئێمــە بــۆ ئــەوە نەهاتوویــن، گوتــم کاکــە زیــاد بــا هەســتین.

هاتمــەوە ئوتێــل لــەوێ (عەونــی یوســف[١٣])یش (دوورخرابــۆوە) پرســمان پێکــرد و گوتــی: (محامــی محەمــەد بابــان[١٤]) وەك ئــاو خواردنــەوە دەتوانــێ ئیشــیان

بـۆ چـاك بـكات. گوتـم: جارێـك ناخۆشیەكمان بـووە، دەترسـم ئیشـەكەمان بـۆ نـەكات. عەونـی هەڵسـا و تەلەفۆنـی بـۆ كـرد و پێـی گـوت: ئـەوە فـڵان كـەس لێرەیـە و دەیەوێـت بـۆ ئیشـێكی وا بێتـە لاتـان، ئـەوكات (محەمـەد بابـان) (محـل)ی هەبـوو، گوتـی: مـادام ئەوەتـان لەگەڵـە، قـەی نـاكات ئێـوە مەیـەن، مـن خـۆم دێـم و بـە ئۆتۆمبێلەكـەی خـۆم دەتـان بـەم بـۆ (محل)ەكـەی خـۆم، هەنـدەی پێنەچـوو محەمـەد بابـان كـە محامـی و خـاوەن "شەخسـییەت بـوو، پەیدابـوو بـە ئوتۆمبێلەكـەی خـۆی هـات و ئێمـەی بـردە لای خـۆی و گوتـی "ئەمـر بكـەن هـەر چییـەك داوا دەكـەن، بۆتـان دەكـەم، گوتمـان بـۆ ئیشـی (عومـەر) و (عەلـی) گوتـی: زۆر ئاسـانە، دوو (معاونـی شـورتەی تەحقیقاتـی جینائـی دەناسـم، یەكێكیـان عائـدی (وصی[15])یـە ئـەوی دیـش معاونـی (عمومی)یـە، موخابـەرەی لەگـەڵ ئـەوەی (عمومـی) كـرد و وەڵامـی دایـەوە و (سوحبەتیشـیان) لەگـەڵ یـەك كـرد و گوتـی: ئەمـە بـە تەلەفـۆن ناكـرێ، وەرنـە ئێـرە و جێبەجێـی دەكەیـن.

كات چووینـە لای "ئیشـەكەی تێگەیانـد و گوتـی: ئەمـن دەزانـم یەكێكیـان (محامی)یـە و ئـەوی دیكـەش (موهەندیـس)ە، دەشـزانم هـەردووك لـە بەغـدان و دەزانـم لـە چ گەڕەكێكـن، بـەڵام نازانـم لـە چماڵێكـن، بـڕۆن بیانهێنـن. چوویـن هەردووكـمان هێنـان و یەكسـەر (ربـط الكفالـە) ی كـردن و گوتـی: (مەحكەمـەی عورفـی نەمـاوە، حەواڵـەی مەحكەمـەی كۆیەیـان دەكەیـن و شـاهیدەكانیش ئەمانـەن: (م. ر) و (م.م [16]) و (ر.چ) و (مالـك سـیف)ن.

رۆژی محاكمـە لـە كۆیـە دانـدرا، (نورەدیـن بەهائەدیـن [17]) لـە كۆیـە حاكـم

بـوو. شـاهیدەکان هاتنـە کۆیـە، خەڵـك زۆر بـە سـووکی تەماشـایان دەکـردن. (م.م) دەیویسـت نـاوی حەمـە زیـاد ئاغـا بێنـێ، بـەڵام لـە (مەحکەمـە گوتـی" کابـرا لــە کۆیــە (موتەنەفیــزە) و ناوێــرم نــاوی بێنــم و ئەمانــە دەیانــەوێ حکوومەتێکـی کـوردی ئیشـتیراکی وەك هـی دەوڵەتەکانـی ئەورووپـای شـەرقی دابمەزرێنــن، (ر.چ) گوتــی: (نــاوی نازانــم و بڕایــەوە. (م) و (م) لــە دەرەوە دەیانگـوت "ئێمـە هـەر رقـمان لـە (عەلی)یـە.

لـە گازینـۆی (سـەعیدی مـەلا ئەحمـەد[١٨]) کـە بەرانبـەر نـادی بـوو، لـەوێ تەماتــە و گندۆرەیــان پێــدادان و بەردبــاران کــران، (عیســا مەرقــوس) (دیــان) ی عەنکاوەیـی کاتبـی شـورتە بـوو، لەگەڵیـان بـوو و سـەری شـکا و هەسـتان چوونـە نـادی (ر.چ) دەیگـوت (حەقیانـە ئێمـە خیانەتمـان کـردووە).

## پەراوێز:

١-٢- مەبەسـت (عومـەر حەبیـب و عەلـی عەبدوڵڵا)یەکـە لـە لاپەڕەکانـی پێشـوودا باسـیان لێـوە کـراوە.

٣- گونـدی (قورتـەلاس) دەکەوێتـە رۆژئـاوای شـاری کۆیـە و رۆژهەڵاتـی هەولێـر لـە دۆڵێکدایـە کـە دەکەوێتـە داوێنـی زنجیـرە چیـای (کێشـکە) و زنجیـرە چیـای (بنەباوی)یـە. دۆڵێکـی قووڵـی درێـژە و گوندەکانـی (عەلیـاوە و قورتـەلاس و کانەبـی) لـەم دۆڵـەدان.

سـەرچاوە (کۆیـە لێکۆڵینەوەیـەك لـە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتان، کامـەران تاهیـر سـەعید).

تێبینـی نووسـەر (کاتێـك هـەردوو تێکۆشـەری خوالێخۆشـبوو لـە گونـدی قۆرتـەلاس بـوون، دەستڕۆیشـتوو و بـرا گـەورەی گوندەکـە (مـەلا فەتاحـی) قۆرتـەلاس غەفـووری بـوو کـە خزمـی کاکـە زیـاد ئاغـای غەفوورییـە و بـە کاریگـەری ئـەو یانـی کاکـە زیـاد مـەلا فەتـاح دەیپاراسـتن و ئاگاداریـان بـوو.

٤- شـەهاب سـەلیم (مەئمـووری مەرکـەزی پۆلیـس، سـەرای کۆیـە بـووە) وەکـو (عەونـی) باسـی لێـوە دەکات، ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کردسـتان بـووە و دڵسـۆزانە بـۆ کاری نیشـتمانی هەمیشـە لـە خزمەتـی تێکۆشـەران و نیشـتمانپەروەراندا بـووە، سـەرەڕای ئـەوەی (ئیـش و شـوێنەکەی حەسـاس

بـووە). (نووسـەر، زۆرم هەوڵـدا لـە ڕێگـەی لیـوای پولیـس (فـاروق ئیبراهیـم شـەریف)ەوە هەنـدێ زانیـاری لـە کوڕەکـەی کـە لـە وەزارەتـی پێشـمەرگەیە، بەدەسـت بهێنـم، بـەڵام هیـچ زانیارییەکـی پێنەدایـن.

٥- ئیلنجـاغ گوندێکـی گەورەیـە و کەوتووەتـە سـنووری ناحیـەی تەقتـەق و لـە ڕووی کارگێڕیـەوە سـەر بـە هەمـان ناحیەیـە، دووری گوندەکـە لـە ناحیەکـەوە ٢٠کـم و بـەرزی ئاسـتی گوندەکـەش لـە ڕووی دەریـاوە (٥٥٠م)، بـەڵام سـەر شـاخەکانی بـە ٣٩٤م خەملێـنراوە.

نـاوی گوندەکـە (ئیلینجـاغ) بـە واتـای خەڵکـی کۆچـەری مـەڕدار هاتـووە لـە زمانـی تورکیـدا، واتـە وشـەکە لـە بنەڕەتـدا (تورکییـە)، ژمـارەی دانیشـتووانی لـە سـاڵی ١٩٧٩ نزیکـەی ٢٠٠ مـاڵ بـووە، بـەڵام ئێسـتا لـە سـاڵی ٢٠٢٠دا نزیکـەی ١٣٥ ماڵـە و ژمـارەی دانیشتووانیشـی ٧٥٠ کەسـە و دووری گوندەکـەش لـە کێڵگەکانـی نـەوت بـە ٣کـم دادەندرێـت. بەرهەمەکانـی ئـەو گونـدە بریتییـە لـە مـەڕداری و چاندنـی دانەوێڵـە و لـە ڕووی خوێندەوارییـەوە ئاسـتی ڕۆشـنبیری یەکـەم گونـدە لەسـەر ئاسـتی قـەزای کۆیـەدا، سـاڵی ١٩٤٧-١٩٤٨ قوتابخانـەی بـۆ کراوەتـەوە و یەکـەم بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەش خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (عەبدولڕەحـمان حاجـی ئەمیـن) بـووە، (ئیلینجـاغ) لـە نێـوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٨٨) لەلایـەن دامودەزگەکانـی حکوومەتـی عێراقـەوە حـەوت جـار سـووتێندراوە.

سەرچاوە (مافپەروەر- ئاراس عەبدولخالق) ٢٠٢٠/٧/٦

٦- کەریم تۆفیق ١٩٢٢-١٩٨٣

نیشـــتمانپەروەر و پێشـــکەوتووخوازی کـــورد (عەبدولکەریـــم تۆفیـــق) ســـاڵی ١٩٢٢دا لـــە کۆیـــە چـــاوی بـــە ژیـــان هەڵێنـــاوە و ســـاڵی ١٩٢٩یـــش چووەتـــە قوتابخانـــەی ســـەرەتایی و ســـاڵی ١٩٣٦ ئـــەم قۆناغـــەی تـــەواو کـــردووە و خوێندنـــی ناوەندیشـــی هـــەر لـــە کۆیـــە تەواوکـــردووە، چونکـــە لـــە یەکەمەکانـــی کۆیـــە بـــوو، چووەتـــە کۆلیـــژی مەلیـــك فەیســـەڵ لـــە بەغـــدا و دوو ســـاڵ خوێندنـــی ئامادەیـــی بـــە زمانـــی ئینگلیـــزی تـــەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٤٢ چووەتـــە کۆلیـــژی (حقـــوق) بـــۆ دابینکردنـــی بژێویـــی ژیانـــی، ســـاڵی ١٩٤٤ بووەتـــە نووســـەر لـــە بەڕێوەبەرایەتیـــی (ئینحســـاری) توتـــن و هەروەهـــا درێـــژەی بـــە خوێندنەکـــەی داوە، تاکـــو لـــە ســـەرەتای هاوینـــی ســـاڵی ١٩٤٧ دا حقوقـــی تـــەواو کـــردووە و بڕوانامـــەی بەکالۆریۆســـی لـــە یاســـادا وەرگرتـــووە و بووەتـــە پارێـــزەر، لـــە دواییـــدا دەکرێـــت بـــە (مولاحیـــزی فەرمانگـــەی ئینحســـاری توتنـــی کۆیـــە) ئەوجـــا لـــە هەڵەبجـــە- ســـلێمانی- هەولێـــر سەرپەرشـــتکاری توتـــن دەبێـــت، بـــەڵام لـــە کودەتـــا شـــوومەکەی ١٩٦٣/٢/٨دا تاکـــو ١٩٦٣/٨/٢١ لـــە ســـلێمانی دەســـتگیر دەکرێـــت و دوای ڕێککەوتننامـــەی ١١ی ئـــازاری ســـاڵی ١٩٧٠ بـــە مەرســـوومێکی کۆمـــاری دەکرێـــت بـــە بەڕێوەبـــەری ئینحیســـاری گشـــتی توتـــن لـــە بەغـــدا و لـــە هەمانکاتیشـــدا دەبێتـــە سەرنووســـەری گۆڤـــاری (توتـــن) تاکـــو لـــە ١٩٧٢/٢/١٢دا خانەنشـــین دەکـــرێ و دوای ژیانێکـــی ٦١ ســـاڵی، ڕۆژی ١٩٨٣/٦/١٦ لـــە شـــاری بەغـــدا کۆچـــی دوایـــی کـــردووە.

خوالێخۆشـــبوو مامۆســـتا کەریـــم تۆفیـــق لـــە هەرەتـــی لاویەتییـــەوە

تێکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە و لە سەرەتادا چووەتە پاڵ رێکخراوێکی مارکسی (یەکێتیی تێکۆشین) و پاشانیش لەگەڵ ئەندامە چالاکەکانی ئەو رێکخراوە، ساڵی ١٩٤٤ چووەتە ریزی حیزبی شیوعیی کوردستان، ئۆرگانی حیزبەکەش ناوی (شۆڕش) بوو، بۆیە ناوی ئەو حیزبە هەر بە ناوی (حیزبی شۆڕش)وە ناسراوە، ئەو حیزبە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا بەرنامەکەی جیاوازییەکی وای لەگەڵ هەر حزبێکی تری شیوعیدا نەبووە، بەڵام لە هەمانکاتدا لایەنە نەتەوەیەکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی فەرامۆش نەکرد و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٤٥ حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەتووخواز بە ناوی (رزگاری) دامەزرا، ئەو دوو حیزبەش واتە (شۆڕش و رزگاری) لەپێناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونە پاڵ پارتی دیموکراتی کورد، کە لە ١٩٤٦/٨/١٦ لە بەغدا دامەزرا، لە ماڵی (سەعید فەهیم حەوێزی) و تێیدا خوالێخۆشبوو کەریم تۆفیق بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

سەرچاوە (قاموسی ناوە نەمرەکان- ئامادەکردن و سەرپەرشتی (مومتاز حەیدەری) بابەتەکە لەلایەن خوالێخۆشبوو کەریم شارەزا ئامادە کراوە.

٧- (ناحــوم) مرۆڤێکــی بــە رەگــەز جوولەکــەی لەدایکبــووی خەڵکــی کۆیــە بــووە، ســاڵی لەدایکبوونــی نەزانــدراوە، بــەڵام وا پێدەچێــت لەدایکبــووی ناوەنــدی بیســتەکانی ســەدەی رابــوردوو بووبێــت، لــە ئاکامــی باســکردنێکی زۆری (عەونــی) و ئەحمــەدی حەمــە مــەلا و عومــەر عەبدوڵــڵا ئەمیــن، خوێندنــی تاکــو قۆناغــی ناوەنــدی بــووە و لــە ســاڵی ١٩٤٨ بووەتــە ئەندامــی پارتــی و دڵســۆزی رێبــازە نیشــتمانییەکەی بــووە و بۆیــە دوو لــە ئەندامانــی پارتــی پێشــکەوتوو و کاتێــك لــە گونــدی (ئیلینجــاغ) بــە نهێنــی دێنــەوە کۆیــە، یەکســەر روو لــە ماڵــی (ناحــوم) دەکــەن، کــە ماڵەکەیــان نزیــك لــە مەیدانــی خــوارەوەی کۆیــە بــووە.

٨- (شــینایەتی) دەســتەواژەی شــینایەتی، تــەڕە بەرانبــەر بــە دەســتەواژەی (ســەوزە) بــەکار دێــت کــە بریتییــە لــە (تــوور، کــەرەوز، کــەوەر، تەرەتوولــە، شــبیت).

٩- رۆژی شــەممە، رۆژی شــەممە لــە حەفتــەدا ئاگرکردنــەوە لای جوولەکــە لــە مــاڵ حەرامــە، بۆیــە رۆژی پێشــووتر خواردنــی رۆژی شــەممە ئامــادە دەکــەن، زۆر جــار بــە مەبەســت گەرمکردنــەوەی خواردنەکەیــان دەیانهێنایــە ماڵــە موســڵمان و دیانەکانــی ناســیاو و دۆســتیان.

١٠-١١- خوالێخۆشبووان ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵلا ئەمین لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسیان لێوە کراوە.

١٢- پارێزەر حوسێن جەمیل ١٩٠٨/٢/٨- ٢٠١١/١٢/٧

خوالێخۆشبوو (حوسێن کوڕی ئەحمەد، لە بنەماڵەی (جەمیل بەغدادی)یە، ساڵی ١٩١٧ دەچێتە قوتابخانە و پاش خوێندنی قورئان لە سوختەکانی بەغدا، پاش دوو ساڵ لە چوونی بۆ قوتابخانە لەگەڵ باوکیدا دەچێتە پارێزگەی (عماره)، چونکە باوکی قازی دەبێت و لە دادگەی عماره، پاشان گەڕاوەتەوە بەغدا و لە (الثانویە المرکزیە) دواناوەندی تەواو کردووە و ساڵی ١٩٢٧یش لە کۆلیژی ماف وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی خۆپیشاندانی ئەوساڵە لە کۆلیژ (فصل) کراوە، بۆیە ناچار دەبێت بەرەو دیمەشق سەفەر بکات و درێژە بە خوێندن بدات و ساڵی ١٩٣٠ لە کۆلیژی ماف لە دیمەشق تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە (عێراق) و دەستبەکاری پارێزەری دەکات. حوسێن جەمیل یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (الحزب الوطنی الدیمقراطی) لە ساڵی ١٩٥٦، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٠ کاتێك (جودت الایوبی) دەبێتە سەرۆکوەزیران، حوسێن جەمیل دەبێتە وەزیری داد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٥٧ چوار جار وەك نەقیبی پارێزەرانی عێراق هەڵدەبژێردرێت و لە ١٩٥٩/٢/١٠ لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا دەبێتە وەزیری ئیرشاد، بەڵام پاش دوو رۆژ بەهۆی هەڵوێستێکی

عەبدولکەریم قاسم دەربارەی داخستنی رۆژنامەی (اتحاد الشعب)ی حیزبی شیوعیی عێراق، ئیستیقالە دەکات.

دەربارەی یاسا و مافی مرۆڤ، چەندین کتێبی لە چاپ داون و سەرەڕای چەندین وتار لە رۆژنامەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق.

حوسێن جەمیل رۆژی ٢٠٠١/١٢/٧ لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات. (سەرچاوە: گوگڵ).

١٣- عەونی یوسف ١٩٠٨-١٩٨٨

خوالێخۆشبوو مامۆستا عەونی یوسف، ساڵی ١٩٠٨ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، ئەم زاتە کوڕی یوسف ئەفەندی، قازی هەولێر بووە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەستی بە خوێندنی دەرسی ئایینی و زمانی عەرەبی کردووە و ساڵی ١٩٢١ چووەتە قوتابخانەی میری و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و خوێندنی ئامادەیشی لە قوتابخانەی دواناوەندی مەرکەزی لە بەغدا تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٣٤یش لە کۆلیژی (حقوق) وەرگیراوە و ساڵی ١٩٣٩یش خوێندنی کۆلیژی تەواو کردووە و بووەتە پارێزەر، ساڵی ١٩٤٠ تێکەڵ بە بزووتنەوەی کوردایەتی بووە و بووەتە ئەندامێکی چالاکی (حیزبی هیوا) و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ئابی ساڵی ١٩٤٦دا وەك ئەندامێکی دیاری ئەو حیزبە و ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی بووە و لەم کۆنگرەیەدا بە ئەندامی یەکەمین لیژنەی ناوەندی

(پ.د.ك) هەڵدەبژێردرێــت.

پـاش شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨ کـراوە بـە سـەرۆکی دادگـەی کەرکـووك و لـە ١٩٥٩/٧/١٣ بووەتـە وەزیـری ئەشـغال لـە حکوومەتەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم تـا سـاڵی ١٩٦٠ جارێکـی دیکـە گەڕاوەتـەوە بـۆ کاری پارێـزەری و لـە دوای کودەتـا شـوومەکەی ١٩٦٣/٢/٨یـش چووەتـە ریـزی شۆڕشـی ئەیلـوول و سـاڵی ١٩٦٤ گەڕاوەتـەوە هەولێـر، لـە هەولێـر و بەغـدا سـەرقاڵی کاری پارێــزەری بــووە و توســقاڵێك لــە ڕێبــازی کوردایەتــی لای نـەداوە، خوالێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٨٠ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٨٨/٧/١٥ لـە شـاری بەغـدا لـە نەخۆشـخانەی (ابـن البیطـار) کۆچـی دوایـی کـردووە و تەرمەکـەی هێنرایـەوە هەولێـر و بـە خاکسـپێردرا.

سەرچاوە:

(قامووســی نــاوە نەمــرەکان- بەرگــی یەکــەم- ئامادەکردنــی: مومتــاز حەیــدەری، چاپــی ســاڵی ٢٠١٤).

١٤- پارێزەر محەمەد بابان ١٩١٦-١٩٩٩

خوالێخۆشـبوو (محەمـەد کـوڕی جەمیـل بـەگ، کـوڕی مەجیـد پاشـای بابانــە) ســاڵی ١٩١٦ لــە قــەزای کفــری ســەر بــە پارێزگــەی کەرکــووك لەدایکبــووە و خوێندنــی ســەرەتایی لــە کفــری تەواوکــردووە و ســاڵی ١٩٣٦ لــە کۆلیــژی (حقــوق) لــە بەغــداوە وەریگــراوە، هەروەهــا ســاڵی ١٩٤٠ بەکالۆریۆســی لــە یاســادا وەرگرتــووە و بووەتــە پارێــزەر، هیــچ کاتێکیــش

وەزیفـەی حکوومەتـی وەرنەگرتـووە، سـاڵی ١٩٧٥ پـاش ئـەوەی جەڵتـەی مێشـك لێـی دەدا و مـاوەی بیسـت و چـوار سـاڵ بـە (شـەلەلی) دەمێنێتـەوە تاکـو ڕۆژی کۆچـی دوایـی لـە سـاڵی ١٩٩٩ لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی دەکات.

هاوسـەری خوالێخۆشـبوو محەمـەد بابـان نـاوی خاتـوو (فکـرت عبدالفتـاح)ە، تاکـو ڕۆژی کۆچـی دوایـی بـە دڵ و بـە گیـان خزمەتـی کـردووە. خوالێخۆشـبوو محەمـەد بابـان بـڕوای تـەواوی بـە ئـازادی و فەرمانڕەوایەتـی دیموکراتـی هەبـوو، بۆیـە کاتێـك لـە بـەرەی بەرهەڵسـتکاران (المعارضـە)ی حکوومـەت دابـووە و نزیـك بـە بـەرەی نیشـتمانیی عێراقـی بـە تایبەتیـش سـاڵی ١٩٥٦ کاتێـك هێرشـی سـێقۆڵی بـۆ سـەر میسـر ئەنجامـدرا و ڕەشاشـێکی هەبـوو، ئەویشـی پێشـکەش بـە (سـەفارەتی میسـر) لـە بەغـدا کـرد، وەکـو ئاماژەیـەك بـۆ بەشـداری کـورد بـە گیـان و بـە چـەك لەگـەڵ برایانـی عەرەبـدا.

خوالێخۆشـبوو لـە چەندیـن خولـی هەڵبژاردنـی سـەندیکای پارێزەرانـی عێـراق، خـۆی پاڵاوتـووە و لـە هەمووشـیاندا سـەرکەوتوو بـووە و سـاڵی ١٩٦٦ بووەتـە نەقیبـی پارێـزەران، سـەرەڕای بەشـداری لـە چەندیـن کۆنگـرەی نێودەوڵەتیـی پارێزەرانـدا کـردووە، بـۆ نموونـە:

١- کۆنگرەی لەندەن لە ساڵی ١٩٥٠

٢- کۆنگرەی مەدرید لە ساڵی ١٩٥٤

٣- کۆنگرەی لوبنان لە ساڵی ١٩٥٥

٤- کۆنگرەی دیمەشق لە ساڵی ١٩٥٦

خوالێخۆشــبوو لــە نزیکەکانــی کەســایەتی نــاوداری کــورد (مەعــرووف جیــاوك ١٨٨٥-١٩٥٨) بــووە و لــە پەنجاکانــی ســەدەی رابــوردوودا بەشــدارییەکی تــەواو لــە بەرەوپێشــبردنی دیانــەی ســەرکەوتنی کــوردان کــردووە و لــە کتێبــی (مأســاة بــارزان المظلومــە- کــە مەعــرووف جیــاوك) نووســیویەتی و بــڵاوی کردووەتــەوە، لــەم کتێبــەدا خوالێخۆشــبوو (محەمــەد بابــان وێنەیەکــی لەگــەڵ بارزانیــی نەمــر)دا هەیــە (لاپــەڕە ١٨٠) کاتــێ بارزانــی ســاڵی ١٩٤٣ بــۆ وتووێــژ چووەتــە بەغــدا.

ســاڵی ١٩٥٨ محەمــەد بابــان دیدەنــی ســەرکردەی شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨ (عەبدولکەریــم قاســم)ی کــرد، کــە عەبدولکەریــم داوای لــێ کــرد ببێتــە پارێــزگاری ســلێمانی، بــەڵام ئــەو قەبووڵــی نەکــرد، یاخــود ســەفیری عێــراق لــە وڵاتێکــی دەرەوە، چونکــە پیشــەی پارێــزەری لاباشــتر و گرنگــتر بــوو کــە تــا دواســاتەکانی ژیانــی کاری تێــدا کــرد، لــە هەمانکاتــدا یەکێــك لــە دامەزرێنەرانــی (نــادی ســیروان) بــوو لــە بەغــدا، خوالێخۆشــبوو ســێ کــوڕ و کچێکــی هەیــە:

١- جەمیل ئەندازیار و ماجستێر لە نەوت و دەرچووی بەریتانیا.

٢- جەمشید ئەندازیاری مەدەنی زانکۆی بەغدا ١٩٧٧

٣- جیهان ئەندازیاری کارەبا زانکۆی تەکنەلۆژیا ١٩٨١

٤- جمانە دەرچووی زانکۆی موستەنسریە (کتێبخانە) ساڵی ١٩٧٤.

سەرچاوە:

- جەمشــید محەمــەد بابــان کــوڕی خوالێخۆشــبوو محەمــەد بابــان بــە

نووسـین لـە ڕێگـەی ڤایبـەرەوە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٠ بـۆی نـاردووم.
- سەرچاوە (اعلام الکورد- الجز الاول ص ٤٨٥- نووسینی جەمال بابان.

١٣- (وصی) الوصی علی عرش العراق ١٤-١١-١٩١٣/١٤-١٩٥٨/٧/١٤

خوالێخۆشـبوو ئەمیـر عەبدولئیـلا کـوڕی مەلیـك عەلـی کـوڕی شـەریف حوسـێنە، لـە ١٩١٣/١١/١٤ لـە شـاری (الطائـف) لـە وڵاتـی حجـاز (سـعودیە) ی ئێسـتا لەدایکبـووە و بـرازای مەلیـك فەیسـەڵی یەکەمـی پاشـای عێراقـە. عەبدولئیـلا لـە کۆلیـژی ڤیکتۆریـا لـە شـاری ئەسـکەندەرییەی وڵاتـی میـسر خوێندوویەتـی و سـاڵی ١٩٣٩ بـوو بـە سەرپەرشـتیاری مەلیـك فەیسـەڵی دووەم، پـاش ئـەوەی مەلیـك غـازی باوکـی لـە سـاڵی ١٩٣٩ بـە ڕووداوی (ئۆتۆمبێـل) کۆچـی دوایـی کـرد تاکـو سـاڵی ١٩٥٣ بەسەرپەرشـتیاری مەلیکـی دووەم مایـەوە، چونکـە (فەیسـەڵی دووەم لـەو کاتـەدا سـاڵی ١٩٣٩ تەمەنـی شـەش سـاڵان بـوو، بۆیـە سەرپەرشـتیاری (وصـی) بـوو دانـدرا کـە ئەویـش عەبدولئیـلای خاڵـی بـوو.

خوالێخۆشـبوو عەبدولئیـلا سـێ ژنـی هێنـاوە، یەکەمیـان خاتـوو (قەلـەك فیـض)ی میـسری بـوو. دووەمیـان خاتـوو (فائیـزە تەرابلـوس)، ئەویـش هـەر میـسری بـوو، ژنـی سـێیەمی خاتـوو (هیـام)ی کچـی کەسـایەتی نـاوداری عێراقـی (امیـر ربیعـە) بـوو.

کاری سەرپەرشـتیارەکە ( الوصـی) لەسـەر مەلیـك فەیسـەڵی دووەمـی لـە سـاڵی ١٩٣٩تاکـو١٩٥٣/٥/٢ خایانـد.

رۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ بەشـێوەیەکی زۆر دڕندانـە و لەگـەڵ خانـەوادەی لـە کۆشـکی پاشـایەتی (کوشـکی رحـاب)دا کـوژران و پاشـان لاشـەکەیان راکێشـان و بـە دارەوەیـان کـردن و لـە هـەر سێ ژنەکەیـدا منداڵـی نەبـووە.
سەرچاوە(گوگڵ- وصی عبدالاله)

١٤- (م-ر، م-م، ر-چ) پیتـی نـاوی ئـەو سـێ کەسـەیە کـە لـە دەرەوەی کۆیـەوە هاتبـوون بـۆ شـاهیدی لەسـەر خوالێخۆشـبووان (عومـەر حەبیـب و عەلـی عەبدوڵـڵا) بـدەن، بـەڵام بـە نیسـبەت (مالیـك سـەیف) خەڵکـی شـاری (عمارە)یـە و سـاڵی ١٩١٧ لـەو شـارە لەدایکبـووە و بـە رەگـەز (صائیبـەی مندائیـە) کـە ئەویـش ئایینێکـە لـە خـوارووی عێـراق بـە تایبەتـی لـە پارێزگـەی (عـمارە) کەسـایەتی گەورەیـان لـێ هەڵکەوتـووە، وەکـو (دکتـۆر عەبدولجەبـار عەبدوڵـڵا) یەکـەم سـەرۆکی زانکـۆی بەغـدای پـاش شۆڕشـی ١٩٥٨/٧/١٤.. مالیـك سـەیف پیشـەی مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو لـە هەرەتـی لاویەتییـەوە لـە سـاڵی ١٩٤١ چـووە ریـزی حیزبـی شـیوعیی عێـراق و بووەتـە لێپـرسراوی لیژنـەی شـاری (عـمارە)، پـاش گرتنـی (فەهـد)ی سـکرتێری حیزبـی شـیوعی، مالیـك سـەیف بـۆ ئەندامـی لیژنـەی ناوەنـدی ئـەو حیزبـە، پـاش ئـەوەی لـە عـمارە بـۆ بەغـدا گوێزرایـەوە، بـەڵام بەهـۆی خیانەتـی (یەهـودا سـەدیق) کـە لێپـرسراوی یەکەمـی ئـەو حیزبـە بـوو، (مالیـك سـەیف)یش زۆر بـێ شـەرمانە گەورەتریـن خیانەتـی لـە حیزبـی شـیوعی کـرد و کەوتـە وێـزەی حیزبـی شـیوعی کـە تێیـدا

دائیـرەی (التحقیقـات الجنائیـە) لـە رۆژی ١٩٤٨/١١/١١ تەنانـەت چاپخانـە و ماڵـە نهێنییەکانـی حیزبیشـی تەسـلیم بـە حکوومـەت کـرد، یەکێـك لـە شـایەدەکان کـە هاتووەتـە کۆیـە (مالیـك سـەیف)ی خائیـن بـوو، بـێ ئـەوەی هیـچ پەیوەندییەکـی بـە پارتییـەوە هەبووبێـت، وەکـو شـایەدەکانی دیکـە هـەر هەموویـان (شـیوعی) رووخـاو بـوون کـە خیانەتیـان لـە حیزبـی شـیوعی و بزووتنـەوەی ئازادیخوازیـی کوردسـتانیش کـرد.

زانیـاری دەربـارەی خـودی (مالـك سـیف) لـە کتێبـی (العـراق- الکتـاب الثانـی- الحزبـی الشـیوعی) نووسـەر/ حنـا بطاطـو وەرگیـراوە.

١٥- دادوەر نورەدین بهائەدین ١٩١٤-١٩٨١/١١/١١

خواڵێخۆشـبوو (نورەدیـن بەهائەدیـن) سـاڵی ١٩١٤ لـە کەرکـووك لەدایکبـووە و خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کەرکـووك تـەواو کـردووە و بـۆ تەواوکردنـی خوێندنـی ئامادەیـی رووی لـە بەغـدا کـردووە و هـەر لـەوێ ئـەو قۆناغەشـی بڕیـوە و لـە ئامـادەی ناوەنـدی (الاعدادیـە المرکزیـە)، پـاش تەواوکردنـی قۆناغـی ئامادەیـی، چووەتـە کۆلیـژی (حقـوق) لـە بەغـدا و لـە سـاڵی خوێندنـی (١٩٤١-١٩٤٢) بەکالۆریۆسـی لـەم بـوارەدا بەدەسـت هێنـاوە، خواڵێخۆشـبوو هـەر سـێ زمانەکانـی: کـوردی، عەرەبـی، تورکـی زانیـوە، لەگـەڵ هەنـدێ لـە زمانـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی.

خواڵێخۆشـبوو لـە ١٩٤٢/٨/١٨ بـە بەڕێوەبەری ناحیەی برادۆسـت دامەزراوە، پاشـان بـە هەمـان وەزیفـە گوێزراوەتـەوە بـۆ ناحیـەی (دێـرە حریـر) ئەوجـا

بـە بەڕێوەبـەری ناحیـەی (الملحـە) لـە (حویجـە) پـاش ماوەیـەك خزمەتـی وەزیفـەی گوێزراوەتـەوە بـۆ وەزارەتـی (داد "العـدل)  و بـە حاکمـی قـەزای روانـدز لـە ١٩٤٥/١١/٦ دانـدراوە، پاشـان بـۆ قـەزای کۆیـە گوێزراوەتـەوە، لـەو ماوەیـەدا خزمەتـی وەزیفـی بـۆ (بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی ڕێکخسـتنی ئـەرازی (مدیریـە التسـویە العامـة لـلأراض) گوێزراوەتـەوە و کـراوە بـە یاریـدەدەری (معاونـی ڕێکخسـتنی ئـەرز) لـە لقـی قەرەتەپـە، بـەڵام دیسـان پـاش ماوەیـەك خزمەتـی گوێزراوەتـەوە بـۆ وەزارەتـی داد و یەکسـەر کراوەتـەوە حاکمـی قـەزای مەخمـوور و لەوێـوە بـۆ حاکمـی بەرایـی کەرکـووك (بـداءة کەرکـووك)، پاشـان بـۆ دادگـەی کۆیـە لـە ١٩٥٦/٧/١٦ وەکـو حاکـم پـاش ماوەیـەك بـۆ دادگـەی بەرایـی کەرکـووك و ئەوجـا بـۆ کفـری و لەوێشـەوە بـۆ (حلـە) کاتێـك کـە لـە (حلـە) دەبـێ فەرمانـی بـۆ دەردەچێـت بـە بەرزکردنـەوەی بـۆ جێگـری دادگـەی (اسـتناف)ی کەرکـووك، پـاش کەرکووکیـش کراوەتـە سـەرۆکی دادگـەی (اسـتیناف)ی مووسـڵ، پـاش ماوەیـەك دەکرێتـە سـەرۆکی دادگـەی (اسـتیناف)ی (بـەسرە)، لـە مانگـی ئابـی سـاڵی ١٩٦٥دا بەرزکرایـەوە بـۆ ئەندامیەتـی دادگـەی تەمیـز و سـاڵی ١٩٧١ بـە (ئینتـداب) دەکرێتـە سـەرۆکی دادگـەی (ئیسـتنیاف) لـە کەرکـووك، بـەڵام لـە هەمـان سـاڵدا دەیگێڕنـەوە بـۆ ئەندامیەتـی دادگـەی (تەمییـز) تاکـو لـە ١٩٧٧/٧/١ بەهـۆی گەیشـتنی تەمەنـی بـۆ ٦٣ سـاڵ خانەنشـین دەکرێـت و لـە ١٩٨١/١١/١١ لـە تەمەنـی ٧٧ سـاڵیدا و لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی دەکات، جەنازەکـەی بـۆ شـارە خۆشەویسـتەکەی خـۆی (کەرکـووك) دەبردرێتـەوە و بـە خاکدەسـپێردرێت.

خوالێخۆشبوو حاکم نورەدین بەهائەدین لە ژیانیدا مرۆڤێکی راستگۆ، بە هەڵوێست، نەترس و بە تەواوەتی پاڵپشتی یاسا و ریساکانی یاسا بووە، سەرەڕای فەرمانبەرایەتی میری، بەڵام مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەریش بووە، کاتێك ساڵی ١٩٥٦ لە کۆیە حاکم بوو، هێرشە سێقۆڵییەکەی (العدوان الثلاث) کە بریتی بوون لە وڵاتانی (فەرەنسا، بەریتانیا، ئیسرائیل) بۆ سەر وڵاتی میسر، خەڵکی کوردستان هاوسۆزی تەواویان لەگەڵ وڵاتی میسردا دەربڕی، تەنانەت لە شاری کۆیە، وەك هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان، قوتابیانی قۆناغی ناوەندی کۆیە بە کۆمەڵ خۆپیشاندانێکی پڕ لە جۆش و خرۆشیان کرد و لە ئاکامدا قائیمقامی کۆیەی ئەو کاتە، فەرمانی دەستگیرکردنی (توقیف)ی قوتابیانی دەرکرد، چونکە ئەوکاتە (الاحکم العرفیە) پەیڕەو دەکرا، قائیمقام دەیتوانی ئەو جۆرە فەرمانانە دەربکات، بەڵام خوالێخۆشبوو حاکم نورەدین بەهائەدین دەبووایە، چونکە حاکم بۆ ئیفادەی قوتابییەکانی وەرگرت و ئەوراقەکانی بۆ (الحاکم العسکری فی کرکوك) نارد لە هەمان رۆژدا داوای ئازادکردنیانی کرد، لە دوای ئەوە، لەسەر داوای ئەو، قوتابییەکان ئازاد کران.

لە هەڵوێستێکی جوامێرانەی دیکەدا کاتێك بە ئینتداب سەرۆکی دادگەی (ئیستنیاف) بوو لە کەرکووك، لەوکاتەش (شکری الحدیثی) پارێزگاری کەرکووك بوو، خوالێخۆشبوو (عەزیز شەریف) لەو سەردەمەدا وەزیری داد دەبێت، داوا لە حاکم نورەدین دەکات سەردانی

پارێـزگار بـکات، بـەڵام حاکـم نورەدیـن جوامێرانـە بـە عەزیـز شـەریف دەڵـێ: (مـن ناچمـە زیارەتـی ئـەو، چونکـە ئـەو نەهاتووەتـە زیارەتـی مـن، مـن مولاحیـزی تاپـۆ نیـم تاکـو زیارەتـی بکـەم و مـن لـە سـێ پارێزگـە تەمسـیلی دەسـەڵاتی قەزایـی دەکـەم.

پـاش رێککەوتننامـەی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ دەبێتـە ئەندامـی ئـەو لیژنەیـەی کـە خوالێخۆشـبوو (سـامی عەبدولڕەحـمان) سـەرۆکایەتی دەکـرد کـە دامەزرابـوو بـە مەبەسـتی وتوویـژ لەگـەڵ لایەنـی حکوومـەت لـە بەغـدا، دەربـارەی (یاسـای ئۆتۆنۆمـی) پێـش راگەیاندنـی کـە چەنـد کەسـایەتییەکی دیکـەی کوردیشـی تێدابـوون، وەك بەهائەدیـن قوتـب، دکتـۆر شـاب تومـا مەنسـوور، فائـق هۆشـیار، بـەڵام دکتـۆر شـاب ئامـادەی هیـچ کۆبوونەوەیەکـی نەکـرد.

رەچەڵەکـی حاکـم نورەدیـن بەهائەدیـن دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بنەماڵەیـەی کـە فەرمانڕەوایەتـی ئیمارەتـی سـۆرانی دەکـرد و باوکیشـی قائیمقـام بـووە لـە زەمانـی دەوڵەتـی عوسـمانیدا و باپیرەشـی سـاڵح ئەفەنـدی ئەویـش لـە کەرکـووك دادوەر بـووە، دایکیشـی (دایکـی حاکـم نورەدیـن) (فاتیمـە زەهـرا هانـم) کچـی خورشـید بـەگ کـوڕی فەتـاح بـەگ کـوڕی رەسـووڵ پاشـای روانـدزە کـە بـرای محەمـەد پاشـای بەناوبانـگ بـە (پاشـا کـۆرە) دوا ئەمیـری ئیمارەتـی سـۆران بـووە.

سـەرچاوەی ئـەو زانیارییانـە بـە دەق لەلایـەن دادوەر و وەزیـر و پەرلەمانتـار دارا نورەدیـن بەهائەدینـەوە لـە رۆژی ٢٠٢٠/٧/١٩ وەرگیـراون.

١٦- سەعیدی مەلا ئەحمەد ١٩٢٦-٢٠٠٧

خوالێخۆشبوو (سەعید کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی یونس) ساڵی ١٩٢٦ لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری کۆیە هاتووەتە دونیاوە، حەمە سەعید یەکێکی بە دەرەوەی بنەماڵەی ساڵحی بوو، ئەو بنەماڵەیە لە دوای رووخانی قەڵای دمدم لە برادۆستەوە هاتوونەتە کۆیە، حەمە سەعید خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی کۆیە خوێندووە و لە ساڵی ١٩٤١ -١٩٤٢ دا لەگەڵ مامۆستا کەریم شارەزا، قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوون و لەسەر یەکەمی پۆلەکە، کێبڕکێیان کردووە. کاك سەعید شیعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادری کۆیی ئەزبەر دەکرد و بە دەنگی بەرز لە کاتی ریزی بەیانیاندا دەیخوێندنەوە، پاش قۆناغی سەرەتایی لای کوێخایەکی توتنەوان کە خزمی خۆی بوو، بوو بە نووسەر (کاتب)، لە سەرەتای کاری سیاسیدا لایەنگری حیزبی (هیوا) بوو، بەڵام لە دواییدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو (عوسمان مستەفا خۆشناو) و چەند تێکۆشەرێکی دیکە، کۆمەڵێکی سیاسیان بەناوی (کۆمەڵەی دەنگ) دروست کرد، بەڵام لە کاتێك حیزبی رزگاری نیشتمانی (تحرر) گەیشتە کۆیە کە رابەرەکەیان مامۆستایانی تێکۆشەر (کەریم ئەحمەد و جابیر پیرداود) بوون کۆمەڵەی دەنگیان تێکەڵ بە حیزبی (تحرر) کرد کە باڵێکی ئاشکرای حیزبی شیوعیی عێراق بوو، چەند ساڵێك خەباتی بێ وچانی کرد لەو حیزبەدا و لە یەکەم خۆپیشاندانەکانی کۆیە، یەکەمین (هوتاف) لێدەری بوو، ساڵی ١٩٤٧ لەناو بازاڕی کۆیە

(هوتافـی بڕۆخـێ ئیسـتعمار  و بـژی جەمـاوەری میللـەت) لەسـەر شـانی خۆپێشـاندەران لێـدراو خەڵکەکـەی سەرسـام کـرد، حەمـە سـەعید چەندیـن جـار لەسـەر هەڵوێسـتی نیشـتمانی گیـراوە، بـەڵام هیـچ کاتێـك کۆڵـی نـەداو وەکـو نیشـتمانپەروەرێکی دڵسـۆز مایـەوە، لـە دوا ساڵەکانی ژیانیـدا ماڵـی هێنایـە هەولێـر و لـە سـاڵی ٢٠٠٧ لـە تەمەنـی ٨١ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد و ئێسـتاکە کـوڕە تێکۆشـەرەکانی نامەکـەی لـە مەیدانـی سیاسـیدا تـەواو دەکـەن.

سـەرچاوە (کەریـم شـارەزا- "گۆڤـاری کەکـۆن" ژمـارە٣٠ کانوونـی دووەمـی ٢٠١٤

**تێبینـی نووسـەر:** خوالێخۆشـبوو سـەعیدی مـەلا لـەو سـەردەمە و تاکـو کۆتایـی پەنجـاکان، گازینـۆ و چایخانـەی هەبـوو (بەنـدە- نووسـەر) لەبیرمـە سـاڵی ١٩٥٤ چایخانـە هاوینەکـەی بەرانبـەر (سـەرای تـازەی پـاش سـاڵی ١٩٥٨ و لـە تەنیشـت باڵەخانـەی مەحکەمـەی کۆیـە و کۆبوونەوەیەکـی گـەورەی لێکـرا لـە پێشـەوە بـە دروشـمێکی گـەورە نووسرابـوو (بمـری حیلفـی تورکیـا و پاکسـتان) کـە بـە مەبەسـتی (حیلفـی بەغـدا) بـۆ ئێمـەش کـوڕە منداڵانـی گەڕەکـی بەفریقەنـدی دوو دوو و سـێ سـێ لـە پەنـای خەڵکەکـە گوێـمان لـە وتـار و هۆتـاف لێـدان دەگـرت و دوایـی پۆلیـس هاتـن و کۆبوونەوەکـە بـڵاوەی لێکـرا.

## شرۆڤە و ڕوونکردنەوە

درێژترین گێڕانەوە کە عەونی بۆ مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی لێیدواوە، مامۆستا حەوێزیش لە لاپەڕەکانی کەشکۆڵەکەیدا (لاپەڕە ٣٧ و ٣٨) تۆماری کردوون، ئەم گێڕانەوەیە باس لە چارەنووسی دوو تێکۆشەری ڕێگەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دەکات، ئەوانیش خوالێخۆشبووان (عەلی عەبدوڵڵا و عومەر حەبیب)ن لە ڕۆژگاری دەوروبەری کۆتاییەکانی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا رووی داوە، ئەمەشیان داستانێکە لە (گوندی ئیلنجاخی گەورە) دەستپێدەکات، کە تێیدا خوالێخۆشبوو (شێخ نەسرەدین تاڵەبانی) ماوەی زیاتر لە مانگێك ئەو دوو تێکۆشەرەی حەواندووەتەوە، ئینجا بە نهێنی و هاتنەوەیان بۆ کۆیە و خۆشاردنەوە لە ماڵی مرۆڤێکی کوردستانپەروەری (جوولەکە) دا ئەویش خوالێخۆشبوو (ناحوم) بوو لە ماڵەکەی خۆیدا کە تەنیا ژنێکی گەنجی هەبووە، چەندین شەو داڵدەی داون تاکو ئەو شەوەی کە برای گەورەی هەردوو (موختەفیەکە) عەونیی شاعیر و عومەر عەبدوڵڵا بوون بە نهێنی هەر یەکەیان بۆ ماڵەوە بردوونەوە، ئەوجا چیرۆکی بردنە دەرەوە لە کۆیە، بە سواری وڵاغ لە شەوێکی تاریکی زستانی سەختی ئەو سەردەمەدا کە بەفر تا ڕادەیەکی (ژەنراڵی) ڕێگە بووە، ئەوجا گەیشتنە دەوروبەری هەولێر کە ئەوکاتە (بنەسڵاوە) گوندێکی دەرەوەی هەولێر بووە و عەونی باس لە جوامێری و پیاوەتی

ئـەو مرۆڤـە (هـەژارە) دەکات کـە ئـەوان روویـان لـە ماڵەکـەی کـردووە و نەچوونەتـە دیوەخانـی کێخـوا و دەسترۆیشـتووی گوندەکـە بـە مەبەسـتی خۆپاراسـتنییان لـە چـاوی پۆلیـس و جاسـووس، ئەوجـا قۆناغـی بەغـدا دەسـتپێدەکات کـە تێیـدا لەگـەڵ کەسـایەتی نیشـتمانپەروەر خوالێخۆشـبوو (کاکـە زیـاد) لـە هەوڵـی دیتنـەوەی (کەسـێك)دا دەبـن بتوانێـت ئـەو دوو تێکۆشـەرە لـە زیندانـی چەنـد مانـگ و سـاڵ بپارێزێـت و پەنـا بـۆ (حوسـێن جەمیـل) دەبـەن، کـە پارێزەرێکـی نـاسراو و کۆنـە وەزیـر و سـەرکردەیەکی حیزبـی (نیشـتمانیی دیموکراتـی عێـراق) کـە سـەرۆکەکەی کەسـایەتی نیشـتمانپەروەری عێراقـی (کامـل الجادرچـی) بـوو، بـەڵام حوسـێن جەمیـل نەیتوانیـوە هیچیـان بـۆ بـکات، بـەڵام کاتێـك لـە رێگـەی کەسـایەتی کوردپـەروەر خوالێخۆشـبوو (عەونـی یوسـف) و بەخوالێخۆشـبوو پارێـزەری بەناوبانـگ (محەمـەد بابـان) ئاشـنا دەبـن زۆر جوامێرانـە و زۆر مەردانـە دێتـە پێـش و کارەکەیـان بـۆ یـەکلا دەکاتـەوە، ئەویـش لـە رێگـەی ناسـیاوەکانی خـۆی لـە کاربەدەسـتانی دەوڵـەت، کـە بـەم کارەی هەڵوێسـتێکی زیـدە مەردانـەی نوانـدووە و بـە کەفالـەت ئـازاد دەکرێـن، ئەوجـا قۆناغـی گەڕانـەوە بـۆ کۆیـە و دادگاییکردنیـان، چونکـە (ئیعـتراف) یـان لەسـەر بـووە، لەلایـەن چەنـد (رووخاوێکـی سیاسـی) کـە شـاهید بـوون لەسـەریان و تێیـدا لـە یەکلاکردنـەوەی دادگاییکردنەکـەدا رۆڵـی دادوەری بـە توانـا و شـارەزا و یاسـاناس و نشـتمانپەروەری رێگـەی کوردایەتـی (دادوەر خوالێخۆشـبوو نورەدیـن بەهائەدیـن)ە، جوامێرانـە کێشـەکەی یەکلایـی

کردووەتـەوە و (عومـەر حەبیـب و عەلـی عەبدوڵـڵا) ئـازاد دەکرێـن و بـە یەکجـاری و (شـایەدە خۆفرۆشـەکانیش) لـە کۆیـە دەکەونـە بـەر (نەعلەتـی) جەمـاوەری کۆیـە، لێـرەدا لەوانەیـە بـە درێـژی بـاس لـە هەنـدێ کەسـایەتی ئـەم (داسـتانە) کـراوە کـە بـە گێڕانـەوە خۆشـە، بـەڵام مێـژووی ئـەو کەسـایەتییانە ئـەوە زیاتـر دەهێنـێ نـەوەی تـازە ئـاگاداری گـەورە پیـاوە دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەرەکانی بێـت کـە (بەبـێ مەبەسـت لەپێنـاوی راسـتی و کوردایەتـی و دڵسـۆزی بـۆ نیشـتمان) بـۆ سـاتێکیش درێغیـان نەکـردووە، بۆیـە پێویسـتە مێـژوو و دیرۆکـی گەلـی کوردسـتان ناویـان بـە زیندوویـی بهێڵێتـەوە.

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٩)
# رۆژی گێڕانەوە ١٩٨٨/٨/٢٩

دەق:

**"مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی، رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩ لای عەونیی باوکم دەبێت لە (محل)ەکەی، ئەم دێڕەی لە لاپەڕە (٣٩)ی کەشکۆڵەکەیدا نووسیوە. عوسمان عەونی چەند رۆژێکە بەخۆ تەسلیمکردنەوەی (فەرهاد)ی کوڕی تەندروستی تەواوێک (فەرقی کردیە)".**

---

## شرۆڤە و روونکردنەوە

مامۆستای خوالێخۆشبوو تاهیر ئەحمەد حەوێزی، چونکە ساڵانێکی دووردرێژ رۆژانە سەردانی عەونی دەکات لە (محل)ەکەیدا، بێگومان شارەزای زۆر لایەن و خەسڵەت و بیروبۆچوون و وردەکاری ژیانی عەونی بووە، هەندێک جار لە روانگەی خۆیەوە، بۆچوونی خۆی دەربارەی زۆر شت راگەیاندووە و زۆرجاریش وەکو چاودێر لەبار و ئاستی تەندروستی ئەو گەیشتووە، سەرەڕای خوێندنەوەی دەموچاوی، کاتێک رۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩ لای دادەنیشێ، تەماشا دەکات رەنگ و رووی جارانی

نییـه و تەندروسـتی خراپـە، وەکـو دەڵـێ (تـەواو فەرقـی کردییـە) تـەواو فەرقـی کـردووە، لێـرەدا بـە مانـای ئاسـتی سرووشـتی تەندروسـتی ئـەو پیـاوە "نالەبـارە" ) هۆیەکـەش خۆتەسـیمکردنەوەی فەرهـادی کوڕیەتـی.

نووسـەر: بـۆ زانینـی خوێنـەری هێـژا بەنـدە لـە بەرگـی یەکەمـی بیرەوەرییەکانـم (ڕۆژگارم ئـاوا تێپـەڕی) کـە سـاڵی ٢٠١٧ لـە چاپـم دا و بـڵاوم کردووەتـەوە، بـە درێـژی باسـی ئـەم بابەتـەم کـردووە، کاتێـك منـی لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٤٦ کـە لـە سـاڵی ١٩٧٠ عەونیـی بـاوك بەرانبـەر بـە کڕینـەوەی مـن و خـسرەوی بـرام لـە خزمەتـی سـەربازی بـۆ هەریەکەمـان سـەد دینـاری وەك (بەدیـل نقـدی)دا بـە دائیـرەی تەجنیـدی کۆیـە، بـەو مانایـەی خزمەتـی سـەربازی نامانگرێتـەوە، بـەڵام لـە شـەڕی (قادسـیە)ی نێـوان عێـراق و ئێرانـدا کـە هەشـت سـاڵی خایانـد (١٩٨٠-١٩٨٨) کاتێـك مـن فەرمانبـەری دائیـرەی پوختەکردنـی (توتـن) بـووم لـە کۆیـە، لـە سـاڵی شەشـەمی شـەڕی نێـوان ئێـران و عێـراق کـە کـوورەی ئاگـری ئـەم شـەڕە، ڕۆژێ دەیـان و سـەدان مرۆڤـی دەسـووتاند، لـەم سـاڵەدا ١٩٨٦دا لەدایکبووانـی سـاڵی ١٩٤٦ بـۆ خزمەتـی یـەدەگ (خدمـة الاحتیـاط) بانگکـران بـۆ ئـەو خزمەتـە، مـن و زۆربـەی برادەرانـی ئـەو تەمەنـە لـە کۆیـەوە بـەرەو هەولێـر چوویـن و مـاوەی مانگێـك مانیـەوە و پاشـان بـۆ سـەربازگەی (سـنجار) و لەوێـش مـاوەی ڕاهاتنـمان (تدریـب) تـەواو بـوو، ئەوجـا بـۆ بەرەکانـی شـەڕ بەڕێکـران، بـەڵام مـن ئـەو ڕۆژە لـە مۆڵـەت دابـووم (اجـازە اعتیادیـە)، کاتێـك هەواڵـی بەڕێکردنـی فەوجەکـەی ئێمەیـان

پێدام، منیش وەکو زۆربەی برادەران بڕیاری پێشوەختەمان دابوو، تا ئەو ڕۆژە دەمێنین کە دوورین لە بەرەکانی شەڕ، لەو ڕۆژە لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٦ تاکو ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ماوەی دوو ساڵ و چواردە ڕۆژ ماڵ و حاڵ و منداڵم بەجێهشتن و لەنێوان رانیە، سلێمانی، هەولێر لە ماڵە خزم و دۆستان خۆم ون کرد، بێ ئەوەی پەنا بۆ وەرگرتنی (وەرەقەیەك) ببەم کە لە فەوجە سووکەکان (الافواج الخفیفە) دەدرا، بەڵام ڕێزم بۆ ئەو گەنجە کوردانەی کە خۆیان لە ئاگریی شەڕی قادسیە بە هەڵگرتن و وەرگرتنی (وەرەقەیەك) پاراست بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیان دابنیشن، بێ ئەوەی کەس (موحاسەبەیان) بکات، یاخود هەندێك لە گوند و دێهاتی کوردستان، نزیك لە هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان دەپاراست، بەهەرحاڵ بۆ من نەدەبوو و نەدەکرا و نە بڕوام پێی هەبوو، چونکە وەکو خوێندنەوەی ڕووداوەکان لام روون بوو بارودۆخەکە بێگومان دەگۆڕێ و هەمیشە ئەو حیسابەشم بۆ خۆم دەکرد لە سەردەمێك لە (١٩٦٣-١٩٧٥)کادیرێکی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم، شەرمە و شوورەییە بۆ بەندە (لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی لەو فەوجە سووکانە خۆیان ناونووس کردبوو) پەنام بۆ ئەم کار و هەوڵێستە بکەم دووری و ترس و دڵەڕاوکێ و بارقورسیم لەسەر ماڵە خزم و دۆستانم پێ خۆشتر بوو نەك دەست بۆ ئامرازێك ببەم کە لە دوارۆژدا شەرمەزاریم بۆ دروست بکات، بەڵام ئەو بۆچوونەی من پاش راپەڕین بە پێچەوانە دەرچوو، لێرەدا ئەو

ڕۆژەم لەبیـر ناچێـت سـەرلەبەیانییەکەی کـە لـە هەولێـرەوە گەڕامـەوە و کۆیـە، ئەویـش بـە مەبەسـتی خۆتەسـلیمکردنەوە، یەکسـەر چوومـە ماڵـی (باوکـم)، کاتێـك باوکـم منـی بـەم دۆخـە نالەبـارە دیـت، لێـم خوێنـدەوە کـە زۆر ناڕەحـەت بـوو، زۆر بـە ئاخاوتنێکـی قورسـەوە پێـی گوتـم (فەرهـاد غەیـری تەسـلیمکردنەوە ڕێگەیەکـی دیکـە نییـە) زانیـم باوکـم وەك هـەر باوکێـك بـە مانـای وشـە، نیگەرانـن کاتێـك کوڕەکـەی خـۆی لـەم بارودۆخـەدا دەبینێـت، بـەڵام لەوانەیـە زێدەڕۆیـم نەکردبێـت کـە دەڵێـم عەونیـی بـاوك، تووشـی چ ئازارێکـی دەروونـی کـەم وێنـە بووبـوو کـە قـەت ئـەم وێنـە و ئـادگارە تراژیدیایـەم لەبەرچـاوان ون نابێـت.

مامۆسـتا تاهیـر حەوێزیـش ڕاشـکاوانە دەربـارەی عەونـی ئـەو ڕۆژانـە دەڵێـت (تەندروسـتی تەواوێـك فەرقـی کردییـە).

# کەشکۆڵ (لاپەڕە ٣٩)
# گێڕانەوەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩

دەق:

**عەونـــی گوتـــی: ئافرەتێکـــی گـــەورەی خـــاوەن ڕەز و باخـــی خۆشـــناوەتی هەمـوو سـاڵێ مێـوژی بـۆ شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی[١] نـاردووە، بـەڵام سـاڵێك مێـوژ نابـێ بـوێ بنێرێـت، شـێخ ڕەزاش گلەیـی لـێ دەکات و ئافرەتەکـەش بـە راسـتی و بـە دڵێکـی (سـافەوە) بـۆی دەنووسـێ:**

**مەنبەعی مێوژ منم بەخوا دەمم پێ ناکەوێ**

**واتـە مێـوژ نییـە و نـەم خـواردووە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەروچاوەی مێـوژ لای منــە.**

**(شێخ ڕەزا)ش وەڵامی ئافرەتەکە بەم شێوە دەداتەوە.**

**(بە کاکیلەی پشتی گونم بەخوا پەکم پێناکەوێ).**

## پەراوێز:

١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٢-١٩٠٦

شـێخ رەزای تاڵەبانـی کـوڕی شـێخ عەبدولرەحـمان کـوڕی شـێخ ئەحمـەد و کـوڕی شـێخ مەحمـوودە، ناوبانگـی ئـەو (تیرەیـە) تاڵەبانییـە. خوالێخۆشـبوو شـێخ رەزا سـاڵی ١٨٣٢ لـە گونـدی قـرخ ناوچـەی بازیـان هاتووەتـە دونیـاوە و لـە کەرکـووك گـەورە بـووە، تەحسـیلاتی لـە سـلێمانی و کەرکـووك و کۆیـە تـەواو کـردووە لـە علومـی قەدیمـەدا گەیشـتبووە پایەیەکـی هێنـدە بـەرز، هیـچ کەسـێك نەیتوانیـوە بەرابـەری بـکات، شـێخ رەزا موسـافرەتی ئیسـتەنبۆڵ و حیجـاز و میـسری کـردووە. لـە ئیسـتەنبۆڵدا (٣-٤) سـاڵ ماوەتـەوە و دەرسـی بـە کـوڕە سـوڵتانەکان گوتووەتـەوە و هیـچ وەزیفەیەکـی ڕەسـمی قەبـووڵ نەکـردووە و تەنیـا بـە یارمەتـی خزمەکانـی و واریداتـی تەکیەکـەی خۆیـان ژیـاوە، شـێخ رەزا سـێ ژنـی هێنـاوە، دوو کـوڕی هەبـووە کـە نێویـان (شـێخ محەمـەد شـێخ عەبدوڵـڵا)ن، شـێخ نەوەکـو تەنیـا ئەسـپی تەبعـی رامێبـووە و بـەس، بەڵکـوو توانیویەتـی لـە هەمـوو کاتێکـدا هەمـوو جـۆرە قسـە و ئاخاوتنێکـی هـەر بـە نـەزم بـووە، پیاوێکـی بەژندرێـژ نـە لاواز و نـە قەڵـەو بـووە، ملـی درێـژ و چـاوی زۆر زل و چـاو و بـرۆی ڕەش و ڕیشـێکی تۆپـی سـپی بـووە.

سەرچاوە: گوڵچنینی گیو- بەرگی یەکەم

کۆکردنـەوەی/ گیـوی موکریانـی/ بژارکـردن، ڕێکخسـتن و سـاغکردنەوە و زێدەکردنـی د. کوردسـتان موکریانـی.

# کەشکۆل (ل ٤٣)
# رۆژی گێڕانەوەی ۱۹۸۹/۱/۹

دەق:

**عەونی گوتی: لە ساڵی (۱۹۳۳) یەکەم[۱] شیعرم بڵاوکردەوە لە تەمەنی بیست ساڵی بووم، ناوم بە هەموو کوردستاندا بڵاوبۆوە.**

---

## پەراوێز:

۱- عەونی کاتێك دەڵێ یەکەم شیعرم لە ساڵی ۱۹۳۳ بڵاوکردووەتەوە کە تەمەنی بیست ساڵان بووە، لێرەدا مەبەستی ئەو شیعرەیە بۆ خوالێخۆشبوو (جەلادەت بەدرخان) و ماڵباتی کوردپەروەر و تێکۆشەری بەدرخانیانی نووسیووە و لە کۆیەوە بۆ وڵاتی سووریای ناردووە و تێیدا (گۆڤاری هاوار)ی دەردەچوو، لە ژمارە (۲۲)ی ساڵی ۱۹۳۳ لەژێر ناوی (بۆ خاوەنی هاوار) بڵاوکردووەتەوە و لە ژێرەوەش لەژێر ناوی (کۆیسنجق ۲٤ی کانوونی دووەم لاوێکی کورد عەونی)

دەربارەی ئەم شیعرە برای بەڕێز (د. کەمال مەزهەر) ساڵی ۱۹۹۹ لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە(۱۸۳) بابەتێکی لەژێر ناوی (گۆڤاری هاوار

و کـوردی عێـراق) بڵاوکردووەتـەوە و لـە بڕگەیەکـدا دەڵـێ: (لـە لاپـەڕە ٣) ی ژمـارە (٢٢)ی گۆڤـاری هـاواری سـاڵی ١٩٣٣ پارچـە هۆنراوەیەکـی زۆر دوورودرێـژی پـڕ لـە سـۆزی "لاوێکـی کـورد- عەونـی) بەناوونیشـانی "بـۆ خاوەنـی هـاوار" بڵاوکردووەتـەوە کـە سـەرجەم سـتایش و پیاهەڵدانـە بـە جـەلادەت بەدرخـان و بەدرخانییـەکان و بـە شـانازییەوە باسـی مێـژووی ئـەو بنەماڵەیـە و خزمەتـە گەورەکانیـان دەکات بـە "نـەوەی شـێرانی کوردان"یـان لـە قەڵـەم دەدات، "نووسـەر/ بەنـدە دەربـارەی ئـەم شـیعرە و ئـەم بابەتـە بڕوانـە- دیوانـی عەونـی- چاپـی دووەم/ ٢٠١١) کـە تێیـدا بـە دووردرێـژی باسـی لێـوە کـراوە لـە کۆتایـی شـیعرەکەدا (دوا کۆپلە)دەڵـێ:

**ئـەوەی دوژمـن بـە کوردانـە هیلاکـی ژەهـری ماریـان کەی**
**خـودا ئـەو قەمـە نـازدارە کەحیفـزی چاوەزاریـان کـەی**
**لــە دنیــا شــاد و خەنــدان و بلنــد بەختیاریــان کــەی**
**خودایــە کامــەران و ســـەرفراز و پایەداریـــان کـــەی**
**نــەوەی شـێرانی کـوردان یەعنـی خێزانـی بەدرخانـی....**

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت وەك شاعیر، دەڵێ:

یەکـەم: تەمەنـی بیسـت سـاڵان بـووە، چونکـە عەونـی لەنێـوان سـاڵانی ١٩١٣-١٩١٤دایـە، ئـەم شـیعرەش سـاڵی ١٩٣٣ بڵاوکراوەتـەوە.

دووەم: شـیعرێك بـەو بۆچوونـە و هـزرە کوردایەتییـەی و لـەو تەمەنـەدا دەبـێ چـی لێـرەدا بـە شـاعیر ببەخشـێت، تەنیـا غیـرەت و هەسـتی کوردایەتـی بەتیـن و دڵسـۆزی بـۆ ڕۆڵـەی جوامێـری ماڵباتـی (بەدرخانیـان)

کـە ئەوکاتـە وەکـو شـاعیر دەڵـێ: بـە (خامـە و بەشـیر) لـە تێکۆشـانی بێوچـان دابـوون، لەپێنـاوی کـورد و کوردسـتاندا.

سـێیەم: پـاش بڵاوبوونـەوەی ئـەم شـیعرە، وەك شـاعیر دەڵـێ: نـاوم بـە هەمـوو کوردسـتان بڵاوبـۆوە، راسـتە چونکـە رۆشـنبیران و شـاعیر و نیشـتمانپەروەران بـە جـۆش و خرۆشـەوە وەك (عەونـی)ی شـاعیر دەیگـوت لـە چاوەڕانـی هاتنـی (گۆڤـاری هـاوار)دا بـوون، چونکـە هـاوار پڕاوپـڕ لـە بابەتـی بـە پێـزی خزمـەت بـە کـورد و کوردسـتان بـووە.

چـوارەم: وەکـو لـە چاپـی دووەمـی دیوانـی (عەونـی)دا باسـم لێـوە کـردووە، سـاڵی ١٩٣٣ کـە ئاشـکرایە کۆیـەی ئـەو سـەردەمە، لـە رووی گەیانـدن و تەلەفـۆن و ئۆتۆمبێلـەوە جـارێ ئامێـر و ئامـرازی سـەردەمیانەی نەگەیشـتووەتێ، بـەڵام ئیـرادە و نەفـەس و هەسـت و نەسـتی کوردایەتـی هـۆکاری ئاسـانکاری بـوون بـۆ ئـەوەی عەونـی شـیعرێك بگەیەنێتـە وڵاتـی سـووریا و (هـاوار) دەستنیشـان بـکات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە شـیعرێکی شـاعیرێکی باشـووری کوردسـتان و لـە شـارێکی وەك کۆیـە (خانەوادەیـەك سـتایش بـکات کـە تەنیـا لـە خزمەتـی کـورد و کوردسـتاندا بوونـە).

# کەشکۆڵی دوا لاپەڕە، بێ ژمارە ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠

مامۆستای خوالێخۆشبوو "تاهیر ئەحمەد (ڕۆحی شاد) لە دوا لاپەڕەی کەشکۆڵەکەیدا بە دەق ئەوەی نووسیووە:

**عوسمان عەونی لە شەوی سێشەموو ١٩٩٢/٧/٢٠ لە تەمەنێکی ٧٨ ساڵیدا ئەمری خوای کرد و لە عارەبیان ناشترا.**

## وتەیەکی پێویست (نووسەر)

شــەوی ١٩-١٩٩٢/٧/٢٠ تاکــو دەرەنگانێکــی شــەو لەگــەڵ باوکــم لەنــاو چیمەنــی پشــتەوەی ماڵــە گەورەکەیــدا دووبــەدوو دانیشــتبووین و نــاوە نــاوە دایکیشــم (زەکیــە مــەلا رەئــووف مــەلا رەســووڵ بێتووشــی) ســەری لــێ دەدایــن، بــەڵام لــە کاتژمێــر ١٠ی شــەوەوە هــەر بــە تەنیــا پێکــەوە مابووینــەوە، ســەرەڕای ئــەوەی لــە ناوەڕاســتی مانگــی (تەممــوز)دا بوویــن و کەشــو هــەوا گــەرم بــوو، بــەڵام نــاو (فریزەکــەی) چیمەنەکــەی ماڵــی باوکــم فێنــك بــوو، چونکــە لــە چــوار لاوە بــەداری هەنــار و کەپــری دارمێــو دەورە درابــوو، ســەرەڕای گوڵەباغــە رەنگاوڕەنگەکانــی ســەر لــە ئێوارانیــش دار و چیمەنەکــە ئاویــان پێــدا دەکــرا و بــە مەبەســتی تەڕبوونــی باخچەکــە دەبــووە هــۆکاری فێنکییــەك، مــن مــاوەی دە رۆژ دەبــوو شــەوانە لــە ماڵــی باوکــم دەمامــەوە و دەنووســتم، چونکــە پەروینــی هاوســەرم بەهــۆی کۆچــی دایکییــەوە (ناهیــدە ســابیر ئەرســەلان) کــە چەنــد مانــگ پێشــووتر کۆچــی دوایــی کردبــوو، پەروینیــش بــۆ ســەردانی باوکــی کــە لــە بەغــدا بــە تەنیــا بــوو، پــاش کۆچــی دوایــی هاوســەری لەگــەڵ (رێــکان و لانــە) ســەفەری بەغــدای کردبــوو، مــن ئێــواران دەچوومــە ماڵــی باوکــم بــە تایبەتیــش ماڵــی مــن لــە تەنیشــت ماڵــی باوکمــەوە بــوو، لــە هەمــان کاتیشــدا دەرفەتێکــی بــاش رەخســابوو کــە لــەلای عەونیــی بــاوك ئێــوارە و شــەوان لای بخــەوم، ئــەو چەنــد شــەوەی کــە بــە یەکــەوە بوویــن، زۆرجــار راســتەوخۆ ئــەو

دەهاتــە قســە و ڕووداوێکــی دەگێڕایــەوە یاخــود شــیعرێکی خــۆی یــان شــیعری شــاعیرێکی بــە دەمیــا دا دەهــات و لێکــی دەدایــەوە، چونکــە ئــەو زۆر حــەزی بــە لێکدانــەوەی ئــەو شــیعرانە دەکــرد کــە ئــەو خــۆی پێــی سەرســام بــوو، یاخــود مــن دەهاتمــە قســە و دەمدوانــد و زۆرجــار ئاڵوگۆڕییەکــی هێمنانــە لەنێوانمانــدا ڕووی دەدا، بــێ ئــەوەی بۆچوونــی خــۆی فــەرز بــکات، عەونیــی بــاوك هەســت و ســۆزی بەرانبــەر کــوڕ و کچەکانــی ئاشــکرا نەبــوو، ئــەو جــۆرە (فەلســەفەیەکی) لــە ژیانیــدا پیــادە دەکــرد، ئەویــش بریتــی بــوو لــەوەی کــە ســۆزی ئاشــکرا و مەحببەتــی دیــار، لەوانەیــە کاریگــەری نەرێنــی لەســەر پــەروەردەی دروســت بــکات، بــەڵام بەنــدە مــن وام هەســت دەکــرد کــە جــۆرە خۆشەویســتییەکی زیاتــری بــۆ مــن هەیــە، ئەوجــا لێــرەدا نازانــم یاخــود نامەوێــت هۆکارەکــەی لێــرەدا بورووژێنــم، بــەڵام ڕاســتییەك هەیــە لێــرەدا بــە پێویســتی دەزانــم، تۆمــاری بکــەم، چونکــە (باوکــم و دایکــم) هەردووکیــان ســاڵانێکە کۆچــی دواییــان کــردووە و چوونەتــە بــەر دلۆڤانــی یەزدانــی مــەزن و ئــەو ڕاســتییەی لێــرەدا باســی دەکــەم، هیــچ شــتێکی زیــاد لــە (موڵــك و مــاڵ و شــوهرەتی عەونــی) بەمــن ناگەیەنێــت، بــە بــەراورد لەگــەڵ خوشــك و براکانــم، ڕاســتییەکەش ئەوەیــە، زۆر جــار دایکــم دەیگــوت، ئــەو وەختــەی تــۆ دەبینــێ و دێیتــە لای، وا دەزانــێ "خــدری زینــدە"ی لێهاتووەتــە ژوورێ، مــن دەمزانــی لای باوکــم پێگەیەکــی تایبەتیــم هەیــە، بــەڵام زۆر جــار قســەی دایکــم بــەم جــۆرە هاندانێکــم لێــك دەدایــەوە بــۆ ئــەوەی زیاتــر ســەردانی باوکــم بکــەم، قــەت

درێغیـم نەکـردووە، بـەڵام کاتێـك ئەمسـاڵ (٢٠٢٠) کەشـکۆڵەکەی مامۆسـتا تاهیـر ئەحمـەد (حەوێـزی)م کەوتـە بەردەسـت و لـە لاپـەڕە ٣٩ی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩دا بـە دەق نووسـیویەتی (عوسـمان عەونـی) چەنـد ڕۆژێکـە بـە خۆتەسـلیمکردنەوەی فەرهـادی کـوڕی، تەندروسـتی تەواوێـك فەرقـی کردییـە، لێـرەوە کـە ئـەو برگەیـەم لـە کەشـکۆڵەکەدا کەوتـە بەرچـاو، ڕاسـت و دروسـتی قسـەکەی دایکـی خوالێخۆشـبووم، بـە تـەواوی بـۆ ئاشـکرابوو، چونکـە بـاوك لـە هەمـوو کەسـێك زیاتـر هەسـت بـە ئێـش و ئـازاری منـداڵ و نەوەکانـی دەکات، عەونیـی (باوکیـش) دەیزانـی فەرهـادی کـوڕی وەکـو ئەوپـێ لـە تەختـەی (چـروك) نانـی وەکـو ئـەو ئەسـیری قەناعەتـی خۆیەتـی و ڕێگەیـەك ناگـرێ کـە زەرەر لـە ڕابـودوو و دواڕۆژی خـۆی بـدات، لـە هەمـان کاتیشـدا دەیزانـی (موعاناتـی) فەرهـادی کـوڕی چەنـد گەورەیـە بـەوەی هـەر ماوەیـەك لـە ماڵێـك و لـە شـارێکدا خـۆی دەشـارێتەوە، بـۆ ئـەوەی (وەرەقەیەکـی ئەفواجـی خەفیفـە) لـە گیرفانـی نەنێـت، نـاوە نـاوەش لەگـەڵ پەرویـن و دایکـم و منداڵـەکان سـەریان دەدام، لێـرەدا دەبووایـە ئـەو چەنـد دێـرە بنووسـم، چونکـە دەزانـم گیانـی ئـەو و دایکـم شـاد دەبێـت، کاتێـك لـە دڵسـۆزی و خۆشەویسـتی ئـەوان تێگەیشـتووم، قسـەکانی ئـەم شـەو "دواشـەو لەگـەڵ باوکـم زۆرن" چ جـای قسـە و گفتوگۆکانـی شـەوانی پێشـوو بەهەرحـاڵ ئـەم شـەوە (دواشـەو) کاتمـان بـە یەکـەوە گەیانـدە کاتژمێـر ١١/٣٠ شـەو، کاتێـك بـە هـاوکاری (دایکـم و پـوورە عاسمەی خوشـکی باوکـم) سـێقۆڵی باوکمـان بـە کورسـی

هەڵگرت و بردمانە سەربان، چونکە شەوانی هاوین حەزی لە نووستنی سەربان دەکرد و ئێمەش دڵمان نەدەهات، هێواش هێواش بە پێی خۆی هەنگاو بنێ و تاکو دەگاتە سەربان، کاتێک سێقۆڵی باوکمان گەیاندە سەربان، بە پێی خۆی هەنگاوی نا تا گەیشتە قەرەوێڵەکەی خۆی و دانیشت کە رووبەڕووی (چیای باواجی) بوو، پاش کەمێک حەسانەوە، پاکەتە جگەرە و چەرخەکەی لە گیرفانی (بێجامەکەی) دەرهێنا و دایە دەستم و گوتی: فەرهاد جگەرەیەکم بۆ پێکە. منیش جگەرەیەکم بۆ پێکرد و دامەدەستی، پاش کەمێک دیسان گوتی: فەرهاد جگەرەیەکیش بۆ خۆت بکێشە. منیش یەکسەر رەتم کردەوە کە جگەرە لە بەردەمی ئەودا بکێشم، بەڵام یەک جاری دیکەش دووبارەی کردەوە بۆ ئەوەی جگەرەیەك بکێشم، دیسان هەر نەم کێشا، بەڵام ئەو چونکە جگەرەکێشێکی بێ هاوتای زەمانی خۆی بوو، دەیزانی بێبەشبوون لە جگەرەکێشان بۆ مرۆڤێکی جگەرەیەکیش، چەند زەحمەتە، بۆیە ئەو چەند جارە داوای لێکردم کە جگەرەیەك بکێشم، بەڵام من رۆحم ئاسوودەیە کە لە دواشەوی ژیانیدا جۆرە بێ حورمەتیکی لەمن نەدیت، چونکە بە تێڕوانینی نەوەی پێشوو، جگەرەکێشان بەرانبەر باوك و پیاوی گەورە، جۆرێك لە (بێحورمەتی) بوو.

پاش تەواوبوونی کێشانی جگەرەکەی، پاڵی لێدایەوە، ئەو هەردەم لەسەر پشت دەنووست، من حەزم نەدەکرد لەو ساتەدا بەجێیبهێڵم

و لە لای خوارێ قەرەوێڵەکەی دانیشتم، ئەویش بەدەم راکشانەوە لەبەر خۆیەوە چەند دێڕە شیعری دەگوتەوە، بەڵام بەندە لێی حاڵی نەدەبووم، پاش هەندێك كات، نیوەشەوی (سەعات ١٢)ی تێپەڕاند، ئەویش لەسەر پشت روو لە چیای باواجی خەوێکی نەرمی لێکەوت، منیش زۆر بە هێواشی چەرچەفێکی تەنکم پێدادا و چوومە سەر قەرەوێڵەکەی خۆم، کە تەنیا دوو مەتر نێوانمان بوو، دیارە منیش بەدەم خەیاڵەوە خەو بردمیەوە.

کاتژمێر ٦/٥ سەرلەبەیانی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٠ دایکم لە خەوی هەڵساندم و زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی گوتی: فەرهاد هەڵسە با باوکت ببەینە خوارەوە. کاتێك لە قەرەوێڵەکەم هاتمە خوارێ و بەرەو لای باوکم چووم، دیتم باوکم خەبەری نەبووەتەوە و پوورە (عاسمە)م لەسەر لای راستی راوەستاوە و بێدەنگە، منیش کە دیتم باوکم هەڵنەستاوە، بە دایکم و پوورم گوت: (جارێ هەڵنەستاوە بۆ بەخەبەری دێنن؟) پوورم دەستی کرد بە گریان و دایکیشم گوتی: (بابت تەواو بووە). برووسکەئاسا وشەی (بابت تەواو بووە) لە مێشکی دام و لەو چرکەساتەدا یەکسەر چوومە لای (سەری باوکم) دووجار گوتم: (کاکە، کاکە، ئێمە هەندێکمان بە باوکمان دەگوت کاکە)، بەڵام بەداخەوە کاکە وەڵامی نەبوو، دەموچاوی لە مردوو نەدەچوو، زەردەخەنەیەکی بە دەمولێویەوە دیاربوو، کاتێك دەستم لەسەر نێوچەوانی دانا، تاکو ئەو ساتە گەرمایی تێدا هەبوو، دیار بوو ژیان بەجێهێشتنەکەی

لــە یــەك دوو كاتژمێــر زیاتــر نەبــوو، ئەوجــا ســەرم نایــە ســەر ســەری و نێوچەوانیــم مــاچ كــرد و گریانیــش قوڕگــی گرتبــووم. رســتەی (خــوات لەگــەڵ)م بــۆ هــات و دووجــار گوتمــەوە، ئەوجــا ئامــۆژگاری دایكــم و پــوورم خوشــكەكانم كــرد، هێمنانــە لەگــەڵ ڕووداوەكــە بجووڵێنــەوە و (ســاســان)ی بــرای بچووكیشــم بــەرەو هەولێــر نــارد، بــۆ ئاگادارکردنــەوەی خوشــكەكانی دانیشــتووی هەولێــر.

پــاش ڕێوڕەســمی ئامادەكردنــی كۆچكــردوو، كاتژمێــر ١٠/٣٠ بــەرەو گۆڕســتانی عارەبیــان بــۆ ئــەو جێگەیــەی كــە بــاوك و دایــك و بــرا و خوشــكی تێــدا لــە گــۆڕ بــوون. (عەونــی)ی مــرۆڤ و شــاعیر و نیشــتمانپەروەر و عاشــقی كــورد و كوردســتان و بــازرگان بــە خاكســپێردرا، بــە جەســتە بەجێــی هێشــتین، بــەڵام زۆرجــار خــۆی بــەدەم لێویــەوە، ئــەو بەیتــە شــیعرەی حاجــی قــادری دەگوتــەوە.

**مــەرگ و ژیــن میســلی ســێبەر و تــاوە**
**ئــەوەی باقــی بمێنــێ هــەر نــاوە**

هەولێر ٢٠٢٠/٩/٩

# بۆ عەونی شاعیر

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

## د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

• د. عەبدوڵـڵا خـدر مەولـوود سـاڵی ١٩٥٠ لـە هەولێـر لـە گەڕەکـی تەیـراوە لەدایکبـووە.

• هـەر سێ قۆناغـی خوێندنـی (سـەرەتایی، ناوەنـدی، دواناوەنـدی) لـە هەولێـر تـەواو کـردووە.

• سـاڵی ١٩٨٩ بەشـی زمـان و ئەدەبـی کـوردی لـە کۆلیـژی ئـاداب، زانکـۆی (سـەلاحەدین) تـەواو کـردووە.

• سـاڵی ١٩٩٦ بڕوانامـەی ماسـتەری بـە ناوونیشـانی (لێکۆڵینەوەیـەك لـە شـیعری حەمـدی) بەدەسـت هێنـاوە.

• سـاڵی ٢٠٠٣ بڕوانامـەی دکتـۆرای وەرگرتـووە و تێـزی دکتۆراکـەی بەناوونیشـانی (لێکۆڵینەوەیـەك لـە شـیعرە ئایینـی و سـۆفیگەری و فەلسـەفییەکانی نالـی) بەدەسـت هێنـاوە.

• ساڵی ٢٠١٦ بووەتە پرۆفیسۆر.

• تاکـو ئێسـتاکە ٢٥٦ لێکۆڵینـەوە و چیـرۆك و بابەتـی کولتـووری لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان بڵاوکردووەتـەوە.

• ٢٣ کتێبی چاپکراوی هەن.

# بۆ عەونی شاعیر

## د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

ناوی عەونی لە نووسین و باسەکانمدا زۆر هاتووە، شاعیرێکی گەورە و کوردپەروەر بووە، قۆناغەکانی ژیانی لێوان لێوە لە کارەسات و هەوراز و نشێوی، مەراق دەردەسەری. لە شیعردا دەوڵەمەند و هەقی ئەوەی هەبوو بەسەر بکرێتەوە، بە هیوای ئەوەی رۆحم شاد کردبێت.

- جگە لە غەزەل و قەسیدە عەونی ئەم هونەرە شیعرییانەشی بەکار هێناوە.

- جووت سەروا (مەسنەوی) جگە لە هەموو ئەوانی تر، ژ (٤٣) لاپەڕەی جۆراوجۆر.

- پێنج خشتەکی (تەخمیس) ژ. (١١) ل: ٣٤٩، ٣٥١، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٦٥، ٣٧٢، ٣٦٧ ٣٧٠، ٣٦١، ٣٧٧، ٣٦٧.

- پێنجین (موخەممەس) ژ. (٦): ل ٣٣٩، ٥٢، ٣٤٣، ٣٤١، ٢٤٩، ٣٤٥.

- پارچە (قیتعە) ژ. (٢): ل ٢٥٤، ٣٨٩.

- تاك (فەرد) ژ. (١٨=١٣ سەروای وەك غەزەل و قەسیدە+ ٥ سەروای وەك پارچە)، ل ٤٥٥- ٤٥٧.

- چوارین (روباعی) چوارینەکان (تەواو+ ناتەواو+ئەوانی تر)، ژ.(٨٠+٢) ل ٣٩٢-٤٠٨.

- لەگەڵ ئەم بابەت و بۆنانە.

- ئــەو شــیعرانەی بەشــێوازی چواریــن یــا دوو بەیــت دانــراون، ژ. (٤). ل ١٠٢، ٨٢، ٧٩، ٨٩.

- ئەو شیعرانەی پێنج نیوە دێڕن ژ. (٢): ٢٧٩، ١١٨.

- نەورۆز، ژ. (١): ل ٢٨٧

- چیرۆکە شیعر ژ. (٨): ل ٣١٤، ٣٠٧، ٣٢٥، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٢٨، ٣١٣، ٣٢٧.

- ئەو شیعرانەی بە دوو شاعیر نووسراون (٢), ژ (٣): ل ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٩٠.

- نامەی شیعری ژ. (١) ل ٤٨.

- بۆ مەرگی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی ژ . (١): ل ١٨٣.

- شیوەن و ماتەمنامە ژ. (٤): ل ٤٥٩-١، ٤٥٨- ١، ٤٥٩- ٢، ٤٨٥- ٢.

- مەتەڵــی کــوردی ژ. (١٠) ل ٤٤٧، ٤٥١، ٤٤٦، ٤٤٣، ٤٤٨، ٤٤٥، ٤٥١، ٤٥٠، ٤٤٢، ٤٤٩.

- شیعرە وەرگێڕدراوەکان ژ. (٢):

- لە فارسییەوە، ژ (١) ل ٣٨٧

- لە عەرەبییەوە، ژ (١) ل ٣٨٦

- مولەممەع لەسەر غەزەلی حافزی شیرازی ژ. (١): ل ٣٨٥.

- خەیام بە کوردی، ژ (١٤٠) چوارینە، ل ٤١١-٤٣٩.

- غەزەل و قەسیدە و شیعرەکانی تر، ژ (٩٠) لاپەڕەی جۆراوجۆر.

- ئــەو شــیعرانەی پــاش ســەروایان هەبێــت پێیــان دەڵێــن (مــوڕەددەف)، عەونــی لــە غــەزەل و قەســیدەدا (٣١) شــیعری پاشســەروای هەیــە+ (١٢)

ی خەیـام بـە کـوردی، جگـە لـە چوارینـەکای خـۆی کـە (١١)یـە، ئـەم دەنگانـەش کـران بـە سـەروای شـیعرەکانی (ـە-ە، ا، ت، ج، د، ر، ش، غ، ق، ك، م، ن و، وو، ۆ، ی، ێ) بـۆ کێشـی شـیعرەکانی چەنـد دەریـا و قالبـە کێشـی جۆراوجـۆری عـەرزووی بـەکار هێنـاوە بـە کێشـی خۆماڵـی (نەتەوەیـی، سـیلاب، پەنجـە، بڕگـە و تـاد...) شـیعری زۆرە.

- ئەمەش خشتە تازەکەی سەروا و پاش سەروای شیعرەکانی عەونییە.

- تێبینییەکان:

- (٨٨) چواریـن نـووسراوە، خـۆی (٨١-١=٨٠) چوارینـە، چوارینـی (٣٩٨-٢) لەگـەڵ (٤٠٨-٣) دووبارەیـە.

- چوارینـــی (٤٣٤-٤) لەگـــەڵ چوارینـــی (٤٣٩-٢) دووبارەیـــە، (لـــە چوارینەکانـــی خەیـــام بـــە کـــوردی)

- شیعری ل ١٩٧ لەگەڵ شیعری ل ٢٥١ دووبارەیە.

- پێنجینیـــەکان (موخەممەســـەکان)ی ل ٣٣٩، ٥٢، ٣٤٣، ٣٤١، ٢٤٩، ٣٤٥ هـەر شەشـیان بـە پێنـج خشـتەکی لـە قەڵەمـدراون، عەونـی لـەم هونـەرە شـیعرییە بـەکار بـووە، نـاوی پێنجیـن لـەو بەرهەمەیـدا نەهاتـووە! لـە سـێ پەراوێـزدا بـۆ پێنجینـەکان نـووسراوە: (ئەمانـە پێنـج خشـتەکی شـاعیرن لەسـەر شـیعرەکانی خۆیـدا):

- لـە ناوەڕۆکەکەشـیدا هاتـووە: (پێنـج خشـتەکی شـاعیر لەسـەر هەنـدێ لـە شـیعرکانی خـۆی).

پێنـــج خشـــتەکی (تەخمیـــس)، پێنجیـــن (موخەممـــەس) دوو هونـــەری

شـیعری زۆر کاران، زۆریـش لێـك جیـاوازن. مەرجـی سـەرەکی ئـەم دوو هونـەرە شـیعرییە، پێنجیـن تەنیـا یـەك شـاعیر دەینووسـێ. بـەڵام پێنـج خشـتەکی (ئیلـلا و بیلـلا) دەبـێ دوو شـاعیر بەشـداری لـە نووسـینیدا بکەن..تـاد.

- پێنـج خشـتەکییەکانی: ل ٣٦١، ٣٧٠، ٣٧٢، نـاو و نازنـاوی هـەردوو شـاعیر تۆمـار نەکـراون.

- لە پێنج خشتەکی: لە ٣٧٧ تەنیا ناوی عەونی هاتووە.

- هەڵەکانی چاپ و رێنووسەکەی، دەبێ بنبڕ بکرێن.

- ناونیشانی شیعرەکانی کۆمپلێتی زیاد و بێ سوودن.

- هەموو جۆرە خاڵبەندییەکان زیادن، تەنیا دوو کەوانەکان نەبێت.

- بەسـەدان لاپـەڕە، بەڵگەنامـە و وێنـەکان لەنـاو ئـەو بەرهەمـەدا زیـادن و باریـان زۆر قـورس کـردووە و لـە شـوێنی شـیاوی خۆیانـدا نیـن.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- عەونـی (دیـوان)، پێداچوونـەوە و رێکخسـتن و چاپکردنـی فەرهـاد عەونـی، چاپـی دووەم، هەولێـر. ٢٠١١.

٢- سـاڵی (٢٠١٤) لـە گۆڤـاری (مجلـە الاسـتاذ) العـدد (٢٠٩)، المجلـد الاول، ص ٧٠٥-٧١٩ باسـێکم بەنـاوی (ئـەو شـیعرانەی بـە دوو شـاعیر نـووسراون) بڵاوکردووەتـەوە، هـەردوو ئـەو نموونانـەی (عەونـی+ دڵـدار، عەونی+جاهیـد)ی تێدایـە.

| (چوارینەکانی خەیام (خەیام بە کوردی | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی چوارینەکان | ژمارەی تازەی | سەرواکانیان | پاش سەروا |
| ١-٤٣٦ | ١ | ـەم | تۆبە |
| ١-٤١٨ | ٢ | ـەستە | |
| ٥-٤٢٠ | ٣ | ستە | |
| ٣-٤٣٤ | ٤ | ـەرە+ئەڕە | |
| ١-٤١٩ | ٥ | ازە | |
| ١-٤٣٩ | ٦ | یشە | |
| ١-٤٢٤ | ٧ | یشە | |
| ٢-٤١٨ | ٨ | ارێکە | |
| ٣-٤٣٦ | ٩ | ـەمێکە | |
| ٢-٤٢٢ | ١٠ | ـەلە | |
| ١-٤١٤ | ١١ | الە+اڵە | |
| ٣-٤٢٤ | ١٢ | الە | |
| ٣-٤١٧ | ١٣ | ی | خۆمە |
| ٣-٤٢٦ | ١٤ | انە | |
| ٥-٤١٧ | ١٥ | انە | |
| ٢-٤٢٤ | ١٦ | انە | |
| ١-٤٣٢ | ١٧ | انە | |
| ١-٤٣٨ | ١٨ | ینە | |
| ١-٤٣٠ | ١٩ | ینە | |
| ٤-٤٢٥ | ٢٠ | ینە | |
| ٢-٤٢٧ | ٢١ | ینە | |
| ٣-٤٢٧ | ٢٢ | ێنە | |
| ٤-٤١١ | ٢٣ | ێنە | |
| ٤-٤٢١ | ٢٤ | اتەوە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١-٤٢٧ | ٢٥ | ێتەوە | |
| ١-٤١١ | ٢٦ | نەوە | |
| ٥-٤١٢ | ٢٧ | ایەوە | |
| ٢-٤٣٨ | ٢٨ | اوە | |
| ٥-٤١٣ | ٢٩ | اوە | |
| ٣-٤٢٥ | ٣٠ | اوە | |
| ٥-٤٢٩ | ٣١ | اوە | |
| ٤-٤٢٦ | ٣٢ | اوە | |
| ٢-٤٣١ | ٣٣ | اوە | |
| ١-٤١٣ | ٣٤ | اوە | |
| ٤-٤٢٢ | ٣٥ | یوە | |
| ٣-٤١٩ | ٣٦ | یوە | |
| ٢-٤٢١ | ٣٧ | یوە | |
| ٤-٤٣١ | ٣٨ | ـەزیوە | |
| ٢-٤٢٩ | ٣٩ | ایە | |
| ٢-٤١٢ | ٤٠ | ـێ یە | |
| ٥-٤٢٥ | ٤١ | ا | |
| ٥-٤٣٥ | ٤٢ | ا | |
| ١-٤٣١ | ٤٣ | را | |
| ٤-٤٣٨ | ٤٤ | را | |
| ٤-٤٣٧ | ٤٥ | ا | |
| ٢-٤٣٤ | ٤٦ | سا | |
| ١-٤١٥ | ٤٧ | ناگا | |
| ٤-٤٣٤ | ٤٨ | وا | دەڕوا |
| ٥-٤٢٤ | ٤٩ | ـەت | |
| ٥-٤٣٣ | ٥٠ | ات | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥-٤٣٢ | ٥١ | ارت | |
| ٤-٤٢٧ | ٥٢ | ردنت | |
| ٤-٤١٢ | ٥٣ | ـەوت | |
| ٢-٤١٥ | ٥٤ | ووت | |
| ٣-٤٣٧ | ٥٥ | ـەرد | |
| ٤-٤٢٩ | ٥٦ | ـەر | |
| ٤-٤٢٠ | ٥٧ | ـەر | |
| ٥-٤١٥ | ٥٨ | ـەر | |
| ٤-٤٢٨ | ٥٩ | ـەر | |
| ١-٤٢٠ | ٦٠ | وور+ۆڕ | |
| ١-٤٢٥ | ٦١ | ێژ | |
| ١-٤٣٧ | ٦٢ | اك | |
| ٢-٤٣٦ | ٦٣ | ارێك | |
| ٤-٤٣٠ | ٦٤ | ارێك | |
| ٢-٤٣٧ | ٦٥ | ـەنگ | |
| ١-٤٢٦ | ٦٦ | ل+ل | |
| ٣-٤١٨ | ٦٧ | ل+ل | |
| ٤-٤٢٣ | ٦٨ | ـەم | |
| ١-٤٣٤ | ٦٩ | ام | |
| ١-٤١٧ | ٧٠ | شتم | |
| ٤-٤٣٦ | ٧١ | دم | |
| ٤-٤١٣ | ٧٢ | ێژم | |
| ٢-٤٣٢ | ٧٣ | انم | |
| ٥-٤١١ | ٧٤ | انم | |
| ١-٤٢٣ | ٧٥ | انم | |
| ١-٤١٢ | ٧٦ | اوم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٧-٥ | ٧٧ | اوم | |
| ٤٢٠-٢ | ٧٨ | وو | دەبینم |
| ٤١٨-٥ | ٧٩ | ان | |
| ٤٣١-٣ | ٨٠ | اران | |
| ٤٣١-٥ | ٨١ | اوان | |
| ٤٣٤-٥ | ٨٢ | دووان | |
| ٤٣٢-٤ | ٨٣ | ان | |
| ٤٢٦-٢ | ٨٤ | ان | |
| ٤٣٩-٣ | ٨٥ | ان | |
| ٤٢١-٣ | ٨٦ | ـەندن | |
| ٤٣٨-٣ | ٨٧ | ـێرن | |
| ٤١٩-٤ | ٨٨ | ـۆشن | |
| ٤٣٣-٢ | ٨٩ | ـێشن | |
| ٤١٦-٣ | ٩٠ | انن | |
| ٤١٩-٢ | ٩١ | ـێنن | |
| ٤١٨-٤ | ٩٢ | ا | بوون |
| ٤٣٥-٤ | ٩٣ | اد | کەین |
| ٤١٥-٣ | ٩٤ | ین | |
| ٤٢٩-٣ | ٩٥ | ین | |
| ٤٢٤-٤ | ٩٦ | ـشین | |
| ٤٢٨-١ | ٩٧ | اوین | |
| ٤١٧-٢ | ٩٨ | ـەو | |
| ٤٢٣-٣ | ٩٩ | او | |
| ٤١٤-٥ | ١٠٠ | او | |
| ٤١٤-٣ | ١٠١ | وو | |
| ٤١٣-٣ | ١٠٢ | وو | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣-٤٢٠ | ١٠٣ | وو | |
| ٥-٤١٩ | ١٠٤ | وو | |
| ٥-٤٢٦ | ١٠٥ | ـین | بوو |
| ٥-٤٢١ | ١٠٦ | انجی | چی بوو |
| ٥-٤٢٨ | ١٠٧ | وو | |
| ٢-٤١٣ | ١٠٨ | وو | |
| ٢-٤١١ | ١٠٩ | وو | |
| ٤-٤٣٣ | ١١٠ | وو | |
| ٣-٤١٢ | ١١١ | ـەم | بوو |
| ٤-٤١٦ | ١١٢ | ـەم | بوو |
| ٥-٤٢٣ | ١١٣ | ـەی | |
| ٣-٤٣٠ | ١١٤ | ناگەی | |
| ٣-٤٢٨ | ١١٥ | ـەست | بی |
| ٢-٤١٦ | ١١٦ | ـەستی | |
| ٢-٤٣٠ | ١١٧ | ستی | |
| ٤-٤١٧ | ١١٨ | کانیتی | |
| ٣-٤٣٣ | ١١٩ | ردی | |
| ٢-٤٣٥ | ١٢٠ | اری | |
| ٣-٤٣٢ | ١٢١ | اری | |
| ١-٤٢٢ | ١٢٢ | ری | |
| ٣-٤٢٢ | ١٢٣ | سی | |
| ٥-٤٣٦ | ١٢٤ | ـۆشی | |
| ١-٤٣٣ | ١٢٥ | اکی | |
| ٣-٤١١ | ١٢٦ | انی | |
| ١-٤٣٥ | ١٢٧ | انی | |
| ١-٤١٦ | ١٢٨ | انی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣-٤٣٥ | ١٢٩ | وی | |
| ٥-٤٢٢ | ١٣٠ | ـۆی | |
| ٢-٤٢٨ | ١٣١ | ایی | |
| ١-٤٢٩ | ١٣٢ | دەبێ | |
| ٥-٤٣٠ | ١٣٣ | ێ | |
| ٢-٤١٤ | ١٣٤ | ـەنگ | بێ |
| ١-٤٢١ | ١٣٥ | ـەرێ+ـەرێ | |
| ٥-٤١٦ | ١٣٦ | ارێ | |
| ٤-٤١٤ | ١٣٧ | ارێ | |
| ٤-٤١٥ | ١٣٨ | ارێ | |
| ٢-٤٢٣ | ١٣٩ | رێ | |
| ٢-٤٢٥ | ١٤٠ | بێنێ | |

| تاکەکان<br>ئەوانەی سەروایان وەکو سەروای غەزەل و قەسیدەیە | | |
|---|---|---|
| تاکە کۆنەکان | ژمارەی تازەی | سەرواکەی |
| ٥-٤٥٦ | ١ | ـەلە+پەڵە |
| ٢-٤٥٦ | ٢ | ینە |
| ٤-٤٥٦ | ٣ | اوە |
| ٣-٤٥٦ | ٤ | اد |
| ٢-٤٥٧ | ٥ | ان |
| ٦-٤٥٦ | ٦ | اکا |
| ٧-٤٥٥ | ٧ | ناگرم |
| ٣-٤٥٧ | ٨ | ـەلان+ـەڵان |
| ٧-٤٥٦ | ٩ | او |
| ٤-٤٥٥ | ١٠ | او |
| ٢-٤٥٥ | ١١ | یر |
| ١-٤٥٦ | ١٢ | ـەم |
| ٤-٤٥٧ | ١٣ | یـەماڵی+یەمالی |

| ئەوانەی سەروایان وەکو سەرواى پارچە | | |
|---|---|---|
| ١-٤٥٧ | ١ | ابم |
| ١-٤٥٥ | ٢ | مرن |
| ٦-٤٥٥ | ٣ | ـەکەی |
| ٧-٤٥٥ | ٤ | ش نەبێ |
| ٥-٤٥٥ | ٥ | دەوێ |

| چوارینە تەواوەکانی عەونی | | | |
|---|---|---|---|
| ل- د کۆنەکە | ژمارەی تازە | سەروایەکەی | پاش سەرواى |
| ٢-٣٩٦ | ١ | ایە | |
| ٣-٣٩٣ | ٢ | ـەت | |
| ٢-٣٩٢ | ٣ | م | |
| ١-٣٩٥ | ٤ | م | |
| ٢-٣٩٨ | ٥ | ازی | |
| ٥-٣٩٨ | ٦ | ی | |
| ١-٣٩٧ | ٧ | بەیانی | بەیانی |

| چوارینە ناتەواوەکانی عەونی | | | |
|---|---|---|---|
| ل- د کۆنەکە | ژمارەی تازە | سەروایەکەی | پاش سەروای |
| ل٤٠٧-٥ | ١ | ـەدە | |
| ٣٩٩-٣ | ٢ | ـەمە | |
| ٣٩٢-١ | ٣ | ـەستە | |
| ٣٩٩-٤ | ٤ | ۆشە | |
| ٤٠١-١ | ٥ | ـەنگە | |
| ٣٩٧-٥ | ٦ | ـەنگە | |
| ٣٩٤-٥ | ٧ | انە | |
| ٤٠١-٤ | ٨ | ـینە | |
| ٤٠٣-١ | ٩ | ـەتەوە | |
| ٤٠٢-٤ | ١٠ | ـنەوە | |
| ٤٠١-٣ | ١١ | دووە | |
| ٤٠٦-٢ | ١٢ | ریێیە | |
| ٣٩٧-٢ | ١٣ | ێ | دا |
| ٤٠٥-٥ | ١٤ | یری | دەکا |
| ٤٠٤-٥ | ١٥ | ل+ل | ناکا |
| ٣٩٤-٢ | ١٦ | ـژما | |
| ٣٩٤-٤ | ١٧ | ـەوما | |
| ٤٠٦-٣ | ١٨ | هەڵات | |
| ٤٠٢-٣ | ١٩ | ـەست | |
| ٣٨٨ | ٢٠ | اتی | کورد |
| ٤٠٢-١ | ٢١ | یر | |
| ٤٠٧-٢ | ٢٢ | اریێك | |
| ٣٩٩-٢ | ٢٣ | ل | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣-٣٩٨ | ٢٤ | ارەم | |
| ١-٤٠٦ | ٢٥ | ان | دەکەم |
| ١-٤٠٤ | ٢٦ | کەم | |
| ٢-٤٠٣ | ٢٧ | ـەش | کرام |
| ٤-٣٩٧ | ٢٨ | ابم | |
| ٢-٣٩٣ | ٢٩ | ابم | |
| ٤-٣٩٦ | ٣٠ | اتم | |
| ١-٣٩٤ | ٣١ | ـەستم | |
| ٣-٤٠٤ | ٣٢ | ر+ر | |
| ٤-٣٩٣ | ٣٣ | ێژم | |
| ٤-٤٠٤ | ٣٤ | ـەڵم | |
| ٤-٤٠٧ | ٣٥ | ۆشم | |
| ١-٣٩٨ | ٣٦ | ینم | |
| ٣-٣٩٥ | ٣٧ | ینم | |
| ٢-٤٠٤ | ٣٨ | ـەوم | |
| ٥-٣٩٦ | ٣٩ | راوم+ڕاوم | |
| ٤-٣٩٥ | ٤٠ | اران | |
| ٣-٤٠٧ | ٤١ | ۆشان | |
| ٢-٣٩٥ | ٤٢ | ڵان+لان | |
| ٥-٣٩٩ | ٤٣ | ادن | |
| ١-٤٠٥ | ٤٤ | ـردن | |
| ٤-٤٠٦ | ٤٥ | ـێنن | |
| ٣-٤٠٣ | ٤٦ | ین | |
| ٢-٤٠٢ | ٤٧ | ـین | |
| ١-٤٠٠ | ٤٨ | زا | بوو |
| ١-٤٠٧ | ٤٩ | وو | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١-٣٩٦ | ٥٠ | وو+و | |
| ٣-٣٩٧ | ٥١ | ـەی | |
| ٢-٤٠٨ | ٥٢ | ـەیی | |
| ٢-٤٠٠ | ٥٣ | یر | بی |
| ٥-٣٩٣ | ٥٤ | ارم | لەسەرچی |
| ٤-٤٠٣ | ٥٥ | ـەری | |
| ٥-٤٠٠ | ٥٦ | ر+ر | |
| ٥-٤٠٣ | ٥٧ | ر+ر | |
| ٣-٣٩٤ | ٥٨ | انی | |
| ١-٣٩٩ | ٥٩ | انی | |
| ٤-٤٠٥ | ٦٠ | ـێنی | |
| ٣-٣٩٦ | ٦١ | ـێوی | |
| ٥-٤٠١ | ٦٢ | ـینی | |
| ٥-٣٩٥ | ٦٣ | ـەی | بێ |
| ٥-٤٠٦ | ٦٤ | رێ+رێ | |
| ٢-٤٠٥ | ٦٥ | ـێنێ | |
| ٣-٤٠٥ | ٦٦ | ـێنێ | |
| ٣٨٩ | ٦٧ | ان | لە فارسییەوە |

| ئەو چوارینانەی دوو دێڕن | | |
|---|---|---|
| ١-٣٩٣ | ١ | دێری١+٢ |
| ٤-٤٠٠ | ٢ | ـەربی+پیران |

| ئەو چوارینانەی سەرواکانیان وەکو پارچەیە | | |
|---|---|---|
| ١-٣٩٣ | ١ | ـەندە |
| ١-٤٠٨ | ٢ | ـەرمە |
| ٢-٤٠١ | ٣ | اد |
| ٤-٤٠٨ | ٤ | ووت |
| ٣-٤٠٠ | ٥ | ان |
| ٥-٤٠٢ | ٦ | ن |

| جووت سەروا (مەسنەوی) | | |
|---|---|---|
| ژمارە کۆنەکە | ژمارەی تازە | سەرواکەی |
| ٢٤٠ | ١ | کەوە |
| ٢٢٨ | ٢ | ایەوە |
| ٢٩٥ | ٣ | ووره |
| ٦٠ | ٤ | را+را |
| ٢٢٧ | ٥ | وێنە |
| ٨٤ | ٦ | یوە |
| ٣٨٨ | ٧ | وو درۆیە |
| ٩٣ | ٨ | ـەتا |
| ١١٦ | ٩ | ا |
| ١٣٧ | ١٠ | ا |
| ١١١ | ١١ | ات |
| ١٢١ | ١٢ | ـەست |
| ٦٣ | ١٣ | ید |
| ١٣٣ | ١٤ | ـەر |
| ٢٩٨ | ١٥ | ر+ر |
| ٩١ | ١٦ | ار |
| ١٠٤ | ١٧ | ر+ر |
| ٢٣٢ | ١٨ | یر |
| ٨٧ | ١٩ | ۆش |
| ٢٧٤ | ٢٠ | ۆش |
| ١٢٣ | ٢١ | ردێك |
| ٢٨١ | ٢٢ | ارێك |
| ١٢٩ | ٢٣ | ارێك |
| ٢٦٨ | ٢٤ | ابام |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢١ | ٢٥ | ـن دام |
| ٢١٥ | ٢٦ | ستم |
| ٢٣٧ | ٢٧ | اندم |
| ٥٩ | ٢٨ | وم+ووم |
| ٢٨٣ | ٢٩ | انم |
| ١٢٥ | ٣٠ | ان |
| ١١٣ | ٣١ | شكان |
| ١٠٦ | ٣٢ | ان |
| ٢٨٥ | ٣٣ | ان |
| ١٠٩ | ٣٤ | ان |
| ٢٣٥ | ٣٥ | اربين |
| ٣٠٢ | ٣٦ | ـەستين |
| ٢٧٠ | ٣٧ | ەنين |
| ٩٦ | ٢٨ | اوين |
| ٢٢٥ | ٣٩ | ـەو |
| ٢٧٣ | ٤٠ | وو+و |
| ٢٦٦ | ٤١ | ستی |
| ٢٩٠ | ٤٢ | جوانی |
| ٢٢٩ | ٤٣ | ازێ |

| غەزەل و قەسیدە شیعرەکانی تر | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٨٨ | ١ | ارە | |
| ٢٥٣ | ٢ | ـەشە | |
| ١٧٢ | ٣ | ارم | گەرەکە |
| ١٩٤ | ٤ | ارێکە | |
| ٢٥٢ | ٥ | لە+لە | |
| ١٩٣ | ٦ | ـەمە | |
| ٧٠ | ٧ | نە | |
| ١٩٢ | ٨ | وونە | |
| ٢٠٠ | ٩ | ینە | |
| ١٩٨ | ١٠ | رێتەوە | |
| ٧٥ | ١١ | ایەوە | |
| ١٩٧ | ١٢ | ایەوە | |
| ١٧١ | ١٣ | اوە | |
| ١٧٧ | ١٤ | ـیە | |
| ٢٥٥ | ١٥ | رەمزیە | |
| ١٩٩ | ١٦ | ایێ | نییە |
| ٢٥٦ | ١٧ | انە | لە کێیە |
| ١٤٨ | ١٨ | اوم | دا |
| ١٤٩ | ١٩ | رێ+رێ | دا |
| ١٧٨ | ٢٠ | را | |
| ١٤٧ | ٢١ | اد | دەکا |
| ١٩٦ | ٢٢ | ار | دەکا |
| ١٧٩ | ٢٣ | وو | دەکا |
| ١٤٦ | ٢٤ | اری | نەکا چ بکا |
| ١٥٠ | ٢٥ | کا | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨١ | ٢٦ | ۆ | کا |
| ٢٢٣ | ٢٧ | ا | |
| ١٥٢ | ٢٨ | ی+ی | نەگرت |
| ١٥١ | ٢٩ | انی | گرت |
| ١٨٢ | ٣٠ | اج | |
| ١٥٣ | ٣١ | ـەرم | کرد |
| ١٥٤ | ٣٢ | ـەرێکی | تر |
| ٦٤ | ٣٣ | ر | |
| ١٨٤ | ٣٤ | اغ | |
| ١٥٥ | ٣٥ | انی | عەشق |
| ١٨٥ | ٣٦ | ـەلەك | |
| ١٥٦ | ٣٧ | ارێك | |
| ٢٣٨ | ٣٨ | ێك | |
| ٢١٣ | ٣٩ | ال | |
| ١٨٨ | ٤٠ | ل+ل | دەکەم |
| ٦٥ | ٤١ | ان | دەکەم |
| ١٨٧ | ٤٢ | ـەرکەم | |
| ١٥٨ | ٤٣ | ـەم | |
| ٥٨ | ٤٤ | ابم | |
| ١٥٧ | ٤٥ | ابم | |
| ١٤٥ | ٤٦ | ـەکەرت | بم |
| ٦٧ | ٤٧ | اتم | |
| ١٨٦ | ٤٨ | شتم | |
| ١٩١ | ٤٩ | اری | ناکەس کردم |
| ٦٨ | ٥٠ | رم | |
| ١٧٦ | ٥١ | پرسم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦٠ | ٥٢ | الم | |
| ١٦١ | ٥٣ | اوه | دەیزانم |
| ١٥٩ | ٥٤ | انم | |
| ٩٥ | ٥٥ | ان | هەر منم |
| ١٨٩ | ٥٦ | ناکەوم | |
| ١٦٢ | ٥٧ | ان | |
| ٩٢ | ٥٨ | اران | |
| ١٩٠ | ٥٩ | اران | |
| ١٦٣ | ٦٠ | ـەژان | |
| ١٦٦ | ٦١ | اری | من |
| ١٦٤ | ٦٢ | ـەچین | |
| ١٦٥ | ٦٣ | ین | |
| ١٦٨ | ٦٤ | او | |
| ٧١ | ٦٥ | وو | |
| ١٦٧ | ٦٦ | ـەمێکم | بوو |
| ١٧٠ | ٦٧ | ـەو | بوو |
| ٢٥٩ | ٦٨ | بەربادەی | |
| ٢٦٢ | ٦٩ | اریتی | |
| ٢٦٠ | ٧٠ | ـەر | چی |
| ٢٥٨ | ٧١ | ـەوم | دی |
| ٢٥٧ | ٧٢ | ـەسەری | |
| ٢٦١ | ٧٣ | اری | |
| ٧٦ | ٧٤ | اری | |
| ١٧٥ | ٧٥ | انه | دەگری |
| ٢١٤ | ٧٦ | ـەش | |
| ٢٠٦ | ٧٧ | انی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠٤ | ٧٨ | وانی | |
| ٢٦٣ | ٧٩ | ێنی | |
| ٢١٠ | ٨٠ | ۆی | |
| ٢٠٨ | ٨١ | ایی | |
| ٢٠٣ | ٨٢ | بەڵابێ | |
| ٢١١ | ٨٣ | اتم | بێ |
| ٢٠٢ | ٨٤ | اچێ | |
| ٧٨ | ٨٥ | ـێنێ | |
| ٢٦٤ | ٨٦ | ـێنێ | |
| ٧٧ | ٨٧ | ادم | دەوێ |
| ٢٦٥ | ٨٨ | اری | دەوێ |
| ٢١٢ | ٨٩ | ل+ل | دەوێ |
| ٢٠٩ | ٩٠ | ایێ | |

# جەژنی نەورۆز لە کۆیە

## عەبدولکەریم شێخانی

## عەبدولکەریم مەحموود تەها (عەبدولکەریم شێخانی)

• مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی ساڵی ١٩٣٣ لە کۆیە لەدایکبووە، دەرچوونی ئامادەیی، وێژەیی، دواتر خولی پەروەردەی تەواو کردووە و بووەتە مامۆستا و ساڵانێکی زۆریشی لەو بوارەدا بەڕێکردووە، لە شەستەکانی سەدەی رابوردووەوە دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕان بە هەردوو زمانەکانی کوردی و عەرەبی.

• ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی نیشتەجێیە.

• چاپکراوەکانی:

١- ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە- کورتە چیرۆك، وەرگێڕان.

٢- بڵاوکراوەی (بیری نوێ) بەغدا ١٩٧٨

٣- نیکوس کازانتزاکیس، براکوژی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ١٩٨٢

٤- گەلاوێژ صالح فتاح، عابرە سبیل هائمە، قصە طویلە ٢٠٠٧

٥- بەشداریکردن لە وەرگێڕانی زیاتر لە ١٠کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا.

# جەژنی نەورۆز لە کۆیە

## عەبدولکەریم شێخانی

ساڵی ١٩٤٦ نەورۆز لە شاخی (مشکە)ی کرا, وەکو ئێستا شانۆ دروست نەکرابوو، لە دوای نیوەڕۆوە ڕێوڕەسمی بۆنەی نەورۆز دەستیپێکرد، دوای ئەوەی خەڵک ئەوەی خوا دابووی لەماڵەوە خواردبوویان وەکو ئێستا نەبوو، خەڵک بیکات بە سەیران و مەنجەڵە چێشت لەگەڵ خۆیاندا ببەن و گۆشت ببرژێنن، ئەو سەردەمە مەبەست مێشک تێرکردن بوو، نەك ورگ! شاخی مشکەی سەرەولێژ بوو و خەڵك بە جۆرێك دانیشتبوون کە ئەوەی ریزی پێشەوە بەرچاوی ئەوەی دواوەی نەدەگرت. لە خوارەوە رادیۆیەك داندرابوو کە چەندان رادیۆی دیکەی پێوە جەلە کرابوو، واتە بە وایەر میکرۆفەنەکانیان بە رادیۆی سەرەکییەوە بەسترابوونەوە، بەناو خەڵکەکەدا بڵاوکرابوونەوە، واتە خەڵکی گوێیان لە قسە دەبوو، بەڵام کەسەکەیان نەدەبینی، ئیدی گوتار لە رادیۆی سەرەکییەوە دەخوێندرایەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەری گەل.

یەکێك لە بڕگەکانی ڕێوڕەسمی ئەو بۆنەیە، دەمەتەقێیەکی شیعری بوو لەنێوان دوو کەسدا. پیرێك و گەنجێك، شیعرەکە هی (عەونی) ی نەمر بوو، پیرەکە من بووم و گەنجەکەش مام جەلال بوو. من

چەند دێڕێکم لە بەشەکەی لەبیر ماوە و ئەوەی مام جەلال نازانم، چونکە ئەو خۆی دەیخوێندەوە. منی پیر لە گوندی چووم بۆ شار و گەڕاومەتەوە بۆ گوندەکەکەمان، گەنجەکە دەنگوباسی شارم لێ دەپرسێت و منیش بەم جۆرە وەڵامم داوەتەوە.

**رۆڵە وا دیارە تۆ هەرزەکاری**

**چۆن بێ خەبەری لە باسی شاری**

**یاخوا کاول بێ ئەو شارەی کەوا**

**پڕ بێ لە زوڵم و جەور و زۆرداری**

ئینجا پرسیاری دیکەم لێ دەکات و منیش وەڵامی دەدەمەوە، بەداخەوە تەنیا دوو دێڕی ئەو بڕگەیەم لەبیر ماوە:

**هەر دوور بە لە شار هەر دەربەدەر بە**

**بۆ دیتن کوێر بە و بۆ بیستن کەڕ بە**

دوای ئەوەی شتێکی دیکەم لێ دەپرسێ و منیش بەم جۆرە وەڵامی دەدەمەوە:

**بۆت بگێڕمەوە دەنگوباسی شار**

**دوو بارم پێ بوو یەك کا بوو یەك دار**

**هەردووکم فرۆشت بە روبعێ دینار**

**باجیان لێ ستاندم سێ تەقسیم چوار**

ئەو سەردەمە لەو جۆرە باجە لە بەرهەمی لادێکان وەردەگیریا و پێیان دەگوت: (استهلاك) و چەند کەسێك بە قۆنتەرات گرتبوویان و بە

ئـارەزووی خۆیـان ئـەو کرمانجانەیـان دەڕووتانـدەوە.

دوو بـــارەداری وشـــکی قەڵاشـــکەری دانرابـــوون، دوای تەواوبوونـــی ڕێوڕەسـمی بۆنەکـە، خوالێخۆشـبوو سـەمەدی حاجـی محەمـەد، نـاسراو بـە (سـەمەد بەننـا)، دارە وشـکەکانی خسـتنە سـەر یـەك و نەوتـی پێداکـردن و مەشـخەڵی ئاگـری نـەورۆز بەرزبـووەوە، ئینجـا شـاییەکی نـەرم بـە دەوری ئاگرەکـەدا دەسـتپێکرد. بەشـدارانی شـاییەکە تەنیـا سـێ کەسـم لەبیـرە، عومـەری مـام عـەوڵا، ئەحمـەدی حەمـە مـەلا، سـاڵحی قەسـابی، نـاسراو بـە سـاڵحی ریخەڵۆکـی. ئـەو سـێیانە هەمیشـە پێکـەوە بـوون و پێکـەوەش دەچـوون بـۆ خواردنـەوە، "سـێوە"ش لەسـەرخۆ گۆرانیـی شـلەوخانانی دەگـوت و شـاییەکەش بـە نەرمـی دەگـەڕا.

کاك ئەحمـەد زۆر مەسـت بـوو، وەکـو دەڵێـن خومـار بـوو، زۆر بـە قورسـی چـاوی دەکـردەوە و دەسـتیان گرتبـوو، وردە وردە بـە مەسـتی شـایی دەکـرد. دوای ئـەو هەمـوو سـاڵە ئـەو دیمەنـەم هەرگیـز لەبیـر ناچێتـەوە و زۆرجاریـش باسـم کـردووە.

هـەر بـە بۆنـەی ئـەو شـیعرەوە، پێـم خۆشـە چەنـد سـاڵێکی زۆر بگەڕێمـەوە بـۆ دواوە، پۆلـی سـێیەمی سـەرەتایی بـووم لـە ماڵـی ئەحمـەدی مـەلا عـەوڵای بـرای مامۆسـتا (عەبدولقـادر عەبدوڵـڵا) لەگـەڵ (عەبدولڕەحـمان میـرزا غەفـووری سـابڵاغی) ئەوسـا ناوەکـەی نەگۆڕابـوو بـۆ مەهابـاد و بـرا بچووکـی محەمـەدی میـرزا غەفـوور کـە لـەوە بـەدوا بـە دڵشـاد رەسـووڵی نـاسرا، دانیشـتبووین. ئـەوان هەردووکیـان لەمـن گەورەتـر

بـوون، شـیعرێکیان خوێنـدەوە کـە مـن نـە بیسـتبووم و نـە دەشـمزانی هـی کێیـە؟ گوتیـان ئەمـە شـیعری (عەونی)یـە، لـەو شـیعرە تەنیـا کۆپلەیەکـم لەبیـرە.

**بـە دیمەن رووت و بێکـەس وەك هەتیوم**
**وەکــو پیرێکــی ســەد ســاڵە رزیــوم**
**لەژێـر بـاری خەمـت مـن چۆن چەقیـوم**
**هەتـا مـردن دەبـێ هــەر قـوڕ بپیـوم**
**بـە گەنجـی چوومە ریزی دەسـت بـەداران**

رۆژگار تێپـەڕی و منیـش تەمەنـم هەڵکشـا و گەیشـتمە پۆلـی شەشـەم و یەکەمـی ناوەنـدی و وردە وردە شـاعیرەکانی کۆیـەم ناسـی، هەندێکیـان لـە دوورەوە، وەکـو (عەونـی و رۆسـتەم) و هەندێکیشـیان لـە نزیکـەوە وەکـو دڵـزار و دڵـدار و وردی کـە ئەمەیـان ماوەیـەك مامۆسـتام بـوو، بـەڵام زۆر نەمایـەوە و لـە کۆیـەوە گوێزرایـەوە بـۆ تەقتـەق. لـەو سـەروبەندەدا کـە تـازە جەنگـی دووەمـی جیهانـی کۆتایـی هاتبـوو، لـە سـاڵی ١٩٤٦ باهۆزێـك بـە کاریگەریـی یەکێتیـی شـۆرەوی هەڵیکـرد و هەمـوو جیهانیشـی گرتـەوە، بێگومـان کوردسـتانیش لـەوە بـەدەر نەبـوون بیروبـاوەڕی مارکسـیزم وەك ئاگـری لـە پووشـی بەربـوو، هەمـوو جیهانـی گرتـەوە و ئـەوەی زیاتـر رۆشـنبیران و وڵاتانـی ژێردەسـتەی راکێشـا، پشـتیوانیکردنی ئـەو وڵاتانـە بـوو لەلایـەن سـۆڤیەتەوە بـۆ رزگاربـوون لـە کۆتوبەنـدی داگیـرکاری و ئیمپریالیـزم. شـاعیر و رۆشـنبیرانی کۆیـەش بـە کۆمـەڵ دوای ئـەو رەوتـە

تازەیـە کەوتـن لـە ڕێـی (حـزب التحـرر الوطنی)یـەوە کـە ڕووی ئاشـکرای حزبـی شـیوعیی عێـراق بـوو، شـاعیر و ڕۆشـنبیران وەك دڵـزار، دڵـدار وردی، ڕۆسـتەم، عوسـمان خۆشـناو و گەلێکـی ئـەو ڕەوتـە ڕایماڵیـن و لـە نـاوە دیـارەکان تەنیـا (عەونـی)ی شـاعیر لەگـەڵ ڕەوتـە نەتەوەییەکـە مایـەوە و هەتـا کۆتایـی ژیانـی پێیـەوە بەنـد بـوو و لـەو پێناوەشـدا باجـی خـۆی دا، بـە گرتـن و دوورخسـتنەوە و زیانـی ماددیـی زۆر.

دوای ئـەوە لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوەی نیشـتمانیدا کاك (عەونـی)م دەدیـت شـیعری دەخوێنـدەوە و لـە هەمـوو ئـەو بۆنانـە گرنگـتر ئـەو چلـەی ماتەمینییـە بـوو کـە بـۆ شـەهیدانی ڕاپەڕینـی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨ گیـرا لـە مزگـەوی گـەورەی کۆیـە و لـە هۆڵـی نوێژکـردن کـە بـۆ یەکەمجـار جوولەکـە و دیانـی بەشـدرابوون لـەو کـۆڕی ماتەمینییـەدا هاتـن بـۆ مزگەوتـی گـەورە و ئەمـەش نیشـانەی لێبوردەیـی گەلـی کـورد نیشـان دەدات بەرانبـەر بـە ئاییـنە جیـاوازەکان و ڕێزلێگرتنیـان و ئـەو بۆنەیـە لـە کەنیشـتەی جوولەکانیـش سـازکراو ڕۆشـنبیرانی کۆیـە تێیـدا بەشـداربوون.

کاك عەونـی لـە چلـەی شـەهیدانی ڕاپەڕینەکـەی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨ ئـەم شـیعرەی خوێنـدەوە:

**بەنـاوی ئینتخابـی حـوڕ لـە میللـەت**
**هەڵئەبژێـرن لـە بـۆ مەجلیسـی ئوممـەت**
**هـەزار مەجلیسـی وا خاڵـی لـە قیمـەت**
**بـە لەعنـەت بـێ، بـە لەعنـەت بـێ بە لەعنـەت.**

کاك عەونــی لەگــەڵ چەنــد کەســێکی دیکــە پشــکێکی لــەو مەکینــەی ئاشــی ئــاردەی لــە کۆیــە دانــرا هەبــوو. مامــم وەســتای مەکینەکــە بــوو و مــن زۆر رۆژ دەچــووم بــۆ ئــەوی هــەر رۆژە پشــکدارییەك دەهــات بــۆ سەرپەرشــتیکردنی ئاشــەکە. رۆژێکیــان کوڕێکــی گەنــج، گەنمــی دەکــردە تەنەکــە و بــە ئــارەزووی خــۆی دەیبەســتی، هەتــا زۆرتــر بگرێــت و ژمــارەی تەنەکــە گەنمەکانیــش کەمــتر بێتــەوە و پــارەی کەمــتر بــدات. منیــش گوتــم: ســەیرکە چــۆن دەیپەســتێ، خەریکــە تەنەکەکــە دەشــکێنێ! کاك عەونــی گوتــی: مــن خەمــی ئــەوەم نییــە تەنەکەکــە دەشــکێ، خەمــی ئەوەمــە فێــری ســاختەچییەتی دەبێــت!

هــەزار رەحمــەت لــە گۆڕەکــەت و هەڵوێســتە جوانەکانــت پیــاوی رۆژی تەنگانــە و هەڵوێســتی مەردانــە کاك عەونــی.

# رامانێك لە شیعری (لەم كوڵبەی ئەحزانە)ی عەونیدا

هۆشەنگ قادر حوسێن

## هۆشەنگ قادر حوسێن

- ساڵی ١٩٦٨ لە کۆیە لەدایکبووە.
- دەرچووی پەیمانگەی هونەری کەرکووك ساڵی ١٩٨٩یە.
- بە دەیان وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
- لە سەرەتای لاوییەتییەوە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی هەیە.

## رامانێك لە شیعری (لەم كوڵبەی ئەحزانە)ی عەونیدا

## نووسینی: هۆشەنگ قادر حوسێن

(جاری وا هەیە ژیان دۆخی وا دەخوڵقێنێ خەیاڵیش پەی پێنابات).

دەشـێت ئـەم وشـەیە گونجاوبێـت بـۆ ژیانـی (ئیبراهیـم خلیـل اللـه) ی باوكـی پێغەمبـەران. تەفسـیركردن و رانـان بـۆ ئـەم دۆخـە لـە خەیاڵـی عەونیـی شـاعیردا بەشـێوەیەكی ئیسـتاتیكی هونـەری جـوان بـە خەیاڵـی شـاعیرێكی عاریفانـەوە تێڕامانـی بـۆ كـراوە، وەك بڵێیـن تانوپـۆی چیرۆكـی ئیبراهیـم لـە دەربڕینـی چەنـد دێـڕە شـیعرێكی عەونیـدا كـە گوزارشـتە لـە ژیانـی ئـەم زاتـە.

نـاوی راسـتەقینەی شـاعیر (عوسـمان حەبیـب عەبدوڵـڵا) نازنـاوی شـیعری (عەونی)یـە.

عەونـی بـە مانـای هـاوكاری یـان یارمەتـی دێـت. شـیعرەكانی عەونـی زۆرن، قـووڵ و پـڕ مانـان، ئیلهـام و خەیاڵـی شـاعیرانەن، بـە هەمـوو پێوەرێـك فـرە ڕەهەنـدن. شـیعری نیشـتمانی و جوانـی و غوربـەت و تەسـەوف و عیرفانـن. زیاتریـش بـەرەو عیرفـان هەڵدەكشـێ، شـیعر بەهرەیەكـە و لـە دڵ و دەروونـی شـاعیردا قەتیـس بـووە، تەنانـەت هەندێـك لـە شـیعرەكانی زەمەنـی خۆیـان تێپەڕانـدووە وەك لـە شـیعری (لـەم كوڵبـەی ئەحزانـە)دا.

خەیاڵـی شـاعیر لـە كۆڵبـەی حوزن....حـەسرەت بـۆ خەیاڵـە شـیعرێكی

وا بخــوازن، کوڵبــەی حــوزن بــە شــێوەیەکی ئیســتاتیکی و مەعریفــی پــڕ لــە تەســەوف وا داڕێــژراوە هەمــوو حــوزن و جوانــی و غوربــەت لەنــاو تابلۆیەکــی رازاوەی قەشــەنگی رۆژهەڵاتــی کۆنــدا کــە ســەرچاوەی ئیــشراق و پڕشــنگدارە بــۆ ئێســتا. جــا لــەوەش شــانازیتر شــاعیرێك بێــت هەمــوو ئــەو وێنــە و نیگاجوانــە لــە فۆرمێکــی شــیعریدا کــورت بکاتــەوە و پێشکەشــمانی بــکات.

**(لـەم کۆڵبـەی ئەحزانـە عەشـقی سـەنەمێکم بـوو**

**لــەم چــۆڵ و بیابانــە، باخــی ئیرەمێکــم بــوو)**

لـەم دێـڕەدا شـاعیر یـادی چیرۆکـی پێغەمبـەر ئیبراهیمیـان بیـر دێنێتـەوە کــە چــۆن تووشــی ئاســتەنگی ژیــان و نەیارانــی بووەتــەوە، کۆمەڵێــك کارەسـاتی ناخـۆش و جەرگبـڕ لـە ژیانیـدا بـەدی دەکرێـت، هـەم لـە ئاگـر، هــەم لــە ســەربڕینی ئیســماعیلی کــوڕی کــە لەلایــەن یەزدانــەوە فەرمانــی پێدەکرێـت کوڕەکـەی بکاتـە قوربانـی، ئەمـەش لـە مێـژووی دینـدا زۆرتریـن قســەی لەبــارەوە گوتــراوە، کارەســاتی خەمئامێــزە لەنــاو کتێبــە ئاســمانییەکان لــە زۆربــەی رووداوەکانــدا نموونــەی ئایدیــای بــاڵا و دیــاری دەستنیشــان کــراوە.

سەرگوزشــتەی ژیانــی ئیبراهیــم نــەوەك هــەر بــە تەنیــا لەنــاو گەلانــی رۆژهــەڵات، بەڵکــوو لــە سەرتاســەری جیهانیشــدا نــاسراوە. ئــەوەی جێگــەی ســەرنج و وردبوونــەوە و تێڕامانــە لــە عەونیــی شــاعیر، کــە لەســەر تەنیایــی پێغەمبــەر ئیبراهیــم گوزارشــتی شــیعری کــردووە.

لێرەدا عەونی بە جیهانبینی و وردبینی خۆیەوە دێت قسە لەسەر لایەنە شاراوە و نهێنی و تەنیاییەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم دەکات، جیا لەو جۆرە پێداهەڵگوتنە کلاسیکییەی کە بەسەر ژیان و ئازارە پڕ نەهامەتییەکەیدا هاتووە.

دەشێت ئەو شیعرەی عەونی بارتەقای یەك لێکۆڵینەوەی گەورە بێت، هەم لە نوێگەرییەکەی و هەمیش لە پەردە لادان و بە دیارخستنی بەشێکی تری ژیانی ئیبراهیم و تەنیاییەکی وەهمیش لەبەر بانگەواز بۆ سەختی و کڵۆڵی ژیانی.

کوڵبەی حوزن لە شیعری عەونی جوانییەکی تر بەسەر چیرۆکی ئەم پێغەمبەرە خۆی دەنەخشێنێ، گەوهەری وشەی دانسقە لەم شیعرەدا فۆرمەڵە بووە.

دەتوانم بڵێم چیرۆکێك تەواوکەری چیرۆکە ناخهەژێن و پڕ ئازار و پڕ لە نەهامەتییەکانی ئیبراهیمە (کۆڵبەی حوزن) هاوشانی چیرۆکی ئاگر و قوربانی.

لێرەدا ئیبراهیم وەك سیمبۆڵ و ژانر و هێما هەم بۆ پێغەمبەرەکان، هەمیش بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. هێشتا زیاتر و زیاتر دەشێت چیرۆکی تر لە ژیانی شاراوەی پێغەمبەر ئیبراهیم دروست بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

دەکرێ رۆماننووسێك، شاعیرێك، مێژوونووسێك، خەیاڵناسێك، ماریفێك و موفەکیرێك چیرۆکێکی تر بخولقێنێ. هەڵبژاردەی شیعری لەم

(کوڵبـەی ئەحزانـە) بنکۆڵێـك و یەکێکـی تـر لـەو چیرۆکانـەی کـە عەونیـی شـاعیر توانیویەتـی لـە چیرۆکـی ئیبراهیـم هەڵێنجێنـێ.

چـۆن رووەکناسـێك لێکۆڵینـەوە بـە تەنیـا لەنـاو خـود و بنەڕەتـی پێکهاتـە و سیتسـەمی رووەکـدا بـە تەنیـا نـاکات، بەڵکـوو پێویسـتی بـۆ ئامادەکردنـی لێکۆڵینەوەکـە دەبێـت ژینگـەی دەوروبـەری درەختەکـە چـۆن دەوریـان هەیـە بـۆ ژینگـەی رووەك، یاخـود درەختەکـە هەمـووی پشـکنینی بـۆ بکرێـت، چونکـە هـەر یـەك لـە خـاك لـە کـەش لـە شـوێنی جوگرافـی لـە ئـاو و هـەوا و هەمـوو پێکهاتـەکان دواجـار هەموویـان کاریگـەرن لـە پێکهاتـەی درەخـت، بـە هەمـان پێوانـەی درەختەکـە روانیـن لـە ژیانـی پێغەمبـەر لـە هەمـوو کونجوکەلەبەرێکـی ژیانـی پێغەمبـەر لـە روئیـای عەونیـدا رەنگـی داوەتـەوە.

حەقـی خۆیەتـی زۆرتریـن تەفسـیر لـەم شـیعرە بکرێـت، شـیعرێك هەڵگـری زیـاد لـە فەنتازیـا و خەیـاڵ، زیـاد لـە جوانییـەك، مانایـەك، عەونیـی شـاعیر بەشـێوەی ریالیزمانـە ئـەم بۆشـاییەی لـە ژیانـی ئیبراهیـم بەشـێوەیەکی ئیسـتاتیکیانەوە پڕکردووەتـەوە.

(جاری و هەیە ژیان دۆخی وا دەخولقێنێ، خەیاڵیش پەی پێنابات).

ئـازاری گەرمـا و تەنیایـی هیچـی کەمـتر نییـە لـە ئـازاری نـاو ئاگـر، چـۆن ئاگـر بـۆ ئیبراهیـم بـووە هێمنکـەرەوە و سـاردی ئـاواش گەرمـی بیابـان بـۆی بووەتـە شـنەبا و شـەماڵ. جوانـی خەیـاڵ لەوەدایـە تـۆ لـە چیرۆکێکـی نادیـاری جوانـەوە پەیکـەرە شـیعرێکی جوانـی ئەفسـووناوی

دروست بکەیت و وێنەکانی فەنتازیاکانی نهێنی قووڵی پشت چیرۆکەکە بەدیار بخەیت، لە شیعری کوڵبەی حوزن جوانترین چیرۆك بونیادنرا، هیچی کەمتر نییە لە چیرۆکی یوسف، شاعیر دێت جوانییەکی تر دەبەخشێتە چیرۆکەکە، لە نادیارەوە بەرەو دیار.

ئەگەر باشلار مامۆستای خەیاڵ بێت ئەوا عەونیی شاعیری خەیاڵە.

کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە:

**لەم چۆل و بیابانە باخی ئیرەمێکم بوو.**

پێغەمبەر داوا لە خوا دەکات خوایە کەمێك هێز و حیکمەتی خۆتم پێببەخشە، خواش هێز و خۆشەویستی و سۆز و میحبەتی خۆی پێدەبەخشێت، دڵ و دەروونی ئیبراهیم عیشقێکی ئیلاهی پتەوی پێدەگیرسێ، عیشقێك دەشێ لە مرۆڤی ئاساییدا بوونی نەبێت، داواکارم لە خوێنەر بە هەڵە تەفسیر بۆ کوڵبەی حوزن نەکات لەنێوان هەردوو چیرۆکی پێغەمبەر (یەعقوبی باوکی یوسف) لەگەڵ پێغەمبەر ئیبراهیم، لێرەدا مەبەستی شاعیر پێغەمبەر ئیبراهیمە نەوەك پێغەمبەر یەعقوب، چونکە یەعقوب مەحکوم بوو بەم ژیانە (یەعقوب) لە پێشتر لە رێگەی دایکییەوە فێڵی لە براکەی کردووە لەپێناو بەدەستهێنانی وەرەسە و میراتەوە، نادادپەروەریش بووە بەرانبەر نەوەکانی، بۆیە خواش مەحکومی کرد بە دووری یوسف، بەڵام ئیبراهیم سەرەڕای عیشقە ئیلاهییەکەی بەرانبەر نەوەکانی و خێزانەکانی دادپەروەر بووە، بۆیەش پەروەردگار لە هەموو کارێکی زوو بە زوویدا سەری دەخات،

هەڵبــەت ژیــان تاقیکردنەوەیــە، بــەڵام ئایــا کــە خــوا عیشــقی خۆیــمان پێشــکەش بــکات، هەموومــان مەحکومیــن بــە تاقیکردنــەوە.

کۆڵبــەی حــوزن، ئــەو خانووچکەیــەی کــە ئیبراهیــم بونیــادی نــاوە لەنــاو ئــەم چــۆڵ و بیابانــە لــە گەرمــای تاقەتپرووکێنــی شــام کــە تیشــکی خــۆر بــە ســتوونی لێــی دەدات لــە کەشــێك و دۆخێکــی وادا چــۆن لــە ژیــان بــەردەوام بیــن.

باغــی ئیــرەم، باغێــك لــە باغەکانــی بەهەشــت، کــە خــوا عیشــق و مەحبەتــی خــۆی دەداتــە ئیبراهیــم، نموونــەی باغێــك لــە باغەکانــی بەهەشــتی پێــدەدات، باغێــك بــە هەمــوو جوانــی و پێکهاتەکانییــەوە، باغێــك مەگــەر هونــەری دەســتڕەنگینی ئیبراهیــم بیڕازێنێتــەوە.

دێڕی:

**ئاخــر فەلەکــی بــەدکار دووچــاری غەمــی کــردم**

**جــارێ لــە خــەوا وەســڵی لــەپ جامی جەمێکــم بوو**

شــاعیر لێــرەدا بــە دوو مەبەســت ئــەم کۆپڵەیــەی گوتــووە، لــە دێــڕی یەکەمــدا، شــاعیر دێــت وەك گلەییــەك لــە خــوا کــە چــۆن خــوا ســەرەڕای هەمــوو هەســت و ســۆزەکانی کــە بــە ئیبراهیمــی بەخشــیووە، کەچــی هێشــتا دووچــاری غەمــی دەکات، ژیــان بــە ئــازارە، سرووشــتی ئینســانیش وایــە خــوا مرۆڤــی خوڵقانــد، یەکەمیــن کاری مــرۆڤ، گلەیــی لەخــوا بــوو.

لێــرەدا عەونیــی شــاعیر ســنووری خەیــاڵ تێدەپەڕێنێــت و بــە ناچــاری و دەرد و مەینــەت و گلەییەکانــی ئاراســتەی خــوا دەکات.. ئیــتر ئــەو چ گلەیــی

لـە ئینسـان بـکات کـە چیـن و توێـژ و ڕۆشـنبیرانی ئـەو سـەردەمە ناتوانـن خوێندنـەوە و تەفسـیر بـۆ ڕوئیـای عەونـی بکـەن، وەك بڵێیـن عەونـی سـەردەمی خـۆی تێپەڕانـدووە و تەجـاوزی سـەقافەتی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی کـردووە، ئەگـەر مەسـعود محەمـەد لـە بـواری فیکریـدا ئەسـپی خـۆی تـاو دابێـت، زەمەنێـك تاکلایەنـە پەیامـی خـۆی گەیاندووەتـە سـەر، ئـەوا عەونیـی شـاعیریش خەیاڵـی شـاعیرانەی خـۆی تاکلایەنـە گەیاندووەتـە سـەر، بـەڵام قوڵـی و خەیاڵـی عەونـی بـۆ شـیعرە نهێنیانەیـە کـە لـە مەبەسـتی عەونیـدا هاتـووە، بەداخـەوە تاوەکـو ئێسـتا ئـەو دەسـتڕەنگینییە فریـای عەونـی نەگەیشـتووە، ئەمـەش کەمتەرخەمـی لایەنـی پەیوەندیـدارە.

ئاخـر فەلەکـی بـەدکار دووچـاری غەمـی کـردم، ئـەم دەسـتەواژەیە لـە جیاتـی ئیبراهیـم گوتـراوە، ئـەوەی ئیبراهیـم نەیگـوت عەونـی لـە دێـڕە شـیعرێکیدا تـەواوی کـرد، بەمـەش عەونـی وەك شـاعیری ئۆپۆزسـیۆن و یاخـی شـاعیرێك بـە ئاسـانی دەسـتەمۆ ناکرێـت و لـە یـەك قاڵبـدا ناگیرسـێتەوە، هـەر ئـەم یاخیبوونەوەشـە عەونـی کاری بـۆ دەکات، تەنانـەت لـە ڕۆژان و ژیانـی ئاسـاییدا لەنـاو بۆتـەی خێـڵ و عەشـیرەت، کۆمەڵگـەی ئەوکاتـەدا دوورەپەرێـزە، ئەمـەش سرووشـتی شـاعیرانی یاخییـە. لێرەشـدا خـوا لەبـەردەم ڕەهەنـدی خـەم و ئـازار، خـوا کـە ژیـان دەخوڵقێنـێ ئازاریـش دەبەخشـێت.

دێڕی دووەمی شیعرەکە:

**جارێ لە خەوا وەسڵی لەپ جامی جەمێکم بوو**

جوانی وشە لەم دێڕەدا دیسان ڕەهەندێکی مێژوویی لە پشتە، ئا لێرەدا شاعیر لە تەفسیری ئەم دێڕە زەمەنی دەرد و ئازاری ژیانی ڕۆژانەی پێغەمبەر ئیبراهیم بە تەنیا ناخوێنێتەوە و دەری نابڕێ، بەڵکوو بە دیدگایەکی مێژوویی تەفسیری بۆ دەکات.

(جامی جەم) جامی جەمشیدی ساسانی، شای کۆنی ئێران، وەك ئەو ئاوێنەیەی کە شا جەمشید لەناو ژووری خۆیدا دونیای دەرەوەی دیوە، هەرچەندە ئەم چیرۆکە شێوەی ئەفسانەیی هەیە و تا ئاستێك وێنەکە بەربڵاوە بۆ چیرۆکە میتالۆژییەکان.

عەونیش هاوشێوەی جەمشیدی شای کۆنی ئێران، داواکارە لە پەروەردگار کە ئاوێنەیەکی وا بەدەست بێنێ، هەرچەندە ئاوێنەکەی جەمشید بۆ کاری هەواڵگری بووە، بەڵام لە دێڕە شیعرە باسکردنی (جامی جەم) بۆ عەونی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێغەمبەر، ئیبراهیم کە گوتمان ڕەهەندێکی مێژوویی لەپشتەوەیە، چۆن لە نزیکەوە ژیانی ئیبراهیم لەناو ئەو ئاوێنە بچووکەوە ببینێت، ئەمەش سیحری دێڕە لە شیعرەکە بە ناهەقم مەگرن، گەر بڵێم عەونی وەك شاعیری خەیاڵ نەوەك گۆران.

دیسان دەیڵێمەوە (ئەگەر باشلا مامۆستای خەیاڵ بێت، ئەوا عەونی، شاعیری خەیاڵە)

ئەمـە بێجگـە لـەوەی خەیاڵێکـی دوور لـە پشـت ئـەم دێـڕە بێـت، ئـەوا بـە دیوێکـی تـردا ئیلهامێکـی قوڵـی بونگەرایانـە بوونـی هەیـە.

**(ئاخـر فەلەکـی بـەدکار دووچـاری غەمـی کـردم**

**جـارێ لـە خـەوا وەسڵی لەپ جامـی جەمێکـم بوو)**

ئـەم دێـڕە لـە پێکهاتـە و ناوەڕۆکـدا هاوشـێوەی ئـەو کیمیاگـەرەی کـە لـە تاقیگەکەیـدا تـا دوا بـەش تـا خەیـاڵ پـەی پێببـات تـا مەتریـاڵ و گـەرد پێویسـتیان بـە لێکۆڵینـەوەی زیاتـر دابەشـکردنی زیاتـر هەبێـت، نابێـت کیمیاگـەر دەستەوەسـتان بێـت، چونکـە کارەکـەی بـە ناتـەواوی بـە نیـوە چـڕی دەمێنێتـەوە یـان هاوشـێوەی ئـەو دکتـۆرەی کـە چەندیـن شـەو و ڕۆژ هـەر بـەردەوام خەریکـی لێکۆڵینەوەکانێتـی، شـاعیریش تـا ئـەو شـوێنە چیرۆکەکـە پێویسـتی پێـی بێـت، دەسـتی بـۆ بـردووە و تەفسـیری بـۆ کـردووە.

لە دێڕی:

**ئــەی دڵ بەخەتــا تاکــەی مایــل بــە خەتــاکاری**

**دوێنێکـە دەمێکـم بـوو، ئەمـڕۆ نەدەمێکـم بـوو**

لێـرەدا عەونـی بەردەوامـە لـە درێـژەدان بـە چیرۆکـی ئیبراهیـم، کـە چـۆن سـەرەتا ئیبراهیـم لـەو ژیانـە کلۆڵـەی خۆیـدا لـە وڵاتـی بێگانـەی وەك فەڵەسـتین کـە هەڵبـەت سـەرەتا پێغەمبـەر ئیبراهیـم گەشـتەکەی لـە کوردسـتانەوە لـە لانکـەی شارسـتانیەتەوە لەنـاو قوڵایـی شۆڕشـی کشـتوکاڵی ئـەو کاتـەوە بـەرەو بیابانەکانـی گەشـتەکەی دەسـتپێدەکات و ژیـان لـەو

چۆڵەوانییـەدا دروسـت دەکاتـەوە، هەڵبـەت ئەمـەش پاڵپشـتێکی یەزدانـی لـە پشـت ئیبراهیـم وەك زنجیـرەی یەکەمـی پێغەمبەرایەتـی کـە چـۆن لـە سـەرەتادا ئیبراهیـم بەهـۆی مەشـەقەتی ژیانـەوە ناچـار بـووە پەشـیمان بێتـەوە لـە ژیانـەوە، ناچـار بـووە پەشـیمان بێتـەوە بـە مانـای نـەدەم کـە دەڵـێ: (دوێنـێ نەدەمێکـم، ئیمـڕۆ نەدەمێکـم بـوو)، بـەڵام ئیمـڕۆی ئـەو کاتـەی ئێسـتاکەی ئیبراهیـم لەبـەر زۆری کار و ڕەخسـاندنی هەلومەرجـی ژیانـی سـەرەڕای ماندووبـوون و مەشـەقەت و هیلاکـی، کەچـی هێشـتا لەبـەر پرۆسـەی ئاوەدانکردنـەوە هـەر بـەکار ڕانـاگات، جوانـی ژیـان ئەوەیـە تـۆ لـە هیچـەوە شارسـتانییەتییەکی بچـووك بـۆ خـۆت دروسـت بکەیـت، هـەر ئەمەشـە تانوپـۆی سـەرلەبەری چیرۆکـی پێغەمبـەر ئیبراهیمـە.

گۆرانییێـژ دەڵێـت: چـۆن بتوانـێ لـەم پاییـزە بەهـار بـۆ خـۆت سـەوز بکـەی.

عەونیـش لـەو دێـڕەدا هـەر باسـی ئـەو تانوپـۆی چیرۆکـەی کـردووە، بـەڵام بـە وەسـفی شـیعری ئـەوەی کـە ئومێـد عەزیـز مسـتەفا لـە باسـی کاریگـەری شـاعیرانی کلاسـیکی بەسـەر شـیعرەکانی عەونیـدا لەلاپـەڕە (٩٦) کـە چـۆن سـێبەر و کاریگـەری نالـی بەسـەر عەونیـدا زاڵـە، ئەمـە زۆر دوورە لـە ڕاسـتییەوە، ئەوەتانـێ ئـەوەی خەیاڵـی عەونـی پـەی پـێ دەبـات، هێشـتا نـە نالـی، نـە گـۆران پەیـان پێـی نەبـردووە چ جـای عەونـی بکەوێتـە ژێـر کاریگـەری نالییـەوە، بەداخـەوە دیسـان نالـی وەك سـەرقافڵەی شـیعری کـوردی مارکـەی شـیعری کـوردی نیشـان دەدرێـت، ئەمـەش غەدرێکـی

گەورەیـە لـە عەونـی دەکرێـت.

سیســتەمی جوانــی لــە پێکهاتــەی شــیعری عەونیــدا، ڕەوانبێــژی لــە شــیعرەکانی عەونیــدا، وێنــەی جوانــی (جوانــکاری) ڕازاندنــەوە، ڕەگــەزی شــیعری (ڕەگــەزدۆزی)، جوانــی و هونــەری ئیســتاتیکا، زمانــی شــیعری، لێچکواندنــی لــە شــیعرەکانی، خواســتی وشــەی تێکهەڵکێشــی گەڕانــەوە بــۆ بنەڕەتــی بوونــی شــیعری، واتــای شــیعری بــە کورتــی هەمــوو ئــەو پێکهاتــە هونــەری ئەدیبانــە لەنــاو ئەدەبــی شــیعری عەونیــدا زانســتییانە ڕەنگیــان داوەتــەوە.

# ڕێکخراوی ئاشتیخوازانی عێراق و بەیاننامەیەکی ئاشتیخوازانی کۆیە لە ساڵی ١٩٥٩دا

فرهاد عەونی

# ڕێکخراوی (ئاشتیخوازانی عێراق- انصارالسلام) لە ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا و بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لەگەڵ بەیاننامەیەکی ئاشتیخوازانی کۆیە و ئەندامیەتی (عەونی)ی شاعیر لە هەردوو ڕێکخراودا

کەشـوهەوای سیاسـی لـە گۆڕەپانـی نێودەوڵەتیـدا لـە پـاش بەکۆتاهاتنـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی و هێوربوونـەوەی پەیوەندییـەکان لـە بارودۆخـی سـاڵانی دواتـردا بەتایبەتیـش لـە سـەرەتای پەنجاکانـی سـەدەی بیسـتەم لەنێـوان هـەردوو جەمسـەری زلهێـز (یەکێتیـی سـۆڤیەت و هاوپەیمانانـی بەرامبـەر ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و هاوبیرەکانـی) و لـە ئاکامـی بوونـی دوو ئایدیۆلۆجیـای جیـاواز و دوو ڕوانگـە و لـە یـەك بـە گومـان بـوو بـە هـۆکاری بەهێزبوونـی دژە پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی بەرانبـەر یەکـتری کـە لـە ئاکامـدا لـەم نیـوە و ئـەم نیوەنـدەدا چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی جۆراوجـۆر پەیدابـوون و سـەریانهەڵدا و هاتنـە نێـو کایـەی ململانێـی ئـەو دوو جەمسـەرە کـە تێیـدا هەریـەك لـەو ڕێکخراوانـە بـە ئاراسـتە و شـێوازی جیاجیـا لەنـاو کۆمەڵگـەکان یاریـان دەکـرد، لایەنـی پارتـە شـیوعییەکان و سۆسیالیسـت و دیموکـرات و چەپخـوازەکان خۆیـان لەگـەڵ بـەرەی یەکێتیـی سـۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـادا دەدیتـەوە لـە بەرانبەریشـدا کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکانـی ڕاسـتیخواز (یمیـن) و دیموکراتـی ڕۆژئاوایـی کـە دژ بـە بیروبـاوەڕی پێشـکەوتووخواز و چـەپ بـوون، ئەمەریـکا و وڵاتانـی ڕۆژئـاوای

ئەورووپا یـان بـە (قیبلـە)ی خۆیـان دەزانـی.

ململانێــی ئــەو دوو جەمســەرە و هەوادارانــی رۆژانــە بــە چەندیــن جــۆری ململانــێ دژ بــە یەکــتری بەڕێــوە دەچــوو و ســاڵانێکی زۆری لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا داگیــر کــرد کــە تاکــو ســەرەتای نەوەتەکانــی ســەدەی رابــردووی خایانــد کــە تێیــدا بــە رووخانــی بلۆکــی سوسیالیســت و یەکێتیــی ســۆڤیەت کۆتایــی هــات.

رێکخــراوی ئاشــتیخوازان (انصــار الســلام) لــە چەندیــن وڵاتانــی جیهانــی ســێیەم و وڵاتانــی رۆژهەڵاتــی ئەورووپــا لــە ئاکامــی شــەڕی (ســارد)دا ســەریهەڵدا کــە بــە کۆتایــی هاتنــی شــەڕی دووەمــی جیهانــی ســەریهەڵدا کــە تێیــدا (وڵاتــی عێــراق) لــە ســەردەمی (پاشــایەتی) یەکێــك بــوو لــەو وڵاتانــەی کــە زوو رێکخــراوی ئاشــتیخوازانی تێــدا دروســت بــوو کــە خەڵکانــی ســەر بــەم (رەوتــە) بەشــدارییان لــە کــۆڕ و کۆبوونــەوە و کۆنگرەکانــی ئــەم رێکخــراوە جیهانییــەدا کــرد کــە لــە وڵاتانــی رۆژهەڵاتــی ئەورووپــا گــرێ دەدرا بــە مەبەســتی پڕوپاگەنــدە و هاوســۆزی بــۆ رەوتــی ئاشــتی لــە جیهانــدا. ســەرەڕای دیموکراســیەت و دادپــەروەری و دژایەتیکردنــی شــەڕ و شــەرخوازان کــە مەبەســت لــە سیاســەتی وڵاتانــی ئەمەریــکا و رۆژئــاوای ئەورووپــا بــوو، کــە رواڵەتەکــەی شــەڕی ســاردی نێــوان ئــەم دوو (بلۆکــە) بــوو.

گـۆڕەپانــی سیاســیی عێــراق تــا رادەیــەك بەهــۆی لایەنگیــری رۆژێمــی پاشــایەتی بــۆ سیاســەتی بلۆکــی رۆژئــاوا جموجۆڵــی ئۆپۆزســیۆنی تێــدا

بەهێـز بـوو کـە ئەویـش خـۆی لـە سیاسـەتی بەرهەڵەسـتکارانەی رژێمـی پاشـایەتیدا دەدیتـەوە و بەرهەڵسـتکارانی بـە جیـاوازی ئینتـمای نەتـەوە و بیروبـاوەڕی سیاسـی و ئایینـی خۆیـان لـە بەرەیەکـدا دەبینیـەوە کـە تـا رادەیـەك کۆکبـوون لەسـەر بەرنامـە و بەرەیەکـی گشـتی، بـەڵام رێکخـراوی ئاشـتیخوازان لـە عێـراق لـە سـەرەتای پەنجاکانـەوە و لەژێـر کاریگەریەتـی بارودۆخەکـە سـەریهەڵدا و رێکخراوەکـە دروسـتبوو، یەکـەم کۆنگـرەی لـە سـاڵی ١٩٥٤ گرێـدا، بـەڵام گەورەبـوون و کاریگەریەتـی ئـەم رێکخـراوە پـاش شۆڕشـی (١٤ی تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨) کەوتـە قۆناغێکـی تـازەدا کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم رێکخـراوەی (ئاشـتیخوازان) دەیـان و سـەدان کەسـایەتی گەلانـی عێـراق بـە جیـاوازی بیروبـاوەڕی جیـاوازەوە.. خۆیـان لەنێـو ئـەم رێکخـراوە دیتـەوە کـە تێیـدا بانگەشـە سـەرەکییەکەی خـۆی لە(پێنـاو چەسـپاندنی ئاشـتی و دژایەتـی شـەڕ)دەدیتەوە.

دووەمیـن کۆنگـرەی (رێکخـراوی ئاشـتیخوازان) لـە عێـراق لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٩٥٩دا بـە ئاشـکرا بەسـترا و چەندیـن کەسـایەتی گەلانـی عێـراق بەشـداریان تێـدا کـرد و لـە کۆتاییـدا (مەکتەبـی هەمیشـەیی) (المکتـب الدائیمـی) لـە هەشـت کەسـایەتی و ٩٠ کەسـایەتی دیکـەش بـۆ ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی ئاشـتیخوازن (المجلـس الوطنـی لانصـار السـلام فـی الجمهوریـة العراقیـە) هەڵبژێـردران، شـایانی باسـە لـەو ٩٠ کەسـایەتییەدا پازدەیـان کوردبـوون، ئەوانیـش بریتـی بـوون لـەو کەسـایەتییانە وەك لـە راپۆرتەکـەدا (راپۆرتـی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا)دا ناویـان هاتـووە:

١- ئیبراهیم ئەحمەد (پارێزەر)

٢- حەسەن بەرزنجی (کەسایەتی ئایینی)

٣- هەمزە عەبدوڵڵا (پارێزەر)

٤- شەوکەت بابان (قازی)

٥- شێخ سدیق بارزانی

٦- عەبدولمەجید وەنداوی (رۆژنامەنووس)

٧- تەها بامەڕنی (موقەدەمی سوپا)

٨- عەبدوڵڵا گۆران (شاعیر)

٩- عوسمان عەونی (بازرگان)

١٠- شێخ لەتیف شێخ مەحموود

١١- مارف بەرزنجی (پارێزەر)

١٢- مەلا محەمەد شێخ تاهیر (کەسایەتی ئایینی)

١٣- موکەڕەم تاڵەبانی (پارێزەر)

١٤- ناهیدە شێخ سەلام

١٥- نووری ئەحمەد تەها

وەکو ئاشکرایە، باڵیۆزخانەی وڵاتان لە هەر وڵاتێکدا بن سەرقاڵی چاودێریکردنی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەن کە تێیدا بوونیان هەیە لە ڕێگەی فەرمانبەرانی سەر بە دەزگەکانی (موخابەرات)، سەرەڕای سوودوەرگرتن لە راپۆرتی زانیاری شارەزایانی ئەو لایەنانەی کە کاریان لەگەڵ دەکەن، سەرەڕای راپۆرتی

(بەکرێگیراوەکانیـــان).

ڕێکخـراوی ئاشـتیخوازان لـە عێـراق، یەکێـك لـەو ڕێکخراوانـە بـوو کـە باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا گرنگـی داوە و زانیـاری وردی دەربـارەی کۆکردووەتـەوە، بێگومـان ئـەو ڕاپۆرتـەی کـە دەقەکـەی لێـرەدا بـڵاو دەکەینـەوە، لەلایـەن باڵیۆزخانـەی بەریتانیـای گـەورە لـە بەغـدا ئامـادە کـراوە و ئاراسـتەی وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتەکـەی خۆیانـی کـردووە و ئـەو ڕاسـتییە دەگەیەنێـت کـە وڵاتـی عێـراق هەمیشـە لەژێـر تیشـکی (فۆکـس) ی بەریتانیـادا بـووە و تارادەیەکـی گـەورە ئـەو ڕاسـتییە دەبەخشـێت کـە ئـەوان یانـی (بەریتانیـا) دەسـتیان لـە هەمـوو ئـەو جموجۆڵە(دراماتیکیانـە) هەبـووە کـە لـەم وڵاتـە ڕووی داوە و نەهامەتـی بـۆ گەلانـی عێـراق دروسـتکردووە.

دەقـی راپۆرتەکـەی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە بەغـدا نێـردراوە بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی بەریتانیـا

ژمارەی نووسراو- وەزارەتی دەرەوە ١٤٠٩١٤/٣٧١

١٠١٢٥/ ٥٩/١ ژمارە ٤٧

باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا

٢١/ی نیسان/ ١٩٥٩

دەق:

**گەورەم**

**١- کۆنگـرەی (ئاشـتیخوازانی فـراوان) لـە رۆژانـی ١٤-١٩٥٩/٤/١٧ لـە بەغـدا بەسـترا کـە ئەویـش کۆنگـرەی دووەمـە کـە لـە عێـراق گرێدەدرێـت، کۆنگـرەی یەکـەم سـاڵی ١٩٥٤ گرێـدرا لـە سـەردەمی وەزارەتـی (ارشـد العمـری) کـە تارادەیـەك ویسـتی ئازادیـی سیاسـی لـە عێـراق دەسـتەبەر بـکات.**

**٢- سـەرۆك وەزیـران (عەبدولکەریـم قاسـم) کۆنگرەکـەی بـە وتارێکـی مامناوەنـدی کـردەوە، لـە بەشـێکی وتارەکەیـدا جەختـی لەسـەر گرنگـی ئاشـتی کـردەوە، لـە بەشـی دووەمـی وتارەکـەی (لیـوا عەبدولکەریـم قاسـم) ئـەو گوتەیـەی دووبـارە کـردەوە کـە ئـەو (سـەربەخۆیە و سـەر بـە هیـچ لایەنێـك نییـە) (لێـرەدا دەقـی وتارەکـەی قاسـم لـە نامـەی لێپـرسراوی مەکتەبـی پاراسـتنی دیکۆمێنتـەکان لـە باڵیۆزخانـەدا هەیـە و بـە ژمـارە ٥٩/٢٤٤/١٠١٣ لـە ١٦ی نیسـان کـە بـۆ دائیـرەی رۆژهـەڵات نێـردراوە).**

**٣- داتـر وتـاری نوێنەرانـی (ئاشـتیخوازان) و شـاندەکانی کـە لـە دەرەوەی**

عێـراق هاتبـوون لـە نێوانیانـدا "نوێنـەری ئەنجوومەنـی ئاشـتی جیهانـی" خوێندرانـەوە، پاشـان (٨) کەسـایەتی بـۆ مەکتەبـی هەمیشـەیی ئەنجوومەنـی ئاشـتی عێـراق و (٩٠) کەسـایەتی لـە ئامادەبووانـی ئەنـدام بـۆ ئەنجوومەنـی (ئاشـتیخوازان)ی عێراقـی هەڵبژێـردران، لیسـتی دووەم چەندیـن کەسـایەتی دیکـە بێجگـە لـە شـیوعییە پلـە بـاڵاکان لەخۆدەگرێـت، وەکـو کەسـایەتی (عقیـد جـلال الاوقاتـی) سـەرکردەی هێـزی ئاسـمانی و (موقـەدەم سـەلیم فخـری) بەڕێوەبـەری ئێسـتگەی بەغـدا و (ذنـون ایـوب) بەڕێوەبـەری گشـتیی ئیرشـاد (خـدوری خـدوری) (دکتـۆر عبداللـە اسـماعیل البسـتانی) و ئەندامانـی سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی عێـراق و دکتـۆر (طلعـت الشـیبانی) وەزیـری ئاوەدانکردنـەوە و (عمیـد عبدالمجیـد حسـن) ئەمینـی پایتەخـت و سـەرۆکی دادگـەی گـەل و داواکاری گشـتیی گـەل کۆنگرەکـە چەندیـن بڕیـاری پەسـەند کـرد (کورتـەی بڕیـارەکان لـە پاشـکۆی (٢)ی کـە لەگـەڵ ئـەم نـووسراوەدا نێـردراوە و یەکێـك لـەم بڕیارانـە کـە گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە بریتییـە لـە داواکـردن لـە حکوومەتـی عێـراق بـە دەربڕینـی نارەزایەتـی دژ بـە سیاسـەتی کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو (میـسر و سـووریا) لەنێوەندەکانـی عەرەبـی و نێودەوڵەتیـدا بەرانبـەر ئـەو سیاسـەتە دوژمنکارانـەی و شـەڕی ساردی دژ بـە کۆمـای عێـراق، لەگـەڵ پەسـەندکردنی چەنـد بڕیارێکـی ئاسـایی دەربـارەی هـاوکاری گەلانـی عـەرەب لـە جەزائیـر و فەڵەسـتین و کەنـداوی عـەرەب، لـە هەمانکاتـدا داوا لـە حکوومەتـی عێـراق کـرا دان بـە حکوومەتـی ئەڵمانیـای دیموکراتیـدا بنێـت، لەگـەڵ چەندیـن بڕیـاری ئەوتـۆ کـە ئـەو گرنگییـەی نەبـوو

وەکو رادەستکردنەوەی (فەرموزا) بۆ وڵاتی چین و (ئیریانی رۆژئاوا) بۆ ئەندەنووسیا و (گوا) بۆ وڵاتی هیند. لەگەڵ بڕیاری دیکە بە پاشەکشەی ئەمەریکا لە باشووری کۆریا و وەرگرتنی (چین)ی میللی بە ئەندامییەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکان. راوەستانی شەڕی سارد و نەهێشتنی بنکە و پەیمانە سەربازییەکان.

٤- پاش ئەوەی سەرۆك وەزیران لە گوتارەکەی بووەوە (عەزیز شەریف) سکرتێری گشتیی ئاشتیخوازان لە جیاتی رێکخراوەکە لە وتارەکەیدا کە تێیدا باسی لە بارودۆخی بەستنی کۆنگرەکە کرد، سەرەڕای باسکردنی ئەو بارودۆخەی کە رێکخراوی ئاشتیخوازان لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی تێدابوو، لە هەمان کاتیشدا (عەزیز شەریف) باسی لەو ئامانجانەی کرد کە رێکخراوی ئاشتیخوازان لە بەستنی ئەم کۆنگرەیەدا دەیەوێت:

أ- هوشیارکردنی رای گشتیی جیهانی لەپێناو هەوڵدان دژ بە سیاسەتە دوژمنکارانەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە و بەرچاوروونی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئەو بارودۆخە ناهەموارە و جموجۆڵیەی دوژمنکارییەکان کە دژ بە کۆماری عێراقی دەکرێ.

ب- بەردەوامبوون لەگەڵ بزووتنەوەی ئاشتی جیهانی بە مەبەستی بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەی ئاشتی و ئامادەکاری بۆ گرێدانی کۆنگرەی گشتی لە (ستوکهۆڵم).

٥- عەزیز شەریف لە گوتارەکەیدا ئەو هۆکارە ئاساییانەی روون کردووە کە بەرۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە بە رستەیەکی ئاسایی باسی لە

نەهێشتنی ئیستعمار کرد کە ئێستاکە لە ئارادایە، لە هەمانکاتدا (عەزیز شەریف) باسی لە سیاسەتی ئیستماری ئەمەریکی کرد کە خۆی لە پەنای نەتەوەی عەرەبدا شاردووەتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی خەڵکانی کۆنەپەرست بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی و بەربەست دروستکردن بەرانبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب، هەروەها عەزیز شەریف لە درێژەی قسەکانیدا سوپاسی یەکێتیی سۆڤیەت و چینی میللی و بلۆکی وڵاتانی سوشیالیست بۆ پشتیوانیان و پاڵپشتیکردنی کۆماری عێراق، هەروەها گوتی لە (گۆڕنانی) پیلانی (عبدالوهاب الشواف) هەموو خەونەکانی ئیستعمار و کلکەکانی لەناوبرد، وا پێویست دەکات کە هەموو لایەك ئاگادار و وشیار بن لەپێناو پاراستنی عێراق.

٦- چەندین گوتاری شاندی وڵاتانی ناو (دیواری ئاسنین) (الستار الحدیدی) و شاندی وڵاتانی عەرەبی و هەندێ وڵاتانی دیکە. نووسراوی راپۆرتەکە دەڵێ: (بەپێی بۆچوونی خۆم ئەو شاندانەی کە بە پاڵپشتی حکوومەتەکانیان وتاریان خوێندەوە و وڵاتانی بلۆکی سوسیالیستی بوون) وا پێدەچێت شاندەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات دژ بە حکوومەتەکانیان قسەیان دەکرد لەوانە شاندی وڵاتی سعودیە، ئوردن، بەڵام شاندی وڵاتی ئەندەنووسیا کە بە سەرۆکایەتیی (حاجی سراج الدین عباسی) بوو کە لە جیاتی ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی وتاریدا نوێنەری حکوومەتی وڵاتەکەی نەبوو.

٧- هەموو ئەو وتارانەی خوێندرانەوە لەسەر یەك رێچکە گوزەریان

دەکرد، کەوا لەگەڵ سیاسەتی حیزبی شیوعیدا هاوتەریب بوو، ئاراستەی دژ بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو بۆ سەرۆکی شاندی یەکێتیی سۆڤیەت لە وتارەکەیدا گوتی "گەلی عێراق بڕوابوونی بە ڕێنماییەکانی (لینین)ی گەورە کە یارمەتیدەری دوارۆژی میللەتانە لە ئێستا و لە ئایندەدا لە رۆژهەڵات، لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا، هەروەها جەختی لەسەر رۆڵی یەکێتیی سۆڤیەت کردەوە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی سێقۆڵی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل، دژ بە وڵاتی میسر. ساڵی ١٩٥٦ و دوورخستنەوەی خەتەری ئەمەریکا لەسەر وڵاتی سووریا ساڵی ١٩٥٧.

٨- لە ١٧ی نیسان خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە بە مەبەستی پشتیوانی بە کۆنگرەکە ساز کرا، خۆپیشاندانەکە زۆر بە رێکوپێکی رێکخرابوو، بە جلوبەرگی میللییەوە و لە ناوەڕاستی بەغدا. بابەتی سەرەکی دروشمەکانیان بریتی بوون لە دژی سیاسەتی (جەمال عەبدولناسر) و پڕوپاگەندە دژ بە سیاسەتی رۆژئاوا، خۆپیشاندانەکە بە رێکوپێکی هەنگای دەنا و هیچ جۆرە لادانێکی تێدا نەبوو لە بۆچوونی حیزبی شیوعی. لەو بۆنە و بۆنەکانی دیکەدا (هێزی بەرگریی میللی) (المقاومە الشعبیە) بە چەکەوە دەریخست کە چەند پابەندە بە رێنماییەکان و بوونەتە هۆکارێکی بەهێز بۆ راگرتنی و پاراستنی ئاسایشی گشتی بەتایبەتیش لە بەغدا، لە هەمان کاتیشدا زانیومانە (کە یەکێتیی قوتابیانی گشتیی کۆماری عێراق) داوای لە قوتابیان کردووە کە پۆلی خوێندن بەجێنەهێڵن و

نەیەنـە نـاو خۆپیشـاندانەکە، تەنیـا رۆژی ٤/١٧ نەبێـت کـە دوارۆژی کۆنگرەیـە، قوتابییەکانیـش پابەندبوونـی خۆیـان بـەو رێنمایانـە راگەیانـد.

٩- ئاکامــی بەســتنی ئــەم کۆنگرەیــە، دروســتبوونی بەرەیەکــی شــیوعی کارامــە لــە بەغــدا کــەوا (ســکرتارییەتی هەمیشــەیی) هەبێــت، بێگومــان ئــەو رێکخـراوە دەبێتـە یەکێـك لـەو رێکخراوانـەی لـە گۆڕەپانەکـەدا هـەن و پاڵپشـتی جەماوەریـان هەیـە کـە تێیـدا حیزبـی شـیوعی هـەوڵ دەدات بـە شـێوازێکی کارامـە لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی ئامانجەکانـی بێـت، بـە بۆچوونـی خۆیـان ئـەم بەرەیــە پێویســتە شانبەشــانی رێکخراوەکانــی هاوشــێوەیان وەکــو یەکێتیــی پیشــەییەکان، کرێــکاران، کۆمەڵــی جووتیاریــان کــە لــە هەوڵــی دروســتکردنی دان، وای دەبینـن بیروڕاکانـی (کۆنگـرەی بانـدوخ) ئاماجەکانـی خـۆی پێـکاوە و هەنـدێ لـە نیشـتمانپەروەر و دیموکراتخوازەکانیـش لایـان وایـە کـە پێشـکەوتن لــەو بــوارەدا بەدەســتهاتووە.

بەڕێز:

دانەیەکـم لـەم نامەیـە بـۆ نوێنـەری خـاوەن شـکۆ لـە (عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بیـروت، کراچـی، تـاران، موسـکو، واشـنتۆن، سـەرەڕای فەرمانگەکانـی سیاسـی هێزەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و نوێنەرایەتـی بەریتانیـا لـە نیویـۆرك و شـاندی وڵاتـی بەریتانیـا لـە (رێکخـراوی هاوپەیمانـی سـەرەوەی ئەتلەسـی) لـە پاریـس نـاردووە.

شەرەفمەندم کەوا بە بەرزترین پلە

گەورەم

**خزمەتکاری پابەند**

نامەکە بە ناونیشانی:

ڕێزدار سیلۆین لوید

پاشکۆی (ب)

مەکتەبی هەمیشەیی بزووتنەوەی ئاشتی لە عێراق لەو ناوانەی خوارەوە پێك دێت:

١- پارێزەر تۆفیق مۆنیر (ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی).

٢- پارێزەر عەلی یاسین (جێگری بەڕێوەبەری گواستنەوە/ هێڵە ئاسنینەکان).

٣- عەزیز شەریف.

٤- دکتۆر فاروق برتو (بەڕێوەبەری بەشی تەندروستیی لادێ لە وەزارەتی تەندروستی).

٥- بەڕێز لوتفی بەکر سدقی (خاوەن و نووسەری ڕۆژنامەی (صوت الاحرار).

٦- بەڕێز مظهر فهمی العزاوی (یاریدەری بەڕێوەبەری گشتیی چاککردنی زەوی و زار).

٧- بەڕێز موسا شێخ رازی (ڕۆژنامەنووس و خاوەنکار).

٨- دکتۆر یوسف ئیسماعیل.

ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاشتیخوازان لە کۆماری عێراق لەو بەڕێزانە

پێـك دێـت:

١- دکتـــۆر ئەحمـــەد چەلەبـــی (بەڕێوەبـــەری گشـــتیی خزمەتگـــوزاری تەندروســـتی).

٢- بەڕێز ئەحمەد جەمالەدین (ئەندامی دادگای تەمیزی عێراق).

٣- بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد (پارێزەر).

٤- بەڕێز ئیسماعیل رەشید (ئەندامی سەندیکای کرێکاران).

٥- بەڕێز  ئەحمەد الالوسی (بازرگان).

٦- دکتۆر ئەسکەندەر قلی (دکتۆر).

٧- قەشە ئەفرام عەبدی.

٨- ام غسوب (ژنی ماڵ).

٩- بەڕێز تۆفیق مونیر (پارێزەر).

١٠- بەڕێز جەبار عەلوان سامەرائی (بازرگان).

١١- بەڕێز جەمیل شەواف (پارێزەر).

١٢- عەقیـدی فڕۆکـەوان جـەلال الاوقاتـی (سـەرکردەی هێـزی ئاسـمانی عێـراق).

١٣- شێخ حامید سەید (بازرگان).

١٤- بەڕێز حەسەن بەرزنجی (کەسایەتی ئایینی).

١٥- بەڕێز هەمزە عەبدوڵڵا (پارێزەر).

١٦- بەڕێز حەمزە فەتیان (مامۆستا).

١٧- بەڕێز حەمدی شوکر توکمەچی (ئەندازیار).

١٨- بەڕێز حەسەن نەهر (جووتیار).

١٩- بەڕێز حەسەن محەمەد عەبلی (بەڕێوەبەری کارگە).

٢٠- بەڕێز حامید ئەسکافی

٢١- بەڕێز خالید الجادر (راگری پەیمانگای هونەرە جوانەکان).

٢٢- بەڕێز خلوق زەکی (قوتابی زانکۆ بەشی یاسا).

٢٣- دکتۆر خەلیل جەمیل (پزیشك).

٢٤- بەڕێز خدوری خدوری (بازرگان).

٢٥- بەڕێز داود حەبیب (پارێزەر).

٢٦- بەڕێز ذنون ایوب (بەڕێوەبەری گشتی ئێستگە).

٢٧- بەڕێز رەزا خەلیل (ئەندازیار).

٢٨- بەڕێز رەشید موتلەگ (بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزار).

٢٩- بەڕێز سافرە جەمیل حافیز (شاعیر).

٣٠- بەڕێز موقەدەم سەلیم فەخری (بەڕێوەبەری ئێزگە و TV).

٣١- بەڕێز شەریف شێخ (پارێزەر).

٣٢- بەڕێز شەوکەت بابان (قازی).

٣٣- بەڕێز شێخ سدیق بارزانی (کەسایەتی نیشتمانی).

٣٤- دکتۆر سەلاح خالیس (بەڕێوەبەری گشتیی هونەری لە وەزارەتی فێرکاری).

٣٥- شێخ ساڵح ئەحمەد میتونی (سەرۆك عەشیرەت).

٣٦- دکتۆر سەفا حافیز (مامۆستا لە کۆلیژی یاسا).

٣٧- دکتۆر تەلعەت شەیبانی (وەزیری ئاوەدانکردنەوە).

٣٨- مقـەدەم تەهـا بامەڕنـی (سـەرکردەی هێزەکانـی بەرەنگاربوونـەوەی میللـی (المقاومـة الشـعبیە).

٣٩- شێخ عەبدولکەریم ماشطە (سەرۆکی ئایینی).

٤٠- بەڕێز عەلی یاسین.

٤١- بەڕێز عەزیز شەریف.

٤٢- بەڕێز عەبدولمەجید وەنداوی (رۆژنامەنووس).

٤٣- دکتۆر عەبدوڵڵا ئیسماعیل (پارێزەر).

٤٤- بەڕێز عەبدولوەهاب بەیاتی (شاعیر).

٤٥- بەڕێز عەلی جەلیل وەردی (شاعیر).

٤٦- بەڕێز عەبدولغەنی مەتەر (پارێزەر).

٤٧- بەڕێز عەبدولقادر عەیاش (ئەندامی سەندیکای کرێکاران).

٤٨- بەڕێز عەدنان جەمیل ئەسوەد (پارێزەر).

٤٩- بەڕێز عەبدولجەبار وەهبی (نووسەر).

٥٠- بەڕێز عەمید عەبدولمەجید حەسەن (ئەمینداری پایتەخت).

٥١- بەڕێـز فەتـاح ئیبراهیـم (بەڕێوەبـەری گشـتیی وێسـتگەکانی پاڵاوتنـی نـەوت).

٥٢- بەڕێز عەبدوڵڵا گۆران (شاعیر).

٥٣- بەڕێز عەلی شوکر (ئەندامی سەندیکای کارێکاران).

٥٤- بەڕێز عوسمان عەونی (بازرگان)،

٥٥- بەڕێز فوئاد نەجم (بەڕێوەبەری گشتی بانقی(رهون).
٥٦- بەڕێز عەبدوللەتیف محەمەد(بازرگان).
٥٧- دکتۆر عەبدولمونعیم مستەفا (پزیشك).
٥٨- دکتۆر فازل سەعدی (بەڕێوەبەری پزیشکی کوت).
٥٩- عەقید فازل عەباس مەهداوی (سەرۆکی دادگە).
٦٠- بەڕێز فاروق برتو.
٦١- بەڕێز فەرید ئەحمەر (بازرگان).
٦٢- بەڕێز کازم شەمەرتی (مامۆستا).
٦٣- بەڕێز کازم فەرهود (سەرۆکی یەکێتیی جوتیارانی عێراق).
٦٤- بەڕێز کەمال عومەر نەزمی (قازی).
٦٥- بەڕێز کازم دوجەیلی (ئەندامی سەندیکای یەکێتیی کرێکاران).
٦٦- بەڕێز لوتفی بەکر سدقی.
٦٧- شێخ لەتیف شێخ مەحموود حەفید (کەسایەتی نیشتمانی).
٦٨- بەڕێز محەمەد مەهدی جەواهیری (شاعیر).
٦٩- عەقید ماجید محەمەدەمین (داواکاری گشتی).
٧٠- بەڕێز مەعروف بەرزنجی (پارێزەر).
٧١- مەلا محەمەد شێخ تاهیر (کەسایەتی ئایینی).
٧٢- بەڕێز مەزهەر عەزاوی.
٧٣- بەڕێز موسا شێخ رەشید.
٧٤- بەڕێز محەمەد ساڵح بەحرولعلوم (شاعیر).

٧٥- بەڕێز موکرەم تاڵەبانی (پارێزەر).

٧٦- بەڕێز موحسین نەقیب (پارێزەر).

٧٧- بەڕێز مەهدی عەمار (قازی).

٧٨- بەڕێز ناجی یوسف (پارێزەر).

٧٩- بەڕێز نووری روفائیل (ئەندازیار).

٨٠- دکتۆر نەزیهە دەلیمی (سەرۆکی هاوبەندی ئافرەتانی عێراق).

٨١- بەڕێز ناهیدە شێخ سەلام (شاعیر).

٨٢- بەڕێز نافیع بازرگان (مامۆستا).

٨٣- بەڕێز نووری ئەحمەد تەها (کەسایەتی نیشتمانی).

٨٤- بەڕێز نوروی حەجاج (بەڕێوەبەری پەروەردە لە دیالە).

٨٥- بەڕێز ناسر جابر (بازرگان).

٨٦- بەڕێز هادی کبە (کیمیاوی).

٨٧- بەڕێز هادی ئەعزەمی (قازی لە نەجەف).

٨٨- دکتۆر یوسف ئیسماعیل.

٨٩- بەڕێز یوسف شەریفی (پارێزەر).

٩٠- قەشە یوسف یوسف سەعید (قەشەی کەنیسەی سریانی ئەرزە وکس).

سەرچاوە: (العراق فی الوثائق البریطانیە ١٩٥٨-١٩٥٩ ، الجز الثالث- کانون الثانی- ٣٠ حزیران ١٩٥٩. ترجمة و تعلیق خلیل ابراهیم حسن الزوبعی ص ٢٢٢- ٢٢٨

تێبینــی: (ئــەم بابەتــەم لــە ژمــارە (١٢)ی گۆڤــاری (k٢١) ســاڵی ٢٠١١ کــە سەرنووســەرەکەی کاك (مومتــاز حەیدەری)یــە، بــە زمانــی عەرەبــی بڵاوکردووەتــەوە، لێــرەدا لەبــەر گرنگــی باســەکە و ڕۆڵــی عەونــی لــەم ڕێکخــراوەدا بــە پێویســتم زانــی بــە زمانــی کــوردی بــڵاوی بکەمــەوە.

فەرهاد عەونی

## کۆیە و ئاشتیخوازانی لە بانگەوازێکی مێژوویی ساڵی ١٩٥٩دا

ئاشکرایە شاری (کۆیە) کە ئەوەی لێ زاندراوە هەر لە دێرزەمانەوە بەوە ناسراوە و یەکێکە لەو شارانەی رۆڵی پێشەنگی گێڕاوە لە باری ئەدەبیات و بیر و کاری سیاسی و ئایینی بە مەبەستی (خواناسین) کە تێیدا مزگەوتی گەورەی کۆیە و مزگەوتە دێرینەکانی ئەم شارە رۆڵی گەورەیان لە زانستی ئایینی تێدا دەخوێندران لە هەر چوار لای کوردستانەوە روویان تێدەکرا و بۆی دەهاتن، سەرەڕای شیعرە حەماسییە کوردایەتییەکانی (بەهەشتی حاجی قادری کۆیی) دواتر قوتابیانی رێبازی ئەو کە رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە بڵاوبوونەوەی بیروڕای نەتەوەیی کە راشکاوانە بانگەشەیان بۆ دروستبوونی (دەوڵەتی کوردی) دەکرد، دیسان (کۆیە) وەکو مێژوو (واقع الحال) دەیگێڕێتەوە رۆڵی پێشڕەوایەتی دیتووە لەگەڵ هەندێ ناوچە و شاری دیکەی کوردستان لە دامەزراندنی (کۆمەڵە و رێکخراو) پاشان بەشداریکردنی خێرا و چەند زووتر لەو پارتە کوردییانەی بە هەردوو لایەنی (نەتەوەیی و چەپخواز) سەرەڕای (کارایی) کەسایەتییەکانی لەو بوارانەدا کە تێیدا بەشدارییەکی تەواویان هەبووە لە پەیوەندیی هاوشێوەیی لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا، بێگومان تا رادەیەکی بەرچاو هەست پێکراو لە تەوژمی کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا چ لە کوردستان و چ لە عێراق.

ئــەوەی کــە پەیوەســتە بــە جووڵانــەوەی یاخــود بــە ڕێکخــراوی ئاشــتیخوازانی کۆیــە و دروســتبوونی پــاش شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨ ئــەو شۆڕشــەی لــە بەنــدی ســێیەمی دەســتووری کاتیــدا دانــی بــە (هاوبەشــی کــورد و عەرەب)دانــا، لــە وڵاتــی عێــراق، ســەرەڕای هەنــدێ هەنــگاوی لــە بەرژەوەندیــی چیــن و توێژەکانــی گەلانــی عێــراق کــە هــەر هەمــووی بــۆ هــۆکاری پەیدابوونــی بەرەیەکــی دوژمنکارانــەی کۆنەپەرســتان و داخ لــە دڵانــی زەرەرلێکەوتووانــی کــۆن و نــوێ کــە بــە هەمــوو شــێوەیەك لــە هەوڵــی گەڕاندنــەوەی ڕەوڕەوەی مێــژوودا بــوون بــۆ دواوە بــە پشتبەســتن بــە هەنــدێ لــە وڵاتانــی ناحــەزی عەرەبــی و وڵاتانــی ئەندامــی هاوپەیمانیــی بەغــدا (حلــف بغــداد). بۆیــە لــە ئاکامــی هەســتکردن بــە خەتــەری ئــەو بــەرە کۆنەپەرســتە لــە بەغــدای پایتەختــی عێــراق، (کۆنگــرەی دووەمــی ئاشــتیخوازانی عێــراق) لــە ڕۆژانــی ١٤-١٩٥٩/٤/١٧ بەشــداری ســەدان کەســایەتی نیشــتمانپەروەر بــە جیــاوازی ئینتیــما نەتەوەیــی، ئایینــی و بیروبــاوەڕی سیاســی کــە چــوار ڕۆژی خایانــد و تێیــدا ســەرۆك وەزیــران و ســەرکردەی شۆڕشــی ١٤ی تەممــوز ئامــادەی کۆنگــرە بــوو، وتاریشــی تێــدا خوێنــدەوە. لــە ڕاپۆرتەکــەی باڵیۆزخانــەی بەریتانیــادا کــە بــۆ وەزارەتــی دەرەوەی وڵاتەکــەی نــاردووە بــە درێــژی باســی لــە کۆنگــرە و بەشــدارانی دەکات. لــە کۆنگــرەی بەغــدا (١٤-١٩٥٩/١٧) (٩٠) کەســایەتی هەڵبژێــردران بــۆ ئەنجوومەنــی نیشــتمانی ئاشــتیخوازان لــە کۆمــاری عێــراق کــە تێیــدا لــەو (٩٠) کەســایەتییە پــازدە کەســایەتی کــوردی لــە خۆگرتبــوو ئەوانیــش

بـە جیـاوازی بیـروڕای سیاسـی کـە یەکێکیـان بێگومـان (عەونـی)ی بـازرگان بـوو، بـە ژمـارەی زنجیـرە (٥٤)ە.

پـاش بـە کۆتاهاتنـی کۆنگـرەی دووەمـی بەغـدا لـە چەندیـن شـاری گـەورە و بچووکـی بەغـدا، ئـەم کۆمەڵەیـە دامـەزراوە، بـەڵام نـەك لەسـەر شـێوازی رێکخسـتنی (حیزبـی)، بەڵکـوو وەکـو بزووتنەوەیـەك (حرکـە) هاتووەتـە گۆڕەپانـی ئـەو سـەردەمەوە، بـەڵام ئـەوەی (کۆیـە) بەپێـی ئـەو (بەڵگـە دۆکیۆمێنتکارییـە) کـە خـۆی لـەو بەیاننامەیـەدا دەبینێتـەوە کـە نـۆزدە کەسـایەتیی کۆیـە لـە کۆتایـی بەیاننامەکـەدا ناویـان نەهاتـووە و لێـرەدا بانگـەواز و نـاوی ئـەو نـۆزدە کەسـایەتییە بـڵاو دەکەینـەوە لەگـەڵ پێناسـەیەك و ناسـاندنی ئـەو کەسـایەتیانە کـە لـە چەندیـن لاوە دەسـتمان کەوتـووە (نووسـەری ئـەم بابەتـە) بـە بڵاوکردنـەوەی ناوەکانیـان.

## (بانگەواز لە ئاشتیخوازانی کۆیە)وە

رۆڵەکانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەن، هاووڵاتییانی بەڕێز لە شاخەکانی کوردستانەوە بۆ خوارووی عێراق، پیاوانی ئایینی، مامۆستایان، قوتابیان، ئەدیبان، شاعیران، هونەرمەندان، کرێکاران، جووتیاران و بازرگانان، داواکارانی ئاشتی بە جیاوازی بیروڕای سیاسی، نەتەوەیی ئایینی.

پاش ١٠ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو بانگەوازەی بزووتنەوەی (ئاشتیخوازانی جیهان) بڵاوکرایەوە بۆ سەرجەم خەڵکانی سەرزەمین بە مەبەستی یەکێتیی تێکۆشان بەرانبەر (شەڕخوازان) و پیلانە دوژمنکارەکانیان بە مەبەستی راکێشانی گەلان بۆ دۆزەخی شەڕ و لەنێوبردنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان و سەرکەوتنی سیاسەتە ئیستیعمارییەکانیان کە خۆی لە دژایەتی گەلان و مافی چارەنووسیاندا دەبینێتەوە و لەباربردنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و لێکترازانی پەیوەندی رۆڵەکانی گەلی عێراق لە رێگەی خۆفرۆش و بەکرێگیراوەکانیان لەژێر ناوونیشانی جۆراوجۆر.

لە کۆتاییدا بانگەوازەکەدا داوا لە رۆڵەکانی گەلی عێراق دەکات کە پابەند بن بە پاراستنی یەکڕیزی و هۆشیاری بەرانبەر پیلان و پیلانگێڕان کە دەیانەوێت درز و ناکۆکی بخەنە نێوانمانەوە.

بژی ئاشتی لە جیهان، بژی عەبدولکەریم قاسم دۆست و پاڵپشتی ئاشتی.

**بـژی برایەتـی نێـوان ڕۆڵەکانـی گەلـی عێـراق لەپێنـاو پاراسـتنی ئاشـتی لـە عێـراق، مـردن بـۆ بازرگانەکانـی شـەڕ و مریدەکانیـان**

**ئاشتیخوازانی کۆیە**

**ناوی کەسایەتییەکان:**

**١- مەلا مەعسووم (١٩٠٠-١٩٦٤ )زانای ئایینی "١"**

**٢- مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم ( ١٩٠٩-١٩٧٠) زانای ئایینی "٢"**

**٣- مەلا عەلی حاجی مەلا تۆفیق (١٩٠٨-١٩٨٥ )"٣" زانای ئایینی**

**٤- مەلاقادر حاجی باپیر( ١٩٠٧- ٢٠٠٦) زانای ئایینی "٤"**

**٥- کاکە زیاد (١٩١٤ –١٩٩١ )خاوەن موڵك "٥"**

**٦- سابیر ئیسماعیل( ١٩١٠-١٩٧٢) بەڕێوەبەری قوتابخانە "٦"**

**٧- حەنا ئەنتوان (١٩٢٤-٢٠٠٤) مامۆستا "٧"**

**٨- سۆفی محەمەد (١٨٩٠-١٩٦٨) قەساب "٨"**

**٩- بەکر سەدیق (١٩١٧-١٩٧٣) خاوەن موڵك "٩"**

**١٠- کەمال حاجی مەجید (١٩٢٧-١٩٨٧) بازرگان "١٠"**

**١١- سەید عەبدوللا سەید ئیسماعیل (١٩١٦-١٩٨٦) بازرگان "١١"**

**١٢- بەکر حاجی محەمەد (١٩٠٧-١٩٨٧) بازرگان "١٢"**

**١٣- محەمەد جەلال (١٩٢٣-١٩٩٢) جووتیار "١٣"**

**١٤- سەعدوڵڵا محەمەد (١٩٣٠- ٢٠٠٣) باش کاتبی دادگا "١٤"**

**١٥- ڕەشید تاڵەبانی (١٩٣٢-١٩٦١) پارێزەر "١٥"**

**١٦- مەسعود مەحەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢) پارێزەر "١٦"**

١٧- جەنگی تاڵەبانی (١٩٢٤-٢٠١٦) خاوەن موڵك "١٧"

١٨- مەجید عومەر (١٩٢٩-٢٠١٤) ئەندازیار "١٨"

١٩- عوسمان عەونی (١٩١٤-١٩٩٢) شاعیر "١٩"

## پەراوێز:

کورتەیەك لە ژیاننامەی کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی کۆیەی ساڵی ١٩٥٩

١- مەلا مەعسووم (١٩٠٠-١٩٦٤/١٢/١٨)

خوالێخۆشبوو مەلا مەعسووم کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلا حوسێنی هەورامییە. مەلا خدر باوکی لە گوندی (خەرەپانی) سەر بە دەڤەری هەورامان بە مەبەستی خوێندن روو لە شاری کۆیە دەکات و لای حاجی عەبدوڵڵای جەلی زادە خوێندنی ئایینی تەواو دەکات و ئیجازە زانستییەکەی لێ وەردەگرێت، هەر لە کۆیەش ژنی هێناوە، لێی نیشتەجێ دەبێت و ناگەڕێتەوە هەورامان. لە شاری کەرکووك دەبێتە (مودەریس).

مەعسووم لە ساڵی ١٩٠٠ لەوێ لە دایك دەبێت. دوای چەند ساڵێك باوکی دەگەڕێتەوە کۆیە و لە مزگەوتی رەشە دەبێتە مودەریس فەرمی. مەعسووم لە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە دەستی بە خوێندن کردووە و دوای مەرگی باوکی لە ساڵی ١٩١٢ و لە ئاکامی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی (سەفەر بەلك) قات و قڕی و گرانی بەدوایا دێت کە برا گەورەکەی (محەمەد جەمال) لە سەربازی رادەکات و دەگەڕێتەوە کەرکووك، مەعسووم دەچێتە قوتابخانەی (دارالخلافە) و تەواوی دەکات،

پاشـان لەگـەڵ دایکـی دەگەڕێتـەوە کۆیـە و ماوەیـەك کاری بازرگانـی دەکات، بـەڵام پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر خوێندنـی ئایینـی و دەچێتـە گونـدی (دووگـردکان) و سـاڵێك لای مـەلا (محەمـەد نـوور)ی پـورزای دەخوێنێـت، پاشـان دەگەڕێتـەوە کۆیـە و لای مـەلا سـادق لـە مزگەوتـی (مـەلا جامـی) و ماوەیەکیـش لای مـەلا بەهائەدیـن لـە مزگەوتـی بایزاغـا دەخوێنـێ و دواتـر بـۆ لای مـەلا محەمـەدی جەلـی زادە (مـەلای گـەورە) بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ خوێنـدن لای ئـەو ئیجـازەی زانسـتی لـێ وەردەگرێـت. لـە دوای وەرگرتنـی ئیجـازە لـە مزگەوتـی حاجـی مـەلا عومـەر دەبێتـە پێشـنوێژ و مودەریسـی مزگەوتـی گـەورە کـە تەنیـا مزگـەوت بـووە نوێـژی (جومعـە) ی لـێ کـراوە.

خواڵێخۆشـبوو مـەلا مەعسـووم وێـڕای پایـە و ئاسـتە بـەرزە زانسـتییەکەی زمانزانێکـی بـە توانـاش بـووە، جگـە لـە زمانـی کـوردی کـە زمانـی نەتەوەکەیەتـی، عەرەبـی، فارسـی، تورکـی ئیسـتەنبۆڵی و کەمێکیـش ئینگلیـزی و فەرەنسیشـی زانیـوە، مەلایەکـی نوێخـواز و بیـر رەوشـەن بـوو، سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی و هەقپەرەسـتی و راسـت و دروسـتی ئایینەشـەوە داواکارییەکـی (عەبدولکەریـم قاسـم)ی سـەرۆك وەزیرانـی کۆمـاری عێراقـی رەتکـردەوە (کـە دەبـێ پیاوانـی ئایینـی و مـەلاکان (فەتـوا) دەربکـەن و بـە خەڵکـی رابگەیەنـن کـە شۆڕشـی کـورد (١٩٦١) رەفتـار و کارێکـی بـێ شـەرعییە و رووبـەڕووی بوەسـتن، بەمـەش نەوەسـتا لـە وتـاری رۆژی هەینیـدا لـە مزگەوتـی گـەورە، رایگەیانـد (هـەر

کەسێك لەپێناو نیشتمانەکەیدا بکوژرێ ئەوا شەهیدە) ئیتر لە باجی ئەم هەڵوێستە بوێرانەدا دەگیرێت و بە پەلە رەوانەی هەولێر دەکرێ و لەوێشەوە بۆ بەغدا، دوای ساڵێك حەپسکردن، ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە.

مامۆستا مەلا مەعسووم رێزێکی تایبەتی لای بارزانیی نەمر هەبوو، کاتێك بارزانی لە کۆیە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣دا پاش کودەتاکەی ٨ی شوبات میوانی کۆیە دەبێت و لە ماڵی کاکە زیاد جێنیشن دەبێت، مامۆستا مەلا مەعسووم دەچێتە زیارەتی و بارزانی رێزێکی تایبەتی لێدەنێ.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی شوومی بەعسیان ساڵی ١٩٦٣ مامۆستا کۆیە بەجێدەهێڵێ و دەچێتە (بێتواتە) کە ناوچەیەکی ئازادکراو دەبێت، لەوێش رێزێکی زۆری لێ دەندرێت، پاش ئاگربەستی ١٩٦٤/٢/١٠ مامۆستا مەلا مەعسووم بە سەرۆکایەتیی شاندێك بەناوی زانایانی ئاشتیی کوردستانەوە دەچێتە بەغدا و بۆ بەرچاوخستنی مافە رەواکانی گەلی کورد، بەڵام لەو ماوەیەدا مەرگ بواری بەردەوامبوونی نادات کە لە هەوڵ و کۆششەکانی بەردەوام بێت، لەسەر وەسیەتی خۆی (جبەکەی مەلای گەورەی لێپێچراو لە تەنیشت گۆڕی مەلا خدری باوکی و (رەحمەخانی) دایکی لە گۆڕستانی بەفریقەندی لە کۆیە رۆژی ١٩٦٤/١٢/١٨ بە خاکدەسپێردرێت، دواتر لەسەر رەزامەندی و راسپاردەی (د. فوئاد) ی کوڕی دەگوێزرێتەوە بۆ ئارامگەیەکی تایبەتمەند

لــە قــەد چیــای (هەیبــەت ســوڵتان).

ســەرچاوە: کتێبــی کۆیــە... نــاوداران، عەبدولخالــق عەلائەدیــن چاپــی ٢٠١٤

٢- مــەلا محەمــەدی مــەلا برایــم (دلاوەر) لــە لاپەڕەکانــی پێشــوو باســی لێــوە کــراوە

٣- مەلا عەلی حاجی مەلا تۆفیق (١٩٠٨-١٩٨٥)

مامۆســتا (مــەلا عەلــی) کــوڕی حاجــی تۆفیــق کــوڕی مــەلا حەوێــزی ئۆمــەری بەکرییــە. ســاڵی ١٩٠٨ لــە گەڕەکــی بایزاغــا لــە شــاری کۆیــە لەدایکبــووە و لــە تەمەنــی حــەوت ســاڵیدا چووەتــە بــەر خوێندنــی ئایینــی لــە ســوختەخانەی (مــەلا حەبیبــی شــەمامێ), ســاڵی ١٩٢٠ -١٩٢١ دا چووەتــە بــەر خوێنــدن لــە قوتابخانــەی ســەرەتایی دەوڵــەت کــە بــۆ یەکەمجــار لــە کۆیــە کراوەتــەوە، بــەڵام دواجــار لــە خوێندنــی ئایینــی بــەردەوام دەبێــت و مامۆســتایەکانی بریتــی بــوون (لــە مامۆســتایان مــەلا بەهائەدیــن، مامۆســتا مــەلا محەمــەدی جەلیــزادە، مــەلا فەتحــوڵای دێــی هەرتــەل، مــەلا عەبدوڵــڵا لــە دێــی سکتان، مــەلا عەزیــز لــە هیــران، مــەلا سادق ئەحمــد دایــە خەجێ لــە کۆیــە)، ســاڵی ١٩٤٨ بــۆ مــاوەی پێنــج ســاڵ دەبێتــە مــەلای گونــدی نازەنیــن. ساڵی ١٩٥٣ دەگەڕێتــەوە گونــدی (میــر ســەید) کــە موڵکــی خۆیــان بــوو، ساڵی ١٩٥٦ دەبێتــە ئیــمام لــە مزگەوتــی گــەورەی کۆیــە و ســاڵی ١٩٥٨ بووەتــە ســەرۆکی ئــەو لیژنەیــەی ڕێکخــراوی ئاشــتیخوازانی کۆیــە (انصــار السلام) بــۆ چارەســەری کێشــەکانی نێــوان (پارتــی و شــیوعی) لــە کۆیــە،

ساڵی ١٩٦١ بەهۆی رازی نەبوون بە لێدانی بروسکە لە دژی شۆڕشی ئەیلوول، لەگەڵ ١٠ کەسایەتی دیکەی کۆیە لەلایەن رژێمەوە دەستگیر کران، لە سەرەتادا لە کۆیە و پاشان گوێزرانەوە بۆ (حەپسخانەی فضیلە) لە بەغدا. ساڵی ١٩٦٣ پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان و هاتنی سوپای عێراق بۆ کۆیە، مامۆستا مەلا عەلی وەکو پیاوێکی ئایینی لەگەڵ خوالێخۆشبووان (نەجیم)ی تاهیر چەلەبی، سەید وەلی کەوتنە هاتوچۆ بۆ لای لێپرسراوان بۆ ئەوەی ئازاری خەڵکی شار نەدەن، لەنێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٦٦) بووەتە جێگری وتارخوێندنەوەی رۆژانی هەینی لە مزگەوتی گەورەی کۆیە و ساڵی ١٩٦٦ بووەتە (خەتیب) و وتارخوێن، لە هەمان مزگەوتدا، لە دوای رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠یش، بووەتە یەکەم بەڕێوەبەری (المعهد الاسلامی) کە لە کۆیە بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی رەسمی کرایەوە، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و لەگەڵ کۆمەڵێك مەلا و فەقێ بارەگەی ناوچەی ئایینی کۆیەی لە دێی (سکتان) کردووەتەوە، لەو ساڵەشدا تووشی چەندین کێشەی گواستنەوە و دەربەدەری بووە و دواجار گیراوە، بەڵام بەهۆی هیممەتی خزمانی ئازاد کراوە و پاشان چووەتە گوندی (زینوێ شێخی) کە هەمیشە کتێبخانەکەی لەگەڵدابووە، دواجار چووەتە (مەهاباد) لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێ جێگیر بووە، لەگەڵ مامۆستا (شێخ عیزەدین حوسەینی) و کۆمەڵێك پیاوی ئایینی دۆستایەتی پەیدا کردووە و لە دوای شکستی شۆڕشی ساڵی

١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کۆیە و لە تەکیەی (تاڵەبانی) تەنسیب کراوە و دوای مانگێك (خانەنشین) کراوە، ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە وەزیفە و بووەتە ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی رواندز و لەو بارودۆخەدا خزمەتی خەڵکانی رواندز و دەوروبەرەکەی کردووە بۆ رزگارکردنیان لە شاڵاوی دڕندانەی رژێم، ساڵی ١٩٨٣ نەشتەرگەری بۆ هەردوو چاوی کراوە، بەهۆی باری تەندروستی خۆی خانەنشین کردووە و گەڕاوەتەوە شاری کۆیە، خوالخۆشبوو حاجی مەلا عەلی تۆفیق هەردەم لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکدا بووە و دژی زۆرداری و چەوسانەوە و خورافات بووە، دەستپاك و راست و خواناسێکی بێ وێنە بووە، زۆر دژی شەڕی براکوژی بووە، شارەزای باشی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی هەبووە و زمانی فارسی بە باشی زانیوە.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا و لە رۆژی ١٩٨٥/٣/١ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (دەروێش خدر) ل کۆیە نێژراوە، مامۆستا چوار کوڕ و سێ کچی بە ناوەکانی (ئازاد، دڵشاد، عیماد، رزگار، گوڵەنام، زوهرە، دلارام) هەیە.

شایانی وتنە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مەلا عەلی کتێبخانەی خوالێخۆشبوویان پێشکەش بە کتێبخانەی زانکۆی (کۆیە)کردووە.

سەرچاوە: (گۆڤاری "کەکۆن" ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠١١/ ئامادەکردنی بنەماڵەی مەلا عەلی حاجی تۆفیق).

٤- مەلا قادر حاجی باپیر (مەلا قادری گۆپتەپە) (١٩٠٧-٢٠٠٦)

خوالێخۆشـبوو مـەلا قـادری حاجـی باپیـر (نـاسراو بـە مـەلا قـادری گۆپتەپـە) لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە گونـدی (کانـی دەربەنـد)ی سـەر بـە کۆیـە لەدایکبـووە. حاجـی باپیـری باوکـی حـەزی کـردووە بیـکات بـە مـەلا، بۆیـە لـە تەمەنـی پێنـج سـاڵییەوە لـە دێـی (کانـی دەربەنـد) ناردوویەتییـە بـەر خوێنــدن لــە لای مــەلای گونــدی کــە (فەقــێ)ی هەبــووە، لــە لای یــەك لـە فەقێیەکانـی کـە نـاوی (مـەلا محەمـەد) دەبێـت، دەسـت بـە خوێنـدن دەکات و زیرەکـی لـێ دەردەکەوێـت، بۆیـە باوکـی گرنگـی زۆری پـێ دەدات و هـەر لـە گونـدی خۆیـان کتێبـە سـەرەتاییەکان دەخوێنێـت، پاشـان وەکـو هــەر فەقێیەکــی تــر و عادەتــی ئــەوکات، چووەتــە زۆر جێگــە و لــە دوای مامۆسـتای چـاك گـەڕاوە، لـە دوای گونـدی کانـی دەربەنـد لـەم شـوێنانەی خوێنــدووە، (شــاخە پیســکە، قەرەســاڵم، جــل بەســەر، بێتواتــە، هەرتــەل، بالیسـان، سـکتان، شـەقڵاوە دووجـار، کۆیـە) کـە تێیـدا لـە شـەش مزگەوتـی خوێنـدووە. لـە هەولێـر لـە مزگەوتـی حاجـی قـادر، لـە کۆیـە لای مـەلای گــەورە محەمــەدی جەلیــزادە چــوار ســاڵی خوێنــدووە، لــە ســاڵی ١٩٣٤ ئیجـازەی لای مـەلای گـەورەی کۆیـە وەرگرتـووە و رێگـەی ئـەوەی پێـداوە کـە هاوینـان لـە چنـارۆك دەرس بخوێنێـت، چونکـە مـەلای گـەورەی کۆیـە، هاوینـان چەنـد (موسـتەعیدێکی) رێ دەدا لـە چنـارۆك دەرس وەربگـرن.

خوالێخۆشـبوو مـەلا قـادر لـە ژیاننامەکـەی خۆیـدا ئەمـەی نووسـیوە (مـەلای گـەورە لەنـاو کەسـوکاری و عائیلـەی خۆیـان فەرموویەتـی سـێ

کەسـم ئیجـازە پێـداون کـە خـۆم لێیـان رازیـم، بـە کەیفـی خـۆم بـوون، یەکــەم مــەلا ئەبوبەکــری مــەلا مســتەفا یاهــوو، دووەم مــەلا ســاڵحی جۆڵەمێرگــی، ســێیەم مــەلا قــادری کانــی دەربەنــدی).

خوالێخۆشـبوو مـەلا قـادر هەمـوو جارێـك دەیگـوت مـن هـەر (علـم)م لـە مـەلای گـەورە وەرنەگرتـووە، بەڵکـوو ئـەو عیلمـی ئیجتماعـی و سیاسـی و شـوجاعەت و حەقبێـژی فێـر کـردووم، بۆیـە لـە ژیانـی خـۆی مـەلا قـادر لـە (هـۆدە)ی خـۆی لـە ماڵـی خـۆی سـێ (رەسـم - وێنـە)ی هەڵواسـیوە (٢) رەسـمی مـەلای گـەورە یەکێکیـان لـە پشـت سـەری، دووەم لـە بەرانبـەر خـۆی، سـێیەم رەسـمی حاجـی باپیـری باوکـی.

مــەلا قــادر لــە پــاش وەرگرتنــی ئیجــازەی مەلایەتــی خاوەنــی گونــدی (گۆپتەپــە) ئیزنــی نــادات مــەلا قــادر بچێتــە شــوێنێکی دیکــە. خاوەنــی گوندەکــە و خەڵکــی گوندەکــە هەمــووی (عەشــیرەتی) خــۆی بــوون. عەشــیرەتی (کەلــوێ) (مــەلا قــادری کانــی دەربەنــدی و مــەلا قــادری گۆپتەپــە یــەك کەســە. لــە درێژایــی ژیانــی هــەر دەرســی گوتووتــەوە و لــە گۆپتەپــە ٢٣ ســاڵ دوایــە لــە کۆیــە لــە مزگەوتــی (ســەرباغ) ئیجــازەی بــە چەندیــن مــەلا داوە کــە لــە هەموویــان زیاتــر شــانازی پێــوە دەکــرد (ئیجــازەی مــەلا حەمەدەمیــن چــۆم حەیــدەری) بــوو.

مـەلا قـادر هـەر مـەلا و بوێـر نەبـوو لـە مەلایەتـی و فەتـوادا، بەڵکـوو سیاســیش بــوو لەســەر رێچکــەی مــەلای گــەورە پاڵپشــتی هــەژاران و زۆرلێکـراوان بـووە و هەمیشـە پـرس و ڕای بـە خوالێخۆشـبووان (مەسـعود)

ی کوڕی مەلای گەورە بووە و مامۆستا مەلا قادر چەندین جار لەسەر سیاسەت دەستگیر کراوە و (فصل) کراوە، لەلایەن زۆردارانەوە ماڵی ئاگر دراوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك، چۆکی بۆ ناحەز و دوژمنی هەژاران و کوردستان نەداوە، بۆیە هەر بە هەژاری ژیاوە و لە تەمەنی ٩٩ ساڵیدا و لە ٢٠٠٦/٦/٢٦ کۆچی دوایی کردووە، مامۆستای خوالێخۆشبوو لە ژیانی هاوسەریدا دوو کوڕ و سێ کچی هەیە بە ناوەکانی (تاهیر لەدایکبووی ١٩٣٩، محی الدین ١٩٤٥، سەبیحە ١٩٤٢، صفیە ١٩٥١، نجیبە ١٩٥٥).

سەرچاوە: زانیارییەکان بە نووسین لەلایەن کوڕە گەورەکەیەوە (تاهیر مەلا قادر حاجی باپیر) لە مانگی ئابی ٢٠٢٠ بەدەست گەیشت.

٥- کاکە زیاد (کاکە زیاد ئاغای غەفووری) ١٩١٤-١٩٩١

لە لاپەڕەکانی پێشوو ژیاننامەی نووسراوە

٦- سابیر ئیسماعیل ١٩٢٠-١٩٧٢ لە لاپەڕەکانی پێشوو ژیاننامەی نووسراوە.

٧- حەنا ئەنتوان (١٩٢٤-٢٠٠٤)

خوالێخۆشبوو (حەنا ئەنتوان تۆما حەننا (کورتکراوەی ناوی یوحەننا) یە لە ١٩٢٤/١٢/١٥ لە (هەرمۆتە) لەدایکبووە، کەسایەتییەکی ناسراوی ناو دیانەکانی شاری کۆیە بوو. لە ساڵی ١٩١٧ باوکی لەسەر دەستی (مەترانی کەرکووك) دەکرێتە قەشە، کە ئەوکاتە کەنیسەکانی کۆیە و عەنکاوە و

شـەقڵاوە سـەر بـە کەرکـووك بـوون، ئەمەیـش لەبـەر ئـەوەی زانیارییەکـی باشـی لــە (ئایینــی مەسـیحی)دا هەبــووە، وەکــو شەماشــەیەکی لێهاتــوو پـاش تەواوکردنـی وانەکانـی قەشـایەتی، وەك قەشـە دێتـە کۆیـە و دوایـی لـە سـاڵی ١٩١٩ دەبێتـە قەشـەی هەرمۆتـە (مامۆسـتا حەننـا زانیارییەکـی باشـی لـە کتێبـە ئایینییەکانـی (مەسـیحی جوولەکـە و ئیسـلام)دا هەیـە، تەنانــەت هەنــدێ زانیاریشــی دەربــارەی ئایینەکانــی رۆژهەڵاتــی ئاســیا، هەبـوو، بنەماڵەکـەی خواڵێخۆشـبوو مامۆسـتا حەننـا ئەنتـوان بـە (شـیتەکە) نـاسراوە کـە لـە ناوچـەی (هاودیـان) پـەرت و بڵاوبوونەتـەوە، هەندێکیـان بـەرەو مووسـڵ چوونـە و تـا ئـەم دواییـەش پەیوەندیـی خزمایەتیـان هەبـوو و هەندێکیشــیان لــە کۆیــەدا جێگیــر بوونــە و بەشێکیشــیان لــە عەنــکاوە کـە بـە (عوجەمایـا) نـاسراون تـا ئێسـتاکەش پەیوەنـدی خزمایەتیـان مـاوە.

مامۆسـتا حەننـا ئەنتـوان لـە سـاڵی ١٩٣٤ و لـە تەمەنـی ١٠ سـاڵیدا و بـە پشـتگیری مامۆسـتای خواڵێخۆشـبوو (زەکـی ئەحمـەد هەنـاری) کـە دۆسـتی باوکـی بـوو، دەخرێتـە بـەر خوێنـدن و سـەرەتایی تـەواو دەکات و روو لـە بەغـدا دەکات و لــە (دارالمعلمیــن الریفیــە) درێــژە بــە خوێنــدن دەدات و دەبێتـە مامۆسـتا. لـە کاتـی خوێندنـی لـە بەغـدا، پەیوەنـدی بـە حیزبـی رزگاری نیشـتمانی (حـزب التحـرر الوطنـی) کـە سـەر بـە حیزبـی شـیوعیی عێـراق بـوو دەکات و لـە کاتـی هاتنـەوەی بـۆ کۆیـە (بەیاننامەکانـی) ئـەو حیزبـەی دەهێنایـەوە کۆیـە، وەکـو ئەندامێکـی کارا لـەو حیزبـەدا.

کاتێـك سـاڵی ١٩٤٦ لـە بەغـدا خوێنـدن تـەواو دەکات و دەگەڕێتـەوە کۆیـە،

لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەرێکی شاردا، لیژنەی ناوچەی ئەم حیزبە پێك دەهێنن، ئەوانیش بریتی بوون لە (یونس رەئووف "دڵدار" خاوەنی شیعری ئەی رەقیب، عوسمان خۆشناو و سەعیدی مەلا ئەحمەد).

لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٦ -١٩٤٧ لە گوندی (عەوێنە)ی سەر بە هەولێر دەکرێتە مامۆستا و هەر لەم ساڵەدا دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراق و ساڵی ١٩٤٩ دەگوازرێتەوە بۆ شارۆچکەی تەقتەق و هەر لەم ساڵەشدا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (نەجیبە)ی کچی حەننا سلێمانی خەڵکی هەرمۆتە کە بە (حەننا عەربە) ناسرابوو، دەکات و هەر لەم ساڵەدا دەستگیر دەکرێت و بۆ گوندی (جبایش)ی سەر بە لیوای (ناسریە) دووردەخرێتەوە، ساڵی ١٩٥١ دەگەڕێتەوە تەقتەق، تا ساڵی ١٩٥٢ لەوێوە دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەی ئولای کۆیە و وەکو مامۆستا دەرسی زمانی عەرەبی، لەوێشەوە بۆ قوتابخانی زانست و ساڵی خوێندنی ١٩٥٥-١٩٥٨ بۆ قوتابخانەی سەرەتاییی گوندی هەرمۆتە دەگوازرێتەوە.

پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بۆ قوتابخانەی (قادریە) ی کۆیە دەگوازرێتەوە، لەوکات بە ئاشکرا ئەندامێکی کارای حیزبی شیوعیی عێراق دەبێ و دەبێتە ئەندامی لیژنەی قەزای کۆیە لەگەڵ خوالێخۆشبووان (فاتح رەسوڵ، ئەحمەد دڵزار، سەعید مەلا ئەحمەد، مام ئەسعەد حەوێزی) پاش دامەزراندنی لقی رێکخراوی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە کۆیە، ئەویش لەگەڵ خوالێخۆشبووان کاکە زیاد، سابیر

ئیمساعیل، عوسمان عەونی، مەسعود محەمەد...تاد، لیژنەی کۆیەیان دامەزراند و ساڵی ١٩٦١ پاش پەشیمانبوونەوەی عەبدولکەریم قاسم لە بەڵێنەکانی، مامۆستا ئەنتوان حەننا وەکو سەدان مامۆستا و فەرمانبەر لە کوردستانەوە دەگوازرێنەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق کە تێیدا مامۆستا (حەننا) بەر شارۆچکەی (قلعە سکر) سەر بە لیوای (ناصریە) دەکەوێت و لەوێش درێژە بە کارە حیزبییەکەی دەدات و دەبێتە ئەندامی لیژنەی (ناصریە).

پاش کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەستگیر دەکرێت و پاش ئەشکەنجە و دادگاییکردن بە ١٠ ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام پاش رووخانی حکوومەتی (بەعس)یش بەهۆی ئینقلابەکەی عەبدولسەلام عارف لە تشرینی هەمان ساڵ حوکمەکەی گۆڕا بۆ چوار ساڵ و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ ئازاد کرا.

لە ساڵی ١٩٦٧ کاتێك رۆژنامەی (التاخی) لە ١٩٦٧/٤/٩ لە بەغدا دەرچوو، مامۆستا حەننا ئەو ماوەیە تاکو ساڵی دوایی لەو رۆژنامەیە کاری کرد، ساڵی ١٩٦٨ گەڕایەوە شاری هەولێر و لە گوندی (مورتکە) بە مامۆستا دامەزرایەوە، ساڵی ١٩٧٣ دەکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی(کامەران) لە سێتاقان و ساڵی ١٩٧٩ خانەنشین دەکرێت.

مامۆستای خوالێخۆشبوو رۆشنبیرێکی کراوە و دیموکراتخواز بوو، لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکرد و چەندین وتاری مێژوویی دەربارەی (مەسحییەکانی کۆیە- بوونی مێژووی جوولەکە

لـە کۆیـە، نەسرانییەکانـی هەرمۆتـە و هاتنـی ئیسـلام، مـەزاری (مەریـەم قەدیشـە)ی نووسـیووە و بـڵاوی کردوونەتـەوە.

سـەرەڕای بابەتـی (کلدانییـەکان و نەتـەوەی کـورد) کـە بابەتێکـی گرنگـی مێژوویـی بـوو (لـە (کۆمەڵـەی رۆشـنبیرانی کلدانـی لـە ٢٠٠٢/١/١٠ پێشـکەش کـرد، سـەرەڕای بەشـداری لـە کتێبـی (کۆیـە لـە رەوتـی شارسـتانییەتدا)، مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو، چـوار کـچ و چـوار کـوڕی بـە ناوەکانـی (دلێـر، فایـز، کامـەران، گـۆران، شـلێر، کنێـر، ئـاوات، هەوریـن) هـەن، مامۆسـتا (حەننـا) لـە تەمەنـی ٨٠ سـاڵیدا و لـە ٢٠٠٤/١١/٢١ کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕسـتانی (عەنـکاوە) بـە خاکسـپێردرا.

سـەرچاوە: زانیارییـەکان بـە نووسـین لەلایـەن (دلێـر حەننـا ئەنتـوان) (و: عەبدولمەسـیح سـەلمانە سـوور) ئامادەکـراوە و بـە نووسـین بـۆم هاتـووە.

٨- سۆفی محەمەد قەساب ١٨٩٠-١٩٦٨

لە لاپەڕەکانی پێشوو ژیاننامەی نووسراوە

٩- بەکر سدیق ١٩١٧- ١٩٧٣

لە لاپەڕەکانی پێشوو ژیاننامەی نووسراوە

١٠- کەمال حاجی مەجید ١٩٢٧-١٩٨٧

خوالێخۆشـبوو (کەمـال حاجـی مەجیـد کـوڕی ئەمیـن کـوڕی حوسـێن) سـاڵی ١٩٢٧ لـە کۆیـە لـە گەڕەکـی (بایـز ئاغـا) لەدایکبـووە و لـە بنەماڵـەی (حوسـێنی)یە کـە بـەو نـاوە نـاسراون، باپیـرەی گەورەیـان نـاوی (حوسـێن) دەبێـت، لـە ناوچـەی (لەیـلان)ی سـەر بـە پارێزگـەی کەرکـووك لـە

دەوروبـەری سـاڵی (١٨٥٠) هاتوونەتـە کۆیـە و لـەوێ نیشـتەجێ بوونـە، حاجـی حوسـێن مزگەوتـی (بایـز ئاغـای) دروسـتکردووە، حاجـی مەجیـدی باوکـی لـە شـەڕی یەکەمـی جیهانـی لـە لەشـکری عوسـمانیدا سـەرباز بـووە و لەگـەڵ کۆمەڵێـك سـەربازی کۆیـی بەدیـل دەگیرێـن و رەوانـەی هیندسـتان دەکرێـن و دوو سـاڵ لـەوێ دەمێنێتـەوە و دوای کۆتایـی شـەڕیش دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆیـە، بەهـۆی ئـەو شـەڕەوە بـاری ئابـووری دانیشـتووان زۆر خـراپ بـوو، بۆیـە خوالێخۆشـبوو حاجـی مەجیـد خەریکـی کەسـابەت و بازرگانـی دەبێـت و پـاش ماوەیـەك دەبێتـە بازرگانێکـی گـەورە.

خوالێخۆشـبوو کاك کەمـال لەسـەر کارەکـەی باوکـی بـەردەوام دەبێـت، بۆیـە تـا پۆلـی سـێی ناوەنـدی دەخوێنـێ، لـە سـاڵانی چلـەکان و پەنجـاکان بازرگانـی توتـن رەواجـی زۆر دەبێـت، بـە تایبەتـی لـە دەشـتی بیتوێـن و دەڤـەری رانیـە، بۆیـە بازرگانییەکـەی زیاتـر لەگـەڵ توتـن دەبێـت، سـاڵی ١٩٥٥ لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو ئەندازیـار (عەلـی عەبدوڵـڵا) کاری بەڵێندەرایەتـی (مقـاولات) دەکـەن و چەنـد پرۆژەیـەك لـە کۆیـە ئەنجـام دەدەن، وەکـو (باڵەخانـەی قائیمقامیـەت، دادگا، فەرمانگـەی توتـن) کـە بـە سـەرکەوتوویی ئەنجامیـان داوە و بووەتـە مایـەی دەستخۆشـیی کاربەدەسـتان.

خوالێخۆشـبوو (مـام جـەلال) لـە یەکێـك لـە بیرەوەرییەکانیـدا کـە لـە گۆڤـاری (خـاك)دا بڵاوکراوەتـەوە دەڵـێ: (سـاڵی ١٩٤٧ز) عەلـی عەبدوڵـڵا بەرپرسـی ناوچـەی کۆیـە دەبـێ و لەلایـەن رژێمـەوە ئاشـکرا دەبێـت و بـە ناچـاری کۆیـە جێدەهڵـێ، لـە شـوێنی ئـەودا چـوار کـەس ناوچـە بەڕێـوە

دەبـەن، ئەوانـەش: ١- حەمەدەمیـن مەعـرووف ٢- محەمـەد شـوان ٣- مـام جـەلال ٤- کەمـال حاجـی مەجیـد. مـام جـەلال بـە (کـوڕە تاقانەکـەی حاجـی مەجیـدی نـاوی دەهێنـا) لـە کۆنگـرەی میللـی کـە زۆر کەسـایەتی کوردسـتان بەشـداریان تێـدا دەکـرد، کاك کەمـال لـە ماڵەکـەی خۆیـدا تـا کۆتایـی کۆنگـرە، میوانـداری زۆر لـەو کەسـایەتییانەی کـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٦٢ لەگـەڵ بەهەشـتی مـەلا مەعسـوم لـە کۆیـەوە بـە بەندکـراوی ڕەوانـەی هەولێـر دەکرێـت و دواتـر بـۆ گرتووخانـەی بـەسرا، پـاش ئازادکردنـی لەژێـر چاودێـری پۆلیسـدا لـە بەغـدا دەبێـت، دواتـر دەگەڕێتـەوە کۆیـە و لـە کاری سیاسـیدا بـەردەوام دەبێـت.

پێـش هەڵگیرسـانەوەی شـەڕیش لەلایـەن حکوومەتـی (بەعـس)ەوە، لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٦٣ سـەدان خانـەوادەی کۆیـە شـارەکەیان بەجێدەهێڵـن و روو لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان دەکـەن، یەکێـك لـەو خانەوادانـە ماڵـی خوالێخۆشـبوو کەمالـی حاجـی مەجیـد دەبێـت و دەچێتـە دەڤـەری پشـدەر و لـە گونـدی (مالـە دوو) نیشـتەجێ دەبـێ و ماڵەکەیـان و دەیـان ماڵـی دیکـە لـە کۆیـە دەکەونـە بـەر شـاڵاوی دڕندانـەی (سـوپا و حـەرەس قەومـی) و تـاڵان دەکرێـن، پـاش ئاگربەسـتی نێـوان سـەرکردایەتیی شـۆڕش و حکوومەتـی عێـراق لـە ١٩٦٤/٢/١٠دا، پـاش ماوەیـەك دەگەڕێنـەوە بـۆ کۆیـە، مامۆسـتا (حوسـێنی حاجـی قـادر) لـە کتێبەکەیـدا (کوردسـتان خاڵێکـی گەرمـە) دەڵـێ: کەمالـی حاجـی مەجیـد لاوێکـی ڕەوەشـتبەرز و ڕووناکبیـر بـوو، ڕۆژنامـە و گۆڤـاری عارەبیـم لـێ وەردەگـرت بـۆ ئـەوەی

فێـری زمانـی عەرەبـی بـم، پێشـی رادەگەیانـدم کـە دواتـر بیدەمـە کەمـال حوسـێن (غەمبـار) لـە ماڵـەوە کتێبخانەیەکـی باشـی هەبـوو، چەندیـن کتێبـی لەخۆگرتبـوو، پێشـکەش بـە کتێبخانـەی کۆیـەی کـرد، بـەڵام بەداخـەوە بەهـۆی بۆردوومانـی فڕۆکەکانـی ئێـران، زیانـی زۆری پێگەیشـت، بۆیـە (عەمیـد چـالاك)ی کـوڕی سـاڵی ٢٠١٠ بـە کتێبەکانـی بەغـدای باوکـی قەرەبـووی کـردەوە. سـاڵی ١٩٦٤ لـە بارودۆخـی نالەبـاری ناوچەکـە بـە ماڵـەوە (کۆیـەی) بەجێهێشـت و رووی لـە بەغـدا کـرد و جارێکـی دیکـە دەسـتی بـە کاری (بەڵێندەرایەتـی- مقـاولات) کـردووە، خوالێخۆشـبوو کاك کەمـال هەمیشـە یارمەتـی هـەژاران و بنەماڵـەی پێشـمەرگە و شـەهیدانی دەدا، جگـە لـە قوتابییـە هەژارەکانـی پەیمانگـە و کۆلیژەکانـی بەغـدا، ئەندامـی هـەردوو یانـەی کـوردان (سـیروان و سـەلاحەدین) بـوو و یارمەتـی دەدان.

خوالێخۆشـبوو کەمالـی حاجـی مەجیـد، سـاڵی ١٩٤٥ ژیانـی هاوسـەری لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو (خاتـوو فەهیمـە خانـی ئامـۆزای) پێـك دەهێنـێ و سـێ کـوڕ بـە ناوەکانـی چـالاك (عەمیـدی خانەنشـین) ئێسـتا لـە ئەمەریکایـە، زانـا (نیشـتەجێی سـویدە) و کاوە لـە هەولێـر و کچەکانـی بـە ناوەکانـی (ژیـان خێزانـی خوالێخۆشـبوو عەدنانـی حاجـی جەمالـە، بەیـان خێزانـی  خوالێخۆشـبوو چاپـووك فایـق حاجـی جەلالـە، تامـان خێزانـی فەرهـاد فەتـاح حەکیمـە).

خوالێخۆشـبوو کاك کەمـال لـە تەمەنـی ٦٠ سـاڵیدا و لـە ١٩٨٧/٩/٢٢

لـە بەغـدا کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکـەی لـە گۆڕسـتانی (الغزاليـە) لـە بەغـدا نێـژرا.

سەرچاوە: هۆشیار محەمەد ئەمین ساڵح کۆیی.

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارەی ٤٣ لاپەڕە ٣٦-٣٧

١١- سەید عەبدوڵڵا سەید ئیسماعیل ١٩١٦-١٩٨٦

خوالێخۆشـبوو سـەید عەبدوڵـڵا کـوڕی ئیسـماعیل کـوڕی عەلییـە و سـاڵی ١٩١٦ لــە شــاری کۆیــە هاتووەتــە دونیــاوە، خێزانەکەیــان پێکهاتــووە لــە یــەك کــوڕ کــە ئەویــش (ســەید عەبدوڵڵا)یــە و کچەکەشــی نــاوی خاتــوو (فەخریە)یـە، خێزانـی مامۆسـتای خوالێخۆشـیبوو (کەمـاڵ جەمیـل)ە دایکـی سـەید عەبدوڵـڵا نـاوی (حەنیفە)یـە، سـەید عەبدوڵـڵا بازرگانێکـی نـاسراوی شــاری کۆیــە و پیاوێکــی پیاوانــە و کەســایەتییەکی لــە هەڵســوکەوتدا سەرڕاسـت بـووە، بـە حوکمـی ئـەوەی لـە بـازاڕی کۆیـەدا بازرگانێکـی دیـار و خـاوەن سـامان بـووە و پلـەی خوێندەوارییەکـی باشـی هەبـوو، لـە مامەڵەکردنـدا بوێـر و خاوێـن بـوو، بەهـۆی کەسابەت و ژیانـەوە نەیتوانیـوە قۆناغـی سـەرەتایی تـەواو بـکات، بـەڵام کاتێـك لەگـەڵ مامۆسـتایانی ئایینـی و رۆشــنبیراندا دادەنیشــت، هەســت بــە خوێنــدەواری و زیرەکــی دەکــرا، ســەرەڕای زمانــە شــیرینەکەی لەگــەڵ هاوتەمــەن و لاو و پیــردا کــە بــە هەمیشــەیی پێــی دەدوا.

خوالێخۆشـبوو سـەید عەبدوڵـڵا بێجگـە لـە کاری بازرگانـی، قوماشـی دەفرۆشـت، سـەرەڕای فرۆشـتنی (پـوول)ی حکوومـەت، بۆیـە بـەو نـاوە

هــەڵ دەدرایــەوە.

خوالێخۆشــبوو پیاوێکــی نیشــتمانپەروەر و دیموکــرات و چەپخــواز بــوو و لەبــەرەی چەپدابــوو لــە کۆیــە، لــەو بارەیــەوە لــە دۆســتە هــەرە نزیکەکانــی خوالێخۆشــبوو (فاتــح رەســووڵ)ی نیشــتمانپەروەر و ســەرکردەیەکی حیزبــی شــیوعی بــوو. خوالێخۆشــبوو لــە ژیانــی هاوســەرگیریدا دوو ژنــی هێنــاوە، یەکەمیــان نــاوی خاتــوو (عائیشــەی مــام ئەمیــن هەمەوەنــدی) کــە لــەم ژنەیــدا کوڕێکــی بــە نــاوی (عەبدولخالــق و ســێ کچیشــی بــە ناوەکانــی: نەجیبــە، شــلێر، فەزیلــە، هەیــە، بــەڵام لــە ژنــی دووەمیــدا کــە نــاوی (خاتــوو بەدریــە حاجــی رەســووڵ قۆرچــی)ە، شــەش کــوڕی بــە ناوەکانــی: ســەدیق، ســەلاح، نــەوزاد، دڵشــاد، ئــازاد، بەهــزاد، لەگــەڵ ســێ کــچ بــە ناوەکانــی پەخشــان، درەخشــان، شــیلان) هــەن.

خوالێخۆشــبوو ســەید عەبدوڵــڵا لــە تەمەنــی ٧٠ ساڵیدا و ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٦ کۆچــی دوایــی کــرد و لــە گۆڕســتانی دەروێــش خــدر بــە خاکســپێردرا.

ســەرچاوە: زانیارییــەکان لــە ڕێککەوتــی ٢٠٢٠/٨/١٠ مافپــەروەر ئــاراس عەبدولخالــق ئامــادەی کــردووە و بــە نووســین بــۆی نــاردووم.

١٢- بەکر حاجی محەمەد (بەکر بەننا) ١٩٠٧-١٩٨٧

خوالێخۆشــبوو (بەکــر بەننــا یاخــود بەکــری حاجــی مەنجــەڵ) ســاڵی ١٩٠٧ لــە شــاری کۆیــە هاتووەتــە دونیــاوە و لــە خێزانێکــی ڕەوشــتبەرز و ئایینپــەروەر و کاســبکار، بەهــۆی ڕێنمایــی (وەســیەت)ی باوکــی هــەر زوو ڕووی لــە کار و کاســبی کــردووە، بــە مەبەســتی بەخێوکردنــی خێــزان، چونکــە

وەکـو دەیگێڕایـەوە باوکـی پێـی گوتـووە (دەبێـت کاسـبی بـکات، نـەوەك خوێنـدن تـا بژێویـی ژیانـی بەدەسـت بێنـێ) بـۆ دایکـی و خوشـکی و بـرای گـەورەی خوالێخۆشـبوو (سـەمەد بەننـا) تاکـو لـە خوێندنـی قوتابخانـە بـەردەوام بێـت، بـەڵام کاك بەکـری بەننـا، خـۆی زۆر حـەزی لـە خوێنـدن بـووە و نـاوە نـاوەش چووەتـە قوتابخانـەی شـەوان تـا فێـری خوێنـدن و نووسـین بـووە.

لـە سـەرەتادا دوکانەکـەی لـە قەیسـەری کۆیـە بـوو، بـۆ کوتـاڵ هێنانیـش بـەردەوام سـەفەری بەغـدای کـردووە، پاشـان دوکانێکـی گەورەتـری لەسـەر شـەقامی گشـتی لەنـاو کۆیـە بەکرێگـرت، چونکـە کارە بازرگانییەکـەی فراوانـتر بووبـوو.

(دکتـۆر هیـوا)ی کـوڕی دەیگێڕێتـەوە کـە باوکـی هـەر جـارە کـە دەچـوو بـۆ بەغـدا و لـە گەڕانەوەیـدا چەنـد کتێبێکـی لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنایـەوە، چونکـە زۆر حـەزی لـە خوێندنـەوە بـوو، سـەرەڕای هێنانـی چەنـد گۆڤارێکـی وەکـو (الهـلال- کتابـی کـە خاوەنەکـەی حیلمـی مـراد بـوو)، لەبـارەی بیروبـاوەڕ و هەسـتی کوردایەتییـەوە ئاشـکرایە کـە ئـەو بنەماڵەیـە بـە بیـری کوردایەتـی پەیوەسـت بـوون، ئەوەتـا خوالێخۆشـبوو کاك (سـەمەد)ی براگـەورەی یەکێـك بـوو لـە دامەزرێنەرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو کاکـە زیـادی ئاغـای غەفـووری، سـەرەڕای رۆڵـی بەرچـاوی لـە کۆکردنـەوەی رۆشـنبیرانی کوردپـەروەر لـە بەغـدا، لـە رووی ئایینپەروەریشـەوە خوالێخۆشـبوو بەکـر بەننـا، مرۆڤێکـی بـە دیـن

و بــە کــردەوە رەوشــتبەرز بــوو، هەروەهــا خێرخوازیــش بــوو، هەمــوو رێنماییەکانــی ئایینــی پەیــڕەو دەکــرد بــۆ خزمەتــی هــەژاران و لێقەوماوانــەوە، لــە هەمانکاتیشــدا بــڕوای بــەو کەســانە نەبــوو کــە بــۆ مەرامــی شەخســی (ئایینیــان) بــەکار دەهێنــا.

دوکانەکــەی لەســەر شــەقامی گشــتی بــە تابلۆیەکــی گــەورە لەژێــر نــاوی (کــۆگای ئــاوا بەکــر مەنجــەر) دەنــاسرا، رۆژێــك لــە ناوەنــدی شەســتەکان (مفەوەزێکــی ئەمــن)ی عەرەبــی دێتــە لای و پێــی دەڵــێ: (کاکــە انــت انســان طیــب لمــاذا تعلــق شــعار الشــوعیون "منجــل" و انــت قصــدك منجــل و چاکــوچ شــعار الشــوعیون) خوالێخۆشــبوو کاك بەکــر دەزانــێ (دائیــرەی ئەمــن) تەشــقەڵەی پێدەکــەن، بۆیــە کاتێــك لەگــەڵ خوالێخۆشــبوو (مامۆســتا مەســعود محەمــەد) بــاس لــەو بابەتــە دەکات، کاك مەســعودیش پێــی دەڵــێ: (خــوا عەفــوت کا، مەســەلەکە زۆر ئاســانە، کاك بەکــر تــۆ باوکــی خــۆت نەدەدیــت کــە بــە هاویــن زۆر جــار (بەننا)یەتــی دەکــرد، نــاوی کۆگایەکــەت بکــە بــە (کــۆگای بەکــر بەننــا والســلام).

دەربــارەی نازنــاوی (مەنجــەر یاخــود مەنجــەڵ) کــە ئــەو خانــەوادەی پــێ دەناسرێــت، دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو نەریتــەی جــاران لــە کۆیــە بــاو بــوو، ئەویــش بریتــی بــوو لــە دروســتکردنی خــواردن لــە هەندێــك بۆنــەی ئایینــی و کۆمەڵایەتــی لــە ماڵانــدا، بــەڵام چونکــە مەنجەڵەکــەی ماڵــی باوکــی کاك بەکــر (حاجــی محەمــەد) لــە مەنجەڵــی ماڵەکانــی دیکــە گەورەتــر بــووە و خەڵکانیــش زیاتــر خێریــان بەرکەوتــووە، بــەم هۆیــەوە نازنــاوی (مەنجــەڵ)

ی پێدراوە.

خوالێخۆشبوو کاك بەکر هاوسەرگیری لەگەڵ خوالێخۆشبوو خاتوو (فاتیمە عەزیز محەمەد ١٩٢٨/٧/١-٢٠١٣/٧/١٧) کردووە و لە ماوەی ژیانیاندا سێ کوڕ بە ناوەکانی محەمەد کۆچی دوایی کردووە، د. هیوا کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە و مامۆستای زانکۆیە، پێشەوا بە خێزانەوە لە هۆڵەندا دەژی لەگەڵ کچێك بە ناوی خاتوو (گەلاوێژ کە هاوسەری خوالێخۆشبوو) مامۆستا (حەبیب محەمەد کەریم)ە.

خوالێخۆشبوو لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا و لە ١٩٨٧/٣/١٢ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: زانیارییەکان دکتۆر هیوا بەکر بەننا لە ٢٠٢٠/٨/٣ بە نووسین بۆی ناردووم.

١٣- محەمەد جەلال (کاکە مامەی جەلال ئاغا) ١٩٢٣-١٩٩٢

خوالێخۆشبوو کاکە مامەی مام جەلال، ناوی تەواوی (محەمەد کوڕی جەلال ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای غەفووری)یە و لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لە بنەماڵەی غەفووریان چاوی بە دونیا هەڵێناوە، دایکی ناوی خاتوو (زوبیدە ئەمین حاجی بەکر ئاغای حەوێزی)یە، یانی خاتوو زوبیدە کچی ئەمین ئاغای حەوێزی شاعیرە، ناسراو بە (ئەختەر)، خوشکێکی لەم دایکە هەیە بە ناوی (جەمیلە کە خێزانی شەهید کەمال رەشید حەوێزی)یە، کاکە مامە لە چلەکانی سەدەی بیستەم هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزایەکی

خـۆی بـە نـاوی (خاتـوو عیسـمەت عومـەر ئاغـای غەفـووری) کـردووەوە، لـە منداڵییـەوە خولیـای فێربـوون و نووسـین و خوێندنـەوەی لـە مێشـکدا هەبـووە، هـەر دوو قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە قوتابخانـەی کۆیـەدا خوێنـدووە، بـەڵام پاشـان وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە و رووی لـە کار و کاسـبی کـردووە و زیاتـرش سـەرقاڵی بازرگانـی (توتـن) بـووە و سـەرەتا لەگـەڵ خوالێخۆشـبووانی بـازرگان، باقـی حاجـی جـەلال و پاشـان لەگـەڵ چەنـد بازرگانـی دیکـەدا بـە هەمـان کار سـەرقاڵ بـووە، هەمیشـە کارەکانـی بـە دڵسـۆزی و دەسـتپاکی راپەڕانـدووە.

دەربـارەی خوێندنـەوە و خۆرۆشـنبیرکردنیش هـەر لـە سـەرەتای لاویەتییـەوە خولیـا و ئـارەزووی خوێندنـەوەی هەبـوو، ئەوجـا چ رۆژنامەکانـی ئـەو سـەردەمە کـە دەهاتنـە کۆیـە یاخـود خوێندنـەوەی ئـەو کتێبخانـەی دەسـتی دەکەوتـن لـە ئاکامـی ئـەو دۆسـتایەتییە توندوتۆڵـەی لەگـەڵ خوالێخۆشـبوو (سـاڵح شـەمس) بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی (حاجـی قـادری کۆیـی) کـە رۆژانـە سـەردانی ئـەو دەسـتە و ئـەو کتێبخانـەی دەکـرد، سـەرەڕای ئـەوەی مرۆڤێکـی کوردپـەروەر بـوو، لـە سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی رابـوردوودا لـە حزبـی هیـوا بووەتـە ئەنـدام, سـەرەڕای کوردایەتییەکـەی زۆرجـار یارمەتـی لێژنـەی ناوچـەی کۆیـەی حزبـی شـیوعیی عێـراق دەدات، لـە روانگـەی نیشـتمانپەروەری خـۆی و رۆڵـی ئـەو حیزبـە لـە بەرهەڵسـتی رژێمـی پاشـایەتیدا.

کاکـە مامـە لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا لەگـەڵ خاتـوو عیسـمەت، هەشـت

کـوڕ و کچـی هێناوەتـە سـەر دونیـا. کوڕەکانـی بـە نـاوی: خوالخۆشـبوو دڵشـاد، مـوژدە، هـاوڕێ، گوڵبەهـار، ئەختـەر، شـیرین، خەرامـان، پەرێشـان.

خوالێخۆشـبوو جـەلال ئاغـای باوکـی دوو ژنـی هێنـاوە و لـە ژنـی دووەمـی دا سـێ بـرای دیکـەی هەیـە بـە ناوەکانـی: چـالاك، شـیروان، ئـازاد لەگـەڵ خوشـکێك بـە نـاوی گوڵخاتـر.

خوالێخۆشـبوو کاکـە مامـە لـە تەمەنـی ٦٩ سـاڵیدا و لـە ١٩٩٢/١/٤ کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە گۆڕسـتانی (کەکـۆن) بـە خاکسـپێردراوە.

سـەرچاوە: ئـەو زانیاریانـە بـە نووسـین لەلایـەن (مـوژدە محەمـەد جـەلال کاکـە مامـە) لـە ٢٠٢٠/١٠/١٢ بـۆم هـات، بـەڵام بەداخـەوە رۆژی ٢٠٢٠/١٢/٥ ناوبـراو کۆچـی دوایـی کـرد و چـووە بـەر دلۆڤانـی خـوای گـەورە.

١٤- سەعدوڵڵا محەمەد جەرجیس ١٩٣٠-٢٠٠٣

خوالێخۆشـبوو سـەعدوڵڵا کـوڕی محەمـەد کـوڕی جەرجیـس سـاڵی ١٩٣٠ لـە قـەڵای هەولێـر لەدایکبـووە و قوتابخانـەی سـەرەتایی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە و سـاڵی ١٩٤٢یـش لەبـەر ئـەوەی لـە یەکەمەکانـی پارێزگـەی هەولێـر بـووە، لـە ناوەنـدی (کلیـە ملـك فیصـل) لـە بەغـدا وەرگیـراوە و هەمـوو خەرجـی قوتابـی لەسـەر بودجـەی مەلیـك بـوو، ناوەنـدی و دواناوەنـدی هـەر لـە هەمـان قوتابخانـەدا لـە بەغـدا تـەواو کـردووە و سـاڵی ١٩٥٠ لـە کۆلیـژی مـاف (حقـوق) لـە زانکـۆی بەغـدا وەرگیـراوە و سـاڵی ١٩٥٤ کۆلیـژی تـەواو کـردووە و بەکالۆریۆسـی وەرگرتـووە، سـاڵی

١٩٥٥یـش بـۆ یەکەمجـار لـە (دادگـەی مەخمـوور) بـە ناوونیشـانی (کاتـب اول) دامـەزراوە تاکـو سـاڵی ١٩٥٧ لـەوێ ماوەتـەوە، پاشـان گوێزراوەتـەوە بـۆ شـاری کۆیـە و تـا کـو کۆتایـی سـاڵی ١٩٥٩ لـە کۆیـە ماوەتـەوە، پاشـان هـەر لـە کۆیـە ناوونیشـانی گـۆڕاوە و بووەتـە (معـاون تسـویە الاراضـی) لـە کۆیـە، سـاڵی ١٩٦٠ گوێزراوەتـەوە بـۆ هەولێـر بـە ناوونیشـانی (ڕەئیـس الملاحظیـن) لـە (بەڕێوەبەرایەتیـی تسـویە)ی هەولێـر تاکـو سـاڵی ١٩٦٧ لـەم وەزیفەیـەدا دەمێنێتـەوە، سـاڵی ١٩٦٨ میلاکـی فەرمانبەرایەتـی گوێزرایـەوە لـە وەزارەتـی (داد) بـۆ وەزارەتـی (شـوون الشـمال) بـە هەمـان پلـە لـە بەغـدا، سـاڵی ١٩٧٠ بووەتـە (مدیـر حقـوق) لـە بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی دارسـتان (الغابـات العامـە) لـە بەغـدا.

سـاڵی ١٩٧٥ گوێزرایـەوە بـۆ شـاری هەولێـر بـۆ فەرمانگـەی (الامانـە العامـە للثقافـە و الشـباب) بـە پلـەی (مودیـر الشـوون المالیـە والاداریـە) تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٧٧ لـە سـاڵی ١٩٧٨ گوێزرایـەوە بـۆ شـاری بەغـدا بـۆ وەزارەتـی (الاسـکان والتعمیـر) بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی تـا سـاڵی ١٩٨١ خانەنشـین بـوو، خوالێخۆشـبوو سـەعدوڵڵا محەمـەد لـە سـاڵی ١٩٦٩ ژیانـی هاوسـەرگیری پێکهێنـاوە و خاوەنـی سـێ کـوڕ و کچێکـە بـە ناوەکانـی (محەمـەد کـە پارێـزەر و جێگـری سـەرۆکی لقـی هەولێـری یەکێتیـی مافپەروەرانـی کوردسـتانە، کـوڕی دووەمـی هەندرێـن، دەرچـووی کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابووریـە و کاری بازرگانـی دەکات، کـوڕی سێیەمیشـی نـاوی بیتوێـن فەرمانبـەرە لـە ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکوومەتـی هەرێمـی

کوردســتان).

خوالێخۆشــبوو لــە تەمەنــی ٧٣ ســاڵیدا و لــە ڕێککەوتــی ٢٠٠٣/٥/١ لــە بەغــدا کۆچــی دوایــی کــرد.

ســەرچاوە: بــە نووســین لەلایــەن مافپــەروەر محەمــەد ســەعدوڵلا محەمــەد ئامــادە کــراوە و لــە ٢٠٢٠/٩/١٥ بــۆم هاتــووە.

١٥- ڕەشید تاڵەبانی ١٩٣٢-١٩٦١

خوالێخۆشــبوو شــێخ ڕەشــید کــوڕی شــێخ عزاللــە کــوڕی شــێخ نــووری تاڵەبانــی و ســاڵی ١٩٣٢ لــە کۆیــە لەدایکبــووە و دایکــی کچــی شــێخ ڕەشــیدی گــەورە بــووە، بــە نــاوی باوکــی دایکــی ناونــراوە. ســاڵی ١٩٥٦ کۆلیــژی یاســا (حقــوق)ی تــەواو کــردووە و لایەنگــری کۆمۆنیســتەکان بــووە، لــە ڕاپەڕینەکانــی شــاری کۆیــەی ئەوســا لــە بەغــداش بەشــداری کــردووە و گیــراوە، لەژێــر چاودێــری دانــدراوە و بــە کەفالەتــی (شــێخ ڕەزای باســەرە) ئــازاد کــراوە، لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ســاڵی ١٩٥٨یــش، وەکــو پارێــزەر کاری کــردووە و دواتــر لــە ســاڵی ١٩٦٠ لــە بادینــان بووەتــە بەڕێوەبــەری ناحیــەی کانــی ماســی و دووجاریــش بووەتــە وەکیلــی قائیمقامــی ئامێــدی و ئــەو کاتــە کــە ویســتوویەتی بچێتــە ســەر کارەکــەی لــە ڕێگــە لەلایــەن هێــزی پێشــمەرگە بــە (هەڵــە) شــەهید کــراوە و کاکــە ســووری بــرای گــەورەی لەگــەڵ بارزانــی پێشــمەرگە بــووە، بۆیــە ســەرۆك بارزانــی بــە فەرمــی داوای لێبوردنــی کــردووە لــەو ڕووداوە، چونکــە شــێخ ڕەشــید لــەو ماوەیــەدا هــاوکاری کــردوون و لــە دوای شــەهیدبوونی بــە ســێ

مانـگ کوڕێکیـان بـووە لـە ژنێکـی ئامـۆزای خـۆی بەنـاوی (فەرامـۆش) کـە کولیـژی ئەندازیـاری تـەواو کـردووە و ئێسـتا لـە وڵاتـی فینلانـد دەژی.

سـەرچاوە: کورتەیـەك لـە مێـژووی شـێخانی تاڵەبانـی، چاپـی ٢٠١٢ لـە نووسـینی: ئـەشرەف تاڵەبانـی.

١٦- مەسعود مەلا محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢)

لە لاپەڕەکانی پێشوو ژیاننامەی بڵاوکراوەتەوە.

١٧- جەنگی تاڵەبانی ١٩٢٤-٢٠١٦

خوالێخۆشـبوو شـێخ جەنگـی کـوڕی شـێخ بورهـان کـوڕی شـێخ نـوری تاڵەبانـی، سـاڵی ١٩٢٤ لـە گونـدی (کەلـکان) لەدایکبـووە و تەمەنـی سـێ سـاڵان بـووە کـە باوکـی بـە دەسـتی ئینگلیـزەکان شـەهید کـراوە، هـەر لـە سـەرەتاوە منداڵێکـی چاونەتـرس بـووە، سـەرەتا لای مـەلا خوێندوویەتـی و دواتـر بـۆ خوێندنـی فەرمـی چووەتـە کۆیـە و تـا سـەرەتایی خوێنـدووە، بـەڵام لەبـەر بـێ باوکـی نەیتوانیـوە لـە خوێنـدن بـەردەوام بێـت، گەڕاوەتـەوە گونـدی کەلـکان و لـە ماڵـی شـێخ شـەرەف کـە هـەم ئامـۆزای بـووە و لـە هەمانکاتیشـدا هاوسـەری خوشـکی بـووە، ژیانـی تـا هەڕەتـی لاوی و دواجـار چووەتـەوە بـۆ کۆیـە و لـەوێ ژیـاوە، تێکـەڵاوی بـاری کۆمەڵایەتـی و سیاسـی کۆیـە بـووە و دۆسـتی چەپـەکان بـووە، گەنجێکـی هەڵکەوتـوو و دیـاری شـاری کۆیـە بـووە و ناوبانگـی دەرکـردووە، سـەردەمێك لـە حکوومـەت یاخـی بـوو و دواجـار رووی کردووەتـە گونـدی (پەنگیجـە) لای خاڵوانـی باوکـی و دواجـار گەڕاوەتـەوە بـۆ کۆیـە و لـەوێ فێـری زمانـی

عەرەبی و تورکی بووە، لەوێ ئەمینداری موڵك و ماڵی (شێخ فیضل اللە)ی خاڵۆی بووە، هەرچەندە تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە و لەبەر بێ باوکی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، بەڵام خۆی هەوڵی خۆپێگەیاندن و رۆشنبیرکردنی خۆی داوە و لە ماڵەکەی خۆیدا کتێبخانەیەکی داناوە و زۆر لە گۆڤارەکان و رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی بەوانەیشەوە کە بە نهێنی دەرچوون و ئەم دەستی کەوتبوون و پەرەی بە خۆرۆشنبیرکردن داوە، لە هەشتاکان ماوەیەك لە ئێران ژیاوە و فێری زمانی فارسیش بووە، سەردەمانێك لە لەندەن نیشتەجێ بووە و نەختێکیش ئینگلیزی فێر بووە، تا دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، ئەم لایەنگری چەپ بووە، بەڵام لەو بەرواره بەدواوە بە لای نەتەوەییدا دایکشاندووە، سەرەتا ماڵەکەی ئەوکات لە گوندی (قوزلو) ی سەر زێی کۆیە بووە، وەك بنکەیەکی سەرەکی پێشمەرگە وابووە کە زۆر خۆشەویستی دانیشتووانی دەشتی کۆیە و هێزی پێشمەرگە و دۆستایەتی بە تینی لەگەڵ مامە رەزای (گوندی کەللە سماق) دا هەبووە، کە رابەری چەپەکان بوون، بەڵام بەداخەوە لە کاتی دووبەرەکی ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەستەکان ماڵەکەی تاڵان کرا و ویستیان خۆشی دەستگیر بکەن، بەڵام بە چاپووکی خۆی لەدەستیان رزگاری بووە و خۆی گەیاندووەتە (بەکرەجۆ) و لەوێ لەبەر لێهاتوویی خۆی کراوەتە فەرماندەی هێزێکی پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسی و بە سەرپەرشتی خۆی و رەئیس حەمەدەمین

فـەرەج هێزێکـی پێشـمەرگەی لـە رێگـەی ئاغجەلـەر و دەشـتی کۆیـە و بیتوێنـەوە گەیاندووەتـە شـاری قـەڵادزێ و لـەوێ بنکـەی کردووەتـەوە، کـە ئەمـە بـە مەسـیرەیەکی گرنگـی سـەربازی دادەندرێـت، دوای راگەیاندنـی ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ گەڕاوەتـەوە شـاری کۆیـە.

لـە دوای هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی نوێـی گەلەکەمـان، پـردی پەیوەنـدی شـار و هێـزی پێشـمەرگە سـەرەتاییەکان بـووە و بەهـۆی خزمێکـی بەنـاوی (حەمـە خاڵـە حوسـێن هەمـوو بەریـد و پـارەی گەیاندووەتـە سـەرکردایەتیی شـۆڕش تـا سـاڵی (١٩٨٤) لـە شـاری کۆیـە بـووە و چەندیـن جـار لەلایـەن میرییـەوە بانگکـراوە و هەڕەشـەی لێکـراوە، بـەڵام بـێ باکانـە کاری خـۆی بـە هێمنـی ئەنجـام داوە، پاشـان کـە (شـێخ حەمـە سـاڵحی) بـرا گـەورەی، لەگـەڵ دوو کچەکـەی شـەهید کـراون، ئیـتر شـاری جێهێشـتووە و رووی کردووەتـە ناوچـە ئازادکـراوەکان و دواجـار بـووە بـە فەرمانـدەی تیپێکـی پێشـمەرگە لـە کیمیابارانـی دۆڵـی جافایەتـی بەرکەوتـووە و چووەتـە (ورمـێ) و دواتـر سـەفەری کـردووە بـۆ لەنـدەن، تـا راپەڕینـی گەلەکەمـان دواجـار گەڕاوەتـەوە شـاری کۆیـە و خانـوو و ماڵەکـەی کـە دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو، وەرگرتووەتـەوە، وەکـو سـەرۆکی بنەماڵـەی شـێخانی تاڵەبانـی سـەیر دەکرێـت و رێـزی لێدەگیرێـت و پێشـمەرگەی خانەنشـینە، ئـەم شـێخە شـەش کـوڕی بـە ناوەکانـی: ئـاراس، هیـوا، ئاکـۆ، ئاسـۆ، لاهـور، پـوڵا، هەیـە.

سەرچاوە: (کورتەیەك لە مێژووی شێخانی تاڵەبانی)

نووسینی: ئەشرەف تاڵەبانی چاپی (٢٠١٢)

تێبینـی: خوالێخۆشـبوو شـێخ جەنگـی تاڵەبانـی لـە تەمەنـی ٩٢ و سـاڵیدا لـە ٢٠١٦/٢/٤ کۆچـی دوایـی کـرد و لـە تەکیـەی تاڵەبانیـان لـە کۆیـە نێـژراوە.

١٨- مەجید عومەر ١٩٢٩-٢٠١٤

خوالێخۆشـبوو (مەجیـد عومـەر حەسـەن رەسـووڵ) لـە خێزانێکـی مامناوەنـدی سـاڵی ١٩٢٩ لـە شـاری کۆیـە لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی هاتووەتـە دونیـاوە، باوکـی پیشـەی بـازرگان بـووە و نـاوی دایکـی (خاتـوو پیـرۆز مەحمـوود) بـووە، خێزانەکەیـان پێکهاتـووە لـە کچێـك و سـێ کـوڕ، کـوڕەکان بـە ناوەکانـی: (مەجیـد، تەحسـین فـەوزی، هەروەهـا خوشـکەکەیان نـاوی نەزیفە)بـووە.

سـاڵی ١٩٣٦/١٩٣٥ دەچێتـە قوتابخانـە و لـە پۆلـی یەکەمـی سـەرەتایی لـە قوتابخانـەی ئـولا وەردەگیـرێ، کاتـێ بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە مامۆسـتا سـابیر ئیسـماعیل دەبێـت، خوالێخۆشـبوو مەجیـد عومـەر سـاڵی ١٩٤٢/١٩٤١ دەبێتـە پۆلـی یەکەمـی ناوەنـدی لـە کۆیـە و دواتـر لـە ئەزموونەکانـی قۆناغـی سـێی ناوەنـدی لەسـەر ئاسـتی پارێزگـەی هەولێـر بـە یەکـەم دەردەچێـت. سـاڵی ١٩٤٩-١٩٥٠یـش، لـە هەولێـر قۆناغـی دواناوەنـدی تـەواو دەکات و سـاڵی خوێندنـی ١٩٥٠-١٩٥١ لـە کۆلیـژی ئەندازیـاری لـە شـاری بەغـدا وەردەگیرێـت، سـاڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ کۆلیـژ تـەواو دەکات و سـاڵی ١٩٥٦/١٩٥٥ بـە ئەندازیـار لـە هەولێـر دادەمـەزرێ و دانـدراوە بـە

سەرپەرشـــتکار و بەڕێوەبـــەری ڕێگـــەی دروســـتکردنی (شـــاخی هەیبـــەت ســـوڵتان) لەگـــەڵ سەرپەرشـــتیکردنی ئـــەو ١٣کیلۆمەتـــرەی ڕێگـــەی نێـــوان (کۆیـــە- رووبـــاری کۆیـــە). لـــە ســـاڵی ١٩٥٦وە هەوڵـــی لەگـــەڵ قائیمقامـــی ئەوســـای شـــاری کۆیـــە داوە بـــۆ جێبەجێکردنـــی چەنـــد پرۆژەیـــەك وەکـــو (یانـــەی فەرمانبـــەران- میوانخانـــە- باخچـــەی منداڵان و دابەشـــکردنی گـــردی جولەکـــەکان کـــە دوایـــی ناوەکـــەی بـــۆ گەڕەکـــی ســـەرباغ گـــۆڕدرا).

ئەندازیـــاری خوالێخۆشـــبوو (مەجیـــد عومـــەر) هەمیشـــە بـــە دوای کاری چاکـــەوە بـــووە، تەنانـــەت لـــەو ســـەردەمەدا توانیویەتـــی قەناعـــەت بـــە قائیمقـــام (هـــادی چاوشـــلی) بێنـــێ بـــۆ پەیداکردنـــی هەلـــی کار بـــۆ ئـــەو قوتابیانـــەی کـــە لـــە وەرزی هاوینـــدا بێـــکارن و هیـــچ دەرامەتێکیـــان نییـــە.

ســـاڵی ١٩٦١ ڕاژەکـــەی دەگوازرێتـــەوە بـــۆ شـــاری دیوانیـــە و تـــا ســـاڵی ١٩٦٧ پاشـــان گوێزراوەتـــەوە بـــۆ هەولێـــر و لـــە شـــارەوانیی هەولێـــر دانـــدراوە و بـــۆ مـــاوەی ١٠ ســـاڵ لـــەم بەڕێوەبەرایەتییـــەدا ســـەرۆکی ئەندازیـــاران بـــووە. ســـاڵی ١٩٧٨ ڕاژەکـــەی بـــۆ بەغـــدا گواســـتراوەتەوە تاکـــو ســـاڵی ٢٠٠٠ کـــە لـــەم ســـاڵەدا خانەشـــین کـــراوە و بـــە خێزانـــەوە گەڕاوەتـــەوە هەولێـــر.

ئەندازیـــار مەجیـــد عومـــەر پیاوێکـــی هێمـــن و لەســـەرخۆ و بـــێ فیـــز و بـــێ هـــەوا و خاکـــی و ســـادە، کاك مەجیـــد ســـەرەڕای کاری ئەندازیـــاری، دەســـتێکی باڵاشـــی لـــە داڕشـــتنی شـــیعردا هەبـــووە، بـــەڵام بەداخـــەوە بەهـــۆی بارودۆخـــی نالەبـــاری کوردســـتان، شـــیعرەکانی لەناوچوونـــە. لەبـــارەی هەڵوێســـتی کوردانـــەی کـــە هەمیشـــە نەگـــۆڕ بـــوو، ســـاڵی ١٩٦٩ حکوومەتـــی

بەعس ویستی دوو وەزیری کورد دابنێت، کە یەکێکیان کاك مەجید دەبێت، بەڵام ئەو رەتی کردووەتەوە چونکە لایەنگری دووبەرەکی لەناو کورددا نەبووە و هەمیشە ئاواتەخواز بووە کوردان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن.

کاك مەجید لە سەرەتای ژیانی سیاسییەوە، چووەتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوەڵی خوالێخۆشبووان (عەلی عەبدوڵڵا، ساڵح شەمس) بووە و هەمیشە وەکو کوردێکی دڵسۆزی رێگەی کوردایەتی ماوەتەوە، خوالێخۆشبوو ساڵی ١٩٦٤ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (لەتیفە عەبدولقادر نەشئەت جەلیزادە) کردووە و دوو کوڕ و کچێکی بەناوەکانی: رێباز، رێزان، ئالان، پەروەردە کردووە.

پاش تەمەنێکی پڕ، لە کاری خێر و بە سوود و پرۆژەی بەرچاو لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا و رۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٤ کۆچی دوایی دەکات.

سەرچاوە: (مافپەروەر، ئاراس عەبدولخالق) گۆڤاری "کەکۆن" ژمارە ٥٥ تشرینی یەکەم ٢٠١٨.

١٩- عوسمان عەونی، لە لاپەڕەکانی پێشودا باسی لێوە کراوە.

پەراوێـز و ژياننامــەی کەسـايەتييەکانی نێــو ئــەو کەشـکۆڵە، کــە لــە ســەرچاوەی جيــاوازەوە دەســتمان کەوتــووە و بڵاوکراونەتــەوە لێــرەدا بــە پێويسـتی دەزانـم کـە سـپاس و پێزانينێکـی زۆر ئاراسـتەی ئـەو بـرا بەڕێزانـە بکــەم کــە لــە ناخــەوە يارمەتيــدەرم بــوون بــە پێــدان و پەيداکردنــی زانيــاری تــەواو دەربــارەی ئــەو کەســايەتيانەی کــە ناويــان لێــرەدا هاتــووە. هيــوادارم خــودا گــەورە نموونەيــان زۆر بــکات و بمێنــن بــۆ خزمەتــی مێــژووی گەلەکەمــان.

١- عەونی شاعير

٢- مەلا محەمەدی مەلا ئيبراهيم (دلاوەر)

٣- مامۆستا محەمەد حەوێز (حەمەرەش)

٤- ميرزا حاجی کەريم

٥- حەبيب عەبدوللا (باوکی عەونی)

٦- ساڵح زەکی بەگ ساحيبقڕان

٧- مەعروف جياوك

٨- د. عەبدولڕەحمان نورجان

٩- مەلا حەوێزە ئەفەندی (مەحزون)

١٠- عەدە بەڵەك

١١- شێخ تاهيری شێخ مەعرووفی هەلەجە

١٢- مەلای ڕەش

١٣- مەلا ئەمينی بەقاڵ- هەولێری

١٤- حاجی تاهیری کۆیی

١٥- حاجی میرزا عەبدوڵڵا کۆیی (خادم)

١٦- سایر ئیسماعیل حەمەد

١٧- زەکی ئەحمەد هەناری

١٨- مامڵ، قەشە

١٩- شێخ نورەدین ئەفەندی

٢٠- جەمیل ئاغای حەوێزی

٢١- ئەحمەدی حەمە مەلا

٢٢- عومەر عەبدوڵڵا ئەمین

٢٣- حاجی کەریم

٢٤- سۆفی محەمەد قەساب (سەرخۆرە)

٢٥- مستەفای ئەسعەدە سوور

٢٦- جەلال بەگی عەبدوڵڵا بەگ

٢٧- حەمەئاغای غەفووری

٢٨- وەستا حوسێن نەجاڕ

٢٩- عومەر ئاغای ئەحمەدی ئەمین ئاغا

٣٠- حەمەئاغای باش چاوەش

٣١- حاکم موزەفەر نەقشبەندی

٣٢- ئیسماعیل مەلا عەلی

٣٣- عوسمان عەبدوڵڵا ئەمین (مام وەتمان)

٣٤- مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا

٣٥- عومەر حەبیب (حاکم عومەر)

٣٦- عومەر مستەفا (دەبابە)

٣٧- حیسامەدین تەیب (شەعب)

٣٨- کەمال رەشید حەوێزی

٣٩- مەلا سەدیق (حاکم مەلا سەدیق)

٤٠- عەونی یوسف

٤١- عەبدولواحید نەشئەت

٤٢- زاهیر هەناری

٤٣- محەمەد فەخری سادق حەوێزی (کاك فەخری)

٤٤- فاتح جەلیل ئاغا

٤٥- تاهیر چەلەبی

٤٦- موفتی

٤٧- والی

٤٨- مەلا مستەفای (عاصی)

٤٩- هاشم حەسەن ئاکرەیی

٥٠- مەلا حەسەنی مەحموود ئاغا

٥١- کەمال غەمبار

٥٢- کەلیم هەمەدانی

٥٣- مەلا فەتحوڵڵا شوانی

٥٤- ڕەفیق حاجی مەلا تۆفیق

٥٥- مامۆستا مەسعود محەمەد

٥٦- مام جەلال

٥٧- مەلا حەوێزی ئاغای غەفووری

٥٨- عەزیزی کوێخا ڕەشید

٥٩- مەولوود فەتاح

٦٠- ئەمیر ساڵح زەکی بەگ

٦١- شێخ ڕەئووف خانەقا

٦٢- حاجی وەلی تەقتەق

٦٣- کاکە زیاد ئاغای غەفووری

٦٤- کاکە مەلا فەتحوڵڵا

٦٥- حەمەدی ڕەمەزان

٦٦- مەحموود حەمە چەقو

٦٧- سابیر مەلا ڕەئووف

٦٨- سەدیق سادق

٦٩- ئیبراهیم ئەحمەد

٧٠- حوسێن حوزنی موکریانی

٧١- ڕەشید عارف

٧٢- مەجید ئاسنگەر

٧٣- مەلا تۆفیق ئیمامی

٧٤- شێخ حیسامەدین تاڵەبانی

٧٥- شێخ نەسرەدین تاڵەبانی

٧٦- دکتۆر رەفیق چەلەبی

٧٧- شێخ تەحسین شێخ سەعید (میری ئیزیدیان)

٧٨- حاجی قادری کۆیی

٧٩- ئەمین ئاغا (ئەختەر)

٨٠- بەکر سەدیق حەوێزی

٨١- مەلا رەئووف سەلیم ئاغا

٨٢- شەهاب سەلیم (زانیاریمان دەست نەکەوتووە)

٨٣- کەریم تۆفیق

٨٤- ناحوم (جوولەکە)

٨٥- حوسێن جەمیل

٨٦- محەمەد بابان (محامی)

٨٧- وصی (عەبدوڵڵا)

٨٨- مالك سەیف

٨٩- دادوەر نورەدین بەهائەدین

٩٠- سەعید مەلا ئەحمەد

٩١- شێخ رەزای تاڵەبانی

٩٢- فائیق تۆفیق

٩٣- مەلا مەعسووم

٩٤- مەلا قادری حاجی مەلا باپیر (گۆپتەپە)

٩٥- حەنا ئەنتوان

٩٦- کەمال حاجی مەجید

٩٧- سەید عەبدوڵڵا سەید ئیسماعیل

٩٨- بەکر بەننا (بەکر حاجی محەمەد)

٩٩- محەمەد جەلال (کاکە مامە)

١٠٠- سەعید جەرجیس محەمەد

١٠١- جەنگی تاڵەبانی

١٠٢- مەجید عومەر

١٠٣- تاهیر ئەحمەد حەوێزی

ئەو شوێن و ڕووداوانەی کە لەنێو کەشکۆڵەکەدا ناویان هاتووە، لەگەڵ بابەتی ئاشتیخوازان:

١- مزگەوتی حەتك (کۆیە)

٢- یانەی سەرکەوتنی کوردان

٣- بۆردوومانی کۆیە

٤- قشڵە

٥- چایخانەی بناوان

٦- گوندی هەرجە

٧- هاتنی ئۆتۆمبێل بۆ کۆیە

٨- سوختەخانە

٩- گوڵستان

١٠- (زەوی)یە میری

١١- حیزبی (تەحرر)

١٢- مزگەوتی گەورەی کۆیە

١٣- سەفەر بەلك

١٤- جەلەب

١٥- خانی سەید زادە

١٦- پارەی روپیە

١٧- دابەستە

١٨- بەران

١٩- پەڕین

٢٠- گوندی ساروقامیشە

٢١- حەپسخانە (نوگرە سەلمان)

٢٢- ناحیەی (تەقتەق)

٢٣- زێی (تەقتەق)

٢٤- گوندی قەسرۆك

٢٥- النقطة الرابعە

٢٦- باڵەکایەتی

٢٧- مزگەوتی (پەلك) کۆیە

٢٨- ئەستورك

٢٩- ئیخبارییە

٣٠- ئیقامەی جەبری

٣١- اثبات وجود

٣٢- معاش

٣٣- حوکمی عورفی

٣٤- موختەفی

٣٥- تەکلیف

٣٦- مخفر (بنکەی پۆلیس)

٣٧- گەڕەکی (قنبر علی) بەغدا

٣٨- گوندی قورتەلاس

٣٩- ئیلینجاغ

٤٠- شینایەتی

خوێنەری هێژا..


پاش بەدواداچوون و هەوڵێکی زۆر، توانیمان زۆربەی زۆری بابەتەکانی ناو کەشکۆڵەکە وەکو خۆیان بڵاو بکەینەوە و لەگەڵ پەیداکردنی زانیاری دەربارەی ئەو کەسایەتییانەی کە ناویان لەگەڵ شرۆڤە و روونکردنەوەی بابەتەکاندا هاتووە.

بێگومان ئەم کارە بێ کەموکوڕی نابێت، جا هیوادارم ئەگەر هەر

کەسێك یان خوێنەرێك سەرنج و تێبینییەکی هەیە، یاخود زانیارییەکی زیاتری لایە، بە سوپاسەوە بۆمانی بنێرێت، چونکە بە سەرنج و تێبینییەکانتان بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند دەبێت و لە ئاییندەشدا ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت، لە چاپی دووەم و لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی ناو کەشکۆڵەکەدا کە تاکو ئێستا زانیاریم دەربارەی کەسایەتییەکانی ناوهاتوو پەیدا نەکردووە، بڵاویان دەکەمەوە.

# ئایا دەبێ ناوەڕۆکی ئەم نامەیە چی تێدا بووبێت؟

فەرهاد عەونی


بغداد
بواسطه‌ی محمد کوری میرزا غفور
بو خوشه‌ویستم کاک یونس
کلیة الحقوق صف الأول یونس رؤوف
المحترم

بغداد

بواسطەی محمد کوڕی میرزا غفور

بۆ خۆشەویستم کاکە یونس

کلیە الحقوق- صف الاول یونس رؤف المحترم

محمد زۆر سلامت لی دەکەم

زور مەمنوون دەبم بە گەیشتنی ئەم کاغەزە تسلیمی یونس بکەی

حالا

برات

بقال

عثمان عونی

پێشەکی:

لـە لاپـەڕەی پێشـوودا بەرگـی نامەیەکـم وەکـو خـۆی بڵاوکردووەتـەوە، لێـرەدا بەرگـی نامـە کـە بـە مانـای (ظـرف) عەرەبـی دێـت، لـە کوردەواریـدا (زەرفـی کاغەزیش)یشـی بـۆ بـەکار دێـت، بریتییـە لـە (پاکەتێـك) و نامـەی تێـدا دەهاویشـترێ، لـە سـەردەمانی پێشـوودا تاکـو ڕۆژانـی ئەمـڕۆش، کاتێـك نامەیـەك لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی دیکـە دەنێردرێـت یاخـود لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە، ئـەوا لـە فەرمانگـەی بەریـد (پـوول)ی تایبەتـی لـێ دەدرێـت و ڕەوانـە دەکرێـت.

لـە ڕۆژانـی ئەمڕۆشـدا ئـەم زەرفـە یاخـود پاکەتەکـە بـە شـێوازی جیـاواز و بـە قـەوارەی هەمەجـۆر و بـە ڕەنگـی هەمەچەشـنە، لـە زۆربـەی ئاڵوگـۆڕی نـووسراوە فەرمییەکانـدا لەنێـوان فەرمانگەکانـی دەوڵەتـدا دەخرێتـە نـاو زەرفێـك و دادەخـرێ و مـۆری تایبەتـی لـێ دەدرێ، ئینجـا دەنێردرێـت.

ئـەم زەرفـەی بڵاوکراوەتـەوە، زەرفـی نامەیەکـە کـە (عەونـی)ی شـاعیر، لـە شـاری کۆیـەوە بـۆ بەغـدای نـاردووە، بۆیـە پێـش ئـەوەی بچمـە نێـو باسـی ئـەم (نێـردراوە)، بـە پێویسـتی دەزانـم، خوێنـەر بزانێـت کـە ئـەم (زەرفـەم) چـۆن دەسـتکەوتووە.

لـە ئەنجامـی پەیوەندییەکـی تەلەفۆنیـدا لەنێـوان کاك (مەجیـد ساڵح)ی هاوپیشـە و هـاوکارم، کـە سـەرقاڵی کارکردنـە لـە (ئەرشـیف و کتێبخانەکـەی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (ڕەفیـق حیلمـی، سـەرۆکی حزبـی هیـوا) کـە لەنێـوان سـاڵانی (١٩٣٩-١٩٤٤) سـەرۆکی حیزبـی هیـوا و کەسـایەتییەکی

نیشـتمانپەروەر بـوو. لـە پەیوەندییـە تەلەفۆنەکـەی کاك مەجیـد سـاڵح لـە ڕۆژی (.../.../٢٠١٨)دا ئـاگاداری کـردم کـە لەبـارەی دیتنـەوەی چەنـد پارچـە شـیعرێکی عەونـی لەگـەڵ (زەرفـی) نامەیەکـی عەونـی کـە بـۆ (یونـس ڕەئـووف "دڵـدار")ی نـاردووە، قسـەی لەگـەڵ هـاوکارم کاك عەبدوڵـڵا زەنگەنـەدا کـردووە، کـە لـە کتێبخانەکـەی و لەنێـوان ئەرشـیفی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو ڕەفیـق حیلمـی بـووە.

هــەر ئــەو ڕۆژەش کاك عەبدوڵــڵا زەنگەنــە بــۆ هەمــان مەبەســت، ئــاگاداری کــردم، ئەوەبــوو کاك مەجیــد ســاڵح و عەبدوڵــڵا زەنگەنــە لــە ڕۆژی /.../٢٠١٨ لـە کتێبخانەکەمـدا سـەردانیان کـردم و کاك مەجیـد سـاڵح (دیارییـە بـە نرخەکـەی) پێـدام، کـە بریتـی بـوو لـە:

١- زەرفـی نامەیەکـی عەونـی (بـێ نـاوەڕۆك) لـە (عەونـی)وە بـۆ (یونـس ڕەئـوف "دڵـدار")

٢- سەرگوزشتەی ژیانی (عەونی) بە دەستی خۆی.

٣- سێ هۆنراوەی (عەونی) بە ناوەکانی:

أ- لە شەوینی چی ئەچێ ئەی دڵ خەیاڵت خاوە ئەیزانم

ب- ئێستە کوردستان گەلێ موحتاجی عیلم و خوێندنە

ج- ئەی برادەران وە چاکە رووکەینە یەك......

شـیعری (أ-ب) بڵاوکراونەتـەوە، شـیعری بڕگـەی (ج)یـش لـە چاپـی دووەمـی (دیوانـی عەونـی) و لـە لاپـەڕە ٧٦دا بڵاوکراوەتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ دەستنووسـەکەی کـە لـە ئەرشـیفی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو (ڕەفیـق

حیلمـی)دا دەسـتکەوتووە، هەشـت دێـڕی زیـادی تێدایـە، کـە لـە پاشـکۆی ئـەم بابەتـەدا دەقەکـەی بڵاوکراوەتـەوە.

دەربـارەی (زەرف یاخـود پاکەتـی نامـە)ی عەونـی کـە بـۆ (یونـس رەئـوف دڵـدار)ی نـاردووە و پـاش لێکدانـەوە و سـاڵی ناردنـی نامەکـە بـۆ بەغـدا، لـە رێگـەی خوالێخۆشـبوو (محەمـەدی میـرزا غەفـوور)ەوە، بێگومـان ناوەڕۆکـی نامەکـە، بابەتێکـی ئاسـایی نەبـووە، چونکـە وەك لـە خـوارەوە بـە جـۆرە لێکدانەوەیەکـی مێژوویـی و بابەتییانـە لێـك بدرێتـەوە، پـاش شـیکردنەوەی سـەردەم و ژیانـی ناوهاتـوو لـە (زەرفەکـە)دا راسـتییەکمان بـۆ دەردەکەوێـت کـە خـودی نامەکـە بریتیـی بـووە لـە نامەیەکـی رێکخـراوەی حیزبـی ئـەم سـەردەمە.

هیـوادارم رۆژێـك لـە رۆژان، هـاوکارم کاك مەجیـد سـاڵح و برایانـی بنکـەی ژیـن لـە سـلێمانی، هەواڵـی دیتنـەوەی دەقـی نامەکـەم پێڕابگەیەنـن، بـەڵام تاکـو دەگەینـە ئـەو رۆژە، جـارێ لـە حاڵـی حـازردا دەسـت دەکەمـە خوێندنـەوەی رووپـەڕی (زەرفەکـە)، کـە بێگومـان هەنـدێ راسـتیمان نیشـان دەدات کـە بـەوە تیشـك دەخاتـە سـەر بارودۆخـی ژیانـی ئـەو دەمـەی کۆتایـی سـییەکان و سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی رابـوردووی حیزبـی هیـوا و پەیوەنـدی (عەونـی، دڵـدار، محەمـەدی میـرزا غەفـوور) بـەو حیزبـەوە دەخاتـەڕوو، ئەویـش بـە پشتبەسـتن بـەو زانیارییانـەی پێشـووتر بڵاوکراونەتـەوە و شـەنوکەو کـراون، کاراکتـەری نێـو ئـەم بابەتـە، کـە لـە رووپـەڕی (زەرف)ی نامەکـەدا سـەرچاوە دەگرێـت، بریتیـن لـەو

کەســـەیاتییانە:

- (ڕەفیق حیلمی و ئەرشیف و کتێبخانەکەی).

- (عەونیـــی شـــاعیر) خـــاوەن نامەکـــە کـــە لـــە کۆیـــەوە بـــۆ بەغـــدای نـــاردووە.

- (یونس ڕەئووف دڵدار) کە نامەکەی بۆ ڕەوانە کراوە.

- محەمـەدی میـرزا غەفـوور (دڵشـاد ڕەسـووڵی) کـە ئەڵقـەی پەیوەندیـی نێـوان (عەونـی و دڵـدار)ە.

- خوێندنەوەیەکـی بابەتیانـە لـە خوێندنـەوەی ڕووپـەڕی زەرفـی نامەکـە پـاش ئاگاداربـوون لـە جـۆری پەیوەنـدی (عەونـی و دڵـدار و محەمـەدی میـرزا غەفـور)، کـە بەنێوبانگـی (دڵشـاد ڕەسـووڵی) نـاسراوە.

یەکـــەم: ڕەفیـــق حیلمـــی و ئەرشـــیف و کتێبخانەکـــەی ١٨٩٨- ١٩٦٠ مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو ڕەفیـق حیلمـی کـوڕی محەمـەد سـاڵح ئەفەنـدی لـە بنەماڵەیەکـی نـاسراوی خێڵـی (بەختیاری)ییـە، باپیـرە گـەورەی نـاسراوە بـە (میـر نەجـەف قوڵـی خـان) سـەرۆکی خێڵـی بەختیـاری لـە ئێـران.

ڕەفیـق حیلمـی سـاڵی ١٨٩٨ لـە شـاری کەرکـوك لەدایکبـووە و لەبـەر ئـەوەی باوکـی لـە شـاری (کفـری) ئەفسـەر بـووە، ڕەفیـق حیلمـی خوێندنـی سـەرەتایی لـەو شـارەدا لـە سـاڵی ١٩٠٩ تـەواو کـردووە. پـاش تەواوکردنـی قۆناغـی سـەرەتاییش دەگەڕێتـەوە کەرکـوك و لـە یەکێـك لـە مزگەوتەکانـی ئـەو شـارە (کەرکـووك) دەخوێنێـت، خوێندنـی لـە مزگـەوت زۆری نەخایانـدووە، چونکـە خێزانەکـەی گەڕانـەوە سلێمانی، پاشـان دەچێتـە

ئامادەیـی سـەربازی (الاعدادیـە العکسریـە) لـە بەغـدا، ئەوجـا خوێندنـی زانکـۆ لـە (ئیسـتانبوڵ) کـە تارادەیەکـی زۆر بـووە هـۆکاری فراوانبوونـی ئاسـۆی بیرکردنـەوە و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی رۆشـنبیری و ئەدەبـی، سـەرەڕای فێربوونـی چەنـد زمانێکـی بێگانـە، ژیانـی سیاسـی رەفیـق حیلمـی بـە دوو قۆناغـی جیـاوازی بـاڵادا تێدەپەڕێـت.

لـە قۆناغـی یەکەمـدا (١٩١٤-١٩٣٧) سـەرەتای تێکەڵاوبوونێتـی بـەکاری سیاسـی لـە (کۆمەڵـی هێڤـی)دا، کـە تـا رادەیەکـی زۆر کاردانـەوەی لەسـەر بیـری نەتەوایەتیـدا هەبـوو.

قۆناغـی دووەم، بـە کۆتاهاتنـی شـەڕی یەکەمـی جیهانـی و گەڕانـەوەی بـۆ عێـراق، کـە لـەو کاتـەدا بزووتنـەوەی سیاسـی لـە کوردسـتان کـە خـۆی لـە راپەڕینـی (شـێخ مەحمـوودی حەفیـد) لـە گۆڕەپانـە سیاسـییەکەدا بـوو، وای لــە رەفیـق حیلمـی کـرد کـە سـەرەڕای پاشـخانە رۆشـنبیری و بیـری نەتەوایەتـی، لـە شـێخ مەحمـوود نزیـك ببێتـەوە و بـاوەڕی تـەواو بـە رۆڵـی ئـەو سـەرکردە نەمـرە بهێنێـت و لـە سـەرچاوەی بڕیـار نزیـك ببێتـەوە و ئەرکـی سیاسـی پـێ بسـپێردرێت.

لەنێـوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٥) لـە ژیانـی سیاسـی رەفیـق حیلمـی کـە بـە قۆناغێکـی هەسـتیار دادەندرێـت، تێیـدا سـەرۆکایەتیی حزبـی (هیـوا)ی پێسـپێردراوە و بـووە بـە سـەرۆکی بـاڵای.

هیـوا، رۆڵێکـی یەکجـار دیـار و گـەورەی لـە بزاڤـی رزگاری گەلـی کوردسـتاندا گێـڕا، چ لـە رووی بڵاوکردنـەوەی بیـری نەتەوەیـی و پشـتگیری

کارامـەی لـە (شۆڕشـی بـارزان)ی دووەم، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، رەفیـق حیلمـی لایەنێکـی ئـەو ناکۆکییـە بـوو، کـە لەنێـو (هیـوا)دا سـەریهەڵدا و بـۆ هـۆکاری هەڵوەشـانەوەی هیـوا.

رەفیـق حیلمـی، پـاش هەڵوەشـانەوەی هیـوا، بـەرە بـەرە لـە سیاسـەت دوورکەوتووەتـەوە و بەهـۆی ئـەو نیگەرانییـەی لـە ئاکامـی هەڵوەشـانەوەی حیزبـی (هیـوا)وە لای دروسـت بووبـوو، پـاش دوورکەوتنـەوەی لـە بزوتنـەوەی سیاسـی، تەنیـا بـۆ دووجـار نەبێـت، کـە یەکەمیـان خۆپاڵاوتنـی بـۆ پەرلەمانـی عێـراق لـە سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٥٤، دووەم جاریـش بەشـداری لـە هەوڵـی دامەزراندنـی حیزبـی کۆمـاری (الحـزب الجمهـوری) دا کـرد لـە سـاڵی ١٩٦٠ لەگـەڵ کۆمەڵێـك لـە کەسـایەتییە سیاسـییەکانی عێـراق.

خواڵێخۆشـبوو لـە تەمەنـی ٦٢ سـاڵیدا و لـە رۆژی ١٩٦٠/٨/٤ کۆچـی دوایـی کـرد، تەرمەکـەی لـە (گـردی سـەیوان)ی شـاری سـلێمانی نێـژراوە.

سـەرچاوە: زانیارییـەکان دەربـارەی مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی لـە (کتێبـی رەفیـق حیلمـی- شـاخەوان عەبدوڵـڵا سـابیر- اصـدارات بنکـەی ژیـن- السـلیمانیە ٢٠٠٧).

مەبەسـتی سـەرەکیم لـە باسـکردنی ژیانـی مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی لـەو بابەتـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو هـۆکار، ئەوانیـش:

سـەرۆکایەتی مامۆسـتا رەفیـق حیلمـی لـە حیزبـی هیـوادا، ئـەو حیزبـەی کـە توانـی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٩-١٩٤٤دا ببێتـە حیزبـی

یەکەمی نەتەوەیی لە کوردستان و هەزاران ئەندامیش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە مەدەنی و سەربازییەوە لەخۆی کۆبکاتەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، ناوی هەندێك لە ئەندامانی ئەو حیزبە لە شاری کۆیە بڵاو بکەمەوە، کە تێیدا کەسایەتی دووەمی ئەو حیزبە خوالێخۆشبوو (یونس رەئووف دڵدار)ە، هەر لە سەرەتاوە یەکێکە لە کارەکتەری (ئەو نامەیەی کە بەرگەکەیمان) بڵاوکردووەتەوە، جێگەی سەرەکی ئەم بابەتە.)

ئەندامانی حیزبی هیوا لە کتێبی (حزبی (هیوا)یە لە لیوای هەولێر) لە ئامادەکردنی پارێزەر، تاریق جامباز لە لاپەڕە (٦٨)دا داهاتووە.

ئەمەیش ناوی هەندێ لە ئەندامانی حزبی هیوایە لە کۆیە:

١- یونس رەئووف (دڵدار)

٢- ئەحمەد دڵزار

٣- عوسمان عەونی

٤- محمەد تۆفیق وەردی

٥- عومەر عەبدوڵڵا ئەمین

٦- ئەحمەد حەمە مەلا

٧- نامیق عەبدوڵڵا حەوێزی

٨- تۆفیق قەندیل

٩- عەلی عەبدوڵڵا

١٠- عومەر مستەفا (دەبابە)

١١- محەمەد حەوێز (حەمەڕەش)

١٢- تاهیر ئەحمەد حەوێزی

١٣- محەمەد نافع عەبدولفەتاح ئاغای حەوێزی

١٤- عیزەت تاهیر

١٥- عوسمان حەسەن

١٦- حەمیدساڵح

١٧- ئیسماعیل سەعید

١٨- عەبدولسەمەد حاجی تەها

١٩- کامیل جەمیل

٢٠- عەبدولڕەحمان مەلا سادق

٢١- بەکر ئیسماعیل

٢٢- کەریم تۆفیق

٢٣- غەریب مستەفا

٢٤- سابیر ئیسماعیل

٢٥- عوسمان عەبدوڵڵا

بەڵام نووسەری ئەم بابەتە، لای ئاشکرایە کە لە شاری کۆیە بە دەیان ئەندامی کارای حزبی (هیوا) سەرەڕای ئەو ناوانەی لەو سەرچاوەی پێشوودا هاتوون، لە کۆیە شێلگیرانە لەناو (هیوا)دا ئەرکە نەتەوایەتییەکەیان بەوپەڕی دڵسۆزی و کارامەیی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوە جێی داخە، تاکو ئێستا بە تەواوی لە هەموو لایەکەوە مێژووی

تــەواوی ئــەو حیزبــە، کــە لــە هەمــوو شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتاندا ئەنــدام و لایەنگیــری هەبــووە، نەنووسراوەتــەوە.

مامۆســتا رەفیــق حیلمــی، کتێبخانــە و ئەرشــیفێکی دەوڵەمەنــدی هەبــووە، وەك هــاوکارم نووســەر و رۆژنامەنــووس کاك مەجیــد ســاڵح باســی لێــوە دەکات، تێیــدا هــەر لــە رێگــەی کاك مەجیــد ســاڵحەوە ســێ شــیعری عەونــی لەگــەڵ ئــەو (زەرف)ی کاغــەزەی عەونــی کــە بــۆ یونــس رەئــووف (دڵــدار)ی نــاردووە و لــە رێگــەی (محەمــەدی میــرزا غەفــوور)ەوە، نــاسراو بــە (دڵشــاد رەســووڵی).

پاکەتــی نامەکــە (زەرفــی کاغەزەکــە) پەیوەنــدی بــە ســێ کەســایەتییەوە هەیــە، ئەوانیــش بریتیــن لــە:

١- نێنەری نامە (عوسمان عەونی) لە کۆیە.

٢- بۆ نێردراو (ئەوەی نامەکەی بۆچووە) یونس رەئووف (دڵدار).

٣- یارمەتیــدەری گەیاندنــی نامەکــە لــە (عەونی)یــەوە بــۆ (دڵــدار) محەمەمــەدی میــرزا غەفــوور (دڵشــاد رەســووڵی)یە. ئاشــکرایە نامەکــە لــە کۆیــەوە نێــردراوە بــۆ بەغــدا کــە ئــەوکات دڵشــاد لــە بەغــدا لــە خانــەی مامۆســتایان قوتابــی بــووە.

ســەرەتا دێمــە ســەر کەســایەتی (یارمەتیــدەر)، ئەویــش خوالێخۆشــبوو (محەمــەدی میــرزا غەفــوور)ە، ناوبانگــی بــە (دڵشــاد رەســووڵی) دەرکــردووە. خانــەوادەی (دڵشــاد رەســووڵی) لــە ســەردەمی باوکــی کــە نــاسراوە بــە (میــرزا غەفــووری توتنچــی) لــە ســاڵانی کۆتایــی دەیەکانــی ســەدەی رابــردووەوە

لـە (مەهابـاد)ی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـۆ کەسـابەت هاتوونەتـە کۆیـە و هەمیشـە لەنێـوان باشـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە کاری بازرگانییـەوە سـەرقاڵ بوونـە، (نووسـەر : دایکـم "زەکیـە مـەلا رەئـووف مـەلا رەسـووڵی بیتووشـی" کـە لـە کۆتایـی سـییەکانی سـەدەی رابـوردوودا هاوسـەرگیری لەگـەڵ (عەونـی)ی باوکمـدا کـردووە و ماڵـی باوکـم لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی لـە نزیـك مزگەوتـی (پەلـك)ی بـووە، زۆر جـار گوێبیسـتی ئـەوە دەبـووم، باسـی ماڵـی (میـرزا غەفـووری)ی دەکـرد، کـە ماڵیـان بەرانبـەر ماڵـی باوکـم بـووە، لـە خانەوادەکەیـان هەمیشـە باسـی (خاتـوو بەسـێ)ی دایکیانـی دەکـرد، بـەوەی ژنێکـی رێـزدار و کابانـی ماڵـەوە بـووە و زۆرجاریـش وەکـو دایکـم دەیگێڕایـەوە (یـا بەسـێ) خواردنـی پـڵاوی لەسـەر شـێوازی رۆژهەڵاتییانـە بـۆ دەهێنایـن کـە (هەنـدێ رۆنـە کـەرە)ی لەسـەر پـڵاو و برنجەکـە دادەنـا، ئـەوە لای ئێمـە لـە کۆیـەدا شـتێکی (غەریب)بـوو، لـە هەمانکاتیشـدا باسـی محەمـەدی کوڕیانـی دەکـرد کـە ئەوکاتـە گەنـج بـوو، تەمەنـی لـە نێـوان (٢٠-٢٥) سـاڵان بـووە، دیسـان وەکـو دایکـم دەیگـوت: محەمـەد، یانـی دڵشـاد رەسـووڵی زوو زوو دەهاتـە ماڵـی ئێمـە و لەگـەڵ باوکتانـدا (عەونـی) لـە ژووری سـەرەوە (سـەعات دوو سـەعات) پێکـەوە دادەنیشـتن، زۆرجـار دەمدیـت کـە دەهاتـە خـوارەوە کتێبێکـی بەدەسـتەوە بـوو، محەمـەد لاوێکـی کەڵەگەتـی رووخـۆش و پاکوخاوێـن بـوو، نـاوە نـاوە محەمـەد بـزر دەبـوو، کـە لـە (یـا بەسـێ)ی دایکیـم دەپرسـی (محەمـەد) دیـار نییـە؟ دەیگـوت: (بـە قوربـان مەشـغولی کەسـابەتە، لێـرە و لـەوێ.)



راوەستاو لە لای چەپ کەسی چوارەم محەمەدی میرزا غەفوور (دڵشاد رەسووڵی)یە.

محەمـەدی میـرزا غەفـوور (دڵشـاد رەسـووڵی) بەپێـی (دەفتـەر نفـووس) ەکـەی کـە لـە دائیـرەی نفووسـی کۆیـە دەرچـووە، بـەو شـێوەیەی خـوارەوە خانـەی لاپـەڕەی زانیارییەکانـی نـووسراوە (فۆتۆکۆپـی ناسـنامەکەی لەلایـەن کاك ئـازاد کـوڕی محەمـەدی میـرزا غەفـوور (دڵشـاد رەسـووڵی) لـە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٤ بـۆ خـۆی لـە قەڵادزێـوە بـۆ هەولێـر بـۆی هێنـاوم. نووسـەر).

٦٨٩ ص ٥٩

جلد ٩

الاسم و الشهرة: محمد

محـــل و تأريـــخ الوالـــده: ١٩١٩ كويســـنجق/ الـــف و تســـعمأة و تســـعه عـــشر

اسم الاب و الجد: غفور بن رسول

اسم الام والجد: بسى بن عبدالله

الديانه: مسلم

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| اللواء: | القضاء: | الناحية: | المحلة او القرية: | رقم السكن |
| اربيل | كويسنجق | مركز | بايزاغا | ١٨٧/٥٥ |

اسم الموظف

فاتح محمد البرزنجي

١٢/٧/ ١٩ (ساڵەکەی دیـار نییـە- نووسـەر) (محەمـەدی میـرزا غەفـوور- دڵشـاد رەسـووڵی) خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە کۆیـە تـەواو کـردووە و لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣٧ چووەتـە بەغـدا و لـە (دارالمعلميـن) وەرگیـراوە، پـاش دوو سـاڵی خوێنـدن بـە مامۆسـتای سـەرەتایی دەردەچێـت، یەکـەم دامەزراندنیشـی لـە شـارۆچکەی (خورمـاڵ) دەبێـت و زوو زوو دەگەڕایـەوە کۆیـە، چونکـە ماڵـی باوکـی (میـرزا غەفـوور) لـە کۆیـە و لـە هەمـان گەڕەکـی بەفریقەنـدی دادەنیشـتن، وەکـو کاك ئـازادی کـوڕی (دڵشـاد رەسـووڵی) کاتـی رۆژی یەکشـەممە رێککەوتـی ٢٠٢٠/١٢/١٣ باسـی مێـژووی بنەماڵـە و بـاوك و باپیـر و دایکـی بـۆ دەکـردم، کـە تێیـدا باسـی گەڕانـەوەی خانەوادەکـەی بـۆ (مەهابـاد) کـرد و گوتـی: (میـرزا عەلـی رەسـووڵی) کـە

بـرای میـرزا غەفـوور و مامـی دڵشـاد بـوو، کـە لـە مەهابـادەوە هاتـووە کۆیـە و قەناعەتـی پێهێنـاون بگەڕێنـەوە مەهابـاد، ئەوەبـوو لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤١ گەڕانـەوە مەهابـاد.

دڵشـــاد رەســـووڵی لـــە کۆیـــە بـــە هـــۆکاری بارودۆخـــی سیاســـی و پەرەســـەندنی بیـری کوردایەتـی و تێکـەڵاوی لەگـەڵ لاوان و رۆشـنبیرانی کۆیـەدا و نزیکـی لـە (عەونـی و دڵـدار)، لـە گەڕەکـی بەفریقەنـدی دەچێتـە ریـزی ئـەو کۆمەڵـەی کـە بـە نـاوی (دارکـەر)ەوە دروسـتکرابوو، لەلایـەن (دڵـدار)ی شـاعیر و هاوبیرانـی پاشـانیش هـەر زوو دەچێتـە ریـزی (حیزبـی هیـوا) و دەبێتـە هاوڕێـی گیانـی بـە گیانـی کوردپـەروەران و جێـی متمانەیـان، کاتێـك دڵشـاد بـەو هەمـوو پاشـخانەی دەگەڕێتـەوە مەهابـاد، ئاشکراشـە بارودۆخـی مەهابـاد لـەو سـەردەمەدا بەهـۆی جموجۆڵـی کۆمەڵـەی (ژ.ك- ژیانـەوەی کـورد) تـا رادەیـەك زەمینـەی جووڵانـەوەی کوردایەتـی لـە (تیـن و گـوڕ) دابـوو، بۆیـە هـەر زوو (دڵشـاد) دەچێتـە ریـزی (ژ.ك).

(ژ.ك) ســاڵی ١٩٤٢ بــە نهێنــی دامــەزراوە و یەکــەم کۆبوونەوەشــیان کـە بـرای نووسـەر (حامیـد گەوهـەری) کـە وەکـو ئـەو دەڵـێ بـە وتـەی (عەبدولڕەحـمان زبیحـی) لـە باخـی (میکائیلـی) لـە مەهابـاد کـردووە و لـەو رۆژەدا بڕیاریـان داوە (کۆمەڵـەی ژ.ك) دابمەزرێنـن، لێـرەدا رۆڵ و ئەندامیەتـی (دڵشـاد رەسـووڵی) نووسـەری کتێبـی (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان)، کـە ئەویـش کاك (حامیـد گەوهەر)یـە، دەڵـێ: عەبدولڕەحـمان زەبیحـی، بەڕێوەبـەری بەشـی راگەیاندنـی (ژ.ك) لـە ١٩٤٤/١٢/٢٣ لـە نامەیەکـدا

کـە بـۆ (حەسـەنۆف)ی سەرکونسـوڵی یەکێتیـی سـۆڤیەتی لـە (تەورێـز) نـاردووە، نـاوی بیسـت و دوو ئەندامـی هەڵسـوڕاو بـە بیروبـاوەڕی (ژ.ك) نـاردووە، لـە ریزبەنـدی ناوەکانـدا (محەمـەد دڵشـاد) شەشـەم کـەس نـاوی هاتـووە، بـەم شـێوەیە (٦- محەمـەد دڵشـاد- مەهابـاد. گەنـج).

لـە بەشـێکی دیکـەی کتێبەکـەی (گەوهـەری)دا داهاتـووە: (کۆمەڵـەی ژیانـەوەی کوردسـتان بـۆ پەرەپێـدان و پتەوکردنـی پێوەندییەکانـی خـۆی بـە یەکێتیـی سـۆڤیەت و راکێشـانی هەرچـی زیاتـری رای ئـەو دەوڵەتـە بـۆ لای چارەسـەرکردنی کێشـە بنچینەییەکانـی نەتـەوەی کـورد، داوای دامەزراندنـی (کۆمەڵـەی پەیوەندییەکانـی فەرهەنگـی کـورد و سـۆڤیەت لـە مەهابـاد) کـردووە، ئـەم داواکارییـەی کۆمەڵـە و یەکەمجـار لـە دیـداری بەشـێك لـە نوێنەرانـی کۆمەڵـەی ئاراسـتەی (مانۆیـف) کونسـوڵی سـۆڤیەت لـە ١١ی ئـازاری سـاڵی ١٩٤٥ لـە ماڵـی (محەمەدەمینـی شـەڕەفی) لـە مەهابـاد خراوەتـەڕوو، لـە لایـەن حـەوت ئەندامـی کۆمەڵەکـە (میـرزا محەمـەد – دڵشـاد رەسـووڵی) لـە پێنجەمیـن کـەس نـاوی هاتـووە.

(دڵشـاد رەسـووڵی) سـەرەڕای کارە سیاسـییەکەی وەکـو نووسـەر حامیـد گەوهـەری دەڵـێ: لـە شـانۆگەری (دایکـی نیشـتمان)دا کـە لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٥ لەلایـەن رێکخـراوی (لاوانـی کۆمەڵـە)ەوە لـە (مەهابـاد، نەغـەدە، شـنۆ) شـانۆگەری دایکـی نیشـتمان، لـە مەهابـاد پێشـکەش دەکرێـت کـە کارێکـی کردووەتـە سـەر مێشـکی جەمـاوەر بـە تایبەتـی ژنـان و لاوانـی کـوردی ناوچـەی موکریـان، ئەکتەرەکانـی ئـەم شـانۆگەرییە لـە شـازدە

کـەس پێکهاتبـوون کـە (محەمـەد "دڵشـاد رەسـووڵی") لـە سـێزدەهەمین نـاودا بـەم جـۆرە نـاوی هاتـووە (محەمـەد "دڵشـاد رەسـوڵی") تەرحـی جلوبەرگـی ئەکتەرەکانـی شـانۆگەری (دایکـی نیشـتمان)ی دارشـتووە.

دیسـان وەکـو کاك ئـازادی کـوڕی خوالێخۆشـبوو "دڵشـاد رەسـووڵی" بـۆی بـاس کـردم پـاش نکۆڵـی سـۆڤیەت لـە داکۆکـی لـە کۆمـاری کوردسـتان و تراژیدیـای رووخانـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد، لـەو سـەروبەندەدا پێـش هاتنـی ئەرتەشـی ئێـران بـە جووتـە (دڵشـاد رەسـووڵی و عەبدولڕەحـمان زەبیحـی) دەچنـە خزمـەت قـازی محەمـەد و داوای لـێ دەکـەن مەهابـاد بەجێبهێڵـێ و لەگەڵیانـدا بچێتـە دەرەوە.

دڵشـاد رەسـووڵی پـاش رووخانـی کۆمـار رووی لـە بنـاری قەندیـل دەکات و دەچێتـە ماڵـە خاڵوانـی لـە گونـدی (مـارەدوو) و مـاوەی دوو سـاڵ لـەو گونـدە دەمێنێتـەوە و پاشـان دەچێتـەوە لای (سـەلیم)ی حاجـی ئاغـای لـە گونـدی (گەرمـکان) و دەبێتـە مامۆسـتای کوڕەکانـی و نووسـەری سـەلیم ئاغـا، تاکـو سـاڵی ١٩٥٣ بەهـۆی لێبوردنـی حکوومـەت (عەفـوو) دەکرێـت و سـاڵی ١٩٥٠ لـە هەمـان گونـدی (گەرمـکان) هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتـوو (بەسـێ مەحمـوود حەمـە سـوور) دەکات و لەنێـوان سـاڵانی هاوسـەرگیریدا پێنـج کـوڕ و کچێکـی دەبێـت بـە ناوەکانـی:

١- مـام رەسـووڵ سـاڵی ١٩٧٧ لەلایـەن حکوومەتـی بەعسـەوە گیـراو سـاڵی ١٩٧٨ لـە مووسـڵ لـە سـێدارە درا.

٢- حەسەن لە ١٩٧٤/٤/٢٤ لە بۆردوومانی شاری قەڵادزێ شەهید بوو.

٣- حوسێن لە ژیانە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیان بەسەر دەبات.
٤- نەوزاد لە (سلێمانی)یە.
٥- ئازاد لە (قەڵادزێ)یە.
٦- بەهار لە (سلێمانی)یە.

لــە بەرگــی یازدەیــەم (ژیاننامــە و پێرســت)ی گۆڤــاری گەلاوێــژ لــە ئامادەکردنــی (ســدیق ســاڵح، ڕەفیــق ســاڵح، عەبدوڵــڵا زەنگەنــە، ســاڵی چــاپ ٢٠١٦) (بنکــەی ژیــن) لــە لاپــەڕە (٢٩٢)دا هاتــووە: (محەمــەد عەبدولغەفــور "دڵشــاد") ئــەوە دڵشــاد ڕەســووڵییە، بــە ئەســڵ خەڵکــی مەهابــادە و لــە شــاری کۆیــە گــەورە بــووە و خوێندوویەتــی، خانــەی مامۆســتایانی تــەواو کــردووە و چووەتــەوە بــۆ ئەودیــو، تێکەڵــی کاری سیاســی بــووە و بووەتــە ئەندامــی کۆمەڵــەی (ژ.ك) لــە دەورانــی حکوومەتــی میللیــی کوردســتاندا لــە مەهابــاد موعاوینــی وەزارەتــی فەرهەنــگ بــووە، پــاش ڕووخانــی حکوومەتەکــەش، هاتووەتــە ناوچــەی پشــدەر و ســاڵی ١٩٥٤ بووەتــە میــرزای بەردەســتی (ســەلیم ئاغــا)ی (گەرمــکان). ســەردەمی شۆڕشــی ئەیلــوول لــە ١٩٦٧/٣/٢١ لــە هەلومەرجێکــی نادیــاری نائاســاییدا کــوژراوە.

دڵشــادی ڕەســووڵی پەخشاننووســێکی بەهرەمەنــد بــووە، نووســینی لــە (گەلاوێــژ و دەنگــی گێتــی تــازە، کوردســتاندا بڵاوکراوەتــەوە).

کرۆکــی بابەتەکــە لێــرەدا ئــەو پاشــخانەی خوالێخۆشــبوو (دڵشــاد ڕەســووڵی) لــە کۆیــە تاکــو کۆتایــی ســاڵی ١٩٤٠یــش کــە تێیــدا هــەر لــە کۆیــە لــە ســاڵی ١٩١٩ لەدایکبــووە، هــەر لــە کۆیــەش خوێندنــی ســەرەتایی

و ناوەنـدی تـەواو کـردووە و بووەتـە مامۆسـتا، پـاش دوو سـاڵ خوێنـدن لـە بەغـدا، دیسـان هـەر لـە کۆیـە خـۆی رۆشـنبیر کـردووە و دەسـتی داوەتـە نووسـین و لــە گۆڤــاری (گەلاوێــژ و دەنگــی گێتــی تــازە)دا پەخشــانی بڵاوکردووەتـەوە. لـە هەمانکاتیشـدا هـەر لـە کۆیـە تێکـەڵاوی بزووتنـەوەی کوردایەتـی بـووە، لـە سـەرەتادا لـە (دارکـەر) و پاشـان لـە حیزبـی (هیـوا) بووەتــە ئەنــدام، بۆیــە زۆر ئاســاییە ببێتــە جێگــەی متمانــەی عەونــی و دڵــدار کــە ســەرەڕای ئەندامیەتــی هەرســێکیان لــە (دارکــەر و هیــوا) دانیشـتووی یـەك گـەڕەك (بەفریقەنـدی) و جیرانیـش بوونـە، بۆیـە کاتێـك عەونـی ئـەم نامەیـە لـە کۆیـەوە بـۆ دڵـدار دەنێرێـت لـە ساڵی ١٩٤٠ کـە خوالێخۆشـبوو دڵـدار لـە پۆلـی یەکەمـی کۆلیـژی یاسا بـووە، ئاشکراشـە کــە دڵــدار ســکرتێر یاخــود پــاش ســەرۆکی بــاڵای (هیــوا) خوالێخۆشــبوو مامۆســتا (رەفیــق حیلمــی) کەســایەتی دووەمــی (هیــوا) بــووە، ئەوجــا چونکـە (دڵشـاد رەسـووڵی) جێگـەی متمانـە بـووە، بۆیـە (عەونـی) نامەکـە بـە ئـەو دەنێرێـت کـە (حـالا) بیگەیەنێتـە دڵـدار، لێـرەدا بـە دەردەکـەوێ کـە نامەکـەی عەونـی وشـەی (حـالا)ی لـێ نـووسراوە، بێگومـان پەیوەنـدی بـەکاری حیزبـی (هیـوا)وە هەبـووە، چونکـە نێوانـی عەونـی و دڵـدار تەنیـا سیاسـەت و کوردایەتـی بـووە، بـە حوکمـی ئـەوەی دڵـدار لـە بەغـدا نزیکـی مامۆسـتا (رەفیـق حیلمـی) بـووە و لـە بنەڕەتیشـدا (زەرف) یاخـود پاکێتـی نامەکــە لــە نێــو (کتێبخانــە و ئەرشــیف)ی مامۆســتا رەفیــق حیلمــی دا دۆزراوەتـەوە، ئـەوە نیشـان دەدا ئـەو نامەیـە بەهـۆی (دڵشـاد رەسـووڵی)ی

گەیشـتووەتە دەسـتی دڵـدار و پـاش دەیـان سـاڵ لـە کتێبخانـە و ئەرشـیفی ماموسـتا (رەفیـق حیلمـی)دا دۆزراوەتـەوە، هیـچ گومانـی تێـدا نییـە خـودی نامەکـە بـۆ کاری (حیزبـی هیـوا) بـووە، هیـوادارم رۆژێـك لـە رۆژان بەهـۆی کاك (مەجیـد سـاڵح)ەوە یاخـود لـە رێگـەی برایانـی بنکـەی ژیـن لـە سـلێمانی ئـەو نامەیـەم دەسـت بکەوێـت، چونکـە زۆر جـار نامەیـەك یاخـود (پەرەگرافێـك) لـە نووسـینێکدا بابەتێـك دەوروژێنـێ، کـە بێگومـان خزمەتـی مێـژوو و مێژوونووسـان دەکات.

دەربـارەی کەسـایەتی (عەونـی و دڵـدار) کـە یەکەمیـان عەونـی، سـاڵی ١٩٤٠ لـە کۆیـە ئـەو نامەیـەی بـۆ (دڵـدار) نـاردووە، کاتێـك لـە پۆلـی یەکەمـی کۆلیـژی یاسـا بـووە لـە بەغـدا، مـن لێـرەدا دووبـارە و سـێبارەی ئـەو زانیارییانـەی ناکەمـەوە دەربـارەی پەیوەنـدی دڵـدار بـە (عەونی)یـەوە، چونکـە وەکـو ئاشـکرایە ئەگـەر بێتـوو تەماشـای نێوەڕۆکـی (دیوانـی دڵـدار) بکەیـت، دەبینـی دوو شـیعری هاوبەشـی دڵـدار و عەونـی بەنێوەکانـی (دڵ) کـە لـە دوا دێـڕی شـیعرەکەدا هاتـووە:

**ئارەزووی ئـەم شیعرە (دڵـدار) تـۆ لـە (عەونی) بـۆ دەکەی**

**چونکــە ئــەم غەمبــارە دایــم بــۆ وەتــەن مەجبوورتــە**

شیعری دووەم بە نێوی (فەلەك) کە لەدوا دێڕی کۆتاییدا هاتووە:

**لەنێـو دنیـای ئەمـەل (عەونـی) بەعزمێـك و نەشـاگییە**

**دەسـا فـەرزە ئەتـوش (دڵـدار) دڵـی سسـتت بفەوتێنـی**

لـە بەرگـی دووەمـی (دیوانـی عەونی)یشـدا سـێیەمین شـیعری هاوبەشـی

(عەونـی و دڵـدار) بڵاوکراوەتـەوە، لـە ئەرشـیفی مامۆسـتای بەهەشـتی (گیـو موکریانـی) لـە رێگـەی خوشـکی بەڕێـز (د. کوردسـتان موکریانـی) لـە ٢٠١٧/٦/٢٦دا پێـمان گەیشـت، لەژێـر ناوونیشـانی (شـیوەن بـۆ بەکـر سـدقی) کـە دەتوانـم بڵێـم تاکـە هۆنراوەیـە کـە دوو شـاعیری کۆیـە هەسـتی بـەرزی نەتەوەییـان وروژانـدووە لـە رێگـەی (شـیوەنێك) (مرثیـە) بـۆ سوپاسـالاری عێراقـی (بەکـر سـدقی) کـورد کـە لـە ١٩٣٧/٨/١٢ لـە مووسـڵ لەلایـەن رەگەزپەرسـتانی عـەرەب تیـرۆر کـرا، شـیعرەکە چـل و چـوار دێـڕە، سـەرەتا بـەم دوو دێـڕە دەسـتپێدەکات.

**فەلـەك ئەمـڕۆ لـە عالەمـدا ئەبینـم وەزعـی گـۆڕاوە**

**ئەڵـێ یـاران لـە خاکـی ئێمـەدا داخـۆ چ قەومـاوە**

لە دوا دێڕی کۆتایش داهاتووە

**کـە (عەونـی) سـاڵی تەئریخـی لە (دڵـدار) پرسـی وای فەرموو**

ب: بە ناکامی غروبی کرد لەنێوبەندی فەلەك ماوە

بەپێـی زانیـاری بەنـدە، کـەم دوو شـاعیر هـەن کە شـیعری هاوبـەش پێکەوە دابنێـن، ئەگـەر زۆر لـە یەکـتری نزیك نەبن، دیسـان لـە هەمان بەرگـی دووەمی دیوانـی (عەونـی)دا بـاس لـە مێـژوو و جۆری ئـەو پەیوەندییـە کراوە، سـەرەڕای یاداشـتەکانی (دڵـدار) کـە لـە هـەردوو چاپـی (دیوانـی دڵـدار)دا، چاپـی یەکـەم ١٩٨٥ و چاپـی دووەم ٢٠١٩ کـە مامۆسـتا (عەبدولخالـق عەلائەدیـن) ئامادەیـی کـردووە، تێیـدا باسـی لـە کاریگـەری شـیعرەکانی (عەونـی) دەکات لەسـەر خـودی دڵـدار، سـەرەڕای ئـەو زانیارییانـەی کـە تاکـو ئێسـتا بڵاوکراونەتـەوە، لـە

هەندێك گۆڤار وناميلكەدا باس لەو گرووپە دەكرێ كە عەونی و دڵدار و چەند هاوڕێيەكی ديكەيان وەكو خوالێخۆشبووان: (ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵڵا ئەمين و شێخ ئەنوەر و عەبدولكەريمی سەيد ئەحمەد)، بەڵام لێرەدا بە پێويستی دەزانم زياتر بچمە نێو باسی پەيوەندی نێوان هەردوو خانەوادەی (عەونی و دڵدار)، جارێ لە پێشەوە دەگەڕێمەوە بۆ (لاپەڕە ٣١ی بەرگی دووەمی -ديوانی عەونی)، تێيدا هاتووە:

پەيوەندی نێوان هەردوو شاعير (عەونی و دڵدار) دەگەڕێتەوە بۆ پەيوەندی نێوان (ئاسەف)ی برا گەورەی (دڵدار)، كە رۆڵی باوكايەتيش دەبينێ لەگەڵ (عەونی)دا بەپێی ئەوەی جيرانی زۆر نزيكی يەكتر بوون، پەيوەندييەكە زۆر بەهێز و بەردەوام بووە، (عەونی) زۆرجار كە باسی (ئاسەف)ی دەكرد و دەيگوت (پياوێكی رۆشنبير و ئاگادار و سەردەميانە دەژيا و لەماڵەكەياندا خاوەنی كتێبخانەی خۆی بوو، هاتوچۆی نێوانمان زۆر گەرموگوڕ بوو، زۆر زوو سەردانی يەكترمان دەكرد، بە مانای وشە كورد بوو، زۆريش رقی لە ئينگليز بوو، هەميشە بە (مەلعون)ی پێناسە دەكرد، سەرچاوەی ئيلهامی گيانی (روح)ی يونس (دڵدار) بوو، دڵدار لە ئێمە بچووكتر بوو، زۆر هێمن و ئاقڵ دەهاتە بەرچاو، پرسياری زۆری لێ دەكردم، بە تايبەتی رۆژانی شەڕی دووەمی جيهانی، حەزی لە ئەدەبيات و شيعر بوو، ناوە ناوەش شيعرەكانی خۆی نيشان دەدام، پاشان زياتر لێك نزيك بووينەوە، چەند شيعرێكی هاوبەشمان پێكەوە داناوە، بۆ زياتر ئاگاداربوون لە پەيوەندی نێوان

(عەونــی) لــە لایــەك و (ئاســەف و دڵــدار) لەلایەکــی دیکــەوە، تەماشــای ناوەڕۆکــی شــیعرەکەی (زەینــەب خــان کچــە کــورد) خوشــکی گەورەیــان بکــە کــە لــە دیوانەکــەی ســاڵی (٢٠١٨)دا لەژێــر نــاوی (دیوانــی زەینــەب خــان کچــە کــورد) بڵاوبووەتــەوە، تێیــدا لەژێــر نــاوی بــۆ (عوســمان عەونــی شــاعیر) کــە لــە ســاڵی ١٩٥٤ هۆنیویەتــەوە و دەڵــێ:

**لــە هــەر کوێیــەك بــێ لــە شــار و لــە دێ**

**بۆنـــی ئاســـەف و دڵـــداری لێـــدێ**

**عەونــی کوردپــەروەر شــاعیری بەهــۆش**

**(زەینــەب)ی خوشــکی نــاکا فەرامــۆش**

دەربــارەی ئــەم پەیوەندییــەی نێــوان عەونــی و دڵــدار و خانەوادەکانیــان لــە بەرگــی دووەمــی دیوانــی (عەونــی)دا باســی لێــوە کــراوە، کــە تیشــك دەخاتــە ســەر ئــەم پەیوەندییــە پــاك و بێگــەردە کــە هەوێنەکــەی بیــری کوردایەتــی و خۆشەویســتی کوردســتان بــووە.

گۆڤــاری (ڕامــان) بــە پێــز و ســەنگین لــە ژمــارە (٢٧٧-٢٧٨) ســاڵی ٢٤، (٥ی ١١-١٢)ی ٢٠٢٠ بابەتێکــی بــە پێــزی لەژێــر نــاوی (زەینــەب خــان کچــە کــورد لــە ویژدانــی چەنــد کەســایەتییەکدا-لە ئامادەکردنــی عەبدولڕەحــمان مەعــرووف) بڵاوکردووەتــەوە، لــە هەندێــك شــوێندا هەنــدێ لــەو کەسایەتییانە بــاس لــە پەیوەنــدی نێــوان (عەونــی) و ئــەو خانەوادەیــە دەکات، بێگومــان ئەویــش لــە (خەرمانــە)ی ئــەو پەیوەندییــە توندوتۆڵــەدا گەورەتــر دەکات.

دکتــۆر ئەحمــەد عەزیــز شــوان دەڵــێ: بەهــۆی وەزیفــەی باوکــمان،

ماڵــمان لــە کۆیــە بــوو، مــن خــۆم ســاڵی ١٩٣٤ لــە شــاری کۆیــە لــە گەڕەکــی بەفریقەنــدی لەدایکبــووم، خوێندنــی ســەرەتایی و ناوەندیــم لــە کۆیــە و هەولێــر تــەواو کــردووە و بــۆ دواناوەندیــش ڕۆیشــتمە کەرکــووك و لــەوێ خوێندنــم تــەواو کــرد و بــۆ خوێندنــی کۆلیــژی پزیشــکیش لــە بەغــدا دەســتم بــە خوێنــدن کــرد و دواتــر بــۆ بەدەســتهێنانی بڕوانامــەی بــەرز لــە بەشــی نەشــتەرگەری ڕۆیشــتمە ئینگلتــەرا. باوکــم لــە کۆیــە مامۆســتا بــوو، لەگــەڵ ئــەو بەڕێزانــە مامۆســتایەتی کــردووە: (عەبدولرەحــمان شــەرەف، شــێخ نورەدیــن، مــەلا حەوێــزە ئەفەنــدی، عەبدولخالــق قوتــب، نەمــرووود ئەفەنــدی، ســاڵح قەفتــان، عەبدولڕەحــمان نوریجــان، شــەوقی ئەفەنــدی).

دکتــۆر ئەحمــەد عەزیــز شــوان بــەم شــێوەیە بــاس لــە پەیوەنــدی بنەماڵــەی عەونــی و مــەلا ڕەئووفــی باوکــی ئاســەف و دڵــدار دەکات و دەڵــێ: (پەیوەندییەکــی بەهێزیــان لەگــەڵ ماڵــی عوســمان عەونیــی شــاعیردا هەبــوو و هــەم هاوســێیش بــوون، زۆر بەســەریەکەوە دەچــوون، ئەمــن منــداڵ بــووم لەگــەڵ باوکــم دەچوومــە ماڵــی (مــەلا ڕەئــووف)، زوو زووش باوکــم دەیــبردم، بیرمــە جارێکیــان شــەکری قەندیــان نەمابــوو، زەهوەخانــی دایکــی ئاســەف، بــە منــی گــوت: بــڕۆ ماڵــی عوســمان واتــە عوســمان عەونــی، منیــش ڕۆیشــتم و دوو قەنــدی گەورەیــان دامــێ و هێنــام، زەهوەخــان خــۆی بــە شەکرشــکێن قەندێکــی ورد کــرد و چایــان پــێ خــواردەوە، خــۆ دراوســێی نزیکتریــان هەبــوو، نەیگــوت بــڕۆ ئــەوێ، کەچــی گوتــی: بــڕۆ ماڵــی عوســمان عەونــی).

مامۆســتا جەمیــل تەهــا ئەســعەد لەدایکبــووی ســاڵی ١٩٢٨ دەڵــێ: مــەلا

تەهـای باوکـم، زەمانـی خـۆی لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان لـە (سـابڵاغێ) هاتووەتـە کۆیـە و سـاڵی ١٩٥٠ لـە کۆیـە وەفاتـی کـرد، دوای وەفاتـی باوکـم لـە سـاڵی ١٩٥٤ ماڵـمان ڕۆیشـتە هەولێـر و هـەر ئەوکاتـەی ماڵـمان لـە کۆیـە بـوو، لـە بەغـدا حقووقـم تـەواو کـرد، باوکـی خوالێخۆشـبووم زوو زوو سـەردانی مزگەوتـی خادمولسـوججادە و دیوەخانـی مـەلا ڕەئووفـی خادمولسـوججادەی دەکـرد، لەبیرمـە بـە دەیـان جـار لـە خزمەتـی باوکـم چوومەتـە دیوەخانـی ماڵـی مـەلا ڕەئـووف فەنـدی، تەمەنـم پـازدە سـاڵان دەبـوو، ئەوکاتـەی لـە هەولێـر دەژیـام، زوو زوو سـەردانی ماڵـی زەینـەب خانـی کچـی مـەلا ڕەئووفـم دەکـرد، زۆر کەسـی (کۆیە)شـم دەدیـتن سـەردانی (زەینـەب خان)یـان دەکـرد، لـە هـەردوو بنەماڵـەی حەوێزیـان و غەفووریـان زۆر جـار ژن و پیاوەکانیانـم لـەوێ دەدیـتن، (جارێکیشـیان عوسـمان عەونیـی شـاعیرم لـەوێ دیـت، زۆر ڕێـزی گرتـم، چونکـە مـەلا تەهـای باوکـم و خۆشـمی بـاش دەناسـی، ئـەوەی سـەرەنجم دا، ئەوکاتـە وای پێدەچـوو لەگـەڵ سـەعید ئاغـای هاوسـەری (زەینـەب خان)یشـدا، زۆر تێکـەڵاو بـوو، قسـەی خـۆش و سـوعبەتیان دەکـرد، مـن وامزانـی خزمایەتییـان هەیـە، بـەڵام کاتێـك لـە فازیلـی کـوڕی (زەینـەب خـان)م پرسـی، گوتـی: نەخێـر خـزم نیـن، بـەڵام دایکـم و باوکـم زۆریـان خـۆش دەوێـت و زۆر ڕەفیقـی خاڵەکانـم (ئاسـەف و دڵـدار) بـووە.

بەخـت یاربـوو کاتـێ لـە سـەروبەندی تەواوبوونـی نەخشەسـازی ئـەم کتێبـە بویـن گۆڤـاری (کەکـۆن)ی ئازیـز لـە ژمـارەی ٦٥ی کـە لـە مانگـی

شـوباتی ئەمسـاڵ (٢٠٢١) دەرچـووە بابەتێکـی لـە لاپەڕەکانـی ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩ بڵاوکردۆتـەوە لـە ژێـر نـاوی (دیدارێکـی زێڕیـن و مێـژووی لەگـەڵ هونەرمەنـدی گـەل مامۆسـتا تاهیـر توفیـق) لـە ئامادەکردنـی نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس (تاهیـر کرمانـج) کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٥ و لـە ماڵەکـەی خـۆی لەگەڕەکـی (سـەیداوە) لـە هەولێـر ئەنجـام دراوە کـە لـە پەرەگرافێکـدا هونەرمەنـد تاهیـر توفیـق بـاس لـە پێوەنـدی پتـەوی نێـوان (ئاسـەف، دڵـدار، عەونـی) دەکات و لێـرەدا لـە بـەر گرنگـی بابەتەکـە دەقەکـەی وەکـوو خـۆی بڵاودەکەمـەوە کـە بریتیـە لـە پرسـیاری ئامـادەکار (تاهیـر کرمانـج) و وڵامـی هونەرمەنـد تاهیـر تۆفیـق.

پ – دوای ئـەوەی کـە لـە ئێزگـە و بەغـدا ناسرایـت و گەڕایـەوە بـۆ کۆیـە خەڵـك چـۆن پێشـوازیان لـێ کـردی؟

و- کاتـێ گەڕامـەوە سـێ کـەس کـە زۆر ڕەفیـق بـوون، ڕەفیقـی منیـش بـوون کـە ئـەو بەڕێزانـە بـوون (کاك ئاسـەفی مـەلا ڕەئـوف، دڵـداری شـاعیر، عەونـی شـاعیر). لـە ماڵـی کاك ئاسـەف دەعوەتیـان کـردم و زۆر دڵخۆشـی خۆیـان دەربـڕی و گوتیـان نازانـی کـە چەنـد بـە گۆرانییەکانـت دڵـمان خۆشـە، هەنـدێ نەسـیحەت و قسـەیان بـۆ کـردم.

پ- هیچت لە بیر نەماوە ئەو قسە و نەسیحەتانە؟

و- بەڵـێ، چـۆن لـە بیـرم نەمـاوە؟ باشـم لەبیـر مـاوە (ئاسـەف) بـە سـوعبەت و پێکەنیـن گوتـی: (هـەی هـەی

کوڕی تۆفیقە درێژی، بۆچی لە ئێزگە وەها ناوی خۆت مەعاریفی نەکرد بڵێی تاهیر کۆیی یان تاهیر توفیق کۆیی؟). عوسمان عەونی شاعیریش گوتی (قەت نەکەی بەعەزێ کەلیمەی کرچ و کاڵ هەیە بیکەی بە بەستە و گۆرانی دایم مەزون بڵێ، وە پشتگیریشت دەکەم بە شیعری باش).

پ- ئەی دڵداری شاعیر؟

و- بەڵێ وەڵا دڵدار پێی گوتم (پرسیارەکت لێ دەکەم ئایا جیاوازی هونەرمەند و چاوەش چییە؟) ئەمنیش جوابم داوە گوتم جەنابت شەخسێکی زانا و ماهیری تۆ پێم بڵێ. گوتی: (هونەرمەند و چاوەش هەردوك ئێنسانن، بەس هونەرمەند عیزەت نەفسی هەیە بەڵام چاوەش عیزەت نەفسی نییە، تۆ بیدایەتتە، جا دەبێ بزانی کامیان هەڵدەبژێ).

لەنێوان قسەکانی ئەو دوو زاتەدا دکتۆر ئەحمەد عەزیز شوان و مامۆستا جەمیل تەها ئەسعەد، بۆمان دەردەکەوێ کە (عەونی) نەك هەر لە کۆیە و لە ژیانی (ئاسەف و دڵدار)دا، بەڵکوو کاتێك زەینەب خانیش هاتووەتە هەولێر، لە ئاکامی هاوسەرگیری لەگەڵ سەعید ئاغا، عەونی هەمیشە و بە بەردەوامی ئەو پەیوەندییەی تازە و گەرمتر کردووەتەوە، هەر بۆیە (زەینەب خان) لە شیعرێکی کە لە ساڵی

١٩٥٤ هۆنیویەتییەوە لەژێر ناوی (بۆ عوسمان عەونی)ی شاعیر کە دەقەکەی لە دوا بەرگی ئەم کتێبە بڵاوکراوەتەوە لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

**لەهەر کوێیە بێ لە شار و لە دێ**
**بۆنی (ئاسەف و دڵداری) لێدێ.**

یاخود دەڵێ:

**عەونی کوردپەروەر شاعیری بەهۆش**
**زەینەبی خوشکی ناکا فەرامۆش**
**لە دوا دوو دێڕی کۆتاییشدا دەڵێ:**
**خوا بیپارێزی عەونی کوردپەروەر**
**شاعیر زانا و کوردی منەوەر**

کاتێك دەقی ئەم شیعرەی (زەینەب خان- کچە کورد) دەخوێنێتەوە، زیادەڕۆیی ناکەم، ئەگەر بڵێم (لووتکەی پەیوەندی کە سیمایەکەی "کوردایەتی، وەفا، دڵسۆزی، راستگۆیی، پەیوەندی رۆحی، بەردەوامبوون لە پەیوەندی دڵسۆزی بۆ یادی هەر دوو جوانەمەرگ (ئاسەف و دڵدار)، لەو شیعرەدا دەردەکەوێت کە زەینەب خان دەربارەی عەونیی شاعیری گوتووە، دەکرێ بۆ شیکردنەوەی ئەو دەیان لاپەڕەی لەسەر بنووسرێت. بۆیە کاتێك ساڵی ١٩٤٠ عەونی ئەو نامەیە بۆ (یونس رەئووف دڵدار) دەنووسێ کە ئەو لە بەغدا و (عەونی)یش لە کۆیە و دیتنەوەی (زەرف)ی نامەکە لە کتێبخانە و ئەرشیفی مامۆستای

خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی کە لەو سەردەمەدا ساڵی ١٩٤٠ مامۆستای ناوبراو سەرۆکی باڵای حزبی هیوا بووە، بێگومان زۆر جار نامەیەك یاخود (دێڕ)ێکی نامەیەك یاخود ناونیشانی (چیرۆك)ێك لە (هەناویاندا) ڕووداو یاخود چیرۆکێکی نادیار یاخود نەبیستراوی تێدایە.

خوێنەری هێژا:

ئەو هەشت بابەتەی کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دەیانبینی، زۆر لایەنی ونبوو لە ژیانی عەونیی شاعیردا دەخەنەڕوو کە ئەمەشیان (مشتێکە لە خەروارێك) و بێگومان ڕووداو و چیرۆك و پەیوەندی هەمەجۆری ڕۆژانی ژیانی ئەو مرۆڤەیە، کە بەداخەوە نەك وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، بەڵکوو بە زیندوویی و پاش (ئۆغەرکردنیش) غەدری لێکراوە.

دوا وتەش لێرەدا ئەم چوار دێڕە شیعرەیە کە (عەونی و دڵدار) لەژێر ناوی (فەلەك) بە هاوبەشی دایانناوە، دەڵێ:

**کە تالع ڕۆیی نیگبەت هات، تەبیعەت قاعیدەی وایە**
**لە چیمەن دا چەقەڵ هەڵسێ ئەبێ شێرێکی بشکێنێ**
**لە سایەی بەختی بەدبەختی زەمانە و هەرکەسێ کەس بێ**
**نەمامی داری ئومێدی بە سەد میحنەت ئەلەرزێنێ.**

فەرهاد عەونی

هەولێر/٢٠٢٠/١٢/٢٧

# ئاخاوتنێك
# بۆ شیعرە ونبووەکانی عەونی

فەرهاد عەونی

دیسـان ئاخێکـی دیکـە بـۆ شـیعرە ونبووەکانـی عەونـی و ئـارەزووی بـۆ بوونـی کـورد بـە دەوڵـەت، زۆرجـار لێـرەو لـەوێ، لـە بـەرگ و چاپـە جیاوازەکانـی عەونیـدا باسـم لـە چیرۆکـی لەدەسـتدان و فەوتانـی دیوانـە دەستنووسـەکەی (عەونـی)ی بـاوك کـردووە لـە سـاڵانی (١٩٦٣ و ١٩٧٤) و چ لـە پێشـەکی و بابەتـی هـەردوو بەرگـی دیوانـە چاپکراوەکانیـدا کـە لـە سـاڵانی ١٩٩٧ و ٢٠١١دا چـاپ کـراون.

سـەرەڕای بـارودۆخ و کەشـوهەوای سیاسـی لـە کوردسـتان و تێپەڕبوونـی سـاڵانی تەمـەن و سـەرقاڵی بـە ژیانـی هەمەلایەنـی خێـزان و سـەرەڕای میوانداریەتـی بوونـی لـە سـاڵانی چلەکانـەوە تاکـو ناوەنـدی شەسـتەکانی سـەدەی رابـوردوو لـە حەپسـخانەکانی دەوڵەتـی عێـراق، کـە بەشـێکی لـەو چیرۆکانـە لـە لاپەڕەکانـی ئـەم کتێبـەدا باسـیان لێـوە کـراوە. لـە هـەر هەموویـان هـۆکاری (ناکامیلـی) دیوانـە شـیعرییەکەی (عەونی)یـن. زۆرجـار (عەونـی)ی باوکیـش بـە تاسـەوە غەمـی لەدەسـتدانی زۆربـەی شـیعرە نیشـتمانی و غەزەلەکانـی دەخـوارد، بـەڵام دیسـان (ذاکـرەو) بـاری تەندروسـتی و بارودۆخـی کوردسـتانی سیاسـی کـە لـە پـاش نسـکۆی شۆڕشـی کوردسـتان لـە ١٩٧٥/٣/٦دا بەهـۆی خیانەتنامـەی (جەزائیـر)وە، کاریگـەری لەسـەر بـاری دەروونـی و وردەکارییەکانـی بـە تایبـەت لـە شـارێکی وەکـو کۆیـەدا لەسـەر خـودی بیـر و هەسـتی شـاعیردا هەبـووە، سـەرەڕای هەڵکشـانی تەمـەن، بـەڵام دیسـان پـاش کۆچـی دوایـی عەونـی لـە ١٩٩٢/٧/٢٠ بەهـۆی ئـەو بارودۆخـەی کـە لـە پـاش راپەڕینـی بەهـاری سـاڵی

١٩٩١دا لـە کوردسـتان دروسـت بـوو، توانیـمان بـە هەوڵـی خـۆم و برایانـم (وریـا، دلێـر، ساسـان) کـەوا هــەر زوو پاشـماوەی دیوانـە دەستنووسـەکەی بخەینــە بەردەســتی ماموّســتای نووســەر و ئەدیــب و خوالێخۆشــبوو (کەریـم شـارەزا)، بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتن و شـەنوکەوکردنی دیوانەکـە، ئەوەبـوو توانیـمان سـاڵی ١٩٩٧ چاپـی یەکەمـی بکەیـن، لـەو سـاڵەوە تاکـو ڕۆژانـی ئەمـڕۆش، ئێمـە بـەدوای سـێبەری شـیعرە ونبووەکانی(عەونـی) دا دەگەڕێیــن، بــە مەبەســتی دۆزینــەوەی شــیعرە بڵاونەکراوەکانــی، پــاش چاپـی یەکەمـی دیوانەکـە لـە سـاڵی ١٩٩٧ لـە چەندیـن لاوە پەیتـا پەیتـا شـیعرێك، چوارینەیـەك، بەیتێکـمان بەدەسـت دەگەیشـت، لـە ڕۆژنامەکانـی ئـەو سـەردەمەی سـلێمانی (ژیـن، ژیـان)ی سـاڵانی ناوەڕاسـتی سـییەکاندا سـەدەی رابـوردوو کـە (عەونـی) شـیعری تێیانـدا بڵاوکردووەتـەوە یاخـود لــە گۆڤــاری (گەلاوێــژ و هەولێــر)، خۆشــبەختانە ئەرشــیفە بەهادارەکانــی مامۆســتایانی بەهەشــتی (گیــو موکریانــی و ڕەفیــق حیلمــی)، ســەرچاوەی زۆر دەوڵەمەندبــوون بــە بوونــی چەنــدان پارچــە شــیعری هەمەجــۆری (عەونــی) تێیانــدا، کــە دەتوانــم بڵێــم دیوانەکــەی (عەونی)یــان یەکجــار دەوڵەمەنـد کـرد و بـە ئەمانەتـەوە لـە چاپـی دووەمـی بەرگـی یەکـەم و چاپـی یەکەمـی بەرگـی دووەم بـە درێـژی باسـی لێـوە کـراوە، سـەرەڕای کاراکتـەرەکان و کەسـایەتییە یارمەتیدەرەکانمـان کـە جێگـەی ڕێـز و سوپاسـی خێزانــی ئێمــەن.

کاتێـك تەماشـای هـەردوو بەرگـی دیوانـی (عەونـی) دەکەیـن، دەبینیـن

زۆربـەی شـیعرەکانی هۆنینـەوەی سـاڵانی حەفتـاکان و بەسـەرەوەن، بـەڵام لـە نەبوونـی شـیعرەکانی سـاڵانی سـییەکان و چلەکانـی سـەدەی رابـوردوودا زۆر هــەژارە، ئەگــەر بێتــوو گوڤــاری (هــاوار)ی سـییەکانی سـەدەی رابـوردوو لـە (شـام- یانـی دیمەشـق) و دەنگـی گێتـی تـازەی سـاڵانی لـە بەغـدا... (ژیــن و ژیــان)ی کــە دوو رۆژنامــەی ســلێمانین و دەرچــووی ســاڵانی بیسـتەکان و سـییەکانی سـەدەی رابـوردوون و رۆژنامـەی هەولێـری سـاڵی ١٩٥٤ و پێشـکەوتنی سـاڵی ١٩٥٨ و نەبووایـەن، دیوانەکـەی تـا رادەیەکـی زۆر هــەژار دەبــوو، بــەڵام خــوا و راســت، وەکــو باســم لێــوە کــردووە (مشــتێك لــە خەروارێــك) لــە رێگــەی ئــەو دۆســت و بــرادەر و گۆڤــار و رۆژنامانــە تــا رادەیــەك دیوانەکــەی هــەژاری  پێــوە دیــار نەمــاوە، بــەڵام دیســان جەخــت لەســەر ئــەو راســتییە دەکەمــەوە کــە دەوڵەمەنــدی و دەستڕۆیشــتووی (عەونــی) لــە شــیعردا دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵانی ســییەکان و چلــەکان و پەنجاکانــی ســەدەی رابــوردوو، کــە لــە یەکێــك لــە ئەڵقەکانــی بابەتــی دووەمــی ئــەم کتێبــە (کەشــکۆڵەکەی) مامۆســتا تاهیــر ئەحمــەد حەوێزیــدا، مامۆســتای خوالێخۆشــبوو و شــاعیری بەهەشــتی (مــەلا عاصــی) بــاس لــە بڵاوبوونــەوەی (شــوهرەتی) عەونــی دەکات لەنــاو کۆمەڵانــی خەڵکــدا بــەو تەمەنــە کورتــەی لــە ژیانــی شــیعریدا هەیەتــی، بــەڵام دیســان وەکــو (خوالێخۆشــبوو مامۆســتا مــەلا عاصــی) دەڵــێ: (ئــەوان هــەردووك (عاصــی و دلاوەر) ســەرەڕای چەندیــن ســاڵەی ژیانــی هۆنینــەوەی شــیعر وەکــو عەونــی ناوبانگیــان دەرنەکــردووە).

قسەکانی بەهەشتی مامۆستا مەلا عاصی سەرەڕای ئەوەی (گەوهەرن)، بەڵام دیسان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە (عەونی) لەو سەردەمەدا لە سییەکان و چلەکاندا رۆڵی (پێشرەوایەتی) هەبووە، لەگەڵ هەندێك لە شاعیرانی کۆیەدا لە بواری شیعری نیشتمانی وەسف و غەزەل، کە بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆریان لەناوچوون.

هەر لەم بوارەدا، برای هونەرمەند و نووسەر (وریا ئەحمەد حەمە مەلا) لە کتێبی (ئەحمەدی حەمە مەلا، باوك و هونەرمەند و نیشتمانپەروەر)دا، چاپی ساڵی ٢٠١١ لە لاپەڕە ٤٢،٤١ بابەتێکی لەژێر ناوی (دیدەنی مامە عەونی شاعیر) بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی: (کاك عەونی گوتی شانۆگەری (زوحاك) من نووسیبووم، کاتێك لە چلەکاندا لەسەر گردی سەرقەبران (ئەو شوێنەی ئەمڕۆ باڵەخانەی دادگەی کۆیەی لێ دروستکراوە). لەو شوێنەدا پێشکەش کرا، بەڵام شانۆگەرییەکە (سیاسی) بوو، (لێرانە تێگەیشتم کە کاك (عەونی) نایەوێت، باس لە شتی مەترسیدار بکات، چونکە کاتی ئەم چاوپێکەوتنە هەرەتی دڕندەیی بەعسییەکان بوو)، مامە عەونی لە قسەکانیدا بەردەوام بوو و گوتی: یەکەم تێکستی (نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر) من بەشێوەیەکی شانۆیی دامڕشتبوو، خەڵکێکی زۆریش ئامادەی ئەم نمایشە بوون، نەورۆزی دووەم، ساڵێك دواتر لە کۆیە لە باخچەی (حەمە سدیقی) لە(شاخی مشکەی) نمایش کرا، ئەمجارەیان جۆرێکی دیکە بوو، گۆرانی گوتن بوو، ئاگرێکی گەورەش کرایەوە و هەندێك کەس رەخنەیان گرت،

گوایە ئێمە ئەوانەی ئاگرەکەمان کردبووەوە (من و باوکت "ئەحمەد حەمە مەلا و عومەر عەبدوڵڵا، سەمەد بەننا) گەلی برادەری دیکە بووین، "ئاگرپەرست" و زەردەشتین. ساڵی دواتر جەژنی نەورۆز لە (تاتووکان) پیرۆز کرا، لەبیرمە ئەو ساڵە دووجار جەژنی نەورۆز لە شاری کۆیەدا ساز کران، چونکە (شیوعی)یەکانیش نەورۆزیان کرد.

ساڵی (١٩٥٢) بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ئەم هۆنراوەیەم نووسی:

**ما بوو لە دونیا (کورد) و (جوو)**

**وا (جوو)ش گەیشتە ئارەزوو**

**کوردە دەبێت بێ ئابڕوو**

(تاکو ئێرە نووسینەکەی برای نووسەر و هونەرمەند وریا ئەحمەدە).

مەبەستی بەندە لەو پێشەکییەی کە بۆ ئەم بابەتەی (حەوتەمم) نووسیووە، ئەم سێ دێڕە شیعرەیە کە برای نووسەر وریا ئەحمەد خودی خۆی لە عەونی گوێی لێ بووە و بە دەقیش تۆماری کردووە و بڵاویشی کردووەتەوە.

بێگومان ئەو سێ دێڕە شیعرە، وکو عەونی بە کاك وریا ئەحمەد دەڵێ: (ساڵی ١٩٥٢ بە بۆنەی جەژنی نەورۆز، ئەم هۆنراوەیەم نووسی: عەونی ناڵێت ئەم سێ دێڕەم نووسی، بەڵکوو دەڵێت: (ئەم هۆنراوەیەم نووسی) کە بێگومان ئەوە نیشان دەدات ئەو سێ دێڕە بەشێکە لە (شیعرێك) و بەو سێ دێڕە دەستیپێکردووە و و پاشماوەکەی ئەویش وەکو دەیان شیعری دیکەی (عەونی) لەناوچوون، (لێرەدا

دەڵێم خۆزیا کاکی نووسەر وریا ئەحمەد لە (عەونی) بپرسیبایە، ئایا ئەم شیعرەی بە تەواوی لەبیر ماوە یان نا!

بەخت یار، رۆژی ٢٠٢٠/١٢/٧ لە پەیجی (رۆنین و یونا) لە رێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکەوە، دیمانەیەك لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەنی جوولەکەی خەڵکی کۆیەدا بڵاو کرابووەوە، کە ئەو پیاوە لە (دەوڵەتی ئیسرائیل)دا ژیان بەسەر دەبات و لە باسی هەندێك کەسایەتی و مەتەڵدا، باسی رۆژانی (کۆیسنجق)ی کرد، یەك دوو کۆپلە گۆرانیشی چڕی و لە دواییدا ئەم سێ بەیتە شیعرەی وەکو خۆی بۆ پێشکەشکارەکە خوێندەوە و دەتگوت ئێستاش لە کۆیە دەژی. سێ بەیتە شیعرەکەش هەمان شیعری (عەونی)یە کە بە بۆنەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥١وە داینـاوە.

**مابوو لە دونیا (کورد) و (جوو)**
**وا (جوو)ش گەیشتە ئارەزوو**
**کوردە دەبێت بێ ئابڕوو!**

٢٠٢٠/١٢/٢٩

## بۆ عوسمان عەونی شاعیر
## زەینەب خان (کچە کورد) ١٩٥٤

عەونـی پیاوێکـە مـەرد و وەفـادار
لێـمان ئەپرسـێ سـاڵێ چەندیـن جـار
هەروەکـو بـرای گیانـی بـە گیانـی
خانـەوادەی مـەی کەوتۆتـە گیانـی
لـە هەرکوێیـەك بـێ لـە شـار و لـە دێ
بۆنـی (ئاسـف) و (دڵـداری) لـێ دێ
عەونیـی کوردپـەروەر، شـاعیری بەهـۆش
زەینەبـی خوشـکی نـاکا فەرامـۆش
کەسـێکە خـاوەن سـەواد و زانـا
سـەرم لـێ نابـڕێ ئـەو بـە پێـی توانـا
کـە باسـی یونـس دێنێتـە گـۆڕێ
دەڵێـم تخـوا بـەس، بمخـە نێـو گـۆڕێ
بـا منیـش بمـرم سـەر بنێمـەوە
لـە دووای یونسـا قـەت نەژییمـەوە
عەونـی تێئـەگا کـە دڵـم وایـە
دەڵـێ خوشـکەکەم کاری خودایـە
ئێمـەش ئـەو ڕێیـە، هـەر لەبەرمانـە
ناوەسـتێ و دەڕوا ئـەوە کاروانـە
خـوا بیپارێـزێ عەونێـێ کوردپـەروەر
شـاعیری زانـا و کـوردی منـەوەر